
٢٠٥



تابلۆی هونەرمەند یەحیی ڕەسووڵ
(سایەدانی)

٢٠٥

ڕامان

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ ساڵی نۆزدە/ حوزەیرانی ٢٠١٤

• خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین

• سەرنووسەر
ئازاد عەبدولواحید

• بەڕێوەبەری هونەری
سەرکەوت وەلی

• مۆتیف و پۆرترێت
قەرەنی جەمیل

• بەرگ
باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 009647504494662
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەڕۆکی رامان


● **دەق**

– شێتانە بەژێر تاقی پەلکەزێڕینەدا/ ئەدیب نادر/ 3
– ڕەمزی دووەم/ یوونس ڕەزایی/ 5
– خەونی حەرام/ حەمە عەباس/ 6
– ڕەنگ وێ بئاخفن/ چیمەن موراد/ 7
– جیهان/ لە ئەڵمانییەوە: یووسف مەنتک/ 8
– چیرۆکی ناتەواو/ ئەسعەد عەزیز محەمەد/15
– ئاڵای خەم/ ئەمین گەردیگلانی/ 18
– بۆن/ هایدە ڕەحیمی/ 21
– قەلەن/ یوونسێ شێخحسەنی/ 23
– کچە گەنجەکان و پارتیزانەکان/
لە فەرەنسییەوە: سەلاحەددین بایەزیدی/ 25

● **هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێک لەگەڵ چیرۆکنووس (کاکەمەم بۆتانی)/
ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 31

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

– توندوتیژی، ژینگەی ئەمڕۆ/ بەیان سەلمان/ 49
– تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکی (ڕیشۆڵە)دا/
جیهان یووسف ئەحمەد/ 64
– چەمکی داهاتوو لە بۆچوونی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ و لە ئەدەبیاتی
کۆندا/ لە فارسییەوە: محەمەد ئەحمەدی (ساماڵ)/ 73

● **وتار**

– سۆزی عاشقانە لە شیعرەکانی کانی دا/ د. هاوژین صلێوە/ 85
– چۆن وتاری لێکۆڵینەوەیی بنووسین؟/
عەلی ڕەزا محەمەد نیژاد/ 89
– نامۆبوونی خود لەبەردەم بووندا/ ئارام سدیق/ 93
– شامی کرماشانی/ سەلاح نیساری/ 98

● **هزر و فەلسەفە**

– ئەرستۆ، داهێنەر و ڕابەری میتافیزیک/ د. حەمید عەزیز/ 103

● **مێژوو**

– هەراجی کتێبخانەی ئەمانوڵلاخان (غولامشاخان) والی ئەردەلان/
سەید سەباح حسەینی/ 112

● **ڕۆژنامەنووسی**

– ڕاگەیاندن لە ڕوانگەی تیوری کۆمەڵایەتییەوە/
د. ڕەشاد میران/ 117

● **هونەر**

– (نۆڤەچێنتۆ) ئەو تابلۆیەی کە نەکەوتە خوار/
سەعید سلێمانی/ 121
– گەشتێک بەدوای تایبەتمەندییەکانی هەڵپەڕکێی کوردی
لەنێو نووسراوەکاندا/ هێرش ئارمەند/ 130
– وردەکاریی خۆڕەسێتی لە کارەکانی (وەهبی ڕەسووڵ)دا/
لە عەرەبییەوە: هومەن/ 137

● **بەسەرکردنەوە**

– ئەدیب و نووسەرێکی لەبیرکراوی میللەتەکەمان: «حەسەن
فەهمی جاف»/ د. حەسەن جاف/ 139

● **خوێندنەوەی کتێب**

– پیاوێکی تێکشکاو و گەمە سێکسییەکانی نادیە/
هاشم سەڕاج/ 145

● **ڕاپۆرت**

– لە بارەی سیمیناری ٢٠٠ ژمارەی گۆڤاری ڕامان/
ئا: لیژنەی بەڕێوەبەری سیمینار/ 151

● **نامە**

– نامەیەک بۆ ڕەووف بێگەرد... لە بارەی خەیاڵەوە/
توانا ئەمین/ 154

● **بە باڵابڕین**

– گۆڤاری ڕامان لە پاش دوو سەد ژمارەیدا/ ئازاد
عەبدولواحید/ 158

● **سووکە لەنگەر**

– دنیای شیعر و دنیای منداڵ، نیشتمانێکی تێکەڵ
بەیەکن!/ ئەحمەد حەقناس/ 160

# شێتانە بە ژێر تاقی پەلکەزێڕینەدا

**ئەدیب نادر**
**(بریتانیا)**

مانگ دەکەوێتە خوارەوە، ئیتر من کەسێکی دیکەم
تریفە لە ژێر خۆڵەمێش خەو بە تەنافی ئاسۆوە
هەڵدەواسێ
شاخەکانی سەر پشتم لاقەی ئاسمان دەکەن
شێتانەیە نەگەڕانەوە بۆ فەزای باڵندە شێتانەیە
کەفی تریفەیەکی خەوبین ئابلۆوقەیەکی سپیم بدات
ناتوانم ببمە ژەنگ و
گەڕەلاوژەی ئاسنە خۆشەویستەکان بتاسێنم:
قەلەڕەشە جیلوەدارەکان
وادەمان هەموو ڕۆژێک لەناو باخچەدایە
توێشەبەرەکەم خوانی ئێوەیە
گوێی میهرەبانیم پڕ نابێت لە زایەڵەی سپی قاغێک
نامەوێ، بکەومە نێو فەزای شینی ماسییەوە
دەبێ توێشەبەرە بچکۆلەکەم
بۆ باڵندەی جیاواز جیاواز ئاوەڵاکەم
چەند شێتانەیە، شێتانەیە پشیلەکان
نیازیان وایە بۆ فڕین کوکوختییەک لە باخچە
بچووکەکەمدا بکەن بە تۆو
بەڵام شوێنێکی دیکە بۆ چاندنی دەدۆزنەوە
تەنیا باڵەکان لەوێ لەناو ئەو گژوگیا شپرزە و
پەژموودەیەی
وەک قژی شێواوی پیرێک
وەرزیی لەخۆ گرتووە جێ دەمێنن
با بە دزییەوە پێیان دەفڕێت
کەسێک بوونم بەدی ناکات
باڵەکان لەگەڵ با ڕۆیشتوون
نامەوێ ڕوحم ژەنگ بیگرێت
بێ خەیاڵ و بێ هزریش نیم
هیچ بژاردەیەک شک نەبەم
هەر تەنیا بە دنیایەکی یەک ڕەنگ
یەک نەوا
یەک ڕوخسار
دەورە بدرێم
مانگ دەکەوێتە خوارەوە
ئیتر من دەبمەوە بە خۆم
لە نێو خەرەندی تاریکیی بەسەر شاخما
تریفە خەو بە هەڵڕژانەوە دەبینێ
شاخەکانی سەر پشتم لاقەی ئاسمان دەکەن



کەسێک هەست بە بوونم ناکات من دیار نیم
ئیرەیی بە قاقڵەجنۆکەیەکی لیڤاویش دەبەم
کە قاوغە زەردیلەکەی خانوویەتی
تف لە کڵاوە گێلاسییەکەی وێنەکێشێک
کە تەنانەت دەرگایەکیش
لەسەر دیواری بەردەم ڕەوە کیسەڵەکان
ناخاتە سەر گازەرای پشت
هەندێک جار ڕەنگەکان هەر چڵک و چەپەڵیی
دەبەخشن بە خامەکان
من دیار نیم تەنیا ژنێکی ڕەش پێست دەمبینێت
درەختەکان لەسەر پشتم گەڵاکان هەڵدەوەرێنن
بە هەڵقرچانەوە دەڵێت هێی جوانییە نادیارەکە
ئەم جێگایە قەرتاڵەی چڵپاوەکانە
بە پەلەوەرە ترساوەکانت چی دەڵێیت؟
هێی باڵدارە غەریبەکان خەریکی چین
لەسەر ئەم عەرزە خوساوە؟
بۆ لەودیو ئەو عەبووسییە شینباوەوە
چڵە تیشکێک بۆ هێلوونەکانم ناهێنن
دنیا تاریک بووە تاریک
دەمەوێ سڵ لە بینینی شتەکان نەکەمەوە
مار و پەیژەیەکی زەمەنیم لەبەردەست بێت
بە فرێدانی زارێکی ئەفسووناوی
ماری زەبەللاحی مەودا زەمەنییەکان قوتم بدا و
بگەرێمەوە سەرەتا
بگەڕێمەوە ئەو فەزایەی
هەر منداڵیی تێیدا قەڵەمڕەوی هەیە
شێتانەیە نەگەڕانەوە بۆ فەزا دوور دوورەکان
نامەوێ لە ڕۆیشتن بەرەو دواوە پێش بکەوم
ڕوحم ژەنگی برۆنزیی بەهار و
ئاڵتوونیی پاییزی گەڵاکان زەفەری پێ دەبات
شاخەکانی سەر پشتم لاقەی ئاسمان دەکەن
مانگ دەکەوێتە خوارەوە
شێتانەیە بە ژێر پەلکەزێڕینەدا
نەیبەمە ناو فەزاکانی باڵندەوە
تریفە لە ژێر خۆڵەمێش خەو بە تەنافی ئاسۆوە
هەڵدەواسێ
ئیتر من کەسێکی دیکەم

**ئۆکتۆبەری ٢٠١٣ لەندەن**

# ڕەمزی دووەم


**یوونس ڕەزایی**
**(بۆکان)**

چاوەکانت ڕەمزی یەکەم...لە مەرگدا خۆرهەڵاتێک
لە ژیاندا...بەردەوامیی هەناسەی هەموو ئاسۆکان
وە بسکت کە پسکە دەستم بۆ نووسینی
لە شەماڵدا بەرەو باشووری تەنیاییم... باڵندەی
شەهیدی ڕەشپۆش
لە خۆرنشینی برینمەوە چ تاڵە.. قاوەی سووتاوی هەناوم
بە دەم ئاوابوونەوە لە ئاور
بە دەست پێنووسی دارەوە...کە نەگەڵای جەستەم دەبێ
نە ڕیشاژۆی لە خوێنمدا سەرەتایەک بۆ وەرزی ئاو

چاوەکانت ڕەمزی یەکەم...بە جوغرافیای گورگەوە...
لە دڵمدا کورکی زستان
کە وانەی خۆرهەڵات نەبوو بە تەنیایی
وانەی کەنداو نەبوو بە پیتی نەوتەوە
لاپەڕەیەک لە جوانیدا هەڵدراوە
بە جوانیدا هەڵدراوە
وە کتێبەکانم سەرشێت بە ڕوانینتەوە کە کەنداوێکی
ڕەش
چ ئەوینێکی سیاسی بوو نەوتی ڕەش و کەنداو و چاوت
چ ڕەمزێکی نەسرەوتوو بوو... یەکەم پیتی سپی ناوت
کە یەکەمین سرەوتی با
یەکەم دێڕی نەبەدی دەریا....لە مانایدا ئەویندار


چاوەکانت..کە ڕەمزی یەکەمین بەلەم...بە دڵەکوتەی
بەستێندا
بە مێژووی ترسەوە... ڕاساو...شەپۆلانی لە پێدەشتی
سووتاوم دا
وە بسکت ...مۆسیقایەکی خاو...بە ئاهەنگی تابووتمەوە
بەرەو دوێنێ
کە درێژترین دەرفەتم لە بادا بەژنی باڵندە...

خەونم لە ڕەمزی دووهەمدا پشکووتووە ...شەوەزەنگ
کە مەشخەڵانێکە دووریت...بە بەستێنمەوە تینووتر
ڕەمزی دووەمم... سووتانە
بە هارموونی شەپۆلەوە...کە بەردەوام نا...وەک شیعر
وە بیرەوەری ئاورێک لە سبەینێی ڕێبەنداندا... هەر من
دەبم...کە تاهەتا درێژەی زام...وەک دارستان.



# خەونی حەرام

حەمە عەباس



یەکەمین وشـەی حـەرامم بەرەڵڵا کرد
باران نەبوو
چێژ دایکرد
تەنها
بەسـەر مـن نا
ئەم چەترەم لێ دوورخەرەوە
ئەی نادۆسـت

ڕووبار هـاژەی دێ
خـەون حـەرامـتر لـە خۆی دەڕژێ
هـی شـکانەوەی بارانە
لـەحـەرام خـەڵتانم
لـە ژیانیـش
ختووکەی پرووشـەکانە پەرشـم دەکات
پەرشـتر لـە هـەمـوو حـەرامـەکانی خۆم

ئەوە سـێوێک
ئەوە دوو سـێو
دەسـتـەکانم پڕن لـە سـێو
تێر نابم لـە سـێوی حـەرام
ئەوە ڕەنگێک
ئەوە سـەد ڕەنگ
چاوم لێوڕێژی بینینە
تێر نابم لـە ڕەنگە حـەرامـەکانی تۆ


بەشـی هـەمـوو پەپوولـەکانی دنیا باخچەم هـەیە
دەسـت لـەملـی گوڵە حـەرامـەکان دەکەم
سـێ بەسـێ ئەو ڕووناکییانە تەڵاق دەدەم
کە سـێبـەرە حـەرامـەکانم دەکوژن
ئەم ڕووناکیـانە جـەللادن جـەللاد

خەونم نەبڕاوە
ئێسـتاش دەژیم
تەمـەنم درێژتریش دەبێتەوە
مـادام حـەرام لـەخوێنمـەو
هـەموو پەنجـەرەکانی چواردەورم
هـەوای حـەرامم بۆ دێنن

دوای ئەوەی سـێ چارەگی تەمـەنم بە مـەسـتی بردەسـەر و
بەسـەر پشـتی گوناهـە ڕەنگینەکانەوە
هـەزار و یەک سـەفـەرم کرد و
خوێنی سـەدان شـیعـرم مژی
بڕیارم دا بگەڕێمـەوە
ئەوەتا ڕێگام گرتۆتە بەر
بەرەو تۆ ئەی حـەرامـترین حـەرامی جوان

# ڕەنگ وێ بئاخفن

**چیمەن موراد**
**(ئالمانیا)**



ئەزێ ژ تە رە وێنەکی چێکم،
وێ نەینکا دیتنا من بێ.
دا کو تو جارەکێ،
خوە ب چاڤێن من ببینی.
ل بەر ڕوونە،
و لێ گوهدار بکە،
بێ کو تو ژێ بخوازی،
وێ ب تە رە بئاخفە.
ئەو ڕەنگێن ژ کەسکەسۆرێ،
وێ چیرۆکا ئەڤیندارەکێ،
ژ تە رە ببێژن.
دا کو تو بزانی،
چەند شەڤ و ڕۆژان،
تاڤ هەیڤ،
سلاڤ و خاتر ژ هەڤ خواستنە.
و دل،
دل هێ ژی،
ژ وێنەیێ ڕازی نەبە.
بلا ڕەنگێن وێنەیێ،
ژ تە رە ببێژن،
چەند ڕۆندکان،
خوە ژ کانیا چاڤێن بێریکرنێ بەردان،
و تەڤلی وان ڕەنگان بوون،
دا کو ئەو ژێ، ژ تە رە دیار بکن،
چقاس ئێش و زرار،
هاتیە سەرێ دلێ بریندار.
بلا ڕەنگ ژ تە رە ببێژن،
چەند قۆتکان،
سەرێ خوە،
ل بەر هەستێن ئەڤینێ تەواندنە،
و چەندان،
خوە ژ دەردێن وان هەستێن گران،
د بەحرا ڕەنگان دە خەنقاندن،
بلا ئەو وێنە،
ببە هەلبەست،
و ڕەنگ ببن تیپ،
دا کو تو ببی،
خوەندەڤانێ چیرۆکا ئەڤیندارەکێ.

**ئەڤ هەلبەستا سلال ژ پەرتووکا (دگەڕیام) ڕووپەلێن (٣٠-٣١) هاتیە وەرگرتن، ئەو ژی ژ وەشانێن (ئار)ێ یە و ل چاپخانەیا (بەردان ماتباجلک) ل سالا ٢٠١٣ ێ ل ستەنبۆلێ چاپ و بەلاڤبوویە. هەژییە بهێتە گۆتن کو هەلبەستڤان (چیمەن موراد) ل سالا (١٩٨٣)ێ ل گوندێ (بازندانێ) یا نێزیکی دێرکا حەمکۆ ل ڕۆژاڤایێ کوردستانێ ژدایکبوویە. ئەڤە بیست و پێنج سالە خێزانا وان کۆچبەری ئالمانیا بوویە و ئەوێ ژی خوەندنا خوە ل وێرێ تەمامکریە. ژ سالا (٢٠٠٧)ێ وەرە خوە فێری خوەندن و نڤیسینا کوردی کرییە و هەلبەستان ژی پێ دنڤیسینە.**

**«ڕامان»**

## چەپکێک شیعری کافکا

# جیهان

فرانز کافکا
لە ئەڵمانییەوە: یووسف مەنتک
(ئەڵمانیا)

ئەو دەسوڕێتەوە
مرۆڤ
دەخولێتەوە بۆ سەرەوە و خوارەوە
دەفرم، هەمووان وەلا دەنێم و
ئەو دەسوڕێتەوە و


ڕاوەستاوە
ئەمە ناڵە و هاوارێکە لەم جیهانەدا،
کە لە ڕێی چاوانی منەوە خۆی دەخزێنێتە ناوی.
ئێوە ئەوە ببینن!؟
بەڵێ،
بەڵام ئەو لەڕێی چاوی منەوە خۆی دەخزێنێتە ناوی

مرۆڤ
ئەوانم خوشدەوێن بە ئازار و چێژەوە
ئەوان لە سەرەوە و خوارەوە و
ناوەڕاستن
لە ناوەوە و دەرەوە
من لە ناوەڕاستی بەلەمێکی بچووک
من لە ناوەوەم

زمان تووش هاتووە
وشەم پێ بدە
وشەی بە سوود.
دەوریان دەدەم و
لەناو چاو

جیهانی ئەو دەسوڕێتەوە ئێستا هەم
من لە کۆتاییدا نیم،
لە هیچ شوێنێ

ئەو لە ڕاستیدا لەوانەیە خۆشەویست نەبێت
ئەو لە ڕاستیدا لەوانەیە خۆشەویست نەبێت،
گەر من بڵێم، تۆ بۆ من خۆشەویستترینی!
خۆشەویستی، بۆ من چەقۆیە،
بەوە من لە خۆمدا چاڵ هەڵدەکەنم.



**کورتە شیعر**
**بەبۆنەی مارەبڕینی "ڤالی"ی خوشکی لە مانگی ١٩١٢/١٢**
-١-

لەبەر ئەو هۆیانەی
ماندوو بووین

ئێمە سەردەکەوین
بە هێزێکی نوێوە

پیاوانی تاریکی
چاوەڕوانی چین
تا منداڵەکە
بێ هێز دەبێت

-٢-

ئایا تۆ نائومێد بووی؟
بەڵێ، تۆ نائومێد بووی؟
ئایا ڕاتکرد ؟ خۆت حەشاردابوو؟
پێشتر زۆر چوومەتە ماڵی داوێن پیسان، وەک چووبێتمە ماڵی خۆشەویستم.

-٣-

ناساندنی خەبات
ناساندنی خەبات
خەڵک لە جلەکانیدا دەڕوات
ئارەزووی کرد بەسەر چەودا بڕوات
بەژێر ئاسمانی گەورەدا
لە گردەکانی دوورەوە
بەناو گردەکانی دوورتر بڵاودەبوونەوە

-٤-

ڕوحە چکۆلە
ڕوحە چکۆلە
لە سەمادا هەڵدەبەزێتەوە
هەوای گەرم کەوتە کەللە سەری
قاچەکانی لە گیا درەوشاوەکەدا بەرزکردەوە
با بە میهرەبانی قاچەکانی دەجووڵاندەوە

-٥-

ئێستا ببەخشن!
کوێت دەوێ؟
لە دەرەوە چاوەنۆڕ بە.
کێ چاوەنۆڕە؟
من نازانم
هەروەها تۆ درۆت کرد،
نەخێر.

-٦-

ئەو ساڵە خەمناکە بەسەر چوو
باڵی باڵندەکان خەوتوون
مانگ شەوە ساردەکان ئاشکرا دەکات
بەری داری باوی و زەیتوون کاتێکی درێژە پێگەیشتوون

-٧-

مەم وەستێنە
دەرگا و پەنجەرە کراوەتەوە
شەقامەکان دوور و بە تاڵن

-٨-

من ئارەزووم لە شتی سەردەمی کۆنە
من ئارەزووم لە کاتی ئێستایە
من ئارەزووم لە داهاتووە
لەگەڵ هەموو ئەوانە دەمرم لە خانوویەکی پاسەوان
لەسەر لێواری شەقام

هەردەم تابووتێکی وەستاو بووم،
پارچەیەک زەوی دەوڵەت
ژیانی خۆم بەسەر برد
گەڕانەوەم وەستا دوورتر چوو.

-٩-

ئای ئەوە چییە بۆ ئێمە لێرە دانراوە
جێی خەو کۆگە، لە ژێر ئەو دارە
کەمێک ڕۆژ، بۆنی شێدار
ئای ئەوە چییە بۆ ئێمە لێرە دانراوە

بەرەو کوێمان دەبا داخوازییەکان
ئەوە دەستکەوتە؟ ئەوە لە دەستمان دەڕوا؟
بێ سوود ئەو خۆڵەمێشە دەخۆینەوە
باوکمان دەخنکێنێ
بەرەو کوێمان دەبا داخوازییەکان

-١٠-

ئەوەی مابووەوە ڕەت کرایەوە
سنووری بەختەوەری توایەوە،
قاچەکان هێور بوونەوە،
لەژێر تریفەی مانگ لە بالکۆن
لە دواوە کەمێک گەڵای دار،
ڕەش وەک قژ

**کافکا لە دەفتەری یادنووسەکانی ڕۆژانە و سەفەریدا گەلێک شیعری تاکدێڕی نووسیوە نموونەی هەندێکیان:**
١- نووسەران قسەی بۆگەن دەکەن.
٢- یەکێک هەیە دێت،
یەکێک دێ و یەکێک دەڕوا
یەکێک جیادەبێتەوە، زۆربەیان ماڵئاوایی ناکەن.
٣- بە ڕم لە بابم گۆڕ هەڵدەکەنم.
٤- کۆشک لە فریدلاند، زۆر بواری بۆ دیتن تێدایە: لە سەرەوە بۆ پردێک، لە باخچە، لەنێوان گەڵای دارەکان، لە دارستان بەنێوان داری مەزندا ڕەت دەبێت.
٥- جاران لەو کاتەدا هەڵبژاردن بوو.
٦- چی دروست دەکەیت؟ من چاڵێکی ئامادەم دەوێت،

دەبێت لە پێشتر بێت، سەرەوە جێگای منە.
٧- ئێمە، چاڵی بابل هەڵدەکەنین.
٨- دوو سەرباز لەم دۆڵەوە هاتن، لێرەوە سەرکەوتن.
٩- تۆ هەناسە هەڵدەکێشێت!؟
١٠- تواناییەکان خنکێنەرن.
١١- تۆ بچکۆلەت لە دارستان نەبینی؟ تۆ لێگەڕای ئەو بە تەنیا بڕوات؟ (من کاتم نییە).
١٢- من کەمێک پیانۆ دەژەنم، شتێکی کۆنی بچووکی سەردەمی لاوێتی، ئەوەی جاران فێربووم، جارێکی دیکە نەچووەمەتەوە سەری.
١٣- عامووەدەکان وەستاون، لە پشت هەورەکانەوە مانگ خەرمانەی داوە.
١٤- ئەم شانۆیە چۆڵە! پێش نیوەڕۆیە، دوێنێ ئێوارە قەرەباڵغ بوو!
١٥- گوێم لێ دەگرت، ئاخ گوێ مەگرە.
١٦- تەنیا خەتێک.
١٧- گوڵی سپی و بەفری سپی.
١٨- لە بازهەڵدانی گەورە، کەوتن نزیکە.
١٩- ئەم کتێبە چەند وشەی تێدایە؟ دەبێ وەبیر خۆتی بێنییەوە! دەتوانی هەموو وشەکان بهێنیتەوە بیرت، ئەم وشانەی خراپن وەک بەسەر کەوتنی چیایەکە.
بەنرخەکان نە لە چیا بەرزەکان و نە لە چیا نزمەکان نایهێنن.
٢٠- کاتێک شەمەندەفەر دەڕوات، بینەران جێگر دەبن.
٢١- من لە پێنج ساڵییەوە بەهێز بووم و ئێستا دەمەوێت لەسەر پشتی ئەسپ ڕاکەم.
٢٢- چی من لەودایە، ئەو لە مندایە.
٢٣- خۆشەویستی نێوان خوشک و برا، وەک خۆشەویستی نێوان دایک و باوک وایە.
٢٤- نهێنی تەنیا لە ژیاننامەدایە.
٢٥- ئەو خەوتووە، من بەئاگای ناهێنم. بۆچی ئەوت بە ئاگا نەهێنایەوە؟ ئەوە بەختی من و بێ بەختی منە.
٢٦- دیواری مەزنی چین لە باکوور کۆتایی دێت، لە ڕۆژهەڵاتی خواروو و ڕۆژئاوای خواروو و لێرەوە یەکی گرتووەتەوە.
٢٧- بەداخەوە یاساکانی ئێمە هەمووی نەناسراون، نهێنی لای گرووپێکی بچووکی مافپەروەرە، کامەیان فەرمانڕەوایی ئێمە دەکات!
٢٨- شارێکی کۆن، کۆڵانی تەنگەبەر، پیاوێک لە بلووزێکی شینیدا زەحمەتتر دەڕوات، سەر دەکەوێت.
٢٩- پاسەوانی ئەم پارکە دەناسی؟
بەڵێ، بە دڵنیاییەوە
هەروەها بڕوا ناکەیت ئەو شێتە؟
٣٠- منیش چاوەڕێم دەکرد، تۆ پیاوی، پێویستە دژایەتی کردنی ئەو دیوارە فڕێ بدەی.
٣١- ئەو ساڵە بەسوودە.
٣٢- دادپەروەری، بەڵام بەشێوەیەکی هات و هاوار.

## ژیانی کافکا

کافکا لە ڕێککەوتی ١٨٨٣/٧/٣ لە پراگ لە دایک بووە، ئەو یەکەم منداڵی خێزانی (هێرمان کافکا ١٨٥٢/ ١٩٣١) یە، دەکاتە باوکی فرانز کافکا و خێزانی (یولیی، گپ، لۆڤی ١٨٥٦/ ١٩٣٤). دایک و باوکی جوولەکە بوون. بازاڕێکی بازرگانییان بەڕێوە دەبرد، کە بریتی بوو لە کەرەستەی بەهاداری وەک: جلوبەرگ، ئیکسسوار و وردەواڵەی دیکە. ئەم خێزانە زیاتر بە ئەڵمانی قسەیان دەکرد، بەڵام لەگەڵ کرێکارەکان بە چیکی.

- ساڵی ١٨٨٥ برایەکی دیکەیان بوو، بەڵام بە منداڵی مرد.

- لە ساڵی ١٨٨٩ تا ١٨٩٢ خوشکەکانی لە دایک بوون بەناوی: گابریلە، ڤالیری، ئۆتیللی.

- لە ساڵی ١٨٨٩/ ١٨٩٣ چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی ئەڵمانی.

- لە ساڵی ١٨٩٣/ ١٩٠١ چووەتە قوتابخانەی کۆنی ئەڵمانی و خوێندنی ئامادەیی و باڵا (گمناسیۆم ئەو قوتابخانەیەیە قوتابییە ئاست بەرزەکان وەردەگرێت.)

- لە ساڵی ١٩٠١ لە پراگ چووەتە زانکۆی ئەڵمانی و یاسای خوێندووە.

- لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٠٢ بۆ یەکەم جار "ماکس بروود"ی ناسی، ئەوە سەرەتای برادەرایەتی بوو تا کۆتایی ژیانی بە هاوڕێیەتی یەکتر مانەوە.

- لە ساڵی ١٩٠٤ سەرەتای دەست بە کار کردنی بوو لە دەستنووسی یەکەمی (پێناسی خەبات) کۆمەڵێک پەخشانی کورت بوو، بۆ جاری یەکەم دیداری لەگەڵ "ئۆسکار باوم" لەم ساڵەدا کرد. (لە ژێر کاریگەری ئەو شکستە کافکا هەوڵی دا پەخشانی کورتتر بنووسێت، لە پێناسی خەباتدا سەرکەوتنی بە دەستهێنا، بۆیە سوور بوو لەسەر ئەوەی پەخشانی داخراو کۆتایی پێ بهێنێت، ئەوە ئەنجامی ئەزموونی یەکەم کتێبی چاپکراوی کافکا بوو، لە ١٨ پارچە پەخشان پێکهاتبوو).

- لە مانگی ٧ی ساڵی ١٩٠٦ دکتۆرای لە یاسا وەرگرت، بۆ ساڵێک ڕاهێنانی لە یاسای دەوڵەت و دادگای تاوان کرد.

- لە ساڵی ١٩٠٧ دەستی بە نووسین کردەوە بۆ دەرکردنی چاپی یەکەمی نۆڤلێتی (ئامادەکاری ئاهەنگی هاوسەرگیری لە وڵات). مانگی ٨ی هەمان ساڵ بۆ پشوو چووە لای هاوڕێیەکەی "سیگفرید لۆڤی" لە تریش. لە مانگی ١٠ وەک یاریدەدەر لە کۆمپانیای تامینی جەنراڵ ئەسیکورازیۆن کاری کرد.

- لە مانگی ٨ی ١٩٠٨ یەکەم پارچە پەخشانی کورت بە ناوی (ڕامان) لە گۆڤاری (هایپیریۆن) بڵاوکردەوە.

- ساڵی ١٩٠٩ بۆ یەکەم جار نووسینی بیرەوەرییەکانی دەست پێ کرد. بۆ یەکەم جار دیداری لەگەڵ "فرانز ڤیرفل" کرد. لە مانگی نۆدا لەگەڵ "ماکس بروود" و "ئۆتوی" برای سەفەری باکووری ئیتاڵیایان کرد. ئامادەی نمایشێکی ئاسمانی فڕۆکەوانی بوون. کافکا لە دەقێکیدا بە ناوی (فڕۆکە لە بریشیا) باسی دەکات. لە

پاییزدا کاری لە دەستنووسی دووەمی (پێناسی خەبات) کرد.
- لە سـاڵی ١٩١٠ لەگـەڵ "ئۆتوی" برای و "مـاکس بروود" سەفەری پاریسیان کرد.
- مـانگی ٨ و ٩ ی سـاڵی ١٩١١ لەگـەڵ "مـاکس بروود" سەفەری سویسرا و باکووری ئیتاڵیا و پاریسیان کرد. دواتر چوو بۆ نەخۆشخانەیەک لە (ئیـرلن باخ) لە نزیک زیورخ، تیـپـێکی شانۆیی ڕۆژهەڵاتیی جوولەکەیان ناسی، کافکا پێیـان سەرسام بوو. زۆرجار لە (یەدیشە) ئامـادەی نمایشـەکـانیـان بوو، بووە هاوڕێی ئەکتەر "ئیسحاق لوڤی". کافکا لەگەڵ برایەکی بە ناوی "کارل هێرمان" یەکەم کۆمپانیای (ئەسبتسوس)یان لە پراگ دامەزراند.
- سـاڵی ١٩١٢ بۆ دەرکـردنی چاپی یەکـەمی دەسـتی بە نووسینی ڕۆمانێک بە ناوی (ونبوون) کرد، دواتر کافکا لە ناوی برد، لەوە بەدواوە کافکا تەندروستی بەرەو خراپی چوو.
- لە مانگی ٦ و٧ لەگەڵ "ماکس بروود" سەفەری (لایبزیک) و (ڤـایمار)یان کـرد، چاوی بە چەند دەزگـایەکی چاپەمـەنی وەک: کـورت ڤـۆلف و ئێرنست ڕۆڤـۆلت کـەوت. داوایان لە کـافکا کـرد دەستنووسەکانی خۆی بۆیان بنێریت. لە نەخۆشخانەی (یونگ بۆرن) مـایەوە بۆ چارەسـەری سـرووشـتی لە (سـتـاپێل بورگ) لە (هارتز).
- لەمـانگی ٨ "فـیلیس باوەر"ی بینی، لەمـانگی ٩ لەگـەڵ "فیلیس باوەر" بەشێوەیەکی چڕ دەستیان بە نامە گۆڕینەوە کرد، بەردەوام نامـەیان بۆ یەکـتـری دەنووسی. ڕۆژانە بۆ تـەواوکـردنی دەسـتنووسی دووەمی (ونبـوون) کـاری دەکـرد. مـانگی دوازدە: (شێـواندن) تەواو بوو. دەزگای چاپەمـەنی (کورت ڤۆلف) کورتە پەخشانی (ڕامان)ی لە کتێبێکدا چاپ کرد.
- لە مـارسی ١٩١٣ بۆ یەکـەم جار لـەگـەڵ "فـیلیس باوەر" بە یەکتر گـەیشتنەوە. لە مـانگی ٥ دەزگای چاپەمەنی کورت ڤۆلف بەشی یەکـەمی (ونبـوون)ی بڵاوکـردەوە. مـانگی ٦ (بڕیار) لە کـتێبی ساڵانەی ئەرکادیا بڵاوبووەوە، "ماکس بروود" دەری کرد. لەگەڵ نووسەر "ئێرنست ڤایس" یەکتریان ناسی و هاوڕێیەتییان دەستی پێ کرد.
- مانگی ٩ و ١٠ بە تەنیا سـەفەری بۆ ڤییەنا، ڤێنیسـیا و گـاردازێ کـرد. چوو بۆ نەخـۆشـخـانەی "دکـتـۆر هارتوونگ" لە (ڕیڤا).
- لە مانگی ١٠ بۆ یەکەم جار لەگەڵ "گریت بلۆخ" کۆبووەوە، کـە دەیویست نێـوانگری لەنێـوان کـافکا و فلیس باوەر بکات، لەگەڵ یەکتری دەستیان بە نامە گۆڕینەوەیەکی زۆر کرد.
- لە ١٩١٤ بوو بە دەزگـیـرانی "فـیلیس باوەر". لە ٧/٢١ سەفـەری بۆ (لووبیک- شارێکی ئەڵمـانییـایە) کرد، پاشان بۆ (مـاری لیـست) لە دانیـمـارک چوو. ٧/٢٨ نەمـسا و هەنگاریا بەیانی شـەڕیان دژ بە سـربیـا دەرکـرد، شـەڕی یەکـەمی جیـهـانی دەستی پێ کرد. لەو کاتەدا دەستی بە نووسینی ڕۆمـانی (دادگا) کـرد. مـانگی ١٠ "سـزای داگـیـرکـەر"ی نووسی. لە مـانگی ١٢ (مامۆستای قوتابخانەی دێ)ی نووسی.
- لە ١٩١٥ مانگی یەک دەستی بە نووسینی ڕۆمانی (دادگا) کردەوە. جارێکی دیکە لە "فلیس باوەر" نزیک بووەوە، مانگی ٤ سـەفـەری هەنگاریای کـرد. مـانگی ٧ کـەوتە نەخـۆشـخـانەی (ڕومبێرگ) لە (نۆرد بۆمن). مانگی ١٠ دەزگای (کورت ڤۆلف)، (شێـوان)ی چاپ و بڵاوکـردەوە. "کـارل شـتـێـرن هایم" خـەڵاتی (فۆنتانە)ی ئەدەبی بە کافکا بەخشی.
- ١٩١٦ مانگی ٦ کاتی جەنگ بوو، کافکا بە هۆی کارەکەی لە خزمـەتی سەربازی بەخشرا، لە مانگی ٧ بۆ یەکەم جار لەگەڵ "فلیس باوەر" بۆ پشـوو چوونە مـارینبـاد، کـافکا جـارێکی دیکە بڕیاری دا هاوسـەرگیری لەگەڵ "فلیس باوەر" بکاتەوە. لە مـانگی ١١ بۆ جـاری یەکـەم لە دەرەوەی (پراگ) بەرهەمی (سـزای داگـیـرکـەری) بۆ خـوێنەرانی خـۆی خـوێندەوە لە (مـیـونشن.) خـانوویەکی بۆ کـاری نووسین لە (کـۆڵانی کـیـمـیـاگـەران- Al-chimistengasse) لە (هرادکین) گـرت، تەواوی زسـتـانی لەوێ بەسەر برد، هەروەها توانی چەندین چیرۆک لەوێ بنووسێت و بەرهەمـە تەواونەکـراوەکـانی تەواو بکات. چیـرۆکـەکـانی وەک: دکتۆری وڵات، دروستکردنی دیواری چینی مەزن، لاوی پەنابەر و عەرەب، پێشانگا.
- ١٩١٧ مـانگی ٤ ڕاپۆرتی بۆ ئەکـادیمیـا نووسی. لە هاویندا دەسـتی بە فـێـربوونی زمـانی عـیـبـری کـرد. لە ٨/١٠ تووشی نەخۆشیی سیل بوو، لە مانگی ٩ بە هۆی دیاری کردنی نەخۆشیی سیل داوای خانەنشینی کرد، بەڵام ڕەت کرایەوە. بۆ پشوو چوو بۆ ماڵی "ئۆتێللا"ی خوشکی لە باکووری (بۆمشن) لە دێیەک بەناوی (زوراو) لە پارچەیەک زەوی کشتوکاڵیـان دەکرد. لە مـانگی ١٠ دەستی بە نووسینی (دەقە نموونەییەکان) کرد. لە کۆتایی مانگی ١٢ بە یەکجاری لە "فلیس باوەر" جیابووەوە.
- ١٩١٨ لە مانگی ٥ مۆڵەتەکەی کۆتایی پێ هات. لە مانگی ١٠ بە یەکـجاری حوکـمـڕانی دەسـەڵاتی پاشایەتی لە نەمـسا و هەنگاریا کـۆتایی پێ هات. چیکۆسلۆڤـاکـیـا حوکـمی کـۆمـاری ڕاگـەیاند. زمـانی فـەرمی (پراگ) بوو بە زمـانی چیکی. کـافکا تووشی نەخۆشی ئەنفلۆنزای ئیسپـانی بوو. لە کۆتایی مانگی ١١ کافکا چوو بۆ(زێی لیزی شێلیسن- Schelesen zelizy) لە باکـووری پراگ، بە دابڕانەوە لە (پنسـیـۆنێک - مـیـوانخـانەیەک) مایەوە و ژیانی بەسەر برد.
- ١٩١٩ لە کـۆتایی مـانگی ١ لە (شـێلیـسن) لەگـەڵ فەرمانبەری حکوومی "جولی ڤۆریسک" یەکتریان ناسی، لە هاوین پێشنیـاری هاوسەرگیری "جولی" کرد. لە مـانگی ١٠ بەرهەمی (سزاکـانی داگـیـرکـەر)ی لە دەزگـای (کـورت ڤۆلف) بڵاوبووەوە. لەبەر ئەوەی خـانوویان دەست نەکـەوت بەرنامـەی هاوسـەرگـیـری لەگەڵ "جولی" هەڵوەشایەوە. لە مانگی ١١ کافکا نامەیەکی درێژ و فـراوانی بۆ بـاوکی لە (شـێلیـسن) نووسی، لە ١٠٣ لاپەڕەدا،

بەڵام نەگەیشتە دەستی باوکی.

– ١٩٢٠ مانگی ٣ بوو بە سکرتێری ئەو دەزگایەی کاری لێ دەکرد. لە مانگی ٤ بۆ ماوەی سێ مانگ چوو بۆ چارەسەر لە (میران). لەگەڵ "میلێنا جێسینکا" دەستی بە نامە گۆڕینەوە کرد. لە مانگی ٥ بەرهەمی کۆمەڵێک کورتە چیرۆکی بە ناوی "دکتۆری وڵات" لەلایەن دەزگای (کورت ڤۆلف) بڵاوبووەوە. لە مانگی ٧ کافکا لەگەڵ "مێلینا" لە ڤییەنا چەند ڕۆژێکیان بەسەر برد. دوای گەڕانەوەی بۆ پراگ دەزگیرانییەتییەکەی لەگەڵ "جولی" کۆتایی پێ هێنا. لە مانگی ١٢ بۆ چارەسەری پزیشکی بۆ ماوەی ٨ مانگ لە (ماتالیاری) لە لووتکەی چیای (تاترا) نیشتەجێ بوو.

– ١٩٢١ مانگی ٢ هاوڕێیەتی لەگەڵ خوێندکاری پزیشکی "ڕۆبرت کلۆپستۆن" دەست پێ کرد. لە مانگی ٨ کافکا بۆ دواجار گەڕایەوە خزمەت نووسینگەکەی، دوای ٨ هەفتە جارێکی دیکە مۆڵەتی نەخۆشی نووسی.

– ١٩٢٢ مانگی ١ دەستی بە کارکردن لە ڕۆمانی (کۆشک) کرد. لەمانگی ٢ بۆ چارەسەری پزیشکی بۆ نەخۆشخانەی (شپیندلروڤ ملیان) ڕۆیشت. لە بەهار چیرۆکی (هونەرمەندی برسی) نووسی. مانگی ٦ (لێکۆڵینەوە لە سەگ)ی نووسی. کافکا بۆ ماوەی ٣ مانگ چوو بۆ (پلانا) لە خوارووی (بۆهیمن) ڕۆیشت. لە٧/١ خانەنشین بوو. لە مانگی ٨ دەستی لە تەواوکردنی نووسینی ڕۆمانی (کۆشک) هەڵگرت.

– ١٩٢٣ لەمانگی ٦ دوا یادنووسی ڕۆژانەی خۆی نووسیبوو. مانگی ٧ بۆ ماوەی چوار هەفتە بۆ (موریتز) لە دەریاچەی ڕۆژهەڵات (Ostsee) ڕۆیشت، لەوێ "دۆرە دیامانت"ی ناسی. لە مانگی ٨ بۆ ماوەی چوار هەفتە بۆ (شێلسن) ڕۆیشت. لە مانگی نۆ کافکا بۆ(بەرلین/ شتێگلیتز) ڕۆیشت، لەگەڵ "دۆرا دیامانت" خانووەکەیان گۆڕی. کافکا تا دەهات ڕۆژبەڕۆژ ئازارەکانی گەورەتر و سەختتر دەبوو. لە مانگی ١١ و١٢ بەرهەمەکانی (ژنی بچووک) و (خانوو)ی نووسی. تەندروستی بەرەو خراپتر دەچوو.

– ١٩٢٤ مانگی سێ بۆ پراگ گەڕایەوە، بەرهەمی (گۆرانی پیتەر جۆزفین)ی نووسی. لەمانگی ٤ بۆ نەخۆشخانەی (ڤییەنەر ڤالد) لە (ئۆرتمان ڤییەنا)ی خواروو ڕۆیشت، تووشی نەخۆشیی سیلی قوڕگ ببوو، بۆ نەخۆشخانەی (دکتۆر هۆگۆ هۆفمان) لە (کیرلینگ) لە (کلۆسترنیوبورگ) گوێزرایەوە. "دۆرە دیامانت" و "ڕۆبرت کلۆپستۆک" چاودێری نەخۆشی کافکایان دەکرد، زۆر بە کەمی دەیتوانی شتێک بخوات و بخواتەوە، ئازاری پێ دەگەیاند، بێ دەنگ بوو، پێویستی بە چارەسەر هەبوو، لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی هیچ بخوات و بخواتەوە، تادەهات بێ هێزتر دەبوو، بۆیەیش دواساتەکانی ژیانی کێشی کەم ببووەوە بۆ ٤٥ کیلۆ. لە ٦/٣ پێش نیوەڕۆ گیانی سپارد و بە یەکجاری ماڵئاوایی لە ژیان کرد. کافکا ٤١ساڵی تەمەنی تەواو نەکرد، لە ٦/١١ لە گۆڕستانی جوولەکەکان (ستراشنیتز-Straschnitz) لە پراگ بە خاک سپێردرا.

کافکا تاکە کوڕی خێزانەکەیان بووە، دڵڕەقی و باوکسالارییەکەی باوکی کاریگەرییان بەسەر خێزانەکەیانەوە هەبووە، تا تەمەنی ٣١ ساڵیش لەگەڵ خێزانەکەیان ژیاوە. پێوەندی لەگەڵ باوکی باش نەبووە، هەر توندوتیژی باوکیشی بووە کاریگەری بەسەر کەسێتیی کافکاوە هەبووە، کە کەسێک بێت هەردەم لە ترس و دڵەڕاوکێدا بێت.

لەگەڵ ئۆتێللای خوشکی پێوەندی باش بووە، لە کاتی پشوو و بێ تاقەتی چووەتە لای و سەردانی کردووە. لە ماڵەوەیان بە زۆری بە ئەڵمانی قسەیان دەکرد. لە دوکانەکەیاندا لەگەڵ کرێکار و کڕیارەکانیان بە چیکی قسەیان دەکرد.

کافکا خۆی جودا لە زمانی ئەڵمانی بە زمانەکانی عیبری، فەڕەنسی، ئیتاڵی و ئینگلیزی دەیتوانی قسە بکات. سەرەتای دەست پێکردنی نووسینی کافکا بۆ تەمەنی سێزدە و چواردە ساڵی دەگەڕێتەوە، لەو تەمەنەدا هەوڵی نووسینی هەبووە.

کافکا لە سەردەمی ژیانی خۆیدا زۆر لە بەرهەمەکانی فەوتاندوون، یان تەواوی نەکردوون. وەسیەتی بۆ "ماکس برود"ی هاوڕێی کردووە، دوای مردنی سەرجەم بەرهەمەکانی بسووتێنێت، بەڵام "ماکس برود" وەسیەتەکەی بەجێ نەگەیاندووە و بەرهەمەکانی پاراستوون.

باوکی کافکا دوای مردنی کوڕەکەی دوکانەکەی نامێنیت، لەگەڵ ئەوەشدا حەزی بە نووسەری کوڕەکەی نەکردووە، بەڵام داوی مردنی، بەڵێننامەیەک لەگەڵ "ماکس برود" بۆ بە چاپ گەیاندنی بەرهەمەکانی کافکا واژوو دەکات، لە ٤٥٪ ی داهاتی بەرهەمەکانی دوای فرۆشتنی بۆ "دۆرا دیامانت" بێت.

باوکی کافکا لە دوا ساتەکانی ژیانیدا، پەکی دەکەوێت و لەسەر عارەبانە دەبێت، لە ١٩٣١/٦/٦ لە پراگ دەمرێت.

"یولی لۆڤی" دایکی کافکا لە ١٩٣٤/٩/٢٧ دەمرێت.

خوشکەکانی کافکا، ئیللی و ڤالی، بەر شاڵاوی هۆلۆکۆستی جوولەکەکان کەوتوون، لەلایەن هەڵمەتی دڕندانەی نازییەتی هیتلەر. بۆچوونی ئەوە هەیە لە بەهاری ١٩٤٢ لە ئۆردووگای زۆرەملێی (خیلمتوی) جوولەکەکان بووبن، نازییەکان لەناویان بردبن. کاتێک نازییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست هەڵمەتی سووتاندن و قەدەغەکردنی کتێب و چاپەمەنییان دەست پێ کرد، بەرهەمەکانی کافکایش بەر ئەو هەڵمەتەی نازییەکان کەوتن و قەدەغەکران. لە وڵاتانی بەناو سیستمی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستیش بەرهەمەکانی کافکا قەدەغەی بڵاوبوونەوەیان لەسەر بوو، ناویان لە لیستی ڕەشدا بوو.

ئۆتێللای خوشکی کافکا لە مانگی ١٩٤٣/١٠ مردووە، ئێستایش هەر کەسێک بە جۆرێک لە جۆرەکان بگاتەوە سەر خێزانی کافکا، یان پێوەندی هەبووبێت بە یەکێک لە خۆشەویستەکانی، یان هاوڕێکانی کافکا هەواڵی مەرگی لە هەر کوێیەک بێت لە ڕاگەیاندنەکاندا بە گرینگییەوە بڵاودەبێتەوە.

کافکا لە ڕووی پێوەندی کۆمەڵایەتییەوە زۆر دوورەپەرێز بووە، چونکە هەردەم ترسێک لەسەر مەرگی بووە، ئەوەیش وەک ترسی باوکی کاریگەری لە سەری ماوەتەوە. لە ڕووی دەروونییەوە دەم دەمی بووە، واتە باری دەروونی جێگر نەبووە.

کافکا کەسێکی ئیرۆتیکی بووە، سەرەتای گەنجێتی تا تەمەنی بیست ساڵی بەزۆری چووەتە ماڵە ژنەسۆزانی و چالاکیی سێکسی هەبووە، دواتر وردە وردە بەهۆی نەخۆشییەوە ئەو ئارەزووەی جارانی نامێنێت.

کاتێک لە پراگ ژیاوە لە نزیکەوە بەشداری لە کۆڕ و چالاکیی سیاسی و گفتوگۆکانی نووسەر و ڕۆشنبیرانی کردووە. کەسێکیش بووە کاتی تایبەتی بۆ خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبی و فەلسەفییەکان داناوە.

کافکا یەکێک لە نووسەرە هەرە بە توانستەکان لە بواری نووسینی کورتە پەخشان، کورتە چیرۆک و ڕۆمان دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەش خەڵکی چیک بووە، بەڵام بە ئەڵمانی دەینووسی.

ئەو بەرهەمانەی کافکا دەیخوێندنەوەو کاریگەرییان لەسەری هەبووە نموونەی بەرهەمی نووسەرانی وەک: تۆماس مان، فلوبێر، هیگڵ، هێرمان هێسە، دەیستۆیڤسکی، ستاندال، تۆلستۆی، کانت، ئەنشتاین، فرۆید.

ئەو ژنانەی کافکا لەگەڵیان ژیاوە وەک دەزگیرانەتی، یان پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ هەبوونە:

١- فلیسە باوەر: دووجار مارەی کردووە و هەردووجاریش لێی جیابووەتەوە.

٢- جولی ڤۆریزیک: جارێک مارەی بڕیوە و دوایی لە تەمموزی ١٩٢٠ مارە بڕینەکەی هەڵوەشاندووەتەوە و جیابووەتەوە.

٣- دۆرا دیامانت: لە دوا ساڵەکانی ژیانی لە ساڵی ١٩٢٣ ناسیویەتی. تا دوا ڕۆژی ژیانی لەگەڵی مایەوە، دواتر بوو بە میراتگری داهاتی بەرهەمە چاپکراوەکانی کافکا.

## برادەرەکانی کافکا ئەوانەی لە ماوەی ژیانیدا ناسیونی

١- ماکس بروود: بەرهەمەکانی کافکا ئەو چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە، تا کۆتایی ژیانی هاوڕێی بووە، وەسیەتەکەیشی هەر بۆ ئەو نووسیوە.

٢- فێلیکس ڤێلتش: نووسەر.

٣- ئۆسکار پۆلاک: هاوڕێی سەردەمی قوتابخانەی بووە، نامەکانی نێوان خۆی و کافکای دۆکیومێنت کردووە، ئەویش دوای تەواوکردنی قوتابخانە پراگی جێ هێشتووە.

٤- ئۆسکار باوم: شاعیر، ئەوەش برادەری بووە، هەفتانە لەگەڵ هاوڕێیەکانی دیکەی ڕێک دەکەوتن و دەچوونە ماڵی ئەو، نووسینەکانیان بۆ یەکدی بە دەنگی بەرز دەخوێندەوە.

٥- ئیرنست ڤایس: نووسەر.

٦- جسیکا لۆڤی: ئەکتەرێکی جوولەکە بوو.

٧- ڕۆبرت کلۆپستۆک: خوێندکاری پزیشکی بوو.

٨- میلێنا جسینسکا: ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ بووە، نامەیان لەگەڵ کافکا گۆڕیوەتەوە.

## بەرهەمەکانی کافکا

ڕۆمان، پەخشان، چیرۆک، نامە، یادنووسی ڕۆژانە، سەفەرنامە، ڕوانینی بچووک و دەربڕینی کورت.

ڕۆمانەکانی: ونبوون، دادگا، کۆشک، ئەمریکا.

کتێبی پەخشان: کۆمەڵێک کورتە پەخشان لەکتێبێکدا بە ناوی (ڕامان).

چیرۆک: بڕیار، پێناسی خەبات، دکتۆری وڵات، ڕاوچییەکانی گراگۆس، دروستکردنی دیواری مەزنی چین، ئامادەکاری ئاهەنگی هاوسەرگیری لە شەودا، بووژایەوە، یەکەم ئازار، سەبارەت بە یاسا، هونەرمەندی برسی، گەڕانی سەگ، عەرەب و داڵدەی کچان، ژنی بچووک، خانوو، گۆرانی پیتەر جۆزڤین. بەرهەمی دیکەی هەبوون هێندێکیان بە خۆی لەناوی بردوون، هێندێکیان بزربوون، ئەوانەی ماونەتەوە کەوتوونەتە دەستی "ماکس بروود". نامەکانیشی هێندێکیان لای هاوڕێکانی پارێزراوبوون.

بۆ یەکەم جاریش بەرهەمێکی، کورتە پەخشانێکی لە ساڵی ١٩٠٨ لە گۆڤارێکی دوو مانگانەیی بەناوی (Hyperion) بڵاوکردەوە. دوای مردنی یەکەم بەرهەم، کە چاپ بوو بە ناوی (ئەمریکا) لە ساڵی ١٩٢٧ ئەوەش ڕۆمانیکی تەواو نەکراو بوو بە ناوی (ونبوونی پیاوێک) لە حاڵەتێکی تایبەت "ماکس بروود" خۆی ئەو ناوەی (ئەمریکا)ی بۆ دانابوو، بەڵام دواتر "بروود" بۆی دەرکەوت لە نامەیەکدا کە کافکا بۆی ناردبوو، لە نامەکەدا کافکا بە ڕاشکاوی باسی ئەوە دەکات خۆی ناوی ڕۆمانەکەی ناو ناوە (ونبوونی پیاوێک).

کافکا ئارەزووی وێنەگرتن و وێنەکێشانی هەبوو، ئەو وێنانەی کێشاونی کەمیان ماونەتەوە، ئەوانی تری لەگەڵ دەستنووسەکانی لای "ماکس بروود" پارێزراون. وێنەی دایکیشی کێشاوە، وێنە فۆتۆگرافییەکانی هەندێکیان لە ماڵی خوشکی ئۆتێللا، لە دێی (زوراو) گیراون.

سەبارەت بە بەرهەمەکانی تا ئێستا نووسین و توێژینەوەی زۆری لەبارەوە کراون، بەردەوامیش بەرهەمەکانی چاپ دەکرێنەوە، ئێستاش بەرهەمەکانی قسە و گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت. وەردەگێردرێنە سەر زمانە زیندووەکانی تری دنیا، لە نووسەر و ئەدیب و خوێنەران لە سەدەی بیستەم کەم کەس هەیە ناوی کافکای نەبیستبێت و تینووی بەرهەمەکانی نەبووبێت و نەیخوێندبێتەوە.

## چەند بەرهەمێکی بزربووی دۆزرانەوە

چەند بەرهەمێکی، کە لەلایەن "ماکس بروود"ـەوە بزربوون، لە کتێبخانەیەکدا دۆزرانەوە. بۆ یەکەم جار لەلایەن دەزگای (چاپی ڤالشتاین) لە شاری (گوتن گین)ی ئەڵمانیا ئەو بەرهەمانە لە دوو

بەنددا بوون، کە بەرهەمەکانی لە نێوانساڵەکانی ١٩٠٦/١٩٦١ نووسراون، بەرهەمی (پەخشانی یەهوودی) و چەندانی تری لەخۆ گرتووە، لەگەڵ ١٠ بەندی دیکە لە مانگی ٢٠١٣/٣ چاپ و بڵاوکرایەوە.

## نرخی بەرهەمە دەستنووسەکانی کافکا

لە زۆر شوێنی دنیادا بەرهەمە دەستنووسەکانی کافکا لە کتێبخانە و موزەخانەکان پارێزراون و نرخی بەرزیان هەیە، وەک: ئەمریکا، ئیسرائیل، ئەڵمانیا، پراگ، من لێرە چەند نموونەیەک دەهێنمەوە.

١- لەڕێکەوتی ٤-٥/١٠/٢٠١٣ نرخی نامەیەکی کافکا دەگاتە (١٥٤٠٠٠) سەد و پەنجا و چوار هەزار یۆرۆ لە بۆرسەی سالزبۆرگی ئەڵمانیا، ئەوە نامەیەکی ٨ هەشت لاپەڕەیی کافکایە، کە بۆ "ماکس براود"ی هاوڕێی ناردبوو. مێژووی نووسینەکەی بۆ ١٩٢٢/١٢/١١ دەگەڕێتەوە، لە (لوزنجیی) باکووری (بۆمیش) لە پراگ.

٢- لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٤/١٢ لە موزەخانەی ئەڵمانیا/ ئەرشیڤی ئەدەب لە مارباخ، سەرجەم دەستنووسەکانی ڕۆمانی (دادگا)ی کافکا لە پیشانگەیەکدا پێشاندران. ئەو دەستنووسانە لەلایەن "ماکس براود"ەوە پارێزراو بوون. لە ساڵی ١٩٨٨ لە ئەرشیڤی ئەدەبی ئەڵمانی نرخەکەی گەیشتە (٣) سێ ملیۆن مارک.

٣- نامەی مشکەکان، سەرەتای مانگی ١٢/ ٢٠١٢، نرخی گەیشتە ٩٦٠٠٠ نەوەد و شەش هەزار یۆرۆ، لە ئەرشیڤی ئەدەبی ئەڵمانی لە مارباخ. نامەیەکی کافکایە، کە بۆ "ماکس براود"ی ناردبوو لە ٤ چوار لاپەڕەدا، لە ڕێکەوتی ١٩١٧/١٢/٣ دا نووسراوە، یەکێک لە نامە زۆرەکانیەتی، لەم نامەیەدا کافکا باسی ترسی خۆی لە نیشانەی مشکی سەر تابلۆ دەکات. لە ٢٠١٣/٤/١١ لەگەڵ چەند دەستنووس و نامەی تر لە پێشانگایەکدا پیشاندران.

## بەرهەمەکانی کافکا

بەرهەمەکانی کافکا لە شێوەی کاسێت لە باندێکدا تۆمار کراون، چەندین جار بە کۆبەرهەم چاپ و بڵاوکراونەتەوە، بەڵام دەزگای فیشەر بۆ چاپ چەندان جار کۆبەرهەمەکانی چاپ کردووە. دوا چاپی کۆبەرهەمەکانی کافکا لەلایەن دەزگای فیشەر لەشێوەی کتێبی گیرفان لە ساڵی ٢٠٠٨ چاپ کراوە بەم شێوەیە:

١- (دکتۆری وڵات) ٣٨٤ لاپەڕە.

٢- ڕۆمانی (ونبوون) لە ٣٥٢ لاپەڕەدا.

٣- ڕۆمانی (دادگا) لە ٣٠٤ لاپەڕەدا.

٤- ڕۆمانی (کۆشک) لە ٤١٦ لاپەڕەدا.

٥- (ناساندنی خەبات) لە دەستنووسەکانی بوو لە ٢٤٠ لاپەڕەدا.

٦- لە (دروستکردنی دیواری مەزنی چین)، لە دەستنووسەکانی دوای خۆی بوو، لە ٢٧٢ لاپەڕەدا.

٧- (پرسیار کردن لە یاسا)، لە دەستنووسەکانی دوای خۆی بوو، لە ٢٠٨ لاپەڕەدا.

٨- (ژن و مێرد)، لە دەستنووسەکانی دوای خۆی بوو، لە ٢٧٢ لاپەڕەدا.

٩- یادنووسی ڕۆژانە ١٩٠٩- ١٩١٢ لە ٤٣٢ لە لاپەڕەدا.

١٠- یادنووسی ڕۆژانە ١٩١٢- ١٩١٤ لە ٤٠٨ لاپەڕەدا.

١١- یادنووسی ڕۆژانە ١٩١٤- ١٩٢٣ لە ٣٨٤ لاپەڕەدا.

١٢- سەفەرنامە لە ٣٣٦ لاپەڕەدا.

**سەرچاوەکان:**


**1- Gedichte Für Frauen, Marix ver lag. 2013**

**2- Tagebücher: 1909 - 1923 auf 3 Bände, fischerverlage. 2008.**

**3- Franz kafka Beschreibung eineskampfes und andere schriften aus dem nachla?. Fischer verlag.**

**4- www.franzkafka.de**

**5-Nach gelassne Schriften und fragmente 1- 2 , fischer verlag.**

**٦- هەموو تاکدێڕییەکان لەم سەرچاوەیە وەرگێردراون:**
**Reisetagebücher, Franz Kafka.fischerverlage. 2008.**



# چیرۆکی ناتەواو.....

ئەسعەد عەزیز محەمەد
(کەرکووک)

لەناو پۆلەکەدا بێ جووڵە ڕاوەستابوو، لە پشتییەوە تەختە ڕەشێک هەڵواسرابوو، لە گۆشەیەکی لای سەرەوەی تەختەکەدا مێژووی ئەو ڕۆژە نووسرابووەوە، لە سەرووی ئەو مێژووەش بەگەورەتر ڕۆژی یەکشەممە نووسرابوو، لە گۆشەی بەرانبەر ئەو نووسینەیش وانەی سێیەم نووسرابوو، لەناوەڕاستی تەختەکەدا وشەی هونەر بەخەتێکی درشتتر نووسرابووەوە، لەبەری لای ڕاستدا ئەم ڕستەیە بە خەتێکی جوان نووسرابوو:

وێنەیەک بەئارەزووی خۆت بکێشە؟

یادەوەری ڕۆژێکی زۆر دوور بیرکردنەوەی دەرزی ئاژن دەکرد، ئازاری ئەو یادەوەرییە چیرۆکەکەی بەیاد هێناوە لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بوو، دوا ساڵی خوێندنی بوو، ماوەی چەند ساڵێک بوو پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێکدا بوو، بەڵام لەو ماوەیەدا کچەکە وازی لێ هێنا و شووی بە کوڕێکی دەوڵەمەند کرد، ئەو ڕووداوە زۆر کاریگەری کردە سەری و باری ژیانی زۆر تێک دا و لەوساوە تا ئێستا نەیتوانیوە وێنە بکێشێت، ئەگەر هەوڵ و کۆششی هاوڕێکانی نەبوایە ڕەنگە دەستبەرداری خوێندنیش بوایە، بەڵام هاوکاری و پاڵپشتیکردنی هاوڕێکانی بەبەردەوام وای لێ کرد بتوانێت خوێندن تەواو بکات.

دەنگی قوتابییەک زنجیرەی خەیاڵی پچڕاند کاتێک گوتی:

- مامۆستا ڕەنگی ئاو چۆنە؟

- کوڕم ڕەنگی ئاو شینە.

جارێکی تر قوتابییەکە وتی: ئەی بۆ کاتێک ئاو دەخۆینەوە هیچ ڕەنگی نییە؟

مامۆستا ڕیتمی دەنگی کەمێک گڕتر و بەرزتر کرد و گوتی:
- کاتێک ئاوی دەریا و ڕووبارەکان لە دوورەوە دەبینین، ڕەنگی شینە بەهۆی کاردانەوەی تیشکی رووناکی لەسەر ئاوی دەریاکان، تا ئاوەکە چڕییەکەی زیاتر بێت ڕەنگی شینییەکەی زیاتر دەردەکەوێت، چونکە ئاوەکە ڕەنگەکانی تر هەڵدەمژێت، بەتەنیا ڕەنگی شین دەمێنێتەوە، بۆمان دەردەکەوێت ئاوی دەریا و ڕووبارەکان ڕەنگیان شینە.

چەند هەنگاوێک بەرەو لای قوتابییەکە ڕۆیشت و تەماشای تابلۆکەی کرد، گوندێک بوو لەبناری چیا ڕووبارێک بەتەنیشت گوندەکەوە بوو، چەند دارێکی بەرز و جوان نزیک گوندەکە لق و پۆپی لە ئاسمان بوو، باڵندەیەک لەسەری نیشتبووەوە، قوتابییەکە بەڕەنگێکی خەمبار و تەماوی و ڕەش ئامێز وێنەکەی ڕەنگ کردبوو. لەقوتابییەکەی پرسی: ئەم گوندە جوانە کوێیە؟

منداڵەکە بە دەنگێکی تاساو و نزم گوتی: مامۆستا گوندەکەی خۆمانە.

مامۆستا لە دەنگی قوتابییەکە درکی بەوە کرد چیرۆکێکی ناتەواو لەناوەخنی وەڵامەکەدا کۆبووەتەوە، کەوتە دواندنی قوتابییەکە و پێی گوت: پێشتر ماڵتان لەگوند بوو.

قوتابییەکە بە تەنیا وشەی ( بەڵێ)ی لە زار دەرچوو، مامۆستا پرسی ( ئەی بۆچی بارتان کرد بۆ شار؟)

مامۆستا چەند جارێک گوندەکەمان لەلایەن دەوڵەتی دراوسێوە بۆردومان کرا، ڕەز و باخمان سووتێنرا، دواجاریش برا بچووکەکەم کوژرا، لەوساوە بەناچاری بارمان کرد بۆ شار. وێنەی گوندی قوتابییەکە بۆ چەند ساتێک تاساندی، پاشان بۆ خۆ قوتارکردن لە گێژاوی ئەو خەمە قووڵەی ئەو منداڵە رووی کردە قوتابییەکی تر، بینی وێنەی ژنێک دەکێشێت، وێنەکە زۆر سەرنجی ڕاکێشا، ژنێکی زۆر جوان و شۆخوشەنگ بوو، جلوبەرگی کوردی پۆشیبوو، مێخەکبەندی لەپشت بوو، کڵاوێکی زێڕینی لەسەرنابوو، هەرگیز کەس بڕوای نەدەکرد منداڵێکی لەو تەمەنە وێنەی وا جوان بکێشێت، بەڕاستی تابلۆی ئەو ژنە زۆر سەرنجی مامۆستاکەی ڕاکێشا و گوتی: کێ ئەم تابلۆ جوانەی دروست کردووە؟

قوتابییەکە بەبڕوابوون بەخۆیەوە وتی: مامۆستا خۆم وێنەم کێشاوە.

مامۆستا زیاتر لە وێنەکە وردبووەوە، بەشێوەیەک لە شێوەکان لەنێوان ڕوخساری قوتابییەکەو وێنەی ناو تابلۆکە هەستی بەلێکچوونییەک کرد، لەبەر ئەوە مامۆستاکە گوتی: پێم بڵێ ئەمە وێنەی کێت دروست کردووە؟

قوتابییەکەش بە ئەسپاییەوە و بە حەسرەتێکەوە بە دەنگێکی تێکشکاوەوە گوتی: وێنەی دایکمە.

مامۆستا گوتی: بێ گومان دایکت بەبینینی ئەم وێنەیە، زۆر شادمان دەبێت.

قوتابییەکە گەرووی پڕ لە گریان و حەسرەت بوو، دڵۆپە فرمێسکەکان ئاستەنگی لەپێش ڕێڕەوی دەربڕینی وشەکان دانابوو، بەهەنسکی گریانەوە وتی:

- دایکم هەرگیز ناتوانێت ئەم وێنەیە ببینێت.
- بۆچی ناتوانیت ببینێت؟
- دایکم مردووە.

بیرەوەری منداڵی خۆی و بێ بەشبوونی لەنازی دایکی بەر بای هەستی سۆزی شاراوەی ناخی کەوت، چەندین ساڵە وا تێدەگات ئەو خەم و حەسرەتەی لە دەروونی ئەودا کۆبووەتەوە، لە ئازار و لە هەموو خەمی هەموو کەس زیاترە، بەڵام تەنیا لەم وانەیەدا ئەو ڕاستییەی بۆ دەرکەوت کە ڕەنگە ئازاری دابڕانی تر هەبن زۆر لە ئازارەکانی ئەو سەختتر بێت، لە دڵی خۆیدا دەیوت ئازاری دەروونی ئەو منداڵە چاو گەشانە زۆر بەئازارتر و پڕ جۆشترە لە ئازاری خۆی، دۆش داماو نەیدەزانی چی بکات؟ چەند ساتێک بێ دەنگ بوو، بیری لەوە دەکردەوە دڵنەوایی ئەو منداڵانە بکات و کەمێک هێوریان بکاتەوە، بەڵام دواتر لەو بیرۆکەیە پاشگەز بووەوە، چونکە لەبیرکردنەوەی خۆیدا وا لێکی دەدایەوە ئازاری ناو دەروونی ئەو منداڵانە چەندین ساڵە کۆبووەتەوە، بەتەنیا وشە ناتوانێت ئەو ئازارانە سارێژ بکات.

لەم کاتەدا دەنگە دەنگی قوتابییەکان زۆر زیادی کردبوو، بە پارچە تەباشیرەکەی دوو تۆی پەنجەی بە کورسی دانیشتنەکەیدا کێشاو چەند جارێک بەدەنگێکی بەرز گوتی: "کوڕم بێ دەنگ بن."

تا لە کۆتاییدا بێ دەنگییەک لەناو پۆلدا پەیدا بوو، بە هێواشی لەنێوان کورسی دانیشتنی قوتابییەکاندا کەوتە پیاسەکردن، بۆ خۆیشی نەیدەزانی بۆ دەرباز بوون لە کەشی خەماوی پۆلەکە بوو، یان بەنەریتی جارانی دەگەڕاو چاوی بە وێنەی کێشراوی قوتابییەکان دەکەوت.

وێنەکان جۆراو جۆربوون، بەڵام بە ئاگاییەوە لە دیمەنی وێنەکانی دەڕوانی، لەوە دەترسا دەرگای پرسیار بخاتە سەرپشت و لەئەنجامی پرسیارەکەی برینی ئازارێکی ناخی قوتابییەکی تر بەسۆ بێنێت.

لە کۆتاییدا لە تەنیشت قوتابییەکی چاو شینی پرچ زەرد ڕاوەستا، وێنەی ئۆتۆمبێلێکی جوانی دروست کردبوو، ڕەنگی سووری بۆ ئۆتۆمبێلەکە هەڵبژاردبوو، ئەویش بۆ چەند چرکەیەک ڕاوەستاو گوتی: ئۆتۆمبێلەکەت زۆر جوانە، مارکەکەی چییە؟

منداڵەکە بە خەندەیەکەوە گوتی: مامۆستا BMبی ئێمە.

منداڵەکە دەرفەتی بە مامۆستاکە نەدا پرسیاری تری لێ بکات، ڕەنگە هەر بۆ خۆیشی چاوەڕێی ئەوە بووبێت ئەو پرسیارەی لێ بکرێت، یەکسەر کەوتە قسەکردن و گوتی: مامۆستا ئۆتۆمبێلێکی هاوشێوەی ئەم وێنەیەمان هەبوو، باوکم لێی دەخوڕی، بەڵام لەڕێگەی سلێمانی وەرگەڕاو ئۆتۆمبیلەکە بەتەواوەتی تێکشکا و بەکەڵکی چاککردنەوە نەما.

مامۆستاکە بە شپرزەیی و بەخێرایی و تاڕادەیەکیش بەهەڵچوونەوە گوتی: ئەی باوکت چی بەسەرهات.؟

منداڵەکە سەری سوڕما لەچۆنیەتی قسەکردنی مامۆستاکەی، بەڵام بەئەسپایی گوتی:


– باوکم بەتەنیا دەستی شکابوو، ئێستا دەستیشی چاکبووەتەوە.

مامۆستا بۆ ساتێک وای بەبیردا هات کە هەموو وێنەیەک چیرۆکێکی ناتەواو لەخۆ دەگرێت، ئەم بیرۆکەیە هانی دا هەگبەی پرسیارەکانی بەڕووی منداڵاندا بخاتە سەر پشت و پرسیاری زۆرتریان لێ بکات، بەرەو لای قوتابییەکی تر چوو، وێنەی پیرەمێردێکی بە کوڵە دارێکەوە دروستکردبوو، نیگای چاوی خستبووە سەر وێنەکەو بە دوای پرسیارێکی شیاودا دەگەڕا، ئەو لەتاووتوکردنی پرسیاردا بوو زەنگی کۆتایی هاتنی وانەکە لێدرا.

دەیزانی ئەم چیرۆکەش وەک چیرۆکی وێنەی قوتابیان کۆتایی نەهاتووە، بەڵام زەنگی کۆتایی هاتنی چیرۆکەکە لێدرا.

**تشرینی دووەم /٢٠١٣**

**کەرکووک**



# ئالای خەم

**ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

لە شوێنی کارەکەم لەسەر کورسییەک دانیشتووم و بە تامەزرۆییەوە سەرم بەسەر کتێبی ئاناکارنینادا گرتووە و لەنێو شەپۆلان و قووڵایی ڕۆمانەکەدا وەمەلەکەوتووم. لە کۆتایی چیرۆکەکە نزیک بوومەتەوە و ماوەی دوو حەوتووە تێکەڵ دنیای ڕووداوەکانی بووم. ئاناکارنینا لە وێستگەی شەمەندەفەر شڵەژاو و خەیاڵاوی ڕاوەستاوە و چاوی لە هێڵی ئاسن و خیز و چیمەنتۆی چەور و چڵیکی دەوروبەری بڕیوە و بیر لە پیاوە پیرە توورەکە بە کۆڵەکەی نێو خەونەکانی دەکاتەوە...

لەپڕ تەقەی دەرگاکە دێ و بەژنوباڵایەکی تیشکەڵە بە چارشێوێکی ڕەشەوە دێتە ژوورێ و بەبێ ئەوەی مەتەق بکات لێم دێتە پێشێ و ئەوەندە نزیک دەبێتەوە خەریکە چۆکی لە کتێبەکەی دەستم بدرێ. ڕادەوەستێ و چاو لە چاوم دەبڕێ. خەمێک لە بیلبیلەی چاویدا خۆی لە فرمێسک هاڵاندووە و ڕەشێنەی چاوە جوانەکەی لێڵ کردووە. ماوەیەک بێ ئەوەی زمانی بگەڕێ چاو لە چاوم و کتێبەکەی دەستم دەکات و ترپەی لێدانی دڵی دەبیستم. لێوی دەلەرزێ و توانایی نییە ئەو بەستێنە بڕووخێنێ کە پێشی بە سێڵاوی فرمێسک و وشە قەتیس ماوەکانی نێو چاو و دەمی گرتووە. سەرم هەڵدەبڕم و چاو لە دوو ڕیزە فرمێسک دەکەم کە بە سووچی چاویدا بە نەرمی دێنە خوارێ و بەسەر ڕوومەتە سپییەکەیدا گلۆر دەبنەوە و یەکیان خۆ دەکات بە کەلێنی لێوە ناسکەکەیدا و ئەوی تریان بە چەنەیدا دێتە خوارێ و دەتکێتە سەر کتێبەکەی دەستم. دڵۆپەی فرمێسکەکەی ڕاست دەکەوێتە سەر ناوی ئاناکارنینا. قامکێک بەسەر ئاناکارنینا و دڵۆپە فرمێسکەکەدا دێنم. هەست بە گەرمایی دڵۆپە فرمێسکەکە دەکەم و نووکی قامکم گەرماییەکەی بە هەموو جەستەمدا بڵاو دەکاتەوە. ئەو تکە فرمێسکەی خزی بۆ سووچی لێوی وەک کلیلێک لێوی

کردەوە و قوڵپەی گریانەکەی تەقییەوە. لەگەڵ هەنیسک و قوڵپی گریان بە شێوەیەکی پچڕپچڕ گوتی:

– خەتای...تۆ بوو، تۆ...تۆ...

وەرسووڕایەوە و وەرسووڕانەکەشی هێندە بە پرتاو بوو چەمکی چارشێوەکەی وەک چەتر کرایەوە و بایەکەی لاپەڕەی کتێبەکەی دەستمی هەڵدایەوە.

زمانم بووبووە لەتکە گلمتکێک و لە دەممدا وشک بووبوو. تاسابووم. چەند هەنگاو لێم دوور کەوتەوە و پشتی تێکردم. لەگەڵ قوڵپی گریان شانی هەڵدەتەکاند و چارشێوە ڕەشەکەی دەلەرییەوە. چاوم لە سەر لاپەڕەی ڕۆمانەکە گیرسایەوە. شەمەندەفەرێک بە فیشکەفیشک لە وێستگە نزیک دەبێتەوە. دەگاتە وێستگە و ئاناکارنینا...

ژنە چارشێوەکەی لە خۆی دەهاڵێنێ و بەدەم قوڵپی گریانەوە دەڵێ: ئەوە.. دەڕۆم.، بەڵام.. لە بیریت نەچێ.. خەتای تۆ...

شەق دەرگاکە پێوەدەدات و بە پرتاو دوور دەکەوێتەوە. هەڵدەستم و دەمەوێت وەدووی بکەوم، بەڵام لەترسی چاو و زمانی خەڵکی ناوێرم. لە جێی خۆم دادەنیشمەوە و تێکەڵ بە دنیای ڕۆمانەکە دەبمەوە. وێستگەی شەمەندەفەر قەرەباڵغە و ...

لەپڕ هەرا و هەڵات هەڵات ساز دەبێ و خەڵکی بە پرتاو بەرەو پردی تازە دەڕۆن. دەپرسم چی ڕووی داوە؟ دەڵێن ژنێک لەسەر پردەکەوە خۆی فڕێ داوەتە نێو چۆمەکەوە... دەتاسێم و بەر چاوم تاریک دەبێ. نەکا ئەو بێ. منیش بەهەنگاوی شل و بێ هێزەوە بەرەو پردەکە دەڕۆم و دڵیشم بە پرتاو لێدەدا. سەر پردەکە قەرەباڵغە و دەرزی هەڵاوێبیت ناکەوێتە عەرزی. هەرا و زەنازەنایەکە دەڵێیت ڕۆژی حەشرە. هەر کەس شتێک دەڵێت و کەس لە کەس تێناگات. ناتوانم دڕ بە ئاپۆڕەی خەڵکەکە بدەم و بچمە پێشێ، گوێ شل دەکەم. دەنگێکی گڕ لەنێو خەڵکەکەدا دەڵێت: «چۆمەکە ئاوی تێدا نییە، لەو سەرەوە خۆی بەسەر ئەو بەردەڵانەی بن پردەکەدا بەرداوەتەوە...» یەکێکی دیکە دەڵێت: «سەیری بکەن چارشێوە ڕەشەکەی بابردوویە و بە لقی ئەو وشکە بییەوە گیربووە.» یەکێکی دیکە دەڵێت: «چاو لەو بەردانە بکەن، تەواوی بە خوێن خووساون، دەڵێیت کەڵت سەربڕبوە.»

بەر چاوم تاریک دەبێ. سەرم لە گێژەوە دێت و ئەژنۆم دەفیزێ و بەلادادێم. کاتێک وەهۆش هاتمەوە لە سەر لێواری پردەکە دایانیشاندبووم و ئاویان لە سەروچاوم دەپرژاند. چاوم هەڵێنا کوڕێکی گەنج لەبەر دەمم هەڵتروشکابوو و چاوی لە چاوم بڕیبوو. پرسیم: «ئەی ئەو خەڵکە چییان لێهات؟ بۆ ئێرە کەسی لێ نەماوە؟» کوڕە کوتی: «مەیتی ژنەکەیان هێنایەوە سەرێ و پۆلیس بردی بۆ نەخۆشخانە. مردبوو، مێشکی پژابوو. بەسەرەوە خۆی بەسەر ئەو بەردەڵانەدا بەرداوەتەوە. بڕوانە چارشێوەکەی بەو لقە بییەوە گیرساوەتەوە، دەستیان نەگەیشتێ داییگرن.»

سەرم هەڵبڕی. چارشێو نەبوو، ئاڵای ڕەشی ماتەمێ بوو، بۆ مەرگی کەژاڵ هەڵدرابوو. کەژاڵ بۆخۆی ئەو ئاڵایەی بۆ خۆی هەڵدابوو. بۆ ئەوەی هەمووان بزانن چارەڕەش بووە و بە چارەڕەشیش سەری ناوەتەوە. هەروا چاوم لە چارشێوە ڕەشەکەیە. کوڕە بەلامەوە ڕاوەستاوە و من کاس و حەپەساو لە چارشێوەکە ڕاماوم.

* * *


جوان و چاوڕەش و سپیکەڵانە بە باڵتەیەکی سوور و پانتۆڵێکی نەباتییەوە خۆی کرد بەشوێنی کارەکەمدا. دوای سڵاو و تەوقەکردن و چاکوچۆنییەکی گەرموگوڕ دەفتەرێکی لە جانتاکەی دەرهێنا و دوو شیعری بۆ خوێندمەوە. شیعرەکان بۆنی ئەشق و خۆشەویستییەکی پاک و ڕاستەقینەیان لێدەهات. هەندێک لەسەر شیعرەکان دواین و دوای چەند خولەکێک خودا حافیزی کرد و ڕۆیشت. دوای ئەوە حەوتووی جارێک، یان دوو جار دەهات بۆ لام و شیعری بۆ دەخوێندمەوە. خۆشەویستییەکی باوکانە دەرهەق بەو کیژۆڵە جوان و ڕەزاسووکە لە دڵمدا چەکەرەی کرد بوو. ئیتر وەک باوک و کچ وابووین نزیکایەتییەکەمان زۆر لە باوک و کچیشی تێپەڕاندبوو. بە شێوەیەک کە هیچ شتێکمان لە یەکتر نەدەشاردەوە. ئیتر وەک کچی ماڵیی لێ هاتبوو و بنەماڵەکەشم ئەویان کەوتبووە بەردڵ و خۆشیان دەویست. ماوەی سێ ساڵ بەو شێوەیە هاتوچۆی شوێنی کارەکەم و ماڵیی دەکرد و شیعری بۆ دەخوێندمەوە و پرێسکەی دڵی ناسکی خۆی بۆ دەکردمەوە. ڕۆژێک هات بۆ لام و گوتی: بڕیار وایە کوڕێک بنێرێتە خوازبێنیم، ئەگەر ڕازی بێ پێم خۆشە بێت بۆ لای تۆ و قسەی لەگەڵ بکەیت، ئەگەر تۆ

ڕازی نەبی و بە کەسێکی باشی نەزانی شووی پێ ناکەم.
کـوڕە هات، لاوێکی ڕووخـۆشی خـوێن شـیـرین بوو. سـاڵێک بوو زانکۆی وێژە و ئەدەبی تەواو کـردبوو، وەک مامۆستا لە دەزگەی پەروەردە دامەزرابوو. بە قسەکانیدا دەرکەوت کە ماوەیەکە لەگەڵ کەژاڵ کەینوبەینیان هەیە و یەکتریان کەوتووەتە بەردڵ. کوڕەش جێی خۆی لە دڵمدا کـردەوە و زەمـاوەندیان کـرد، بەڵام دوای ئەوە بۆ مـاوەی دوو سـاڵ چاوم بە کـەژاڵ نەکەوتەوە. ڕۆژێک چارشـێـو بەسـەر و منداڵێک بەباوەشـەوە خـۆی کـرد بە ژووریدا و دەستی کرد بە گریان.
– بۆ دەگریی کچم؟ چی بووە؟
– بەدبەخت بووم، ڕەحـمـان گـۆڕاوە. ناهێـڵێ لە مـاڵ بێـمە دەرێ؟ تەنانەت ڕێگە نادا براکانیشم بێن بۆ لام، یان من بچمەوە بۆ ماڵی باوکم.
تەواوی دەفتەری شیعرەکانمی دڕاند و ئاوری تێبەردان، تەنانەت ناهێـڵێ بێم بۆ لای تۆش. تەواوی کـراس و دەسـمـاڵەکـانی لێ سـوتاندم. ئەوی کـەوچکی لە مـاڵەکـەمـاندا بوو لە زوباڵەی کـردن، خـەمـیـر و میسواکەکەمی فڕێ دا. لە ماڵێش ناهێڵی لەچکەکەم لەسەرم بکەمەوە. ژیانی لێ تاڵ کردووم. نابێ هیچ کەس بێـتـە مـاڵمـان و مـاڵـی هیچ کـەسیش بچین. ڕیشـێکی درێژی هێشتووەتەوە بێزی لێدەکەم. پێم بڵێ چ بکەم؟ قوڕی کوێ بە سەرمدا بکەم ؟ ئێستاش بزانێ هاتووم بۆ لای تۆ سـەرم دەبڕێ. باوکیـشـمی وەک خۆی لێکردووە. ناوێرم پەنا بۆ مـاڵی باوکیـشم بەرم. سـەرم لێشـێـواوە. نازانم چ بکەم. تەنیا دوو ڕێگام بۆ ماوەتەوە، یان حاشا لە ماڵی مێرد و باوک بکەم و خۆم بخەمە ماڵی ئێوە و ببمە کچی تۆ،یان...
دای لەقـوڵپـەی گـریان. خـەریک بوو بە منداڵەکـەوە بکەوێ بەزەویدا گرتم و لەسەر کورسییەک دامنیشاند.
گوتم: «کـچم بیر لەو شـتـانە مـەکەوە. بەڕەحمـان بڵێ بێت بۆ لام، یان من دێم بۆ لای و قسە دەکەین.»
بەدەم گـریانەوە گـوتی: نانا کـاری وانەکـەی، بزانێت چاوم بە تۆ کەوتووە گۆشاوگۆش سەرم دەبڕێ.
گــوتم: ئەی چ بکەم کــچم؟ چیم لە دەست دێ. پەنا بێنی بۆ مـاڵەکـەم لەوەش خـراپـتـر دەبێ. ئەو مـێـشـک ڕزیوانە خودا دەزانێ چی بەسەر تۆش و ئێمەش دێنن.
هەسـتـا سـەر پێ چارشـێـوە ڕەشـەکـەی لە خـۆی و منداڵەکەی پێچا و ڕۆیشتە دەرێ.

* * *

چاوم لە سـەر چارشـێـوە ڕەشـەکـە و لقی وشکەڵی داربییەکە هەڵگرت. چەند کەس لە پشت سەرم ڕاوەستا بوون و کوڕە گەنجەکەش هەروا قۆڵی گرتبووم. سەرم لە گـێـژەوە هات و خـەریک بوو بکەوم بە زەویدا. لێـوم بێ ئیـخـتـیـار جووڵایەوە و بە کوڕە گەنجەم گـوت: «بمبە بۆ نەخـۆشـخـانە، دەچم بۆ لای کـچـەکـەم. دەچم بۆ لای کچە...»

ئەدەبی تەنز



# بۆن

هایدە ڕەحیمی
(یەزد)

هەر ئەوەندەم نەزانی درگای سەیارەکەی کردەوە و خۆی کرد بە ژووریدا، کابرایەکی بالآبەرز و قەڵەو بوو بە کەواو پاتۆڵێکی تاو بردووی کۆنەوە، زۆر بەزەحمەت جێی خۆی کردەوە، چونکە بەتەنیا جێگای دوو کەسی پێویست بوو، کەچی تەنیا جێ بۆ کەسێک هەبوو.

عارەق بە سەرومليدا دەهاتە خوارێ و بە سەختی هەناسەی بۆ هەڵدەکێشرا. من خۆم کۆکردەوە کە ئەو بتوانێ جێی خۆی بکاتەوە. هەر کە دانیشت و جێگیر بوو، بۆنی عارەق و بۆگەنێکی ناخۆش بلآو بۆوە! زوو دەستم بردو شووشەکەم داداوە تا بتوانم هەناسە بکێشم و نەخنکێم. کاکی بۆنخۆش کە دیتی وام کرد ڕووی تێکردم و کوتی: زۆر گەرمە چاکت کرد شووشەکەت داداوە! منیش کە بە بۆنی دەمی کاکی بۆنخۆش ئەوەندی دیکە حاڵم تێکچوو بوو تەنیا بزەیەکەم هاتە سەر لێو و هیچی دیکەم پێ نەکوترا. بیرم لەوە دەکردەوە ئەم سێ کاتژمێرە کە هاوسەفەری ئەم کاکە بۆنخۆشەم چی بکەم؟ پێم وابێ ناگەمە بەرێ. ماڵت بەقوڕ نەگیرێ بۆچی حەمامێکت نەکردووە دەم و لەوست نەشتووە؟ هەر وا هەستاوی هاتووی سواری ئەم سەیارەیە بووی. لەم بیرانەدا بووم کە کاکی شۆفێریش سوار بوو کە ڕێ کەوین، هەر کە سوار بوو، ئاوڕێکی بۆ دواوە داوە و بێ یەکترناسین کوتی: ئەرێ کاکە ئەو بۆنە ناخۆشە چییە؟

من زۆری پێ خۆشحاڵ بووم و کوتم ئێستا کاکی بۆنخۆش دەزانێ کە لەگەڵ ئەویەتی. کاکی بۆنخۆش چاوێکی لە من و لەوەی کە لەم بەریشەوە دانیشتبوو کردو کوتی: وەڵآ نازانم کاکە! من کە هەست بە هیچ بۆنێ ناکەم! کاکی شۆفێریش کەوتە دڕدۆنگییەوە پێی وابوو هەر ئەو هەست بەم بۆنە دەکا. من لەبەر ئەوە کاکی شۆفێر لەمە زیاتر بە هەستیاری بۆنکردنی خۆی گومان نەکا کوتم: وەڵآ کاکە منیش هەستی پێ دەکەم، نازانم چییە! ئەم جار بە چاو ئاماژەم


دا بە کابرای تەنیشتمەوە و کاکی شۆفێریش تێگەیشت و چاوێکی دیکەی لە کاکی بۆنخۆش کرد و ئیتر هیچی نەکوت و ڕێ کەوت. هێشتا نیو کاتژمێر نەڕۆشتبووین کە کاکی بۆنخۆش وردە وردە سەری شل کرد بەلای منەوە و خەوە نووچکە بردییەوە! هەر خۆم دوور دەخستەوە و بەلای کابرای ئەم لامدا دەڕۆیشتم بۆ ئەوەی سەری نەخاتە سەر شانی من و قڕ نەکەم! کابرای ئەم لاشم ئاخری دەنگی دام و کوتی کاکە ئەوەندە مەیە بەلای منەوە جێ نییە! چارم نەما، دەبوو ببم بە بالنجی کاکی عەنبەر بۆ! خۆم بۆ شل کردو شانم بوو بە سەرینی! بۆگەنەکە وابوو کە تەواو عاجزی کردبووم. بە کاکی شۆفێرم کوت کاکە دەتوانی لە شوێنێک ڕایگری با هەناسەیەک بکێشین؟ کاکی شۆفێریش کە سەری لە شووشەکەی تەنیشت خۆیەوە جاروبار دەبردە دەرەوە بۆ ئەوەی هەناسە بکێشێت بە ناقاییلییەوە لە ئاوێنەکەوە چاوی لێ کردم و کوتی: ناتوانم ڕایگرم دەبێ لە کاتی خۆیدا بگەمێ، دەنا سەرەی گەڕانەوەم دەسووتێ. دەبێ خۆڕاگری!

کاکی بۆنخۆشیش جاروبار سەری چەوروچڵکی لە شانم دەخشاند و جێ سەری خۆش دەکرد و پرخەشی دەدا و منیش بیرم دەکردەوە ئەگەر جەهەندەمی خودا ئاوا بێ قەت قەت گوناح ناکەم و هەر لەوێدا تۆبەم کرد! کاکی شۆفێریش کە ئەم حالەی منی لە ئاوێنەکەوە دەدی، پێکەنین دایگرتبوو، کوتی با گوێ لە گۆرانی بگرین: عارەقت گولە، بۆنت وەنەوشە....

نازانم چۆن بوو لەخەوی خۆش ڕاچڵەکی و لەناکاو هەستا و کوتی: ئەی خودا لەو خەونە ناخۆشە! من پێم خۆش نەبوو بیدوێنم، چون نەمدەویست قسە بکا و بۆنی دەمی بلاوکاتەوە، بەلام کاکی شۆفێر کوتی: خەوی چیت دی کاکە؟

وەلاهی خەونم بە ژن و منداڵەکەمەوە دی! لە خەونمدا نەیاندەناسیمەوە و ڕێگای ماڵەوەیان نەدەدام! من لە دڵی خۆمدا کوتم حەتمەن بۆنت بەسەریاندا چووە! ژنی قوڕ بەسەر بەو بۆگەنەت چیت لێ بکا؟ کاکی بۆنخۆش لە درێژەی قسەکانیدا کوتی: سێ مانگە نەمدیون! هاتووم بۆ هەولێر بۆ کار. وەستای کاشیکاریم. کچەکەم ئەم ساڵ دەچێ بۆ زانکۆ، منیش کوتم با برێک پارەی زیاتر بۆ خەرجییەکەی پەیدا بکەم، ژنەکەشم هەر نەخۆشە و پێویستی بە دەوا و دکتۆرە! بەخوا سێ مانگە نە شەوم شەوە، نە ڕۆژم ڕۆژە! بەردەوام هەر کارم کردووە! زۆر ماندووم.

کە ئەم قسانەم بیست، خەفەت دایگرتم و شەرمەزار بووم. ئیتر هەستم بە بۆنی ناخۆش نەدەکرد و بیرم لەوە دەکردەوە بۆنی ئەم کابرایە بۆ ژن و منداڵەکەی خۆشترین بۆنی دنیایە.



# قەلەن

یوونسێ شێخحەسەنی
(وان)

ل پشت سۆبەیێ روونشتبوو کوورکوور دفکری، - لێ بەلکی نەدفکری، هەما حالێ وی ئەو بوو- بەریا دێیا وی گازیکێ مەرڤ دگۆت قەی روهـ ژێ کشیایە وسا بێلڤ روونشتیە.

- «لاوۆ تە جووجک خستنە هوندر؟»
- «ئەرێ.»
- «دە هەڕە خوشکا خوە ژ بەر دەریێ دەرڤە بینە ئەم نان بخون.»

سەرێ خوە خستە بەر خوە و بێدەنگ چوو خوشکا خوە یا نەسازکار بینە.

سەلیم تەڤی دێ و باڤێ خوە یێن ئەختیار و خوشکا خوە یا پانزدەهسالی یا نەسازکار دژیان. ب راستی زارێن کالێ و پیرێ نە تەنێ ئەڤ هەردو بوون. خێنجی ڤان، نەهـ زارێن دن ژی هەبوون. لێ بەلێ ژ بۆ وان هەموو بێخێر دەرکەتبوون؛ ئێ کو زەوجیبوو چووبوو، ئێ کو چووبوو شەهرەکی دن نەزڤڕیبوو، ئێ کو چووبوو خەباتێ نەزڤڕیبوو... وەلحاسل ئێ کو چووبوو ڤەنەگەڕیابوو ئان ژی حەز نەدکر ڤەگەڕە. حالێ وان فەقیر بوو. مالا وان خوەدێ بزانبە بەلکی پێنجی- شێست سال بوون هاتبوو چێکرن. مال ژ مەنزەلەک و سالۆنەکێ پێکدهات، ئەو ژی ژ بەر کەڤنبوونێ مرۆڤی دگۆت هەما ئیرۆ نا سبێ دێ هلوەشە. بەلکی زارۆکان ژی ژ بەر ڤێ فەقیریێ حەز نەدکر جارەکە دن ڤەگەڕن.

لێ هەر چ بوو، حالێ وان قەت نەدگوهەری، ب گۆتنان، ئەڤ بیست سال بوون حالێ وان هەر ئەڤ بوو. بیست سال بەرێ رەوشا وان باش بوویە؛ پەز، چێلەک، مال و زەڤیێن وان هەبوونە. لێ چاوا داوەتا کوڕێ مەزن ئێ مالێ کرنە (دیسان ب گۆتنان، ژ بەر کو رەوشا وان باش بوویە هنەکی نەسێخبەر تەڤگەریانە دەوەتەکە نەدیتی کرنە) پشتی وی کەتنە بن دەینان. لێ تەنێ سەدەم نە ئەڤ بوویە، د سەر دە ژی کوڕێ مەزن ئێ مالێ دەین-مەین کرنە، کەتیە کارێ رباییێ و د سەر دە هەر تشت ل پشت خوە هشتنە، ژنا خوە هلدایە تەرکا وەلات کریە چوویە. لێ سەبەب هەر چ بن

ژی، ژ وان رۆژان ڤـــە هن ئاوارتە نە تێ دە – ئەو ژی وەختـا کـو هن کـەچێن خوە ددانە مێـرا ب وی قـەلەنی سـالەکێ پێ رهەت دژیان- حـالێ وان ئێ فـەقـیـر تم بەردەوام کربوو.

نانێ خـوە خوار، سێلم دیسان کـشـیـا قـونجێ خـوە یێ گـەرم و تەنگ. دێـیـا وی سـفـرە بەرهەڤ کـر، دەسـتێ خوشکا وی گرت چوو بەر دەری، ژ سەلیمی رە ب سەرێ خوە ئیشارەتا «وەرە سالۆنێ» کر. سەلیم کەڕ رابوو چوو ل بەر دێیا خوە سەکنی، دێیا وی گۆتێ:

– «کـوڕێ من! ئەز ب باڤێ تە رە ئاخـڤـیم، ئەز دبێـژم ئەم هەرن کـەچا سلێـمـانێ بەدری ژ تە رە بـخـوازن. تو چ دبێژی؟»

– «دایێ ئەو کەچکا ب پێـیێ خوە دکولە. پێیەکێ وێ کورتە.»

– «ئێ کـوڕێ من ئەم چ بـکن ئەو مناسـبـە. یەک ژی ئانجـاخ ئەو ل گـۆری مـە نە. کـەچک ژی باشـە، بەدەبە، زرارا وێ ژ تو کەسی رە تونە یە.»

سـەلیـمی ب حالەکی مەحزوون سەرێ خوە خسـتە بەر خـوە. کـەچکا خـوشکا وی، پێـشـا دێـیـا وی گـرتبـوو دکـشکشـاند و ب زمـانێ خـوە یێ تایـبـەت هن گـۆتنێن نەدهاتنە فێـمکرنێ ژ دێیا خوە رە دگۆتن. سەلیم پشـتـی کـــێلیـــەکێ دەرباسی ژووریێ بـوو، چوو دیســـان پشت سـۆبەیێ ل جیێ خوە روونشت. باڤێ وی یێ کـال ل بەر پاجـەیێ روونشـتـبـوو گـولێن وسـان ل جـخـارەیێ ددان و بەرددان کـو مـرۆڤـی دگـۆت قـەی بۆریا سـۆبەیێ ئانینە دانینە بەر سەرێ وی ئەوقـاس دوومـان ب سەر کەتبوو. جلێن ل سەر باڤێ وی پر کەڤن و پینەکری بوون. بەلکی بێناڤـبـەر چار – پێـنج سـال بن ئەو جل ل سـەر بن کـو ئەوقـــاس پەرتی بوون. شـــەوقـــەیێ ســـەرێ وی ئێ هەیشکۆشە ئێ کو ب درووڤ ڤـە د تەمەنێ وی دە خویا دکر، وەک سیبـەرەکێ ئەنیا وی ڤـەدشارت. روویێ وی مـــەحـزوون و مـــەلوول بـوو، لێ قـــورچۆمـــەکـێن مـــینا نەخشـەرێـیـان چەرمێ وی گێرەڤـێرە کربوو. ژ تەمەنێ خوە گەلەک مەزنتر خویا دکر.

پشـتی چەند رۆژان کالێ باڤێ وی و پیرا دێیـا وی بۆ خوەزگینیا کەچا سلێمانێ بەدری چوونە مالا وان. سەلیم ل مالێ ل بەر خوشکا خوە یا نەسازکار مابوو، لاورا نە وەختێ برنا ڤێ کەچکێ یا وێ دەرێ بوو. مـینا هەر جار دیســان سـەرێ خـوە خســتـبـوو بەر خـوە و بێـدەنگ روونشـتـبـوو، هەر جارێ خوشکا وی قـیر نەکرا ئان ژی تەباتێن سەیر نەکرانا بەلکی ب ساعەتان بێلەبات دێ د ڤـێ حالی دە بما.

لێ تالیێ دەم بهـوری، دێ و باڤـێن ئەخـتـیـار ژ قیزخوەستنێ ڤەگەڕیان. ب کەتنا وان ئا هوندر رە سەلیم بێـیی حەمد و ئاماد رابوو سەر خـوە، باڤێ وی یێ کـال دیسان چوو جیێ خوە یێ ل بەر پاجەیێ روونشت، دەست ب جـخـارەپێـچـانێ کـر. سـەلیم ژ روویێ دێیـا خـوە پێ دەرخـست کـو رەوشـەکـە نەینی ل هۆلێ هەیە. دێیـا وی چاڤ کر کو وەرە سالۆنێ، دا پەی دێیا خوە، چوو سالۆنێ و ل بەر راوەستی. ب دەنگەکی نزم گۆتێ:

– «دا! وە چ کـــر؟» هەمـــا هەمـــا دێـیـــا وی ژی ب دەنگەکی د پلەیا دەنگێ وی دە بەرسڤ دایێ.

– «کـوڕێ من! وەلاه کـا ئەز چ ببـێـژم، زەهف قـەلەن خـوەستن، گـۆتن کـو هوون سـەر چاڤ و سـەر سـەران رە هاتنە لێ بەلێ ئەم هندە قەلەن دخوازن.»

– «چ خوەستن دایێ»

– «وەلاه کـوڕێ من! هەمـا وسـا تشت خـوەستن کـو د هشێ من دە ژی نەمان. ژخوە بەحسا سی زێران بوو ئەز مەهت مام، ئێدی من ل تشتەکی گوهداری نەکر.»

– «وە چ گۆت»

– «باڤێ تە هەمـا خـوە کـەڕ کـر، تـو تشت نەگـۆت، ژ شەرمان تەنێ گۆت ئەم ئێ ب هەڤ بشێورن و پاشێ ئەم رابوون هاتن. د رێ دە ژی باڤێ تە گـۆت، بلا سـەلیم هنەکی ژی ئیدارە بکە. پشتی وی تو کەلیم نەکر.»

سـەلیم ب حـالەکی باسکشکەسـتی خـوەزیا خـوە کـرە خوارێ. بێیی کو تو تشتەکی ببێژە دەرکەتە دەرڤە، چوو ل سـەر خـوێبـەرێ ل ناڤ حەوشێ روونشت. سـەرێ خـوە راکر ل ئەسمـان نهێری، ئەسمـان گەلەکی بەدەو بوو، مینا کەچەکە بەر ب مرازا تەوزاندی ئەو ژی ب سـتێـرکـان ڤـە خەملیبوو. سەلیم، وەک کو کـەڤر و کوچکان ژ ئاسمێن باڤـێـژنێ ژ نشکێ ڤـە روویێ خوە ژێ بادا و سـەرێ خـوە خسـتـە بەر خوە. وەک تاڤـیا بـهارێ یەک جـار هوزنان ل سەر سەرێ وی جیێ خوە گرت، کۆڤـانێن گولیگرتی دۆر لێ گرتن. قەدەرەکێ- لێ ل گۆر وی ب ساعەتان- دل، روە، هش و پێژنێن وی ل ناڤ هەڤ کەتن؛ برین، پیڤان، برن، ئانین و دان بەرهەڤ، د تالیا ڤێ جەنگا ناڤخوەیی دە دلێ وی ب سـەر کـەت. ئەوی ژی گـوهـ دا دلێ خـوە و تەرکەسەری بوو.

**چیـرۆکنڤـیس د سـالا ١٩٨٩ئان دە ل ناڤـچـەیا ئەلجـەوازێ ئا گرێداییێ بدلیسێ یە ژ دایکبوویە. خوەندنا خوە یا سەرەتایی و ناڤنجی ل ئەلجـەوازێ و خـوەندنا خـوە یا بلند ژی د زانینگەها ئەنقـەرەیێ دە بەشـا زمـان و ئەدەبیـاتا ترکیـە تەمـامکرینە. نهـا د زانینگەها وانێ دە د هەمان بەشێ دە ماستەر دکە. نڤیسێن وی د کـۆڤـار و مـالپـەرێن کوردی دە بەلاڤ دبن. و خـەباتێن وی ل سـەر ئەدەبیاتا کلاسیک بەردەوامن....**

**«رامان»**



# کچە گەنجەکان و پارتیزانەکان

**قادر عەبدوڵڵا**
**لە فەرەنسییەوە: سەلاحەددین بایەزیدی**
**(سویسرا)**

ڕێک ئەو ساتەی وا مرۆڤ پێی دەنایە سەر مانگ، پەنجەرەی ژوورە بچکۆلانەکەمم کردەوە و نوقمی ڕوانینی تاریکی بووم بۆ ئەوەی سەتەلایتی زەوی ببینم.

لە هەموو گۆشە و قوژبنێکی جیهان، خەڵک لە بەردەم شاشەی تەلەڤزیۆنەکانیان دانیشتبوون و نیگایان لە نێو بۆشاییدا مەلەی دەکرد.

بەڵام لە ماڵی ئێمە، سەیرکردنی تەلەڤزیۆن قەدەغە بوو.

مانگ، نیان و مەنگ لە نێو ئاسماندا دەدرەوشایەوە، وەک ئەوەی بڵێ: "ئارام بن! هیچ شتێک ناتوانێ بگاتە ئێرە."

باوکم، چەند هەفتە بەر لەوەی ئاسمانپێوەرەکە بەرەو هەسارەی مانگ بفڕێ، گوتی: "مەحاڵە. قەدەغەیە. گوێی پێ مەدەن."

پیاوێک لەسەر گۆی مانگەوە گوتی: "هەنگاوێکی بچووک بۆ مرۆڤ، بەڵام لە هەمان کاتدا مەزن بۆ مرۆڤایەتی".

خەڵکی جیهان، بە سەرنجێکی قووڵەوە گوێیان بۆ ڕاداشت، بەڵام من نا.

لە ماڵی باوانم، ئێمە هەروەها مافی ئەوەمان نەبوو گوێ لە ڕادیۆش بگرین.

باوکم هەرگیز پێی نەدەنایە ژوورێکەوە ڕادیۆی لێ هەڵکرابێ.

دەیگوت: "نابێ دەنگی دیکتاتۆر بێتە ماڵەکەمانەوە."

ئەگەر، باوکم بە ڕێکەوت دەستی وە ڕادیۆیەک کەوتبایە، خێرا دەستەکانی دەشۆردەوە. ئەوە تەنیا دەنگی دیکتاتۆر

نەبوو کە نەیدەتوانی ڕێی بکەوێتە ماڵەکەمان، هەروەها مافی ئەوەمان نەبوو گوێ لە مۆسیقا و گۆرانیش بگرین؛ پێکەنین بە دەنگی بەرز لە نێو بنەماڵەی ئێمەدا شیاو نەبوو. گەلەک ناپەسند بوو پیاوانی ماڵەوە لەگەڵ ژنان لە یەک ژوور دابنیشن.

باوکم، چل و سێ ساڵی تەمەن بوو و من پازدە ساڵ، یانی لە تەمەنێکدا بووم کە دەمتوانی خۆم بڕیاردەر بم، بەڵام ئەو باوکم و هێمایەکی خۆڕاگری ئایینی شارەکەمان بوو.

هێما و سیمبۆلی وەچەیەک کە پشت ئەستوور بە کتێبی پیرۆز، بەرەنگاری دیکتاتۆر دەبوونەوە.

حەزم دەکرد ڕادیۆیەکم هەبێ، بەڵام وێدەچوو مەحاڵ بێ. زۆر بە سانایی دەمتوانی دانەیەکی بچکۆلانە بکڕم و لە ژوورەکەمدا کە لە نهۆمی سەرەوە بوو، بیشارمەوە، بەڵام نەمدەویست هیچ شتێک لە چاوی باوکم بە دوور بێ.

ئێوارەیەکی زستان کە سەرما لە دەرەوە هوروژمی هێنابوو و بەفرێکی ئەستوور هەموو شوێنێکی داپۆشیبوو، ڕۆیشتمە خوارەوە بۆ ئەوەی سەبارەت بە کڕینی ڕادیۆیەک قسەی لەگەڵ بکەم.

لە نێوەڕاستی هۆڵە گەورەکەدا بە پێوە بوو، ڕووی کردبووە قیبلە و خەریک بوو نوێژی دەکرد. لە بەردەم دەرگاکە ڕاوەستام و چاوەڕێ مام نوێژەکەی تەواو بکا. هەستم بە شوورەیی دەکرد، بێ گومان زاتم دەکرد پێی بڵێم، بەڵام دوودڵ بووم لەوەی چ کاردانەوەیەک نیشان دەدا، چونکە کاردانەوەکانی بەردەوام چاوەڕواننەکراو بوون.

باوکم ئاوڕی دایەوە.

"پێم بڵێ کوڕم. چ بووە؟

تا ئەو ڕادەیەی لە توانایی‌مدابوو، بە متمانەوە – ئەو پێی خۆش نەبوو بە دەنگی نزم، بە پارێز و شەرمنانە قسە بکەین – گوتم: دەزانن باوکە، دەزانن کە دنیا گەشەی سەندووە."

ڕاستەوخۆ، نیگای لە چاوەکانم بڕی.

"دەی جا؟

– دەی ئێمەش دەبێ لە گەشەسەندندا بین.

– مەبەستت لە "ئێمە" چییە؟

– من. مەبەستم لە خودی خۆمە.

– با ڕوو هەڵماڵراو بین! پێم بڵێ چیت لێم دەوێ؟

– شتێکی تایبەتم ناوێ. هیوادارم لێم تێبگەن. ببوورن، دەمەوێ بڵێم، ئێوە پشتیوانیم لێ بکەن.

– من تۆ دەناسم کوڕم. چیت پێ خۆشە، بیکە."

ڕووی وەرگێڕا و بەرەو کتێبی پیرۆز هەنگاوی نا کە لەسەر تاقی ژوور ئاگردانەکە کرابۆوە.

ڕادیۆیەکم کڕی. ڕادیۆیەکی بچکۆلانە.

ئەگەر درەنگانی شەو، کەسێک پێی نابایە حەوشەی ماڵەکەمان، دەیتوانی گوێی لەو کچە گەنجانە بێ کە لە وڵاتێکی تری ئەوبەری زەریاکانەوە هاتبوونە نێو ژوورەکەم بۆ ئەوەی گۆرانی بچڕن.

گۆرانییەکان لە ڕێگەی شەپۆلەکانەوە خۆیان بە ژوورەکەمدا دەکرد، بەڵام دەنگی هەنگاوەکانی باوکم لە نێو قادرمەکاندا ون دەبوو.

ئێستە لە ژوورەکەمدا، گوێم لە دەنگی دیکتاتۆر دەبوو و باش دەمزانی ئیتر هیچ کات لەو ژوورەدا دەنگی باوکم نابیستمەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ، حەزم دەکرد تەلەڤزیۆنم هەبێ، بەڵام دەمزانی باوکم پێی تێک دەچێ. هەر چۆنێک بێ، دەمتوانی ڕادیۆکە لە ژوورەکەمدا ڕابگرم. کەس نەیدەتوانی پەی بەوە ببا ئێمە لە ماڵەوە شتێکی وەها "گلاو"مان هەیە، بەڵام بۆ تەلەڤزیۆن، دەبوایە ئانتێنێکی گەورەمان دانابایە. لایەنگرانی ڕژێم، گشتیان لەسەر بانی ماڵەکانیان ئانتێنێکی درێژیان چەقاندبوو کە چەند کیلۆمەترێک ئەولاتر دەبینرا. ئەگەر ئێمە ئانتێنێکی وەهامان لەسەر بان هەبوایە، باوکم قەت نەیدەتوانی سەری بەرز بکاتەوە.

خەڵکی لە بازاڕ دەیانگوت: "بینیتان؟ سەمبۆلی بەرخۆدانیش یەکێک لەو ئانتێنە گەورانەی لەسەر بانەکەی چەقاندووە."

پێمان خۆش بوایە یان نا، دنیا دەگۆڕا.

ئیتر دیکتاتۆر هەموو شەوێ لە شاشە بچکۆلانەکەوە دەردەکەوت. بەر لە هەر شتێ، ئێمە نەدەبوایە پشتی تێ بکەین. بە پێچەوانەوە، دەبوایە ڕاستەوخۆ چاو لە چاوی ببڕین. من ئەو کتێبانەم دەخوێندەوە کە باسی گەلانی تریان دەکرد. بە خوێندنەوەیان بۆم دەردەکەوت خەبات دژی دیکتاتۆر، لە بەردەم شایی و لۆغان و گوێ گرتن لە مۆسیقا نەبووەتە ئاستەنگ. بۆ سەما، گۆرانی،

خواردنەوە و خۆشەویستیش هەروا. پیاوان باوەشیان بە ژناندا کردووە، یەکتریان ڕامووسیوە و لە نێو خەڵکدا پێکەنیون. ئەوان بەورە و ئیمانەوە تێکۆشاون، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر بە سانایییش گریاون.

بەوپەڕی چێژەوە لە ڕادیۆکەوە گوێم لە کچە گەنجەکان و ژنانی وڵاتێکی تر دەگرت کە گۆرانییان دەچڕی. لە دەوروبەری خۆم، هەرگیز نەمبیستبوو کچێکی گەنج گۆرانی بچڕێ. من تەنانەت دەنگی پێکەنینی کچێکی جحێڵم نەبیستبوو. ڕادیۆ بچکۆلانەکەم کون و کەلێنی پڕ لە نهێنی ژیانیشی پێ دەناساندم.

ئەمڕۆکە، پاش ئەو هەموو ساڵە، ئەم ڕادیۆ بچکۆلانەیە هێشتاش بیرەوەرییەکانم دێنێتە بەرچاوم. هەموو شەوێ، کە دەخەوم، کاتێک لێفەکەم بەسەر سەرمدا دەکێشم و پێڵووەکانم لێک دەنێم، پیاوێک، کەسێکی نامۆ هاوار دەکا: بژی ئازادی! بڕووخێ دیکتاتۆر!

لە سایەی ڕادیۆکەمەوە، هەموو ڕۆژێ بە زەوقەوە ئەم جیهانە نوێ و نەناسراوەم دەدۆزییەوە.

پاش نیوەڕۆیەکی سارد، هەروا کە ژنێکی گەنج میلۆدییەکی شوێنێکی دی دەچڕی، لە ناکاو بێژەری شارەکەمان بەرنامەکانی پچڕی بۆ ئەوەی بە دەنگێکی سەیر بڵێ: "ئاگادارییەکی گرنگ. سێ پیاو، سێ کەسی مەترسیدار لە گرتووخانە هەڵاتوون. ئەوان بە خەستی بریندارن، بەڵام چەکیان پێیە. ئێستا ئێمە زۆر باش بەسەر بارودۆخی شاردا زاڵین. هەر کەسێک بتوانێ زانیاریی پێوەندیدارمان پێ بدا، خەڵاتێکی بە نرخ وەردەگرێ. جا ئەگەر شتێکتان بینیوە، یان شتێکتان بیستووە.... پێوەندیمان پێوە بگرن!"

خێرا دوگمەی ڕادیۆکەم با دا، چاکەتەکەم لەبەر کرد، مل پێچ و کڵاوەکەم هەڵگرت و بە غاردان بەرەو ناوەندی شار ڕام کرد.

سێ وێنەی گەورەی ڕەش و سپیی گیراوە هەڵاتووەکان بەسەر دەرگای بازاڕەوە هەڵواسرابوون: ئاگاداری بۆ گەران!

لە ژێر وێنەکان، لەسەر مێزێکی دارین، ڕادیۆیەکی گەورە دانرابوو و لە نێو چوارچێوەیەکیشدا، وێنەیەکی گەورەی ڕەنگاوڕەنگی دیکتاتۆر بەدی دەکرا. ئەمەیان سیمایەکی توورە و تۆسنی هەبوو، ڕادیۆکە هاواری لێ بەرز بۆوە و بێژەرەکە گوراندی: "ئەوان مەترسیدارن، هەرەشە لە ئاسایشی حکوومەت دەکەن... دوژمنانی مەلیکەن. دوژمنانی خودان... هەڵاتنەکەیان ڕووبەڕووی شکست بۆتەوە. ئەوان بریندارن و لە شوێنێ خۆیان حەشار داوە. زانیاریمان پێ بدەن! تەلەفۆنمان بۆ بکەن!"

کاربەدەستان لە نێو جێبە سەربازییەکانیان، بە خێرایی بە کۆڵانە بەفراوییەکاندا دەهاتن و دەچوون. بە گشتی کاسبکارەکان لە دوکانەکانیاندا ڕادیۆیان نەبوو، بەڵام ئەو ساتە کە بە بەردەمیاندا تێپەڕ دەبووی، گوێت لە دەنگی بێژەرەکە دەبوو بە کپی بە نێو شتومەکەکاندا دەهاتە دەرێ: "تەلەفۆنمان بۆ بکەن!"

خەڵکی بە شێوەیەک هەڵسوکەوتیان دەکرد وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ، بەڵام هەموویان گوێیان ڕاداشتبوو تا نوێترین زانیاری سەبارەت بە هەڵاتووەکان لە کیس نەدەن.

چاوم لە وێنەی پیاوەکان بڕیبوو. چاویلکەیەکی تاریان لە چاو بوو و زاریان لە بن سمێڵە ڕەشەکانیاندا ون ببوو.

کوڕێکی جحێڵ لە پشتەوەم ڕاوەستابوو. بە گوێچکەمدا چرپاندی: "ئەوانە پارتیزانن". هەڵبەزیمەوە و ئاوڕم دایەوە. پیاوە جحێڵەکە چاویلکەیەکی ڕەشی لە چاو کردبوو.

لێم پرسی: "گوتت چی؟"

بە هێمنی وەڵامی دایەوە: "گەریلان".

هەوڵم دەدا چاوەکانی ببینم، بەڵام چاویلکەکە شاردبوونییەوە. لە تەمەنی مندا بوو و لە پشت لێوی سەرەوەی، هێڵێکی ڕەش بە دی دەکرا.

بە ئیشارەی سەر و بە ئاماژەیەکی نهێنی چیاکانی نیشان دا و گوتی: "شۆڕش لەوێیە."

نەمدەزانی لەسەر چیاکانی دەوروبەری شارەکەمان شۆڕشێکی وەها شاراوە هەیە. بەردەوام پێم وابوو لە وڵاتەکانی تری ئەو بەری دەریاکان ئەو شتە هەیە.

ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزەکانی پۆلیس بە نێو بازاڕدا هاتوچۆیان دەکرد. چەک لە شان، سەریان بەرز کردبۆوە و لە نێو خەڵکدا، چاویان بۆ شەڕڤانە بریندارەکان دەگێڕا.

سەر لە نوێ سەیری وێنەی پیاوەکانم کردەوە. ئەو کوڕە ڕاستی دەکرد. ئەم پیاوانە کە چاوەکانیان لە بن چاویلکەدا شاردۆتەوە، بە دڵنیاییەوە دەبێ پارتیزان بن.

کوڕە جحێڵەکە هەمدیس بە گوێچکەیدا چرپاندم: "هەموو شەوێ، لەسەر شەپۆلی کورت. دەنگی شۆڕش...

له سەعات حەوتەوە تا..."

بە پەلە بووم بگەمەوە ماڵێ. بە خۆمم دەگوت: چۆن دەتوانم هێندە گەمژە بم؟ بۆچی ئەم کوڕە ئاگادارە و من نا؟ من گەوجێکی نەگبەتم و تەنیا ئیشی من ئەوەیە لە ژوورەکەمدا دابنیشم. لەبەر ئەوەشە ئاگام لە هیچ شتێک نییە. گەڵحۆ! گێل! بەڵام چ گرنگییەکی هەیە. لە نێو شاردا، شتێکی ئەوتۆ ڕوو نادا و ئەگەر شتێکیش ڕوو بدا، دەتوانم لە ژوورەکەمەوە بیبینم. ئەگەر پارتیزانەکان بە ڕاستی لەسەر چیاکان بن، دەبێ لە پێناو بەرگری لە هاوڕێ بریندارەکانیان، ئەمشەو خۆیان نیشان بدەن. کەس بە قەت من سەبارەت بە پارتیزانەکان کتێبی نەخوێندووەتەوە. باشتر وایە خۆم بگەیەنمەوە ماڵەکەم، ژوورەکەم. هیچ ناکەم، تەنیا دەچمە بەر پەنجەرە و چاودێری شاخەکان، باغەکان، چۆم و پردەکە دەکەم.

ماڵەوە، ئارام و بێدەنگ بوو و لە دوورگەیەکی چۆڵ دەچوو. بۆنی چێشت حەساری ئاخنیبوو. گڵۆپی هەیوان هەڵکرابوو. لە پەنجەرەوە، دایکمم بینی کە خەریک بوو چێشتی لێ دەنا. باوکم، لە نزیک زۆپاکە، لە شوێنی جارانی دانیشتبوو و نوقمی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بوو. لەگەڵ خۆمدا بیرم کردەوە. ئاخۆ دەیزانی چ ڕووداوگەلێک لە شار دەقەومێ؟ ئاخۆ دەیزانی لە شوێنێک، لە دەوروبەر، سێ پێشمەرگەی بریندار گیانیان لە مەترسیدایە؟

دەبوایە بە بەردەم پەنجەرەی هەیواندا بڕۆم بۆ ئەوەی بچمە ژوورەکەم. توانیم بێ پێ دزە و بێ ئەوەی ببینرێم، خۆم بگەیەنمە ژوورەوە. ڕادیۆکەم هەڵگرت کە لەسەر جێگەکەم بوو و لە تاریکیدا هەوڵم دا دەنگی شۆڕش بدۆزمەوە، بەڵام خشەخشێکی وای لێدەهات کە تەنانەت وشەیەکیش تێ نەدەگەیشتم. نزیکەی چارەگە سەعاتێک خۆمم پێوە سەرقاڵ کرد؛ بێهوودە بوو.

پاشان چوومە بەر پەنجەرە و لە دەرەوەم ڕوانی. بەفرێکی قورس وەک فەرشێکی سپی، تا لووتکەی چیاکان، هەموو وڵاتی داپۆشیبوو. زۆر بە وردی سەرنجی قەراخ چۆم، پردەکە، باخەکان و چیاکانم دا، کەس نەدەبینرا. لە گژ فکرەوە ڕۆچووم: ئەم پیاوانە، ئەم پیاوە بریندارانە تا ئێستە پەنایان بۆ شوێنێک بردووە. ڕەنگە لەوێ، لە نێو ئەو دارانەدا خۆیان حەشار دابێ. ڕەنگە لێرە، لە بن پردەکەدا، لە ماڵی جیرانەکەمان، یان لە ماڵی ئێمە... لە ژووری میوانان، بەڵام پارتیزانەکان، ئەوانەی ئێستا لە چیان، ناتوانن چاوەڕێ بمێننەوە. مافی ئەوەیان نییە بۆ ماوەیەکی ئاوا زۆر هاوڕێ بریندارەکانیان پشتگوێ بخەن. ئەگەر ئەوان بە ڕاستی لەسەرەوە بن، دەبێ ئێستا بێن.

گڵۆپەکەم هەڵکرد و ڕۆیشتم لە بەردەم پەنجەرەکە دانیشتم بە شێوەیەک کە لە دەرەوەڕا بە جوانی ببینرێم. بە خۆمم گوت ئەوەی لە چیا بێ، دەتوانێ لەم کاتەدا ڕووناکی ژوورەکەم ببینێ. ئەوەی لەم ساتەدا لە ترۆپکی چیاکانەوە بێتە خوار، بە دووربین دەتوانێ ببینێ کە من چاوەڕوانم، چاوەڕوانی شتێک، چاوەڕوانی هەڵمەتێکم.

لە پێنج خولەکدا، دەبوو هەموومان لە هۆڵە گەورەکە بوایەین. بەردەوام لە سەعات هەشت نان دەخۆین. بە پەلە هاتمە خوارێ. لە هەموو ئەو چیرۆکانەی سەبارەت بە پارتیزانەکان نووسرابوون، بەردەوام لە شوێنێک دەرگایەکی کراوە هەبوو، هەمان ئەو شتەی دەبوایە لێرەش بکرێ. دەمویست قسەکەم لە کردەوەدا پێک بێنم، بەڵام بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە بینیم دەرگای دەرەوە نیوەکراوە بوو. سەیر بوو، چونکە ئێمە هەرگیز ئەو دەرگایە بە کراوەیی ناهێڵینەوە. باوکم بەردەوام چاوی لەسەر بوو. ئەمنیش هەروا بەجێم هێشت.

گوتم: "ئێوارە باش!"

باوکم لەوێ نەبوو. سفرەکە ڕانەخرابوو، لە هەمووشی سەرنجڕاکێشتر، دایکم خەریک بوو بلووزێکی دەچنی. باوکم پێی خۆش نەبوو ئەو شەوانە دروومان بکا. بەردەوام دەیگوت: "بۆ چاوەکانت خراپە."

پرسیم: "باوکم لە کوێیە؟"

بە نیگەرانییەوە درێژەی بە درووتن دا. "پێم وابێ لە ماڵی هاوڕێیەکیەتی."

تێگەیشتم باشتر وایە لەوە زیاتر پێداگری نەکەم و بچم لە پشت مێزەکە دابنیشم.

پاش ساتێک گوتم: "کەوابێ ئێستا نان ناخۆین." بێ ئەوەی خشپەی پێم ببیسترێ، ژوورەکەم بەجێ هێشت و یەکسەر چوومەوە سەرێ.

لەوێ، سەر لەنوێ گڵۆپەکانم کوژاندەوە و چووم لە بەردەم پەنجەرەکە دانیشتم. خەیاڵم فڕی: پردەکە دەستەودامێنی قەراغی بەستەڵەکە و چاوەڕوانی کەسێک، یان شتێکە. دەزانم، هەست پێدەکەم، تاوێکی

تر دوو، یان سێ پیاو، بە ڕاکردن، یان بە کۆڵی یەکێکی ترەوە، بەسەر پردەکەدا تێدەپەڕن. مانگیش، ها سەیری بکەن! هەوڵ دەدا خۆی بگەیەنێتە هەورە چڕ و تاریکەکان و لە پشت ئەوان خۆی حەشار بدا، بۆ ئەوەی دەرفەت بەو پێشمەرگانە بدا لە چیاکان بێنە خوار. ئەمنیش هیچم لە دەست نایە. ئەگەر بڕیارە شتێک بکرێ، من هیچ ڕۆڵێکم نابێ. من هیچ نیم، کەس نیم، بەڵام بۆچی. لە نێو هەموو چیرۆکەکاندا، مرۆڤێک هەیە لە پشت پەردەیەک خۆی حەشار دەدا کە دەتوانێ چاودێر و شاهید بێ. دەسا ئەوە منم: کوریژگەیەک، کوریژگەی پشت پەردە. پەردەکە دادەدەمەوە.

بە خۆم دەڵێم "ئێستا دەبێ هەموو شتێک بەباشی تۆمار بکەم، دەبێ هەموو شتێک بەباشی لەبەر بکەم... تا هەنووکە هیچ ڕووی نەداوە، بەڵام زۆری پێناچێ، بوویەرێک دەقەومێ. ئەمڕۆ، ئێوارەکەی، ڕادیۆکە، خەڵکانی بازاڕ، ئەو کوڕە بە چاویلکەی تۆخەوە، دەستی لەرزۆکی دایکم، سفرەی ڕانەخراو، جێگەی بەتاڵی باوکم، مانگ، هەورە سارد و تاریکەکان، هەموو ئەوانە نیشان دەدەن کە شتێک خەریکە ڕوو دەدا. ئێستا شتێک لە چیاکان جموجووڵیەتی... لەم ساتەدا دوو، یان سێ سێبەر بەسەر نشێوی شاخدا شۆڕ دەبنەوە. مانگ گەیشتووەتە هەورەکان و پەلە دەکا بۆ ئەوەی لە پشتەوەیان خۆی حەشار بدا. بێ گومان ئەو سێبەرانە هی گەریلاکانن. گەریلاکان بە چەک درێژ و پووزوانە هەڵکێشراوەکانیانەوە. دەزانم خۆیانن. ئەوان هەروەها دەبێ سمێڵی ڕەش و پانیان هەبێ، تەنانەت ئێستاش کە شەو داهاتووە، چاویلکە ڕەشەکانیان لە چاودا بێ."

هەمدیس هەوڵ دەدەم دەنگی شۆڕش بگرمەوە، بەڵام زیاتر لە پێشوو خشە خشی دێ. ڕادیۆکە دەکوژێنمەوە و بە تووڕەییەوە خۆم داوێمە سەر جێگەکەم.

بۆ جارێکی تر، دەچمەوە پشت پەردەکە بۆ ئەوەی چاو بە دەرەوەدا بخشێنم و بزانم چ ڕوو دەدا. لە دوورەوە، سێبەرێکی چەکدار لە دارێکەوە بۆ دارێکی تر ڕا دەکا.

لە هەمان ساتدا، لە بن پەنجەرەکە گوێم لە دەنگی ئۆتۆمبێلێک دەبێ، بەڵام ناتوانم بیبینم. هەنگاوەکان توندوتۆڵتر دەبن. دەمەوێ پەردەکە لا بدەم، پەنجەرەکە بکەمەوە، سەرم بەرمە دەرەوە و بزانم دەنگە دەنگی بن پەنجەرەی ژوورەکەم چییە، بەڵام زات ناکەم.

لە ناکاو، دوو پیاو بە چەک و ڕەختەوە لەبەر دەم دەرگاکەوە دەردەکەون. هەر کامیان، پیاوێکی بە شاندا داوە. بە ترسەوە، خۆم لە پەنجەرەکە دوور کردەوە. دوو پیاوەکە، جامانەیان لە سەریان هاڵاندبوو بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە، بەڵام بە تاپۆکەیانرا دەمزانی دەبێ کێ بن. بیرم دەکردوە هەقم نییە لەوە زیاتر بزانم. دەبوایە کەڕ و کوێر بم.

دەستوبرد ڕاکەوتم، ڕادیۆکەم هەڵگرت و خۆم خزاندە ژێر لێفەکەم. هەمدیس خەیاڵم دوور فڕی: ئێستا لە دەرەوە شتێک دەکەن کە من بۆم نییە سەرمی پێوە بێشێنم. کەسێک بریندارێکی بە کۆڵەوەیە و بەسەر پردەکەدا تێدەپەڕێ. پارتیزانێک ڕەنگە لە پشتەوەی بێ. سەیر نییە لە دوو لاوە تەقە بکرێ. ئەی ئەگەر کەسێک بکوژرێ؟ نا، نا، کەس نامرێ. نابێ کەسێک بمرێ! پارتیزانەکان خۆیان لە چیاکاندا داڵدە دەدەن و ئەوانی تریش پەنا بۆ ماڵەکانیان دەبەن، بەڵام ئێستا، نابێ هیچ بکەم ئەوە نەبێ پێڵووەکانم لێک بنێم و گوێچکەکانم بگرم. نا، دەبێ ڕادیۆکەم هەڵکەم، بگەڕێم، بگەڕێم و...

بە هەڵەداوان دوگمەی ڕادیۆکە دەسووڕێنم بۆ ئەوەی ڕادیۆی دەنگی شۆڕش بدۆزمەوە، بەڵام بێجگە لە دەنگی دیکتاتۆر هیچ دەنگی تر نابیستم. لە هەموو شوێنێ گوێم لە دەنگی دەبێ. بە لەز و بەز دوگمەکە دەسووڕێنم بۆ ئەوەی لە دەنگەکەی ڕزگارم بێ. کچە گەنجەکان بە فریامەوە دێن، ئەوان، بە ئامێرەکانی مۆسیقایان لە پشت ئۆقیانووسەکانەوە دێنە ژێر لێفەکەم. گۆرانیم بۆ دەچڕن. سەما دەکەن و قیژەی خۆشیان دەگاتە کەشکەڵان، دیکتاتۆر ڕاو دەنێن، بۆ ساتێک لە لام دەمێننەوە، پاشان سەر لەنوێ بەرەو بۆشایی لە شەقەی باڵ دەدەنەوە. پۆلێک خەباتگێڕی چەکدار جێگەی کچە گەنجەکان دەگرنەوە. ئەوان یەکسەر دەست بە تەقە دەکەنەوە. لە دەرەوە شتێک ڕوو دەدا. پەنجەرەکە دەلەرزێتەوە. بۆ ئەوەی گوێم لە دەنگی تەقەکان نەبێ، گوێچکەکانم دەئاخنم. زایەڵەی دەنگی گەریلا لە ژوورەکەم دەبیسترێ. هاوکات، لە نێو ڕادیۆکەمدا، پارتیزانەکان تەقە دەکەن. ئۆتۆمبێلی پۆلیسەکان. کەنیشکەکان سەر لەنوێ گۆرانی دەچڕنەوە و گوێم لێ دەبێ گەریلایەک هاوار دەکا. درێژە بە دۆزینەوەی شەپۆلەکان دەدەم، بە حاڵە حاڵ گوێم لە دەنگی شۆڕش دەبێ، بەڵام هاژە هاژ ناهێڵێ تێ بگەم.

هەروا دوگمەی ڕادیۆکە دەسووڕێنم، لە ناکاو گوێم لە دەنگێک دەبێ: "بژی... ئێـــرە دەنگی... ئێـــرە... دەنگی... دەجەنگن. ئێرە... ئێرە... دەنگی...."

ئینجا دیکتاتۆر دەگەڕێتەوە. کچە گەنجەکان دووبارە و خێرا ون دەبنەوە. بۆ ساتێک، هیچ شتێک نابیسترێ، پاشان کتوپڕ کەسێک ئاوازێکی غەمبار بە ئامێرێکی نامۆ دەچڕێ.

"ئێـرە دەنگی شـۆڕشـە. گـەریلاکـان... دەنگی... گەریلاکان لە... چیاکان... هاوڕێیانیان...."

"خەوتووی کوڕم؟"

"گەریلاکان ڕێک گەیشتوونەتە...."

"کوڕم! کوڕم!"

کچە گەنجەکان هەمدیس بە دەم سەما و گۆرانی وتنەوە دێنەوە.

کەسێک لێفەکەی لا دا کە سەرمی داپۆشیبوو. باوکم قیت ڕاوەستابوو، لە نزیک نوێنەکەم، مانگیش لە پشت پەنجەرەکە چاوەڕێ بوو.

* * *

حوسێن سەجادی قائیممەقامی فەراهانی ناسراو بە "قـادر عـەبدوڵڵا"، سـاڵی ١٣٢٣ (١٩٥٤ز) لە شـاری "ئەراک"ی ئێـران لە دایک بـووە، سـاڵی ١٩٨٨ چووەتە هۆڵەندا و پاش فـێـربوونی زمـانی هۆڵـەندی، بەو زمـانە نووسیویەتی و ئەمڕۆکە یەکێکە لە نووسەرە ناسراوەکانی هۆڵـەندا. قـــادر عـــەبدوڵـڵا بە هۆڵـەندی دەنووسێ و بەرهەمـەکـانی بۆ گـەلێک زمـان وەرگـێـڕدراون، بەڵام کتێبەکانی لە ئێران قەدەغەن و تا ئێستا هیچ کتێبێکی وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی دایکی خۆی.

نووسـەر نازناوی "قـادر عـەبدوڵـڵا"ی لە ناوی دوو شۆڕشگێڕی کوردی هاوڕێی وەرگرتووە کە شەهید کراون. لەم بارەوە لە وتووێژێکدا بە ڕادیۆ فـەردای گــوتووە: "بەردەوام ویستوومە نووسەرێکی گەورە و باشی ئێران بم، بەڵام گرفتێکم هەبوو و ئەویش پاشناوی باوکی باوە گەورەم بوو؛ میرزا ئەبولقاسم قائیممەقامی فەراهانی، چەندەشم نووسیبا، دیسان ئەو گەورەتر بوو. ئەگەر ناوی خـۆم کـردبایە قـائیـمـمەقـامی فـەراهانی، بەردەوام ئەو قائیممەقامە فەراهانییەی تر گەورەتر بوو. ئەو کێشەیەم هەمیشە هەبوو و نەمدەزانی بە چ شێوەیەک چارەسەری بکەم. کە یەکەم کتێبم لە ژێر چاپ هاتە دەر، بە دووی ناوێکدا دەگـــەڕام، بە داخـــەوە دوو هاوڕێم ڕێک لەو ڕۆژانەدا لە سێدارە دران. یەکیان ناوی "قادر" و ئەوی تریان "عەبدوڵڵا" بوو. بیرم کردەوە ئەگەر ناوی ئەو دوو هاوڕێیە لە پاڵ یەکتری دابنێم، دەبە "قادر عەبدوڵڵا"".

قـادر عـەبدوڵڵا لە ڕۆژنامـەی "کـار"ی زمـانحـاڵی ڕێکخراوی چریکەکانی فیدایی دەستی بە نووسین کرد و بە شێـوەیەکی نهـێنی دوو کـتـێبی بە ناوی "کـوردەکـان دەڵێن چی؟" و "کوردستان پاش بزاڤی خۆڕاگری" چاپ و بڵاو کردەوە.

قادر عەبدوڵڵا پاش لە سێدارەدانی ئامۆزاکەی، ئێرانی بەجێ هێشتووە و ئێستا لە هۆڵەندا دەژی. گۆشەنووسی یەکێک لە کۆنترین و پڕتیراژترین ڕۆژنامەکانی هۆڵەندا بە ناوی فالکس کرانت-ە.

کتێبەکانی قادر عەبدوڵڵا بریتین لە: کوردەکان دەڵێن چی؟ - کـوردسـتـان پاش بزاڤی خـۆڕاگـری - کـچـە گـەنجـەکـان و پارتیـزانەکـان - مـاڵەکـەی مـزگـەوت - پێغەمبەر - پاشا.

سەرچاوە:

- **Kader Abdolah, Les jeunes filles et les partisans, Récit, Edition Gallimard, 1999.**

کاکە مەم فەخری بۆتانی کە تا ئەمڕۆکە (١٨) کتێبی چاپکراوی لە چەند بوارێکی هەمەچەشنی نووسیندا بڵاوکردووەتەوە، هەوڵە سەرەتاییەکانی نووسینی لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لە گۆڤاری (هەتاو) دەست پێکردووە، لەو ساکەوە تا ئێستا نزیکەی شەست ساڵی لەو حەفتاو هەشت ساڵەی تەمەنی، بە کاروباری نووسینەوە خەریکە.

هەرچەندە کاکەمەم بۆتانی تا ئەمڕۆکە بەردەوامە لە نووسین، بەڵام هەندێ جار ڕێکەوتووە لە ماوەی ئەو شەست ساڵەدا، کاتی دوورودرێژ (بە پاساوی جیاواز) لە ناوەندی ڕۆشنبیری و لە نووسین و بڵاوکردنەوە دابڕاوە، دواتر لە پەنای کۆچیرۆکێک، ڕۆمانێک، یان کاری ڕێکخراوەیی لە یەکێتیی نووسەرانی کورد دەرکەوتووەتەوە.

ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ چەند هاوەڵێکی، یەکێک بووە لەوانەی بەیاننامەی ئەدەبیی (ڕوانگە)یان ئیمزا کردووە کە ئەو تەوژمە نەفەسێکی نوێخوازانەی هەبووە و بووەتە مایەی شڵەقاندنی گۆمی ئەدەبی کوردی کە پێشتر بە درێژایی ساڵانی شەستەکان ئەدەبیاتی کوردی خامۆش و سست کردبوو.

کاکەمەم بۆتانی هەوڵی نووسینی شانۆنامەیشی داوە، بەڵام زیاتر وەک چیرۆکنووسێک دەرکەوتووە، دواجار وەک زۆربەی چیرۆکنووسانی کورد ڕووی کردووەتە ڕۆماننووسین و سۆز و مەیلی جارانی بۆ نووسینی کورتە چیرۆک نەماوە.

لەم هەڤپەیڤینەدا هەوڵمان داوە گەشتێک بەناو ئەزموون و بیروڕایەکانیدا بکەین و بە قسەی بهێنین، با پێکەوە بزانین ئەو سەرەی لەبەر هەتاو سپی کردووە، یان هەوڵی ئەزموون و داهێنانێکی تایبەتمەند قاڵی کردووە و سەری سپی کردووە؟



## کاکە مەم بۆتانی:
## بەدەست تەکنیک و شێوەی دەربڕینەوە دەناڵێنم.. دنیای چیرۆکی کورتیش بەرەو پێش چووە، بەڵام زیوانی زۆرترە.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(١ - ٢)**

**رامان:** لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتت، لە قسەکردن و ئاخاوتندا، زبری و ڕەقی و توندییەک هەست پێدەکرێ، هۆی ئەوە چییە؟ ئەوە بۆ کەمی سۆزی باوکانە و خێزانێکی میهرەبان ناگێڕیتەوە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** جەنابتان وام دەبینن؟! ڕەنگە ئەو بەرێزانەی لە دوورەوە سەیرم دەکەن، یان تازە دەبنە ناسیارم وای بۆ بچن، بەڵام دۆست و برادەرانم دەڵێن هەمیشە دەم بە پێکەنینی و ڕەقی و شڵەژانت پێوە دیار نییە، بەپێچەوانەوە دابڕانم لە سۆزی باوکایەتی بۆتە هۆی ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە چۆن خۆم خۆشەویست بکەم، تا لە ماڵی خاڵوان جێم ببێتەوە.

**رامان:** هەست ناکەیت منداڵی و لاوێتی لە ژیانی تۆدا ونەو مافی خۆی وەرنەگرتووە، ئینجا ئەوە بەهۆی غیابی کەسە نزیکەکانتەوە بێت، یان ژیان بێت لەناو ژینگەیەکی سیاسی، کە تۆی تێدا گۆش کراویت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بێ گومان.. هەر چاوم کردۆتەوە هەستم بە نامۆیی دەوروبەرم کردووە، لە ژینگەی کوردەواری (کۆیە)وە بۆ دنیای عەرەبی شیعەی ناوەڕاستی عیراق، بۆ (پردێ)ی کوردی و تورکمانی زمان، گیرسانەوەمان لە (هەرتەل)ی دوورە شارستانیەت، هەموویان جێ پەنجەی خۆیان لەبیر و هەستمدا کردۆتەوە، خۆ کە لە مێردمنداڵییەوە کەوتمە ناو خێزانێکی کوردپەروەر و کاری نهێنی پارتایەتی، فێری دەم تەقەتی و پاراستنی نهێنیی کردم.

**رامان:** تۆ کە لە ژینگەیەکی سیاسیدا ژیاویت، چۆن خۆت لە دنیای ئەدەبیاتدا دۆزییەوە؟ ئەوە بە ڕێکەوت بوو، یان چۆن؟

**کاکەمەم بۆتانی:** من زۆر بڕوام بە ڕێکەوت نییە، ئەگەر ڕێم بدەی تۆزێک بە درێژی لەوە دەدوێم.

**رامان:** بەڵێ فەرموو.

**کاکەمەم بۆتانی:** مرۆڤ لەناو ڕەحمی دایکییەوە، هەست بە هەندێ گۆڕانی سروشتیی دەوروبەری خۆی دەکات، گریانی ڕاستەوخۆی پاش لە دایکبوونی، هەستکردنە بە گۆڕانی سات و شوێن، لە مەلۆتکەییەوە هەندێ شتی دەوروبەری سەرنجی ڕادەکێشن، لە زۆربەیان ڕادەمێنێ، لە ساواییدا پتر ورد دەبێتەوە.. ڕاستە ئەو سات و مانگانەم بەبیر نایێ، مەگەر دایکم، کەسە نزیکەکانم، هەندێ کار و چالاکی و ڕووداویان بۆ خۆشی، یان ناخۆشی، یان گاڵتە گێڕابێتەوە و من گوێم



**ئازاد عەبدولواحید - کاکەمەم بۆتانی**

بۆ گرتبێ، لە پاڵیشیدا ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری کۆتایی سییەکان و سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردووی کوردستانی باشوورم لەسەرچاوە مێژووییە (واقیعی)یەکاندا خوێندبێتەوە.

**رامان:** بۆ ددانت بە (واقیعی) دانا؟!

**کاکەمەم بۆتانی:** لە چیرۆکێکدا وتوومە مێژووی نووسراو بسووتێن، چونکە براوەکان نووسیویانە، ئێستاش هەلپەرستەکان بە ئارەزووی خۆیان ڕتووشی دەکەن و شتی دەخەمە سەر. با خۆم لەم باسە دوور بخەمەوە، چونکە ئاوی زۆری دەوێ. زۆربەی ژیانی باوکم، بە تایبەتی پاش ئەوەی ڕێبازی کوردایەتی گرتەبەر، دەربەدەری و ئاوارەیی ئەم شار و ئەو شارۆچکە و گوندە بووە، تەنانەت من لە ئامێزی ئەو لە دایک نەبووم، باوکم بۆ شارۆچکەیەکی ناوەڕاستی عیراق هەڵدرابوو، لە (کۆیە) لە ماڵی (نەنکم) هاتمە دنیا، لەوەش سەیرتر، چێشتەنگاوی ڕۆژی بوونم، لە ئەنجامی دەمەقاڵێی دوو بازرگانی توتن لە (ئینحیساری تووتنی کۆیە) یەکێکیان دەکوژرێ، ئەوە دەبێتە ڕۆژی لە دایک بوونم.

**رامان:** ئەمە زستانی ساڵی **١٩٣٧** بوو؟

**کاکەمەم بۆتانی:** نەخێر.. ڕێک ١٩٣٦/١/١٠ی لەسەر نووسراوە، دوای چل ڕۆژ بە مەلۆتکەیی لەگەڵ دایکم براوینەتەوە عەرەبستان. بێ گومان ئەمەش جۆرە هەستێکی نامۆیی و ئاوارەیی لە بوونمدا تۆو کردووە، ڕەنگە ئەمە جۆرە گرێیەکی لەبیر و هەستی ساواییمدا دروست کردبێ، دەمەوێ بڵێم چەکەرەی ئاوارەیی و نامۆیی لە مندا دروست کردبێ، کە دەفتەری کاری مامۆستایی باوکم دەکەمەوە، ئەو **٨-٩** ساڵەی منداڵیم،

٤-٥ جێگەی پێکراوە، تا لە ساڵی ١٩٤٦ لە گوندی (هەرتەل)ی سەر بە قەزای (ڕانیە) کۆچی دوایی کردووە.

**ڕامان:** ئەوەش ڕەشبینی لەناختدا دروستکردووە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** هەر ئەوە وای کردووە بەرەو نارەزاییم بەرێ و ئاشنایی لەگەڵ سیاسەت پەیدا بکەم.. دەمپرسی: دەبێ ئەو باوکەی من چەند سەرکێش و یاخی بووبێ، کە بەم دەردە براوە؟! من دەروونناس نیم، بەڵام وا هەست دەکەم ژیانی ساوایی و منداڵیم هەنگاوێک بووبێ لە نزیک کردنەوەم بە دنیای دەربڕینی دەروونی.

**ڕامان:** کەواتە دنیای سیاسەت و ئاوارەیی خێزانی، بەرەو دنیای ئەدەبی بردی؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بەرەو دنیای پرسیاری پڕ گومانی بردم، ڕیم بدە بەرەو دنیایەکی ترت بەرم، لە ماوەی منداڵیمدا؛ قەزای (هیندیە) و سروشتی عەرەبستان و ناخۆشی نێوان مەزهەبی شیعە و سوونە، ناحیەی (پردێ) و زێی بچووک و ژیانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و دوو زمانی، (هەولێر)ی قەڵا و منارە و مێژوو و ئاوەدانی و قەیسەری و بازاڕ و شەمەندەفەر، (کۆیە) و خزمانی دایکم و باواجی و حەمامۆک و گەرەکی قەڵا و دیانان و جوو، لە دواییدا (هەرتەل)ی پڕ جوانی سروشتی و دۆڵ و سوولاوکە، ئەوانە لە تەک سیاسەتدا، چەکەرەی ئەدەبیاتی لەمندا دەرکردووە.

**ڕامان:** ئەی لەو قۆناغەدا بەلای سیاسەتدا نەچوویت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** پرسیارەکەت زۆری دەوێ، من گەرەکمە ئەو وردە زیخ و گاشە بەردانە، قسڵ و قوڕانەت بۆ باس بکەم کە بناغەی ژیانی منیان دامەزراند کە تا مردنی باوکم کارەساتێک بوو بۆ خۆی. لە هەرتەلی دوور لە خەستەخانە و دکتۆر، پاش ئەوەی چەند ڕۆژێک لە ناو جێگا کەوت، چاوی لێکنا، ژن و دوو کوڕ و کچێکی بێ پوول و پارە و خانەنشینی بەجێهێشت، تەرمەکە لەسەر پشتی هێسترێک دامەزرا، ژنی بە شین و شەپۆرەوە سواری بارگینێ کرا و کچە ساواکەی خرایە باوەش، ئێمەش سواری کەرمان پێبڕا و بەرەو کۆیە سەربەرەو خوار بووینەوە. دایکی کۆست کەوتووم، بە دەم گریانی ڕێگاوە، خوشکمی لە دەست کەوتە خوارەوە، پاش چەند ڕۆژێک، ئەویش لە تەنیشت باوکمەوە لە گۆڕستانی (عارەبیان) نێژرا، سێ مرۆڤ، سێ کەسی بێ داڵدە، لە لای خاڵوانم ژیاین، دەبێ چی لە مندا دروستکردبێ؟!

**ڕامان:** ئەی مام ... پوور؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەوانەی لە ژیان مابوون، دوو برا و دوو خوشک بوون، تەنیا پوورێکم لە کۆیە مێردی کردبوو، ئەویتریان بەخۆی و منداڵەکانی لە (باقووبە) دەژیان، مامێکی (بێ نەوە)م لە (چەمچەماڵ) بوو، هەر خۆی پێ دەژیا، مامە عەبدوڵڵام (باوکی خاتوو زین) لە ناوەڕاستی عیراق مامۆستا بوو، بە هۆی (شەڕە ژن)ەوە دەمێک بوو لێک دابڕابوون، بەسەر پرسەی باوکیشم ڕانەگەیشت.

**ڕامان:** ئیدی کەوتنە ئامێزی خاڵوانەوە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئامێزی خاڵی گەورەم، لە ژنی سێیەمی باپیرەم، کە لە دایک و بابەوە، برای دایکم بوو، پیاوێکی دڵسۆزی پڕ هیوا، جگە لە خێزانی و دوو- سێ منداڵی، ٥-٦ کەس لە دایک و خوشک و برا و خوشکەزایش لە ئەستۆی ئەو بوون، هەر خۆشی نان پەیداکەر بوو، برای بچووکی، جگە لەوەی قوتابی کۆلێژی یاسا بوو، سەرکردەیەکی چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بوو، جا دەبێ ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەم خێزانە چۆن بووبێ؟! دەبێ ئەمانە هەمووویان بەیەکەوە بەردی بناغەی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی منیان دانەنابێ و بە دنیای نارەزایی و ڕەخنە و بیرکردنەوەی نەناساندبم؟! بیری سیاسی و هەستی نەتەوایەتی قارچک نییە لە زەوی بەیاردا هەڵتۆقێ، لە ژینگەی خەباتی سیاسی نهێنی شاری سلێمانی و لەژێر سایەی سەرکردەیەکی سیاسیی جەربەزە، بەرەو دنیای کوردایەتی چووم.

**من نەک قەرزاری سیاسەت نیم، بەڵکو سیاسەت قەرزاری منە**

**ڕامان:** دەتوانی وەک نووسەرێک پێم بڵێیت، چەند خۆت بە قەرزاری سیاسەت دەزانیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** چ قازانجێک؟ وەک ئەوەی ئێستا دەیبینی؟ کە زۆربەیان لەبەر پلەوپایە و پوولی زۆر کوردایەتیشیان بیرچۆتەوە؟ من نەک قەرزاری سیاسەت نیم، بەڵکو سیاسەت قەرزاری منە، چونکە نەک هەر ژیانم، بیر و بەرهەمی ئەدەبیشم لە قەبەڵ کردووە و لە قەبەڵیشی دەکەم.

**ڕامان:** مەبەستم ئەوەیە پێت بڵێم سیاسەت چی فێر

کردی؟

**کاکەمەم بۆتانی:** لە دوو سەرەوە سوودم لە سیاسەت وەرگرتووە، لەو ڕێیەوە فێری ڕێبازی کوردایەتی بووم، کە تاکە ڕێگای ڕزگاری و یەکێتیی خاک و نەتەوەیە، لە ڕێگەی کۆمۆنیستە کوردەکانیشەوە، لەناو شانە نهێنییەکاندا، فێری فەلسەفەی مارکس و خەباتی چینایەتی بووم، کە هەردووکیان پێکەوە کورد و کوردستان بەئاواتی خۆیان دەگەیەنن.

**ڕامان:** ئەمانە دوو ڕێبازی جیا نین؟

**کاکەمەم بۆتانی:** لای من کوردایەتی بریتییە لە خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی کوردستانێک لەژێر سەرکردایەتی (بەرەیەک)ی کوردستانی یەکگرتوودا.

**ڕامان:** پێت باشە لە هەموو پارچەکان هەروابێ، ئەی تایبەتمەندی هەر پارچەیەک لەبەرچاو ناگریت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بێ گومان نەء، چونکە وەک دەڵێی هەر پارچەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام دەکرێ هەر چوار- پێنج بەرەکە، فیدراسیۆنێک، کۆنفیدراسیۆنێک دروست بکەن تا کارەکانیان بەریەک نەکەوێ. بە داخەوە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، تا ئەمڕۆ چەند جارێ ڕوویداوە و دەستمان بە خوێنی یەکتریش سوور بووە، داگیرکەرانیش سوودی باشیان لەوە وەرگرتووە.

**ڕامان:** با بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانت.. سەرچاوەکانی سەرەتای خوێندنەوەت؟ بە زمانی کوردی، یان عەرەبی بوو؟

**کاکەمەم بۆتانی:** با لە سەرەتای خوێندنی قوتابخانەوە دەست پێ بکەین، خۆشم نازانم، چونکە هیچیانم بە تەواوی نەخوێندووە، سەرەتای چوونە قوتابخانەم لە شارۆچکەی (پردێ) وانەکان بە زمانی عەرەبی دەوترانەوە، هەندێ جاریش بەتورکمانی شیدەکرانەوە، تەنانەت وانەی ئەلف و بێی کوردییش نەبوو، لە کۆیە و هەرتەل، لە سلێمانی زۆربەی وانەکان بە کوردی بوون، وانەیەک بە زمانی عەرەبی دەخوێندرا، بەڵام لە ناوەندییەکانی کەرکوک کە بە تەنیا عەرەبی بوو، هەندێ مامۆستا لە هەندێ وانەدا بۆیان دەکردینە تورکمانی، کە من لێی حاڵی نەدەبووم، بەڵام سەرچاوەکانی خوێندنەوەم، کە لە کەرکوکەوە دەست پێدەکات، ئەو چەند کتێبە کوردییە بوون کە زۆربەیان لە سلێمانی و هەولێر چاپ دەکران.

**ڕامان:** یەکەم جار کەوتیت بەسەر خوێندنەوەی شیعر، یان چیرۆک، یان ڕۆمان؟



**نووسەرانی کورد ساڵی ١٩٧٤**
**شۆڕشی ئەیلوول**

**کاکە مەم بۆتانی:** لە سەرەتای هەژانی هەستی منداڵیم، سروودە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی دڵدار و بێکەس و زێوەر بوون، زۆربەی بەرهەمی چاپکراوی ئەو سەردەمەش دیوانە شیعرییەکان بوون، چیرۆک دەگمەن بوو، خۆشم نازانم چۆن خۆم لەدنیای چیرۆکدا دیتەوە.

**ڕامان:** ئەی چاپخانەی عەسری لە کەرکوک سوود و کاریگەریی بەسەرتەوە هەبوو؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەو چاپخانەیە بەرهەمە کلاسیکییەکانی چاپ دەکردەوە، ژمارەکانی ڕۆژنامەی (ژین) و گۆڤاری (هەتاو) و (هیوا)شم فەرامۆش نەدەکرد، لە پاڵپشتیاندا گۆڤار و بەیانە سیاسییە نهێنییەکان و هەندێ کتێبی عەرەبی.. بازاڕی کتێب پڕ بوو لەبەرهەمی هەمەجۆری عەرەبی، کە زۆربەیان لە بەیرووت و قاهیرە و دیمەشق و بەغدا چاپدەکران، بەڵام بە من نەدەکڕران، سەرچاوەکانی خوێندنەوەم، کتێبخانەی گشتیی کەرکوک، کتێبخانەی (بێکەس) بوون، هەروەها ئەو کتێبانەی خاڵی بچووکم (عومەر دەبابە) دەیانی کڕین، کە ئەوانیش: مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی بوون، کە ئاسۆی بیرکردنەوەو زانیارییان فراوان کردم، ئەو کتێبانەی ئەو سەردەمە بە عەرەبی خوێندوومنەتەوە: چیرۆک و ڕۆمانەکانی مەکسیم گۆرکی، چیخەف، شکسپیر، هەمینگوای، نەجیب مەحفووز، نووسینەکانی خالید محەمەد خالید و تۆفیق ئەلحەکیم و برتراند ڕاسل و برنادشۆ و هەرچی بەردەستم کەوتبێ.

**ڕامان:** ئەی سەرەتایەکانی نووسینت لە کوێوە دەست پێدەکات؟ سەرەتا چیرۆک، یان نووسین بوو؟ ئەو یەکەم

نووسینه ناوی چی بوو؟

**کاکەمەم بۆتانی:** سەرەتای نووسینم بۆ ساڵانی ١٩٥٥- ١٩٥٦ی کەرکووک دەگەڕێتەوە، ئینجا دەرکردنی ژمارە سەرەتاییەکانی گۆڤاری (ئامانجی قوتابیان)ی نهێنی لقی کەرکووکی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بوو، کە بەدەست دەنووسرایەوە و پەخش دەکرا، ئەوەندەی لەبیرم مابێ، دەستەی نووسەرانی جگە لە خۆم نەمران: جیهان سدیق شاوەیس و شیت عەزیز بەرزنجی و عەلی عەسکەری و هەندێ جاریش (عادل عیزەت) لە کۆپی کردن یارمەتی دەداین، دیارە باسەکانیش خۆمان دەماننووسین، کە پێوەندییان بە زمان و خوێندنی کوردی و وانە وتنەوە بە زمانی کوردی بوو. ئەگەر ئەمەم بۆ حسێب دەکەی، ئەوە بە نووسینی پیشەیی و سیاسی دەستم پێکردووە، ئا بەبیرم هاتەوە.. لە هەموو ژمارەکانی گۆڤاری (هەتاو)دا (مەتەڵێک) بە هەڵبەست بڵاودەکرایەوە و دەبوو بە (هۆنراوە) وەڵام بدرێتەوە، چەند جارێک چوومەتە ئەو مەیدانەوە، خۆ ناڵێی بە شیعر دەستت پێکردووە؟!

* **رامان:** من نووسینی پیشەیی و سیاسیم مەبەست نییە، نووسینی ئەدەبیم مەبەستە، کە تۆ مەتەڵت بە هۆنراوە وەڵام دابێتەوە شیعر نەبێت، کەواتە دەبێ سەرەتایەکانت چیرۆک بێت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** من وای بۆ دەچم.. دەزانی بۆ؟ ئەوانەی پێشوو هەوڵی نووسین، زۆربەی هەوڵەکانیشم دڕاندووە و خراونەتە سەبەتەی خۆڵەوە، یەکەم بەرهەمی ئەدەبیم بە چیرۆکی (بەسەرهاتی کنێر) دەستی پێکرد، کە لە ساڵی ١٩٥٧ لە گۆڤاری (هەتاو)دا بڵاوکرایەوە، پاشان چەند چیرۆک و نووسینێکی تری بەدواداهات، بەڵام بەناوی خوازراوی (ڕاپەر، ڕاپەڕ بۆتانی، خاتوو زین) دەنووسران.

**رامان:** بۆچی ئەو نووسینانە بەناوی خوازراو بوون؟

**کاکەمەم بۆتانی:** خۆشم نازانم، دەبێ ئەنجامی پەروەردە سیاسییەکەوە نەبێ؟! ڕاستە گیو موکریانی ڕەحمەتی حەزی دەکرد، ئەدیب و نووسەرەکان نازناوی کوردی بۆ خۆیان دابنێن، چونکە ناوەکانیان عەرەبی بوون، بەڵام ناوی من کوردی کوڕی کوردییە، ئێوە چۆنی بۆ دەچن؟!

**رامان:** شێواز و ڕێبازی چیرۆکەکەت چی بوو، پاشان چی بەدوادااهات؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ڕیالیزمی ساکار بوو، بەڵام ڕەئووف حەسەن، لە بارەی یەکەم چیرۆکمەوە نووسیویەتی کە سەرەتایەکە بۆ (مەنەلۆجی ناوەوە) لە بەرهەمی ئەدەبی کوردیدا.

**رامان:** تۆ لە نێوان: هەولێر، کۆیە، کەرکووک، سلێمانی، زیاتر خۆت لە کامیاندا دەدۆزییەوە؟ ئەگەر بتەوێ خۆت لەو پەرشوبڵاوییە کۆ بکەیتەوە، تۆ زیاتر زادەی کام شارەیانی؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەم پرسیارە وا ئاسان ناڕوا، زۆری تریش کردوویانە، نە من بە وەڵامەکەم ڕازی بووم، نە ئەوانیشم پێ ڕازی کراوە، هەر بۆ ئەوەی خۆم ڕزگار بکەم وتوومە (کوردستانی)م، جا چ کوردێک کوردستانی نییە؟!

**رامان:** چارە؟ دەتەوێ منیش بە وشەی (کوردستانی) بەڕێ بکەی؟

**زۆری گۆڤار و ڕۆژنامە و لاپەڕەی ئەدەبی لە ڕۆژنامە سیاسییەکاندا، کاری ئەدەبییان شێواندووە.**

**کاکەمەم بۆتانی:** ئینجا با بزانم جەنابتان چۆنی بۆ دەچن؟ لە باوکەوە (سامی) باپیرم کە خەڵکی (جەزیرە)ی کوردستانی باکوورە و لەوێ خاوەنی مزگەوت بوون (مزگەوتی سەید سلێمان)ی باوکی، لە زەمانی (خەلافەتی عوسمانی) بە فەرمانبەریی هاتۆتە ویلایەتی مووسڵ، لە (ڕواندز) و (هەولێر) کاری کردووە، زۆربەی نەوەی ژنی دووەمی کە لە عەشیرەتی شکاک بووە، (باوکم نەوەی بچووکی بووە)، لە هەولێر لە دایک بوون، کە ویلایەتی مووسڵ (کوردستانی باشوور) خرایە سەر عیراقی عەرەبی تازە دامەزراو، خۆی و نەوەکانی لێرە مانەوە، لە دایکەوە حاجی حەمەدەمین سابڵاخی، لەبەر هەر هۆیەک بێ، ئابووری، یان ناخۆشی بنەماڵەیی، لە (مەهاباد) دەرچووەو لە (کۆیە) گیرساوەتەوە، خەریکی کار و کاسبی و بازرگانی بووە، دەشڵێن لەگەڵ (بابان)ەکان خزم بوون، یان ئامۆزای یەکترین، نەوەکانی ئەویش کۆبەیان بەجێ نەهێشتووە و خەریکی کار و پیشەی جۆراوجۆر بوون، (هەمین)ی دایکم لە نەوەی ژنی سێیەمی (حاجی سۆفی مستەفا)یە، منیش هەر لە کۆیە لە دایک بووم، ئینجا ناحەقمە خۆم بە کوردستانی بزانم؟

**رامان:** من پتر مەبەستم ژیانی خۆتە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەویش هەر کوردستانی لەخۆی دەگرێ، بەڵام شەفاعەتم بۆ ناکات، چونکە لە کۆیە لە دایکبووم، مێردمنداڵی و سەرەتای لاوییەتیم لە سلێمانی و گەنجایەتیم لە کەرکووک و بەغدا، پاش تەواوکردنی خوێندن و گەڕانەوە لە پێشمەرگایەتی، ژیانی هەولێر، دیسان ئاوارەبوونەوەی شاری بەغدا، سەرەتای ژنهێنان و ماڵدانان لە (سلێمانی)، پاش گەڕانەوەی دووەمم لە پێشمەرگایەتی، گەڕانەوەم بۆ هەولێر و مانەوەم تا ئێستا، بەخوا حەقمە بڵێم هەموویانم. تۆ هەست ناکەیت شێوەزمانی سلێمانی بەسەر قسەکانمدا زاڵە؟ ئەی بۆچوونە کەرکووکییەکەم!؟ ناکرێ من ڕزگار بکەیت و جەنابت بڕیار بدەیت، لەبیرت نەچێ، هەمیشە هەناسەیەکم لای کۆیەیە، بەڵام خۆم بە قەرزاری سلێمانی، ئینجا کەرکووک دەزانم و ئەمڕۆش هەولێرییەکم (ئاو لێڵ ناکەم).

**رامان:** وەڵامت نەدامەوە، کاریگەریی کام شارەیان بەسەرتەوە زۆرتر بووە و خۆت زیاتر بە قەرزارباری دەزانیت؟

**کاکە مەم بۆتانی:** وەک وتم، ژیانی ١٠-١٢ ساڵی منداڵیم سەقامگیری تێدا نەبوو، لە باوەشی ماڵی خاڵوانمدا جۆرە هێمنییەکی کۆمەڵایەتیم دی، بە تایبەتی لە شاری هەڵمەت و قوربانی، لەوێش دەسەڵاتی سیاسی نەتەوەی باڵادەستی حکوومەتی عێراقی و دەست و پێوەند و چاوەکانیان لەناوماندا، ئەم هێمنییەی دەهەژاند، بەڵام چاویان کردمەوە، بۆیە کاریگەریی سلێمانی تا ئێستاش بەسەرمەوە دیارە و شێوە زمانەکەمیشیان خستۆتەوە سەر خۆیان. بەلایەنی سیاسییەوە خۆم بەقەرزاری سلێمانی و لە دنیای خەباتی چینایەتی خۆم بە قەرزاری کەرکووک دەزانم، بەڵام تا ئەمڕۆش سروشتی پڕ جوانیی (کۆیە) دەمبزوێنێ، منداڵەکانم پێم دەڵێن دیسان دەچیتە (بەهەشت)؟ ئەم سێ شارە منیان دروست کردووە و کاریگەرییان بەسەر بوونمەوە دیارە.. ناحەقمە؟!

**رامان:** خوێندن و پسپۆڕیت لە بواری کشتوکاڵدا، کە لە ئەدەبیاتەوە دوورە، چۆن بوو ئەو بەشەت هەڵبژارد و تێیدا گیرسایتەوە؟ نەدەکرا لە شوێنێک بخوێنیت کە لە ئارەزووی ئەدەبیتەوە نزیک بێت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئینجا برا ئەمەش حەکایەتی خۆی



**لە ڕاستەوە: کاکەمەم بۆتانی، د. ئیحسان فوئاد، شێرکۆ بێکەس، جەلال دەباغ، فەرید زامدار**

هەیە، ڕێم بدە بۆت بگێڕمەوە.

**رامان:** فەرموو درێژە بە قسەکانت بدە.

**کاکەمەم بۆتانی:** حەز و ئارەزووی مێردمنداڵیم، خەتخۆشی و وەرزش بوو، بە تایبەتی یارییەکانی (گۆڕەپان) بوو، کەرکووک و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ژیانی سیاسی خێزانی و هەستی نەتەوەیی پتر بەرەو سیاسەتی بردم. نووسینی باس و دەربڕینی بیروڕا و ناڕەزایی ڕێی پێگرتم، لە قوتابخانەش سەرکەوتنم لەوانەی (حیساب) یارمەتیدەربوو کە بچمە بەشی زانستی و درێژە بە خوێندنەکەم بدەم، چونکە لەبەرێ و لەپشتێ کەمیان کاسبییان دەکرد، هەموو هەر مووچەخۆر بوون، منیش هەمان ڕێچکەم گرت، بەڵام زانست و خەباتی نهێنی و ئارەزووی ئەدەبی ئەو سەردەم تێکیان نەدەکردەوە، بۆیە بە هەزار حاڵ دواناوەندیم تەواو کرد.

**رامان:** نەدەکرا هەوڵت بدایە لە شوێنێک دابمەزرێیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** خاڵی گەورەم ڕازی نەدەبوو، مەبەستی بوو خوێندنی باڵا تەواو بکەم، ئەوسا تەنیا لە بەغدا کۆلێژ هەبوو، هەر کۆلێژەش بەپێی ستانداردی خۆی قوتابی وەردەگرت، من (وەثیقە)م بۆ کۆلێژی پەروەردە (خانەی بەرزی مامۆستایان) و کۆلێژی سەربازی نەبرد، پەیمانگای زمان تازە کرابووەوە، بەشی کوردی هەبوو، من لە هەردووکیان وەرگیرام.

**رامان:** ڕێکەوتێکی باش بووە، پەیمانگاکە لە تەک ئارەزووتدا گونجاوە.

**کاکەمەم بۆتانی:** بەڵام چ لە من چاوەڕێ دەکەیت؟ بچمە کۆلێژێک کە ئارەزووی تایبەتیم دێنێتەدی، دامەزراندم مسۆگەر نییە، یان بەشێک تەواو بکەم و

راستەوخۆ ببمە مامۆستا و مووچەخۆر؟ باری سەرشانی خاڵم سووک بکەم و دایکم و برام بخەمە ژێر باری خۆم؟

**رامان:** دواجار ئەوە سەری نەگرت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** دۆخی سیاسیی کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردووم پێ هەرس نەکرا، سێ شووتی بەدەستێک هەڵنەدەگیرا، لە پەروەردە کەوتم، هەوڵەکانی دامەزراندنیشم سەری نەگرت، هەر لە سەرەتای شۆڕشیشەوە، خاڵوانم کەرکووکیان بەجێهێشت و بەرەو ناوچە ڕزگارکراوەکان هەڵکشان. هەلێکی چاوەڕوان نەکراو لە دەرگای دام، ئەڵمانەکان پەیمانگای بەرزی دارستانیان لە کۆلێژی کشتوکاڵ کردەوە، قوتابیانی ناوچە شاخاوییەکانیان وەردەگرت و بەشی ناوخۆییشی هەبوو، لەدنیای (ماتماتیکەوە) چوومە دنیای سروشت و جوانی، دارستانی خۆڕسک و کێو و دۆڵی کپ، کانی و زێ و ڕووبار، سەدان ئەشکەوتی پڕ نهێنی و مێژووی شارستانی، ئارەزووی ئەدەبیمی تەقاندەوە.

**رامان:** ئەو خوێندنەت لە بواری (کشتوکاڵ)دا کە من پێم وایە لە مەیلە ئەدەبییەکەت دوورە، هیچ سوودێکی بە نووسینەکانت گەیاندووە؟

**کاکە مەم بۆتانی:** درەختی سروشتی و دارستان و لێرەوارەکان، شاخ و دۆڵی کپی کوردستان، گوند و ڕەشماڵی کۆچەریان، هۆرەی جافەتی و شمشاڵی شوان، دوورن لە دنیای ئەدەبییەوە؟ ئەندازیاری کشتوکاڵی ئەوانەی پێ بەخشیم، کەم کێوی ئەم خاکەم، چ بە کاری فەرمانبەری و چ بە پێشمەرگایەتی بەپێ نەکوتابێتەوە، هەوراز و خەرەندەکانی هەناسەیان سوار نەکردبم، ئەوە چۆن دڵت هات وا بڵێی؟

**رامان:** باشە چۆن بوو هەر تەنیا چیرۆکتان هەڵبژارد و بوارێکی دیکەی دەربڕینتان هەڵنەبژارد؟

**کاکە مەم بۆتانی:** کارە سەرەکییەکانم لە دنیای ئەدەبیدا چیرۆک، لە دواییدا ڕۆمانە، بەڵام نووسین (پەخشان) لە دنیای بەرهەمەکانیان داوم، نووسینی مێژوو، ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، یاداشت و بیرەوەری و بەسەرهات دەوریان ڕوونە. هەر بۆ نموونە: کاکی کاکان، کاکە بلە، لەیادمن، لە دووتوێی یاداشتی شارا، تورکمانی کوردستانی باشوور، بلوچ و بلوجستان، ئینجا بەرگی یاداشتەکانی خۆم، گەواهی ئەوەن.

**رامان:** پێش دەست کردنتان بە نووسینی کورتە چیرۆک، بێجگە لە وەڵامی مەتەڵەکانی گۆڤاری (هەتاو)، هیچ هەوڵێکی شیعر نووسینتان هەیە؟

**کاکە مەم بۆتانی:** بەبیرم نایێ مەگەر وەک سەباحی غالبی هاوڕێم، وەڵامدانەوەی مەتەڵەکانی گۆڤاری (هەتاو)م بەشیعر دانێبێت!

**رامان:** بەگشتی کێ پاڵەوانی چیرۆک و ڕۆمانەکانی تۆن؟

**کاکە مەم بۆتانی:** چەوساوەکانی نەتەوەکەم لە هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان.

**رامان:** زمانی شیعر چەند بۆ چیرۆک بەپێویست دەزانیت؟

**کاکە مەم بۆتانی:** بۆ نووسینی چیرۆک، من لەگەڵ پەخشانم، پەخشانێک نزیکت بکاتەوە لە شیعر، خۆشم لەو دەرگایەم داوە، زۆربەی چیرۆکەکانی (بازنە)م پێ نووسیوە، بە دنیای ڕۆمانی (درز)یشەوە دیارە.

**رامان:** چ پێوەندییەک لەنێوان ئەدەبیات و سیاسەتدا دەبینی؟ تۆ چەند لە نووسینەکانتدا سوودت لە کایەی سیاسەت وەرگرتووە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** لای من بەرهەمی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلانی ژێردەستە و بێ قەوارەی سیاسی وەک ئێمە و بلوج و ئەمازیغی تا ڕزگاری و یەکێتیی خاک و نەتەوە، دەبێ ببێتە یاریدەدەری خەباتی سیاسیی نهێنی و ئاشکرای گەل، دەزانم دەتەوێ چی بپرسی؟ مەبەستت ئەدەبی دروشم نییە، بەڵکو دەربڕینی هەست و نەست و ئاواتی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و چینایەتی چینە چەوساوەکانە، ئینجا چ بە شیعر، یان چیرۆک، یان ڕۆمان، یان شانۆگەری بێت، ئەویش خۆی لە ئەدەبی ڕیالیزمیدا بدۆزێتەوە. من وای بۆچووم و تا ئەمڕۆش هەر لەو باوەڕەدام کە تا سەرمایەداری کورد لە کار و چالاکییەکانیاندا ئازاد و سەربەخۆ نین، بۆ ئەوەی کارەکانیان بڕوا، دەبێ سەرمایەدارێکی عەرەب، تورک، فارس بکاتە شەریک، یان دەمی چەور بکات، ڕەنگە لەم هەرێمە فیدراڵییەدا، بەجۆرێکی تر کەوتبێتەوە، بەڵام لە هەموو پارچەکانی تر بە زەقی دیار بووە و دیارە!

**رامان:** چۆن بوو سەرەتا سەروساختتان لەگەڵ هونەری کورتە چیرۆکنووسین پەیدا کرد و دەست و پەنجەتان

لەگەڵ هونەری کورتە چیرۆک نەرم کرد؟ بە پێچەوانەی زۆربەی هەرە زۆری نووسەرانی کورد ڕووتان نەکردە بواری شیعر نووسین؟

**کاکەمەم بۆتانی:** .....

**ڕامان:** ئەوە بیر لە چی دەکەیتەوە؟!

**کاکەمەم بۆتانی:** نازانم چۆن پرسیارەکەت بۆ ڕوون بکەمەوە؟! ڕەنگە پەروەردەی سیاسی دەوری تێدا دیبێ، چونکە شیعر بەگشتی جۆرە سۆزو و هەڵچوونێکی کاتی زەقی تێدایە، چیرۆک بە تایبەتی چیرۆکی ڕیالیزمی بە هەموو لق و پۆپەکانییەوە، بەهێمنی ڕووداوەکە دەخاتە بەر دیدی خوێنەر، لێرەدا نابێ ڕێنماییەکانی مامۆستایانم: د. جەمال نەبەز و د. مارف خەزنەدار فەرامۆش بکەم.

**ڕامان:** چۆنت ئەوانە ناسی؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەوسا لە ناوەندییەکانی کەرکووک مامۆستا بوون، بەهۆی چالاکی نهێنی و ئاشکرای قوتابییان دەچوومە خزمەتیان، ڕەنگە ئەمانە بە تێکڕایی و مەیلی خۆشم، دەوریان لە نووسینی چیرۆکدا هەبووبێ.

**ڕامان:** لە هۆڵی (خولد)ی بەغدا، ساڵی ١٩٧٠ لە کاتی گرتنی کۆنگرەی (١)ی یەکێتیی نووسەرانی کورد، بەهۆی وتەیەکی توندی سەعید ناکام، تۆ چوویتە دەرەوەی هۆڵەکە، ئەو چی وت وای لە تۆ کرد بچیتە دەرەوە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەم حەکایەتەش دوورودرێژە و لێرە جیگای نابێتەوە.

**ڕامان:** بە کورتییەکەی ئەم حەکایەتە باس بکە.

**کاکەمەم بۆتانی:** سەرەڕای ئەوەی لە یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەر بڕیاردرابوو وەک نوێنەری ئەدیبانی کوردی کوردستانی باشوور کار بکەین و نەهێڵین پارتە سیاسییەکان دەست بخەنە ناو ڕێکخراوەکەوە، بەڵام زۆری نەخایاند، ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ی بەسەرداهات و گۆڕانێکی سیاسیی تازە بەسەر چالاکییەکاندا هات. پاش ماوەیەک پارتی دیموکراتی کوردستان لیژنەیەکی ئەدەبی نارده بەغدا، چاویان بە زۆربەی دەستەی دامەزرێنەر کەوت، لە ئەنجامدا من و خالید دلێر و دکتۆر کاوس قەفتان بەلاوە نراین و هەژار و سەعید ناکام و فەرەیدوون عەلی ئەمین خرانە جێگامان، جەمال بابانیش ئامادە نەبوو لەگەڵیان کار بکات، کە کۆنگرە دەستی پێکرد لە پاداشتی هەڵوێستی زۆربەی دەستەی دامەزرێنەر، سەعید ناکام بە دەمانچەی قەدییەوە لەسەر شانۆ، هەموو دەستەکەی بە (جاش) ناوزەد کرد، منیش هۆڵەکەم بەجێ هێشت.

**ڕامان:** لە نووسینێکدا د. مارف خەزنەدار کە لەگۆڤاری ڕامان دا بڵاوی کردەوە دەڵێ بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی یەکێتیی نووسەرانی کورد، دەبوو کۆمەڵێک کەس یاداشتێک بنووسین، یەکێک لەوانە ناوی تۆ دەبات. تۆ دەڵێیت من دامەزرێنەری یەکێتیی نووسەرانی کوردم، بەڵام ئەو دەڵێ لەبەر ئەوەی ئەو ساڵە تۆ لە ڕووی تەمەنەوە لە هەموویان بچووکتر بوویت، بۆیە بەدواداچوونی کارەکان و ئەرکی مۆڵەتەکەیان بە تۆ سپاردووە، کاتی خۆی کە د. مارف خەزنەدار لە ژیاندا مابوو، پێم گوتی ئەگەر وەڵامت بۆ نووسینەکەی ئەو هەیە بینووسە، بەڵام تۆ وەڵامت نەبوو، ئێستا لەم بارەیەوە دەڵێی چی؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بەدرێژایی تەمەنی سیاسی و ئەدەبیم، حەزم لە وەڵام و وەڵامدانەوە نەکردووە، هەر ڕەخنەیەکیش لەخۆم و لە بەرهەمم گیرابێ، ئەوەی ڕاست بووبێ، بە سوپاسەوە هەوڵم داوە ڕاستی بکەمەوە، ئەوی تریشم داوەتە دەست مێژوو، ئەو ڕایەی دکتۆری نەمریشم هەروا سەیر کردووە.

**ڕامان:** ئێستا.. لەم بارەیەوە چی دەڵێی؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەمەش حەکایەتێکی درێژی هەیە. لە



بەرگی دووەمی یادداشتەکانم (ژانەڕێیە خۆڵەمێشییەکان)دا باسم کردووە.

**ڕامان:** لێرە دەمانەوێ بە کورتی باسی بکەیت..

**کاکەمەم بۆتانی:** پاش سەرنەکەوتنمان لە کۆبوونەوەی ئەدیب و نووسەرانی کوردی بەغدا بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ئەدەبی کوردی، بە یارمەتی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی ئەدیبانی عیراق (١٩٦٠) و کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی و... گەڵاڵەیەکی (کۆمەڵەی ئەدیبانی کورد)م ئامادە کرد، بە هاوکاری هاوڕێیانم د. کاوس قەفتان و شێرکۆ بێکەس و دکتۆر مارف خەزنەدار و حسێن عارف و محەمەدی مەلا کەریم و درایە (٢٨) ئەدیبی کوردی دانیشتووی بەغدا بۆ پێشنیارکردن و دەستکاری پێویستی گەڵاڵەکە و پێشنیاری (١١) کەسمان بۆ دەستی دامەزرێنەر. بێ گومان لەوانەی کارەکەیان دی ئیبراهیم ئەحمەد و عەبدولڕەحمان زەبیحی (عولەما) بوون، بۆیە لە بەندێکی (مافی ڕووناکبیری کوردی ١٩٦٩)دا ڕێگە درابوو (یەکێتیی نووسەرانی کورد) دابمەزرێ، بە مەرجێک کە دامەزرا ببێتە ئەندامی (یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی عیراق).

**ڕامان:** واتە خۆت بە دامەزرێنەری یەکێتیی نووسەران دەزانیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** لە یاداشتەکانی شێرکۆ بێکەس دا دەڵێ من لەولەبی کارەکە بووم.

**ڕامان:** دکتۆر مارف خەزنەداریش دەڵێ لە هەموویان بچووکتر بووی، بۆیە بە دواداچوونی کارەکەیان بەتۆ سپاردووە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** من لە جەنابت دەپرسم بە دواچوون لەگەڵ سەرۆکی لیستی و داوای دامەزراندندا دەگونجێ؟! یان دانپییانان بوو بە ماندوو بوونم؟

**ڕامان:** دوای چل ساڵ کە بۆ سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد دەستنیشان کرایت، ئایا ئەم دانانە گێڕانەوەی ئیعتبار نەبوو بۆتان، تا قەرەبووی ڕووداوەکەی ساڵی ١٩٧٠ی بەغدات بۆ بکرێتەوە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** سەیرم بە وشەی (ئیعتبار)ـەکە دێ، دەبێ دروستکردنی یەکەم ڕێکخراوی ئەدەبی کوردی (بەشێوەی فەرمی) تاوان بووبێ تا هەبن دوای چل ساڵ ئیعتبارم بۆ بگەڕێننەوە؟! پاش ئەوەی ئەو بەڕێزانەی دەستەی دامەزرێنەریان بەو دەردە برد و دڵیان ئۆخەی کرد، شەهید ساڵح یووسفی بووە سەرۆک، نامەیەکی بە حسێن عارف دا بۆ ناردم، ڕەنگە بۆ خالید دلێر و دکتۆر کاوس قەفتان و جەمال بابان-یشی ناردبێ. دڵی ئاشت کردمەوە و داوای کرد کاریان لەگەڵ بکەمەوە، بۆ پشتگیری نامەکەش ئاگاداری کردم کە ڕۆژی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەش (١٠/٢/١٩٧٠)یان کردە (ڕۆژی ئەدیبانی کورد)، ئیتر بە تەواوی هەڵوێستەکان گۆڕان، ئینجا کەس دەتوانێ قەرەبووی هەڵەی ئەو بەڕێزانە و ڕاڕایی هەندێ لە دەستەی دامەزرێنەر بداتەوە؟!

**ڕامان:** باشە ئەوە ئیش بۆ دۆزینەوە بوو، یان بە مافی خۆت دەزانی کە پاش دابڕانێکی زۆر لە ناوەندی ڕۆشنبیری و نەبوونی چالاکی بێیتەوە مەیدان؟

**کاکەمەم بۆتانی:** چ پێویستم بە دۆزینەوەی کارە؟! بۆ لە شۆڕشی ئەیلوولدا (١٩٧٤- ١٩٧٥) شوێن و کار و چالاکی دیاری هونەری و ئەدەبیم نەبووە؟! جێ پەنجەی بەرهەمەکانم لەناو چاپکراوانی شۆڕشی نوێ دیار نییە؟! لە کاری ئیدارەی حکوومەتی هەرێمدا، ڕاوێژکاری ڕۆشنبیری نەبووم؟! ئەگەر مەبەستیشت بڵاوکردنەوەی بەرهەمە، من هەر لەسەرخۆ کارم کردووە. ڕاستە بە شانازیشەوە باسی دەکەم کە پاش شۆڕشی ئەیلوول لەناوەندی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوە زۆر کەم دەردەکەوتم، چونکە بە حەزەوە لێیان نزیک دەبوومەوە، ئەوانیش ڕێگر بوون لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی بەرگری و بەرەنگاری، بە هەزار حاڵ توانیم کۆمەڵە چیرۆکی (بازنە)ی ئەدەبی ڕیالیزمی ڕەمزی ڕزگار بکەم و ملم بخەمە بەر چەقۆیان و کۆمەڵە کورتیلە چیرۆکەکانی (خەرەندی مەرگ) بە ڕوویاندا بدەم. نووسین و بەرهەمەکانی ناو گۆڤاری (نووسەری کوردستان) و چاپی کتێبی (لە دووتوێی یاداشتی شاردا)ی بڵاوکراوەکانی شاخ، گەواهی دانەبڕانمە. ئەی دوو هەوڵی دروستکردنی ڕێکخراوی ئەدەبی بەرەنگاری نهێنی لە سلێمانی و لە هەولێریش بە شانازییەوە دەڵێم کاری ئەو سێ ساڵ و نیوەی دەستەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکێتیی نووسەرانی کورد کە شەرەفی سەرۆکایەتییان پێ بەخشیوم، پترە لە هەموو ئەو کارانەی لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا کراوە، ئینجا ئەوە بە دۆزینەوەی ئیش دادەنێی، یان مافی خۆم، هەمووتان سەرپشک بن.

**رامـان:** بێـجگە لە چیـرۆكنووسین بۆ گـەوران، هیچ هەوڵێكتان بۆ نووسینی منداڵان داوە؟

**كـاكـەمـەم بۆتانی:** چەند چیـرۆكـێكم پاڵەوانەكـانی منداڵن، هەوڵم داوە گوزارشت لە زاتیان بكەم، بەڵام بۆ منداڵ بەرهەمم نییە.. بۆ؟ نازانم! ڕەنگە نەمتـوانیبێ بە جۆرێک بنووسم كە منداڵ تێم بگات، بەڕاستی كارێكی قـورسـە!.. تەنانەت زۆربەی ئەو ئەدیبـانەی بۆ منداڵ دەنـووسن، سـەركـەوتووو نین، دوور نیـیـە لەبەر یادە ناخۆشەكانی ساواییم، خۆم لەو جۆرە چیرۆكە دزبێتەوە، بەڵام بەدەیان چیرۆكی فۆلكلۆری و كلاسیكم لە دایكم و پوورم بیسـتـووە و لەژێر سیـحری گـێڕانەوەیاندا، خەو بەلایا بردووم.

**رامان:** ئەی هەوڵی نووسینی شانۆنامەت هەبووە؟

**كـاكـەمـەم بۆتانی:** ئەوەندەی لەبیـرم بێ سێ هەوڵم هەبووە، بەڵام یەكێكیـان لە كـۆمـەڵە چیـرۆكەكـانم دایە. یەكـەم هەوڵم بۆ ڕۆژانی گفـتـوگـۆی نهێنیی حكوومـەتی بەغدا و شـۆڕش دەگەڕێتەوە، ئەوسا ڕابەرێكی سیـاسی بووم لە هێـزی (كـاوە) كـە بارەگـاكـەی لە شـارۆچكەی (قـــەڵادزە)ی ڕزگـــاركـــراو بوو، بە بۆنەی نەورۆزەوە ئاهەنگێک لە (قەڵادزە) گـیـرا، شـانۆگـەرییـەكی (یەک پەردەیی)م لەسـەر كـاوە و زوحـاک نـووسی و قـوتابیـانی شـارەكـە لە گـۆڕەپانی ئاهەنگ پێشـكەشـیـان كـرد. لە گـەرمـەی گـفـتـوگـۆ و هاتوچۆی نوێنەرانی شـۆڕش و حكوومـەتیش لە نەورۆزی ١٩٦٤ ئاهەنگێک لە هۆڵی (خـولد)ی بەغـدا كـرا، دیسـان شـانۆنامـەیەكی یەک پەردەییم لەسـەر نەورۆز ئامـاد كـرد و د. بەدرخـان سندی كـردییـە عـەرەبی و پێشـكەش كـرا. لە كـۆمـەڵە چیـرۆكی (سـمـكـۆڵی ئەهریمەن- ١٩٧٣)یش شـانۆنامـــەیەكم بڵاوكردۆتەوە و (تەنگوچەڵەمەی شانۆكە)م ناو ناوە، كە وەک ریالیـزمی ڕەمـزی، لەسـەر شـاری كـەركـووک نووسـراوە، پاش نسكۆی شـۆڕشی ئەیلوول، (چالاكی قـوتابیـان) لە سلێـمـانی، بەچاودێری ئەنوەر قـەرەداخی هونەرمەند پێشكەش كرا، حەز دەكەم ئەوەش فەرامۆش نەكـەم، هەندێ لە كـورتە چیـرۆكـەكـانم بۆ شـانۆ ئامـادە و پێشكەش كراون لەوانە (سێبەری بەر سەنگەری مەرگ) كە لە هەولێر ئامادە و پێشكەش كراوە.

**رامـان:** هیچ ڕێكەوتووە وەک ئەكـتـەر لەسـەر شـانۆ دەركەوتبیت؟

**كـاكـەمـەم بۆتانی:** ئەوەی لەبیـرم بێ، قـوتابی پۆلی شەشی سەرەتایی قوتابخانەی (گۆیژە)ی سلێمانی بووم، لە شانۆگەرییەكەدا بەشداریم كرد، لە ساڵی ١٩٥٩ش لە شـانۆگـەری (شـەوی كـۆتایی)دا، لە بارەگـای پارتی دیموكراتی كوردستان لە كەركووک دەورم دی.

**رامـان:** دەنگت خـۆش نەبووە هانت بدات گـۆرانی بڵێیت؟ یان چەند چێژ لە گۆرانی و مۆسیـقای كـوردی وەردەگریت؟ بە بەردەوامی گوێ لە كێ دەگریت؟

**كاكەمەم بۆتانی:** دەنگی من بۆ گۆرانی دەست نادات.


**رامان:** چەند چێژ لە گـۆرانی و مـۆسیـقـای كـوردی وەردەگرێت؟

**كـاكـەمـەم بۆتانی:** هەندێ جـار مـۆسیـقـا دەمـباتە دنیایەكی دوور لە ساتەكانی ژیانم.. بەردەوامیش گوێ لە گـۆرانی فـۆلكلۆری و سروودی نیشـتـمـانی و گـۆرانی نەتەوەیی دەگرم، گۆرانییەكانی: محەمەد ساڵح دیلان و ڕەفیق چالاک و حەسەن گەرمیانی-م لێ نابڕێ.

**رامان:** نێوانت لەگەڵ هونەری شێوەكاری چۆنە؟ لەگەڵ بینین و خـــوێندنەوەی بابەت ســـەبارەت بە هونەری شێوەكاری چۆنیت؟

**كـاكـەمەم بۆتانی:** حەز دەكەم هەمـوو پێشـانگایەكی شێـوەكـاری ببـینم، بەڵام لە هەندێكیـان ناگـەم، خـۆشم هیچی وای لێ نازانم.

**رامان:** چەند سـوودت لە هونەرەكـانی شانۆ، سینەما، شـێـوەكـاری، مـۆسـیـقـا بۆ كـاری ڕۆمـان و چیـرۆک



وەرگرتووە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بەگشتی زۆر کەم، مەگەر لە هەندێ بەرهەمی شانۆییدا نەبێت.

**ڕامان:** هەستت کردووە لە نووسینی کورتە چیرۆکدا، بە تەواوی گوزارشت لە ناخ و هەست و نەستی خۆت دەکەیت و پێداویستییە ڕوحییەکانی خۆتی پێ تێر دەکەیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بەتەواوی نا، لای من چینە چەوساوەکان شاکارم بوون، مەبەستم لە چەوسانەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پیشەییشە!، چونکە ناخی خۆم زۆر شتی تێدایە، حەز ناکەم بۆ خۆشمی بگێڕمەوە. ئەوانەی تاڕادەیەک گوزارشتیان لەناخ و دەروونی من کردبێ (گۆرانی دەربەدەرێکی یاخیبوو) و (بەردیش بەرگەی ئەم ئازارە ناگرێ)یە. ڕەنگە ژیان و پێویستی کۆمەڵایەتی خەڵکانی دەوروبەرم لە کارەکانمدا ڕەنگیان دابێتەوە، چیرۆکی (تانە و ئارەزوو) لە بەسەرهاتێکی واقیعییەوە هەڵێنجراوە، خۆ چیرۆکی (زەرووی تەمەنی ئەرخەوان) و (سێبەری بەر سەنگەری مەرگ) پێشکەشی پاڵەوانەکانی کراون.

**ڕامان:** دوا چیرۆکیشت کە لە گۆڤاری (ڕامان)ندا بڵاوکرایەوە.

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەو نموونە نەمرە، نەک چیرۆکێک، چەندان ڕۆمان هەڵدەگرێ، دەزانی یەک سوپای قەڵەم، خۆیان بۆ کاری ڕۆمانی بەرەنگاری و بەرگری تەرخان بکەن، لە عۆدەی نەمرانمان نایەن، بەڵام بەداخەوە زۆر ڕۆشنبیری تازە پیاکەوتوو، ئەم جۆرە بەرهەمانەیان پێ هەرس ناکرێ، هەر بۆیەش چیرۆکەکەم ناو نا (ونبوون لەبزربیدا). من چیم لە چاو ئەو کەڵە مەزنانە؟! لە جەنابتان دەپرسم: کیمیابارانی هەڵەبجە و گوندەکان چۆن فەرامۆش دەکرێن؟ چیرۆکنووس و ڕۆماننووس لە بەرهەمەکانیاندا ئاوڕ لەو تاوانە نەدەنەوە، لە هەموو کارەکانیاندا بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕەنگ نەداتەوە، چۆن خۆیان بە ئەدیبێکی ئینسانیی دەزانن؟!

**ڕامان:** بۆچی ڕووتان کردە ڕۆماننووسین؟ هەستت کردووە خەریکە ناتوانیت بە کورتە چیرۆک ئەوەی لەلاتە دەری ببڕیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەگەر سەرنجی کۆمەڵە چیرۆکی (بوومەرزە لە گۆمی مەنددا) بدەیت، هەر (شەش) کورتە چیرۆک جۆرە درێژبییەکیان پێوە دیارە، وابزانم ئەوەش تەعبیرە لە ئارەزووی نۆڤڵ و ڕۆمان نووسین، ئەم ئارەزووەشم چەند جارێک تاقیکردۆتەوە، بەڵام نەمگەیاندووەتە سەر.. بۆ؟ ڕەنگە ترسی سەرنەکەوتنم هۆیەک بووبێ، یان دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ساردی کردبێتمەوە. یەکەم هەوڵی ڕۆماننووسیی وەک لەبیرم بێ، کە ڕابەری سیاسیی هێزی (خەبات) بووم لە (چەمی ڕێزان) باسی خەباتی بەرگری بوو، بەڵام کە دانووسانی ۱۹٦۳ دەستپێکرد و بە (لێبوردنی گشتی) گەڕاینەوە سەر خوێندن، ئەویش سەری تێچوو. لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووشدا تەقەللایەکی تری ڕۆمانی بەرەنگاریم بەناوی (بلە سمێڵ) هەبوو، تا ئێستاش لە کتێبخانەکەمدا چاوەڕێی دەرچوون دەکات، لەبیرم نەچێ، بەپێی دۆخی ئەوسامان، چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆمان لەتوانایی ئێمەومانناندا نەبوو، ڕۆژنامە و گۆڤارێکی ئەوتۆیشمان نەبوو بە زنجیرە بڵاوی بکاتەوە، بۆیە زۆربەی ئەو ڕۆمانانە لە چەکمەجەی ڕۆماننووس دەکەوتن.

**ڕامان:** لە کاتی نووسینی چیرۆکێک، هیچ پلانێکی پێش وەختە بۆ ئەو نووسینەت دادەنێیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** لای من چیرۆکی زۆر کورت و کورت، لە دایکبووی ساتەکانی خۆیانن، ڕەشنووسی یەکەمم تێکەڵوپێکەڵ و هەڕەمەکییە، تا کۆتاییەکەی دەنەخشێنم، بەڵام خاوەنی شاکەس خۆیەتی، بەرهەمەکە چەندان جار پاکنووس دەکەمەوە، ڕستەو وشەی لێدەگۆڕم، تا ڕازیم نەکا دەستی لێ هەڵناگرم، من کێشەم لەگەڵ ڕووداو و ناوەڕۆکدا نییە، چونکە لە ئایدیۆلۆژیایەکی ڕوونەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڵام بەدەست تەکنیک و شێوەی دەربڕینەوە دەناڵێنم! کام شێوە، کام ڕستە خزمەتی کارەکەم دەکات؟ چۆن دەتوانم مەبەستم لە خوێنەر بگەیەنم و لێم وەڕس نەبێ، تەنانەت هەندێ جار پەنام بردۆتە سەر پەخشانی شیعری و (سەجەع)یش.

**ڕامان:** ئەی لە کاتی ڕومانووسیندا، پلانێکی پێشوەختە بۆ نووسینەکەی دادەنێیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەگەر ئەوە حاڵم بێت لەگەڵ چیرۆکی کورتدا، دەبێ بەدەست ڕۆمانەوە چەند بناڵێنم؟! بڕوا ناکەم ڕۆماننووس هەبێ، بەدەست کارەکەیەوە ماندوو نەبێ، مەبەستم لەو ڕۆماننووسانەیە کە ڕێزی قەڵەم و بیروبۆچوونیان دەگرن. بۆ ڕۆماننووسین پلانم دەبێ، بەتایبەتی لە هەڵسوکەوتی شاکەسەکانی، بیروبۆچوونی،

کاره چاک و خراپەکانی، بەڵام مەرج نییە لە داڕشتنیدا تەوەری پلانەکە وەک خۆی بێتەدی، لەگەڵ پێشەوەچوونی کارەکەدا، گۆڕانی تێدەکەوێ. ڕۆمانەکانم لەناو ڕووداوەکاندا، بە تایبەتی ڕووداوە سیاسییەکاندا، کاردەکەن و لەوانەوە سەرچاوە دەگرن، شاکەسەکان لە ناو ئەو ئاسۆیە فراوانەدا هەڵسوکەوت دەکەن.

**ڕامان:** بەڵام خۆ تۆ مێژوو نانووسیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** مێژووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە زاتی شاکەسەکاندا دەردەبڕم، ئەی گوایە ڕۆمان چییە؟! بە تایبەتی بەرهەمەکانم کە لە قوتابخانەی ڕیالیزمەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئینجا ڕیالیزمی نوێ بێ، یان ڕیالیزمی ڕەمزی بێ، یان ڕیالیزمی سیحری بێت، من لە جەنابت دەپرسم: ئەم هەڤپەیڤینە بەکات و شوێنێکەوە، بە مەبەستێکەوە نەبەستراوە؟

**ڕامان:** باشە کام چیرۆکەت، کام ڕۆمانت، بە جوانترین چیرۆک و ڕۆمانی خۆت دەزانیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** مەیموونیش بێچووی خۆی ئەوەندە خۆش دەوێ، وا دەزانێ لە نەوەی ئەو چوانتر نییە، ئەوەندە دەڵێم لە نووسین و داڕشتن و بەسەرهاتەکان ڕازیم، بەڵام بەچکە مەیموونی لە هی من جوانتریش هەن، دەبێ هەبن، دەبێ ببن، ئەگینا داهێنان نابێ، گۆڕان نابێ! من هەمیشە بیرم لەوە کردووەتەوە، چ شێوەیەک، چ داڕشتنێک، چ تەکنیکێک دەتوانێ خزمەتی ناوەرۆکەکە بکات، چۆن دەتوانم وا لە خوێنەر بکەم لە کارەکە بگات، لە ناوەرۆکی مەبەستم بگات.

**ڕامان:** کەرستە و بابەتی چیرۆک و ڕۆمانەکانت، زیاتر بەرهەمی خوێندنەوە و کتێبەکانە؟ یان بەرهەمی شارەزایی و ئەزموونی تایبەتی و دەرەوەی خۆتە، یان هەردووکیانە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەم پرسیارە کۆمەڵێک لق و پۆپی لێدەبێتەوە، دەمخەیتە بەر ئەو لافاوەی لە دنیای ڕووناکبیریدا ڕوویداوە، بەدەیان بەندی (مەئرەب) و (دەربەندیخان)ی هەرەس پێهێناوە، نە من لە دنیای دەرەوەی کوردستان دابڕاوم، نە دەمەوێ دابڕێم، نە خاک و نەتەوەم بێ ڕووداو و کارەساتە، سوود لە ناوەرۆکی بەرهەمی جیهانی وەربگرم، بەڵکو تەنیا ڕووداوەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی سەدەی بیستی تەنیا پارچەیەکی خاکم ئیلهامی هەزاران هەزار بەرهەمی

هەموو چیرۆکنووسان و ڕۆماننووسانی دنیایە. من تێناگەم ئەدیبی کوردستانی، چاوەڕوانی چی لە بەرهەمەکەی دەکات، کە ناوەرۆکی هەڵقوڵاوی ساتە پڕ مەینەتەکانی خاک و نەتەوەکەی نەبێ؟ ئەوەی دەمێنێتەوە تەکنیک و شێوەی داڕشتنە، چ جۆرە داڕشتنێک خزمەتی ناوەرۆکەکە دەکات، ئێوە دەزانن ڕێبازی ڕیالیزمیم گرتۆتە بەر، کە دەتوانم بڵێم پتر لە پەنجا ڕێچکەی هەیە، چونکە ئەدەب خۆی ڕەنگدانەوەی واقیعە، وێناکردنی ژیانی مرۆڤە بە هەموو شێوەکانییەوە. ژیانی کوردستانیان، ئاوێتەی چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی بوو، منیش پەروەردەی ئەو کەشەم، بۆیە ناوەرۆکەکانی لەو قوتابخانەیە دوور نەکەوتۆتەوە، خوێنەر هەر زوو هەستدەکات کە باسی خۆی، یان کەسێکی نزیکی بۆ دەکەم، بەڵام شێوە داڕشتنی کارەکان، لە ئەنجامی خوێندنەوە و هەرسکردنی ئەو ڕێبازە و بەرهەم و شاکارەکانی ئەدەبیاتی دنیایە.

**ڕامان:** بەرهەمی ئەو چیرۆکنووس و ڕۆماننووسانەی لەژیانتدا زۆرتر دەیانخوێنیتەوە کامانەن، کاریگەریی ئەو خوێندنەوانە بەسەرتەوە چییە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بڕوا بکە لە خوێندنەوەدا مەبەستم نووسەرەکەی نییە، بۆیە ناتوانم لە چەند ناوێکدا کۆیان بکەمەوە، لای من خوێندنەوە، ئینجا بەرهەمەکە، پاشان



نووسـەرەکـە، بەڵام ئەدەبیـاتی قـوتابخـانە و ڕێبـازی ریالیـزمی، ڕاسـتەوخـۆ کـاریان لەسەر بیری چینایەتی و دارشـتنی بەرهەمـەکـانم هەبووە. من هەمـوو بەرهەمـێک دەخوێنمەوە، تەنانەت ئەو بەرهەمانەی لەگەڵ هەڵوێستی ئەدیبـەکـەیدا نیم، قـوتابخـانە کـۆن و نوێیـەکـان هاوێر ناکـەم، چونکە گشـتیـان زادەی بیـروبۆچوونی مـرۆڤن، بارودۆخی مـــەوزووعی هێنـاونی، ڕەنگە لـە هەندێ دارشتنیشدا سوودم لێ وەرگرتبن، ئەوەش بۆ من لەنگی نییە، خۆزگە ئەوەندە ئەزموون و دەسەڵاتم دەبوو، لەشێوە دارشـتنەکـاندا دارشـتنێکی تازەم دەخسـتـە ناو دنیـای ئەدەبی.

**ڕامان:** هەر لە سەرەتای نووسینتەوە تا ئەمڕۆ چەند لە خـوێنەری چیـرۆک و ڕۆمـانەکـانت ڕازیت؟ ئەگـەر لێـیـان ڕازیت بۆچی؟ ئەگەر لێـیان ڕازی نیت بۆچی؟ خـوێنەران چەند بەرەو ڕووی بەرهەمـەکـانت هاتوون و پێـشـوازییـان لێکردووە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەگەر مەبەست خوێنەر خۆیەتی، کە ئێمە دەڵێین (بۆ ئەوان دەنووسین) بەپێی دۆخی سیاسیی کوردستان گۆڕاون، سەرەڕای ئەوەی ئەدیبێکی تازە بووم، هەزار دانەی کـۆمـەڵە چیـرۆکی (بوومـەلەرزە لە گـۆمی مـەندا- ١٩٦٩) لە مـاوەی چەند مـانگێکدا لە بازاڕ نەمـا، کـە بەڕای من ئەوە بۆ ناوەرۆکی چیـرۆکـەکـان دەگـەڕایەوە، ئـینجـا شـێـــوەی دارشتن و تەکنیکی نووسینیان. بەڕاستی لەناوەڕۆکدا بوومەلەرزەیەک بوو لە سەهۆڵبەندانی ئەدەبی کوردی بەگشتی و ئەدەبی بەرگری بە تایبەتی، کەسیش نەیوێرا لە سەری بنووسێ.

**ڕامان:** بۆچی نەیانوێرا؟

**کاکەمەم بۆتانی:** نەیانوێرا، چونکە هەمـوو ئەدیبان بە گەرمییەوە پێشوازییان لە خۆم و بەرهەمەکەم کرد، بەڵام (سـمکۆڵی ئەهریمەن- ١٩٧٣)ی هەمـان نـاوەرۆک، ئەو گـەرمـوگـوڕییـەی نەبوو، چونکە شێـوەی دارشـتنی جـۆرە تازەگـەرییـەکی پێـوە دیار بوو، کـە بە سـانایی هەرس نەدەکـرا، بەپێی ئەزمـوونی ئەو ٢-٣ سـاڵەی ئیـدارەی کوردی لە کوردستـانی باشووریش، جۆرە نائومێدییەکی دروست کردبوو، ڕەنگە کۆمەڵە چیرۆکەکەشیان بەجۆرێک لە ڕیایی دانابێ، بەڵام پاش نسکۆی شـۆڕشی ئەیلول، نەک هەر کـۆمـەڵە چیـرۆکی (بازنە- ١٩٧٩) کـە بە شـێـوەی ڕیالیـزمی ڕەمـزی نووسـرابوون، ئەوانی تریش دەسـتـاودەسـتی دەکـرد، چونکە توانیـبـووم تـاڕادەیەک تەعـبیـر لە بیـروبۆچوونیـان بکەم، بەڵام بە شـێـوەیەکی گشـتی نووسەران و ڕەخنەگران، خۆیان لە بەرهەمەکـانم نادەن، بۆ؟ ڕەنگە لەبەر ئەوەبێ، ئەو جـۆرە بەرهەمـانە شـایەنی ئاوڕدانەوە نەبن، یان ڕەخنەگـرانی بەڕێز هۆی تریان لەلای خۆیان گەڵاڵە کردبێ..

**ڕامان:** ئەی چەند لەوەی تا ئەمڕۆکە نووسیوتە ڕازیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بۆ من لەخۆم ڕازیم تا لە بەرهەمەکانم ڕازی بم؟! مـرۆڤ و بەرهەمـەکـانی لە چاک و خـراپ پێکهاتووە، گرنگ ئەوەیە چاکەکە زۆرتر بێت، تا چاک و باشەکە زۆرتر بێ، مرۆڤ و بەرهەمەکانی بەرەو (کەماڵ) دەبا.

**ڕامان:** هیچ ڕێکەوتووە لە خۆت پرسیبێ، یان کەسانی دی لێتیان پرسیبێ بۆ کێ دەنووسیت؟

**کاکـەمـەم بۆتانی:** ئەم پرسـیـارە لە دوو ڕووەوە سـەیر دەکرێ، بۆ چ خوێنەرێک دەنووسم، ناوەرۆکی بەرهەمەکان بۆ کـێـیـە؟ پێـویست نەبووە لە خـۆم بپـرسم، چونکە لە سەرەتای نووسین و چیرۆکنوسیدا، بەپێی ئایدیۆلۆژیەتی خەباتی نەتەوایەتی- چینایەتی ڕێبازی کـارم دیار بووە، بەڵام پرسیاری وام لێکراوە.

**ڕامان:** وەڵامت بۆیان چی بووە؟

**کاکـەمـەم بۆتانی:** ئەگـەر ڕێم بدەی ڕەنگە بتـوانم پتـر بۆتانی ڕوون بکەمـــەوە، لەسـەروبەندی نوێخـوازی و بانگەوازی (ڕوانگە) لە خـۆم دەپرسی، دەبێ خـوێنەری ئەدەبی کوردی (مەبەستم شیعر و چیرۆک بوو) چەند بن؟ چەند کـەس بە ئارەزووی خـۆی بۆ خـوێندنەوە بەرهەمی ئەدەبی کـوردی دەکـڕێ؟ لە چالاکـیـیـەکی یەکـێـتـیی نووسەرانی کوردی سـاڵی ١٩٧١ ئەم پرسیارەم لە هەمـوو ئەدیبـەکـان کـرد، بەوانەشەوە کە ڕووی دیاری ئەدەبیـمـان بوون. چەند دانە لە کـتـێـبەکـانیـان چاپ دەکەن؟ چەندی دەکەنە دیاری؟ چەندی لە کتێبخانەکاندا دەمێنێتەوە؟ لە ماوەی شەش مانگێک چەندی لێ دەفرۆشێ؟ دەزانی چی دەرچوو؟ ئەوانەی بە ئارەزووی خـوێندنەوە بەرهەمـەکـە دەکـڕن بەگـشـتی (١٠٪)ی تێنەپەڕاند، کـە دەکـاتە (١٠٠) دانە، ئەمـــەم لە ژمـــارەیەکی ڕۆژنامــەی (هاوکاری)دا بڵاوکردەوە، هاوڕێم (سەربەست بامەڕنی) وەڵامی دامـەوە، بەڵام بیـانـووەکـانی بەرگەی ئامـارەکـەی نەدەگرت، ئێمە فێر نەبووین لەگەڵ خۆماندا ڕاستگۆبین، ڕەنگە دیوانێـک، کـۆمـەڵە چیـرۆکـێـک ئـەم ئامــارە نەیگرێتـەوە، بەڵام بەگـشـتـی و تا ئێـسـتـاش هەروای

دەبینم. شاعیرێکی وەک (...) کە دیوانی (...) چاپکرد، هەر بازرگانێک، لە دائیرەی ئینحیساری تووتنی کۆیە، ڕانیە، قەڵادزە تووتنی (فەحس) بکردبایە، دەبوو دانەیەک – دوو دانە لە دیوانەکە بکڕێ، ئینجا ئەگەر ئەوە حاڵی دیوانی کەڵەشاعیرێک بێ، دەبێ دیوانەکانی تر چۆن ڕۆیشتبن؟!

**ڕامان:** ئەمە ڕوویەکی پرسیارەکە بوو، ئەی بۆ کێ دەنووسیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** من ناوەرۆکی بەرهەمەکانم لەپێناو مەسەلەی ڕەوای کوردستانیانە، بەرهەمەکانم بەشێکی دانەپچڕاون لە خەباتی نەتەوایەتی- چینایەتی ئەم وڵاتە پیرۆزە، وابزانم بەڵگە نەویستیشە، بەگشتیش شاکەسەکان نموونەی چینی چەوساوەی کۆمەڵایەتی و ژیانی خەباتگێڕانی کوردایەتین، جەنابیشتان وای نابینن؟!

**ڕامان:** چەند لە چیرۆک و ڕۆمانەکانتدا، ئافرەت و کێشەکانیت بە هەند وەرگرتووە؟ ئەی چۆنت ئەو کێشانە چارەسەر کردووە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** من نە پزیشکی دەروونیم و نە لێکۆڵەرەوەی کۆمەڵایەتیم تا بەشێوەی زانستییانە بۆ مەسەلەکانی ئافرەت بچم و توێژینەوەی لەبارەوە بکەم، بەڵکو هەردووکمان یەکتری دەنووسینەوە. هەندێ بەسەرهاتی ژنی کورد لە قاڵبێکدا بەرجەستە دەکەم، هەموو چارەکانیش ڕووناکبینی بێ، یان ڕەشبینی لە سروشتی کۆمەڵایەتییەوە دەبینرێ، بەگشتی جۆرە ڕەشبینییەکیان پێوە دیارە، ڕەنگە بێوەژنیی (هەمین)ی جوان و جحێڵی دایکم، ساتی کەوتنە خوارەوەی (ئافتاو)ی ساوای خوشکم و مردنی ناوادەی جۆرە گەرایەکی ڕەشبینی لە مندا دانابێ و لە بەرهەمەکانم ڕەنگیان دابێتەوە. هەر لە یەکەم چیرۆکەوە (بەسەرهاتی کنێر- ١٩٥٧) لەو دەرگایەم داوە کە ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بووە، ڕەنگە زۆربەیان جۆرە تاریکبینییەکیان پێوە دیاربێ، بەڵام نهێنی و ڕەمز سیمای گشتییانە، ئینجا تێیدا سەرکەوتووم، یان نە، ئەوەیان سات و مەبەستەکە تێبینی دەکات، بەڵام بە نووسین و کردەوەش، لەگەڵی هاوکار و هاوسۆزم.

**ڕامان:** جیاوازی لەنێوان زمانی شیعر و زمانی چیرۆک لەچیدا دەبینیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** لە شێوە و ناوەرۆکیشدا دوو دنیای ئەدەبی جیاوازن، لەبەر ئەوە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە هەیە، کە لە چاوپێکەوتنێکی وادا مەبەست بەدەستەوە نادا. بەگشتی زمانی شیعری، ئیقاعێکی مۆسیقایی لەخۆ دەگرێ، چیرۆک پەخشانێک و داڕشتنێکی ترە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هەردوو زمان بە تەواوی لێک دادەپچڕێن، بۆ نموونە لە ئەدەبی کلاسیکماندا (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی خۆی دەچەسپێنێ. لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە شێوەی داڕشتنی هەندێ چیرۆک، زمانی شیعری پێوە دیارە، هەندێ شاعیریش لە دەرگای دنیای ناوەرۆکی چیرۆکی داوە، بەڵام ئەوە گەڕانەوە نییە بۆ ئەدەبی کلاسیک، چامە شیعرییەکانی ئەدیبانی ئەو سەردەم بەڵگەن، ئەگەر سەرنجی کۆمەڵە چیرۆکی (بازنە -١٩٧٩) بدەن، کە ناوەرۆکێکی ڕیالیزمی ڕەمزی لەخۆ دەگرێ، بۆ ئەوەی خوێنەر وەڕس نەبێ و ڕەمزەکانی پێ هەرس بکرێ، جۆرە ئیقاعێکی شیعریی پێوە دیارە، کە بەڕای من لە چیرۆکایەتییانی کەم نەکردۆتەوە.

**ڕامان:** زمانی چیرۆکەکانت، بەزمانی شار، یان گوند دەزانیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەوە پتر لە شانۆنامەدا بەرجەستە دەبێ، گفتوگۆی ئەکتەرەکان دەیسەپێنێ. لێرە دەبێ لە دوو ڕووەوە بۆ پرسیارەکە بچین. بۆ ئەوەی دەقی شانۆنامە، لە سروشتی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی نزیک بێتەوە و خۆی تێدا ببینێتەوە، نووسەر ناچارە بەشێوەی شاکەسەکە بدوێ، منیش لە کۆمەڵە چیرۆکی (بوومەلەرزە لە گۆمی مەنددا -١٩٦٩) بەپێی ئاست و شوێن و ناوچەی گفتوگۆکانم داڕشتووە، هەندێ لە چیرۆکنووسەکانمان، لەوەش پتر بۆ ئەم کارە چوون، شێوەی قسەی بادینی و سۆرانی، هەورامی و سلێمانی، کۆیی و کەرکووکی.. یان پێوە دیارە، لێرەوە دەبێ ئاگاداربین، شێوەی داڕشتنی چیرۆکەکە، ڕستەکانی، لە گفتوگۆکانی ناوەوە جیا بکرێنەوە، چونکە هونەرێتی چیرۆک لە شێوەی داڕشتنەکەی ڕەنگدەداتەوە، بەڵام تەکنیک و شێوەی گێڕانەوە لای من، زمانی شارە.

**ڕامان:** بەپێی بیروڕای تایبەتی خۆت، سەرەتاکانی چیرۆکی کوردی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ژیانی ناو ئەشکەوت، پێوەندی مرۆڤ بەیەکترییەوە، گێڕانەوەی بەسەرهات و ڕووداوی

ڕۆژانە، بە ئاماژە و دەست و دەم و قاچ جوولآن، دیدی مـــرۆڤی (نیـــاندەرتاڵ) ســـەرەتان بۆ چیـــرۆک، هەڵکەندراوەکانی سەر دیواری ئەشکەوتەکان، گێڕانەوەی ژیانی ئەو ســاتانەیان نیـــیـــە؟! لای من چیـــرۆک و پەخشانیش لە سەرەتای هەستی خۆشی و مەترسی و ئازار و گێڕانەوەی ڕووداو دەستی پێکردووە، پێویستی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە دروستی کردووە، بەڵام وەک ژیانی ئادەمیـزاد خـۆی، بەرەوپێش چووە.. بەڵێ جەخت دەکەمـەوە، چیرۆک لەگەڵ هەست و بوونی ژیانی کـۆمـەڵایەتی دروست بووە. من نەوتوومـە و نە دەڵێم چیرۆکی هونەری لە دایکبووی بیری کوردستانییە، دان بەوەشدا دەنێم، کە نەک هەر لە ئەوروپا سەری هەڵداوە، بەڵکو پاش یەکەمین جەنگی جیهانی بە ئێمە ئاشنابوو، بەڵام نەهاتە سەر بەردی ڕەقوتەق، بەلانی کەمەوە دەتوانم بڵێم، چیرۆکـە فـۆلکلۆرییـەکـان، کـلاسیـکییـەکـان، حەکـایەتی حـەکـایەتخـوانەکـانی شـەوانی زسـتـان، ڕێ خۆشکەر بوون بۆ ئەدەبی هونەریی کوردستانی.

**ڕامـــان:** بوونی دیدگـــایەک بۆ چیـــرۆکنووس چەند بەپێویست دەزانیت؟

**کـاکـەمـەم بۆتانی:** نەک دیدگـای چیـرۆکنووس، بەڵکو ئەوە بۆ هەمـوو کوردستـانیـان بەپێویست دەزانم، چونکە ڕێ خـۆشکـەرە بۆ هەنگاوەکـان، هەر ئەویش پێـوەری ڕاسـتی و هەڵەی کـار و کـردارە، ئەوەش لە (ئایدیا)وە سەرچاوە دەگرێ، مەبەستم لە ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتی نییە، بەتێکڕا سەیری دەکەم، ئەگەر دیدگا نەبێ، چی بە خـوێنەری بەرهەمـەکـەت دەڵێی؟ باسی چی بۆ دەکـەیت؟ چۆن وای لێدەکەی تا کۆتایی لەگەڵت بڕوات؟!

**ڕامـــــان:** ســــەرەتـا چۆن بە تـەکنیـک و هـونەری چیرۆکنووسین ئاشنا بوویت؟

**کـاکـەمـەم بۆتانی:** تاکـە سـەرچاوە و قـوتابخـانەی تەکنیـک و هونـەری چیـرۆک، خـوێندنەوەی چیـرۆک و ڕۆمانەکانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بوو، خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەکان بیریان کردمەوە..

**ڕامـــان:** دوای ئاشنا بوونەکـــە، چۆن ئەو هونەر و تەکنیکانەت لەناو چیرۆکەکانتدا جێبەجێ کردووە؟

**کـاکـەمـەم بۆتانی:** دۆخی کـۆمـەڵایەتی و خـێـزانی یاریدەدەرم بوون کـە لە بیـر و هەڵوێسـتی سـیـاسی و کـۆمـەڵایەتیـدا تووشی دوودڵی نەبم، هەر زوو بە دۆخی کــوردســـتـــان و ژیانی کــوردەواری ئاشنابووم، لەگـەڵ کـوردایەتیـدا ئاوێتـە بووم. لای من کـوردایەتی خـەباتی چینایەتی لە ئامێز گرتووە، بەرهەمەکانیش لەو بازنەیەدا دەسـووڕێتـەوە، تەکنیکی ئەدەبی ڕیالیـزمـیش ئەوەندە قـورس نیـیـە، داڕشـتنەوەکـانیـشی بەپێی توانایی چیـرۆکنووس خـۆی دەگـۆڕێ. من هەمـیـشـە تەکنیکی چیرۆکم بۆ خزمەتی ناوەرۆک داناوە، ئەوەندەی بیرم لەوە کـردووەتەوە چ شـێـوە داڕشـتنێک خـزمـەتی ناوەرۆکی چیرۆکەکەم دەکات، بیرم لە تەکنیک نەکردووەتەوە، ئەوە مانای ئەوەش نییە، تەکنیکم پشتگوێ خستووە.

**ڕامان:** لە ئەزمـوونی نووسینتدا هیچ ڕێکەوتووە کاری فـۆرمـالیـزمـیت کـردبێت و ناوەرۆکت بەلاوە نابێت، بە تایبـەتی لەسـەرەتای سـاڵانی حـەفـتـاو دوای دەرکـردنی بانگەوازی ڕوانگە؟

**کـاکـەمـەم بۆتانی:** دەروێشـێکی وەک من، ئەوەی لێ چاوەڕێ ناکـرێ، بانگەوازی ڕوانگە لای من هەنگاوێک بوو بۆ تازەکردنەوەی شێوەو داڕشتنی ناوەرۆکی ئەدەبی ڕیالیـزمی، هەوڵم داوە شێـوەی تازە بۆ ئەدەبی بەرگری و بەرەنگاری بدۆزمەوە، داڕشتنەکان تۆکمەتر بکەم.

**ڕامان:** چیرۆکی چیرۆکنووسە لاوەکان دەخوێنیـتەوە؟ کێ لەو چیرۆکنووسە لاوانە سەرنجی تۆیان ڕاکێشاوە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بەگشتی کەمیان هەن توانیبێتیان لەو بوارەدا مەلە بکەن، وەک دەشزانن، هەمـوو دەستـپێـکێک بێ کەموکوڕی نـابێت، خۆشمان بەو دەورەدا تێپەڕیوین، بەڵام بەداخەوە زۆریی گۆڤار و ڕۆژنامە و لاپەڕەی ئەدەبی لە ڕۆژنامـە سـیـاسـیـیـەکـانـدا تاڕادەیەک کـاری ئەدەبی شـێـواندووە، زۆری و بۆریمان پێـوە دیارە، کـە زیانی لە کـاری ئەدەبیـمـان داوە. مـەبەسـتم لە چیـرۆکنووس و ڕۆمـانـنووسی دوای (ڕوانگە) نیـیـە، چونکە زۆربەیان خـاوەن ئەزمـوونی خـۆیانن و بەرهەمـەکـانیـان شـایەنی خـوێندنەوەیە، بەڵکو ئەو چیـرۆکنووسانەم مەبەستـە کە دوای ڕاپەڕین دەستیان بەکار کردووە و بەرهەمەکانیان لە کـۆڕ و مـیـهـرەجـانەکـاندا دەبیـسـتم، یان لە گـۆڤـارە ئەدەبییـەکـاندا دەیانخـوێنمـەوە و نموونەی جوان و تازەم تێدا دیون.

**ڕامان:** خۆت لە بەشی دووەمی پرسیارەکە لادا؟

**کاکەمەم بۆتانی:** وتم بەگشتی، چونکە ئێستا چیرۆکی هەمـوویانم لەبەر دەست نییـە تا بەرهەمـەکـانیـان بەراورد بکەم.

**ڕامـــان:** پێش ئەوەی دەست بکەیت بە نووســـینی

چیرۆکێکی نوێ، لەلای خۆتەوە، بڕیار دەدەیت چیرۆکەکەت، ڕۆمانەکەت بە ساکاری، یان بە تەمومژاوی و ڕەمزی بنووسیت؟ یان بە چ شێوەیەک گوزارشت لە بیرۆکەکەی لای خۆت دەکەیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەدیبێک بڕوای بە خەباتی نەتەوەیی- چینایەتی (کوردایەتی) کوردستانی هەبێ، لە هیوا و ئامانجەکانی چینە چەوساوەکان نزیک ببێتەوە و بۆ ئەوان بنووسێ، چۆن بیر لە بەرهەمی تەمومژاوی دەکاتەوە؟ ڕەنگە بەرهەمێکی منت خوێندبێتەوە لە داڕشتنەکەیدا سەرکەوتوو نەبووبم و نەمتوانیبێت جەنابت حاڵی بکەم، بەڵام قەتوقەت بڕوام بەو شێوەیە نەبووە. ئەو دەورەی پەنام بۆ ڕیالیزمی ڕەمزی برد، ئەوە بۆ دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و نوچدانی کوردایەتی لە کوردستانی باشوور دەگەڕێتەوە، جەنابتان ئەو دەورەتان دیت کە چۆن جەماوەر بڕوای بە زۆر شت لەق ببوو، پاشاگەردانی دروستکردبوو و هەربەکە لە ئاشێکی دەکرد، منیش نائومێدی سەری لێدام، بە چاوی خۆم دەمدی، ئەو کۆڵەکانەی دەستم پێوە گرتبوون، نەک هەر بەلادا دەهاتن، بەڵکو وردوخاش دەبوون، دەرفەتی (لێبوردنی گشتی)م قۆستەوە، بەماڵ و منداڵەوە گەڕامەوە سەر لانەی وێران، بەدەم ڕێگاوە لەژێر ڕێژنەی فرمێسک و هەناسەی ساردەوە، بەخۆمدا، بە بیروبڕوامدا چوومەوە، بڕیارم دا لەگەڵ ئەو کەسانە بم کە دەست بە باڵی کوردایەتییەوە دەگرن و دەیخەنەوە سەر پێ.من پیاوێکی ڕێکخستنی سیاسی نهێنی نەبووم، تەنیا ئەوەندەم پێدەکرا، لە هەر دەرفەتێک، شوێنێک بۆم بلوێ بە خەڵکی بڵێم: خۆتان ڕاگرن، ورە بەرمەدەن، ئاسۆ ڕوونە، باشترین شێوەی دەربڕینی ئەدەبی ئەو سەردەمەش (ڕەمزی) بوو، کە لە چیرۆکەکانی ناو (بازنە- ١٩٧٩)دا ڕەنگی داوەتەوە، ئینجا ئەگەر تەمومژی پێوە دیار بێ، ئەوە هەر ئەوەندەم شک دەبرد.

**ڕامان:** ناوی چەند چیرۆکێکی بیانی (غەیرە کوردی) بژمێرە، کە لە یادەوەریتدا مابێتنەوە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** پرسیارێکی قورسە، دەتەوێ ناوی چەند چیرۆکێکی بێگانەت بدەمێ کە لە (٦٠) ساڵی خوێندنەوەمدا لە یادم مابن؟ ببوورە بۆ ئەوەی غەدر لە خۆم و ئەدیبانی بیانی و خوێنەرە بەڕێزەکان نەکەم و لە ئاستی هیچیان کەم نەکەمەوە.

**ڕامان:** ئەی ڕۆمان؟ ناوی دە ڕۆمانی جیهانیمان پێ بڵێ کە لە یادەوەریتدا مابێتنەوە.

**کاکەمەم بۆتانی:** چ ئەدیبێکی چەپڕەو هەیە (دایک)ی بە شاکار دانەنابێ؟ بە (دۆنکیشۆت) سەرسام نەبووبێ؟ لەگەڵ ساتەکانی (خۆشەویستی لە زەمانی کۆلێرادا) نەژیابێ؟ یان (سواڵکەر)ی نەجیب مەحفووزی بە وردی نەخوێندبێتەوە؟ یان (فی بیتنا رجل)ی لەگەڵ خەباتی نهێنی کوردایەتیدا بەراورد نەکردبێ؟ بۆ ڕۆمانی (ڕەگەکان) کە بردنی (ئەفریکاییەکان)ـە بۆ (ئەمەریکا) بە جۆرێک لە دەرکردنی (هەمەوەندەکان) ناچێ، کە دەوڵەتی ئیسلامی عوسمانی بۆ (ئەفریکا)ی باکووری بردن؟

**ڕامان:** کام لەو کورتە چیرۆک و ڕۆمانانەی خوێندووتنەوە، حەزت کردووە خۆت نووسەری بوویتایە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بە درێژایی ژیانم نەک هەر حەسوود نەبووم، حەزیشم کردووە هاوڕێ و هاوپیشەکانم سەرکەوتووبن، ئەم ڕاستییە دۆست و ناسیارانم دەیزانن، بۆیە هەر کارێکی ئەدەبی، پیشەیی (دنیای دارستان)م خوێندبێتەوە، بە ئیعجابەوە سەیرم کردووە، تەنیا دەستخۆشیم هەبووە پێشکەشی بکەم، نەک حەزم دەکرد نووسەرەکەی بوومایە، بەڵکو حەزم دەکرد بەرهەمەکانی منیش وابوونایە.

**ڕامان:** بارودۆخی ئەمڕۆی چیرۆکی کورت لە ئەدەبی کوردیدا چۆن دەبینی؟

**کاکەمەم بۆتانی:** برا.. پرسیارەکانت لە (گۆشە)کان گیرم دەکەن، منیش وەک ماوتسی تۆنگ دەڵێ (با هەزاران گوڵ بگەشێنەوە..)، بەڵام دەبێ خونچەکانیان لاواز و دەردەدار نەبن، ئەگینا نەک گوڵەکە بێ بۆن دەبێ، بەڵکو ئەوانەی دەوروبەریش نەخۆش دەخات، ئەم پاشاگەردانییەی لە دنیای ئەدەبی کوردیدا دەبینم، بە سانایی پێم هەرس ناکرێ، نەک هەر ئێمەی ئەدیب، بەڵکو هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لێی بەرپرسیارن. ئەدیبە لاوە سەرکەوتووەکانی تێدا بزر بووە، بەداخەوە ڕۆژنامەکان گەرەکیانە لاپەڕەکانیان بە سپی دەرنەچن، ئینجا بەچی پڕ دەکرێنەوە گرنگ نییە، ڕاستە گەلانی تریش بەم دەورەدا تێپەڕیون تا سەقامگیر بوونە، بەڵام ئێمە لەوەشمان تێپەڕاندووە.. لێرە مەبەستم ئەوە نییە هیچ چاودێرییەکی سیاسی لەسەر نووسین هەبێ، بەڵام بیریش لەوە نەکرێتەوە، لاپەڕە ئەدەبییەکان بە هەرچییەک بێ پڕ بکرێنەوە. بەگشتی لە داڕشتنی شێوەی چیرۆکی

لاوان گلەییم کەمە، هەر ئەوانەن کە جاران دەکران، بەڵام لەناوەڕۆکدا هەست بە جۆرە پاشەکشێیەک دەکەم، ڕەنگە ئەوەش لەبەر ئەوە بێ کە ناوەڕۆکی ئەدەبی ڕیالیزمی کەمی پێوە دیارە، سەرەڕای ئەمانە هەمووی دنیای چیرۆکی کورت بەرەو پێش چووە، بەڵام زیوانی زۆرترە، ئۆباڵەکەش لە ئەستۆی هەموومانە.

**ڕامان:** بۆچی لە نووسینی کورتە چیرۆکدا پشت سارد بوویتەوە و ساڵانێکی زۆرە بە دەگمەن نەبێ چیرۆکی کورتت نەنووسیوە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** جا کەی من گەرموگوڕ بووم؟ لە ماوەی (٤٠) ساڵی نووسینی چیرۆکی کورتدا، سێ کۆمەڵە چیرۆک و چەند تاکە چیرۆک و کۆمەڵە کورتیلە چیرۆکێکم بڵاوکردووەتەوە. من لە سەرەتای کاری ئەدەبیمدا لەگەڵ زۆر و بۆر نەبووم، من لە جەنابتان دەپرسم: کێ دەتوانێ لە شاعیریەتی ئەحمەد هەردی کەم بکاتەوە، کە شیعرەکانی بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن؟ یان چیرۆکنووسێکی وەک موحەڕەم محەمەدئەمین؟

**ڕامان:** بەرانبەر بە فۆرمالیزم، کەسانێکیش هەن لە نووسینەکانیاندا تەنیا بایەخ بە (ڕووداو) و (مێژوو) دەدەن، کە ئەوەش بۆ خۆی نەخۆشییەکی دیکەی هونەرەکەیە؟ تۆ دەڵێی چی؟

**کاکەمەم بۆتانی:** من یەکێکم لەو نەخۆشانەی باسی دەکەیت، خۆزگە هەموو چیرۆکنووسان و ڕۆماننووسانی ئێستا و لەمەوداش تووشی ئەم نەخۆشییە دەبوون، بۆ ئەوەی ڕووداو و کارەساتی داگیرکەرانی دەرودراوسێ و سەرمایەدارانی ئەوروپا و پرۆژەکانی بەرەی سۆشیالیستی سۆڤیەتیان لە شێوەیەکی هونەری دادەڕشت. ئەگەر ڕووداوە مێژووییەکان، کارە دڕندەکان، ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی کوردستانی ئەدیب نەبزوێنێ، چی دەیبزوێنێ؟ لای من ئەدیب عاتیفە و هەست و نەستە، خۆشەویستی مرۆڤایەتییە، ساتە پڕ ئارەزووەکانی ئادەمیزادە، ئێستاش ڕۆماننووسە گەورە و سەرکەوتووەکانی ئەڵمان، ئیتاڵی، ژاپۆنی، لە ڕێی شاکەسێکی کارەکەیانەوە، ماڵوێرانی جەنگەکانی جیهان بەبیر خوێنەر دەهێننەوە، من مەبەستم نییە بە چ شێوەیەک چیرۆک و ڕۆمان دادەڕێژن، چ ئسلووبێک بەکاردەهێنن، چ بەرگێکی لەبەر دەکەن، مەبەستم ناوەڕۆکی کارەکەیە. من لە ئێوە و ئەدیبانی کوردستان دەپرسم، هەرچی ڕۆماننووسی گۆی زەوی هەیە، بەرهەمەکانیان بۆ ئەنفال و کیمیاباران و زیندەبەچاڵ کردنی کوردستانیان (لە ساواوە تا پیری پەککەوتە) فەیلییەکان، بارزانییەکان، ساتەکانی ژیان و مردنیان تەرخان بکەن، دەرەقەت دێن؟ من تکام لەو ئازیزانەیە، کە بە ئازادی بنووسن، سەربەست بن لە شێوەی داڕشتنی بەرهەمەکانیان، بەڵام کوردستانیانە بیر بکەنەوە، چونکە هەر ئەوانن ڕێڕەوی ئەدەبی کوردی دەگەیەننە لووتکە.

**ڕامان:** خۆت لە کوێی چیرۆکنووسان و ڕۆماننووسانی کورددا دەبینیتەوە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** وەک ئێوە دەیبینن!

**ڕامان:** وەڵامت نەدامەوە!

**کاکەمەم بۆتانی:** وەک هەموو ئەوانەی لە کاری ئەدەبیدا مەلە دەکەن.

**ڕامان:** باری سەرنج و بیروڕای تۆ سەبارەت بە بارودۆخی ڕۆمانی کوردی ئەمڕۆکە چییە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** لە سایەی ڕۆماننووسەکانی دوای بانگەوازی ڕوانگە، تاڕادەیەکی بەرچاو بەرەوپێش چووە، هەندێکیان شایەنی ئەوەن بە دنیای ڕووناکبیری نیشان بدرێن.. کەرستەی کاری ئەدەبی لەم خاکەماندا زۆرە، بەڵام چۆن دادەڕێژرێ، چۆن نیشان دەدرێ، ئەوەش پێوەندی بە شێوەی داڕشتن و توانایی ئەدیبەوە هەیە.

**ڕامان:** باشترین و سەرکەوتووترین چیرۆکی کوردی کە دەیخوێنیتەوە، خەسڵەتەکانی چییە؟ بەچی لە چیرۆکە ئاساییەکانی دی جیای دەکەیتەوە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** پرسیارێکی ئەکادیمیانەیە و لە زانکۆکاندا دەخوێندرێ و دەمانگەیەنێتەوە سەر ڕێباز و مەرجەکانی ئەدەبی و قوتابخانەکانیان، کە ئەویش لە فۆرم و ناوەڕۆکدا خۆی دەبینێتەوە. منی قوتابی ڕێبازی ڕیالیزمی لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا، ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەدەبی بەو پێوەرە لە مەحەک دەدەم، بەڵام ئەدیب ئازاد و سەربەستە بە چ شێوەیەک دایدەڕێژێ، گرینگ ئەوەیە خوێنەر ڕازی بکات و بەشەوقەوە لەگەڵ کارەکە بڕوا و هەست بەوەڕسی نەکات.

**ڕامان:** لە بارەی ناوونیشانی چیرۆک و ڕۆمان بیروڕاتان چییە؟ ناوونیشان چەند لەلای ئێوە جێگەی بایەخ و گرنگە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بێ گومان لە ئەدەبی ڕیالیزمیدا تایتڵ و ناوونیشانی کارەکە دەوری هەیە لە ڕاکێشانی خوێنەر و نزیک کردنەوەی لە بیروبۆچوونی خۆی،

مەحموود زامداری نووسەر زۆرجار دەیوت: (باشترین ناوونیشان بۆ کارەکانت هەڵدەبژێریت).

**ڕامان:** چۆن ناوونیشان بۆ چیرۆک و ڕۆمانەکانت هەڵدەبژێریت؟ دوای تەواوبوونی چیرۆکەکە، یان ڕۆمانەکە دایدەنێیت، یان پێش نووسینیان؟

**کاکەمەم بۆتانی:** وەک خۆم، نەک هەر لە بەرهەمە ئەدەبییەکانمدا، بەڵکو لە کارە زانستییەکان و مێژووییەکان و بەسەرهات و یاداشتەکاندا، گرنگی زۆری پێدەدەم. مەبەستمە لە دوو - سێ وشەدا کۆی بکەمەوە.. بەدەم نووسینی کارەکەوە چ چیرۆک بێ، چ ڕۆمان، بیر لە ناوونیشانەکەی دەکەمەوە، هەر بۆ نموونە لە ماوەی نووسینی دوا ڕۆمانمدا (وازییەکانی ڕەشەگۆم- ٢٠١١) تا تەواو بوو، پتر لە چوار جار دەستکاری ناوونیشانیم کرد، ئەگەر زانیت (وازی)، یانی (یاری) بەشێوەی گەرمیانی، بە تایبەتی (کەرکووکی)، (ڕەشی) نەوت و (گۆمی) ژێر زەوی خاکەکە، تۆی نەگەیاندە ئەنجامێک؟

**ڕامان:** هەستت کردووە چیرۆکی کورت لەم سەردەمەدا، هێزی دەربڕینی نەمابێ و شوێنی خۆی بۆ ڕۆمان چۆڵ کردبێ، تا باشتر گوزارشت لە گێرمەو کێشەکانی ئەم سەردەمەمان بکات؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەم پرسیارە ئاو زۆر دەکێشێ و ناتوانم لەم چاوپێکەوتنەدا یەک بڕیاری لەسەر بدەم، چونکە یەک وەتیرە و ڕێڕەوی ژیان لە دنیادا نییە، کات و شوێن دەوری سەرەکیی لە ئارەزووی خوێنەردا دەبینێ. وای بۆ دەچم لە دنیای سەرمایەداری پێشکەوتوو، لە ئەنجامی کاری زۆری ڕۆژانە و هاتوچۆ، خوێنەرانی ئەدەب- بەگشتی- نە دەپەرژێنە سەر ئەوەی لە خوێندنەوەی ڕۆمانێکی چوار سەد، پێنج سەد لاپەرەیی بەردەوام بن، نە ئەو کارانە حەزی خوێندنەوەیان دادەمرکێنێتەوە، بۆیە پەنا بۆ ئەو کارە ئەدەبییانە دەبەن کە لە ماوەیەکی کەمدا حەز و ئارەزوویان بشکێنێ. بۆ تێرکردنی حەزی خوێندنەوەی ڕۆمانیش سەیری فیلمێک، شانۆگەرییەکی ناو تەلەڤزیۆن، ئینتەرنێت، شریتی ڤیدیۆ دەکات، بەڵام لە جیهانی سێیەمدا لە شوێنێکی وەک کوردستان، نەک هەر ڕۆمان خۆی گەشەی کردووە، بەڵکو خوێنەریشی زۆرتر بووە، ئەمەش نەیتوانیوە جێ بە چیرۆکی کورت لەق بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە چیرۆکی زۆر کورتیش باوی‌یەتی.

**ڕامان:** بۆچی لە کۆچیرۆکی (بازنە)دا هەوڵت دا پەنا ببەیتە بەر نووسینی ئەو جۆرە چیرۆکانە (لە ڕووی تەکنیک و فۆرمەوە)؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەم جۆرە کارەم دەگەڕێتەوە بۆ دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە کوردستانی باشووردا. جەنابتان لەو ساڵانەدا ژیاون و دەزانن مرۆڤی کورد تووشی چ دارمان و کارەساتێک ببووەوە، بڕوا لەق ببوو، قین سەری کردبوو، سوپای داگیرکەر ڕێکخراوەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پیشەیی نەتەوەی باڵادەست، نەفام و کرێگرتەی ناوخۆ، گەمارۆی مرۆڤی کوردیان دابوو و بەهەموو شێوەیەک هەرەسیان پێدەهێنان.. دەبێ ئەو ڕاستییە مێژووییە بزر نەبێ، هەندێ ڕووناکبیر و ئەدیبی کوردی کوردستانی باشوور، نەک پێشیان بەو هەرەسە دەگرت، بەڵکو بە قسەو بەرهەمیش ورەی مرۆڤیان بەرز دەکردەوە، دەتوانم بڵێم هەندێ ئەدیب جێی شانەی چۆڵی پارتەکانیان پڕ دەکردەوە. من کوڕی ڕێکخستنی سیاسیی نهێنی و شانەی چەکداری نەبووم، دەبوو لەم لێقەومانەدا دەوری خۆم ببینم و ڕێ لەو تێکشکانە دەروونییە بگرم و بە کوردستانیان بڵێم ئەمە کۆتایی دنیا نییە، بەدەم ڕاستکردنەوەی هەڵەکانمان، بە گوڕوتینێکی ترەوە هەڵدەستینەوە، بەڵام چۆن دەکرا ئەو جۆرە ناوەرۆکە لە قاڵبێکی ڕیالیزمیدا دابڕێژم؟! کێ بۆم بڵاو دەکاتەوە؟ چ کۆڕ و کۆبوونەوەیەک ڕازی دەبێ؟

**ڕامان:** ئەی بۆ پەنات بردە بەر ڕەمزییەت لە نووسینەکانتدا؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بۆ ئەوەی بەرهەمەکانم بەر چاوی خوێنەر بکەون، کارەکەم خستە چوارەچێوەی شێوەیەکی تایبەتی، ناوم نا (واقیعی ڕەمزی)، حەز دەکەم دڵنیاتان بکەمەوە (شاهیدی زیندووشم ئەدیبان: سەعدوڵڵا پەرۆش و جەوهەر کرمانجە..) ئەو جۆرە داڕشتنە زادەی بۆچوونی خۆمە، ڕەنگە لەژێر تەئسیری ئەدەبی کلاسیکی و هەندێ نموونەی تر، بیرم لێکردبێتەوە، بەڵام لاسایی کردنەوە نەبوو، ئینجا بە داخەوە دەرگای گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەیان لەسەر داخرا، چونکە پوازەکە لە خۆمان بوو!

# توندوتیژی، ژینگەی ئەمڕۆ

**بەیان سەلمان**
**(فەرەنسا)**

**سەرەتایەکی پێویست**

ڕاستە وەک فەلسەفە پێمان دەڵێ: مرۆڤی هزر ئەوەیە کە دەگەڕێ تا لەگەڵ ئەوانی تردا گوتارێک پێکبهێنێت (ئیونیڤێرسەل) بێت و لە ڕووی مافەوە بۆ هەموو کەسێک بشێ؟ نووسین شێوازێکی ئاخافتنە بە بێدەنگی، دژی بێدەنگی، کە لە پێشدا پێشنیاری خۆمانی دەکەین. هەر خودی دیالۆگیش بەوەی لە دەرەوەی خۆمانە و لە مۆنۆلۆگ جودای دەکاتەوە و جەختە لەسەر قبووڵکردنی ئەوی تر و بەشداربین لە بەرهەمێکی ئەقڵانییەت کە دیالۆگە. فەیلەسووفی ئەڵمانی هاوچەرخ سلۆتەردایک دەڵێ: "بۆ ئەوەی فەلسەفە بکەی، دەبێ دژی هەموو شتێک بیت."، بەم واتایەی سلۆتەردایک دەبێ تووشی نائۆمیدی بیت لە هەموو شتێک، تەنانەت لە فیکریش نائۆمێد بیت. بە پێی بیروڕای هایدگەریش ئەوەی لە هەموو شتێک جیامان دەکاتەوە ئەوەیە کە خۆمان دەخەینە بەر پرسیارەوە. ئەم نووسینەش بوارێکە و هەوڵێکە تا نەچینە خانەی توندوتیژەکان و بتوانین پێکەوە لە توندوتیژی بدوێین و تێبگەین و تا ڕادەیەکیش گەشبین بین، نەک ڕەشبینی دامانگرێت.

**پێشەکیی**

توندوتیژی جەستەیی بێت، یان ڕەمزی بێت، بە هەموو فۆرمەکانییەوە، بیرۆکەی لەناوبردن، یان سڕینەوەی ئەوی تری لە پشتە، تەنانەت ئەگەر خۆی لە فۆرمی سایکۆلۆژی و زارەکیشدا کورت بکاتەوە کە زۆرجار وەلاوەنراون: من تۆ جێ لەق دەکەم تا خۆم سەرکەوم، یان بوونی تۆ دەسڕمەوە تا بوونی خۆم مسۆگەر بکەم، ئەمە ئەگەر پشتی بە جێگرتنەوەی ئەوی تر نەبەستبێت، واتە تۆ بەتەواویی دەکوژم تا جێی تۆ داگیر بکەم و ئەو بەشەی تۆش هەر بۆ من بێت. فەیلەسووفی فەرەنسی ئیڤ میشۆ لە کۆنفرانسێکدا بە ناوی توندوتیژی و وەیەکدادان بەم شێوەیە توندوتیژی فیزیکی پێناسە دەکات: "(...) مرۆڤ ئەو ئاژەڵەیە کە لە نێوان هەموو ئاژەڵەکانی تردا شایان بە بەرزترین پلەی کرداری توندوتیژییە.".

توندوتیژی، یان لە دەرەوەی کۆمەڵگەوە بەرهەم دێ، سەربازی بێت وەک هێرشکردن و شەڕ و کوشتار، کە ڕەهەندی سیاسی هەبێت، بیری ئایدیۆلۆژی لەدواوە بێت وەک تیرۆریزم، ناوخۆیی بێت وەک ڕێکخستنی خۆپێشاندان و پاشان لێ کەوتنەوەی توندوتیژی، هەروەها نموونەی هەرزەیی و شەڕە گەڕەک، یان دژ بە

ئاڵۆز بێت. واتە چ ڕوو بەڕوو بێت وەک شەڕی کلاسیکی کۆن، یان بە نێوەندی بووردومانی تۆپ و ئاڵوگۆڕی تەقە و تەقینەوە بێت، ئەمانە هەر هەمووی لە بنچینەیەکی توندوتیژییەوە سەری هەڵداوە، بێجگە لە دەیان فۆرمی تری ئاشکرا و نائاشکرا، لە نێو خێزان و لە ژیانی مۆدێرن، کە بێجگە لە دەستی وڵاتان، کۆمپانیا زەبەلاحەکانیش دەستیان تێدایە بۆ دابینکردنی وزەی بەرهەمهێنانیان، هەموو بەراوردکردنێکیش لە نێوان فۆرمە جیاوازەکانی ئاڵۆزە، هەر بۆیە هەموو لێدوانە ئێپستمولۆژییەکانیش لەو بارەوە بەڵگەن لەسەر ئەو ئاڵۆزییە.

توندوتیژی دەکرێ پلە بێت، ئەوەی هەڵەبجە بەرانبەر بە کرداری بەرێوبەرێک نییە لە ستروکتورێکی خزمەتگوزاری بۆ نموونە، ئەمەشیان بەرانبەر بە جنێوێک نییە کە کەسێک یەکێکی پێ دەشکێنێتەوە. دیارە ئەمەیان بە هیچ دادەنێین، کەچی فۆرمێکی نەرمترە لە توندوتیژیی و لەوانەیە کەسەکە بەرەو خۆ کوشتن ببات، هەر بۆیە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا یاسای بۆ داندراوە. لە هەمان کاتدا هەموویان فۆرمەکانی دەمامکی هەمەجۆری توندوتیژین کە بۆ نەبوونی دیالۆگ دەگەڕێتەوە. کۆمەڵناس فرانسواز ئێرتییە، لە کتێبی "توندوتیژیی" ڕووی هەمەجۆری توندوتیژی دەخاتە بەرچاو کاتێ "(...) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە هەرچی مێژوومانە پڕە لە چیرۆکی توندوتیژی، هەر لە شەڕی ناوخۆی کۆلومبیا، ژینۆسایدی ڕواندە، توندوتیژی نێو ئایینەکان، چۆن کۆمەڵگەکان بەرەو کردارێکی شێتانە و هەڵەشە دەچن؟".

بڕوابوون بە دیالۆگ ئەو لایەنەش دەسەلمێنێ کە فیکر بەردەوامبوونی فیکری ترە. لەم بۆچوونەشەوە فەیلەسوف لۆسیان ژێرفانیۆن لە چاوپێکەوتنێکدا (ئەرشیڤی ئینا) سەبارەت بە فەیلەسووفانی پێشووی خۆی وتی: (...) بۆم دەرکەوت، هەر کەسێک لە باسکردنی بابەتێک ڕوانگەی خۆی هەبووە. فەیلەسووف ئەوە نییە کە دەست بۆ بەڵگەنامە دەبات، بەڵکو ئەوەیە کە دەست لە هەموو بوارێکی ژیان وەردەدات و شتی لێ دەدۆزێتەوە.

لەبەر ئەوە فەلسەفە بێجگە لەوەی داهێنەری کۆنسێپتە، ڕووبەرێکیشە بۆ بیرکردنەوە و تێرامان و ئاخافتن. وورووژانی ئەم جۆرە بابەتانە بەشدارییە لەو



**پیتەر سلۆتەردایک**

بیرکردنەوەیە، واتە ئێمە پێش ئەوەی بچینە نێو ڕووبەرێک، سەرەتا بە تەنیا بیردەکەینەوە، پاشان لەو ڕووبەرە پێکەوە بیردەکەینەوە، دواجار بە نێوەندی جووڵەی پرسیار، ئاخافتن دادەمەزرێنین تا ڕووناکی بخەینە سەر ئەو پرسیارانە و هی تریش بورووژێنین.

## بەشی یەکەم

## توندوتیژی جەستەیی، یان فیزیکی:

کە کۆمەڵێک توندوتیژی تێدا هەبێ، ناشڵێم بەرپابێت، دەبێ واتای لێبوردنی تێدا چی بێت؟

دەکرێ بیر لە مێژووی توندوتیژی دەرهەق بە کورد نەکەینەوە؟ یان بەسەریدا تێپەڕین و تەنیا بەگشتی باسی جیهان بکەین؟ واتای توندوتیژی لە سەر ئاستی گشتی کۆمەڵ و ئاستی تاکێتی چی دەگەیەنێت؟

فەیلەسووف و پسپۆڕی دەروونناسی و سیاسەتناس ژاک سێملەن لە وتارێکدا بە ناوونیشانی لە ڕەشەکوژییەوە بۆ پرۆسەی کرداری ژینۆساید، دەڵێ: (...) توندوتیژی تەنیا هەوڵێک، یان کردارێک نییە بۆ سەپاندنی دەسەڵات بەسەر ئەوانی تردا لە ڕێگای بەکاربردنی هێز، هەڕەشە، فێڵ و فریودانەوە. ئەمە لەوە تێدەپەڕێ ببێتە هەوڵێک بۆ سەپاندنی دەسەڵات، دەبێتە کردارێک کە ئامانجی پاکسازی، لەناوبردن و دوابڕینەوەی کۆمەڵێ خەڵکە، بۆیە من وای دەبینم کە

وشەی هەڵکێشـان زۆر کـاریگەرە بۆ ئەم جۆرە کـردارە، چونکە هەر وەک ڕووەک مـەبەست لە هەڵکێشـانە لە ڕەگەوە.

بەو پێیە کرداری کۆمەڵکوژی لە بیرۆکەوە تێدەپەڕێ بۆ ئەنجـامـدانی کـردارێک کـە دواتر دەبێـتـە هەوێنی تێکشکانی کەسـانی تر و دنیـا پڕی مـرۆڤی توندوتیـژ دەبێ. ئەگەر ئەو کەسە نەبێتە ئامرازێکی زەقی دەسەڵات بۆ جێبەجێکردنی توندوتیژی، ئەوە بێ گومان دەبێتە کەسێک کـە بە هێمنی و لە جێی خـۆیەوە دەسکی ماشێنی توندوتیژی دەگرێتە دەست، تەنانەت پێویستی بە فەرمانیش نییە بۆ بە ئیش خستنی دوگمەی ئەو ماشێنە، چونکە بە ویستی خۆیان بەرەو کردارەکە دەچن.

هەر لێرەوە ژاک سیملەن لە کۆنفرانسێکدا لەسەر توندوتیژی دەڵێ: (...) زۆر بیرم لەو وتەیە کردەوە کە ئەو کەسانەی بەشداری لە کرداری بە کۆمەڵکوژی دەکەن، گوایە ئەوان تەنیا فەرمانێکیان ئەنجام داوە.

ژاک سیملەن بە زمانێکی گاڵتەجاڕییەوە دەڵێ: (...) ئا بەڵێ! پرسەکە لەوە ئاڵۆزترە، دەبوو سەد جار بیـر لەوە بکەنەوە پێش ئەوەی لەو کـردارە دڕندانەیە بەشداربن. ئەمانە خۆشی و چێژیشیان لەو جۆرە کوشتنە بینیوە. ئا ئەمەشە کاری ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر کۆمەڵکوژی دەکەن، دەبێ ئەمە ئاشکرا بکەن، بێجگە لەوەی هەندێک هەن لە ڕووی فەلسەفییەوە پاساو بۆ ئەو کردارانە دەهێننەوە، دەبێ ئەمەش نیشان دەین کە وا نییە، هەر بۆیە سەبارەت بەو نووسینەی ئانا ئارێنت ئایشمان لە ژیروسالیم، دەڵێم کە من لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئانا ئارێنت نیم کە ئایشمان بە مووچەخۆرێکی ئاسایی دادەنێت. ئایشمان ئەو بیرۆکرات و مووچەخۆرە ئاساییە نەبووە کە ئارێنت وەسفی کردووە. بە پێچەوانەوە، ئەمڕۆ چاک دەزانین کە ئایشمان نازییەک بوو قەناعەتی تەواوی بەنوخبەیی خۆی هەبوو. نە لەگەڵ ئەو ڕایەشیم کە دەڵێ: "ئایشمان لەو کردەوەیە بێ فیکر بوو" (هەندێک دەڵێن بێ تێرامان بوو). بە پێچەوانەوە، ئایشمان چاک بیری لە خراپە کردبووەوە و دەیزانی بۆ ئەو چارەسەرە کۆتاییەی پێشنیارکرد.

بە درێژایی مێژووی کوردستانیش، ناوچەکە پانتاییەکی بەرفراوانی توندوتیژی بە خۆوە بینیوە. چ دەرەکی بووبێت و چ ناوخۆیی. دیارە زۆرن ئەوانەی لەسەر ئاستی دەرەکی قسەیان لەو بارەوە کردووە، لەبەر ئەوە دێمە سەر باسی پاش ساڵی ١٩٩١، کە چەندین جۆری تری توندوتیژی دەرکەوتووە. لە شەڕی ناوخۆیی کوردستان دەبینرێ کە هەموو خەڵکی گرتەوە، دواتر لە شێوەی جیا جیا و تاک بە جۆرێکی تر هاتە پێشێ، بە تایبەتی لە پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام، بگرە لەگەڵ گەشەکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش شێوەی سەیری توندوتیژی هاتە ئاراوە و ئەمە بە چاکی تێبینی دەکرێ.

لە سەردەمی کۆندا هەمان تێگەشتن بۆ توندوتیژی نەبووە، بێ گومان ئێستاش هەمان تێگەیشتن نییە، بگرە لە ڕووی جیهانییەوە هەمان تێگەیشتن بۆ توندوتیژی ژن و پیاویش نەبووە، نە لەسەردەمی بت پەرستی و نە لە دوای سەرهەڵدانی هەر سێ ئایینی ئاسمانی، جودایزم و مەسیحییەت و ئیسلام هەمان تێگەیشتن هەبووە.

## پێداچوونەوەیەکی مێژوویی:

لەبەرئەوەی باسی توندوتیژی دەکەم، ناکرێ باسی ڕەشەکوژی و ژینۆساید نەکەم، بۆیە لەم بەشەدا کەمێکیم بۆ خوێندنەوەی سەرەتای کتێبێک تەرخان کردووە کە لە داهاتوودا بە نیازم ڕانانی هەموو بەشەکانی تری بڵاوبکەمەوە: بە ناوی ڕەشەکوژی وەک ئامرازێکی مێژوو، کە لە نووسینی: کۆمەڵێک نووسەرە، بەسەرپەرشتی داڤید ئیل کینز دانراوە.

مێژووی ڕەشی تاوانەکانی ژینۆساید زۆر دووروودرێژە. بۆ وەرگرتنی بڕێک لەو پێناسە گرنگانەش پەنا بۆ کۆمەڵێ پسپۆڕی ئەو بوارە دەبەین کە بە جیاوازی سەردەمەکان ژینۆساید و ڕەشەکوژی، یان کۆمەڵکوژییان پێناسەکردووە. هەندێکیان بە نموونە دەهێنینەوە.


پشت بەستن بە زانستی تاوان (criminologie) داڤید ئیل کینز بەم شێوەیە پێناسەی ڕەشەکوژی دەکات: "کوشتنی کۆمەڵێ خەڵکی زۆرە بەیەک جار.". لەم پێناسەیەوە کە داڤید ئیل کینز لە فەرهەنگدا وەری گرتووە، ئاماژە بە ڕۆجەر دوفوور- گەمبێر دەدات. ئەم چوار جۆر تاوانی خستووەتە ڕوو کە ڕەشەکوژی پێ دەناسرێتەوە: کوشتنی سەربازی بە کۆمەڵ، کوشتنی سیاسی بە کۆمەڵ، کوشتنی تۆڵەسەندنەوەی بە کۆمەڵ و کوشتنی زۆرەملێ، ئەم دوا واتایە دەکاتە ئەوەی: (کەسەکان لە ژێر کاریگەریی دەسەڵاتێکی ساتیی شێتانەی کەسێک خەڵک دەکوژن).

بەم پێناسەیە، داڤید ئیل کینز ڕەشەکوژی لە کوشتنی

زنجیرەیی جودادەکاتەوە کە لەسەر ئاستی تاکەکەسانێک ئەنجامیان داوە، یان لەگەڵ ئەو جۆرە خۆکوشتنە بە کۆمەڵانەی کە پێش وەخت کەسەکان لەلایەن خۆیانەوە پلانیان بۆ کێشاوە و خۆیان دەرهەق خۆیان ئەنجامی دەدەن. (نموونەی هەندێ گرووپی ئایینی و سێکتەکان).

هەر بە پێی قسەی نووسەر داڤید ئیل کینز، ئەو پێناسەیەی پێشوو، کە ڕەهەندێکی یاسایی لە خۆ گرتووە، ڕەهەندی مێژوویی و کۆمەڵایەتی- سیاسی ناگرێتەوە. وشەی ڕەشەکوژی (massacre)، لە فەڕەنسا لە ساڵی ١١٠٠ داهاتووە، وەلێ تەنیا لە سەدەی شازدەوە لە ڕۆژئاوا کەوتە سەر زار. وشەکە لە ماشکلر machecler لە زمانی دێرینی پێکارد بەکارهێنراوە، ئەمیش لە وشەیەکی لاتینی میللیییەوە هاتووە: ماتیۆکە، کە لە هەمان کاتدا بۆ قەسابخانە و بۆ کەللەسەری کەڵەکێوی بەکارهاتووە کە لە پاش شەڕ وەک نیشانەی سەرکەوتنیان لەناو ماڵ هەڵیانواسیوە. ئەم وشەیە زۆر نزیکە لە وشەی مۆتەکە لە زمانی کوردیدا. لەسەرێکی تریشەوە، لە سەدەی دوازدەدا بۆ کوشتنی بە کۆمەڵی ژمارەیەکی زۆر خەڵک بەکارهاتووە. بەم واتایەش، زاراوەکە دواتر لە سەدەی شازدەوە زیاتر بۆ کوشتاری نێوان کاتۆلیک و پرۆتیستانت بەکارهاتووە. وشەی ماسە massa (بەواتای خڕبوونەوەی شت) لە دەرئەنجامدا بە کوشتنی بە کۆمەڵ دێتەوە.

لە هەمان سەرچاوەی پێشوودا، ئاماژە بەوە کراوە کە لە نێوان ١٩٠٠ و ١٩٨٧ نزیکەی ١٧٠ ملیۆن کەسی مەدەنی کوژراون، ٧٠ ملیۆنیان خودی دەوڵەتەکان ئەو کارەیان کردووە و بە شێوەیەکی ڕێکخراو ئەمە ئەنجام دراوە و ١٠٠ ملیۆنیشیان بە هۆی شەڕەوە مردوون. دیارە گەشەکردنی تەکنۆلۆژی لە سەدەی نۆزدەوە، داهێنانی باروت و کووره هۆیەکی گەورەن کە چەند ڕەهەندێکی خستە سەر ڕەشەکوژی و تا ڕادەیەک کوشتاری زۆری بە کۆمەڵی ئاسانترکرد، بە تایبەتی مردن لە ئاستی سەربازەکاندا نەوەستا، بەڵکو ژمارەی خەڵکی مەدەنی کە بوونە قوربانی لە سەربازەکانیش زۆرتربوو. نووسەر ڕۆدۆڵف ژی ڕۆمێل، لە هەمان سەرچاوەی پێشوو وشەی دێمۆسید démocide بۆ هەموو فۆرمی کوشتاری بە کۆمەڵ پێشنیار دەکات. بێ گومان هەمان هۆی گەشەکردنی ئامرازی سەربازیی بووە بە هۆی گەورەترین ژمارەی کوشتار لە یەکەم و دووەم شەڕی



**جیل دۆلۆز**

جیهانی کە کەس لەبیری ناچێ، ئەگەرچی پلەیەکی بەرزی توندوتیژی بە پێی ئادەم ڤۆن بیولۆ Adam Von Bülow کە لە هەمان سەرچاوەی پێشوو دەڵێ: ناکاتە ئەوەی لۆژیکێکی سەربازیی لەپشتەوە بێت، بەقەد ئەوەندەی ستراتیژییەتێکی دوابڕینەوەی لە دوایە، زەقترین نموونەی مێژوویییش لێرەدا ژینۆسایدی جوولەکەکانە، بۆ ئێمەی کوردیش ئەنفالە.

نووسەر و پرۆفیسۆری بواری مافناسی، ئیریک ڤێنزل لە بەشێکی کتێبی ڕەشەکوژیی وەک ئامرازێکی مێژوو، لەو بارەوە دەڵێ: (...) ئەگەر ڕەشەکوژی ماددەیەکی مێژوویی بێت، ئەوە ماددەیەکی ماف و یاساییشە. ڕووداوە گرنگەکانی مێژوو لە سەردەمی کۆنەوە تا ئەم سەردەمە نزیکانەش لە ڕووی یاساییەوە وەها لە خشتەبراون کە خاسییەتیان بە تاوان تەماشا نەکراوە، بەڵکو وەک سزایەک بینراوە، هەر بۆیە لە کۆدە بەناوبانگەکەی حەموورابی لە سەردەمی دێرینی میزۆپۆتامیا، ڕەشەکوژیی وەک تاوان هیچ ئاماژەیەکی پێنەدراوە. هەمان شت لە سەردەمی فیرعەونەکان، چونکە وەک سیمبۆلێکی دەسەڵاتی باڵای فیرعەون لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە تەماشای کراوە.

ئەگەر لە مێژووی کۆن وردبینەوە، دەبینین کە شەڕ لە میسر و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە فراوانی ئامادەیە.

لەدایکبوونی یەکەم وڵات چوار هەزار ساڵ پێش زایین، هاوکات بووە لەگەڵ یەکەم ئەو شەڕانەی لەلایەن سیاسییەکانەوە ڕێک خرابوون، هەر بۆیە لەسەرێکەوە بابەتی "پاشای خوێنڕێژ" بە ئاشکرا لەلای میسرییە دێرینەکان و ڕۆژهەڵات ئامادەیە. لەسەرێکی دیکەشەوە ئایدیۆلۆژیایەک نیشان دەدات کە پاشای سەروەر باڵادەستیی بەسەر خەڵک، تەنانەت سروشتیشەوە هەبووە. لەم بۆچوونەشەوە لە دەسەڵاتی پاشایدا بووە خوێنی بنیادەمەکان وەک ئاژەڵە دڕندەکان بڕێژێت، ئەمەش دیسان نیشانمان دەدات کە سەرچاوەی نووسین هەر بەدەست ئەو دەسەڵاتدارانەوە بووە، هەر ئەمەشە کە شوێنێکی تایبەتی لە هونەری ئاشوورییەکاندا بۆ ئەم بابەتە تەرخان کراوە کە لەوانی تر جیاوازە. وردەکاریی بەکاربردنی ئەو جۆرە کوشتارانەی لەو سەرچاوە هونەرییانەدا ڕوون کردووەتەوە و تێبینی ئەوەشیان تێدا دەکرێ کە چەندە لایەنی دووبارەبوونەوەیان بەسەردا زاڵە. بە پێی بیروڕای هەندێ پسپۆڕان ئەوانە لە سەرێکەوە بەڵگەنامەی گەورەن لەسەر وردەکاریی هونەریی ئاشوورییەکان و لە سەرێکی ترەوە پراکتیکی خوێناوی توندوتیژی کوشتاریش دەردەخات کە لەو چاخانەدا زۆر باوبوون.

ناسینەوەی ژینۆساید بە فەرمی، هەتا سەدەی بیستەم تەواو پێناسەی نەکرابوو. وشەی ژینۆساید لە ساڵی ١٩٤٤ لەلایەن دادوەری ئەمریکی بە ڕەچەڵەک پۆڵۆنی ڕافائیل لیمکەن Raphael Lemkin داهێنراوە. ژاک سیملەن لە پاکسازی و تێکشکان، بەکارهێنانی سیاسی لە ڕەشەکوژی و ژینۆساید، دەڵێ: (...) سەرەتا ژینۆساید وشەیەکە لە یاساوە سەرچاوەی گرتووە. تایبەتە بە یاسای نێونەتەوەیی و بە وردیی ناوی "تاوانی ژینۆساید"ـە، هەر بۆیە ناسینەوەی ژینۆساید بە فەرمی هەتا سەدەی بیستەم تەواو پێناسەی نەکرابوو.

## ڕەشەکوژی، یان کۆمەڵ کوژی:

کردارێکە نموونەکەی بە زۆری بە کۆمەڵ ئەنجام دەدرێ، بۆ لەناوبردنی خەڵکی بێ چەک و مەدەنی. وەک ئەوەی لەلای خەمیرە سوورەکان ڕووی دا کە تەنانەت لە فەرهەنگیاندا وشەی "دوابڕین" بەکاردەبەن بۆ دوژمن نەک "کوشتن".

بێ گومان دەیان نموونەی مێژوویی دیکە هەیە کە فۆرمی جیاوازیان هەیە و دەکرێ شیبکرێنەوە و بچینەوە سەر بەهانەی ئەنجامدانیان، لێرەشدا نموونەی زەق هندییە سوورەکانی ئەمریکا و خەڵکی بە ڕەچەڵەکی ئوسترالیا و ئەرمەنییەکان و کورد لەبەرچاوە.

## هەندێک مێژووی هاوچەرخی توندوتیژی:

بەشێکی زۆری مێژوو لەسەر ڕەگەزی پاک و بێ خەڵتە بیناکراوە، ئەم بۆچوونە دابڕانی تێدا نەبووە تا ئەم سەدانە. فۆرمەکانی گۆڕاون، بەڵام بنبڕ نەکراون. هەموو قەسابخانەکانی مێژووش لەسەر ئەو بۆچوونەی منی ساف و بێ گەرد و بێ خەڵتە و ئەوی تری پیس و پڕ خەڵتە دروست بووە.

پسپۆڕی بواری ژینۆساید، کریستۆفەر براونینگ، لە کتێبی "پیاوە ئاساییەکان" هەمان ڕای ژاک سیملەنی هەیە کاتێ پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، کە: (...) هەڵەیە وابزانین ئەو خەڵکە نەخۆشن کە ئەو ڕوانگەیە لە بەرچاو دەگرن. ئەو خەڵکە تەواو ئاسایین، بە پێچەوانەی ئەوەی وا تێگەیشتووین.

براونینگ نموونەی ئۆفیسەرێک دەهێنێتەوە لە کاتی نازییەکان، خانەنشینە و دەینێرن بۆ پۆڵۆنیا تا لە ئاوشڤیتز بەشداری بکات. دەڵێ ئەم کەسە بە چاکی دەیزانی کە بۆ چ کردارێک دەچێ و ڕازیش بووە.

قەسابخانە، جینۆساید سەرجەم کردارەکە لەسەر وێنەی ئەوی تر بیناکراوە، کە ئەم ڕێبەشت گرتە بەر، وەک ژاک سیملەن دەڵێ، شەڕ دێتە پێشێ، چونکە شەڕ دەبێتە ئاڵوگۆڕی کارلێکی (تفاعل) لە نێوان ڕاستی و خەیاڵ، ئەمەش ئاساییە. مێژوو و ئەنترۆپۆلۆژیش باشترین کێڵگەن بۆ لێکدانەوە و توێژینەوە لەسەر ئەو جۆرە ئامادەبوونی وێنەیە.

لەم سەدەی بیست و یەکەدا، دەیان شێوەی تری هەرە نوێی توندوتیژی هەیە، کە گرووپەکان بە ناوی ئایین و سیاسەت و ڕەگەزپەرستی ئەنجامی دەدەن. هەرچی دەوڵەتەکانیشە بۆ جێگیرکردنی سیستەمی ئابووری و مۆدێلی دەسەڵاتیان پەنا بۆ توندوتیژی دژ بە وڵاتانی تر دەبەن؛ یان لەسەر ئاستی ناوخۆیی پەنا بۆ پەلاماردانی ئەو تاک و گرووپانە دەبەن کە لەگەڵ سیستەمی ئەواندا ناگونجێن و بە فاکتەرێکی گێرەشێوێن سەیردەکرێن.

لەسەر ئاستی تاک، با تۆزێک بچینەوە سەر سەرەتای سەرهەڵدانی مەسیحییەت، ئەمان ئەو خەڵکانەیان

بەردباران کردووە کە هێشتا لەسەر بیروباوەڕی بتپەرستی مابوون. لە سەدە ناوەڕاستەکانیشدا لە ڕۆژئاوا دەسەڵاتی کلێسا بەرپابوو و زۆرن ئەو نموونانەی دەیانسووتاندن، ئەم کەسانەیان دژ بە کلێسا دادەنان، بە تایبەتی ژنان. کەسەکە لەسەر بارە چیلکە و دار ئاگری تێ بەردراوە. ئەمە هیچ جیاوازییەکی نەبووە لە بەراز سوورکردنەوە، چونکە دۆخێکی باو بووە، کەمبوون ئەوانەی بە توندوتیژی سەیری ئەمەیان کردووە، بگرە نمایشگەرایی لەو حاڵەتی سزایە بینراوە. مەبەستیان بووە زانستیی ئەو کەسە خەفەکەن کە پێیان شک بردووە، ئەمەشیان بە بیانووی جادوو و سیحر ئەنجام داوە، بێجگە لە هەموو جۆرێکی سزای یاسایی کوشتن، وەک گیۆتین و سێ دارە، گوللەباران...

ئەو دۆخە نمایشگەراییەی سەدە تاریکەکانی ڕۆژئاوا، دواتریش گەیشتووەتە کوردستان و ئەفغانستان وا لەم سەردەمەدا پاڵ بە ئافرەتەوە دەنێت خۆی توندوتیژی دژ بە خۆی ئەنجام بدات. خۆی بە دەستی خۆی بسووتێنێت. هەمەجۆری توندوتیژی دژ بە ئافرەت ناچاری دەکات ئەم فۆرمە هەڵبژێرێت، یان کۆمەڵ فۆرمەکەی هەڵدەبژێرێ و کوشتنی نهێنی دژی ئەنجام دەدات، یان بەردباران دەکرێ. بە هەمان شێوەی نمایشگەرایی سەدەکانی ناوەڕاستی ڕۆژئاوا، هەمان پلەی نمایشکردن، بە یەک وێنەی ئەقڵییەت ئەنجام دراوە و هیچ لەو دەمە ترسناکانە جودای ناکاتەوە. ئەمڕۆ، ئەم نمایشەگەراییە لە توندوتیژی لە جیهان بەگشتی لە فۆرمی "ماس میدیا" جێبەجێ دەکرێ، ئەوەندە بەسە کەسێک لە میدیا ڕیسوا بکەن، بوختانێکی بۆ هەڵبەستن تا ببێتە مایەی سڕینەوەی. دیارە ئەم لایەنە قسەی زۆر هەڵدەگرێ، چونکە باسی زۆرتر هەڵدەگرێ کە ئێرە جێی نییە و لە بابەتێکی تردا لێی دەدوێین.

### کاتێ توندوتیژی دەبێتە ئامرازێکی دەربڕین:

ئیڤ میشۆ لە کۆنفرانسێکدا بە ناوونیشانی توندوتیژی و بەیەکدادان دەڵێ: (...) دسیپلینەکان فرە گرنگن بۆ بەرهەمهێنانی زانستی، بەم واتایە هەرچی بە مەسەلەی گواستنەوەی زانستی و هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردنەوە گرێ دراوە، هەر بۆیە میکانیزمی نووسینیش، وەک ئەفلاتوون دەڵێ "سامناکە"، چونکە بە نێوەندییەوە دەتوانین ئەقڵی کەسانێک بەکار بهێنین و بیانخەینە خزمەت ڕژێمێک.

لە کتێبێکی بە کۆمەڵ لە ژێر ناوونیشانی ئەو وشەیەی کە دەکوژێ، هەردوو نووسەر ڤینسنت ئەزۆلی و پاتریک بۆشرۆن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەسەڵاتی وشە لە توندوتیژیدا: (...) دەکرێ تەواو ڕەمزی بێت، لە ڕووی مۆراڵەوە بریندارکەر بێت و هەندێ جار لە ڕووی جەستەییشەوە رووخێنەر بێت. لێرەدا دەتوانین نموونەی پروپاگەندە و دژەڕەفتار لە ڕۆژنامەکان و میدیاکان بە گشتی بخەینەڕوو.

لەبەر ئەوە باشترین چارەسەر ئەوەیە بکەوینە ئاخافتن و لە هەمان کاتیشدا لە نووسین بەردەوام بین.

لە ڕوانگەی ئیڤ میشۆ، توندوتیژی (...) بە پێچەوانەی ئەوەی وا تێی دەگەین کە لە ڕێکخستندا ئەنجام دەدرێ، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە تا ڕادەیەک لە ناڕێکخستندا ئەنجام دەدرێ، واتە لە دۆخێکی ڕێکخستنەوە کە بۆ نموونە پۆلیس و جەندرمە و سەرباز بە جۆرێک لە جۆرەکان لەسەر توندوتیژی ڕاهێنراون و مەشق پێکراون (کوتەک، سۆندەی ئاوی تیژ، گازی فرمێسک)، بە دیوە سۆفتەکەی ئەم قسەیە، ئەوانە ڕێکخراون بۆ ئەوەی بچنە ناو وەبەریەککەوتن و شەڕ، بەرگری لە ڕژێم بکەن و خۆپیشاندان ڕەت دەکەنەوە، ئەمەش بۆ کردارێکی ناڕێکخستن دەگۆڕێ. چۆن ئەمە ڕەنگ دەداتەوە؟

بەوەی لە کاتی ڕێکخستندا کەس ئەگەری ئەوەی نەگرتووەتە پێش چاو کە مەسەلەکە تەشەنە دەکات و لە دەست دەردەچێ، واتە سەرجەمی ڕێکخستنەکە بۆ ناڕێکخستن دەگۆڕێ و فەوزایەکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە کە زۆرجار بێ توندوتیژی تێپەڕنابێت.

توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانییەوە، دەرەکی و ناوەکی، لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ بریتییە لە بەربەرەکانێی هێز، وەلێ کام هێز؟

ئەمە توندوتیژی مۆراڵیش دەگرێتەوە. ژاک سیملەن لە هەمان سەرچاوەی پێشوو دەپرسێ: چۆن لە بەربەرەیەتی خۆمان تێدەگەین؟ توندوتیژی چییە؟ سیملەن وەها پێناسەی دەکات: (...) بەرهەمی شۆکە لە نێوان دوو ڕوانگەی جیاواز، لەسەر جیهان کە تەواو ناگونجاوە. بەم واتایەش توندوتیژی "بیناکردنی شوناسە".

واتە هێزەکان دەچنە ناو تێکۆشانێکی کوشندە بۆ مانەوە، بۆ جێگرتن، بۆ پێخزانی هێزەکەی بەرانبەر. هیچ

لایەکیش ناتوانێ پێشبینی ڕەوتی توندوتیژی بکات بەرەو چ ئاستێک و چ پلەیەک دەچێ، ترسناکیی ئەو دۆزانەش هەر لەوەدایە، وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد کە لە ڕێکخستنەوە بەرەو پەرتبوون دەچێ. بەم واتایە پێش دەستپێکی کردارەکە و خستنەگەڕی هەموو توانستەکان و خۆ ئامادەکردن بۆ بەرەنگاربوونەوە، کەچی لەگەڵ دەستپێکی کردارەکە هیچ لایەک نازانێت ڕەوتی کردارەکە بەرەو کوێ دەچێت. ئا ئەمەشە کە ترس دەخوڵقێنێ، هەر بۆیە هەندێک سەرباز و پۆلیس و بەرپرسانی ئاسایش پەنا بۆ خواردنەوە و ماددەی هۆشبەر دەبەن تا بەسەر ئەو ترسە نادیارەدا سەرکەون. گەورەترین کێشە لەوەدایە کە هیچ لایەک تەنانەت کە بە شێوەیەکی ورد مەسەلەکەی حیساب کردبێ، ناتوانێ ئەو پێشبینییە بکات کە ئەو کردارە چی لێ دەکەوێتەوە. بێ گومان لێرەدا مەبەستمان کرداری زۆر زەبەلاح نییە وەک هیرۆشیما و ئاوشڤیتز، یان هەڵەبجە کە تەنانەت پلانی چەندێتی کەوتنەوەی مردنی کەسی لە پشتەوە بووە.

لە دیالەکتیکی سەرکردە و بەند لەلای هیگڵ، بە شێوەیەکی سادە ئەم بەربەرەکانێیە خراوەتە ڕوو ئەوەی مردن دەبەزێنێ سەرکەوتن بەسەر ئەوەی لە مردن دەترسا وەدەست دەهێنێ. بەو شێوەیە سەرکردە و بەند دروست دەبن. شێوەکانی سەقامگیربوونی سیستمێکیش هیچ جیاوازیی نییە لەوەی کە لەسەر ئاستی زلهێزەکانی دنیا ئەمە پەیڕەودەکەن، بێجگە لەوەی هەرگیز ئامرازی هێز و بەربەرەکانێ وەک یەک نین! دوێنێ شۆڕشی پیشەسازی بە دەست کێوە بوو، هەر ئەمیشە کە ئەمڕۆ گەشەی تەکنۆلۆژیای بەدەستە.

## بەشی دووەم
## توندوتیژی ڕەمزی:

لە دنیای ئەدەب، بەقەد ئەو توندوتیژییانەی دژ بە دۆن کیشۆت کراوە لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەو ڕۆمانەوە، ئەوەندەش توندوتیژی ڕەمزی لە دنیای ئێمە بەرپایە و باوە. دەڵێم باو، لەکاتێکدا ئەمە مۆدە نییە، لە ماوەیەک دەرکەوێت و بەسەربچێت. توندوتیژی شێوەی سەقامگیرترە و بەردەوامیی تێدایە و ئاکامی لێ دەکەوێتەوە، لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە پیتەکانی نووسین هەزاران ساڵە لێرەن، دروستە، بەڵام کێ ڕوح بە بەردا دەکات؟ بۆیە دەبێ بپرسین ئەرشیڤەکانی دنیا پاش داگیرکردنی شوێن و دادان بەسەر وڵاتێکدا بە دەست کێن؟

پێشان توندوتیژی ڕەمزی دەستەباڵایی هێزە، پرۆسەیەکی وابەستەبوونیشە. بەم پێیە، ئەمە نە پرۆسەیەکی کاریگەرییە، نە پرۆسەیەکی بەربڵاوی بەکارهێنانی خەڵکە، بەڵکو پرۆسەیەکە، بڕوای بە کۆمەڵە کە ڕوانگەی لایەنێک دەیسەپێنێتە سەر لایەنێکی تر و بڕوایەکی بابەتییانەی بە کۆمەڵیان لەلا دروست دەکات، کە دۆزێکی شەرعییە، ئەمەش بوار نادات پلەبەندی کۆمەڵایەتی لەرزەی تێکەوێت. بە پێی پییێر بوردیۆ لە باڵادەستیی نێرینە، (...) توندوتیژی ڕەمزی دەسەڵاتێکە کە سیستمێکی بیرکردنەوە وەک دۆخێکی شەرعی دەیسەپێنێتە سەر ژێردەستەکان، واتە پرۆسەیەکی وابەستەییە کە بە نێوەندییەوە ژێردەستەکان لە سیستمێکی پلەبەندیدا وا تێدەگەن، یان وا تێگەیەنراون کە دۆخێکی شەرعی و سروشتییە و ئەو بۆچوونە سەبارەت بە خۆیان دروست دەکەن کە ئاساییە ئەوان لەوانی دی کەمترن. ئەم هەستی بەکەمبوونەش لەلای ژێردەستەکان هەستێکی توندوتیژیان لەلا دەخوڵقێنێ. بەو جۆرە ئەو کاتیگۆرییە هەمیشە لە سێبەردا کاردەکەن و نابینرێن، ئەم بۆچوونەش بەردەوامی بە پلەبەندییەکان دەدات.

بەرانبەر بەمە دەیان شێوەی تری توندوتیژی ڕەمزیش هەیە، یەکێک لەوانە گوشار خستنە بۆ سەر کەمایەتییەکان و گرووپەکان تا بچنە ناو سیستمێکەوە بێ ئەوەی تەواو بە ئاگابن لەو مەسەلەیە. بێ ویستی خۆیان دەبێ ملکەچی بارودۆخێک بن تا لە ژێر ڕکێفی ئەو سیستمەدا کاربکەن؛ بێ ئاگای خۆیان ملکەچی بن و ئیشی بۆ بکەن تا پایەکانی ئەو سیستمەی لەسەری وەستاوە درزی تێنەکەوێ و نەشکێ.

جیل دۆڵۆز، لە تاقە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا کە بە پێی ئەلف و بێ پرسیارەکان ڕێک خراون، لە پیتی R وشەی «resistance» دەکاتە "بەرگری" سەبارەت بە داهێنان و بەرگری، لێی دەپرسن: لە جێیەکدا وتت: "نووسەر و فەیلەسووف و هونەرمەند... بەرگری دەکەن! بە وردیی بەرگری لەچی دەکەین؟

دۆڵۆز وەها وەڵامی دایەوە: (...) لە هەموو شتێک. بەرگری لە ڕاهێنانیان دەکەن لەسەر بیروڕای باو کە دەیانەوێ بسەپێتە سەریان. ئەوان بە توندی داواکاری

ریتمێکی سەربەخۆی خۆیان دەکەن. من بڕوام وایە کە شێوازێکی ئەم بیرکردنەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێمان شەرمە مرۆڤ بین. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ناکاتە ئەوەی هەمووومان نازی بین.

دۆلۆز ئاماژە بە فەیلەسووف پریمۆ لیڤی دەکات و دەڵێ: لیڤی بە جوانی ئەوەی دەربڕیوە کە نەخێر ئێمە هەمووومان تاوانبار نین. مەبەستی ڕاستی لەو بەرگرییەی پێشوو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هونەر لێرەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ ئازادکات، جوانی بکاتە سەر ژیان، بەهایەکی بەرزی پێ ببەخشێ، کە مرۆڤ دێت و ئەو شتە نالەبارانە دەکات، لێرەدا ئەمان شەرم دەکەن کە مرۆڤن، تەنانەت کار بەوەشەوە ناوەستێ کە باسی ئاوشڤیتز بکەین، بەڵکو ئەگەر ئەو جۆرە هەستەمان لەلا نەبێت بۆ شتی بچووکیش پێویست ناکات کاری هونەری بکەین. بەرگری بە خودی بەرگری دەکرێ.

لێرەوە بە پێی هەر پێنج هەستەکان کە وەک بۆمان دەستنیشان کراون، هەموویان پێشتر دەستێکی باڵایان لە پێکهێنانی ئەو بیروڕا پێشوەختەدا هەیە، واتە مێژوویەکی پێشوو پێکیان دەهێنێ، ئەمە بە هەڵوێستەکانەوە بەستراوە، هەر بۆیە لە ماوەیەکی داهاتوودا بە شێوەیەکی تر جێگیردەبێت و لە فۆرمی تردا وێنەکانمان بۆ نمایش دەکرێ و کاریگەرییان لەسەر کرداری توندوتیژی دەبێ و دواتر لەسەر چەسپاندنی و تۆمارکردنی لە یادەوەریی تاک و کۆدا جێگیر دەبێت.

ئەم جۆرە توندوتیژییە لە شێوەی دەسەڵاتی نێر و مێ، باوک و منداڵ، سەرۆک و بەڕێوەبەر و کارمەند، مامۆستا و خوێندکاریش دەردەکەوێت.

هەمان ئەم شێوەیە لە پێوەندی پۆلیس و حاکمێکیش بەرجەستە دەبێ، وەک میشێل فوکۆ لە چاودێری و سزا بە وردیی دەستنیشانی دەکات: کاتێ دادپەروەری لە خزمەتی پۆلیسدایە، نەک بە پێچەوانەوە. ئەوەی پۆلیس دەیکات لە چوارچێوەی کردارێکی ئاسایی تێناپەڕێت کە بە نۆرم تەماشادەکرێ، واتە پۆلیس لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەرکی ئاسایی خۆی جێبەجێ دەکات کاتێ ڕەوشەکە کۆنترۆڵ دەکات. بێ گومان ئەمە هێشتا لە کۆنترۆڵی سەربازەکانی ڕژێمی بەعس جودایە کە بە تەنیا کرداری توندوتیژی ڕەمزیی نەبوو، بەڵکو تێکەڵەیەک بوو بۆ تێکشکانی کەسایەتی تاکی کوردی و بگرە ئامانجی جۆرە خەساندنێکی فیکریشی لەدواوە هەبوو.

بە پێی قسەکەی فوکۆ، لە ڕووی مێژووەوە و لە ڕووی دامەزراوەکانیشەوە دادپەروەری لە خزمەتی پۆلیسە، چونکە پۆلیس ئەمنییەتی بۆ مسۆگەر دەکات. ئەگەر ئاماژەیەک بە ڕۆمانی پرتەقاڵی میکانیکی (فیلمێکیش لە دەرهێنانی ستانلی کوبرێک کە هەمان ناونیشانی هەیە) بکەین، ئەوە کەسایەتی ئەلیکس کە لەسەر کۆنسێرتی ٩ی بیتهۆڤن توندوتیژی ئەنجام دەدات، نموونەیەکە لە بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵ بەرەو تۆتالیتاریزم، لە ڕێگای کۆنترۆڵکردنی هۆش، کە بە نێوەندی داهێنانی (سیستمی لۆدڤیک) کۆنترۆڵی هۆشەوە و ئاگای زیندانییەکانی پێ کۆنترۆڵ دەکەن.

لەسەرێکی ترەوە، میشێل فوکۆ نموونەی توندوتیژی ئەمە دەهێنێتەوە: کاتێ حاکم داوا لە تاوانبار دەکات دان بە تاوانەکەیدا بنێ، بەمە تاوانبار حاکمەکە لە هەموو ئەو دۆزە ڕزگار دەکات کە ئەو نییە حوکمەکە بەسەریدا دەدات، بەڵکو هەموو کۆمەڵ لەپشت ئەم حوکمەوەیە. بەو جۆرە، وێنەی حاکم لەپێش چاوی تاوانبار بەکراسی خاوێنەوە دەردەکەوێ.

ئەمەش لەو شێوە ڕەفتارەدا ئاشکرا دەبێ کاتێ حاکم گوێی لێ دەبێ کە تاوانبار خۆی تاوانبار دەکات با خۆشی دان پێدانانەکەی لێ وەرگرێت، بەڵام هەر وا دەردەکەوێ کە ئەو نییە سزای دەدات، بەڵکو مەحکوومەکە خۆیەتی کە دانی بە تاوانەکەیدا ناوە. هەمان ئەم وێنەیە جیاوازی لەگەڵ مامۆستادا نییە کە فێرخواز ناچاری هەڵوێستێک دەکات تا بیسەلمێنێ کە فێرخوازەکە خۆی ئەو کردارەی نواندووە، لە شێوازی ئەو بەڕێوەبەرەش ئاشکرا دەبێ کە ڕۆژانە کارمەندەکانی دەخاتە ژێر گوشارەوە، بۆ ئەوەی خۆیان هەڵوێستێکی نابەجێ بنوێنن و بەسەریاندا بشکێتەوە.

فوکۆ بەوەوە ناوەستێ، ئەگەرچی سەرجەمی دەقەکەی لەسەر چاودێری و سزا بنیادکراوە، بەڵام بە ئاکامی توندوتیژی تێکەڵی دەکات. فوکۆ کە باسی شێوەی چاودێری زیندان دەکات، هەمان ئەم شێوەیە بۆ کۆمەڵیش بەکاردەبات و ئاماژە بە دۆخی کرێکاریش دەکات لەودیو ئامێرێکەوە، لەوانەشە لەودیو ژووری نووستنەکەشییەوە بێت، بۆیە فوکۆ دێتە سەر شێوازی بیناسازیی ئەو جێیە نوێیانەی پانتایی داگیردەکەن. ئەمە شی دەکاتەوە کە ئەو بینایانە بەو شێوەیە دروست کراون کە دانیشتوانی ئەو شوێنە بە چاکی ببینرێن، بێ ئەوەی هەست بکەن

بینراون. بەم شێوازە ئۆتۆماتیکییە لە ڕێکخستندا دەسەلاّت ئاگاداری هەموو شتێک دەبێ. دروستکردنی بینا بەو شێوە سەنترالّە مۆلّەت دەدات بە ئامێری دەسەلاّت کە باشتر خەلّک کۆنترۆلّ بکات، بەبێ ئەوەی بە ئاشکراش دیاربێت. بۆ دەبێ ئەمە فۆرمی توندوتیژی نەبێ دژ بە هاوولاّتیان؟

دەسەلاّت کاری بە کاتە، بۆ گەرەنتی بەکارهێنانی دەسەلاّت ڕاستەوخۆ پشت بە کات دەبەستێ، هەر بۆیە سیستمی گۆگل و تۆڕی فەیسبووک و تویتەر و بەرنامەی سەکند لایف... بەردەوامی پێدانی ئەو جۆرە دەسەلاّتەشن کە گەلێک زووتر بیری لێ کراوەتەوە.

لەم سەردەمەی ئێمەدا فۆرمی گەڕاندنەوەی پەنابەرەکان لە ولاّتە ڕۆژئاواییەکان جێی لێکدانەوەیە وەک فۆرمێکی فرە هاوچەرخ لە توندوتیژی. پەنابەر وەک فاکتەرێکی شێوێنەری ئارامیی کۆمەلّ سەیر دەکرێ. گرنگ نییە کێ بۆ بردنەرێوەی ماشێنی ئابووری پێویستی بە کێیە! بایەخی نییە کێ بە نهێنی ئەو کارگانە بە وردە مووچەی بێ بەها بەڕێوە دەبەن! ئەوەی جێی باسە و دەبینرێ خودی پەنابەرەکەیە وەک ئەندامێکی ناحەز لەو کۆمەلّگەیە.

## توندوتیژی لە ژینگەی ئەمڕۆ: ئەمڕۆ چۆن سەیری توندوتیژی بکەین؟

لەلای ئێمە توندوتیژی وەها بەرپایە کە تا ئەو ڕادەیەی تەکنیکی نوێ و پرۆگرامێ بەکاردەبرێ، بێ ئەوەی ناوی توندوتیژی لێ نرابێ. دەکرێ قسە لەسەر پێوەندی نێوان هێز و توندوتیژیش بکرێ، تەنانەت لەناو کۆی کۆمەلّگەیەکی ترۆماوی کە شەڕ و کوشتار سەپێنراوەتە سەر خەلّکەکەی. تۆڕە کۆمەلاّیەتییەکان کە لە بنەڕەتدا بۆ هاوڕێیەتی و دۆستایەتی لێرەن، بۆ تۆلّەسەندنەوە، بۆ سووکایەتی پێکردن بە کەسانی دی، بۆ تێکشکانی ئەوی تر بەکاردەبرێن، هەموو ئەمە فۆرمێکی فرە نوێیە لە توندوتیژی، کە بە هۆشیاری، یان ناهۆشیاری بەکاردەبرێ.

بیرنارد ستیگلەر، لە چەند سیمینارێکیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە یادەوری وەک فۆرمێکی "سپیرالّ" وایە، (گێژەلّووکە)، کە لە مندالّییەوە تا ئەم ساتەوەختە هەموو شتێکی تۆمارکردووە و هەرچی ڕۆژانە دێت، دەچێتە سەر بازنەی ئەوەش کە پێشتر هەبووە.

ئەگەر بێمەوە سەر مامۆستا بە گشتی و هی لای ئێمە بە تایبەتی، ئەوە سەرجەمی یادەوەریی فێرخوازەکانی بەدەستە، بێ گومان قسەمان لەسەر ئەو مامۆستایانە نییە کە ڕەنگە ژیانیشیان بۆ خزمەتکردن و پێشخستنی زانستی تەرخان کردبێت، مەبەست لێرە ئەوانەی مێشکی فێرخوازەکان کۆنترۆلّ دەکەن، کە لەوانەیە زۆر مەترسیداربێت، چونکە بە ناوی گشتەوە قسە دەکات، بە ناوی هەقیقەتی گشتی و سەرتاسەری وانەکان دەخاتە مێشکی فێرخوازەکانەوە. ئەمڕۆ دنیای میدیاش بە گشتی، خۆی دەکاتە نوێنەری من و تۆ و ئەوان. هەر بە پێی بیرنارد ستیگلەر، دەزانین کە گێژەلّووکەکان شێوازێکی کۆتاییان نییە، واتە بەردەوام ئەو وانانە دەپەسترێنە ناوی کە بە درێژایی کات و ڕۆژگار چوونەتە سەر ئەوانەی تر. ئەم وێناکردنە هەمان شتە بۆ پێوەندی نێوان ژن و پیاو، دایک و باوک و مندالّ؛ مەلا و قەشە و ڕەبەن و خەلّکی گوێگر لە وتاری نوێژ؛ وتاری سیاسییەکان بۆ جەماوەر، بەکارهێنانی کەنالّە تەلەڤزیۆنییەکان هەر بۆ خۆیان شێوازێکی زەبەلاحی گێژەلّووکەن، هەر بۆیە سەدام تاقیگەی هەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەو جۆرە دەرکەوتنانەی خۆی لە تەلەڤزیۆن.

ئەگەر بشمانەوێ بچینە ناو جۆرە پرۆسەیەکی بە ئەندڤیدوەلکردن، ئەوە مەسەلەی کات و مەسەلەی ئاخافتن دێنە پێشێ. لەو کاتدا، ئێمە دەگەینە ئەو فۆرمەی خۆمان دەمانەوێ لەو پرۆسەی بە ئیندڤیدوەلکردنەدا، ئەمەش بە ئاخافتن دەکرێ. کە لە مندالّییەوە ئاخافتن نەبێ، یادەوەریی کەسەکە دەبێتە هەلّگری توندوتیژی وەک بەرپەچدانەوەیەک بۆ هەموو سەرکوتکردنێک و تێکشکانی کەسایەتی تاکەکان، هەر ئەو توندوتیژییەش بەڕێوەی دەبات. دەبێ ئەوەش بلّێین کە ئەو کۆمەلاّنەی بە گشتی بە شەڕدا تێپەڕیون، ئەندامەکانی ترۆمایەکی بە کۆمەلّیان هەیە کە بە زەحمەت دانی پێدا دەنێن، لە کاتێکدا بڕوا ناکەم چوار دەروونناس لە کوردستان هەبێ، یان بیناسین! چونکە ئەگەر هەشبن و هەر کەسێک بچێتە لایان بە شێت لە قەلّەمی دەدەن. ئەوەی لە پاشماوەی شەڕدا بۆمان دەمێنێتەوە و وا دەزانین خەفە بووە و ئارام بووەتەوە، یان بە جۆرێک کاردانەوەمان دەبێ، بگرە بە توندی بەرگری لە خۆمان دەکەین، فۆرمێکی سۆفتە لە توندوتیژی دژ بە خۆمان ئەوجا بە دەوروبەرمان.

لە ولاّتانی ڕۆژئاوا ئەم جۆرە توندوتیژییە لەو

کردارانەدا ڕەنگ دەداتەوە کە نەهێڵن منداڵی پەنابەر و کۆچبەر بە زمانی دایکی قسەبکات، قەدەغەکردنی ڕێوڕەسمی ئاینێک، فەرزکردنی هەڵگرتنی لەچک بۆ ژنان، دۆزینەوەی بەهانە بۆ ڕێگرتن لە کــــار. لەم سەردەمەی ئێمەدا، شێوەی گەڕاندنەوەی پەنابەرەکان لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا، بۆخۆی جێی تێڕامان و لێکدانەوەیە وەک نوێترین شێوەی توندوتیژی. دەیان نموونەی تر کە کەسێک، یان لایەنێک بەرانبەرەکەی بە ڕێگر و بەربەست دادەنێت و هەموو شتێک دەکات تا بیڕووخێنێ. لە وڵاتانی ئەوروپا خێزان نییە بەدەستی دیموکراسییەتێکەوە نەناڵێنێ کە لە فێرگەدا سیستمێکی نهێنی بەڕێوەی دەبات، کە هەموو بەهانەیەک و ڕێگرییەک دەخەنە ڕێی فێرخوازان تا ببنەوە بە نموونەی دایک و باوکیان. واتە ئەمڕۆ کە دایک و باوکیان خزمەتی پیرەکانیان دەکەن، کوڕ و کچەکانیان بۆ داهاتوو دەبنەوە خزمەتکاری ئەو گەنجانەی کە پیربوونە و ئەمان لەبەر بەربەست نەیانتوانی بگەنەوە بەوان.

ئەمە بەربەرەکانێیە، ئەو حاڵەتەشە کە فرۆید مرۆڤی پێ دەستنیشان دەکات بەوەی غەریزەی مەرگ و فەنابوونی لەلایە، هەر ئەمەشە کە ڕەفتاری میللەتان و دەوڵەتەکان و سیستمەکان شی دەکاتەوە. بەشەرییەت بە ڕای فرۆید بەیەکدادانی هەردوو غەریزەی مەرگ و ژیانە، ئەمەش لە خۆبەرهەمهێنانەوە بەرجەستە بووە. فرۆید لەوەش دوورتر دەڕوات، کە تەنانەت پێشکەوتووترین شارستانییەت زۆر دوور نییە لەوەی خۆی بە دەستی خۆی لەناو ببات.

ئەگەرچی بەرانبەر بەم قسەیەی فرۆید، ڕۆژئاوا بە چاکی کەرستەی خۆی بۆ بەرگری لە داهاتوو خستووەتە پێش چاو. تێڕامانی فەیلەسووف بیرنار ستیگلەر بەرەو ئەولایە دەمانبات، کاتێ بە ڕاشکاوی ئەم مەترسییانە دەخاتە ڕوو و سامناکیی ئەگەری دۆخێکی وەها دەخاتە بەرچاو، تا ڕۆژئاوا کەرستەی تێڕامانی خۆی پاشەکەوت بکات و ئامرازی داهاتووی خۆیان پێ بێ بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵ و مێژوویان، هەربۆیە ستیگلەر پێشنیاردەکات بچنەوە سەردەمی ئەفسانەکانی گریک و بڕۆنەوە بۆ مەسیحییەت، بڕۆنەوە سەر ئەو شوێنەوارانە، بڕۆن دیسان ئەفلاتوون و هۆمیرۆس بخوێننەوە، بزانن چۆن ئیشیل داریۆسی نووسییەوە، بۆچی پیرسیپۆلیس لە ئێران هەتا ئەم سەردەمە پێوەندی کولتووری لەگەڵ ڕۆژئاوا بەردەوامە! دەیخاتە ڕوو کە بەرگری کردن بەو خوێندنەوە نوێیانە دەبێت بۆ ئەو مێژووە دێرینە. ئێمە کۆمەڵگەی دابڕاوین، بەرانبەر بە توندوتیژی، تەنانەت لە ئاست خۆمان چ جۆرە خوێندنەوەیەکمان هەیە؟ کە لێبوردنمان نەبێ و ئاشت نەبینەوە، هیچ هێزێکی دنیا ناتوانێ وامان لێ بکات لە ناوخۆماندا تەبابین.

### چۆن لە توندوتیژی تێ بگەین؟

سیرج مۆسکۆڤیچ لە کتێبی پەیمانێکی مێژووی دەروونناسی جەماوەر، وشەی "ماس" شی دەکاتەوە، دەڵێ: (...) پێشان با بزانین تاک چییەو کۆ چییە، یان جەماوەر چییە. لە ڕووی دەروونناسییەوە (کە زۆر بڕوام پێیەتی) جەماوەر ناکاتە کاتیگۆرییەکی قەبارە، واتە ئەوەی ژمارەیان چەندە، بەڵکو مەبەست لەوەیە کاتێک تاکەکان کۆدەبنەوە شتێک لەو نێوانەدا ڕوودەدات، واتە گۆڕانێک لە ئاستی هۆش و نەستیان ڕوودەدات، هەڵوێستێک دەنوێنن کە هەمان هەڵوێست نییە کاتێ بە تەنیان.

هەر بوونمان لەنێو گرووپێکدا لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا، زنجیرەیەک شت دەوروژێنێ کە هەمان وروژاندن نییە کە بە تەنیاین، یان کە لەگەڵ گرووپێکی تردان. کەسێک لەوانەیە ببێتە پاڵەوان، کەسێکی تر بە خاین و بەر بەرد بدرێ، دەیان کەسیش بکوژرێن.

نووسەر لە هەمان سەرچاوەدا دەپرسێ: (...) چی ڕوودەدات کاتێک لە ناو خەڵکین، بۆ هەڵوێستمان دەگۆڕێت؟ ئەوەی ڕوودەدات کە پێکەوەین بۆ ئەقڵ ڕەفتار نانوێنین، هەڵوێستمان ئەقڵانی نییە، بەڵکو لە هەست و سۆزەوە بەرهەم هاتووە، لایەنی نا ئەقڵانی بەسەرەوە ئاشکرایە، هەر ئەمەش وەک لە ڕێگاکانی نا توندوتیژیدا، بیرنار کێلکژو بە باشی ئاماژەی پێ دەکات، کاتێ باسی هێزی تێکۆشانی غاندی دەکات کە لە هەمان کاتدا فێرگەیەک بووە بۆ ڕەوانی و شەفافی، لەهەمان کاتدا تێکۆشانێکیش بووە لە پێناو دانپێدانان بەئەوی تردا. غاندی فێری کردین چۆن بە نا توندوتیژی بەرگری بکەین.

ئیڤ میشۆ لە هەمان کۆنفرانسدا دیسان دەڵێ: (...) سەرەتا نزیکەی چل ساڵێکە گەشەیەکی ئابووریی توندوتیژی لە ئارادایە، بەرانبەر بەمەش مەیلێکی گەورەش بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ئابوورییە هەیە، بەڵام هەمیشە کێشەی پێشبینی دێتە پێشێ لەوەی هیچ

حیسابێک بۆ ئاکامی توندوتیژییەکە نەکراوە.

گرنگە بڵێین کە کات کەفیلە بە هەڵسانگاندنی توندوتیژی، بۆ نموونە بۆ کوردەکانی باشوور، لە عیراقی شەستەکان وێنەکەی لە "قصر النهاية" بوو، لە حەفتاکان وێنەکەی لە "أبو طبر" بوو، لە هەشتاکان شەڕ و هەڵەبجە و ئەنفال بوو، لە نەوەدەکان ڕاپەڕین و کۆڕەو و شەڕی ناوخۆیی بوو، لە ساڵانی دوو هەزار بەدواوە تەقینەوە و کوشتن و کوشتنی ژن و گەنج بەتایبەتی لە ئارادایە. لەپاڵ هەموو ئەمانەدا هەڕەشەی هێرشی سەربازی عیراقی، تێکشکانی نوێ و تیرۆریست بەردەوامە، بێجگە لە مەترسی گرانیی ژیان و ناڕوونی داهاتوو. بێ گومان ئەم هەڵسەنگاندنە لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان جودایە. ئەمڕۆ لەو وڵاتانە توندوتیژی ڕەهەندێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شەڕ نییە، بەڵکو لە نموونەی کێشەی فێرگە و توندوتیژی نێوان فێرخوازان خۆیان لەگەڵ مامۆستا و کێشەی دەوروبەری شارە گەورەکان وەک پاریس و بەرلین و لەندەن، لە ئارادایە.

ئیڤ میشۆ لە هەمان سەرچاوەی پێشوو سەبارەت بەم تێگەیشتنە بۆ توندوتیژی دەپرسێ و خۆیشی وەڵام دەداتەوە:

چۆن توندوتیژی دەکرێتە ئامرازێکی ئابووری و چۆن ئەو توندوتیژییە کۆنترۆڵ دەکەین؟ چۆن تاکەکان بەرانبەر بە هەستی نادادپەروەرانەی نابنە ئامرازێکی توندوتیژ و چۆن دیسان خۆیان ناکەونە نێو توندوتیژی؟

میشۆ وەها وەڵام دەداتەوە: (...) چەک بەردەوام لە هەڵسەنگاندن و پێشکەوتندایە، هەر ئەوەندە نا، بەڵکو هەموو شتێکی لۆژیستیکی سەربازی لە بەرزترین پلەی پێشکەوتن و گونجانە بۆ بارودۆخی لە ناکاوی، بێجگە لە هەموو ئەو ئامێرانەی بۆ ڕێنمایی و ناسینەوەی ڕەوت و ڕێگای سەخت و نەخشەی شوێن داهێنراون کە بۆ هەموو کەش و بایەکیش دەگونجێن.

توندوتیژی بووەتە پیشەیەکیش، (قسەکان هەر بۆ ئیڤ میشۆ دەگەڕێتەوە) تەنانەت سەگی پرۆفیشناڵ ڕادەهێنن تا بەگژی یاخیبووان لە دەسەڵات بچنەوە.

دیارە لە ڕووی مێژوویییەوە سێ جۆری گرنگی گرێبەستی کۆمەڵایەتی بەناوبانگن. یەکێکیان لە شێوەیەکی پۆزەتیڤ ڕوون کراوەتەوە کە لەلای هۆبز و سپینۆزا ئاشکرایە. لەلای هۆبز پاراستنی تاکەکانە بەرانبەر بە دەسەڵاتی دەوڵەت. لەلای سپینۆزا بریتییە لە دابینکردنی ئاشتی و ئازادی. لە کاتێکدا فۆرمە نێگەتیڤەکەی لەلای مارکس و ئینگلز دەبینرێ کاتێ دەسەڵاتی دەوڵەت بە سەرکوتکەر دەبینن و بە پێی ئەوان چیتر نابێ ئەو دەسەڵاتە درێژەی پێ بدرێ، بەم واتایە بە دەسەڵاتێکی کاتی تەماشاکراوە و هاووڵاتیان دەتوانن بە فەرمانی ئەو نەجووڵێنەوە، بگرە دژیشی بوەستنەوە. بەرانبەر بەم دوو فۆرمە ژان ژاک ڕوسۆ لە گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا گوێڕایەڵیی فەرمانەکانی دەوڵەت لە دۆخی ئەرکەوە دەکاتە دۆخی هەڵبژاردن کە لەسەر دیموکراسییەت بەندە. بەم مانایە کە هەمووان لە دروستکردنی یاسا بەشدارن، واتە خۆم بڕیاردەدەم کامە فەرمانە هەڵدەبژێرم کە لەگەڵ مندا دەگونجێ، لەلای ڕوسۆ ئا ئەمەشە ئازادی. دیارە لە حاڵەتی فۆرمی پۆزەتیڤ گوێڕایەڵیی بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت باشە، چونکە ئەگەر بە پێچەوانەوە بجووڵێیتەوە مەحکوم دەبی بە گەڕانەوە بۆ سەرەتا، ئەوەی ڕوسۆ ناوی دەنێت "دۆخی سروشتی"، واتە چۆن مرۆڤ لە سەرەتای مرۆڤایەتیدا خۆی و خۆی بوو بەرانبەر بە سروشت، مەحکووم دەبێ، بەوە ئەگەر سەرپێچی بکات لە دەسەڵاتێکی باش کە ئەمنییەت و خۆشگوزەرانی بۆ دابین دەکات و دەیپارێزێ. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر دەوڵەت لە دەسەڵاتێکی تۆتالیتاریزم بەرجەستە بێت، هاووڵاتیان خۆیان لە دۆخی بێ پاراستن دەبیننەوە، واتە هەمان دۆخی سەرەتایی مرۆڤایەتی کە بێ پاراستنە و دەسەڵات سادەترین ئەرکی خۆی جێبەجێ نەکردووە، لێرە دەبێ یاخیبوون جێی ئەو گوێڕایەڵییە بگرێتەوە. ژاک سیملەن، لەلای خۆیەوە باس لەم پێوەندییەی نێوان دەسەڵات و هاووڵاتیان دەکات و دەڵێ: (...) بە پێی "گرێبەستی کۆمەڵایەتی" لە نێوان دەوڵەت و هاووڵاتیان دەبێ دەوڵەت هاووڵاتییان بپارێزێ. ئەگەر بەشێکی هاووڵاتیانیش سەرپێچییان کرد، واتە ئەو فەرمانەیان پێشێل کرد کە دەیسەپاندە سەریان، ئەمانە دەبنە جێی گومان و دەوڵەت ماف بە خۆی دەدات ئەو گرێبەستە هەڵوەشێنێتەوە، هەر بۆیە لە ساڵانی سییەکاندا کەسێک جوولەکەیەکی بکوشتایە، سزا نەدەدرا.

لە ژێر سایەی ڕژێمی سەدام پیاوی کورد دەکوژرا، ژنی کورد بە دەست سەرباز و جاش هەتک دەکرا، کەس سزای نەدەدان، چونکە بە پێی ئەو گرێبەستەی ژاک سیملەن باسی دەکات دەسەڵات مافی خۆیەتی، سەدامیش بۆ

هەڵەبجە هەر لە ڕوانگەی ئەم مافەوە کوردی گازباران کرد. سیمەن دەڵێت ئەوانە واتا داهێنانن بۆ کردارەکانیان، ئەو (بکەرانە) بەهانە بۆ کردارەکانیان دەهێننەوە و دەڵێن: "دەبوو وا بکەین، ناچاربووین وا بکەین". بۆ ئەوەی پاساو بۆ خۆیان بهێننەوە. دەشڵێن: مرۆڤ بۆ ئەوەی بوونی خۆی بسەلمێنێ، واتا بە ژیان دەدات، بۆ کوشتن و ڕەشەکوژیش هەروەها. ئەمە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو فەلسەفەیەی هیگڵدا نییە کە توندوتیژی بە ئەقڵانی دەکات.

ئیڤ میشۆ دێتەوە سەر داهێنانی ئەو ئامرازانە و دەڵێ: (...) مرۆڤ ئەوانە دادەهێنێ تا بە باشترین شێوە و بێ هەڵە مرۆڤی تر لەناوبەرێ، هەتا ئەو ڕادەیەی شێوەی ڕێوڕەسمێک لە خۆی دەگرێت. قوربانی زەمانی شارستانییەتە دیرێنەکان وەک مایا، توندوتیژی نەبووە، چونکە لە ڕێوڕەسمێکی ئایینییەوە سەرچاوەی گرتووە و ئەوان نییەتی ئاشکرایان لە توندوتیژی بەرانبەر بە خودی قوربانییەکە نەبووە، ئەگەرچی ژیانیشی بە هۆیەوە لەدەست دابێ. توندوتیژی کردارێکە لە نییەتێکی مۆراڵەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئامێری سەرکوتکردن تەنانەت لەو وڵاتانەی گەشەی ئابووریشیان بە خۆوە نەبینیوە هەر پێشکەوتووە. لە پشت هەموو ئەمانەشەوە بەڕێوبردنی ئەم توندوتیژیانەیە، واتە هەرچی لە ڕووی ئیدارییەوە پابەندە بە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کردارێکی توندوتیژی. فوکۆ لە هەمان سەرچاوەی چاودێری و سزا، لەمەڕ هەمەجۆری داهێنانی ئامێری سزادانی مرۆڤ، دیسان دەڵێ: (...) گرنگە وشەی مرۆڤایەتی شی بکەینەوە. لە ڕاستیدا ئەم ئامێرانە شێوەیەکە لە لێکدانەوەی خێرایی، ئابووری و ئەقڵانییەتیشیان تێدایە، ئا ئەمەشە دەسەڵات، ئا ئەمەشە ئابووری دەسەڵات، کە مرۆڤایەتیمان پێ ناوناوە.

ئەم بیرۆکەیەی فوکۆ زۆر گرنگە لێک بدرێتەوە، بەرانبەر بە داهێنانی هەمەجۆریی ئەو ئامرازانەی داهێنراون بۆ پاراستنی ڕەگەزی ئاژەڵ و باڵندە، بگرە ڕووەکیش، داهێنانی ئامرازی کوشتنی مرۆڤ و لە ناوبردنی ڕەگەزی، هونەری تێدا بەکار هێنراوە. (بێ گومان لێرەدا مەبەستمان لەوە نییە کە ژیانی بوونەوەرانی تر پشتگوێ بخرێ)، بەڵکو توندوتیژی بەرانبەر بە ئاژەڵ و هەموو بوونەوەرێکی تر دنیایەک قسە هەڵدەگرێ.

**چۆن مرۆڤ ژیانی خۆی بپارێزێ؟**

فەیلەسووف لۆران میوکیێلی، لە کتێبی داهێنانی توندوتیژی، سەبارەت بە فۆرمی توندوتیژی لە ڕۆژئاوا باس لەوە دەکات: (...) کە لە شوێنێک توندوتیژی کەمتر بێت، بچووکترین توندوتیژی بە زل تەماشادەکرێ، چونکە وێنەی ئەو توندوتیژییە بە شێوە ئاساییەکەی لە ئارادا نەماوە، لێرەوە ئێمە بە نۆرەی خۆمان بەرپەرچدانەوەیەکی توندوتیژمان لە ئاستیدا دەبێ. لۆران میوکیێلی لە جێیەکی تریشدا دەڵێ: (...) لە دنیای ئەمڕۆدا توندوتیژی زۆر کەمترە لەوەی دەخرێتە بەرچاومان، ئەوە میدیاکان وەها زەقی دەکەنەوە. بەو شێوەیە هەر یەکەمان بۆخۆی دەبێتە کامێرایەک بۆ سەر ئەوی تر. دەنا ئەگەر بە ڕاستی لێکۆڵینەوە بکەین، دەبینین کە توندوتیژی ئێستا کەمترە، بگرە ئەو توندوتیژییەی لە ناوخۆدا هەیە، وەک نێو خێزان و نێوان ژن و مێرد، لە هی دەرەوە توندوتیژترە، وەلێ شاراوەترە.

ئیڤ میشۆ، لەلای خۆیەوە وەها دەڕوانێتە بەهای هیومانیزم، کە (...) نموونەی ڕێکخراوە مرۆییەکان و ئەم لایەنە لەگەڵ خۆپەرستی تاکێتیمان گەشە دەکات، بەم واتایە گەڕان بە دوای خۆشگوزەرانی و ژیانێکی ئاسوودە تووشی بەیەکدادان دەبێت لەگەڵ بیرۆکەی ئەوانی ترکە لە ئازار و توندوتیژیدا دەژین. لەم بۆچوونەوە بیرنار ستیگلەر ئەمڕۆ دنیای ڕۆژئاوا وەها دەبینێ کە هەموو هەوڵێک دەدات تا لە هەستی "میا- کیولپە" واتە ئازاری ویژدان، تێپەڕێت.

بۆ نموونە، کاتێک باس لە خەڵکی بێگانە و گەڕاندنەوەی ئەو کەسانە دەکرێ کە ناسنامەیەکی فەرمییان پێ نییە، هەموو بەهانەیەک دەهێننەوە تا بیسەلمێنن کە ئەوانە یاسایان پێشێل کردووە. بەو شێوەیە ئەو کێشەی نائارامیی ویژدانە چارەسەر دەکەن. بەو هەستە ئەوی تر خەتابار دەکەن، تاوانباری دەکەن و خۆشیان بە موقاشێکی زیرین لە نێوان سەرجەمی خەتاکاراندا هەڵدەکێشن.

لە کاتی شەڕ و ڕاپەڕینیش کە تەدەخول دەکرێت، وەک ئەوەی سۆماڵ و عیراق و لیبیا، تا توندوتیژی لە ژیانی ئەو میللەتانە لە ناوبەرن، بە چاکی دەکرێ بپرسین ئایا خۆیان دیسان دووچاری توندوتیژی نابنەوە؟ بەوەی هەمان ئامرازی توندوتیژی، یان توندوتیژتر بەکار دەبەن بۆ ئازادکردنی وڵاتانی تر؟

ئەو وڵاتانە لەپێناو سەقامگیربوونی دۆخی ئەو خۆشگوزەرانییە دەبێ نرخی بدەنەوە. بۆ بەردەوامبوونی ئەو خۆشگوزەرانییە پێویستە دیسان بەرهەم بهێنن. کۆمەڵی بەرهەمهێنان ئەوەشە کە لە ماشێنەکەیدا پێشوەخت نرخی بۆ ئەو سەقامگیرییە داناوە و دەبێ ڕێنمایی بکات تا بەردەوام بێت. لە پێناو ئەو سەقامگیربوونی خۆشگوزەرانییەش، هەرچ ئەندامێکی شێوێنەر دەرپەڕێ، هەڵدەکێشرێ. بەم جۆرە ئیڤ میشۆ دەڵێ: (...) کە پێوەندییەکی ئاڵوگۆڕیش لە نێوان کرداری توندوتیژی و بەرهەمهێنان هەیە. تەقینەوەی ئۆتۆمبێل و خانوو و تێکدانی ڕێگا و بان و دوکان و دەیان ژێرخانی گرنگی کۆمەڵگەیەک بە سوود بۆ لایەنێک دەگەڕێتەوە، وەک کۆمپانیاکانی بیمە. ئەمە دەچێتە پاڵ ڕای نووسەر جارید دیامۆند کە ستیگلەر لە کۆنفرانسەکەیدا ئاماژە بەو کتێبەی بەناوی دارمان دەدات، جارید دیامۆند باس لەو کۆمەڵگایانە دەکات کە چۆن بەرەو شکستی، یان سەرکەوتنیان دەچن. ستیگەلەریش دەڵێ من ئەوە ناودەنێم پچڕان (intromption)، واتە چۆن بە هۆی گۆڕانکارییەکی تەکنۆلۆژی پچڕان ڕوودەدات. لەسەرەتادا وا دەزانین هەموو شتێک بە باشی بەڕێوە دەڕوات، هەروەک ئامێرێکی پێشکەوتوو، پاشان لە پڕ شتێک ڕوودەدات و ڕەوتی ئەو باشییە تێک دەدات و لە ناو قەددا دەیپچڕێنێ و دەگەڕێینەوە سەر دۆخی سەرەتا.

دواجار لە کۆمەڵگەیەکی نیمچە سەقامگیریش وەک ئێمەی کورد، جۆرێکی کۆنی توندوتیژی دێتەوە پێشێ کە لە دەمێکەوە ڕۆژئاوا و وڵاتە پێشکەوتووەکانی پێدا تێپەڕبوونە. ئەوەش دەرکەوتنی گرووپ و لایەنگری و سێکتی ئەنتیلجنسیای مۆدێرنە. کاتێ لە ناو جۆرێکی گرووپدا خۆمان حەشاردا، ئەمە نیشانەیەکی بێ باوەڕیشە و سەرەتای چوونە ناو شەڕە. شەڕ بەناوی پاراستنی لایەنی سیاسی، شەڕ بە ناوی بۆچوونێک، تەنانەت بەناوی دیموکراسیش. وەک (نموونەی شەڕی ئەمریکا لەگەڵ هەموو ئیسلام).

کێشە لەوەدایە کە پێوەندیمان بە شوێنیشەوە دەگۆڕێ. هەندێ شوێن ئیدی لە خۆمانی قەدەغە دەکەین، چونکە مەترسیدارە، هەڕەشەکەرە. کێشەی گەورەتریش لەوەدایە کە تەڕ و وشک بە ئاگری دەسووتێ، سەرباز و مەدەنی تێدا جیاناکرێتەوە، لەوانەش ترسناکتر شەڕی ناوخۆیە، چونکە هەردوولا بەدوای سەپاندنی دەسەڵات بەسەر ئەوی تردا دەگەڕێن، لەمەشدا هەوڵ دەدات هەموو خەڵکی مەدەنی تێوەگلێنێ. هەموو کەس دەبێ بچنە ناو یەکێک لە خانەکان و مۆرکی خۆیان دەستنیشان بکەن بۆ ئەوەی شەرعییەت بەو شەڕە دەسەڵاتە بدرێ. ئەم حاڵەتی گۆڕانی شوێنە بە چاکی لەپاش شەڕی ناوخۆی کوردستان ئاشکرابوو، خەڵکی ئەسڵی شارەکان بە تایبەتی لە سلێمانی و هەولێر بوونە کەمینە. سیاسەتی توندوتیژی تەعریبی کەرکوک خەڵکی ئەو شارەی کردە پەنابەری ئەبەدی لە هەموو شارەکانی تر و بگرە لە دنیاش.

دەرئەنجام ژاک سیملەن دەڵێ: هەمووومان ئەو قەناعەتەمان هێناوە کە ئەو کاتە دەبینە (بکەری کوشتن) کە لە گرووپێکدا بووین، ئەم گرووپانەش: چ سەرباز و پۆلیس و یەکەی پارا میلیتێر بن، هەروەها گرووپی مەدەنیش بن، بۆیە لەم پێوەندییەدا، مرۆڤ لە نێوان خۆیاندا پێوەندییەکی ئاسۆییان هەیە، واتە لە ئاستی تەماشایە، چاو بەرانبەر بە چاوە و پلەبەندی نییە لە نێوان کەسەکان. کاتێکیش پێوەندی هاووڵاتی و ملکەچبوونی بۆ دەسەڵات، ئەمەیان پێوەندییەکی ستوونییە. لەسەر پلەبەندی وەستاوە، فۆرمە زەقەکەی لە جێبەجێ کردنی فەرمانی دەسەڵاتدا ئاشکرا دەبێ.

ئەوانەی سەریان شۆڕ ناکەن بۆ ئەو دەسەڵاتە و فەرمانیان جێبەجێ ناکەن، بەلاواز لە قەڵەم دەدرێن، بەڵام کێ دەڵێ ئەمان بەهێزتر نین؟ هەر ئەمان نین کە دژی گرووپیش دەبنەوە؟ پاشان، ژاک سیملەن دەپرسێ: مەسەلەی خواست چۆنە؟ ئەمەیان ناکرێ بە گشتی سەیربکرێ. هەن کە زۆر خۆشی لە کوشتن دەبیننەوە. کوشتنی ئەوی تر لایان مسۆگەرکردنی نەمرییە بۆ خۆیان. هەشن کە کوشتن دەبێتە مێردەزمە و مۆتەکە بۆ ڕوحیان و هەتا مردن لە ترۆمای ئەوە دەرناچن.

## پوختە

دوور لە هەموو دروشمێک و وشکەسەری، لەم قۆناغەی کوردستاندا ئێمە پێویستمان بە لێکدانەوەی چییە؟ ئایا وەک بیرنار ستیگلەر باسی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوای کرد، ناکرێ ئێمەش باس لەوە بکەین کە ئێمەی کورد لەم قۆناغەدا پێویستمان بەوە نییە بە ئەفسانەکانماندا بچینەوە؟ بنچینەی فولکلۆریماندا؟ قسەی نەستەق و داستانەکانماندا بچینەوە؟ لە نەورۆز و

نوێکردنەوەی ساڵ، لە بەهاردا تێ بگەین؟ لە نوکتەکانمان تێ بگەین، لە مێژووی شکستی سیاسیمان تێ بگەین؟ کە گەنجی تر دێن ڕازی بین بچینە پلەی دوو و سێ، تەنانەت لێکدانەوەی سەرجەمی ئەو دوا گوتارانەی باس لە دنیای ئەمڕۆی کورد دەکەن، بگرە گرنگە ڕۆژژمێری کشتوکاڵیشمان لێک بدەینەوە، تا دووبارە پێیاندا بچینەوە و دیسان لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی نوێمان بۆ کۆمەڵی ئەمڕۆی کورد هەبێت. بە گوتەی بیرنارستیگلەر تا ئەوێش بچین کە لە ژەهری ئەو کۆمەڵگەیەی خۆمان چارەسەر بدۆزینەوە. بۆ پشتگیریی ئەو واتایەش، فەیلەسووف سلۆتەردایک لە چاوپێکەوتنێکی ڕادیۆی فرانس کولتووردا دەڵێت: (...) ئەگەر دەمانەوێت مرۆڤایەتی- هیومانیزم بکەین، مەدەنییان بکەین، دەبێ ئامرازی تری بۆ دابین بکەین. کۆمەڵگە خێڵەکییەکان (وەک ئەوەی لە سەرەتای ئادەمیزاددا هەبوون) هەرگیز ناتوانن نوێگەرایی بەرهەم بهێنن، چونکە جۆری پێوەندیدارییان (communication) لەسەر گێڕانەوەیەکی ئەفسانەیی بەندە، هەر بۆیە تاقە شێوەیەک کە بتوانن بەرهەمی بهێنن "گەڕانەوەی ئەبەدییە" (eternel retour) لەسەر شێوازی هێنانەوەی پڕوپاگەندەی خراپ.

پێوەندییەکانی کورد لە دێرەزەمانەوە بە کێوە بوو؟ لەگەڵ عەرەبدا ناسنامەی کەسایەتی کورد ئەوەیە "خێڵی جنۆکەیە" کە گەشتکەرێکی نارەوای عەرەب لە بۆچوونی خۆیەوە وەسفی دەکات. بۆچوونی فارسەکان ئەوەیە کە هەزارو یەک شەو باسی دەکات، "بازرگانێکی فێڵبازە". تورک هەمیشە بە "کێوی و دڕندە" سەیری دەکات. دنیای ئەمڕۆش ئەگەر تۆزێک هاتوونەتە قسە لەسەر کورد، ڕاستییەکەی تەنیا لەبەر دەسکەوتی کوردستانە، کە بیرە نەوتەکان وشک بوون، قسەکانیش لە ئاست خۆیان دەسڕێنەوە. ئەمە بۆ خۆی فۆرمێکی نوێ نییە لە توندوتیژی دژ بە کورد؟

**سەرچاوەکان:**


**- Bernard Steigler, Aimer, s'aimer, nous aimer, Du 11 septembre au 21 avril. Ed Galilée, 2003.**
**- Bernard Quelquejeu, Sur les chemins de la non violence, Études de philosophie morale et politique, Éd. Vrin, Paris, 2010.**
**- Christopher Robert Browning, Des hommes ordinaires. Le 101e bataillon de réserve de la police allemande et la Solution finale en Pologne,Ed. Les Belles Lettres, Paris, 1994 (1re éd. américaine, 1992).**
**- Eric Wenzel, Le massacre, objet d?histoire, Le massacre dans les méandres de l?histoire du droit, sous la direction de David El Kenz. Ed. Gallimard, Paris, 2005.**
**- Françoise Héritier, De la violence I, Ed. Odile Jacob, Paris, 2005.**
**- Guillotte, Alain, Violence et éducation : incidents, incivilités et autorité dans le contexte scolaire, Presses universitaires de France, 1999.**
**- Hannah Arendt, Eichmann à Jérusalem. Rapport sur la banalité du mal, traduction française A. Guérin, Gallimard, Folio, 1991.**
**- Jacques Semilin, Purifier et détruire. Usages politiques des massacres et génocides, Le Seuil, Paris, 2005.**
**- Jacques Semilin,Du massacre au processus génocidaire, Revue internationale des sciences sociales n?174, novembre 2002, pp 483-492.**
**- Jared Diamond, Effondrement. Comment les sociétés décident de leur disparition ou de leur survie, Ed. Gallimard, NRF Essais, pour la traduction 2006, en anglais : Collapse, 2005.**
**- Laurent Mucchielli, L'invention de la violence, collection Document, Ed. Fayard, Paris, 2011.**
**-Sigmund Freud, Malaise dans la civilisation, 1929 dans Le Malaise dans la Cul-**

ture, Ed. PUF, Paris 2004.
- Serge Moscovici, DES FOULES, un traité historique de psychologie des masses. Version numerique. http://classiques.uqac.ca/
- Pierre Bourdieu, La domination masculine, Ed. Seuil, Paris, 2002.
- Sous la direction de Vincent Azoulay et Patrick Boucheron. Le mot qui tue. Une histoire des violences intellectuelles de l?Antiquité à nos jours. Ed. Champ Vallon Epoque , Seyssel, 2009.
-Yves Michaud, Changements dans la violence : essai sur la bienveillance et sur la peur, Ed. Odile Jacob, Paris, 2002.

سەرچاوەی تر (کۆنفرانس و سیمینار و ڤیدیۆ):
D'autres sources :
- A Clockwork Orange, roman de, Anthony Burgess, adaptation cinématogaphique, Stanley Kubrick en 1971 sous le titre Orange mécanique.
- Bernard Stiegler, Cours à l'école de philosophie d'Epineuil le 19 janvier 2013.
-Bernard Stiegler,Cours de philosophie du 18 septembre 2011.
-Gilles Deleuze,l'Abécédaire lettre R, Création et résistance, entretien Claire Parnet.
- Lucien JERPHAGNON,Reportage consacré au philosophe, archive ina. France.
- Pascal. Blaise, Le "moi", archive, Radio France Culture, Les nouveaux chemins de la connaissance du 1er janvier 2009, par Raphaël Enthoven, invité Vincent Carraud.
-Roger Dufour-Gompers, Dictionnaire de la violence et du crime, Paris, Erès, 1992.
- Sloterdijk. Peter, Premier pouvoir, diffusé sur France Culture le 11 décembre 2004 et présenté par Elisabeth Levy et Gilles Casanova. Sépciale, avec Peter Sloterdijk, partie 1.
- Yves Michaud, Violenec et conflit, conférence, 3 juin 2000. Université de tous les savoirs.
-Yves Michaud, Humanités pour le posthumain, conférence, 15 octobre 2008. Uni versité de tous les savoirs.

* پوختەیەکی ئەو لێکۆڵینەوەیە لە سیمیناری ٢٠٠ ژمارەی گۆڤاری ڕامان لە سەرلەبەیانی ڕۆژی دووەم ١٥/٣/٢٠١٤ لە شاری هەولێر پێشکەش کرا.

# تەکنیکی گێڕانەوە لەچیرۆکی (ڕیشۆڵە)دا


**جیهان یووسف ئەحمەد**


گـێـڕانەوە لە هونەری چیـرۆکـدا ڕۆڵێکی گـرنگ و بەرچاوی هەیە، سەرکەوتنی هەر چیـرۆکـێک، بەندە بە سەرکەوتنی نووسەر لە گێڕانەوەکەیدا. هەر لەبەر ئەوەیە، ڕەخنەی ئەدەبی گرنگییەکی تایبەتی بەو ڕێوشوێنانە داوە کە نووسـەر لە چۆنیـەتی گـێـڕانەوەکـانیـدا بە کـاریان دەهێنێت و ناویشی ناون (تەکنیکەکانی گێڕانەوە).

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە جـۆرەکـانی گـێـڕانەوەو تەکنیکەکـانی دەدوێت و نموونەکـانیـشی لە چیـرۆکی (ڕیشۆڵە)ی (شێرزاد حەسەن) وەردەگرێت.

ئەو بابەتەشم بۆ ئەوە هەڵبژاردووە کە خوێنەر زیاتر بەو هونەرە بەرزە کە (تەکنیکی گێڕانەوەیە) ئاشنا بکەین و ببێتە بەرچاوڕوونییەک بۆمان. پێویستیی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە کە تەکنیکەکانی گێڕانەوە بە شێـوەیەکی سادە باس دەکات و دەقی چیرۆکەکەش لەگەڵ کورتییـەکەی، زۆرێکی لەم تەکـنیـکـانەی بەکـــارهێناوە، بۆیـە بە هەردووکیان دەبنە نموونەیەکی پوخت و کرداری.

لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکدێت، لەبەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەمدا ڕێبـازی مێـژوویی و ڕێبـازی وەسفـیم بەکـارهێناوە، بەڵام لەبەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکـەمـدا ڕێبازی شیکاریم پەیڕەو کردووە.

**پلانی لێکۆڵینەوەکەشم بەم شێوەیە داناوە:**

بەشی یەکەم باس لە پێکهـاتەکـانی هونەری گـێڕانەوە دەکـــات و بەســـەر پێنج بەندا دابەش کــــراون، پێکهاتەکانیش: حەکایەتخوان و جۆرەکانی، ڕێگاکانی گـێـڕانەوە، بەکـارهێنانی جـێناوەکـان لە گـێـڕانەوەدا، تەکنیکەکانی گێڕانەوە، هەروەها گرنگترین تەکنیکەکانی گـێـڕانەوە، بەشی دووەمـیش بە ناوی (تەکنیکەکـانی گێڕانەوە لە چیرۆکی ڕیشۆڵەی شێرزاد حەسەن دا) لە دوو بەند پێکدێت، پوخـتـــەی چیـــرۆکـــەکـــە، هەروەها جێبەجێکردنی تەکنیکەکان بەسەر دەقی چیرۆکەکەدا.

**بەشی یەکەم: پێکهاتەکانی هونەری گێڕانەوە.**

**١-١ بەندی یەکەم: حەکایەتخوان و جۆرەکانی**

لە بەرهەمی چیرۆکئامێزدا (چیرۆک بێت، یان نۆڤلێت و ڕۆمان)، حەکایەتخوان ئەو کەسەیە کە ڕووداوەکان بۆ خوێنەر دەگێـڕێتەوە، ئەویش چەند جۆرە دابەشکردنێکی هەیە:

**یەکەم: بە پێی کەسی حەکایەتخوان:**

١- خودی نووسەری بەرهەمەکە، دەبێتە حەکایەتخوان و ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە.

٢- کەسێکی ناو بەرهەمەکە دەبێتە حەکایەتخوان و نووسەر لەسەر زاری ئەو کەسەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە.

**دووەم: بە پێی ئەو زانیارییەی کە هەیەتی:**

١- هەمـوو شت زان: کـەسـێکی ئاگـادارە لە هەمـوو کردار و ڕەفتاری کەسایەتییەکان و شارەزایە لە ڕەوشت و باری دەروونی و نزیکە لە ئێسـتـاو ڕابردوویانەوە)(١). حەکایەتخوانی هەموو شت زان (بەوە دەناسرێتەوە کە ڕێگا نادات کارەکتـەرەکان بەخۆیان بێنە سەر شـانۆی ڕووداوەکان و گۆشەنیگای خۆیان ڕاستـەوخۆ دەردەبڕن، بەڵکو لەباتی ئەوان قسـە دەکات و گۆشـەنیگایەکـانیـان پیشان دەدات و باری دەروونیـان شی دەکاتەوە و لەڕووی کـۆمـەڵایەتی و ئابوورییـەوە باسـیـان دەکـات و ئاگـای لە هەموو شتێکی ئەوانە...)(٢).

٢- هەمـان شت زان: (لەم شـێـوازەی گـێـڕانەوەدا (زاتی) تیـــشـک دەخـــرێتـــە ســـەر ناخی دەروونی کـارەکـتـەرەکـان و کـەسـەکـانی ناو چیـرۆک و هەسـتـە شاراوەکانی دەردەخات)(٣).

ئەم حەکایەتخوانەیە کە ئاستی زانیارییەکانی لە بارەی کـەسـایەتیـیـەکـانەوە هەر ئەوەندەیە کـە لەسـەر زاری کەسایەتییەکانەوە دەریدەبڕێت، واتە خۆی لە خۆیەوە هیچ وەسفێکی کەسایەتییەکە ناکات، بەدەرلەوەی کە لەسەر زاری کەسایەتییەکانەوە ڕایگەیاندووە.

٣- کەم شت زان: ئەو حەکایەتخوانەیە کە چاوەڕوانە لە کـەسـایەتیـیـەکـانەوە زانیـاری کـۆبکاتەوە، زاتە کەسایەتییەکانیشی وەک پێویست و بە ئاسانی هەموو شـتـێـک نادرکـێنن، ئەم جـۆرە گـێـڕانەوەیە پێـویسـتـی بە زیرەکی خـــوێنەر هەیە کـــە خـــۆی لەکـــۆی بیـــروڕای کەسایەتییـەکانەوە زانیاری کۆ بکاتەوە. ڕەخنەگری بە ناوبانگی سۆڤییەتی (تزڤیتان تۆدۆرۆڤ) ئەم جۆرانەی گـێـڕانەوە بە شـێـوازێکی بیـرکـارییـانە وەک خـوارەوە دەخاتەڕوو:

١-حـیکایەتخـوان › کـەسـایەتی (حـیکایەتخـوان لە کەسایەتییـەکان زیاتر دەزانێت، واتە هەندێک زانیاری لەسەر زاری کەسایەتییەکانەوە دەگێڕێتەوەو هەندێکیشی خۆی لە ڕێگەی وەسفی ڕووداوەوە باسیان دەکات).



**شێرزاد حەسەن**

٢-حەکایەتخـوان = کەسایەتی (حەکایەتخـوان تەنیا ئەوە دەڵێت کە کـەسـایەتیـیـەکـان دەیزانن، واتە هەمـوو زانیـــارییـــەکـــان لەســـەر زاری کـــەســـایەتیـــیـــەکـــانەوە دەگێڕێتەوە).

٣-گـێـــڕەرەوە ‹ کـــەســـایەتی (حـــەکـــایەتخـــوان لە کەسایەتییەکان کەمتر دەزانێت)(٤).

**٢-١ بەندی دووەم: ڕێگاکانی گێڕانەوە**

نووسەری دەقی چیرۆکئامێز دەتوانێ بە چەند ڕێگایەک گـێــڕانەوەکـەی ئەنجـام بدات، مـەبەسـتـیش لەم ئاڵوگـۆڕکـردنەی ڕێگاکـان ئەوەیە گـێـڕانەوەکە بەگـەرمی ڕابگرێت و خوێنەر بەردەوام لەگەڵ ڕووداوەکاندا کارلێک بکات (هەروەها هەمـوو شـێـوازەکـانی گـێـڕانەوە تۆوی ڕاگەیاندن هەڵدەگرن)(٥). ئەم شێوازانەش بریتین لە:

١-نووسـەر خـۆی ببـێـتـە حـەکـایەتخـوان، ئەمـەیان بەحیکایەتخوانی هەموو شت زان دەکرێت.

٢-نووسەر خۆی دیارنەمێنێت و کەسایەتییەکانی ناو بەرهەمـەکـەی بکاتە حـەکـایەتخـوان. ئەمـەیان بە حەکایەتخوانی هەمان شت زان و کەم شت زان دەکرێت.

٣-گـێـڕانەوە لە ڕێگەی نامـەو بەڵگەنامـەوە: لەم جۆرەیاندا نووسـەر باسی نامـەیەک دەکـات کـە لە بارەی

ڕووداوێکەوە نوسـراوە، یان بەڵگەنامـەیەک دەست یەکێک لە کەسایەتییەکان کەوتووە و لە ڕێی ئەو جۆرە هۆکـارانەوە گـێـڕانەوەکـەی ئەنجـام دەدات.ئەو جـۆرە گـێڕانەوەیە (قەوالەیشی پێ دەگوترێ کە نامەیەک بۆ چیـرۆکی کـورت و چەند نامـەیەک بۆ چیـرۆکی درێژ دەبێت)(٦).

٤-تێکەڵکردنی هەمـوو شـێـوازەکـان. (ئەمـەش بێ گومان پێویستی بە زیرەکی نووسەرەکە هەیەو سەرکەوتن تێیـدا بە ڕادەی کـارامـەیی و خـەیاڵ فـراوانییـەکـەیەوە بەندە)(٧).

**٣-١ بەندی سێـیـەم: بەکـارهێنانی جـێناوەکـان لە گێڕانەوەدا:**

نووسـەری دەقی چیـرۆکـئـامـێـز بە پێی چۆنیـەتی گـێـڕانەوەکـەی دەبێ ئاڵوگـۆڕ بە جـێناوەکـان بکات، هەندێک جـاریش لە یەک باری دیاریکراودا دەتوانێت دوو جـێناو بە کـاربهـێنێت و سـەرپشکە لەوەی هەر یەکێکیـان هەڵبژێرێت، بەڵام ئەو هەر جارەی یەکێکیان بەکـاردێنێت و ئاڵوگـۆڕیان پێ دەکـات، بە مـەبەسـتی سەرنجڕاکێشانی خوێنەر و نیشاندانی ڕووداوەکە لە چەند گۆشەیەکی جیـاوازەوە. لە ڕووی کـاریگەریی جێناوەکـان لەسەر خوێنەر، نووسـەری دەق بەکـارهێنانی جـێناوەکـان ڕەچاو دەکـات، چونکە (جـێناوی بزر -ئەو- لە دەرەوەی چیـرۆک جـێـمـان دێڵێ، هەرچی جـێناوی -من-ـە دەمانباتە ناوەوە... جێناوی یەکەمین کـەس ناتوانێ بێ لایەن بێ، بۆیە هەندێ جـار جێناوی - تۆ - کـە قـسـەی جـێناوی قـسـەکـەری ئاراسـتـە دەکـرێ دەخـرێتـە ناو چیرۆکەوە)(٨) بەگشتی هەر سێ جێناوی یەکەم و دووەم و سێـیـەمین کـەسی تاک بەکـاردێن و هەندێک جـاریش جێناوەکان لە شێوەی(کۆ) بەکاردێن، بەڵام بەکارهێنانیان بە شێوەی تاک باوترە.

**٤-١ بەندی چوارەم: تەکنیکەکانی گێڕانەوە**

گێڕانەوە لە هەموو هونەرێکی چیرۆکئامێزدا هەیە، لە بەرهەمە چیرۆکییە کۆن و تـازەکاندا گێڕانەوە ڕەگـەزێکی زەق و گـرنگە، بەڵکو بەرهەمی چیـرۆکـئـامـێـز بە بێ گـێـڕانەوە دروست نابێت. حەکـایەتە فـۆلکلۆرییـەکـان و داستـانە شیعـرییەکـان هاوشانی چیرۆکی نوێ و ڕۆمـان، گێڕانەوەیان تێدایە. ئەوەی ئەو گێڕانەوانە لەیەکدی جیا دەکاتەوە، ئەو چۆنیەتی و ڕێوشوێنانەی کە گێڕانەوەکەی پێ ئەنجـام دەدرێت. ئەم ڕێوشـوێنانەش پێیـان دەگـوترێت تەکنیکەکانی گێڕانەوە.

نووسـەری کـتـێـبی (ڕۆمـان چیـیـە؟) لە بەشـێـکی کـتـێـبـەکـەیدا هەندێک لەو تەکنیکانە بە شـێـوەیەکی ڕەمەکی دەخاتەڕوو. بە بۆچوونی ئەو، نووسـەر دەتوانێت کە:

- چیرۆکەکەی بە ڕێگای یەکەمین کەس، یان سێیەمین کەس، یان پێکەوە بگێڕێتەوە.
- خـۆی گێـڕانەوەی ئەم چیـرۆکە لە ئەستـۆ بگرێت کـە تێـیـدا بە جـۆرێک ڕووبەڕووی ڕووداو و کـێـشـەکـان بووەتەوە.
- خـۆی چیـرۆک بگـێـڕێتـەوە، بەڵام بە چاوی تەماشاکەرێکی بێ لایەن.
- گێـڕانەوەی چیرۆکەکەی بە تەواوی بخاتە ئەستـۆی یەکێک لە کەسایەتییەکانی بەرهەمەکەی.
- خـۆی چیـرۆکـەکـە بگـێـڕێتـەوە، بەڵام لە کـۆتـایی چیـرۆکـەکـەوە دەست پێ بکات، واتە لە سـەرەتـای چیرۆکەکەی کۆتایی زنجیرەیەک ڕووداوی ڕابردوو ئاشکرا بکات، پاشان درێژە بە گێڕانەوەکەی بدات.
- چیـرۆکـەکـە لە ناوەندەوە بگـێـڕێتـەوە، بەڵام بە شێوەیەک کە لەوە بچێت کۆتایی چیرۆکەکەی نەزانێت.
- بە لەدایکبـوونی پاڵەوانی ڕۆمـانەکـەی دەست بە چیرۆکەکەی بکات، کە لەم بارەیەوە لە وانەیە مەبەستی ئەوەی هەبێت جـەخت لەسـەر گـرنگیی چارەنووسی کەسێک بکاتەوە.
- باس لە ڕاقـەکـردنی زنجـیـرەیەک لە ڕووداو و کاریگەرییە مێژووییەکان بکات کە ژیانی چەند نەوەیەک دەگرنەوە.

دوای خستنەڕووی ئەم خاڵانە، نووسـەری کـتـێـبـەکـە ئامـاژە بۆ ئەوە دەکـات کـە هەڵبـژاردنی چۆنیـەتی دەست پێکردنی سـەرەتای ڕۆمـان، یان چیـرۆک، شـێـوازێکی بەردەوام بوون لەسەر نووسـەرەکەی دەسەپێنێت کـە دەبێ پابەندی بێت. بۆ نموونە ئەگەر گێڕانەوەی مێژوویی کردە سـەرەتای دەسـتـپـێـکردنەکـەی، ئەوە دەبێ ڕووداوەکـان هەمـوویان لە ڕووی زنجیرەیی مێژوویی ڕوودانەوە ڕوون بن.

**٥-١ بەندی پێنجەم: گرنگترین تەکنیکەکانی گێڕانەوە:**

١- تەکنیکی شەپۆلی هۆش: ئەم دەستەواژەیە یەکەم جار زانای دەروونناس (ویلیام جیمس) بەکاری هێناوە بۆ وەسف کردنی سروشتی بەدوای یەکدا هاتن و یەکتر کێشکردنی بیرکردنەوەکانی مرۆڤ، پاشان ڕەخنەگرانی ئەدەبی بۆ وەسفی ئەو جۆرە چیرۆکە بەکاریان هێنا کە ڕووداوەکانی بەشێوەی بیری مرۆڤ یەکدیيان بۆ بابەتی جیاجیا کێش دەکردو دەگواستەوە.

(ڕۆبەرت هیمفری) شەپۆلی هۆش بەوە دەناسێنێ کە: (جۆرێکە لە گێڕانەوە، بابەتەکانی لە ئاستە دەروونییە پێش قسەکردنی پاڵەوانەوە هەڵدەهێنجێت)(٩).

لە ڕووی دەروونییەوە، مرۆڤ هەمیشە پێش قسەکردن لە دۆخێکی ناجێگیردایەو زیاتر لە یەک بیرۆکەی لە هزردا هەیە بۆ ئەوەی بیکاتە قسەکردن، گەلێک جار لەوانەیە ئەو بیرۆکەیەی کە دەربببڕێت بە هۆی گوشارە دەرەکییەکانەوە نەتوانێت گوزارشتی لێ بکات، بۆیە قسەیەکی دیکە دەکات کە لە مەبەستە سەرەکییەکەی دوورە. (هەر بۆیە گێڕانەوە بەم شێوەیە دەسەڵاتێکی وروژێنەر و خۆ سەپێنەرە، کار دەکاتە سەر بارە دەروونییە جێگیرەکانی خوێنەر)(١٠) نووسەری دەقی چیرۆکئامێز سوود لەو بارودۆخە دەروونی و لەو ململانێ ناوەکییەی پاڵەوان وەردەگرێت بۆ دەرخستنی باری دەروونیی پاڵەوانەکەی و قووڵبوونەوە بە ناو ناخ و بنەوانی بیرکردنەوەکانیدا، هەڵبەتە ئەم تەکنیکە قووڵاییەکی زۆر بە بەرهەمەکە دەبەخشێت و زیاتر خوێنەر بە ڕووداوەکانەوە دەبەستێتەوە. نووسەری دەق لە بەکارهێنانی ئەم هونەرەدا بە پلەی یەکەم سوود لە تەکنیکی مەنەلۆژ و خۆدواندن وەردەگرێت و قووڵایی ناخی پاڵەوان لە ڕێی خستنەڕووی خەیاڵ و خۆ دواندنی پاڵەوانەوە ڕوون دەکاتەوە.

٢- فلاش باک (Flash back): بریتییە لە هێنانەوەی ڕووداوێک کە لە ڕابردوودا ڕووی دابێت، واتە حەکایەتخوان گێڕانەوەکەی لە خاڵێکی دیاریکراودا ڕابگرێت و بەرەو ڕابردوو بگەڕێتەوە)(١١).

تەکنیکی فلاش باک لە گێڕانەوەدا لە شێوەی بیرکەوتنەوەی یادەوەری، یان لە شێوەی دیالۆگ کە پاڵەوانێک ڕووداوە کۆنەکە بۆ کەسێکی دیکە بگێڕێتەوە، دەردەکەوێت. هاوشانی فلاش باک، تەکنیکی فلاش فۆروارد (flash forward)یش لە گێڕانەوەدا بەکاردێت، ئەمیش ئەوەیە (حەکایەتخوان پەردە لەسەر هەندێک ڕووداو هەڵماڵێت کە لە داهاتوودا ڕوودەدەن)(١٢). ئەم دوو تەکنیکە، تەکنیکی وێنەگرتنی سینەمایین و هێنراونەتە ناو گێڕانەوەی چیرۆک.

٣- تەکنیکی (چیرۆک لە ناو چیرۆک): (ئەم تەکنیکە ئەوەیە حەکایەتخوان لەناو چیرۆکەکەی خۆیدا چیرۆکێکی دیکە بگێڕێتەوەو لە ناو چیرۆکی دووەمدا حەکایەتخوانی نوێ و پاڵەوانی نوێ دروست بکات، لە هونەری چیرۆکی کوردیدا یەکەم جار (محەمەد مەولوود مەم) لە ڕۆمانی (ڕێگا) ئەو تەکنیکەی بەکارهێناوە)(١٣).

هەر لەپاڵ ئەم تەکنیکەدا بەکارهێنانی ئەفسانە لە گێڕانەوەدا تەکنیکێکی ترە، هەندێک جار ئەو ئەفسانەیەی کە دەگێڕێتەوە حیکایەتێکی تەواوەو دەبێتە چیرۆک لەناو چیرۆک، هەندێک جاریش ئەفسانە وەک بیروباوەڕی پاڵەوانەکان بەکاردێت و بایەخێکی کولتووری بە بەرهەمەکە دەبەخشێت و نووسەر لە پاڵیدا ئامانجەکانی خۆی دەپێکێت.

٤- تەکنیکی دیالۆگ: دیالۆگ وتووێژی نێوان پاڵەوانەکانە، ئەم تەکنیکە لە ژانری شانۆنامەوە هێنراوەتە ناو چیرۆک. حەکایەتخوان لە ڕێی دیالۆگەوە زۆر مەسەلە لەسەر زاری پاڵەوانەکانی دەگێڕێتەوە. بەکارهێنانی دیالۆگ لە گێڕانەوەدا بواری خولقاندنی فرە حەکایەتخوانیی دروست دەکات، لە دیالۆگدا هەر پاڵەوانێک لە گەیاندنی زانیاری زیاتر بە خوێنەر ئازادە، حەکایەتخوانەکانیش هەمەڕەنگن و بە درێژایی دیالۆگەکە نووسەری دەق ون دەبێت.

٥- تەکنیکی مەنەلۆگ: بنەمای تەکنیکی مەنەلۆگ لەسەر دەربڕینی نهێنییەکانی دەروونەوە دادەمەزرێت، (تێیدا نووسەری دەق کۆمەڵەک نهێنی لەسەر ژیانی پاڵەوانەکانی لە ڕێی خودی پاڵەوانەکانەوە دەردەبڕێت)(١٤).

شێوازی ئەم دەربڕینەش جۆرێک پاڵەوانی تەنیایەو خۆی قسە بۆ خۆی دەکات و کردار و ڕەفتارەکانی خۆی هەڵدەسەنگێنێت. سوودی تەکنیکی مەنەلۆگ لەوەدایە

که گێڕەرەوە لە دۆخی هەموو شت زانی دوور دەخاتەوە، چونکە لەوێدا بەبێ قسەکردنی گێڕەرەوە پاڵەوانەکە خۆی دەدوێنێت. تەکنیکی مەنەلۆگ جێناوی (من) بەکار دەهێنێت. نووسەر لەو باس و بابەتەدا پەنا دەباتە بەر مەنەلۆگ کە زۆر تاکەکەسی و تایبەتن و ئاسایی نییە بە گێڕانەوەی سادە لێیان بدوێت.

٦- تەکنیکی مۆنتاژی کات و شوێن: ئەم تەکنیکەش لە بنەڕەتدا تەکنیکێکی سینەماییە، مۆنتاژی کات ئەوەیە (کەسێک بەچەسپاوی لە جێگای خۆی بمێنێتەوە، لەکاتێکدا بیری بجوولێتەوە لە کاتدا)(١٥)، واتە لە دەقەکەدا شوێنی پاڵەوان، یان شوێنی گێڕانەوە هەمان شوێنە، بەڵام کاتی ڕووداوەکان دەگۆڕێت، ئەمەش بە چوونی پاڵەوان بەناو دنیای خەیاڵ و ڕابردووی خۆیدا ڕوودەدات.

مۆنتاژی شوێنیش ئەوەیە (ڕەگەزی کات نەگۆڕاوەو شوێن دەگۆڕێت)(١٦). مۆنتاژی شوێن ئەو کاتە ڕوودەدات کە پاڵەوانی دەقەکە لە هەمان کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکەدا بیر لە گۆڕینی دۆخ و شوێنی ئێستای بکاتەوەو لە جیهانی فەنتازیادا بە دوای بارودۆخ و شوێنی باشتردا بگەڕێت و ئاوات بخوازێت کە شتەکان بەئارەزووی ئەو بن.

مۆنتاژی شوێن لە میانەی وەسفی شوێنەوە دەست پێ دەکات (... چونکە کاتی گێڕانەوە دەوەستێت، یان لە چاوەڕوانیدا دەبێت تا وەسف کۆتایی دێت، ئینجا درێژە بە ڕەوتی ئاسایی خۆی دەدات بە گێڕانەوەی زنجیرەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە)(١٧)، واتە مۆنتاژی شوێن ئەو کاتە ڕوودەدات کە ڕەوتی خەیاڵی نووسەر بەرەو ئایندە دەڕوات. تەکنیکی مۆنتاژی کات و شوێن لە شەپۆلی هۆشدا سوودێکی زۆری لێ وەردەگیرێت.

جگە لەو تەکنیکانەی باس کران، تەکنیکی تری گێڕانەوە هەن کە لە ڕووی زمانەوە کاردەکەن، هەروەها هەر یەک لەو تەکنیکانەی کە باس کران وردەکاری و لقوپۆپی لێ دەبێتەوە، کە کورتە باسێکی وا بوار بەم درێژ کردنەوەیە نادات. هەموو ئەم تەکنیکانەش سوود لە (کەسەکان) جێناوەکان وەردەگرن بۆ پەرەپێدان و بەرەو پێشەوەبردنی ڕووداو.

**٦-١ بەندی شەشەم: توانا تایبەتییەکانی نووسەر لە گێڕانەوەی چیرۆکدا.**

نووسەری دەقی چیرۆک ئامێز هەندێک هونەر لە ناو گێڕانەوەکانیدا بەکار دەهێنێت کە بەهایەکی بەرزی گێڕانەوەیی بە گێڕانەوە دەبەخشن، ئەو هونەرانە تەکنیکی گێڕانەوە نین، بەڵکو شارەزایی نووسەرن لە بەکارهێنانی زمان و ڕادەی فراوانی خەیاڵی نووسەر لە خوڵقاندنی وێنەی هونەریدا.

لەو هونەرانەش:

١- بەکارهێنانی بیری میللی لە گێڕانەوەدا: لێرەدا نووسەر پەنا دەباتە بەر بیروباوەڕی بەربڵاوی میللی کە لەناو ناخی خەڵکەوە تواوەتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت بەبێ گرێ مەبەستەکانی خۆی بگەیەنێتە خوێنەر، ئەمەش بە بەکارهێنانی پەند و قسەی نەستەق و سوود وەرگرتن لە شێوازی خەڵک لەکاتی کاردانەوەو هەڵچوونی ڕۆژانەیاندا. بەکارهێنانی هەموو ئەمانە سەرکەوتوویی بە نووسینەکە دەبەخشێت و دەیکاتە بەشێک لە ژیانی خەڵکی ئاسایی.

٢- بەکارهێنانی خەیاڵی فراوان لە دروستکردنی وێنەی هونەریدا: وێنە هونەرییەکان پانتاییەکی گەورەی گێڕانەوە داگیر دەکەن، لە وێنە هونەرییەکاندا گرنگترین شت ئەوەیە نووسەر پارێزگاری لە لۆژیکی بوونی (مەنتیقی) وێنەکاندا بکات و وا بکات ئەو وێنانە لای خەڵق قبووڵ بن و خوێنەر بە (درۆ) لەقەڵەمیان نەدات وەک لە ئەفسانەدا ڕوودەدات. لۆژیکی بوونی وێنە هونەرییەکان، کاریگەری بە دەقەکە دەبەخشن.

٣- توانایی نووسەر لە قووڵبوونەوە بە ناو ناخی پاڵەوانەکانیدا: لەکاتی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی مەنەلۆگ و شەپۆلی هۆشدا، نووسەر پەنا بۆ ناخی پاڵەوان دەبات، بەڵام ڕادەی سەرکەوتنی لەوەدا نییە کە تەکنیکەکە بەکاربهێنێت یان نا، بەڵکو لەوەدایە کە تا چ ڕادەیەک دەتوانێ ناخی ئەو پاڵەوانە بخاتە سەر لاپەڕە و خوێنەر لەگەڵ پاڵەوانەکەی تێکەڵ بکات، لەکاتی ئەو تێکەڵبوونەشدا نووسەر مەبەستی خۆی دەپێکێت و ئەوەی دەیەوێت لە بیروبۆچوونە تایبەتییەکانی، هەمووی بە خوێنەر دەدات. لەو بوارەدا نووسەر ئازادە کە پشت بە زانیارییە زانستییەکانی دەروونزانی ببەستێت و ڕاڕەوی گەشەسەندنی ڕووداوەکانی چیرۆکەکەی لەسەر بنیاد

بنێت.

**بەشی دووەم: تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکی (ڕیشۆڵە) دا**

**بەندی یەکەم: کورتەی چیرۆکی ڕیشۆڵە.**

ئەم چیرۆکە دیمەنێکی ژیانی کۆمەلایەتی کوردەواری دەخاتە ڕوو، ئەویش بەشوو نەدانی کچانە لەماڵە ئاغاو دەسەڵاتدارەکانەوە. لە کۆنەوە بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان بۆ پەرت نەبوونی زەویوزار و بەرژەوەندییەکانیان، کچەکانیان بەشوو نەدەدا، ئەگەر بۆ یەکێک لە کوڕانی بنەماڵەکەی خۆیان نەبوایە. ئیدی هەر کچێکی ئەو بنەماڵانە گیرۆدەی خۆشەویستی کەسێکی بێگانە بووبایە، ژیانی خۆی و ئەو کەسەش تاڵ دەبوو کە خۆشەویستییەتی، خۆ ئەگەر ئەو کەسە لە چینی هەژار و کەم دەرامەت بووایە، ئەوە یەکجاری قوڕی دنیایان بەسەردا دەکرا.

لەم چیرۆکەدا بایز لاوێکی کەڵەگەتی دەنگخۆشی لادێیە، لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا بە دەنگە خۆشەکەی حەیران دەچڕێ. هەمینی کچەشۆخی بنەماڵەی ئاغا، عەوداڵی دەنگی بایزەو داوی خۆشەویستی هەردووکیانی تەنیوە. دوای هەوڵی زۆری بایز بۆ بەدەستهێنانی هەمین و شکست خواردنی، بەڵێن بە یەکدی دەدەن کە سەرهەڵبگرن و بەرەو شار ڕابکەن، لەوێ لە پەنایەکی شار ماڵ پێکبهێنن و خۆیان حەشار بدەن.

لە شاردا بایز بۆ پەیداکردنی پشتوپەنایەک، پەنا دەباتە بەر ماڵی شێخ و دەبێتە دەروێش، بەڵام سەختیی ژیان بواری بەردەوام لە خزمەت بوونی شێخی پێ نادات، دەروێش بایز بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان، خەریکی ڕاوە ڕیشۆڵە دەبێت و لە ماڵەوەش هەندێ مریشک و پەلەوەر ڕادەگرێت و هێلکەکانیان دەفرۆشێتەوە. هەمینیش خەریکی جل شۆری دەبێت بۆ ماڵە ئاغا و دەوڵەمەندەکانی شار، هەروەها بەیانیان زوو شیر و ماست بۆ ماڵە دەوڵەمەند و ئاغاکان دەبات. جوانی هەمین لەلایەک و ترسناکی ئاشکرابوونیان لەلایەکی ترەوە، بەردەوام وا لە بایز دەکەن کە دڵی زۆر بە دوای (هەمین)ـەوە بێت و حەز بە دوورکەوتنەوەی نەکات، بەتایبەتی لە چوونی بۆ ماڵی ئاغاکان زۆر قەڵسە، چونکە ئەو دەزانێت ئەوان چەندە بێ ڕەوشتن و چۆن هەموو شتێکی خەڵک زەوت دەکەن، تەنانەت شەرەف و ناموسیش. ئەمە لە کاتێکدایە کە هەمین وا بیرناکاتەوەو دەڵێ من ئاگاداری خۆمم و هیچیش نادرکێنم، بۆ ژیانیشمان پێویستمان بەو پارەیە هەیە.

دەروێش بایز و هەمین کوڕێکیان هەیە ناوی (عەبە) یەو کچێکیش ناوی خەجەیە. دەروێش خەجەی بە ژن بە ژنە بەشوو داوە بەرانبەر بە بێوەژنێک بۆ عەبە. خەجە لە ژیانە نوێیەکەی ڕازییە، بەڵام عەبە بەهۆی ژنەکەیەوە لە باوکی دوورکەوتووەتەوە، بەمەش بایز تووشی شێوەیەک لە نەخۆشی دەروونی دەبێت.

چیرۆکەکە بە گشتی لە سەختیی ژیانی بایز دەدوێت، کە چۆن ترسی لەدەستدانی هەمین و سەختی سەرمای زستان و بێ ڕەحمی قوڕ و چاڵەکانی دەشت و دەست نەکەوتنی ڕەوەی باشی ڕیشۆڵەو دووری لە جگەرگۆشەکانی و...تاد تەنانەت خودی خۆیشی، بوون بە مۆتەکە بەسەرییەوەو ژیانیان شێواندووە. لە لایەکی دیکەوە گلەییەکانی شێخ و دەمەقاڵێیەکانی بایز لەگەڵ شێخ لە بارەی ئامادە نەبوونی بایز لە زیکر و فیکری تەکییەدا، ئەوەندەی دیکە بایزی لە بارەی هەموو ژیان و قەدەر و پیرۆزییەکانەوە خستووەتە گومان.

ئەم دۆخە دەروونییەی دەروێش بایز هەتا دێت ناهەموارتر دەبێت و مۆتەکەی ترس بە سەریدا زاڵتر دەبێت، تا دواجار بە ڕاستی هەمین ون دەکات و دەرچوونی هەمین بۆکارکردن دوا دەرچوونی دەبێت و ناگەڕێتەوە. ترسەکەی بایز لەوەی کە گورگەکانی لادێ بیاندۆزنەوە، ڕاست دەردەچێت و هەمینی بۆ هەتاهەتایە لێ ون دەکەن. بایزیش بەم تەمەنی پیرییەوە دەبێتە یەکێک لە شێتەکانی شار کە لە هەموو شتێک دەترسێت.

**بەندی دووەم: جێبەجێکردن لەسەر دەقی چیرۆکەکە.**

چیرۆکی ڕیشۆڵە یەکێکە لە بەرهەمەکانی چیرۆکنووس (شێرزاد حەسەن)، لە ساڵی ١٩٧٧ بڵاوی کردووەتەوە. ئەم چیرۆکە لەچاو سەردەمی بڵاوکردنەوەکەی لە ڕووی تەکنیکەوە لە چیرۆکە کوردییە پێشکەوتووەکانە، هەر ئەمەش وای لە نووسەرەکەی کردووە کە دواتر هەمان ناوەرۆکی چیرۆکەکە لە ژانری ڕۆماندا بە ناوی (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان) بنووسێتەوە.

**تەکنیکی بەکارهاتوو بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بەشی یەکەمدا خرانە ڕوو، بەم شێوازەیە:**

**یەکەم: حەکایەتخوان لە چیرۆکەکەدا:**

١- حەکایەتخوان لە چیرۆکەکەدا خودی نووسەرە، لە چیرۆکەکەدا نووسەر پاڵەوانی سەرەکی (دەروێش بایز) دەدوێنێت و ڕووداوەکانی بۆ دەگێڕێتەوە. وەک ئەوەی لە دوای هەمـــوو ڕووداوەکـــانەوە و لەدوای شـــێت بوونی دەروێشـــەوە، نووسەر بە دیارییـەوە دانیـشـتـبـێت و بۆ دڵنەوایی کردنی هەمان چیرۆکی تراژیدی ژیانی خۆی بۆ بگێڕێتەوە.

بۆ نموونە: خۆر دوو باڵی ماوە ئاوا بێ، لەوە دەترسێی تاریکی شەو ڕیشۆڵەکان بپێچێتەوە... بەڵام نەخێر... هەر بە هیـــوایت... ورەت بەرنەداوە... بێ مـــروەتانە ئیـــمـــڕۆ فـــریویان دای... تاوێک نیـــشتن و تاوێک هەڵفڕین... بەڵام کێ دەڵێ گرەو نابەیتەوە؟ زیاتر دەستە قڵێشاوەکانت لە گوریسەکە گیر دەکەیت...هەردوو چاوە سیس بووەکـانت چاوەڕوان و وێڵی ئەو ڕەوە ڕیشـۆڵانە بوون کە لە ئاسمانا قـەتارەیان بەستبوو... نیو تەنەکە گەنمت بۆ ڕشتوون... کەچی خۆت لە زووێکەوە بۆنی ئارد لە کەندووەکەت براوە... ڕاوە ڕیشۆڵەش سووک و ئاسان نیـیـە... بەڵام کـە شـتـێـکت گـەرەکـە... دەبێ چاو لە شتێکی دیکە بپۆشی...!)(١٨).

٢-گـێـڕانەوەی کـورت لە ڕێی خـسـتنەڕووی نامـەی کەسایەتیی لاوەکی (عەبە)ی کوڕی دەروێش بایز ئەنجام دراوە، وەک: (باوکـە گـیـــان دەســـتـەکـــانت مـــاچ دەکەم...بچووکی تۆم و لێم ببوورە...پەشیمانم و نازانم بۆ جـێم هێـشـتی... ئەم ژنە نەگـریـسـەم دانەدەنشت. دەسـتـەکانی دایکم ماچ دەکەم و تا مـاوم کـەوشـەکـانی لەسەر...)(١٩).

**دووەم: حـەکـایەتخـوان بە پێی ڕادەی زانیـاری:** لە چیـرۆکـەکـەدا حـەکـایەتخـوان هەمـــوو شت زانە و وردەکارییـەکانی ژیانی پاڵەوانەکەی بەتەواوی ئاگادارە، ئەمەش لە سەرتاپای چیرۆکەکە ڕوون و ئاشکرایە.

**سێیەم: بەکارهێنانی جێناو:**

أ-کـــەسی دووەم: نـووســـەری دەق ڕووداوەکـــان بەبەکارهێنانی جێناوی دووەمی تاک دەگێڕێتەوە. وەک: (زۆر بەیانی زوو...بەر لەوەی خـۆر هەڵبێ و شـەخـتـە بەندەکـان بتـوێنەوە... لەخـەو هەڵدەسـتی... دوای نوێژ...یەک دوو پاروو نان و نۆک دەخۆی...پیـاڵەیەک چای خێرای بەسەردا هەڵدەقوڕێنی...هەر بە جامانەکە دەم و چاوت لەسـەرما دەشاریتـەوە...تۆڕەکەو کیـسێک گەنم و پیشەقان و بێڵەکەت هەڵدەگری... خواحافیزی لە هەمین دەخوازی... دەرگـای حەوشە لەسـەر خۆت و گوێ درێژەکـەت دەکـەیتـەوە... بە بازێکی چالاکـانە لەسـەر پشتی قوت دەبیتـەوە... ڕوو لەو دەشتە سەهۆڵ بەندانە دەکـــەیت و شـــار بە جێ دێڵی... بە هەر دە پەنجـــە یارییـەکی قورس لەگـەڵ شەختەو بەستەڵەک و خاک و خۆڵە تەزیوەدا دەکەی...سروشت بە تۆوە زیندووە... بێ تۆش گـیـانێکی بێ خوێنە... خـۆت لە ناو پاڵتـۆیەکی زەردباودا دەشــــاریتــــەوە... تەواو ناتپــــارێزێ... چاوەکـــــانیـــــشت دیمەنی ڕەوە ڕیشـــــۆڵەکـــــان جێناهێڵن...)(٢٠).

ب- کـەسی سـێـیـەم: هەندێک جـار لە کـاتی بەکـارهێنانی فـلاش باکـدا کـە باسی هەمین دەکـات، جـێناوی سـێـیـەمین کـەس بە کـاردێنێت. وەک: (... خەڵکی بەدوای سێبەریدا ڕایاندەکرد... ئەویش هات و خۆی بەدوای تۆدا عـەوداڵ کـرد...! چەناگەی چوار برا و باوکی لە قوڕ نا... سەری هەمـوویانی شۆڕ کـرد... کـە وتیـان: ئەوە نابێت و ناکـرێ! شۆڕشێکی بەرپا کـرد... گوێی لە کەس نەگرت و ڕەدووت کەوت...)(٢١).

**چوارەم: بەکارهێنانی تەکنیکەکانی گێڕانەوە:**

**لەم چیـــرۆکـــەدا کـــۆمـــەڵێک تەکنیکی گـــێـــڕانەوە بەکارهاتوون، وەک:**

١- فلاش باک: بەشی زۆری چیرۆکەکە لە گێڕانەوەدا پشـتی بە تەکنیکی فـلاش باک بەسـتووە. چیـرۆکنووس پاڵەوانی سەرەکی دەدوێنێ و ڕووداوەکانی ڕابردووی بیر دەخاتەوە، بەم جـۆرە تەمەنێکی خۆشـەویسـتی و ترس و دەربەدەری و ڕەنج لە مـاوەیەکی کـورتی دەمــەو ئێـوارە دەخاتە ڕوو کە کاتی ڕاستەقینەی ڕووداوی چیرۆکەکەیە.

نموونەی فـلاش باک لە چیـرۆکـەکـەدا: (لەو ڕۆژەوە کـە عـەبەی کـوڕت بێـوەژنەکـەی هێنا...زۆر زووتریش تۆ هۆگـــری ڕاوە ڕیشـــۆڵە بووی... خـــۆت ئەم بێـــوەژنە بەتەمـــەنەت لە ملی بەست... دوایییش هەر خـــۆت پەشـیـمــان بوویتــەوە... خـەڵکی وای دەزانی هەوێی هەمـــینە... دەتویست عـــەبە ببێ بە مـــەلایەک لەو مـــەلایانەی مـــزگـــەوتێک بەڕێوەدەبەن... نەبوو...

پێنەگەیشت... هەروا دەست و پێ سپی مایەوە...)(٢٢).

٢- دیالۆگ: نووسەر بێجگە لە فلاش باک، لە گێڕانەوەکانیدا پشتی بە دیالۆگ بەستووە، بۆ نموونە: (چوار ڕۆژ لەمەوبەر هەمین پێی وتی: دەڕوێش بایز... دەزانی دوای ئەو هەموو سالانە باپیر ئاغا ناسیمییەوە... لەمەودوا بەڵێن وایە بەیانییان هێلکەو شیریان بۆ بەرم... ((گوندیان جێهێشت... شار تێکبدەن))(٢٣).

٣-شەپۆلی هۆش: ئەم تەکنیکە لە چیرۆکەکەدا زۆر زەقە نووسەر کارامانە لە چرکەساتێکی دیاریکراودا هەموو ئەو بیر و بیرکردنەوە تێکچڕژاوانەی پاڵەوانەکەی دەخاتەڕوو، کە دەبنە هۆی کاردانەوەیەکی گرژ، یان هەناسەیەکی ئارامی. بۆ نموونە: (ئەها ڕەوەیەکی تر... ئەوە هات... لە تۆڕەکە نزیک کەوتەوە... بەقەد پانتایی نیوەی ئاسمانی گەڕەکەکەتان... لە شوێنی خۆت جوولایت و خۆت کۆکردەوە... زیاتریش خۆت شاردەوە... ڕیشۆڵەکان ئەوەندە گێژن... زۆڵیشن... وریای گوریسەکەی... ڕەوەیەکی دیکەی بە دواوە بوو.. زەوییەکە وەک خەڵووزی پیاکرابێ... ڕەش دەچووەوە... گوریسەکە کۆنە... برینێکی دەستتی تازە کردەوە... لە پڕێکا هەرزانی مریشکی مەکینە قینی ئەستوورتر کردی... ئەو بایە توندو بە هێزەی ڕیشۆڵەکانی شل و شەکەت کرد... لای تۆ ببووە شنەی شەماڵ...دیمەنی ڕوخساری شتەکان گۆڕاون... خەیاڵ و زیندە خەون...)(٢٤).

٤-چیرۆک لەناو چیرۆک: لە ڕێگەی بەکارهێنانی نامەی نوسراوەوە، نووسەری دەق ڕابردووی عەبە دەگێڕێتەوە. وەک لەم پارچەیەدا دیارە: (دەستێکت خزاندە گیرفانت و بەر کاغەزەکەی عەبەکەوت: ... باوکە گیان دەستەکانت ماچ دەکەم... بچووکی تۆم و لێم ببوورە.. پەشیمانم و نازانم بۆ جێم هێشتی... ئەم ژنە نەگریسەم دانەدەنیشت، دەستەکانی دایکم ماچ دەکەم و تا ماوم کەوشەکانی لەسەر...)(٢٥) لە ڕێی ئەم نامەیەوە دەردەکەوێت کە عەبە بەهۆی ژنەکەیەوە دایک و باوکی جێهێشتووە و دواتریش پەشیمان بووەتەوە.

**پێنجەم: توانستە تایبەتییەکانی نووسەر لە گێڕانەوەی چیرۆکدا.**

١- بیری میللی: نووسەری ئەم چیرۆکە لە زۆر شوێنی ناو چیرۆکەکەیدا پەنا دەباتە بەر بیروباوەڕە میللییەکان بۆ دەوڵەمەندترکردنی دەقەکەو گێڕانەوەکەی. بۆ نموونە: (عەبەت وەبیر هاتەوە... شەش حەوت دینارێکی بۆ دەنێری... هەروا زوو بیرت چۆوە چەندە بڵح و بزێوە...؟! ڕقی باوک هەرگیز نازێ... خەجەش منداڵەو ئاشتی دەکەیتەوە...)(٢٦) لێرەدا نووسەر پەندی پێشینانی (ڕقی باوک هەرگیز نازێت)ی بەکارهێناوە.

٢-وێنەی هونەری: لەم چیرۆکەدا نووسەر تواناییەکی بەرزی کێشانی تابلۆی هونەری نیشان داوە کە بە شێوەیەکی یەکجار ورد وێنەی پاڵەوانەکەی دەخاتەڕوو. بۆ نموونە: (زیاتر پەنجە ڕەق و باریکەکانت لە گوریسەکە قرساند... گرژ بووی... لەوە دەچوو لە جیاتی تۆڕیچک دنیات بەو سەری گوریسەکەوە بەستبێتەوە... چنگت لە زەوییەکی غەریب و بەسام گیرکردووە... گەرچی وەک چاوی هەمین ئاشنایە. ڕیشۆڵەکانت لە ئاسمانێکی دیکەوە هاتوون و تەڕبوون... چەندیش هۆگری زستانن... ئا لەم ڕۆژانەشدا شەختەو بەستەڵەک دەست لەزەوی ناکاتەوە... هەورە ڕەش و قورس بووەکان بەر سکی ئاسمان بەرنادەن... بای سارد و تیژ چاوەکانت دەنووقێنێ... بەڵام دڵت هەر وریایە... پڕ لە خەندەو پڕ لە هیوایە...!)(٢٧).

٣-توانایی نووسەر لە قوولبوونەوە بەناو ناخی پاڵەوانەکانیدا:

لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس لە زۆر جێگادا تواناییەکی زۆر بەهێز نیشان دەدات و لە ڕێی ئەو تواناییەوە لە شێوەی گەڕان بەدوای هۆکاری گرفتەکان، گرێی دەروونی پاڵەوان دەکاتەوەو بیروباوەڕە هەڵەکان ڕاست دەکاتەوە. بۆ نموونە لەبارەی ڕۆیشتنی عەبەوە دەڵێ: (ماوەیەکی زۆرە هەر نکوڵی لێدەکەیت- بابڕوا ئەو زۆڵە- بۆتە وێردی سەرزبانت...لە هەموو دانیشتنێکدا لای پیر و میر باسی دەکەی... هەر نەفرەتی لێ دەکەی... شەویش تا خەو دەتباتەوە هەر لە خەیاڵی ئەودای... تۆ هۆی ئەم گرێیەی... تۆ؟... نا... هەژاری و بێ دەرامەتی بەرەو بەزمی - ژن بە ژنە- ڕایکێشای...)(٢٨) لێرەدا نووسەر دوو دیمەنی پاڵەوانەکەی دەخاتە ڕوو، یەکەمیان

کە لەناو خەڵکەو بێباکی بەرانبەر عەبە دەردەبڕێت، دووەمیان کە بەشەو لەسەر جێگای خەوتنەو دەروونی بۆی دەسووتێ، لەو چرکەساتی سووتانی دەروونەدا هۆکاری دوورکەوتنەوەی عەبە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو بێوەژنە بێ بەزەییەیە عەبەی لە باوک و دایکی کردووە، ئەویش ژن بە ژنە کردییە قسمەتی عەبە، ژن بە ژنەش بەهۆی هەژارییەوە بووە دەروازەی ئەو تاڵاوە نەگبەتە.

**ئەنجام**

١- بەکارهێنانی تەکنیکەکانی گێڕانەوەو شارەزابوون تێیاندا، بەرهەمی چیرۆکئامێز زۆر سەرنجڕاکێش و بەچێژ دەکەن.

٢- لەپاڵ ئەو تەکنیکانەشدا، شێوازی نووسینی دەق زۆر گرنگە، ئەو نووسەرانەی کە تواناییەکی گەورەی وەسف کردنیان لەناو گێڕانەوەدا هەیە، نووسینەکانیان بەهایەکی گەورەی چێژ دەبەخشێتە خوێنەر، ئەم سیمایە بە ئاسانی لە چیرۆکی ڕیشۆڵەدا هەستی پێ دەکرێت، بۆیە توانایی تاکەکەسییەکان لە پاڵ تەکنیکەکاندا دەبێ فەرامۆش نەکرێت.


**ژێدەرەکان:**

**١- ڕێزان ڕەحمان خدر، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی عەبدوڵلا سەراج-دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠٠٧، ل:٢١.**

**٢- نەجم ئەڵوەنی (د.)، لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل:٦٢.**

**٣- سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی، بنیادی گێڕانەوە لە داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپیەکانی بەختیار عەلی-دا، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩، ل:٥٥.**

**٤- تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی عەبدوڵلا سەراجدا. ڕێزان ڕەحمان خدر، ل:٢٠.**

**٥- تیۆری بنیادی شاراوە، نەجات حەمید ئەحمەد، ل:١٧.**

**٦- سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی، بنیادی گێڕانەوە لە داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی-دا، و ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپیەکانی بەختیارعەلی- دا، ل:٦٢.**

**٧- وفاء الدلالاتي، المعين فی التاليف القصصي، بيروت، ٢٠٠٣، ل:٩١-٩٣.**

**٨- سەلاح عومەر، ڕۆمان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل:٨٩.**

**٩- ڕۆمان چییە؟ کۆمەڵێک نووسەر. ل: ١٣٠- ١٣١.**

**١٠- نەجات حەمید ئەحمەد، تیۆری بنیادی شاراوە، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، لاپەڕە:١٧٩.**

**١١- عبدالله غفال:**
**http://writewithsaadi.forumotion.com/t618-topic**

**١٢- ئینسکلۆپیدیای ویکیپیدیا:**
**http://en.wikipedia.org/wiki/flashback (narrati)**

**١٣- سابیر ڕەشید، ڕۆمانی کوردی، بەشی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل: ٧٩.**

**١٤- ثروة عكاشة السيد (د.):**
**http://www.kanadeelfkr.com/vb/showthread.php?t=2911**

**١٥- هەمان سەرچاوە.**

**١٦- هەمان سەرچاوە.**

**١٧- سەباح ئیسماعیل، چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل:٩١**

**١٨- شێرزاد حەسەن، کۆمەڵە چیرۆکەکانی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل:٧.**

**١٩- هەمان سەرچاوە، ل:٨.**

**٢٠- هەمان سەرچاوە، ل:٨.**

**٢١- هەمان سەرچاوە، ل:٩.**

**٢٢- هەمان سەرچاوە، ل:١٠.**

**٢٣- هەمان سەرچاوە، ل:١١.**

**٢٤- هەمان سەلاچاوە، ل:١١.**

**٢٥- هەمان سەرچاوە، ل:١١.**

**٢٦- هەمان سەرچاوە، ل:١١.**

**٢٧- هەمان سەرچاوە، ل:١١.**

**٢٨- هەمان سەرچاوە، ل:٨.**

# چەمکی داهاتوو لە بۆچوونی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ و لە ئەدەبیاتی کۆندا

**محەمەد قاعد**
**لە فارسییەوە: محەمەد ئەحمەدی (ساماڵ)**

**(١ - ٢)**

خەون بۆ سۆفی کلیل و ڕەمزی کردنەوەی گرێ و گرفتانە و لە بەسەرهاتی سۆفییاندا زۆر جار دەخوێنینەوە؛ هەر کاتێک گیرۆدەی گرفتێک بووبێتن لە بواری ئایین، یان دنیادا، لە خەوندا بە دوای ڕێگەچارە و ڕزگاریدا گەڕاون و دۆزیویانەتەوە، یان پاش دوعا و پاڕانەوەی بەدەم گریانەوە، خەونێکیان دیتووە و ڕێگە چارەیان لێ هەڵێنجاوە.

"بەدیعوزەمان فرووزانفەر، شەرحی مەسنەوی شەریف"

سروشتی پێرێکە و دووسبەی لە ژیانی ئێمەدا، بەردەوام خەڵتاوە. زوو هاتووم، فەلسەفەی من پێوەندیی بە دوو سبەوە هەیە. "ئەحمەد فەردید"

ئێمە دەتوانین زاناییمان زیاد بکەین، بەڵام ناتوانین لێی کەم بکەینەوە، ئەگەر دەمەوێ دنیا ببینم، وەک ئەوەی کە خەڵکی بابل نزیکەی سێ هەزار ساڵ بەر لە زایین دیتوویانە، دەبێ بە کوترەکوتر و کوێرەکوێر بگەڕێمەوە بۆ سەردەمی منداڵیی خۆم. "ئارتۆر کۆستلێر، خەوگەڕەکان"

١

ئەکتەرانی فیلمێکی کارتۆنیی دێرین، هەرچەند مرۆڤی سەردەمی بەردینن، بە شێوەی باو لە نێو چینی نێوەنجیی خەڵکی ئەمڕۆی خۆرئاوادا دەژین. تەنیا جوداوازی ئەم ئەشکەوتنشینە بەختەوەرانە لەگەڵ داهاتووانی دەهەزار ساڵ دواتریاندا ئەوەیە کە ئامێری زۆر ساکارتر لە ئامێرە ئەمڕۆییەکانیان دەکار دێنا. تەختەبەردێک مێزی ئیدارەیە؛ تەلەفۆن گوێچکە ماسییەکە بە ڕیشاڵی گیاوە، فڕۆکە باڵندەیەکی مەزنی بەر لە مێژووەو کەپرۆچکەیەکیان لە نێو قەدی کلۆری دارێک لێ هەڵبەستووە.

بە خەیاڵپلاو وەرگەڕاندنەوەی ڕێوڕەسمی ژیانی خەڵکی ئەمڕۆ بۆ چەند دەهەزار ساڵی ڕابردوو، لە بیانووی گاڵتە و ڕابواردن زیاتر نییە، بەڵام تەنانەت ئەگەر خۆ لە گاڵتەش لادەین و دەرفەت بە خەڵکانێک بدەین بۆچوونیان لەبارەی ژیانی هەزاران ساڵی ڕابردوودا دەربڕن، دەبینین کەسانێک هەن بە توندی باوەڕیان وایە کە شتێک بە ناوی پزیشکیی کۆن، جودا لە هەموو ڕەوتەکانی زانستی پزیشکی، هێشتا هەر لەسەر برەوی خۆی باقییە و لە قسەی هێندێک کەسەوە وا دەردەکەوێ کە گوایە ئێرانیانی سەردەمی کەونارا، دەستیان لە نەشتەرگەریی مێشک وەرداوە و دیارە کونکردنی کەڕاگەسەری کەسێکی "دەستی جندۆکەی لێ وەشاوە" بۆ



**حافز**

ئەوەی ڕوحی ناپاک لە سەری دەربچێ و مردنی دەستبەجێی ئەو کەسە، بەکارێکی هاوتای نەشتەرگەریی دادەنێن. لە بەرانبەریشدا، لە ڕوانگەی زۆربەی خەڵکدا، پیشەسازیی، شارستانییەت و زۆربەی دیاردە و چەمکەکانی دیکە لە داهێنەریدا هێندە تازەن کە باپیرانمان، لەبەر ئەوەی لێیان بێبەری بوون، نەیانتوانیوە لە بوونەوەرانێکی نیمچە کێویلە زیاتر بن.

لەم ڕوانگەیەوە، کەوناراناسی، هەر بەتەنیا زانستی کۆکردنەوەی بەرهەمی ڕابردووان نییە، بەڵکو ڕەوشتێکە بۆ نرخاندنی هەستونەستی دوور لە باوەڕی ئەو دەشتەکییە بلیمەتانەی کە بڕیار نەبووە، ئەو هەمووە زانا بن.

ئەم بۆچوونە جوداواز و جاروبارە دژوارانە دەکرێ، چ لە ڕوانگەی پسپۆڕان و چ لە ڕوانگەی گشتیدا، کۆمەڵە دەنگێکی باو بن لەبارەی مێژووەوە و ڕێگە بدرێ هەموو کەسێک قسەی خۆی بکات. ئاڵۆزییەکە لەو جێگایەوە دەست پێ دەکا کە بۆچوونە جوداوازەکان بەبێ هیچ شێوازی و ڕێسایەک تێکەڵاوی یەکدی ببن. نموونەیەکی بەرچاوی ئەم تێکەڵاوییە، تێگەیشتنی ئێمەیە لە ئەدەبیاتی کۆن. لە کولتووری ئێمەدا، ئەدەبیاتی کلاسیک، کە دەبێتە سەرچاوەی بە ڕواڵەت ناچاری هزر- تەنانەت هزری سیاسی- خاڵی دەسپێکی جۆرە جیهانبینییەکە، کە بەو پێیە زانایان و بیرمەندانی سەردەمانی کۆن، منداڵانێکی زوو پێگەییون کە بە ڕادەیەکی بلیمەتانە پتر لە توانایی و هەڵگریی تەمەنی خۆیان زانیوە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە، مەودای بڕی قسەکانیان لەو بارودۆخەدا نابڕێتەوە کە تێیدا ژیاون و برەوێکی نەمریان هەیە.

لێکدابڕان و لێکهەڵپچڕانە کولتوورییە دوابەدواکان لە ئاکامی شاڵاو، شەڕ و تاڵان و بڕۆیاندا کە زۆر بەڵگەی کولتووریی لە نێو بردووە، هەروەها ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە نیوەچڵەکان کە کۆمەڵگەی ئێرانی لە بەرزەخی لەخۆشارایی کۆمەڵایەتی و مێژووییدا ڕاگرتووە، بەگشتی، نەریتی ئەدەبیاتی کۆنی کردووە بە پاڵپشتێکی لە ڕادەبەدەر گرنگی فیکری، ڕەنگە ئەگەر کۆمەڵگەی ئێران لەسەدەی نۆزدەوە توانیبایەتی درێژە بە ڕەوتێکی بەردەوامی کەم قرە و هەرا بدا، یان وەک گەلانی تازەپێگەیشتوو، بناغەی هەبوونێکی واقعبینانەی بۆ خۆی دارشتبا، ئەو گرفتانەی کە لە جۆری ڕوانین بۆ ڕابردووەوە، ئاوقای دەبن، کەمتریان لە چاو دەدا، ئەوەی ئێستا لە گۆڕێدایە، وێنەیەکە، پڕاوپڕ لە بەشی بەتاڵ، یان ڕەنگ نەکراو، بەشگەلێکیش بە ڕەنگی تۆخ و هێڵی زەقەوە، هێندێک جێگاشی خراوەتە ئەستۆی بینەر، کە ڕاستەقینەیەکی دڵخۆشکەر نییە، بەڵام جێگای سەر لێ سووڕمانیش نییە: لە سەدەی نۆزدەدا بوو ئێمە بە خوێندنەوەی بەردەنووسەکان، لە قۆناغی ئوستوورەیی و چیرۆکی جەمشید و فەرەیدوونەوە گەیشتین بە ڕاستەقینە مێژووییەکانی ئێرانی کەونارا و تاکو ئێستاش ئینسکلۆپیدیایەکی چڕوپڕی فارسیمان لەبەردەستدا نییە.

لە وەها بارودۆخێکدا، ڕوانینمان بەرەو ڕابردوو تاکو ڕادەیەکی زۆر لە ڕۆچنەی ئەدەبیاتی کۆنی فارسیدا بەرتەسک دەبێتەوە. لە لایەکی دیکەیشەوە، هەموو جارێک کە هەوڵی بناغەدارشتنی مەکۆ کۆمەڵایەتییە نوێکان سەر ناگرن و ئەم هەستە خەفەتبارەمان بەسەردا زاڵ دەبێ کە زەمانمان لە کیس چوو، بەبێ ئەوەی هیچمان وەبەر چنگ بکەوێت، مەیلمان بۆ پشتبەستن بە ئەدەبیاتی کۆن، وەک نموونە و دەسمایەیەک بۆ بیری کۆمەڵایەتی و شوناسی کولتووری و جیهانبینیی فەلسەفی – سیاسی، تینوگوڕی تێ دەگەڕێت، ئەمە زۆر گرنگە کە باوەڕی بێ زەمانیی نەریتی ئەدەبی و هزرە شاراوەکانی ناخی، خەیاڵپڵاوێکی ڕووت نییە. لە ڕاستیدا، هەرچی زیاتر ئەو جۆرە بۆچوونە لەبەرچاو دەگرین، زیاتریشی دەبینین و نموونەی زیاتریشی لە

دەوروبەرماندا لێ وەدیار دەكەوێت. وردبوونەوەی بەردەوام و گشتی لەسەر بۆچوونێك، بە هەر هۆیەك بێ، ڕەنگە بەرەبەرە ڕەگوڕیشەگەلێكی زۆر ڕاستی و ڕژد و چاوپۆشی هەڵنەگر لە بۆچوون و لە ئاكاری كۆمەڵایەتیدا پێكبێنێ، هەر چەندە ئەو جۆرە ڕەگوڕیشانە هەمیشە ناتوانن لە بەرانبەر گوشارەكانی ئاڵوگۆڕدا، خۆڕاگر بن.

لە شوێنێكدا كە توخمە دژبەرەكانی چەندین جیهانی جوداواز بە زۆری لە پەنای یەكدییەوە چنرابێتن، درزتێكەوتنی ئەو جیهانبینییە نالێكە لە ژێر گوشاری زەمان و ڕاستەقینەدا، حاشاهەڵنەگر دەبێ. مەبەست لە درزتێكەوتن، دوولەتبوونی مێشكی تاك، یان تەنانەت ورد و خاشبوونی تەواوی كەسایەتی كۆیە.

زەمانێك كە مێشك لە ئاكامی پشێوییە كۆمەڵایەتییە نەبڕاوەكاندا پەرێشان و ماندوو بووبێ، وەك مرۆڤێك بە سواری چەرخ و فەلەكەوە، ڕەنگە مەودا و خێرایی جووڵانەوە و هەستی لێك كردنەوەی ئەم لاو ئەو لای خۆی لە ماوەیەكی كورتدا بزر بكات.

لە چەند دەیەی ڕابردوودا، ئەوەی كە كۆمەڵێك لە خوێندەوارانی ئێرانی ڕوویان لە قوتابخانەی عیرفان كردووە، وەك میراتێكی ئەدەبیاتی كۆن، دەكرێ نموونەیەك بێ لەم سەرلێشێوانە، لە دۆزینەوەی ئاقار و ڕێگادا. ساڵانی تێر و پڕی و ئاسایشی ئەفسانەیی خۆرئاوا لە دەیەی ١٩٦٠دا، ژمارەیەك لە گەنجان و لاوانی ئەورووپا و ئەمریكا لە خۆشی وەدەستهێنانی ئەزموونی نوێ لە ژیان و لە جیهان، سەریان لە هیند و ئەفغانستان و بەرزاییە پڕ لە حەشیشەكانی نیپاڵەوە دەرهێنا. سەرەتای دەیەی دوایی، بە كۆتایی هاتنی قۆناغێكی گەشەی ئابووری لە خۆرئاوا، ئەم سەیران و گەڕانە بە دنیادا كۆتایی هات و شەیدایانی پیاسە لە بەستێنی ئەوسەر نادیاری مێشك و زانین بەپەلە بۆ وڵاتەكانی خۆیان گەڕانەوە، بۆ ئەوەی لە شوێنێكدا دامەزرێن. ئەوەی لە نیوەی دەیەی ١٣٣٠دا هاتە سەر ڕێگای ئێمە و – بە جۆرێك و تاڕادەیەك هەر بەردەوامە– پێچەڵاوپێچتر و لێك دژوارتر بوو.

لە نێوان سرتە و چپەی پڕ لە دڵتەنگی و بە مراد نەگەیشتووی هاوارەكاندا، نەوەیەك لە گەشە و پێگەیشتندا بوو كە لە شیانی ئاشكرا و بێ ڕەمز و ڕازی دەربڕینی خۆی، پتری قسە و پرسیار و ناڕەزایەتی لە سەردا بوو. لە بەستێنی ئەدەبیاتی سیاسیدا، ئەم بابەتە هەر دەهات زیاتر و زیاتر دووپات دەبۆوە كە؛ شاعیرانی خاوەن توانایی ڕابردوو، نە تەنیا گەدایانی خەڵات و بەرات نەبوون، بەڵكو بیرمەندانێكی نارازی بوون. لە لایەنی فەلسەفییەوە، دۆزینەوەی چەمكێك بۆ ژیان لە كۆمەڵگەیەكدا كە بە خێرایی ئاڵوگۆڕی بەسەر دەهات، بەرەو سەرمایەداری دەڕۆیشت و هەمووانی فێر دەكرد كە ببزوون، با سەرتان بێ كڵاو نەمێنێ، ببوو بە بەرنامەی كاری ڕووناكبیران.

بەڵام نابێ بە پەلە ئەو ئاكامە هەڵێنجرێ كە كولتووری عیرفانی، یان عیرفانی نوێ، لە كۆمەڵگەی ئێمەدا، كۆمەڵێك هێما و ئاماژەیە بۆ جۆرێك جیهانبینی، یان بیروباوەڕگەلێكی ڕچەشكێن كە كەرەسەكانیان لە فۆرمگەلی دیكەدا مەترسیدار، یان نەشیاون. زۆربەی بانگەشەكەرانی عیرفان، بیانەوێ و نەیانەوێ، ناسیاسین، تەنانەت دژی بیرۆكەی كۆمەڵایەتیشن.

ڕاكێشانی خەڵك بەرەو مەیدانی كاری تاكەكەسی وەك دۆزینەوە و ئاگاداری و ڕوونبوونەوە و دڵ سپاردن بە چپەی دەروون كە بڕیارە لە ناخی ڕوحی هەر كەسێكەوە بە گوێی گیانی ئەو كەسە بگا، لە دنیای ئەمڕۆدا لەوە زیاتر نییە كە كەسێك بنێرێ بە دوای شاخی مەل و شیری مەلیچكدا، ئەو خەڵاتەی كە بانگەشەكەرانی عیرفان دەیكەنە مزگێنی بۆ عارفان و دژكامەكانی هەڵبژاردە، شانازیی گەیشتنە بە پلەی كەڵە عارفانی وەك حافز و مەولەوی و تێگەیشتن لەو شتانەی كە ئەوان تێی گەیشتوون، بەڵام وێدەچێ كە خودی ئەو بانگەشەكەرانەی هاوچەرخی ئێمە، هاووڵاتیانێكی ئاسایی بن، كە لە پاش و پێشكردنی لەزگەیەك وشە و چەمكاندا، بووبێتنە وەستا و لێزان، بەبێ ئەوەی كە سڕ و ڕاز و زانیارییەكی بەرزتر لە ڕادەی باوی دەوروبەر و زەمانیان وەدەست هێنابێ.

كە ئاوڕ لە پشت سەرمان دەدەینەوە و چاوێك بە دەیەكانی ١٣٤٠ و ١٣٥٠ی هەتاویدا (١٩٦١ و ١٩٧١ز) دەگێڕین، ڕەنگە بتوانین ئەو ئاكامە لە بیرەوەرییەكان هەڵێنجین كە هێندێك لە هۆگرانی هزر و ڕامان، چ مەیلەو مەزهەب بووبێتن، یان هەرچییەكی دیكە، هەموویان لە ڕەوتێكی وەك یەكدا گەڕانەوە بەرەو عیرفان. پێویستیی تەیاربوون بە بۆچوونێكی كۆمەڵایەتی، كە لانی كەم بتوانێ لە بەرانبەر ڕێسای جێگرتوودا ڕابوەستێ، برەوی بە جۆرە ڕێچكەیەكی فەلسەفی دەدا كە بە كردەوە هەر لە شتێكی وەك ناوەڕۆكی تۆز تەكێنراوی نەریتە ئەدەبییەكان دەچوو. عیرفانخوازانی "مۆدێرن" پێداگرییان دەكرد كە شاعیرە باشەكانی كۆن، بەردەوام لەگەڵ حكوومەت و كولتووری



**جەلالەددینی ڕۆمی**

فـەرمـیـدا بەرەنگاریـیـان کـردووە. لە بەرانبـەریشـدا، لایەنگرانی نەریتی عیرفان، گلەییان لەوە دەکرد کە دوای ٧٠٠ ساڵ، تازە وێنایەک لە حافز دەخەنە ڕوو کە وەک ڕووناکبیرێکی "مۆدێرن" و بێ بەری لە پێوەندیدارییە ئایینییەکان، دەیناسێنن. هۆکارێکی گرنگی دیکە لە گەشەی عیرفانخوازیدا، بایەخێکی لە ڕادەبەدەری دێرینە کە بە لایەنە جوانیناسانەکانی ئاخاوتە دەدرێ، ئەمەش بەش بە حاڵی خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناوەرۆکی ئەدەبیاتی هۆنراوەی کۆن، بە هێز بکرێ. کۆمەڵێک لە هاوچەرخانی ئێمە، جوانبێژیی ئاخاوتەی حافز هێندە بە دانەبڕاو لە جیهانبینی ئەو دەزانن کە، بەبێ ئەوەی نیگەرانی گیرۆدەبوون لە لێکدژییە بێ گومانەکاندا بن، دنیا لە چاوی ئەوڕا دەبینن؛ کە ئەم جۆرە یەکسانی و وەک یەکبوونانە؛ پەرە بە ڕەوتی گۆڕینی نەریتی بەرهەم هاتووی میراتی ئەدەبی دەدەن بۆ هزری "کۆمەڵایەتی".

زۆر وێدەچێ کە چاودێری ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان، عیرفانخواز بێت، یان هەر چییەکی دیکە، بتوانێ لە ئەدەبیاتی کۆنی نەتەوەی خۆیدا، کۆمەڵە هێمایەک بۆ بارودۆخێکی هاوچەشن بدۆزێتەوە و لەوانەوە پێداهەڵگوتنێک - نەک ڕوونکردنەوەیەک - بۆ ئاستی بەردەمی خۆی دەستەبەر بکات، بەڵام ئەم جۆرە تێگەیشتنانە تەنیا دوای ناسین و فامینی سەردەمی هاوچەرخ و وەبەر چاو خستنی وێنایەک لەم سەردەمە مەیسەر دەبێ، نەک هەر بە وردبوونەوە لە شیعری کلاسیکدا (محەمەد عەلی جەمالزادە کە تەمەنێک لە خەیاڵاتی خۆیدا ژیا، هەرچەند لە ڕیزی عیرفانخوازاندا جێ ناگرێ و تا کۆتایی تەمەنیشی ئامادە نەبوو جارێکی دیکە پێ لەم وڵاتە بنێتەوە، بە توندی باوەڕی بەوە بوو کە تەنیا شیعرە کۆنەکان بەسن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانایی و تێگەیشتنی هاونیشتمانانی لێقەوماوی پێشووی)، هۆکارێکی دیکەی پەنابردنە بەر ناوەرۆکی ئەدەبیاتی کۆن، ئەو پەسن و ڕێزە گشتییەیە کە شاعیرانی ئێرانی بوویانە. ئەم نووسراوەیە باسی ئەدەبیات، یان هەڵسەنگاندنی جیهانبینیی شاعیرانی کۆن نییە. مەبەست تەنیا چاوگێڕانێکە بەسەر جێگۆڕکێ و ژیاندنەوەی نەریتە ئەدەبی و فیکرییەکانی ڕابردوو وەک داروپەردووی بۆچوونە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان.

بەم شێوەیە، لەگەڵ گەشەی کولتووری گەڕانەوە بەرەو عیرفان، تەنانەت لایەنگری قوتابخانە ماددییەکانیش هیچ گرفتێکی نەبوو کە بەشێک لە بۆچوونەکانی بکاتە عیرفانی، چونکە وێدەچوو کە، لە پاڵ جۆراوجۆری و ئەزموون و شتی دیکەوە، ئەم شێوەی دەربڕینە بتوانێ لانی کەم پەرژینێک بێت لەبەردەم ناڕەزایەتییەکانی کولتووری میواندا، بەڵام لە کردەوەدا، مێشک دوولەت دەبێ: بەشێکی بۆ باوەڕمەندی بە باوەڕەکانی سەردەمی نوێ و بەشێکیشی بۆ هاودڵی لەگەڵ ئەو بیرمەندانەی کە بە جۆرێکی جوداواز دەڕواننە جیهان. تاک بە جۆرێکی ژێناستیکی فیکری دەتوانێت لە کاتە فەرمییەکاندا، ماتریالیست، ڕاسیۆنالیست، کاپیتالیست، یان هەر چییەکی دیکە بێ، بەڵام لە کاتی پشوو و بێکاریدا ڕوو لە قوتابخانەی عیرفان بکات و بە قەڵافەتێکی زۆر ڕژدەوە پەیتا پەیتا شیعران بخوێنێتەوە و ئۆباڵ بە ئەستۆیدا بکێشێ. بەسەرهاتی دابەزینی ڕوح لە جیهانی ڕاستینەوەیە و ناڵینی بۆ هەرچی زووتر شادبوونەوە بە دیداری خۆشەویستی ئەزەلییە. بەداخەوە "کاتێک کە بیرکردنەوە دوولەت بووبێ، هەر دوو لەتەکە بایەخی خۆی لە دەست دەدا."(١)

لە کولتوورێکدا کە لە منداڵییەوە، پەیڕەوانی خۆی بە دوولەتبوونی مێشک ڕادێنێت، ئەم کارە ڕەنگە تاقەتپڕووکێن نەبێ. بانگەشەدەرانی عیرفانیش خۆیان وا نانوێنن کە لە ژیانی ڕۆژانەدا ئاکارێکی جوداوازی بەرچاویان لەگەڵ دیتران هەیە، یان کۆمەڵێک زانیارییان بە دەست هێناوە کە لە ڕێگای گەڕان و دۆزینەوە

ڕوحانییەکانیانەوە بە نسیبیان بووە.

لەڕێوشوێنی ژیان و پێوەندییە کاری و کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەوانیش لە ڕادەیەکی چاوەڕوانکراودا هەروەک ئەو تاقمە کۆمەڵایەتییە دەژین کە پێوەندییان پێوەی هەیە. لە قسەشدا، ئەوەندەی کە بکرێ لێیان تێبگەی، باسی ئەوە دەکەن کە، بۆ گەیشتن بە ئاکامی جێگای ڕەزامەندی لە چوارچێوەی ئەم ژیانەدا، عیرفان دەتوانێ شێوازێکی کارساز بێ، بەڵام ئەوەی کە بە کردەوە دەگوترێ، بێجگە لە نواندنی دیکلەمەی شیعری ڕابردووان، شتێکی دیکە نییە. ناسیاری عیرفان دەبێ بتوانێ یەکبێ دەیان بەیتە شیعر بخوێنێتەوە (پەخشانی کۆن لە کاروباری عیرفاندا ڕمێنێکی زۆری نییە). لە باری ناوەڕۆکەوە، لایەنگرانی عیرفان، کۆمەڵە خاڵێک دێننە بەرباس کە بە باوەڕی خۆیان ئەوانە بابەتە سەرەکییەکانن. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، گرفتی مرۆڤ لە هەموو بارودۆخێکدا، دوورکەوتنەوەیە لە ڕاستەقینە و گیرۆدەبوونە لە تاریکایی دەرووندا، لەبەر ئەمە، ڕێگایەک کە بۆ خۆیان و بۆ بەردەنگانی خۆیانی دیاری دەکەن، هانابردنە بۆ بەر دەرگانەی هەناسە پاک و پیرۆزەکانی شاعیرانی کۆن، بۆ ئەوەی لەم گێژەنە ڕزگار بن.

دیاریکردنی ئەوەی کە لە وتارێک، یان بابەتێکی نووسراوی عیرفانیدا، بە ڕوونی باسی چ شتێک کراوە، هەمیشە کارێکی ئاسان نییە. گوتار و وتارە عیرفانییەکان زیاتر بە لەبزێک دەست پێدەکەن کە دەڵێی بێژەر، یان نووسەر لە ئاکامدا دەستی بە کلیلی ڕەمزگەلێکی وەک "بریسکانەوەی تیشکی زاتی باری بادە لە پیاڵەی ڕوونی سیفات و مەلی باغی نادیاری" ڕاگەیشتووە و بەتەمایە، لە قاویان بدا و ئاگریان پێ بنێتەوە، بەڵام پتر لە کۆتایی کاراندا دەگوترێ، کە داخ و مخابن، قسە زۆرە و بوار کەم و هەڵبەت زانیاری زیاتر لە باراندایە و لە توانایی ئەم کورتە باسەدا نایە. کورت هێنانی کات و شوێن، خوو و خدەی بەرچاوی ڕێڕەوانی عیرفانە. هەر کەسێک قسەیەکی بۆ گوتن پێ بێ، تێدەکۆشێ لە هەموو هەڵکەوتێک بۆ دەربڕینی کەڵک وەربگرێ و سوپاسی گوێگران و بەردەنگانی دەکات کە گوێیان بۆ ڕاگرتووە و سەرنجیان پێ داوە، بەڵام ڕێڕەوانی عیرفان وەها نین، ئەگەر پەڕی کاغەز بە بەرینایی ئاسمان بوایە، یان گوێگر تاکو شێوی کۆتایی لە جێگای خۆی نەجووڵایە، ئەوان ڕەنگە دڵۆپێک لە زەریای مانایان کە لەبەر دەستی خۆیاندایە، بە تینوێتی ڕوحی گوێگراندا بچۆڕاندایە، بەڵام بەو دەرفەتە بەرتەسکانەوە، جغار. دەکرێ شێوازی کارەکە لەم فێڵەدا کورت بکرێتەوە: ئەوەی من دەیڵێم، گێڕانەوەی وتەی زانایانە و ئەگەر بێتو دژایەتیم لەگەڵ بکەن، لە ڕاستیدا بە گژ گەورەگەورانی جێگای شانازیی نەتەوەییماندا هاتوون.

ناکرێ بڵێی کە ئەم ویستە تەنیا بەرهەمی مەیلی خۆ بە زلزانینە. لەوەیرا کە خوازیارییە عیرفانییەکان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، پتر لە نێو کۆڕاندا گەشە دەکات، عیرفانخوازان بەرەبەرە ڕازی دەبن، یان یەکدی ڕازی دەکەن، کە دەستیان بە نهێنی و ڕازی گرنگ ڕاگەیشتووە؛ لەبەر ئەوەی عارفانی پێشوو پێداگربوون لەسەر هەڵاواردنی ئەغیار و یارانی نهێنیزان، عیرفانخوازان بەو ئاکامە دەگەن کە، تەنیا دەکرێ تۆزقاڵێک لە ڕاستەقینەی پاک کە خۆیان پێی گەیشتوون لە هەزاران وشەدا، خەست بکرێتەوە، تاکو لە لایەکەوە بریسکەی ڕاستەقینەی بەردەنگی خوازیار نەسووتێنێ و لە لایەکی دیکەیشەوە هاشەکەران ڕێ نەبەنە نێو دنیای ماناوە (هێندێک لە عاشقانی نوێخوازی عیرفان، کاتێک کە لە مەیدانی سیاسەتدا لەگەڵ چەمکە کۆن و ناسیاوەکانی "خۆیی" و "ناخۆیی" ڕووبەڕوو دەبنەوە، وەها بە نازەوە نێوچاوان تێکدەنێن کە دەڵێی لەتە سیاسییەکەی بیرکردنەوەیان لە خۆپارێزیی عیرفانیی لەتەکەی دیکە بێ خەبەرە).

لێرە ناچینە سەر ئەوەی کە عیرفان چییە. لە ڕاستیدا، یەکەم ئاکامی ناسیاویی سەرەتایی لەگەڵ قسەی عیرفانخوازان، گەیشتنە بەو خاڵەی کە، یان مەچۆ نێو باسەکەوە، دەنا ئەگەر چووی، تەنیا لە شکۆی بنوارە و پێیدا هەڵبڵێ، چونکە ئەم بەستێنە جێگای ڕەخنەی شیکارانە و شوناسی ڕەخنەیی تێدا نابێتەوە. هەر لە ڕاستیدا هیچ ئەوپەڕ- زمانییەکی هاوبەش هەبوونی نییە کە بکرێ لە دەرەوە توێژینەوەی لە بارەی زمانی عیرفانەوە پێ بکرێت. لەم پێوەندییەدا، پێناسە، بە مانای پێداهەڵگوتنی هەست بزوێنە، نەک بە مانای چوارچێوەیەک بۆ باس و لێدوان. لەم ڕووەوە بناری ئەم وتارە لە چاوخشاندنێک بەسەر ئەم بەستێنەدا کورت دەکەینەوە. لە ڕوانگەی شوناسناسییەوە، هەر بەو جۆرەی کە عیرفانخوازان مەبەستیانە، عیرفان دەخەینە بەر باس و هەوڵ دەدەین تووشمان بە تووشی دەمەتەقە لەگەڵ ئەو تیرەیەوە نەبێ. بەردەنگی ئێمە، ئەو گەنجانەن کە بە شانۆ عیرفانییەکان، هەڵفریوان، نەک ئەو خەڵکەی کە خۆیان خاراوی ئەو بوارەن و ڕایەخیان لێ ڕاخستووە.

## ٢

یەکێک لە گۆڕانکارییەکانی مەیدانی عیرفان و عیرفانخوازی لە ئێرانی هاوچەرخدا، ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی (١٩٨٨ز) لە کۆنگرەی حافزناسیدا، لە شیراز هاتە گۆڕێ، تا ئەو کاتە وا بیر دەکرایەوە، یان وا دەنوێنرا کە زۆر قسە و باس لە بواری ناسینی حافزدا هەیە کە دەبێ بگوترێن. لە ماوەی ناونووسین و نۆرەگرتنەوە بۆ پێشکەش کردنی وتار لەو کۆنگرەیەدا، وەدیار کەوت کە لەبەر زۆری ناسیارانی نهێنی و دەردەدارانی ئاشنای دەردان، هیچ وتاربێژێک زیاتر لە دە دەقەی کات وەبەر ناکەوێت.(٢) بۆ زۆربەی یارانی مانا، کە کەمتر خوویان بە کورتبێژییەوە گرتووە، ئەم کاتە بە دەستەندەیە، دەبێ زۆر تاڵ بووبێ: مەگین لەماوەی دە دەقەدا دەکرێ باس لە نهێنییەکان بکرێت و مەگین لە دنیادا چەند کەس توانیویانە سەر لە کەلێن و کولێنی ئەو نهێنییانە دەربکەن کە ناکرێ بۆ هەر کامێکیان هەزار کاتژمێر کات تەرخان بکرێت و زارێکی بە بەرینایی دنیایان پێ بدرێت تاکو ببنە مەلەوان لە زەریای قوولی مانادا؟ بەهەر حاڵ، بێجگە لە کومەڵە خاڵێک لە بارەی ئەو مەبەستانەوە کە غەزەلی حافز دەگەڕێتەوە سەریان، هەروەها دژواریی وەرگێڕانی غەزەلی حافز بۆ سەر زمانانی دیکە -کە لە بارەی ئەوەی دووەمیانەوە، بە تایبەت ئاڵۆزکاویی سەرشێوێنی جێناوە نێر و مێیەکان لە وەرگێڕانی ئەو غەزەلانەدا بۆ زمانە فەرەنگییەکان، هیچی لەگەڵ ناکرێت- ئەو وتارانە هیچیان بەو زانیارییانەوە زیاد نەکرد کە لە بارەی غەزەلی حافزەوە لەبەردەستدا هەن. شێوازی سەلماندنی بیرۆکەیەک لە ڕێگای دووپاتکردنەوەی ئەو بیرۆکەیەوە لە چوارچێوەی شیعردا، ئەگەر بکرێ بەو کارە بگوترێ شێواز، بازنەیەکی داخراوە کە سەر بەرەو هیچ شوێنێک دەر ناکات.(٣)

تەنیا بەرهەمی دیاری ئەو کۆڕە، ڕەنگە ئەوە بوو کە بەرهەمهێنانی کتێب لە بارەی حافزەوە رووی لە کورتی دا. تاکو پێش ئەو کاتە، پەلەیەک لەو ڕەوتەدا دەبینرا کە نیشانەی تاسەی مەیدانداران مانای لێ بەر چاو دەکەوت و وێدەچوو کە وێژە و بێژەناسان، دەستیان بە مرواری هێندە درەوشاوە ڕاگەیشتبێ کە حەیفە لەبەر چاوی هەمووان نەدرەوشێنەوە. دە ساڵ دوای ئەو کۆنگرەیە، ئێستا جاروبارە کتێبێک، یان وتارێک کە هەڵگری سەد پاتبوونەی هەمان ئەو پێناسە و پێداهەڵگوتنانەیە کە لەبارەی حافزەوەن و لێرە و لەوێ بڵاو دەبنەوە، بەڵام کەم کەسی وا هەیە کە چاوەڕوان بێ تاکو سەدەفێک بکرێتەوە، یان نهێنییەکی گەورە ئاشکرا بکرێت.

لە بەرەکەتی ئەو بابەتانەوەیە کە ئێستا لە بواری حافزناسیدا، لانی کەم دوو بیرۆکەمان لەبەر دەستدا هەیە: یەکیان دەڵێ حافز زۆر ڕەند (وریا و چاونەترس) بوو؛ ئەوی دیکەیشیان تێدەکۆشێ، بیسەلمێنێ کە حافز نە تەنیا زۆر زۆر ڕەند بوو، بگرە کەلاوەگەڕ و مەیخانەنشینیش بووە، ئەگەر لێیان بپرسی ڕەند یانی چی، هێندێک شیعرت بە گورچوو دادەدەن. کاتێکیش لێیان بپرسی ئەدی ئێمە چۆن بە ڕێگای ڕەندی و ڕەندایەتیدا بڕۆین، هێندێک شیعری دیکەت ئاوقا دەکەن، ئەگەر بشپرسی بێتو تێکڕای خەڵک زۆر زۆر ڕەند بن، ئاخۆ خاڵێک، یان ڕاستەقینەیەکیان لێ روون دەبێتەوە، دیسان هێندێک شیعرت تێ هەڵدەکەن.

بەڵام لە جیاتی ئەم هەموو بە گوێدادان و دووپاتکردنەوەیە، دەیانتوانی هەر دووک بیرۆکەکە پێکەوە بەراورد بکەن:" عاشق بە! وەرنە ڕۆژێ دنیا دەچێت و نەتخوێند / ئەو نەخشە پێتی ئەسپارد لەم کارگایە گەردوون"(٤) و "ئاخە دڵداری لە دڵ دژ یانی چی/ مەڕ بکە خۆت، عیشقی پاکژ یانی چی".(٥) پێوەندی ئەم دوو شیعرە لە ئەوەدایە کە حافز یەکەمیانی هەر لەو سەردەمەدا نووسیوە کە عوبێدی زاکانی دووەمیانی تێدا نووسیوە (ڕەنگە لە هەمان شاریشدا). لە ئاتێنی کۆندا، لە شیرازی سەردەمی ئەبوو ئیسحاقی ئینجوودا، لە قۆنیەی سەردەمی مەولەویدا، لە ئیسفەهانی سەردەمی سەفەوییەدا، یان لە تارانی ئەمڕۆدا، کێشە لەم دووانە زیاتر، پیشاندەری شێوەی بیرکردنەوە و کرداری ڕاستینەی مرۆڤی نێرینەیە؟ حەکیمان دەڵێن بەیتی دووەم باس لە واقیع دەکات، لە حاڵێکدا کە بەیتی یەکەم لە ڕاستەقینە دەدوێ. باشتر وایە داوا لە عیرفانخوازان نەکەین کە ڕاستەقینەمان بۆ پێناسە بکەن، چونکە شکی تێدا نییە کە داواکارییەکە دەکەنە خودی هۆکار و دیسان هێندێک شیعر دەخەنە ڕوو، پرسیارەکەی ئێمەش بێ وەڵام دەمێنێتەوە. لەبەر ئەوە ناچارین کەمێکیش لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی وشەی ڕاستەقینە (حقیقت) بدوێین.

ڕاستەقینە یانی ئەوپەڕی خوازی بیر و مێشک، یانی ئایدیال؛ لەم بوارەشدا بریتییە لە ناوەڕۆک، فۆرم و ئەو وێنە ئەدەبییانەی کە لە ئاکاری نووسیاری و هۆنراوەی فارسیدا برەوی هەبووە و بەزاراوەی قوتابخانەی عیرفان

ناسراوە. ئەم ناوەرۆک و وێنانە وەک چێوەیەک وان کە بۆ بەرهەمهێنانی پارچەی نەریتی لەکار دێن و پێیان دەڵێن باسمە (وێنەی چاپکراو): نەخشگەلی درەوشاوەی گیا و باڵندە و سروشت کە لەسەر دار هەڵکەنراون و بە زەربەی کوتک دەخرێنە سەر پارچە. جۆری هەرە باشی ئەو نەخشانە کاتێک کە بەدەست دەچنرێ، پێی دەگوترێ "تورمە" و شتی دیکە، لە جۆری بەرهەمهێنانی بە کۆشدا پێی دەگوترێ پارچەی قەڵەمکاری باسمە، بەڵام شەرح و پێناسەی دنیا، نە بە تورمە و دیبا دەکرێ و نە بە پارچەی باسمە. گەشە و کاملبوونی ئەم نەخشانە، چ لە شکڵی باش و چ لە جۆری لاوازیاندا، ئاکامی بە گوێدادان و دووپاتکردنەوەیە و پێوەندی بە تێگەیشتنی ڕاستەقینەی ئەو کەسەوە نییە کە سازی دەکات، دەیچنێت، یان دەیکڕێت.

ئەگەر پێوەندییەک هەبێ، پێوەندی نێوان چاو و زەین و دەستی مرۆڤە لە ماوەی هەزاران ساڵ کاری چنین و پیشەگەریدا. ناوەرۆکی نەخشی ئەو چێوە دارینانە، ناتوانێ لە تێگەیشتنێکی گشتی و جوان و هەستیار لە بارەی دنیای دەوروبەرەوە تێپەڕ بێت. "تورمە" یانی نەخش و ڕەنگ و جوانیی سەرنجڕاکێش، بەردەوام و نەبڕاوە، درەوشاوە و ڕێسامەند. سروشت، یانی گوڵ و دڕکوداڵ و پشیلەی وێڵ و قالاو و چنار و پنچکی کەرکوژ، کە ناپایەدارن و تاهەتایە نامێنن. ئەدەبیاتی عیرفانی نموونەیەکی تەمومژاوییە لە دنیای نامۆی یەکەم. عوبێدی زاکانی نوێنەری ئەوی دووەمیانە و نموونەیەکی ڕاستەقینەیە لە دنیای ڕاستەقینە. شیعری حافز دەربڕی بیرێکی بەرزە و هونراوەی عوبێدی زاکانی دەربڕی چۆنیەتی بیرکردنەوەی مرۆڤە لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەدا (لە بارەی شێواز و وردەکارییەکانی خووخدەی ڕاستەقینەی پێشینانمانەوە زۆر بە کەمی ئاگادارین، بەڵام ڕەنگە حافز بە خوێندنەوەی هەزل و گاڵتە ڕوون و لە بنەوەبڕەکانی عوبێد زۆریش کەیفخۆش بووبێت، تەنانەت وەک زمانی دەربڕی حاڵ و ژیانی خەڵکی خوا، زۆریشی بەلاوە پەسند بووبێ).

قوتابخانەی عیرفان لەبەر حاڵەتە تاکەکەسی و هەستیارییەکەی، دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بە تەنیایی و تەنیاباڵی بکرێت، تەنانەت ببێتە بەرتەنگبوونەوەی ئیمکانی دەستڕاگەیشتن بە ئەزموونە هاوبەشەکان. وادیارە زۆربەی ئەو حافزناسانەی کە پێشتر یادیان لێوە کرا، گرفتیان هەیە لەگەڵ باوەڕکردن بەو ڕاستییەی کە ئێوارانی هەموو دووشەممە، یان چوارشەممەیەک، دوو کۆلان لە خوار ماڵی ئەوانەوە، لە خزمەت مامۆستایەکی دیکەدا، کۆمەڵێک خەڵک کۆ دەبنەوە و ڕێک ئەو نەریت و ئایینە پیرۆزانەی پیرۆزیی شیعر بەجێ دێنن و ڕێز و پێزانینی باو لەگەڵ یەکدی دەگۆڕنەوە. ئەوەی کە کۆمەڵە خەڵکێک لە شوێنێک کۆ ببنەوە و لە بارەی بابەتگەلی دڵخوازی خۆیانەوە قسە بکەن، بەشێکە لە مافە کولتووری و سروشتییەکان، بەڵام ئەگەر بانگەشەی ئەوە بکرێ کە هێندێک نەگوتراوە هەن لە بارەی هەبوونەوە کە تاکو ئێستا بە هەر هۆکارێک بێ نەگوتراون و بڕیارە ئەوان هەڵیان نێن و ڕایانبگەیەنن، ئەمە لە هاشوهووشنانەوە دەچێ. لە بەستێنی هزری مرۆڤدا گەلێک پرسیار بێ وەڵام ماونەتەوە، بەڵام ئەوە جێگای باوەڕ نییە کە هێندێک ڕاز هەن، تەنیا چەند کەسێکی دەم و لەبز شیرین لێیان ئاگادارن. کۆمەڵێک بیرۆکە هەن، بۆ وێنە بیرۆکەی ڕێژەییبوونی زەمان، تێگەیشتنیان هێندە تایبەتە، کە بۆ تێگەیشتن لێیان، کۆمەڵێک پێشەکی یەکجار زۆر پێویستە، بەڵام ئەو شتەی کە لە کەسبوکاری شانۆ عیرفانییەکاندا، وەک نهێنییەکانی ڕاستەقینە دەرخواردی خەڵک دەدرێن، زۆربەیان تەنیا بە گوێداهەڵدانێکی هەستیارن.

بۆ هەراوکردنەوەی ئەو بابەتەی کە بانگەشەی بێ بنەتابوونی بۆ دەکەن، عیرفانخوازان، هەموو ئەو شتانەی کە نەختێک ویکچوونیان لەگەڵ قوتابخانە فیکرییەکاندا هەبێ، دەیانهێننە نێو باسەکانیانەوە. زۆر کەمن ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی ڕژد، بانگەشەی عیرفان دەکەن و بۆ پاساوی قسەکانیان و بۆ سەلماندنی ئەو شتانەی کە لە مەولەوی و حافز و عەتارەوە فێریان بوون، تەنانەت بۆ سەلماندنی خودی ئەو کەسانەش، کۆمەڵێک وتەی فەیلەسووفانی خۆرئاوایی نەکەنە بەڵگە. سەردەمانێک لە هۆڵی وتارخوێندنەوەی ئەحمەدی فەردیدا، هەر لە تولعی بەیانییەوە خەڵک جێگایان دەگرتەوە، تا وای لێ دەهات لە وادەی دیاریکراودا، کۆمەڵانی خەڵک تا ناوەڕاستی حەوشەی زانستگای تاران، لەسەر پێ ڕادەوەستان. فەردید هەمیشە تێکەڵاوێکی زارەکی لە عیرفان و تەسەوف و حافز و خۆرهەڵات و خۆرئاوا و مەولەوی و هایدگەر و کانت و کۆمەڵێک شتی دیکەی وەسەر یەک دەنا.

بەرەبەرە لەگەڵ پێگەیشتن و گەورەبوونی ئەو نەوە گەنجەی کە بۆ بینخواردنەوە لە دەریای مانادا، جێگایان دەگرتەوە، ئاستی ئەو فەیلەسووفە توێژەرەوەیەی عیرفان، تاکو ڕادەی وتارخوێنیکی ئاسایی، دابەزی و وردە وردە

له بیرچۆوه(٦)، بەڵام دەریای مانا نە بێ نەهەنگ مایەوە و نە بێ مەلەوان؛ کەسێکی دیکە و دیسانیش کەسێکی دیکە. لەو بابەتانەدا کە نەهەنگی خاوەنشکۆ، پێی خۆش نییە بێتە سەر ئاو، تەنانەت وتارێکی سەرگێژکەرەشی لە دەست نایە. مووریدەکانی دەڵێن: شێخەکەیان قسەکانی تەنیا بۆ کەسانێکی تایبەت دەدرکێنێ. لەسەردەمی ئێمەدا دۆزەرەوانی نهێنییەکانی ڕاستەقینە، جوداوازییەکی ئەوتۆییان لەگەڵ ئەکتەرانی بەستێنی شانۆدا نییە؛ بۆ هەر نەوەیەک و هەر چاخێک کۆمەڵە ئەکتەرێک سەر هەڵدەدەن و لە بیر دەچنەوە و ئەم کەسبوکارە داخرانی نییە.

ڕوانگەی عیرفانی، لە هەموو ئایین و سەردەم و کۆمەڵگەیەکی جۆراوجۆردا، تا ڕادەیەک و لە بیچمی خۆیدا هەر هەبووە. گرنگ ئەو بەشەیە کە دەکرێ بۆ ڕادەی وردبوونەوە بینراوییەکان (شهوودییەکان) لەبەر چاو بگیرێ. کەسانێک تەنانەت شکسپیریشیان لە ڕوانگەی عیرفانییەوە، لێکداوەتەوە. (٧)

خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە ئەو جۆرە لێکدانەوانە، لە بەرانبەر لایەنەکانی دیکەدا، تا چ ڕادەیەک قورسایی و گرنگایەتییان هەیە و چ بارستاییەکیان بۆ تەرخان دەکرێ.

گەڕان بە دوای ئاماژە عیرفانییەکان و دیاریکردنی ئەو چەمکانەی کە پێوەندییان بە ئاگادارییی بینراوییەوە هەیە لە نووسراوەکانی شکسپیردا (کە سەرنجدان بە کردەوە، ئاوەزی پێوەندیداری ئەزموون، کاریگەریی دوولایەنەی تاک و کۆ لەسەر یەکدی، ڕۆڵی چارەنووس لەبەرانبەر ڕۆڵی تاکدا لە ئاڵوگۆڕەکانی بەستێنی دەوروبەردا و سەرنجدان بە داهاتوو، تایبەتمەندیی بەرهەمەکانی ئەون.) تەنیا یەکێکە لەو هەزاران کارانەی کە لە بارەی ئەوەوە دەکرێن؛ ئیتر کەسیش ئیدیعای ئەوە ناکات کە خوێنەری بەرهەمەکانی ئەو تاهەتایە دەبێ بە دوای هزرەکانی ئەو بکەوێت، ئەو هزرانە هەر چییەک بن: شکسپیر نەیتوانیوە لە بارەی سەردەمی ئێمەوە، بۆچوونێکی دەربڕی بێت، هەرچەند بیری لە داهاتوویەک دەکردەوە کە جوداواز بوو لەگەڵ سەردەمی ئێستا. عیرفانخوازانی ئێمە لە بارەی هەموو شتێکەوە، وێنەیەکی لێڵ و بە ناچاری نیوەچڵ دەخەنە ڕوو: لە زەین، لە هەبوون، لە ئەدەبیاتی پێشووی ئێران، لە پێوەندیی نێوان فەلسەفە و جۆری ژیانی کۆمەڵایەتی و لە هزری خۆرئاوا کە بە بۆچوونی ئەوان فەیلەسووفانی عیرفانشێوە، نوێنەری ئەو هزرەن. لایەنێکی عیرفانی ئەدەبی کە جۆرێک سەربەستی و سەرنجڕاکێشی بە ئەدەبیات دەبەخشێت، مانەوەیە لە دەرەوەی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، هەرچەند بڕیار بووە کە وەڵامدەری بابەتە مرۆڤانەکان بێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی دنیای دەوروبەریدا. کولتووری فەرمی لەگەڵ عیرفان هەست بە بێگانەبوون ناکات، هەروەها پێشینەی دێرینی ڕووبەڕووبوونەوەی دنیای شەریعەت و تەریقەت، تەنانەت عیرفانخوازانی زۆر تاکپەرستیش، دژوارە بتوانن هەمیشە جێگای باوەڕی کولتووری فەرمی بن، کە بەگشتی تەسەوف ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە بە تەواوی لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا نەگونجاوە. کاریگەریی ڕۆژبەڕۆژ هەڵچووی فەیلەسووفە (هەڵبەت ئایدیالیست)ە خۆرئاواییەکان لەسەریان هەر دەم پتر دەبێتە مایەی دوو دڵی قوتابخانەیەکی ئایینی کە نیسبەت بە تێکەڵبوون هەستیارە. بەهەر حاڵ، هەر چەند، عیرفانی بێ باوەڕی دیاردەیەکی غەریب نییە، کە سەرنج بدەینە مەیلی عیرفانخوازی کۆمەڵێک ڕووناکبیری ماددیخواز، دەبینین کە لە ئێران کولتوورە فەرمی و نافەرمییەکان، کۆمەڵێک جیهانبینی وەها لە یەکدی نزیکیان هەیە. سەرەڕای هەموو ئەمانە، شکی تێدا نییە کە کولتووری عیرفانی بەردەوام ڕەنگێکی کاڵی نافەرمیبوونی لە خۆیدا پاراستووە. هەڵبەت بەبێ ئەوەی کە لە هەموو بابەتەکاندا لەگەڵ کولتوورە فەرمییەکانی ڕابردوو و ئێستادا جوداوازیی بنەڕەتییان هەبێت، لانی کەم لە یەک بابەتدا، لە مۆسیقای ئێرانیدا، دژوارە بکرێ کولتووری عیرفانی، کولتووری فەرمی، کولتووری نافەرمی و سەلیقەی گشتی لە یەکدی جودا بکرێنەوە. لێرەدا، قسە لەوەدایە کە بۆچی، چلۆن و لە چ بارودۆخێکدا و لە دوای چ ئاڵوگۆڕێکەوە، کەسانێک لە ڕابردوودا بەو ئاکامە گەیشتوون کە دەکرێ لە ڕێگای شهوود و دڵنیایی تاکەوە کەسێک بگات بە ڕاستەقینەیەکی قایموقۆڵ لە بارەی دنیا و هەبوونەوە. قسە لەوەیە کە عیرفانخوازیی نوێ بە گەورەکردنەوەی شتێک کە ناتوانێ بابەت و شێوازی سەردەمی ئێمە بێ، بە کردەوە هەموو پێوەندییەکان و ڕێژەکان تێکەڵ دەکات. لە حاڵێکدا کە تەنانەت ئایینەکانیش بنچینەی ئاڵوگۆڕ و (حادث) بوونی دیاردەکانیان قبووڵ کردووە و پتر لەسەر بنەمای ڕووبەڕووبوونەوە و شێوازی دیاریکردنی لایەنی ئاڵوگۆڕەکان پێداگری دەکەن، عیرفانخوازان هەر وا لە سیناریۆی بێ سەروبنی تێکۆشانە تەنیا باڵەکانی گەیشتن بە گەوهەری شوناس، جووڵەی دەروونی و بێ

بەری لە هۆکاری ئاوەزمەندانە و یەکێتی مرۆڤ و دنیادا گرفتارن. جیهانبینیی پێشینیان، هەر چییەک بووە، یان نەبووە، بەشێکە- تەنیا بەشێکە - لە میراتی کولتووریی مرۆڤ، نەک هەمووی، جا چ بگات بەوەی کە هەموو دەستکەوتەکانی مرۆڤ بێت لەسەر ئەم گۆ خۆڵێنەیە.

شێوازی بیرکردنەوەی بایەزیدی بوستامی دەکرێ بابەتێک بێ بۆ باس و خوێندنەوە، بەڵام ناکرێ بە بنچینەیەکی بێ ئەم لاو ئەولا دابنرێت. ئەو ئیدیعایەی تەسەوف لە جودایی نێوان زانست و عیرفاندا کە؛ "زانست تەنیا ناوونیشانی ڕاستەقینە بە دەستەوە دەدات، لە حاڵێکدا کە عیرفان بە ڕوونی ڕاستەقینە دەبینێت و لێی تێ دەگات."(٨) نە سەیرە و نە جێگای پێکەنینە، بگرە هەر بێ کەڵکە. کەسێک کە بەردەوام لە بەر تیشکی وەها بۆچوونێکدا بێت، هەموو بناغە عەقڵی و هزرییەکانی خەساریان لێ دەکەوێت، لەوانە زمان و مەنتیقی قسەکردنیشی.

ئەو کەسەی گوڵ و گیا دادەچێنێ، پێی دەگوترێ باخەوان، ئەو کەسەی بە دەریا و پاپۆڕەوە سەرقاڵە پێی دەڵێن دەریاوان و... تاد. ئەدی ئێستا ئەمە چلۆنە کە زانست باسی شتێک دەکات کە لە نێو دەستی عارفاندایە؟ کەواتە لە ڕاستیدا، زانست هەمان عیرفانە و عارفانیش هەمان زانایانن و زانست و زانا، هەبوونی دەرەکی جودایان نییە، مەگین ئەوەی کە بە پێی چیرۆکێکی کۆن، وای دابنێین ئەو کەسەی کە چاو لە کەسێکی دیکە دەکات، کە خەریکی دارشکاندنە، لە زەینی خۆیدا زەحمەتی دارشکاندن بکێشێت، بەڵام لەم حاڵەتەدا، بۆ ئەو زەحمەتە خەیاڵییە، تەنیا دەکرێ خەڵاتێکی ڕواڵەتی لە بەرچاو بگیرێ.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەموو عارف و ناعارفێک لە هەموو سەردەمێکدا، تەنیا ئەوەندە دەتوانێ بڕواتە پێشێ کە کۆی زانستی سەردەم ئیزنی پێ دەدات. ڕاستەقینە بەرهەست و ماددییەکانی مرۆڤ ڕادەی تێگەیشتنی ئەو لە خۆی و لە دنیا دیاری دەکات، تەنانەت ناکرێ چاوەڕوانیمان لە زانایەکی گەورەی وەک ئیبنی سیناش هەبێ کە لە لێکدانێکدا، پەرژینی هزری ئەرستۆ تێک بشکێنێت و خۆی بگەیەنێتە سەردەمی ڕێنیسانس لە فلۆرانس و پادوڤا، ئەو کەشەی کە بە ڕاستی جێگای ئەو بوو. جەلالەددینی بەلخی نەیدەتوانی پتر لە کۆی ئەو زانستانە بزانێ کە لە سەردەمی خۆیدا تۆمار کرابوون، دۆزرانەوەی هیچ ڕاستەقینەیەکیش بە ناوی ئەوەوە تۆمار نەکراوە کە زانایان و ئەستێرەناسان و پزیشکانی هاوچاخی ئەو نەیانزانیبێ. ئارتۆر کۆستلێر لە کتێبی خەوگەڕەکاندا، کە بەرهەمێکی توێژینەوەی خۆیەتی لەبارەی پێشینە و پێشکەوتنی بیرۆکەی ئاستی زەوی و نێوەندییەتیی خۆر لە سیستەمی خۆریدا، بۆ نموونە بەو ئاکامە دەگات کە ئاریستارخووس، دوایین ئەستێرەناسی قوتابخانەی فیساغۆرس، ئەو شتەی دەزانی کە دوو هەزار ساڵ دواتر شانازیی ڕاگەیاندن و تۆمارکردنی وەبەر کۆپەرنیک و گالیلۆ و کۆپلێر کەوت. لە ماوەی ئەو دوو هەزار ساڵەدا، دەیان هەزار عارفی مەسیحی لە سەرانسەری ئەورووپادا، لە دەریای دۆزینەوەدا گێژیان دەخوارد، بەڵام بە پێی ئەو بەڵگانەی کە ماونەتەوە، تەنانەت یەک کەسیشیان نەیزانی، بیرۆکەی ڕاست ئەمەیە. لە نیوتنیان گێڕاوەتەوە کە دەڵێ: "من ئەگەر توانیومە دوورترەکان ببینم لەبەر ئەوە بووە کە لەسەر شانی دێوان ڕاوەستاوم"(٩)، هەروەها لە لیۆناردۆ داڤنشی کە گوتی: "قوڕ بەسەر ئەو شاگردەی وەپێش مامۆستاکەی نەکەوێت."(١٠)، بەڵام نە ئاوەزمەندانی سەردەمی زێڕینی یۆنان و نە نیوتنی سەر شانی دێو نەیاندەتوانی وەپێش خۆیان و سەردەمی خۆیان بکەون، ئەگەر ئێمەش بمانەوێ ئەو کارەیان بەسەردا بسەپێنین، شتێکی وەک فیلمێکی کارتۆنیی لەبەر چاوی خۆمان دەبینین. نە سوقرات، نە جیفرسۆن و نە هیچ گەورە مرۆڤدۆستێکی دیکە تاکو ڕەخسینی کاتی بەستێنە بەکردەوە و بەرچاوەکانی لابردنی کۆیلەداری لە ڕوانگەی ئابوورییەوە یانی خاوەنداریەتیی مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا، هیچیان نەگوت. ئەرستۆ پێی وابوو " ئەگەر دەوڵەتێک پتر لە دە هەزار هاووڵاتی هەبێت، ئیدارەکردنی دەوڵەت لە کردەوە دەردەچێت."(١١)

دەنا دیسانیش ئەرستۆ، کە کۆیلەی بە بێبەری لە ئاوەز دەزانی، هەروەها بە دڵخۆشییەوە چاوی لە دەوروبەری خۆی دەکرد و پەرگار (جەغزینگ) و تیر و کەوان و چەرخی چاڵ و عارەبانە و مەنجەنیقی دەدیت و پێی وابوو، هەموو شتێکی مومکین دۆزراوەتەوە و داهێنراوە(١٢)، بەڵام ئەفلاتوونی مامۆستای، کە مامۆستای هەموو عارفانی دنیاشە، وەبیری نەهێناوە کە باشتر وایە لە ئاکام وەرگرتندا پەلە نەکات، چونکە "ئاڵوگۆڕی زۆر گەورە بە ڕێگاوەن". ئەمە قسەی ڕاجێر بەیکەن زانای سەدەی سێزدەیەمی زایینی بوو.

لیۆناردۆ داڤنشی، مرۆڤێکی ڕووناکبیری داهێنەر بوو کە پێی وابوو چۆنایەتی داهاتوو، هەر لە بنەڕەتەوە لەگەڵ دنیای ئێستادا جوداواز دەبێ، ئەو گەلاڵەی شتێکی

لەسەر کاغەز کێشاوە، کە دەکرێ ناوی لێ بنێین باوەگەورەی هێلیکۆپتەرە ئەمڕۆییەکان، بەڵام ئەو ئامێرەی ئەو پێشنیاری کردبوو، مۆتۆڕی نەبوو. وادیارە داڤنشی پێی وابووە ڕۆژێک دادێ کە بە شێوەیەک، ڕەنگە بکرێ بە کۆمەڵێک چەرخدندەی وەک کاتژمێر و بە یارمەتی دەست و باهۆی مرۆڤ، ئەو مەکینە فڕندەیە لەسەر زەوی بەرز بکرێتەوە. سێ سەد ساڵ دوای داڤنشی، شەمەندەفەر و پاپۆڕیان بە وزەی هەڵم وەجووڵە خست، بەڵام هیچ مەنجەڵی هەڵمێک ناتوانێ ئەوەندە وزە بەرهەم بهێنێت کە ببێتە هۆی هەڵفڕین، هەر بۆیەشە تۆماس ئەدیسۆن بە دڵنیاییەوە دەیگوت، هەڵفڕین تەنیا بۆ باڵندەکان دەلوێ. زۆری پێ نەچوو دوای ئەو بۆچوونە دڵساردکەرەوەیە، مۆتۆڕی دەروونسووت کەوتە گەڕ. ئەدیسۆن خودای کارکردن بە ئەلەکتریک بوو، بەڵام سەرەڕای بەرینایی مێشکی، لە زەینیدا نەدەگونجا کە بکرێ، ئامێرێک ساز بکرێت بە بارستایی کەمتر لە مەترێکی شەش پاڵوو کە وزەی پتر بێ لە چەند سەد ئەسپی هەڵم.

لە نموونەیەکی دیکەی بەرتەسکیی ناسینی مرۆڤ و داهاتووی جوداوازدا، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا لە ئەوروپا، کەسانێک وایان بەراورد دەکرد کە بەو ڕەوتی زیادبوونی عارەبانە و کالیسکانەدا، زۆری پێ ناچێ ڕووبەری هەموو شەقامەکان تاکو پاژنەی پێ پڕ دەبن لە پەین و پاڵی چوارپێیان. ئەم نیگەرانییە لە ڕوانگەی فیزیا و بیرکارییەوە ڕاست بوو، بەڵام سەرهەڵدانی ئۆتۆمبێل قەت بواری ئەوەی نەدا. ئەمانە کۆمەڵێک نموونەی دواکەوتووانەن کە لە کەلێن و کولێنی ئەنسکلۆپیدیاکاندا، زۆر جاران تووشیان دەبین، بەڵام دەکرێ دووپاتبوونەوەی ئەم خاڵە ڕوونانە بە جۆرێک وەرزشی مێشک دابنرێن بۆ بەرەنگاری کردن لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵتانی فیکری، بۆ نموونە ئەوەی کە مرۆڤ، یان هەموو شتێک دەزانێ، یان هیچ شتێک نازانێ؛ یان ئەوەی کە زانستی ئامادەیی هەیە و دەکرێ هەروەک ئەو گۆ بلوورینە چاو لە دنیا بکرێ، کە لەبەر چاواندایە. ئێمە بۆمان ناکرێ بیر لەوە بکەینەوە کە ئەگەر ژمارەی سفر دانەهێنرابایە و ئەگەر مەکینەی هەڵم ساز نەکرایە و ئەگەر مۆتۆڕی پیستۆنی هێشتا هەر نەبوایە، چۆنمان بیر دەکردەوە. بیرکردنەوەی ئێمە لە گشتێک پێکهاتووە کە شیاوی دابەش کردن نییە بەسەر تاک بە تاکی توخمە پێکهێنەرەکانیدا. ئێمە دەتوانین لە زانایی خۆمان زیاد بکەین، بەڵام ناتوانین لێی کەم بکەینەوە. دنیا لە دڵی ئێمەدا نییە؛ دڵی ئێمە تۆزێکە لە دنیایەکی لێوڕێژ لە پرسیار و وەڵام و گۆڕان و دۆزینەوە.

زۆربەی ئەو شتانەی کە ئەمڕۆ ڕوونن، هەمیشە هەر وا نەبوون. ئەمڕۆ هەموو منداڵێک کە تازە خەریکی فێربوون دەبێ، بڕیار وایە بنەماکانی بیرکاری و چوارکردە سەرەکییەکان بزانێت. خەڵکی میسری سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر و خەڵکی یۆنانی دوو هەزار ساڵ لەمەوبەریش، کەم و زۆر بە قەت ئێمە شارەزای ئەندازە (هەندەسە) بوون، بەڵام توانایی ئێمە لە ژمارەنووسین و زانینی چوارکردەی سەرەکیدا دیاردەیەکی تاکو ڕادەیەک نوێیە، تەنانەت بۆچوونیشمان لە بارەی خودی ئەم باسانەوە نوێیە: "فیساغۆرس، بە پێچەوانەی ئێمە، لە پێشدا ئەندازەی دەگوتەوە، پاشان بیرکاری دێنا بەر باس. زانستی بیرکاریی فیساغۆرسی نە تەکنیکێکی بەکردەوە بوو، نە لە ڕێگای ژماردنیشەوە فێر دەکرا، بەڵکو باسێکی تیوری بوو لەبارەی ژمارەکانەوە."(١٣) ئێمە کە ئەمڕۆ لە سەرشانی دێو ڕاوەستاوین، دەتوانین چاوەڕوانیمان لە قوتابیانی منداڵمان هەبێت لە تەکنیکی بژاردندا، وەپێش زانایانی سەردەمی زێڕینی یۆنان بکەون و ببنە ڕێنوێنی سەدان ئەستێرەناس و میعماری میسری. هەموو ئەم دەرفەتانە تەنیا لە ڕاگوێستنی ئەزموونەکان و کەڵەکەکردنی زانستەوە هاتوونەتە دی و لە گەڕی ئەو کەڵەکەکردنەدا، ڕوانگە و فێربوون و داخوازییە سەرەکییەکانی ئێمە هەر لە بناغەوە ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە. ئەم خاڵە زۆر بەناوبانگە کە سەعدی بەسەرهاتی خەیاڵیی، یان ڕاستینەی دیلبوونی خۆی لە چنگی خاچپەرستاندا، لە ئاماژەیەکی خێرادا کورت دەکاتەوە کە کاری هەڵکەندنی خەندەک بووە لە تەرابلوس، بۆ ئەوەی گرفتاریی خۆی لە دەست هاوسەرێکی بەسەردا سەپاوی بەدخوودا، بگێڕێتەوە. پلەی کونجکۆڵی و جۆری ڕوانین و بابەتە جێگای سەرنجەکانی زانای سەدەی حەوتی کۆچی و خوێنەری ئەو لە حەوت سەد ساڵ دوای خۆیدا، شیاوی پێک گرتن نییە. لە ڕوانگەی گەڕۆکێکی موسڵمانی سەدەکانی نێوەڕاستدا، کە وڵاتانی کوفر و خودی کافرانیش بە هەند دانانێ، هەر لە ڕۆژی ئەزەلەوە بەردەوام کۆمەڵە خەڵکێک لە شوێنێکدا، پێکەوە لە شەڕ و کوشت و کوشتاردا بوون و یەک بە یەکی ئەو ڕووداوانە شیاوی لێ وردبوونەوە و لێکدانەوە نین. خوێنەری ئەمڕۆ بە گشتی بەپێچەوانەی ئەمەوە بیر دەکاتەوە، چونکە ڕادەی زانیاریی زۆر بەرزترە. داهاتوو هەمیشە بۆ مرۆڤ داچڵەکێنەر بووە.

یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەخنەگرانە، تێگەیشتنە لە پێوەندی شێوازی بیرکردنەوە و جۆری ژیان. نابێ خاکەڕایی کۆمەڵێک لە یارانی عیرفان کە دەڵێن ڕوانگەی عیرفانی تەواوکەری ڕوانگەی زانستی و ئەزموونیی شیاوی ڕاگوێزانە، لەبەر چاو نەگیرێ، بەڵام یەکێک لە توخمە زۆر گرنگەکانی بیرکردنەوەی نوێ، چەمکی داهاتووە. بۆچوونی عیرفانی وەک ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بێ کات و شوێن لەگەڵ هەبوونی مرۆڤدا، بە تەواوی بەتاڵە لەم داهێنانەدا. لە ڕۆژگاری گەشەی عیرفاندا، ژیانی مرۆڤ هێندێک چرکەی خێرا و ناپایەدار، بەڵام دووپاتە لە نێوان سپێدەی ئەزەل و شێوی ئەبەددا بوو، بە چارەنووسی پارێزەری ڕووداوە هەمیشەییەکان و زۆر جارانیش کارەساتبارەوە کە تێیدا شادی و خۆشی تەنیا هێندێک چرکەی تێپەڕن. ئەمڕۆ ئێمە ئەو دنیایەی کە بۆچوونی عیرفانی تێدا گەیشت بە لووتکە، لە خودی بیرمەندەکانی باشتر دەبینین کە بەسەرسووڕمانەوە بیریان لە پێوەندی نێوان گەردیلە و ئاسمانەکان دەکردەوە، لەبەر ئەوەی لەسەر شانی دێوان ڕاوەستاوین و خودی ئەو بیرمەندانەش لە جوملەی ئەو دێوانەن. کەڵەکەبوونی زانست و ئەزموون ئەو تواناییە بە ئێمە دەبەخشێ کە شوناس و زانیاری بە ئاکامی جووڵەیەکی گشتی، ڕوون و ڕاگەیەنراو بزانین، نەک گەڕان و تەریکبوونەوەی نهێن و تاکەکەسی لە نهێنخانەی گیاندا. لە سۆنگەی ئەو پشتیوانەیەوە، ئەمڕۆ ئێمە لاریمان نییە کە بە تێپەڕبوونی زەمان و وەدیارکەوتنی وەڵامگەلێک بۆ پرسیاران، بنەمای هەموو بابەتێک بە شێوەیەکی نوێ دەخرێتە ڕوو؛ هەروەها ڕابردووش ڕووناکتر و وردتر دێتە بەرچاومان و باسی داهاتوویەک دەکەین کە بۆ هەموان شیاوی لێکدانەوە دەبێ و پێوەندی بە هەموانیشەوە دەبێ، نەک داهاتووی ڕوحێکی سەرلێشێواوی خوازیاری پلە بەرزە مەعنەوییەکان؛ نەک داهاتووی یەکە یەکەی تاکەکان، بەڵکو داهاتووی هەموو خەڵک، داهاتووی هەموو کۆمەڵگە، داهاتووی هەموو مرۆڤایەتی و داهاتووی نەوەکانی داهاتوو وەک دیاردەیەکی بەرچاو کە خودی ئەوانیش لە بیچم گرتنیدا بەشدار دەبن.

با خێرا بەو ئاکامە نەگەین کە ئەگەر وابێ چەمکی داهاتووی نەوەی دواتر و درێژەی هەبوونی کۆمەڵایەتی، هەر لە دوێنێوە داهاتووە، بەڵام داهاتووی بەکۆمەڵ، شیاوی پێشبینی کردن و بیچم هەڵگر، یان لانی کەم شیاوی ڕێبەری کردن لە لایەن دەست تێوەردانی ئاگایانەی مرۆڤ لە چارەنووسی خۆیدا، دیاردەیەکی زۆر تازەیە. قوتابخانەی عیرفان پێداگری لەسەر چەمکی داهاتووی بە کۆمەڵی تەواو جوداواز لەگەڵ ئێستا ناکات، نەک لەبەر ئەوەی کە دێوەکانی پێشوو، خۆیان لێ گێل کردبێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە لەسەردەمی ئەواندا، پێشبینی لەو چەشنە هێشتا نەگوورابوو. سەرلێشێوان و شوناسی تاکەکەسی لەسەر بنەمای ئەزموونە هەستیارییەکان، کە بەناچار تاکەکەسیشن و پەنابردن بۆ ئەو هێما و نهێنییانەی کە کەسانی تایبەت لێیان تێدەگەن و لە سەرانسەری ئەدەبیاتی عیرفانیی ئێمەدا دێن و دەچن، بابەت و بەشێکی ڕێوشوێنی ژیان بوون لەو سەردەمەدا، بەڵام بابەت و ڕێوشوێنی ژیانی مرۆڤی ئەمڕۆ نین.

بەرانبەریی نێوان قایلبوون بە داهاتوویەکی ئاوەزمەند بۆ داهاتوو و ڕووبەڕووبوونەوەی هەستیارانە و کاتی لەگەڵ ژیان بابەتێکی پەراوێزی و سەلیقەیی نییە. برتراند ڕاسل، لە وتارێکدا لەبارەی عیرفانەوە، دوای ڕەتکردنەوەی ئەو شێوازەی کە عیرفان ئیدیعا دەکات لەو ڕێگایەوە دەگات بە ڕاستەقینە، دەنووسێت: "سەرەڕای ئەمە، پێم وایە ئەگەر بتوانین توانایی و دەسەڵاتی تەواومان بەسەر هزری خۆماندا هەبێت، لە ڕێبازی عیرفاندا، زانستێکمان وەدەست دەکەوێت کە لە هیچ ڕێگایەکی دیکەوە بەرهەم نایەت، ئەگەر ئەم خاڵە ڕاست بێت، دەبێ ڕێز لە ڕێبازی عیرفان بگرین وەک شێوازێکی ڕووبەڕووبوونەوە لە تەک دنیادا، نەک وەک باوەڕێک نیسبەت بە دنیا." بەڵام هەر خێرا و بە چازانییەوە ئەو لوتفە وەردەگرێتەوە کە دەرحەق بە عیرفان کردوویەتی: "من دەڵێم قۆناغی بان سروشتیی عیرفان هەڵەیەکی هەستیاریی عیرفانییە." و لە ڕستەی دواتردا ئاکامەکە نەرمتر دەکاتەوە و کۆتایی بە باسەکە دێنێت: "هەرچەند کە ئەم هەستیارییە، بەناوی سەرچاوەی ڕەنگ و بۆنی هەموو هەست و بۆچوونەکانی دیکەوە، ئیلهامدەری باشترین لایەنەکانی مرۆڤە."(١٤) لە وەڵامێکی تونددا بۆ ڕاسل، هاوڵاتی خۆی، ڤالتر ستێس، ئامۆژگاری خەڵک دەکات کە "باشتر وایە پشت بە ئەو نەبەستن و ئەو بەراوردە ڕواڵەتییەی ئەو کە بەسەر پێشەکییەکی لەرزۆکی بێ بنەمادا هەڵبەستراوە و پێی وایە کە حاڵەتە عیرفانییەکانی مێشک بەردەوام هەستیارین، بە شتێکی سەلماو نەزانن."(١٥)

وێدەچێ کە ستێس بە وردی لە مانای قسەکەی ڕاسل تێ نەگەیشتبێت، یان وای بە باش زانیوە بە خۆپاراستن

لە لایەنە زۆر ڕاست و ڕەوان و ئازاردەرەکانی، خۆی لە دەمەتەقە لابدات و هەر چەند کە کتێبەکەی بە ئاماژەکردن بۆ ڕاسل دەست پێ دەکات، هەر بە تەشەرێک ڕازی بێت و لێی تێپەڕ بێت. ڕاسل لە درێژەی باسەکەدا دەنووسێت: " برگسۆن، خۆی بە ناوی شهوودەوە، بەرز کردەوە بۆ تاکە حوکمی ڕاستەقینەی بان سروشتی." ستێس کە بە ڕواڵەت شەیدای عیرفانە، پێناسەی ورد و زانستیانەی هەستیاری دەخاتە پشتگوێ و باسی کۆمەڵێک شت دەکات بە ناوی "زەینییەتی هەستیارییەکان" لە بەرانبەر "زەینییەتی وەهمەکان"دا. ئەو خۆی لە بەرانبەر بۆچوونی ڕەخنەگرانی عیرفاندا بە دەروەست نازانێت و لە هەوڵی ئەوەدایە کە خودی بابەتی بەرباس شرۆڤە بکات، بەڵام هەر ئەوەندەی کە لە بەرانبەر ڕەخنەگرانی وەک ڕاسلدا، لە ڕێکەوەوەند و وشەگەلی وەک "زانیاریی گەردوونی" و "عیرفانی بەرزایی" و "عیرفانی مەعنەوی (لاهووتی)" و "عیرفانی ماددی (ناسووتی)" دەگەڕێت، دەکرێ نموونەیەک بێت لە بەسەرەکی زانینی هەستیاری و حاڵەتە تاکەکەسییەکان کە ڕەنگە جاروبارە و تا ڕادەیەک لە هەموو مرۆڤێکدا هەبن.

**پەراوێزەکان:**

١- ارتور کوستلر، خوابگردها، ترجمەی منوچهر روحانی (جیبی، چاپ دوم، ١٣٦١). ص ١٠٨.

٢- "ئەو بەرنامەیەی کە ڕاگەیەنرابوو، بەڕێوە نەچوو. سەرەتا بۆ خوێندنەوەی هەر وتارێک نیو سەعات کات دیاری کرا بوو. دوای دەست پێکردنی کۆنگرەکە کرا بە چارەکە سەعاتێک و لە ڕۆژانی کۆتاییدا کرا بە دە دەقە" (ماهنامەی آدینە، شمارەی ٣١، دی و بهمن ١٣٦٧).

٣- فیلم نامەیەک بۆ پیشاندانی سواوی و دابەزینی ئەنجوومەنی زانایان تا ڕادەی جێژنۆکە و قوتابخانە "بەرنامەیەکی کورتکراوەی تاقەتپڕووکێن بوو کە جوداوازییەکەی هەر لەوەندەدا بوو کە کۆمەڵێک شاعیر دەستیان بە خوێندنەوەی شیعری خۆیان کرد و دوو منداڵیش شیعرەکانی "لیسانولغەیب"یان لەبەر خوێندەوە و هەر لە نێوان خوێندنەوەی دوو، سێ غەزەلدا دەکەوتنە بەر ڕێژنەی چەپڵەڕێزانەوە. جوداوازنەبوون و یەکهاوی بەرنامەکان جارجارە دەبوو بە هۆی چوونە دەرەوەی دەستە دەستەی ئامادەبوان، تا وای لێهات لە بەرنامەی کۆتاییدا دوو جار منداڵەکانیان هێناوە". (هەمان سەرچاوە)

٤- حافز بە کوردی، تاڤگەی ئەوین، وەرگێڕانی عومەر ساڵحی ساحێب (کۆلیل)، زانستگای کوردستان بە هاوکاری ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی کوردستانناسی، چاپی یەکەم ١٣٩١ی هەتاوی، غەزەلی ژمارە ٤٣٥.

٥- عاشق سینە چاک یعنی چە / بتپان! عشق پاک یعنی چە "عبید زاکانی"

٦- فەردید دەتگوت هەر پیشەی چاپی بە فەرمی نەناسیبوو، لە مانگی گولانی ساڵی ١٣٥٠ی کۆچی هەتاویدا، لە پەراوێزی کۆنگرەی سەعدی و حافزدا، لە شیراز، من لێم پرسی؛ بۆچی قسەکانت نانووسییەوە، ڕەنگە تێگەیشتن لێیان هێندێک ئاسانتر بێتەوە. خێرا وەڵامی داوە: "من ڕاسپاردەی مێژوویییم پێ نەگەییوە." دواتر بەو هەڵچوون و داچوونانەی کە لە کۆمەڵێک بواری فەلسەفیدا پێکهاتن، مارتن هایدگەری فەیلەسووفی دڵڕفێنی ڕەها کرد و دەستی کرد بە پێداهەڵگوتنی "بقیة الله الاعظم" و دوای ماوەیەکی دیکە، ئیدی بەتەواوی بێ دەنگ بوو. فلۆتین، یان ئەفلۆتین، سەردەستەی قوتابخانەی نوێ ئەفلاتوونی کە موسڵمانان، ناویان لێ ناوە "شێخی یۆنانی"، تا پەنجا ساڵ هیچ شتێکی بنووسێ، بەڵام ئەو زەمانەی کە بە پێداگریی دۆستانی دەستی دایە قەڵەم، پەنجاوچوار نامیلکەی نووسی، پاشان یەکێک لە موریدەکانی قۆڵی لێ هەڵماڵی و ئەو بارستاییە گەورەیەی خەیاڵاتی فلۆتینی لە شەش بەرگدا کۆ کردەوە و لە نۆ نامیلکەدا، ڕیزی کردن. بە خۆشییەوە فەردید نووسیارپەرێزتر بوو لەوەی کە زەحمەتی وا گەورە و گران بخاتە ئەستۆی موریدەکانی.

٧- بڕوانە؛ شکسپیر در پرتو هنر عیرفانی، مارتین لینگز، ترجمەی سودابەی فضائلی (نشر نقره، تهران ١٣٦٥).

٨- دائرەالمعارف فارسی، دکتر غلام حسین مصاحب جلد دوم، ص ١٧٢٩.

9- Arthur Koestler, "Literature & Law of Diminishing Returns," Encounter, May 1970.

١٠- هەمان سەرچاوە.

١١- ویل دورانت، تاریخ تمدن، یونان باستان، ترجمەی امیرحسین اریانپور (انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ دوم، ١٣٦٧) ص٢٢٥.

١٢- خوابگردها، ص ٥٠. ویل دورانت، تاریخ تمدن، یونان باستان، ترجمەی امیرحسین اریانپور (انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ دوم، ١٣٦٧) ص٢٢٥.

١٣- ویل دورانت ص ١٨٧.

١٤- برتراند راسل، عیرفان و منطق، ترجمەی نجف دریابندری (جیبی، چاپ دوم، ١٣٦٢)، ص ٥١.

١٥- و. ت. استیس، عیرفان و فلسفە، ترجمەی بهاءالدین خرمشاهی (انتشارات سروش، چاپ دوم، ١٣٦١)، ص٣.

# سۆزی عاشقانە لەشیعرەکانی کانی دا

د. هاوژین صلّیوە
(زانکۆی کۆیە - کۆلێژی زمان)

کانی یەکێکە لەو شاعیرانەی کەم شیعری نووسیوە، بەڵام ئاستی هونەری شیعرەکانی باشن و سۆزێکی عاشقانەیان لێ دەچۆڕێ، هەرچەندە کەریم شارەزا دەڵێت: «پێویستە ئەوەش بزانین کە ئەم کۆمەڵە شیعرە، هەموو هۆنراوەکانی نییە، چونکە لەسییەکانەوە مێژووی ژیانی و چەپکێک لە هۆنراوەکانی لەسەر داوای ئەدیبی ناوداری کورد (ڕەفیق حیلمی) ناردووە بۆ بەغدا، بۆ ئەوەی لەشیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا بڵاویان بکاتەوە، کەچی نە بڵاوکرانەوە، نە کەوتنەوە دەستیشی»، (١)بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە شیعرەکانی (کانی) فەوتابن، چونکە هیچ بەڵگەیەکیش بەدەستەوە نییە، ئایا (کانی) نوسخەی تری ئەم شیعرانەی لەبەر دەست ماوە، یان نا؟ سەیری دیوانی(کانی) بکەن وەک پێکهاتەیەکی شاعیرانی کلاسیک بابەتەکانی (نامەی شیعری، پێنج خشتەکی، شیعری تاک دێڕی، چوارین، غەزەل...تاد) لەخۆگرتووە، واتا هەرچەندە شیعرەکانی بەژمارە کەمن، بەڵام پێکهاتەیەکی ئەم ستایلەی دیوانی شیعری کۆنی تێدایە لە جۆراوجۆری قاڵبەکان لە شیعرەکانیدا دەبینرێ.

هەڵبەتە لایەنی سۆز پردێکی بەهێز دروست دەکات لە نێوان دەق و خوێنەر، دەقی بەهێز کۆمەڵێک پێکهاتەی شیعری وادەکات ئەم دەقە بەهێز بێت، بەڵام یەکێکیش لەم پێکهاتانە سۆزە، دەقێک هەڵگری سۆزێکی جوان بێت، ئەوە کاریگەری خۆی لە دڵی خوێنەرانی جێ دێڵێت، هەڵبەتە مۆسیقای شیعری و وێنەو خەیاڵی سەرنجڕاکێش و شێوازی دارشتنی دەق سۆزی دەق بەدەردەخات. «سۆز بە یەکێ لەڕەگەزە هەرە گرنگەکانی هۆنراوە دەژمێردرێ، لە ئەزموونی هۆنراوە داناندا بەنیشانەیەکی پڕ بایەخی چەمکی ڕاستگۆیی هونەر



**کانی**

دادەنرێ، گرنگیش نییە، سەرچاوەی ئەم سۆزە، لە هەر لایەن و ڕێگەیەکەوە بێ» (٢)، بەڵام سۆزی ڕاستەقینە، واتا بابەتێک کاریگەری لە شاعیر کردبێ و جێی گرنگی شاعیر بێت، ئەوە زیاتر بەرەو ناخی دەروونی شاعیر شۆڕدەبێتەوەو لە شیعرەکانیشیدا ڕەنگ دەداتەوە. لەم بارەشەوە (سی- دی لوبس) دەڵێت: «حەقیقەت خۆی لەنێو سۆزدا شاردۆتەوە» (٣). (کانی) «کاتێ منداڵ دەبێ، باوکی کۆچی دوایی دەکات» (٤) بەپێی تیورەکەی (ئەدلەر) هونەر پڕکردنەوەی کەموکورییەکانی ژیانە، (ئەدلەر) مەبەستی کەموکوڕی جەستەیی مرۆڤە، بەڵام لەدەستدانی باوک و هەست کردن بەهەتیوی و بێ بەشبوون لەسۆزی باوکایەتی، کاریگەری خۆی هەیە، کە لەهونەردا مامەڵەو سەودا لەگەڵ سۆز بکات، واتا مرۆڤ کەموکوڕی لەشتێکدا هەبێت، دەیەوێت بەڕێگایەکی تر پڕی بکاتەوە، کاتێ باوکی(کانی) دەمرێ، هەر لە منداڵییەوە ئەو ناکامییەو مردنە بە خۆشەویستی ئافرەت و عیشق و سەودایی پڕدەکاتەوەو شیعر سۆزی پێ دەبەخشێت، شاعیر لەدێڕە شیعرێکدا سەبارەت بەم عیشق و سۆزە دەڵێت:

**لە(کانی) گەر دەپرسی بۆچی ئەشعارت هەمووی عیشقە**

**لە منداڵی بەناکامی سەرم پڕ عیشق و سەودایە ؟!(٥)**

لە کۆپلە شیعرێکی تردا (کانی)دەڵێت:

**لەئاهمە لەئاهمە**
**سوتنت لەئاهمە!!**
**خاڵت حجر الاسوەد،**
**برۆت قیبلە گاهمە(٦)**

ئاهو فیغانی شاعیر سووتێنەرە، وەک ئەو گوتەیەی کە دەڵێ (ئاهی من دەتگرێ)، شاعیرانی کلاسیک ڕووی یاریان بەقیبلە چواندووە، زاراوەو دەستەواژەی هاوبەش لە شیعری کۆندا دەبینین، ئاستی ئیستێتیکای ئەم شیعرە لەمەوە دەبینین، جوانی ئەم ئافرەتە بەرزدەکاتەوە و دەیگەیەنێتە ئاست و پلەی پیرۆزی، ئەوەتا خاڵی بەبەردە ڕەشەکەی کەعبە دەچوێنێ، ئەبرۆکانیشی دەکاتە قیبلەی خۆی، سەبارەت بە ڕووی قیبلەی یار و باڵا بەعەرعەر و ئەبرۆ بە شمشێر و...تاد ئەمانە زاراوەی هاوبەشی ئەدەبی کۆنن، بەڵام چواندنی خاڵ بە بەردە ڕەشەکەی کەعبە، لەچاو زاراوەکانی کە پێشتر ئاماژەم پێکردن کەمتر بەکارهاتووە، (ئەختەر)ی شاعیرش لە شیعرێکیدا هەمان وێنەی بەرجەستە کردووەو دەڵێت:

**خاڵی ڕەشی سەر ڕوومەتی**
**حجرالاسوەد خۆیەتی**
**هەرکەس بکا زیارەتی**
**لە مەرتەبەی شەهیدانە(٧)**

ئەختەری شاعیریش پلەو پیرۆزی تر بەخاڵی ڕەشی ئافرەتێک دەبەخشێت. لە شیعری کۆندا زۆر گرنگی بەدەمووچاوی ئافرەت دراوە، ددان و دەم و لووت و ڕوومەت و پەرچەم، چاو و برژانگ و...تاد جێی تێڕامانی زۆرێک لە شاعیران بووە، خاڵ زۆر جار هەروەک خۆی ناوی هاتووە، یان وەک: دانەیی خاڵ، دانەی سماق. دانەیی خاڵی گەنم، خاڵی گەردن، خاڵی ڕەش، وردەخاڵ، ...تاد بەڵام چواندنی خاڵ بەبەردە ڕەشەکەی کەعبە بەکار هێنانی کەمترە.

(کانی) لەدێڕە شیعرێکی (بە بێ سووچ)دا دەڵێت:

**دەمێکە دڵ ئەسیری پەرچەم و چاهی زەنەخدانە**

**توخوا شاهم نەکەی گەر لەم کەلەپچەو بەندە ڕزگارم(٨)**

هەرچەندە شاعیر لەڕێی عاشق بوون، تووشی ئازارێکی

زۆر هاتووە، ئەوەتا پەرچەمی ئەم یارە کـــەلەپچـــەی کـــردووەو لە چاڵی چەناگـــەشی بەندی کـــردووە، لەنێـــو شیعری کلاسیکیدا پرچ نیشانەی گرفتاربوون و کۆت و کەلەپچەیە، بەڵام (کانی) کاتێ کە (کەلەپچە) کراوە لە بەندیخـانەی چاڵی چەناگەی ئەم یارە خـۆی دەبینێـتەوە، ئاواتەخـوازیشـە کـە ئەم ئازارانە بکێـشێ و بە بەندی بمێنێـتەوە، لێـرەدا شـاعیـر وەک کەسێکی مـاسۆشـیـزم (masichism) خـۆی پیـشـان دەدان، کـە چێـژ لەو ئازارە دەبـینێ کـە ئەم ئافـرەتە پێی دەبەخـشێ، حـەزیش دەکات هەمیشە ئەو ئازارە بچێژێت و گیرۆدەو پەیوەست بێت پێیەوە.

شاعیر لەشیعری (ساقی وەرە ئەمشەو)دا دەڵێت:

**ساقی وەرە ئەمشۆکە لەبۆم تێکە پیاڵە،**
**بۆ مەززە لە ڕووت کافیە ئەم دانەی خاڵە**
**هەرچەند بەشەرع بادە حەرامیشە وەلێ من**
**بێ تەقیە دەخۆم حۆری لەدەستی تۆ حەڵاڵە**
**مەعلوومە کە ئەم حاڵەتە بێ سر نییە ئافات**
**چاوم ئەگەر دەتبینێ زمانم وەکو لاڵە**
**خوێنی دڵمە عەکسی لە ڕووت کردووە ئیزهار**
**چاوت ئەگەر ئینکاری نەکا شاهێدی حاڵە**
**چەند خۆشە بکەم دائیمە من وەصفی جەمالت**
**زولف شەوی تاریکە، بڕۆت عەینی هیلالە**
**دەرناچێ ئەبەد صورەتی تۆ نەقشە لە دڵدا**
**مومکین نییە ئەم صورەتە بڕوا لەخەیاڵ**
**(کانی) بەسە ئیتر چییە ئەم عیشق و هەوایە**
**پیربووی بەخوا عومری عەزیزت لە زەواڵە(٩)**

خـوێنەر لەگـەڵ سـۆزی ئەم شیـعـرەدا بەشـدار دەبێت، پیـاڵەی دەسـتی سـاقی مـەبەست ئەو ئافـرەتەیە خـۆشی دەوێ، نەک تەنیـا سـەیرکـردنێکی سـەرتاپایی دەبێـتـە مەزەی شاعیر، بەڵکو تەنیا سەیرکردنی ئەو دانە خاڵە بۆ شاعیر کافییە، کە هەرچەندە بادە حەرامە، بەڵام شاعیر شـــەرعـــیـــیـــەت بەوە دەدات کـــە ئەم بادەیە لەدەست حۆرییـەوەیە، بۆیە بادەو شـەرابی دەست حـۆری بەهەشت حەڵاڵە، شاعیـر بەهانەیەک بۆ خـۆی دەدۆزێتەوەو بادە بۆ خۆی حەڵاڵ دەکات.

(هێـمن) ی شاعیر لە شیعری (ناڵەی جودایی)دا زۆر بەهانە دەدۆزێتـەوە کە (مەی) بۆ شـاعیـر و لێقـەوماوان حەڵاڵە.. بۆ نموونە لەم دێڕەدا دەڵێت:

**مەی حەڵاڵە بۆ منی وێرانە ماڵ**
**بۆ منی سەرگەشتەوو ڕووت و ڕەجاڵ...(١٠)**

مـەی لای (هێـمن) شـتـێکی خـەمـڕەوێنەو لەبیـرکـەری ئازارە، بۆ ئەو کـەسـانـەش کـە لێـقــەومـــاون و هیچ چارەیەکیان نییە حەڵاڵە، بەلای (کانی)بە شێوەیەکی تر مـەی حەڵاڵ دەکات، ئەگەر لەدەستی خۆشەویستەکەیەوە وەری بگرێت، چونکە خۆشەویستەکەی حۆرییە.

(کـانی) لەشـیـعـری (دوودی دەروونم)لەم کـۆپلەیەدا دەڵێت:

**ئاگرە لەیلا لەسەرم عیشقەکەت**
**دڵ پڕی جۆشە وەکو کووپی شەراب**
**چەندی بکەی جەور و جەفا قایلم،**
**چونکە جەفا پیشەتە ناکەم عیتاب!**
**ڕۆژی جەزا ڕەنگە بەرائەت بکەی**
**(کانی)لە دنیا گەلەکت دی عەزاب!(١١)**

عـیـشـقی یار لەشـێـوەی تۆپەڵە ئاگـرێک لەسـەری بەربووە، خـۆشی بەمـەجنوون دادەنێ، دڵی خـۆشی وەک کـووپە شـەرابێکی پڕ جـۆش دادەنێ، شـاعـیـر وێنەیەکی جوانی نواندووە، پێوەندی لە نێوان چەند شتێک دروست کردووە، لەوانە: (سەر- ئاگر)، (دڵ- کووپە)، (خوێن- شەراب)، داواش لەو ئافـرەتە دەکات کە بەهانای بێت و ئەو عـەزابەی کـە(کـانی)بینیـویەتی لەدنیـادا لە ڕۆژی ئاخیری بە خێر بۆی بگەڕێتەوە.

(کانی) لە شـیـعـری (جانا چییـە ئەمـشـەو) هەسـتـە پەنگخواردووەکانی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت:

**جانا چییە ئەمشەو بەفیدای زلفی خەمت بم**
**میوانی سەروسینەو لیمۆی مەمت بم**
**چەن خۆشە بەشەو تا بەسەحەر ئەی گوڵی ڕەعنا**
**بێ خەوف و خەتەر دەست لەمل و دەم بەدەمت بم**
**زۆر دڵ بەغەم و پڕ کەدەر خەستەمە ئەمشەو**
**لێم پرسە وەرە تاوەکو خاکی قەدەمت بم**
**مەوسووف بەسوراحی مەیە ئەم گەردنی سافت**
**حەیرانی سەرو گەردەن و قەددی عەلەمت بم**
**وەک ئادەمی لێم بویتە گەنم دانەیی خاڵت**
**قوربانی خەت و خاڵ و ڕوخی وەک ئیرەمت بم**
**ساقی وەرە بۆم تێکە هەتا وەختی بەیانی**
**سەرخۆشی کەف و ساعیدو دەست و کەرەمت بم**
**بۆ ماچی دەمت وەعدەیە فەرموو وەرە(کانی)**

**تازوو بەفیدای عەهدو وەفاو لوتفی کەمت بم(١٢)**

زمانی ئەم شیعرە پڕە لە سۆز و هەناسەی عاشقانە، چونکە وشە بەتەنیا دەربڕی یەک مەبەستی سادە نییە، خۆی لەخۆیدا بایەخ و بەهایەکی تایبەتی هەیەو دەبێ ئاگاداری چەمکی خەیاڵئامێزو بایەخی سەرواو ئاهەنگی وشەبین(١٣)ئەرستۆ پێی وایە کە زمانی شاعیر لە زمانی قسەکردن جیاوازە، بێ گومان ئەو جیاوازییانەش لە بارگاوی کردنی ئەو زمانەیە بەخەیاڵ و هونەرەکانی ڕەوانبێژی.

کەریم شارەزا لەبارەی (کانی)دەڵێت: «هەست و ئەندێشەی شیعری هەردەم پەروازەی ناو ئاسمانی پان و بەرینی عیشقی ئافرەت و جوانی و مەستی مەی و بادەی خۆشەویستی بووە، بەهرەی هونەریشی هەر لەو سەرچاوەوە تەقیوەتەوە، بۆیە هەر شیعرێکی لەسەر جوانی ئافرەت و دڵداری و مەی و بادە بووبێ، داهێنانێکی باشی لێوەدەست هێناوە»(١٤) هەڵبەتە شیعری عاشقانەو دڵداری لە هەموو سەردەمەکاندا برەوی هەیە و وەک جۆرو مەبەستەکانی تری شیعری نییە، لە هەڵکشان و داکشاندابێت، چونکە مەسەلەی سۆزداری و عیشق پەیوەستە بە مرۆڤەکان و هەموو کەسێک هەست و حەزی خۆشەویستی دەبزوێ، شیعری عاشقانەو عاتیفی کرۆک و مەهامی شیعرە، زۆر بیروڕاش هەیە کە کۆنترین مەبەستی شیعری بێت.

هەروەها شیعرەکانی (کانی) لەپاڵ بەکارهێنانی وێنە کۆنەکان، وێنەی نوێشیان تێدایەو شیعرەکان مۆسیقین و قافیەکانیش سواو نین، سۆزێکی کاریگەریان لەخۆگرتووەو ئەم لایەنی عاتیفەیە وا لە شیعرەکان دەکات مەیلی ئەوە بەهونەرمەندان بدەن کە بیانکەن بە گۆرانی.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

**١- موەفەق ئەکرەم کانی- کەریم شارەزا، دیوانی کانی، چاپخانەی الحوادث، بغدا، ١٩٨٠، ل٣٤.**

**٢- حوسێن محەمەد عەزیز، یاقوت و زمرۆتی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٣، ١٢٦.**

**٣- سی- دی لویس، ت. د. احمد نصيف الجنابي، مالك ميري، الصورة الشعرية، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٢، ص٣٤.**

**٤- موەفەق ئەکرەم کانی- کەریم شارەزا، دیوانی کانی، ل١٠.**

**٥- س.پ.ل٢٩.**

**٦- س.پ.ل٥١.**

**٧- تاهیر ئەحمەد حەوێزی، دیوانی ئەختەر ( ئەمیناغای حاجی بەکراغای حەوێزی ١٨٣٨- ١٨٨٨)، ئۆفیسی نالی، کۆیە، ٢٠٠٢، ل٦٤.**

**٨- موەفەق ئەکرەم کانی- کەریم شارەزا، دیوانی کانی، ل٤١.**

**٩- س.پ.ل٤٣.**

**١٠- هێمن، دیوانی هێمن، چاپی یەکەم، کوردستان، ٢٠١٢، ل٢٧٩.**

**١١- موەفەق ئەکرەم کانی- کەریم شارەزا، دیوانی کانی، ل٤٤.**

**١٢- س. پ، ل٤٠.**

**١٣- ڕەزا سەید حوسێنی، و.حەمەکەریم عارف، قوتابخانە ئەدەبییەکان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦، ٦٢.**

**١٤- موەفەق ئەکرەم کانی- کەریم شارەزا، دیوانی کانی، ل٢٠-٢١.**

# چۆن وتاری لێکۆڵینەوەیی بنووسین؟

عەلی ڕەزا محەمەدنیژاد(*)
(شنۆ)

**سەرەتا:**

دنیای ئێمە، دنیای گەشەی زانست و پێشکەوتنە، زانست و زانیاری سەرچاوەی بنەڕەتی دەسەڵاتی سەدەی بیست و یەکەمە. لەسەردەمی زانایی، مسۆگەرکردنی بەستێنی گەشەی تاک و کۆ پێویستە و یەکێ لە هۆکارەکانی کاریگەر و گرینگی گەیشتن بەم مەبەستەش، بێجگە لە پەرەگرتن و بڵاوبوونەوەی سنوورەکانی زانست، وەدیهاتنی گۆڕانکاری و بزێوی کۆمەڵگا، (لێکۆڵینەوەیە). بەو بۆنەیەوە لەو قۆناغەی ئێستا باس لە گرینگی و بایەخی لێکۆڵینەوە، نەتەنیا بێ سوود نییە، بەڵکو بۆ هەنگاونان لەبواری گۆڕان، چاکسازی و پێشکەوتن، لێکۆڵینەوە دەبێ تەوەری بەربڵاوبوونەوەی زمانی دایکیمان بێ.

ئەگەر ئاوڕێک لە کۆمەڵگای کوردەواری بدەینەوە، بێ گومان چاومان بە زەریایەک فەرهەنگ، ئەدەب و دابونەریت و گەلێک شاکاری بێ وێنە دەکەوێت. بە کورتی و لە ڕستەیەکدا دەتوانین بڵێین زمانی کوردی ئەوەندە دەوڵەمەندە کە وەک گەلەری و پێشانگای تابلۆگەلێکی ڕەنگاوڕەنگ دەچێ و جوانی لێ دەبارێ. زۆر هەستی ناسک و جوان، شیعر و چیرۆک و ڕۆمان چوونەتە سەر ترۆپکی لووتکەی هەرە بەرزی ئەدەبی جیهان و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی کوردی تەژی لەبەرهەمی بلیمەتانی مەنشوور و بەناوبانگن. ئەوە لە کاتێکدایە کە زمانی کوردی گەلێک کەند و کۆسپ و لەند و بەرگرەی لەسەر ڕێگا بووە و گەشەی لێ براوە، بەڵام زۆر شاسوار شانیان داوەتە بەر و بە لێزانی و بە دانستەی هاونرخی گەوهەر و ئاڵتوون، بوێرانە هەوڵیان داوە و پارێزەری گەنجی زمانی کوردی بوون، بێ گومان زمانی کوردی زۆر

دەوڵەمـەندە، بەڵام لە بیـرمـان نەچێ لەگـەڵ ئەوەشـدا، بارودۆخی دنیـا لەئاڵوگـۆڕیدایە و بە گـوێرەی ئەو گۆڕانکارییانەش دەبێ گەشە بکات. لێرەدا چەند پرسیار دێنە پێش. ڕاسـتی جـێگەو پێگەی زمـانی کـوردی لەسەردەمی ئەورۆکەی جیهان لە چ ئاستێکدایە؟ بەشی زمانی دایکی ئێمە لەخولقاندنی زانستی نوێ چییە؟ چۆن زمـانی کوردی لە گـەڵ زانست هاوسەنگ دەکرێ؟ بڕی وتار و لێکۆڵینەوەی زانستی بە زمانی کوردی، تا چ ڕادەیە؟ ئەرک و وەزیفـەی پسـپـۆڕان، بیـرمـەندان، توێژەران و مـامۆستـایان چییە؟ ئایا زمانی کوردی هەر دەبێ شیعر و چیرۆک و مەبەستی ئەدەبی پێ بنووسرێ؟ ئایا ئەو لێکۆڵینەوانەی لە گـۆڤـار و ڕۆژنامـەکـاندا بڵاو کراونەتەوە، چوار چێوەی لێکۆڵینەوەیان هەیە؟ ئەو زمانە چۆن دەتوانێ زمانی زانستی بێ؟

هەر وەک ئامـاژە کرا، زمانی کـوردی لەبواری ئەدەب و فـەرهەنگ و کـولتـوور وەک گـەلەرییـەکی ڕەنگین زۆر دەوڵەمـەندە، بەڵام لە بەشی لێکۆڵینەوە و بەدیهـێنانی زانسـتی نوێ سـاوایە و جـێگای خـۆیەتی توێژەران، مامۆسـتایان و خاوەن بیـران بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی، لە بەشی توێژینەوەی زانسـتیش هەوڵ بدەن و بە شیکاری وەسفی قانیع نەبن.

دیارە لێکۆڵینەوە یەکێک لە گرینگترین سەرچاوەکانی زانیـاری و ئاگـاداری مـرۆڤە، واتە لێکۆڵینەوە بە هانای شێوازی زانستی بۆ وەڵامی پرسیارەکان و کردنەوەی گرێ پووچـکەکـانە (دلاوەر، ١٣٨٤، ل٣) مـولی(١) لێکۆڵینەوە وەک ڕێگایەکی بە متـمـانە بۆ گـەیشتن بە ڕاسـتییـەکـان و دۆزینەوەی ڕێگاچارەکـان دەزانی کـە بۆ کـۆکـردنەوەی ڕێکی دراوە (دەیتـا) و شـیـکاری و لێکدانەوەیان وەدەست دێ. لەم ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوە گرینگترین کەرەستە بۆ پەرەپێدانی زانست، پێشکەوتن و بەتوانایی کردنی مـرۆڤ لە ئاریکاری کاریگەر لەگـەڵ وار و دەوروبەرە. بە جـۆرێک کـە ئیـمکانی هاتنەوەی ئامـانجـەکـان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی کـەند و کۆسپی سـەر ڕێگا، بەرهەڤ بکا (کـۆهن و مـانیـون، ١٩٩٦، نەقڵ لە ساکی، ١٣٨٨).

یونسکۆ لێکۆڵینەوەی زانستی بەو جۆرە تاریف دەکا: لێکۆڵینەوەی زانسـتی لە دەڤـەری زانسـتی ئینسـانی بەهەر جـۆرە کارێکی ڕێکوپیک و خـوڵقێندراو دەگـوترێ کە بە مەبەستی زۆر بوون و باشتربوونی زانیاری مرۆڤ، فەرهەنگ و کۆمەڵ و کەڵک وەرگرتن لەو جۆرە زانستە بۆ چارەسەری گرفـتی مرۆڤ و کـۆمەڵگا ئەنجام دەدرێ، لێکۆڵینەوە بە پاڵپشـتی ڕاهێنەر و نوێخـوازی زانسـتی نوێ (نیک سیرەت، ١٣٨٢).

دیارە بۆ ئەنجـامی لێکۆڵـینەوە، بە شـێـوەی سیستماتیک چەند قۆناغ تێپەڕ دەکرێن و ڕێگای چەوت و شـەقـامی یەک لایەنی توێژینەوە دەپێـورێن کـە لەم وتارەدا لەسەر ئەم قـۆناغـانە ناڕۆین، تەنیا باس لەسەر نووسین و ڕێکخسـتنی وتاری توێژینەوە دەکرێ و هیـوا ئەوەیە کە ئامانجی وتارەکە بێتە دی.

**نووسین و ڕێکخستنی وتاری توێژینەوەیی:**

وتاری لێکۆڵینەوەیی، نیـشـاندەری تەواوی چالاکی و هەوڵـەکـانی تـوێژەرە. لـێکۆڵـەر پاش بـەڕێوەبـردنی قـۆناغـەکـانی لێکۆڵینەوە، دەبێ ڕێکخستن و نووسینی وتارەکەی لە قالبی زانستی و عەقڵانی ئەنجام بدا.

**پێکهاتەی وتاری زانستی لێکۆڵینەوە:**

بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی زانسـتی پێـشـانگەی ڕەخنە و لێڕوانین بێ و هۆگران بتوانن کەڵک لە ئاکامی وەرگرن، پێویسـتە ئاکام و ئەنجامی وەدەست هاتوو، بە ئاگاداری کۆمەڵی زانسـتی، خوێنەران و مامۆستایان بگەیەنرێ. بۆ ئەو مـەبەسـتـە دەبێ دۆزراوەکـانی لێکۆڵینەوە بە شێـوەی وتاری زانسـتی ڕێک بخرێن و لەیەکێ لە گـۆڤـارەکـاندا بڵاو بینەوە. (سـەرمـەد، بازرگـان، حـیـجـازی، ١٣٨٢، ل٣٢٧) پێکهـاتەی ئەم جـۆرە وتارانە لەو بەشـانە پێکهاتووە کە بە وردی و کورتی باسیان دەکەین:

**سـەردێڕ:** سـەردێڕ دەبێ کـورت، پوخت و پاراو بێ و مـانای دەقەکەی دیار بخا. ڕادەی وشەکانی پێکهێنەری بەلانی زۆرەوە لە ١٥ وشە زیاتر نەبێ.

**ناوی تـوێژەر و هاوکـاران و پلە و ئەرکی:** لە ژێر سـەردێری وتاری زانسـتی ناوی توێژەر و هاوکـارانی بە ڕیزی بڕی هاوکاری و ئەنجامی لێکۆڵینەوە دەهێنرێ و لە ژێر ناویان پلەی خوێندنی توێژەر(نووسەر)، شوێنی کار و خزمەتی دەنووسرێ، ئیمەیلەکەشی بەدوایدا دەنووسرێت.

**کـورتە و وشـەکـانی بنەڕەتی:** کـورتە (Abstract) هەڵبـژاردەی هەمـەلایەنەی ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەیە و دەبێ

نیشـاندەری ناوئاخن و دەقی وتارەکە بێت. ئەگەر هاتو کەسێک نەیتوانی هەموو وتارەکە بخوێنیتەوە و تەنیا دەرفەتی خوێندنەوەی کورتەی هەبێ، بەباشی سەری لە مەسەلەکە دەربچێ. واتا کورتە، خوێنەر لە خوێندنەوەی دەقی لێکۆڵینەوە بگەیەنێ. درێژی کورتە بەلانی زۆر ۳۰۰ وشەیە.

وشەکانی بنەڕەتی کە بە دوای کورتەدا دێن، بەشێوەی ئاسایی ۳ تا ٥ وشەیە. مەبەست لە وشەی بنەڕەتی، ئەم وشانەن کە تەوەری باسوخواسی وتارەکەن.

**سەرەتا (پێشەکی) و بەیانی مەسەلە:**

لەو بەشەی وتاری زانستیدا دەبێ سەرنج بدرێتە بەیانی مەسەلە، هەروەها ئاماژە بکرێتە سەر ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو کە بەجۆرێک لەگەڵ مەبەستی لێکۆڵینەوە پێوەندییان هەیە. لێرەدا تایبەتمەندییەکانی مەسەلە و مەبەستی لێکۆڵینەوە، شی دەکرێتەوە و شەرحی بۆ دەنووسرێ و بە کورتی هۆکارەکانی پێکهاتنی مەسەلە وەسف دەکرێن، هەروەها ئاماژە دەکرێت گرینگی مەبەست و ئەو خاڵانەی کە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو وڵامدەری بوونە، بۆیەش دەبێ وەک بەڵگە لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا کەڵک وەربگیرێ و سەرئەنجام مەبەست لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و بیرئانی و زیکری گریمانە، یان پرسیارەکانی لێکۆڵینەوە دەردەبڕین.

سەرەتا و بەیانی مەسەلە، بریتییە لە بنچینەی ویری و تاقیکارانە، تاریفی گۆڕەکەکان و گرینگی موتالا کە بە کورتی چەند خاڵی خوارەوە بۆ نووسینی سەرەتا یارمەتیمان دەدەن:

١- سەرەتا بە گشتی دەست پێ دەکا و بۆ لای ورد بوونەوە دەڕوا.

٢- لە دەسپێکی سەرەتا هەوڵ دەدرێ بەستێنی مەسەلە و خودی مەسەلە بەیان بکرێ.

٣- سەرەتا دەبێ بۆ وجوودی مەسەلە، شاهیدیمان بەدەستەوە بێ، یانی بیروڕای شارەزایان و ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی تر بێنین.

٤- هەوڵ بدرێ ڕادەی سەرەتا ٢٠ لە سەدی گشت ڕادەی وتارەکە بێ.

**ڕەوشت و شێوەی لێکۆڵینەوە:**

بەشی ڕەوشت خۆی لە چوار بەش پێکهاتووە.

ئا: کۆمەڵی ئاماری، نموونە و بارستایی نموونە:

تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵناسانەی بەشداران وەک ڕێژەی جنسایەتی، نێوانەی تەمەن، ڕادەی خوێندەواری و هەتادوایی لە کۆمەڵی ئاماری دێنە بەر باس.

لە ڕەوشتی نموونەگریدا، چۆنیەتی هەڵبژاردنی تاقمی نموونە بۆ تاقیکردنەوە، یان بە گشتی بۆ توێژینەوە، ڕوون دەکرێتەوە.

ب: گەڵاڵەی لێکۆڵینەوە: لە بەشی گەڵاڵەی توێژینەوە، لە سەرچۆنیەتی کارکردن لەسەر گۆڕەکەکان، شێوازی لێکۆڵینەوە (بۆ وێنە لێکۆڵینەوەی وەسفی، دۆخی، یان تاقیکارانە) دەنووسرێت و دیاری دەکرێت.

ج: کەرەستەی پێوان: کەرەستەی کە بۆ کۆ کردنەوەی زانیارییەکان کەڵکی لێ وەرگیراوە چ بووە؟ ئەزموون، پرسیارنامە، وتووێژ، بینین و... تاد هاوڕێ لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی کەرەستە ڕوون دەکرێنەوە.

د: شێوەی کۆکردنەوەی دراوەکان: لەو بەشەدا دەبێ بارودۆخی کۆکردنەوە و هەر کردەوەیەک کە باسی لێ نەکراوە، وەسف بکرێن. بە وردی تاقیمانە، یان چۆنیەتی وتووێژ و... بەکورتی شێوە نوێ و تازەکان و قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە شی دەکرێتەوە.

بەگشتی، ڕادە و بارستایی ئەو بەشە بەنیسبەت هەموو وتار ٢٥ هەتا ٣٠ لەسەد پێکدێنی.

**دۆزراوەکان:**

لەو بەشەی وتاری زانستیدا، سەرەتا ئاماژە بەشێوازەکانی شیکاری و ڕاڤەی دراوەکان دەکرێت. واتا دراوەکان لەسەر بنەمای گریمانە، یان پرسیاری توێژینەوە، شیکاری دەکرێن.

لێرەدا دۆزراوەکان لە قاڵبی خشتە و نوانە نیشان دەدرێن. بەگشتی بارستایی ئەو بەشە ١٥ لە سەدی وتارە.

**باس و لێکدانەوە:**

دۆزراوەکان و ئاکامی وەدەست هاتوو لەگەڵ ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو هاوسەنگ دەکرێن. ئەگەر ئاکامی لێکۆڵینەوە هاوچەشنی زەختی لەسەر دەکرێت و

ئەگەریش جیاوازی نێوان ئاکامی لێکۆڵینەوەی ئێستا و پێشوو هەبوو، هۆکارەکان شی دەکرێنەوە. ئاکامی دۆزراوەکانی وەدەست هاتوو، لێکدەدرێنەوە و شایەدیش لێکۆڵینەوەکانی پێشتر وەک بەڵگە، گرینگی و بایەخی باسەکە پتەوتر دەکەن.

باس و لێکدانەوە، سەرەتا بە گشتی باسێک لە ئاکام و ئەنجام دەست پێدەکا و دەتوانین پێش ئەوەش جارێکی تر، ئامانجی توێژینەوە بەیان بکەین. لەبیرنەکەین کە پێکهاتەی ئەو بەشە لە هەموو بەشەکانی تر هونەریترە و ئاکامی توێژینەوە لێرەدا زەق دەکرێتەوە. ئاکامی توێژینەوە بە زمانی زانستی لەگەڵ تەجرەبە و ئەنجامی توێژینەوەکان لێکدەدرێنەوە، پاشان پێشنیار بۆ چارەسەری مەسەلەکە دەکرێت. بە گشتی ٢٥ هەتا ٣٠ لە سەدی وتارەکە بەخۆوە دەگرێ.

پەراوێزەکان: لەوانەیە لەمەڕ هیندێک چەمک، ڕووداو لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەدا، توێژەر تێبینی بۆ بنووسێ، ئەو جۆرە ڕوونکردنەوانە، مەبەستی توێژەر دێنیتە بەرچاو و جوانتر شی دەکرێنەوە.

**سەرچاوەکان:**

سەرچاوەکان وەک بەڵگە، پلەوپایە دەبەخشنە لێکۆڵینەوە. وێڕای ئاماژە پێ کردنی سەرچاوەکان لە ناو دەق وەک بەڵگە، سەرچاوەکان لە کۆتایی وتارەکەش دەبێ بە ڕیز و بەشێوەی زانستی بنووسرێن. (بۆ وێنە بڕوانە سەرچاوەکانی ئەم وتارە).

**فەرهەنگۆک:**

**بیرئانی: زیکر، گوتران**

**گەڵاڵە: پلان، تەرح**

**دراوە: کۆکراوە، زانیارییەکان**

**چەشن: یەک جۆرە، هاوشێوە، وەک یەک**

**گریانە: بیروڕای نەسەلمێندراو، فەرزییە**

**بارستایی: ئەندازە، قەوارە، حجم (فارسی)**

**ڕاڤە: شیکاری، تەحلیل، تێبینی**

**نوانە: نیشاندەر، دیاگرام، گەڵاڵەی خەتی بۆ دەربڕینی دراوەکان**

**ویری: هزری، نەزەری**


**سەرچاوەکان:**

**١- دلاور، علی (١٣٨٤) روشهای تحقیق در روانشناسی و علوم تربیتی، تهران: انتشارات ویرایش**

**٢- ساکی، رضا (١٣٨٨) سوادپژوهشی معلم، تهران: انتشارات دانش افرین**

**٣- سرمدزهره، بازرگان عباس، حجازی الهه (١٣٨٢) روشهای تحقیق درعلوم رفتاری، تهران: موسسه انتشارات آگاه.**

**٤- نیک سیرت، فریبا (١٣٨٢)راههای امار تحقیقات علمی وتوسعه تجربی، تهران: مرکز تحقیقات سیاست علمی کشور.**



**(*) ماستر لە دەرونزانی-مامۆستای پەروەردە و زانکۆ- شاری شنۆ**

**MiLadshno_2000@yahoo.com :Email**

# نامۆبوونی خود لە بەردەم بووندا

## خوێندنەوەیەک بۆ شیعری (سارده بۆ من ئەم دنیا تازەیە)

ئارام سدیق
(سلێمانی)

### سەرەتا

ئەگەرچی تا ئێستا سیمای دەنگە نوێکانی شیعری نوێی کوردی بەتەواوی دەرنەکەوتووە، بەڵام لەنێو ئەو دەنگە نوێیانەدا هەندێک دەنگ و شاعیری نوێ دەبینین، کە شایستەی لەسەر وەستانن و بەرهەمەکانیان لە ئاستێکی واتایی و ئیستێتیکی تایبەتدان و لە نێو ئەو ماڵە نوێیەی شیعری کوردیدا لە خەمی ئەوەدان، کە شوێنێک بۆ رامانە شیعرییەکانیان بکەنەوە، کە ئەو شوێنەش بۆن و سیمای خۆیانی پێوە بێت.

داستان بەرزان، یەکێک لەو دەنگە نوێیانەی شیعری کوردییە، کە لەنێو ئەو ماڵەدا دەیەوێت پانتاییەک بۆ خۆی داگیر بکات و یەکێکیشە لەو شاعیرانەی وەک شاعیرێکی ئەزموونگەر دەردەکەوێت، ئەمەش لەو سێ کتێبە شیعرییەی کە ئەم شاعیرە لە دوو ساڵی رابردوودا چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە دەبینرێت. لە کتێبی یەکەمدا (تۆم هەبێت) لەرێی سادەکردنەوە و ئاسان دەربڕینەوە هەوڵی ئەوەی داوە فەزایەکی جیاواز بخوڵقێنێت، کە تا رادەیەک جیاواز بێت لەو بارگاوی کردنەی شیعر بە وێنەی تەمومژاوی و بەکارهێنانی وشەی بریقەداری بێ واتا. هەرچی کتێبی (خودێکی پەرتبوو)ە داستان لەم کتێبەشدا و لە ئەزموونێکی جیاوازتردا لەرێی هەناسەی کورتەوە توانیویەتی پەیامی گەورە بگەیەنێت بە جۆرێک هەوڵی چڕکردنەوەی زمانی داوە تا لەرێی تەنیا چەند رستەیەکەوە روانینێکی کورت و چڕ لەسەر چەمکەکان بخاتە بەرباس و ئەو لەو رستە کورتەدا لە چەمکەکانی وەک بوون، مەرگ، عەشق و ژیان دواوە، هەروەها لە کتێبی (بووم بەژێر رۆژە خێراکانی مۆدێرنەوە)دا زیاتر لەوانی پێشوو داستان هەوڵی مانیفێستکردنی بیری شیعریی خۆی دەدات و دەیەوێت لەم کتێبەوە ناسنامەی

شـیـعـری خـۆی بەیان بکات و بە خـوێنەر بڵـێت منی ڕاسـتـەقـینە لەم کـتـێـبـەدا بدۆزەرەوە، هەر بۆیە ئەو دوو کـتێبەی سـەرەتای شاعـیر کـە لە پێشەوە ناومـان بردن زیاتر وەک مەشقکردن دێن بۆ گەیشتن بەم جۆرە لە شیعر کـە لامـوایە تایبـەتمەندی بە هەوڵەکانی بەخشـیـوە. هەر لێرەدا ئەوەی پێویسـتـە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە، کە لە تێکسـتـەکانی پاش ئەم کـتێبەشەوە بەهەمـان شێوە ئەم شاعیرە لە کارکردنە لەنێو پەرەپێدان و چەسپاندنی ئەو ناسنامـە شیـعرییە، کـە لە کـتـێبی سێـیـەمـدا ڕەنگرێژی کردووە.

ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی دەقی (سارده بۆ من ئەم دنیـا تازەیە) کـە لە ژمـاره (٨٥١) ی ئەدەب و هونەری کـوردسـتـانی نوێ دا بڵاوبووەتەوە و دەخـوازین لەسـەر چەند بەشێکی ئەم تێکسـتـە بوەستین و ڕامـانی خۆمان بخەینەڕوو.

## زمان لای داستان بەرزان

زمـان کـەرەسـتـەی بنەڕەتی شـیـعـرە و بەبێ زمـانێکی تۆکمە و جیاواز ناتوانرێت شیعرێکی نەمر و چێژبەخش بەرهەم بهێنرێت. شیعر هونەرێکە کەرەستەکەی زمانە. مـالارمـێی شاعـیر لەو کـەسانەیە کـە بەبایەخەوە زمـانی بەکـار بردووە و هاوکـات باسـیـشی کـردووە ئەو دەڵێت: شاعیر بۆ ئەوەی وێنە و وێناکردن و جیهانبینی و داهێنان ئامادە بکات پێویستی بە زمانە و بابەتی سەرەکی ئەو هەر زمـانـە، هەروەها لای وا بووە، کـە تاکـە پیـتـێـک دەتوانێ کـاری ئەدەبی سـەرکـەوتـوو دروست بکـات، یان بیشێوێنێ، بۆیە دەڵێت: کـتێبێک درێژکراوەی پیتێکە. ڕەنگە ئەم بۆچوونانەی مالارمێ کەمێک زیادەڕەوی تێدا بێت، بەڵام کـۆی ئەم بۆچوونانە ئەوە دەسـەلمێنن زمـان گرنگییەکی تایبەتی بۆ نووسەر هەیە و فەرامۆشکردنی زمان، فەرامۆشکردنی بنیادی تێکستە.

بەشـێـک لە لێکۆڵەرەوان باس لەوە دەکـەن، کـە ناتوانرێت زمـانێکی تایبەتی شیعری پێشنیـار بکرێت، چونکە (ڕێزمـانێکی شیـعری بوونی نییـە وەک ڕێزمانی مۆسیقا)، بەڵکو ئەوە زمانی قسەکردنی ئۆتۆماتیکە و شـاعـیـر بە ناوەندی بە شـیـعـربووندا دەیگوێزێتـەوە و بەرهەمەکەی دەبێتە شیعر، ئەم دیاردەیەش لە زماندا پێی دەوترێت شـیـعـرییـەت. ڕۆمـان یاکـۆبسـۆنی لێکۆڵەری زمـانەوانی ڕووسی لای وایە شـیـعـرییـەت لێکۆڵینەوەیە



داستان بارزان

لەو هەلومـەرجانەی کە زمـان دەخەنە ئەرکی ئەدەبییـەوە، هەروەها بەشێک لە لێکۆڵەرەوانیش دەڵێن: شیـعرییـەت کـۆی ئەو ڕێوشـوێنە زمـانیـانەیە، کـە زمـانی ئاخـاوتنی ئاسایی بەرەو زمـانی شیعریی دەبات و پەیامی قسەیی دەگـۆڕێت بۆ شـیـعـر. بەپێی ئەم بۆچوونانەی سـەرەوە بەکـاربردنی زمان لە شیـعردا جیـاوازە لە تێکسـتی تر و هاوکـات لە زمـانی قسـەکـردنیش، بۆیە دەکرێت بڵێین. ئەوە زمـانێکی تایبـەتمەندە، کە شیـعر بەرهەم دەهێنێت، نەک زمانی قسەکردن و ئاسایی.

یەکـێک لەو شـتـانەی ئەزمـوونی شـیـعـری "داسـتـان بەرزان"ی پێ دەناسرێتەوە زمانە. زمان لای ئەم شاعیرە لە دۆخـێکی جیـوەیی هەڵواسـراودایە. بەشـێـوەیـەک نە زمـانێکی تەواو ڕەمـزییـە، نە زمـانێکیـشـە لە ڕەمـز دامـاڵرابێت، واتە بەپێـچـەوانەی بەشـێک لە هاوسـەردەمەکـانییـەوە، کـە تەنیا دەتوانن بە زمـانێکی ڕۆژانە، یان مـیللی بنووسن وەک ئاریان ئەبوبەکـر، یان بەپێچەوانەی ئەوانەشەوەیە، کە زمانێکی تەواو ڕەمزی و چڕ بەکار دەبەن بۆ وێناکردن وەک پشتیوان عەلی، بەڵکو داسـتـان لەم نێـوانەدا زمـانێکی نوێی چێ کـردووە، کـە زمانێکە لەنێوان ئەم دوو جۆرەی زماندا و دەتوانین بڵێین جۆرێکی ترە لە زمانی شیعری. جۆرێک کە سوودمەندە لە کـەرەسـتـەی زمـانی قـسـەکـردنی ڕۆژانە و خـوێنەر بەر

دەربڕینی سادە و ڕۆژانە دەکەوێت، بەڵام لە هەمان کاتدا بەشێک لەم دەربڕینە ڕۆژانەییانە وەک ڕەمز بەکار براون و دەکرێت دیوی تریان لێوە بدۆزرێتەوە.

لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم جۆرەی تری زمان لای ئەم شاعیرە دەکەوینە بەردەم دیاردەی بە دەقکردن، کە لای جۆلیا کرستیڤا یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دەق، کە شوێنی دەقێکی پێش خۆی، یان هاوچەرخی پێدەگرێتەوە. من ئەم گوزارشتەی کرستیڤا بۆ بەکاربردنی زمان لای داستان بارزان بەرکار دەبەم و لام وایە ئەم زمانەی بەکاری دەبات، کە زمانێکە تێکەڵێکە لە زمانی قسەکردنی ئاسایی و زمانی ڕەمزی و جۆرێک لە بەدەقکردنی بەرهەمهێناوە و هەر ئەم داوی بە دەقکردنەشە، کە هارمۆنییەت بە وشەکان دەبەخشێت و هەر لەویشەوەیە، کە شیعرییەت بەرهەم دێت.

## نامۆبوون لە بەردەم بووندا

یەکێک لە سیما دیارەکانی شیعری نەوەی نوێ کارکردنە لەسەر نامۆبوون، بە جۆرێک کەم لەو شاعیرە نوێیانە دەبینینەوە، کە هەستی نامۆیی لە دەقەکانیدا دەرنەخستبێت، نامۆییەک، کە پێشووتر هەستی پێ نەکراوە و جۆرێک لە نامۆییە، کە لە هەناوی دنیای نوێوە لە دایکبووە، یان دروستتر بڵێین، کە ئەو نامۆییانە لە هەناوی دنیای نوێوە هاتوونەتە دەرێ.

داستان بەرزان لەو شاعیرانەیە، کە لە چەندین دەقدا هەستی نامۆیی خۆی بەیان کردووە و بە شێوەی جۆراوجۆر، ئەم گوزارشتی نامۆییەی دەربڕیوە. ئەم نامۆبوونەی خود لە تێکستەکانی پێشووتریدا لە کتێبی (بووم بەژێر ڕۆژە خێراکانی مۆدێرنەوە) و لە هەردوو تێکستی لە (هیچەوە بۆ هیچ و بڕیار نەبوو وەها بژیم)دا ڕەنگی داوەتەوە. بە جۆرێک لە تێکستی یەکەمیاندا بەم دەستپێکەوە دەست بە شیعرەکە دەکات:

**سەرم بە هیچەوە قاڵە**
**بە هیچدا ڕاناگەم**
**هیچم دیار نییە**

پووچبوونەوەی هەموو شتێک، یان سفربوونەوەی، یەکێکە لە دیارکەوتەکانی نامۆبوونی خود و لەو نامۆبوونەوە نامۆبوونێکی گەورەتر لە دایک دەبێت، کە نامۆبوونە بە دەوروبەر. واتە سەرەتا خود بە خۆی نامۆ دەبێت، پاشان بە دەوروبەر و لێرەشەوە نامۆبوونی گەورەتر سەرهەڵدەدات، کە نامۆبوونە بە بوون و هەموو ژیان، هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی لە دایکبوونی پووچی.

لەم دەقە نوێیەی داستان بارزاندا (سارده بۆ من ئەم دنیا تازەیە) کە لەڕێی وشەی (سارد)ەوە دەیەوێت گوزارشت لەو نامۆبوونەی خۆی بکات بە خود، پاشان بە دەوروبەر و هاوکاتیش بە تەواوی بوون. شاعیر لە دەستپێکی شیعرەکەدا دەنووسێت:

**ئەم سەرما نامۆیە**
**ڕۆژانە دەمسمێت و**
**دەڕوات تا قوڵاییم.**

ئینسانی نوێ تاڕادەیەک نامۆیە بە زۆرێک لە دەرکەوتە نوێکانی دنیای ئەمڕۆ، بۆیە هەست بە نامۆبوون دەکات و لە بەرکەوتنی ڕۆژانەیدا هەست بەوە دەکات سات دوای سات ژیان لەبری ئەوەی بەرەو خۆشگوزەرانی بڕوات، بەرەو خەرەند هەنگاو دەهاوێت. شاعیر ئەم نامۆییە تەنیا لە شتەکانی دەوروبەردا نابینێتەوە، بەڵکو ئەوە دەخاتەڕوو، کە کاریگەریی لەسەر بوونی هەیە، ئەمەش لەو ڕستەیەدا چڕ دەکاتەوە، کە دەڵێت: (هەڵدەلەرزم لەبەردەم بووندا)، ئەم ڕستەیە تەواو ئەو قسەیەی پێشووتر دەسەلمێنێت، کە شاعیر لەم چەند ڕستەیەدا مەبەستی پیشاندانی وێنەی خودێکی نامۆ بووە لە فۆرمێکی جیاوازدا، کە جیاوازە لە نامۆبوونی خود بەرانبەر دەوروبەر، بەڵکو ئەمە نامۆبوونە لەبەردەم بووندا.

## زەمەنە لە یەکچووەکان

یەکێکی تر لەو شتانە، کە داستان بارزان لەم دەقەدا جەختی لەسەر کردووەتەوە لێکچوونی زەمەنییە. دیسان لێرەشەوە دەکرێت پرسیار بکرێت چی ئەم لێکچوونەی دروست کردووە؟ یان کێ هەستی بەم لێکچوونە کردووە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دیسان دەگەڕێینەوە بۆ لای ئەو خودە نامۆیەی لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد. ئەو خودە نامۆیە، کە لە پرۆسەی نامۆبوون بەردەوام دەبێت لە ژیان و بوونیدا. هەست بە دووبارەبوونەوە و لێکچوونی هەموو شتەکان دەکات. بە جۆرێک هەست بەوە دەکات، کە ساڵەکان لە یەکدەچن و شتەکان هەموو دووبارەن و هیچ شتێکی نوێ لە ژیاندا نەماوە، ئەگەرچی بەردەوام بەر شتی نوێش بکەوێت، بەڵام ئەو هەستەی هەیە، کە هیچ شتێک لە گەردووندا نەماوە چارەسەری ئەو برینە نوێیانە بکات، کە لە بوونی ئەم تاکەدا هەیە. برینگەلێک، کە لە

هەناوی ئەم دنیا مۆدێرنەوە لەدایک دەبن. با سەرنج لەم ڕستەیە بدەین: ساڵی ٢٠٠٣ لە شاشەدا لە ساڵی ٢٠٠٧ دەچێت.

ئەگەرچی ئەم ڕستەیە لە ڕووکەشدا سادە دێتە بەرچاو، بەڵام شاعیر بەمەبەست دوو زەمەنی هێناوە و لای وایە هەر لە یەک دەچن. ئەم دوو زەمەنە، دوو زەمەنی جیاوازن، زەمەنی یەکەمیان زەمەنی کەوتنی دیکتاتۆرە و زەمەنی دووەمیشیان زەمەنی هاتنی جێگرەوەی دیکتاتۆرە، بۆیە دەکرێت ئەوە لەم ڕستەیەدا بخوێنینەوە، ئەگەرچی لە زەمەنی یەکەمدا دەسەڵاتێک ڕووخا، بەڵام لە زەمەنی دووەمدا کە ٢٠٠٧ دەسەڵاتێکی تر شوێنی ئەو دەسەڵاتەی پێشووی گرتەوە، کەچی لەنێو شاشەدا هیچ گۆڕانێک ڕووی نەداوە. وشەی (شاشە) لە بەینی ئەم دوو ساڵە بەکارهاتووەی نێو شیعرەکەدا وەزیفەکەی تەنیا لەوەدایە، کە مرۆڤی مۆدێرن کەمتر بەر شتەکان دەکەوێت و زیاتر لەشاشەوە هەست بە بوون و گۆڕانی شتەکان دەکات.

دەکرێت لێرەوە دیسان ئەمە بە نامۆبوونی تاکەوە ببەستینەوە بە جۆرێک، کە تاک کاتێک هەموو زەمەنەکان و ساڵەکان وەک یەک ببینێت و تاکەکان وەک یەک حکومڕانی بکەن و شاشەکانی تی ڤی تەنیا سیما درۆزنەکان بگۆڕێت، دیسان نامۆبوونی تاک لەنێو زەمەندا ڕق لێبوونەوەی تاک لە زەمەن دەست پێدەکات. با سەرنج لەم پارچەیەی تریش بدەین:

**دەستم بگرە**
**سەرما هەلا هەلای کردووم**
**کەسێک دەڕوات وێنە بەستووەکانی ناو سەری**
**دەکەونە سەر زەوی**
**ورد دەبن**
**ڕەنگە ئەو کەسە من بم**

ئاماژەدان بە وێنە، دیسان دەمانبەستێتەوە بە زەمەنەوە، چونکە هەموو وێنەیەک لە دایکبووی زەمەنێکە، یان دروستتر بڵێم زەمەنێکی لە هەناویدا هەڵگرتووە، بەڵام کاتێک وێنەکان ورد دەبن، دەکرێت ئەمە نیشانە بێت بۆ دووبارەبوونەوەی ئەو وێنانانە، هەر بۆیە ورد دەبن، یان ئەو خودە نامۆیە ئەوەندەی وێنەی دیتووە ئیدی لەنێو کەللەی ئەو تاکەدا جێگەی وێنەی تر نابێتەوە، بۆیە لەنێو ئەم زەمەنە نوێیەدا ورد دەبن.

## مۆدێرنە و ئاوابوونی بەهاکان

شاعیرانی نەوەی نوێ زیاتر لە شاعیرانی نەوەکانی پێشووتر کاریگەرن بە مۆدێرنە و دەرکەوتەکانی ئەم دنیا تازەیە، چونکە ڕاستەوخۆ سەروکاریان لەگەڵیدا هەیە و ڕۆژانە بەری دەکەون و زۆرجار ناچارن بەکاری بهێنن، ئەگەرچی دنیای مۆدێرن خاوەنی زۆر تایبەتمەندی باش و زۆر ئاسانکاریی نوێیە، کە لە هیچ سەردەم و کاتێکدا مرۆڤایەتی بەخۆیەوە نەیبینیوە، بەڵام هیچ کاتێک هێندەی ئێستا تاکەکانی نێو کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان هەستیان بە نائارامی نەکردووە. بە جۆرێک مەترسییەکانی چەکی کۆکوژ و ئەتۆم کارێکی کردووە، کە زۆرجار مەترسی لەسەر تەواوی مرۆڤایەتی هەبێت، هەر بۆیە بیرکردنەوە لە چەکی کۆکوژ و ئەتۆم زۆرجار تەواوی بەدەستهاتووەکانی دنیای مۆدێرن دەخاتە ژێر پرسیارەوە، یان لە بەهایان کەم دەکاتەوە. داستان بارزان لەو شاعیرانەیە، کە مۆدێرنە و دەرکەوتەکانی بە شێوەی جۆراوجۆر لە شیعرەکانیدا ڕەنگدانەوەیان هەیە. ئەم شاعیرە لە دەقی (بووم بەژێر ڕۆژە خێراکانی مۆدێرنەوە) بە شێوەیەکی ورد کاریگەریی دەرکەوتەکانی دنیای مۆدێرنی خستووەتەڕوو و تارادەیەکی زۆریش وەک دەرکەوتی نامرۆیی وێنای کردوون. لەنێو کۆپلەی شیعرەکەدا و زوو زوو ئەوە بە گوێی خوێنەردا دەدات، کە لەم جەنجاڵییەدا ئومێدی بە جیهان نەماوە.

نائومێدبوون لە جیهان دیسان دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو نائومێدییە قووڵەی داستان بەرزان کە لە دەقەکانیدا بەشێوەی جۆراوجۆر و بە بەردەوام کاری لەسەر دەکات، کە نائومێدییەکە تەواوی سووچ و قوژبن و پنتە جۆراوجۆرەکانی بوونی تاکی مۆدێرنی گرتووەتەوە، هەر بۆیە تاک سات دوای سات نائومێدتر دەبێت.

لەم دەقەشدا داستان بارزان دیسان بۆ لای دەرکەوتێکی تری دنیای مۆدێرن دەگەڕێتەوە، کە لە (شاشە)ی تی ڤییەکانە و پیشاندانی جیهانە لەڕێی شاشەوە. کورتکردنەوەی جیهانە لە شاشەدا. با سەرنج لەم چەند ڕستەیەی شیعرەکە بدەین:

**مرۆڤی ناو شاشە ساردن**
**شیعری ناو شاشە ساردن**
**عەشق لە ناو شاشەدا ساردە**
**هەڵەبجە لە ناو شاشەدا ساردە**
**ئەنفال لە ناو شاشەدا ساردە**

**گوللەباران و سێدارە لە شاشەدا ساردن**
**خاپووربوونی گوندەکان و شکانی دڵ لە شاشەدا ساردن**
**ساڵی ١٩٧٤ لە شاشەدا ساردە**

دەمەوێت لێرەدا کەمێک لەسەر وشەی (سارد) و بەکارهێنانەکانی بوەستم. ئەم وشەیە لێرەدا بەمانای بێ ڕوح، یان نەبوونی هەستکردن بە گەرمی و کاریگەری ڕاستەقینەی ڕووداوەکان. وشەکە لە بنەڕەتدا وەزیفەی خۆی لە دەست داوە و وەزیفەیەکی تری خراوەتە سەرشان، کە بەلای منەوە ئەمە یەکێکە لە جوانییەکانی ئەم شیعرە.

لە مۆدێرنەدا هەموو شت لە شاشەکانەوە دەبینرێت، بەڵام شاشەکان تەنیا دەتوانن ڕووکەشی شتەکان بگوێزنەوە و دیمەنە گەرم و دڵبزوێنەکان دەکەنە دیمەنی ئاسایی، بە جۆرێک، کە کردەی کوشتن ئاسایی دەبینرێت و خاپووربوونی گوندەکان و ئەنفال و هەڵەبجەش لە شاشەدا بەبێ ڕوحی دەبینرێت، یان دیوێکی تری شاشە ئەوەیە فوو دەکاتە شتی بچووک و لە ماناو بوونی ڕاستەقینەی خۆی دایدەماڵێت. شاشە یەکێکە لەو دەرکەوتە گرنگانەی دنیای مۆدێرن، کە ڕۆڵ و کاریگەرییەکی زۆری لە دنیای تازەدا هەیە و هاوکات کاریگەرییەکی زۆربشی لەسەر بیرکردنەوە و ئاراستەکردنی تاک هەیە، بەڵام شاشەکان بوونەتە شوێنی بێ بەهاکردن و پیشاندانی ڕووی ساختەی شتەکان، بۆیە شاشە وەک یەکێک لە دەرکەوتەکانی دنیای مۆدێرن ئەوەندەی لە هەوڵی بێ بەهاکردنی ڕووداوەکان و شتەکاندا بووە، نیو ئەوەندە نەیتوانیوە خزمەت بە دۆزی نەتەوە چەوساوەکان و هاوکات بووژانەوەی لایەنی ڕوحی ئینسانەکان بکات، بۆیە لای ئەم شاعیرە بینینی دنیا لە شاشەوە سارد و بێ ڕوحە و بینینێکی ڕتووشکراوە.

**بەر لە کۆتایی**

بەر لەوەی دواخاڵ بۆ ئەم نووسینە دابنێم، پێم باشە لە چەند خاڵێکدا سەرنجەکانم چڕ بکەمەوە:

١-یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی شیعری نەوەی نوێی کوردی بەرکەوتنی ئەم نەوەیەیە لەگەڵ مۆدێرنە و هاوکات دەرکەوتنی کاریگەرییەکانی مۆدێرنەیە لە شیعریی ئەم نەوەیەدا. بە جۆرێک کاریگەریی مۆدێرنە بەتەواوی لە شیعری زۆرێک لەو نەوە نوێیەدا دەبینینەوە و قسەکردن لە بەرکەوتنەکانی و کاریگەریی لەسەر تاک بە ڕوونی هەستی پێ دەکەین.

٢-تایبەتمەندییەکی تری ئەزموونی شیعریی داستان بارزان دۆزینەوەی زمانێکی تایبەتمەندە بۆ خۆی کە دەتوانین وەک تێکەڵێک لە زمانی ڕۆژانەیی و زمانی ڕەمزی ناوی بەرین بە جۆرێک ئەمە تاڕادەیەک وەک ناسنامەی شیعریی ئەم شاعیرە دەردەکەوێت.

٣- شاعیر لەم شیعرە و لە بەشێک لە شیعرەکانی تریشیدا هەوڵی پیشاندانی وێنەی خودێکی نامۆی داوە لە فۆرمێکی جیاوازدا، کە جیاوازە لە نامۆبوونی خود بەرانبەر دەوروبەر، بەڵکو ئەوەی ئەم شاعیرە ویستوویەتی کاری لەسەر بکات نامۆبوونە لەبەردەم بووندا، کە ئەمە دەتوانین وەک جۆرێک لە نووسینەوەی عەبەسیەت تەماشای بکەین.

٤- لیۆ شتراوی دەڵێت شاعیر ڕەهەندێکی تازە بە گوزارشتە تازە زمانییەکان دەبەخشێت. داستان بەرزان لەم دەقەدا بۆ گوزارشتکردن لەم دنیا نوێیە هەوڵی داوە ڕێگەی ڕەهەندی نوێ بۆ گوزارشت کردن بدۆزێتەوە، هەر بۆیە موفرەدەکانی نێو دەقەکە زیاتر لە ڕاڤەکردنێک لە خۆیاندا هەڵدەگرن.

**ئەو سەرچاوانەی سوودی لێوەرگیراوە:**

*** بۆ خوێندنەوەی تەواوی شیعرەکە بڕوانە داستان بەرزان (ساردە بۆ من ئەم دنیا تازەیە) کە لە ژمارە (٨٥١) ی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، کە لە کۆتایی ٢٠١٣دا بڵاوبووەتەوە.**

*** هەروەها بڕوانە: دیود دیچر، شیوەهای نقد ادبی، ترجمە: محمد تقی صدقیانی و د. غلامحسین یوسفی، انتشارات علمی چاپ ششم ١٣٨٨.**

*** هەروەها بڕوانە د. ئازاد ئەحمەد مەحموود، بونیادی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردییدا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپی دووەم ٢٠١٢.**

*** محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم ٢٠١٢.**

# شامی کرماشانی

سەلاح نیساری
(بۆکان)

لەو ڕۆژەوە مرۆڤ و سروشت ئاوێتەی یەکدی بوون، بێجگە لەوەی مرۆڤ بەهرەیەکی زۆری لە سروشت وەرگرتووە، زۆریش بەدەست سروشتەوە چەوساوەتەوە و ئازاری دیتووە. مرۆڤ بۆ مانەوەی خۆی بە هەموو شێوازێک لەتەک ئەو دیاردە ڕوح تەزێنەدا بەربەرەکانێی کردووە و لەبەرانبەریدا ڕاوەستاوە. یەکێ لەو دیاردە سروشتییانە بێچاوی، یان کوێرییە کە ئینسان هەمیشە پێوەی نالآندوویەتی؛ زۆربەی ئەو کەسانەی لە بینایی بێ بەش بوون، جا کوێر بوونەکە زگماک بووبێت، یان بە بۆنەی نەخۆشی و هاوڵە و جۆری ئازارەکانەوە بووبێت، ئەوکاتە ئەگەر لەو نیعمەت و بەهرە یەزدانییە بێ بەش بوون بە لایەکی دیکەدا مرخیان وەکار کەوتووە و جەوهەری هونەری خۆیان دەرخستووە، تەنانەت زۆرجار لەچاو چاوساغەکان بەهرەمەندتر بوون. جا ئەگەر ئەو کەسانە خاوەنی هەر چەشنە بەهرەیەک بووبێتن، وەک دەنگخۆشی، حافزی قورئان، شاعیر و...، بەڵام لە دنیای سەرمایەدا، مرۆڤ تا هێزی کارکردنی لەبەردا هەبێ، لەلای پارەپەرستان نرخی هەیە، ئەگەر توانایی نەما، وەک ئامێرێکی لە کارکەوتوو سەیری دەکەن؛ ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییەش ئەم هەستیارە دەگرێتەوە وا لەو دەقەدا باسی دەکرێت.

یەکێ لەو کەسانەی لەم هەوارەدا بەرامەی خەونەکانی هەڵدەمژین و گەشتێک بەنێو گوڵجاڕی شیعرەکانیدا دەکەین کەسێک نییە، بێجگە لە کوردێکی هەناسەساردی بەش مەینەتی شاری دێرین و کەونارای کوردستان، کرماشانی کوردنشین و پێتەختی خەسرەو پەروێزی ساسانی، شامی کرماشانی.

شامی بە دانیشتن و ئاخ هەڵکێشان، ماندوویی و

ئازار لە دڵی دەرناچێت، هەر بۆیە پرێسکەی دڵی بۆ خوێنەر و بیسەری شیعرەکانی دەکاتەوە. شاعیر؛ سەرەڕای کوێری و ژیانی تەژی لە تاریکەسەلاتی، هەروەک خۆی دەڵێ، بۆ ئەوەی لەسەر ئەو خاکە دەژی دەشێت لە ڕۆژدا وەک کرێچییەک کرێی ئەو بستە خاکە بدات وا لەسەری دانیشتووە! شامی شیعری «کرێنشینی» شیعری دڵداریەتی، شیعری ئەوینداری و سەیر و سەفەریەتی لە ژیانی کولەمەرگی و بەش مەینەتیدا. شیعری تاسە و حەز و هیوایەتی، شیعری ژیانیەتی. ئەو ژیانەی هەر ساتێکی مردنێکە و هەر مردنەی گۆڕەوشارێکە. گۆڕەوشاری کرێنشینی، کرێچێتی، وەئامان هاتن بە دەست ساحێومالی کەشیدەزەردی هەژار کوژەوە، خاوەن ماڵی چاونەزیری تێر نەخۆرە، دەمێک خاوەن ماڵ و تاوێک گزیر و کوێخا، هەر جارەی فەرمانێکی پێ دەدەن و هەرساتەی ئەمرێکی بەسەردا دەکەن، وەک دەرگاوانێک لە پشت دەرگاوە ڕایدەگرن و دەروازەی حەوشە و حەساری پێ دەکەنەوە، ئەوە گومانی تێدا نییە، ئاوەز قەتیسان بە مردوویی لەدایک دەبن، بۆیە هەست بە ئازاری ئەم و ئەو ناکەن.

با لێرەدا سەربکەین بە کووچە تەنگ و تاریکەکانی کرماشاندا و لە حەساری جەنابی حاجی ورد ببینەوە و بە دەروازەی چل مێردەدا وەژوور بکەوین و لە ژێخانێکی تاریک و شێداردا بچینە سەر بەڕەشڕەکەی شامی کرماشانی و بە ناخی دڵەدەوڵەمەندەکەیدا شۆڕ بینەوە و بۆ چەند خولەکیش بێت خۆ لەقەرەی ئەو ژیانە بدەین شامی تێیدایە، کەوایە دەبێ بڵێم:

شاعیرەکە، تۆ کە شەش دەری بەختت لێ گیراوە، چی لەدڵتدایە بیدرکێنە، نەکا ئەو پەنگاوە بتەقێ و خۆشت ڕامالێت.


کرێنشینی و کۆپلەی ژمارە یەک:

**کام دەرد عەلاج کەم کام پارەپینە**
**سەنگ کام ستەم بدەموە سینە**
**نیمی لە مللەت کرانشینە**
**بەسکە کراداس بیچارە بینە**
**بەعزی دە پلاک کرایەسینی**
**چە بکەم لە دەس کرانشینی**
**داد وە هەرکەس بەم، حەقم نیەسینی**

سروشت بەشێکی ژیانی کپ کردووە و لە شەو و ڕۆژیدا بیست و چوار سەعاتەی هەناسەدانی لە تاریکەسەلاتی ژیان کوژیدا هەنگاوی کوێرانە دەنێت. سەرەڕای ئەمانەش زەخت و زۆری ژیان و دەردی بێ دەرمانی و ستەمی چەوسێنەران و تەوس و توانجی خاوەن ماڵ، وەک پێلەقەی خونکاران نوقمی عەرزی دەکات. شامی بەو حاڵەشەوە ناوەستێ و دەڵێ: ئەوە هەر من نیم و نیوەی ئەو خەڵکە لە ژیانی کولەمەرگیدا دەژین و لەژێر کوخی کرێچێتیدا شەو و ڕۆژ دەکەنەوە. سا هاوار و ناڵەی حەواڵەی بەرۆکی گەردوون دەکات و دەڵێ کرێی سەری مانگ لەکوێ بێنم؟ لە کاتێکدا منیش هەر وەک ئەو خەڵکە ئینسانم و تەنیا ژوورێک شک نابەم، بەڵام زۆر کەس بەدەیان ماڵی کرێیان هەیە:

**چ بکەم لەدەس کرێ نشینی**
**داد بۆ هەرکەس بەرم حەقم ناستێنێ**

شامی ئەگەرچی شانی داوەتە بەر باری گرانی بێ چاوی و بە کوێری شاهیدی ئازار چینی مرۆی سەردەمی خۆیەتی و ناتوانێ بە چاوی بیناوە ئاگاداری دنیای پڕ لە زوڵم و زۆر و درۆ و تەڵەکەبازی و چاوبەستی ئەو خەڵکە بێت، بە چاوی کوێر و بە زمانی پڕ لە هەست و



ئیحساسەوە باسی گۆڕەوشاری ژیان و مەسەب و ئایینی دەکات و دەڵێ: ئەگەر دوعاتان گیرایە، بۆم وەپاڕێن، بەڵکو پەری مردن بەربینم بگرێت و چیدی ئازار نەبینم. لە کۆپلەی ژمارە دوودا بەم چەشنە دەپەیڤێت:

**بەندە یەی نەفەر کرانشینم**
**چو عەزیز مردی دایم غەمینم**
**نە خارج مەزەب نە جوداس دینم**
**ئەر دوعات گیراس، بەکەر نفرینم**
**شایەد لەی دونیا دیتر نەمینم**
**ڕاحەت بووم لەدەس کرانشینی**
**چە بکەم لەدەس کرانشینی**
**داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی**

مرۆڤی خاوەن عیزەت و فام، شامی کرماشانی بەو حاڵەشەوە چاوەڕوانی ئەوتۆی لەکەس نییە و نایەوێت سەربار بژی و نانی منەت بنێتە دەمی و بەر منەتی کەس بێت. لە کۆپلەی ژمارە سێدا، دەڵێ: ئەگەر دەتەوێ بزانی حاڵی سەگ لە ژیانی من باشترە، شەو و ڕۆژ هەڵتەک هەڵتەک بە شوێن پاروەنانێکدا دێم و دەچم و هەوڵ و تەقەللامە بۆ ئەوەی سەری مانگ کرێ ماڵ بدەم و خانەخوێ منەتم بەسەردا نەکات.

لە کۆپلە شیعری ژمارە چواردا شامی بەتەنیا هەر دەردی کرێچێتی ناخی ناکوڵێت و دەمێک دەرکەوانە و ژنەکەشی دەشێت خەریکی پاک و خاوێنی ماڵ بێت و لە وەرزی زستاندا بەفری حەوشە و کۆڵان خاوێن بکاتەوە، لە شایی و شیندا وەک سەماوەری لەکوڵ ئامادەبێت و لەبەردەم خاوەن ماڵدا دەستە و نەزەر ڕاوەستێ و ئەمر و فەرمانی ئاغا و ئاغاژن بەجێ بێنێت. هێشتا وەک هەتیوی باوک مردوو بەسەریدا دەدەن و پێی دەڵێن بۆچی گۆشتی خراپت بۆ کڕیوین؟

بەربنان وتوویانە خوا ئەگەر ماڵی دا، کەماڵیش بدات! بەڵام خانە خوێکەی تەنیا ماڵی هەیە و لە کەماڵ بێ بەشە. لە کۆپلەی پێنج و شەشدا، بەم چەشنە سکاڵی ژێر خۆڵەمێش کەوتووی دەگەشێتەوە:

**یەی هەفتە مینیت مانگ بچووده سەر**
**ژن ساحێوماڵ دەس نیەدە کەمەر**
**وە ژست تەمام تیەدە پشت دەر**
**لە وەرپای ئەڵسم چو ئاغا و نەوکەر**
**وەژنم ئووشم: دەم کەر سەماوەر**
**خوەم دەوم ئەڕای میوە و شیرینی**
**چە بکەم لە دەس کرانشینی**
**داد وە هەرکەس بەم حەقم نیەسینی**

یان لە کۆپلەی شەشدا باسی منداڵی خاوەن ماڵ دەکات هەر دەڵێی لە شەیتان کەوتۆتەوە و ڕۆژتاکی ئێوارە قۆچەقانی بەدەست، تەق لە شووشە و پەنجەرە و قۆری و سەماوەر و سمێڵی جافرخان و دواتر کەللەی شامی کوێر و کوتر دەکاتە نیشانە، کەسیش غیرەتی نییە بڵێ جوانەمەرگ سەرمان دەشکێنی.

ئەوەیە ژانری ئەدەبی و ڕەهەندەکانی شیعری، چما ئەم ڕۆژی باشاعیرانی نوێخوازی چاخی ئەتۆم و وێژمان بەم چەشنە دەرد و ئازاری خۆیان و گەلەکەیان لەقاو بدەن بەدەست دەیان خاوەن ماڵی ژیان کوژەوە. دێینەوە سەر دڕکەجارەکەی ژیانی شامی و دەکەوینە ڕاڤەی ئەو شیعرانەی کەوا بزە دەخاتە سەر لێو و کزە لە جەرگ هەڵدەستێنێت!

لە شیعری ژمارە حەوتدا شامی باسی سەروەت و سامانی خۆی دەکات و ئەوەی هەیەتی دەیکاتە کەرستە و لەچینی دیواری شیعرەکانی دەدا: چوار کچ و کوڕێکی تاقانەی هەیە و دوو پەتوو لەگەڵ دوو پێخەفی شڕ لە لێفەکەی مامۆستا قانع خەراپتر. دوو بالیفە ئەوانیش بە قرخم و بزگوری مقەست بڕ پڕکراون، دەڵێ وەختێ سەری دەکەیتەسەر وەک ئەوە وایە سەر بکەیتە سەر سندە و دار و بەرد. لە قاپ و قازاخیش چەند جام و بایەی ڕوح و کەشەفێک شک دەبات.

شامی لە کۆپلەی ژمارە هەشت، بۆ بزەی سەر لێو باڵای شیعرەکەی بە گوڵوشەی تەنز دەڕازێنێتەوە و دەڵێ: ئەو حەسارەی خاوەن ماڵ کرێچی تێدا کۆکردۆتەوە، پتر لە پەنجاو چوار کەسی تێدایە، یەکێ کەڵەگەت، یەک کورتەباڵا، بێکار و کاردار، بەیانی وەختێ لەخەو هەڵدەستن هەر دەڵێی شارەمێرووە دێنە دەرێ و دەچنەوە ژوورێ، تەنانەت بۆ چوونە سەر ئاودەستیش نزیکەی حەڤدە مەسینە و ئافتاوە ڕیزکراوە و ئەگەر دەتەوێ نۆرەت بەرکەوێ، دەبێ بلیت وەربگری.

یان لە شیعری نۆ و دە دا باس لەوە دەکات، بەشەو و ڕۆژ هەر جیڕەی کرانەوەی دەرگای حەسارەکەیە و دەم داپچڕینی وەک گەزارەکێشانی ساحێوماڵ، یەک دێتە ژوورێ دوو دەچێتە دەر، خۆی دەڵێ ئەمە حاڵ نییە منی

تێدام! ئەمە حاڵی سەگە، شانس و ئیقباڵم خەراپتر لە بەختی شەگ، لە ساڵی سەگدا هاتمە سەر دنیا، شەو تا بەیانی لە بەر چەق و لووری سەگ خەو نەچۆتە چاوم، هێشتا دەڵێم سەت شکور بەحاڵی سەگ.

مرۆڤ کە ژیانی ئاوێتە بوو دەستوور و ئەمر لەسەر کردن و ئازار جەرگی کون کون کرد، کەوتە بەر چەپۆک و پێلەقەی نوێنەرانی گەردوونی چەپ سوور، تەنانەت خۆیشی دەکەوێتە هەرێمی بێ ئارامی و جارزی و لەگەڵ ماڵ و منداڵیشی ناتوانێ زمانی شیرین بێت، ئەوەتا لە شیعری ژمارە یازدەدا دەڵێ:

**جەرگم سووراخە چوو لانەی زەنبوور**
**بەسکە شنەفتم قسەی جووراو جوور**
**رووحم دی خەستەس وە فەرمانی زوور**
**وەکورم ئوشم: خەر بی شعوور**
**سوب لە خەوئەڵسی سوورەتت نەشوور**
**لەی ئاو لوولە فرە ڕشینی**
**چەبکەم لە دەس کرانشینی**
**داد وە هەرکەس بەم حەقم نیەسینی**

شامی لەو تەنزە تاڵەدا بەم شێوەیە شەکری لێوی دەڕێژێت:

بۆ هەمموو ڕۆژێک بۆنی چێشتەکەتان دێت؟ یان گۆشتی گای پیرە، یان شەکی دابەسە، ئەگەر گۆشت دەکوتن، وەرە حەسارەکە، بەئارامی بیکوتە دیوارەکان نەڕووخێنی، خشتی حەسارەکەش نەشکێنی. ئەوەتا بۆ ئەوەی مالیکی ئەو مولک و ماڵە لێی ڕازی بێت، دەڵێ: بۆ ئەوەی هێلانەم نەشێوێ، هەمیشە هەوڵی ئەوەمە سەری دۆستایەتییان لەگەڵ دامەزرێنم، مردووم لە گۆڕێ بێت ناچارم بەدەمیانەوە پێ بکەنم، هەر تاوەی بە ئاوازێکەوە لەبەر دەمیاندا بکەومە سەما کردن، جارێک بە دابی ئینگلیزی، تاوێک ئەمەریکی، ڕایەک وەک بەرێز ویگەن لە پەنجا جۆر گۆرانی بڵێم، تەنانەت ژن و منداڵەکانیشم تووک و دوعام لێ دەکەن و منیش هاوکات لەگەڵ ئەواندا دەڵێم ئامین. لێرەدا هەتاکو زۆرتر بە زۆنگی چارەڕەشیدا ڕۆدەچێت، تەنز لە شیعرەکانیدا خەستتر دەبێتەوە، زەینی خۆمان بدەینە کۆپلە شیعری چاردە:

**بەس کە کرادام لەی تەویلە چوخەر**
**عومر وە بەدبەختی هاوردم وەسەر**
**بیمەسە موونس چەن گروو بەشەر**
**لوڕ لە لوڕستان کورد لە دینەوەر**
**سنەیی و پاوەیی جاف و کەمانگەر**
**کورد و لوڕ و فارس، تورک قەزوینی**
**چە بکەم لەدەس کرانشینی**
**دادوە هەرکەس بەم حەقم نیەسینی**

شامی لەتاو دەردی خۆی دەناڵێنێ، بۆ ئەوەی شڕەی نەخەنە پشت دەرکی حەساریّ و منداڵەکانی لەژێر سەیوانی چوار دیوارەیەکدا بحەوێنێتەوە ناچار بووە بە هەزاران قسەی تاڵ و ناخۆشی خاوەن ماڵ قبووڵ بکات و دڵی بکاتەوە بۆ نیشی زمان تاڵی وەک چزەی مار. دەڵێ: کرێنشینی غیرەت و پیاوەتی لێ سەندووم، بوومەتە پەتاتەو سێوەکی تەمبەڵ ڕەگی پیاوەتیم لە لەشدا نەماوە، یان وەختێ لە شیعری پازدە و شازدە و حەڤدەدا باسی میوان و کەسوکاری دەکات، لە چاو شەوانی ڕابردوو نیو کاتژمێر درەنگ دەخەوێ و گڵۆپەکە ناکوژێنێتەوە، ئەوەڵی بەیانی پێی دەڵێن شڕوشیتاڵت بدە بەشاندا و نەگاتە خۆر ئاوا لە حەسارەکە دەرکەوە. سەوقاتی خزم و کەسی کەڵەشێرێکە مەلابانگدان خاوەن ماڵ بە قووقەی کەڵەشێر وەخەبەر دێت و دێت بەسەریدا دەگوڕێنێ: ئەم پۆپە بە گووە سەر ببڕە مێشکی سەری بردین.

کوێری لە لایەک و نەداری و بێ داهاتی لە لایەکی دیکەوە دەمیان لە جەرگی ناوە و دەیان کەلاوەی پڕ لە مار و دووپشک ئاوەدان دەکاتەوە، لەگەڵ خاوەن ماڵی بێ شەرم و دەم شڕ بەرەو ڕوو دەبێت و هەر جارەی کۆڵانێک و هەر دەمەی بۆ ماڵێک شڕەی دەدا بە شانیدا، کۆپلە بە کۆپلە پەیژەی شیعرەکانی هەڵدەچنێ و لە شیعری بیست و یەکەمدا دەڵێ: خۆ من دینم لە دینی ئێوە جوێ نییە، کەی ئەوە پاک ڕەوشتییە و شێوەی هاودینی، کە ئەمەش بۆ خۆی لە خۆیدا پلارێکە و دەیگرێتە دیندار و هاودینەکانی.

هەروەک لەسەرەوە ئاماژەم پێ کرد، بۆ ئەوەی لەوە زیاتر ساحێو ماڵ کونەجەرگی نەکەن، ناچار دەبێ دەفر و قازانی ماڵ بفرۆشێت و لە باتی کرێ ماڵ بیکاتە دەستی جەنابی حاجییەوە. بۆ ئەوەی ئەو عەرد و هەردەی لەسەری دەگەڕێت، دەبێ کرێی هەنگاوەکانیشی بدات! لە شیعری ژمارە بیست و چواردا زووخاوی دڵی پڕ لە

وەرهەمی دەڕێژێت و کوڵی دڵی بەم چەشنە دەپێژێت:

**کەس خەوەر نیە وەحاڵ دەردم**
**گووش کەس نیە وە ئاهی سەردم**
**چل ساڵ وەئێران زندگی کەردم**
**کرای زەمین دەم وەبانی گەردم**
**رووزگار موحتاج کردوە نامەردم**
**نەڕوومی ڕوومیم نە چینی چینی**
**چەبکەم لە دەس کرانشینی**
**داد وە هەرکەس بەم حەقم نیەسینی**

هێمن گوتەنی:

**هونەرمەند و ژیانی خۆش محاڵە**
**هونەرمەند ڕەنجەڕۆیە ژینی تاڵە**

ئەوەتانێ هاوار و دادیەتی لەدەست ئەو خەڵکە خاک فرۆشە و گلەیی و گازەندەی ئاوقای گەردوون دەکات و داوێنی داد دەگرێت و دەڵێ: بۆ دەبێ مرۆڤ تەنانەت لە مشک و سمۆرەش کەمتر بێت، ئەوان بەبێ کرێ لە کوندا ژیوار دەکەن.

**قەلبم چو کوورەی حەداد مەدەی جووش**
**لە دەس دونیا و خەڵک خاک فرۆش**
**دونیا زندانە پەی شەخس باهووش**
**ئایەم نەبایەد کەمتر بووت لە مووش**
**ئەویش جی دیری لەناو پرو پووش**
**مووش نەکرا دەید نەکرا سینی**
**چە بکەم لەدەس کرانشینی**
**داد وەهەر کەس بەم حەقم نیەسینی**

شامی سەرەڕای ئەو کولەمەرگییە کە خۆی لە بینایی بێ بەشە و ڕۆژی ڕوون بە چاو نابینێت، هاواریەتی لە دەست ژووری تەنگ و تاریک، منداڵەکانیشی بە نوێژی نیوەڕۆ چاویان بە ڕووناکی ناکەوێت. لە کۆتایی کۆپلە شیعرەکانی بیست و پێنج تا ئاخرین کۆپلە کە دەبێتە شیعری ژمارە بیست و نۆ، شەپۆلی شیعرەکانی بەر بڵاوتر دەبێتەوە و لەوە دەترسێ نەکا ئەو ڕۆژەی مەرگ بەربینی دەگرێت ژنی خاوەن ماڵ بە پاچ و پێمەرەوە بچێتە ژوور سەری گۆڕەکەی بکۆڵێت و داوای کرێی نووستنی لە قەبریشدا لێ بکات! ئەویش نەک جارێک و دووان، بەڵکە هەموو سەری مانگ زرمە لە قەبری هەستێنێ و بۆ وەرگرتنی کرێی ئەم گۆڕەش، دەست بنێتە کەلەکەی. سا بۆیە لە کۆتایی دوایین بڕگەی شیعرەکەدا هاواریەتی کەوا بستە خاکێک نەبوو لەسەری وەحەسێت و مشتێک خۆڵ شک نابات بیکا بەسەری خۆیدا:

**چو سەگ وڵگەرد دەروەدەر وەخوەم**
**شەو تا سوب نەخەف، ڕەنج بیوەر وەخوەم**
**دڵگیر وە دونیای دون پەروەر وەخوەم**
**لەدەس ساحێو ماڵ خوون جگەر وەخوەم**
**مشتی خاک نەیرم خاک وەسەر وەخوەم**
**لە زیندەی ئایەم بی خەوەر وەخوەم**
**نیەزانم «شامی» دیتاکەی مینی**
**چە بکەم لە دەس کرانشینی**
**داد وە هەرکەس بەم حەقم نیە سینی**

**سەرچاوە:**

**کتێبی چەپکە گوڵ، شامی کرماشانی، کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ماجد مەردۆخ ڕوحانی، چاپی: ئاراس، ٢٠٠٦، هەولێر.**

# ئەرستۆ
# داهێنەر و ڕابەری میتافیزیک

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی ئاداب)

١– بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی مێژووی فەلسەفە، ئەگەرچی ئەرستۆ وشەی میتافیزیکی بەکار نەهێناوە، ناوەکە دواتر بەسەر ئەو بەرهەمەدا سەپێنراوە کە مامۆستای یەکەم ناوی فەلسەفەی یەکەمی لێ ناوە! ئیتر بوو بە یەکەم بەرهەمی ڕێکوپێکی ئەو لقەی فەلسەفە کێشە لەسەرەی کە بە میتافیزیک ناوی ڕۆیشتووە.

لەو شاکارەدا کە خۆی لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

– ڕەهەندی مێژوویی کە بیروبۆچوونی داناکانی پێش خۆی تۆمار و شی دەکاتەوە و هەڵوێستی خۆی لە بەرانبەریان دیار و دەستنیشان دەکات.

– ڕەهەندی ڕەخنەکردنی تیوری نموونەیی (ئیدیای) ئەفلاتوون کە لێرەدا تاڕادەیەک بەردی بناغەی جیهاندیدی میتافیزیکی خۆی داناوە.

– ڕەهەندی لاهووتی بە واتای ئەو سەردەمە!

ئەرستۆ چەند بابەت (چەمکێکی) هێناوەتە سەر خوانی باسکردن کە دوای خۆی بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست و فەلسەفەی نوێ و تا ڕادەیەکیش فەلسەفەی سەردەم لە ئەوروپا بایەخیان پێ داوە کردوویانە بە کەرەستەی توێژینەوە، ئەو بابەتانە بریتی بوون لە:

– ئەو بزوێنەرەی خۆی نابزوێ.
– چەمکی ماددە و Materie فۆرم و هەیولا. Hyle
– هێزەکی و کردەکی.
– چەمکی گەوهەر و ڕووکەش. ئەزموون و شارەزایی و زانین.
– چەمکی بوون، تاک و کۆ، تایبەتی و گشتی، هەندەکی و هەمەکی.

– چەمکی هۆکـار و ئەنجـام، هۆکـاری ئامـانجـەکی و ڕوخسارەکی.

چوار هۆکـارەکـە: هۆکـاری مـاددەیی، هۆکـاری فـۆرم، هۆکاری کاریگەر و ئامانجەکی.

– کـۆتایی و بێ کـۆتایی، سنووردار و چەمکی بێ سنوور.

– بنەمـا بەگـشـتی و هی بوون و بوونەوەر بە تایبـەتی چییە؟

– بوونی بوونەوەر چییە؟ دوای بنەمای بوونەوەر وەک بوون کامەیە؟

– بنەمای بێ ناکۆکی ئەگەرچی ئەو بنەمایە پتر بەلای لۆژیکیدا دەچێ، بەڵام ناکرێ لە چوارچێوەی ئەو بابەتە بەدوور بگیـرێ کـە لە مـامـۆسـتـای یەکـەم، دواتر بە میتافیزیک ناوبراوە.


– پووچەڵکردنەی ڕێبـازی گـومـان و بیـروبۆچوونی گومانکاران.

٢– هەمـوو بابەتێک ئەگـەر سروشـتی زانسـتی خـۆی هەبێ، بە واتا گشتییەکە و لە لقەکانی دیکەی هاوشانی خۆی جیابکرێتەوە، دەبێ ئامانج و کەرەستەی توێژینەوە و مـیـسـتـودەی تایبـەتی خـۆی هەبێ، هەروەک لەو نووسینەماندا هەوڵ دەدەین دەری بخەین، ئەو شاکارەی مـامـۆسـتـای یەکـەم تایبـەتمەندی خـۆی هەیە و دەست ڕۆیشتـووی داهێنەرەکەی ساغ و پشت ڕاست دەکاتەوە. ئەرستۆ شان بە شانی ئەفلاتوونی مامۆستای هەوڵیان داوە، بـە واتـای سـەردەمـی خـۆیان لـەو هەوڵـەدا سـەرکەوتنیـان بەدەست هێناوە، ڕوخسـاری زانسـتی بەو بەرهەمەیان ببەخشن.

ئەوی پێوەندی بە میتودەکەیەوە هەیە، بێجگە لە سوود وەرگـرتن لە کـۆشـشـە بیـرکـارییـە– ئەندازیـارییـەکـەی ئیـقـلیـدس و لۆژیکەکـەی خـۆی پەنای بردۆتە بەر شیکردنەوە و بەراوردکردن و ئەنجامگیری لەوەشدا، لەو پرۆسە و چالاکییە زانستییەدا بە ئاشکرا هەست بە ڕۆڵ و کاریگەری ژیر دەکرێ.

ئایا دەکرێ لەو قسـە و بڕیارەدا ئەوە بکەوێتـەوە کـە مـامـۆسـتـای یەکـەم لە کـۆشـشی دانانی بەردی بناغـەی بابەتی میـتـافـیـزیک، لۆژیک و هزری مـیـتـافـیـزیکی ئاوێتەی یەکتری کردبێ؟!

ئایا دەکرێ بگوترێ کە میتـافـیزیک لە چاو لقـەکانی



ئەرستۆ

تری فـەلسـەفـە بە تایبـەتی و بابەتەکـانی تری زانسـتـە مـرۆڤـیـیـەکـان، مـیـتـودەی تایبـەتی خـۆی هەیە؟ ئەگـەر وەڵامـەکـە ئارێ بێ، ئەو مـیـسـتـودەیە کـامـەیە؟ تایبـەتمەندییـەکـانی کـامـەن و بەچی لەوانی تر جـیـا دەکرێتەوە؟

بۆ وەڵامـدانەوەی ئەو پرسـیـارانە، ئەوی ڕاست بێ، پشت ئەسـتـوور بە سـەرچاوە باوەڕ پێ کـراوەکـانی پەرەسەندنی پرۆسەی لەسرەوتن نەهاتووی، هەمیشە ڕوو لە بەرزی و فـەلسـەفـە، ئەوە نیـشـان دەدەن کـە هەر لەسـەردەمی مـامـۆسـتـای یەکـەمـەوە و دواتر، هەر فەیلەسووفەکە بە شاکار و بەرهەمەکانی گرەوی لەسەر کـرابێ و سـروشـتی قـۆناغی خـۆی و دواتریشی دیار و دەستنیشان کردبێ، سیستمێکی میتافیزیکی تایبەت بە خۆی هەبووە. تۆمـاس ئەکوین لە سەدەکانی ناوەڕاست، دیکارت لەسەدەی نوێ، ئینجا کـانت و هیگڵ. ڕاستی ئەو بۆ چوونە ساغ و پشت ڕاست دەکەنەوە، بۆیە دەکرێ، ئەگەر ڕێگامـان بدرێ لە چوارچێوەی ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتە و تەنیـا بۆ مەبەستی شی کـردنەوەیەکی هزری– ئەزموونی بێت، شەش جۆری میتودەی میتافیزیک بەپێی ڕێبازەکانی دیار و دەستنیشان بکەین:

**یەکەم: میتودەی تێڕامان:** بەرانبەر بە وشەی لاتینی–

ئەڵمانی spekulation بەکارهاتووە. ئەو جۆرە میتودەیە بۆ دانانی بنەڕەتی سیستمێکی هەمەڕەنگی لەناو خۆیدا یەک ناوەندی سەرتاپاگیر پەنای بۆ دەبرێتە بەر. مەبەستیش لێرەدا خستنەوەی جیهانی هەڵکەوتە لە چوارچێوە گشتییەکەیدا. ئەفلاتوون لە بەرهەمەکانیدا هەر لە تیوری ئایدیاوە تا ڕشتنی ڕەنگی دەوڵەتەکەی، پەنای بۆ ئەو میتودەیە بردووە، لێرەدا بەهیچ جۆرێک تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ، شارەزاییەکەی ئەزموون بە هەند وەرناگیرێ، بگرە گومان لە توانایی هەستەکان دەکرێ کە ئامرازێکی ڕاستەقینەی گەیاندنی زانینی ڕاستەقینە بن.

**دووەم: میتودەی بەڵگە نەویست و گومان هەڵنەگرێ:** لێرەدا مەبەست لە چەمکی Axiomatikی یۆنانی- ئەڵەمانییە. کە پتر لە کایەی ئەندازە- بیرکاریدا بەکار دێت و بابەتێک دەگرێتەوە کە لە خۆیدا ڕوون و ئاشکرا بێت و پێویستی بە ساغ کردنەوە نەبێت. لەو میتودەیەدا بە پلەی یەکەم پشت بە پێناسە کردن دەبەسترێ و تێیدا گەورەی شت و جیاکارەکەی بە هەند دەگیرێن. چەند تیورییەک لەو پێناسەکردنەوە دەکەونەوە و لە ئەنجامی پێکەوە بەستنەوەیان، سیستمێکی گشتگیر دەکەوێتەوە. مامۆستای یەکەم ئەرستۆ لە جیهاندیدە فەلسەفەییەکەیدا پەنای بۆ ئەو میتودەیە بردووە، بە تایبەتی لە بەرهەمە شیکارییەکانیدا، لە بەرهەمی پەیدا بوون و لەناوچوون و میتافیزیکدا.

**سێیەم: میتودەی ترانسندێنتالی:** ئەگەرچی ئەو وشە- چەمکە لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەکارهێنراوە، بەڵام لەلای کانت بە تەواوەتی بە جۆرێکی تر سوودی لێ وەرگیراوە و بەکارهاتووە. کانت چەمکی ترانسندێنت لەگەڵ ترانسندێنتال بەرانبەر بەیەکتری دادەنێ هەریەکەیان ئەرکێکی جیاو جیاوازی پێ سپاردوون:

- ترانسندێنت: بە عەرەبی (متعالي و مفارق)ی بۆ دانراوە ئاماژەیە بۆ ئەو بابەتە کە لە تواناییدا نییە بزانرێ و پەی پێ ببردرێ.

- ترانسندێنتال، بە پێچەوانەوە باسی ئەو مەرجە گشتییانەی ئەزموون دەکات کە دەبنە مایەی ئەوەی ئەزموون خۆی لەخۆیدا ئەزموون بێ، واتە ئەو ڕەگەزە ژێرەکییانە کامانەن کە دەکرێ بۆ بوونی شارەزایی گریمانە بکرێن. ئەو دوو پێناسەیە لە کانتەوە کەوتوونەتەوە، بە تایبەتی لە شاکاری «ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرد»دا بەکاری هێناون.

لە چوارچێوەی ئەو میتودە بەکارهێنانەدا کانت لە شاکاری ناوبراو لە فەلسەفەکەیدا باسی شۆڕشی کۆپەرنیکۆسی دەکات. شۆڕش بەو واتایەی پایە و مەڵبەندی شمەکی دەوروبەر و توانایی شت زانینی مرۆڤ (فام- ژیر) گۆڕانی کۆپەرنیکۆسییان بەسەردابێ. ئەگەر جاران ژیر و فامی مرۆڤ پابەندی دەوروبەر بووبن، ئیتر لە شت زانیندا، یان لەو داتایانەی لە دەوروبەرەوە بۆیان دێ، ئێستا لەو میتودەیەی «کانت»دا ڕەوشەکە پێچەوانە بووەتەوە. دەبێ دەوروبەر پابەندی هەردوو هێزی ژیر و فام بێ لەو پرۆسەیەدا. (کانت: ر. ژ. ب: ب١٦، ٣٠ بە ئەڵمانی).

**چوارەم: میتودەی شیکردنەوەی لۆژیکی زمان:** ئەو میتودەیە بە دوو جۆر بەکاردەهێنرێ:

- جارێکیان بەهۆی شیکردنەوەی لۆژیکی زمانەوە، پشت ئەستوور بە لۆژیکی مودێرن ساغ دەکرێتەوە کە دەستەواژە - ڕستە بەکارهاتووەکانی میتافیزیک لە چەند ڕستەیەکی بێ واتا بەو لاوە نین. ئەو میتودەیە لەلای ڕابەرانی فەلسەفەی کۆڕی ڤیەنناى ئیمپریزمی لۆژیکی بەکارهاتووە، بە تایبەتی لەلای فەیلەسوفی ئەڵمانی ڕودۆلف کارناب لە شاکاری بەزاندنی میتافیزیک و کتێبی بنیادنانی لۆژیکیانەی جیهاندا.

- جاری دووەم میتافیزیک وەک لقێکی سەرەکی فەلسەفە لە فۆرم و بەرگ و ڕوخساری چەند دەستەواژەیەکی شیکردنەوەی ئۆنتۆلۆژی زماندا دەردەکەوێ و ڕەنگ ڕێژ دەکرێ. لێرەدا بوون و ئایدیا و ستروکتۆری لۆژیک بابەت نییە، بەڵکو میتافیزیکی توێژینەوە لەسەر شێوازی بەکارهێنانی زمان دەکات، چەمکەکان شی دەکاتەوە و هەوڵ دەدات بیانباتەوە سەر بنجوبناوانیان.

**پێنجەم: میتودەی شرۆڤەکردن:** لە چوارچێوەی ئەو ڕێبازە میتافیزیکییەدا ئەرکی شرۆڤەکردنی دیاردە ئۆنتۆلۆژییەکان دەگرێتە ئەستۆ(١).

ئەو بۆچوونە کە ئەو ئەرکەی بەو میتودەیە سپاردووە، لەوەوە هەنگاو هەڵدەگرێ کە میتافیزیک ناتوانێ و ناکرێ ڕەنگی دەوروبەری هەڵکەوت برێژێ، بە

پێچەوانەوە میتافیزیک تەنیا ئەرکێکی هەیە ئەویش شرۆڤەکردنی دەوروبەر و جیهانی هەڵکەوتە. ئیتر بەو پێیە میتافیزیکی شرۆڤەکردن، ئەرکی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، بنەما بنەڕەتییەکانی (سترۆکتۆر) بیر و هزر دەربارەی جیهانی دەوروبەر لێکبداتەوە و شرۆڤە بکات.

**شەشەم: میتودەی دیالێکتیکی:**

وشەکە خۆی یۆنانی لاتینییە هەر لەسەردەمی فەلسەفەی یۆنانی پێش زایین بەکارهاتووە و ئیتر کەم تا زۆر لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا گۆڕانی بەسەردا هێنراوە. هیگڵ ڕابەری فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان بە تەواوەتی ئەو چەمکەی بە شێواز و ڕوخسار و ناوەڕۆکێکی تر بەکار بردووە و بووە بە پوختەی میتودەی جیهاندیدە گشتگیرە فەلسەفەییەکەی.

وشەکە بە واتای ناکۆکییەکان دێت، بەڵام بە واتای فەلسەفەیی، بریتییە لە پرۆسەیەکی ژیری کە لە بڕیار و بۆچوونی ناکۆک بە یەکتریی‌یەوە هەنگاودەنێ. بۆ نموونە پرۆسەکە بە چەمکێکی ئاریێ (تێزە) دەست پێ دەکات، ئینجا بە چەمکێکی دژی نەرێن بەرپەرچی دەداتەوە (ئەنتی تیزە) و لە قۆناغێکی پێشکەوتووتردا لە هەردوو دژە تێزەکان یەکێکی تر دێتە کایەوە کە لەلایەکەوە هەردووکیان ڕەت دەکاتەوە و لەلایەکی ترەوە هەردووکیان دەگرێتەوە (سونتێزە). ئەو میتودەیە لەلای هیگڵ لە شاکاری (فینۆمینۆلۆژی گیان) و (فەلسەفەی مێژوو) و (لۆژیک)دا بە جوانترین شێوە بەکارهاتووە و ئەنجامەکەشی ئەو تەلارە ڕەنگینە بووە کە ئەندازیاری فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان دایناوە.

٣- کێشەیەک لە کێشە سەرەکییەکانی بابەتی میتافیزیک کە لە سەرەتاوە مامۆستای یەکەم ڕووبەڕووی بۆتەوە لە چوارچێوە و بەرگی پرسیاردا سەرئاوکەوتووە:

- بوونەوەر چییە؟ یەکەم هۆکار و بنەماکانی ئەو بوونەوەرە چییە؟

- پێوەرەکانی زانینی ئەو هۆکار و بنەمایانە کامانەن؟

لەو دوو پرسیارەوە ئەرستۆ هەردوو بابەتی بوون و زانین ئاوێتەی یەکتری دەکات و میتافیزیک لەگەڵ زانستدا بەرانبەر دەخاتە نێو دوو تای یەک تەرازوو، ئینجا میتافیزیک لەگەڵ تاکە زانستەکان بەراورد دەکات و دەگاتە ئەو کایەیەی پرسیارە میتافیزیکییەکان لەلای سەرئاو بکەون و ڕەوشی بوون و هەستەکان لە چوارچێوەی هزری میتافیزیکیدا تاووتو دەکات. لە سەرەتای شاکاری میتافیزیکدا مامۆستای یەکەم قسەیەکی دەربارەی هەستەکان- دیتن، چاو- کردووە کە بۆتە بابەتێک لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵە و کتێبە میتافیزیکییەکان خوازراوەتەوە و دەخوازرێتەوە:

«هەموو مرۆڤێک سروشت ئاسا کۆششی شت زانین دەکات. ئەوەش لە خۆشویستنی کاری تێبینی و هەستەکاندا دەردەکەوێ کە مرۆڤ چێژیان لێ وەردەگرێ، ئەو خۆشویستنە لەپێناوی خۆیدایە، نەک بۆ ئەو سوود و قازانجە بێ کە لێی دەکەوێتەوە. لە هەموویان پتر لە کاری هەستەکان گرنگتر ئەوەیە کە بەهۆی دیتنی چاوەکانەوە بە دەست دەگات. بەبێ بە هەنددانانی کارکردنمان، تەنانەت ئەگەر ئێمە نەشمانەوێ شتێک بکەین، ئێمە دیتن بە باشتر دەزانین، هۆکاری ئەو بە باشتر دانانەی دیتن: ئەوەیە دەبێتە مایەی ئەوەی لە هەموو هەستەکانی تر بەهۆیەوە شت بزانین و زۆر جیاوازی نێوان شتەکان ئاشکرا دەکات(٢)».

ڕاستە چاو ئامرازێکی گرینگی دیتن و زانینە و چالاکییەکەی و ئەو ئەنجامەی لێی دەکەوێتەوە چێژی خۆشی بەو کەسە دەگەیەنی کە دەبینێ، دیارە ئەو خۆی لەخۆیدا، لە چاو مرۆڤی نابینادا، دەستەبەری خۆشی ژیان و بەردەوام بوونەکەی دەبێ، بەڵام ئەوی لێرەدا چ لەکایەی فەلسەفەدا بەگشتی (تیوری زانین) و لە میتافیزیکدا بە تایبەتی بەرپەرچی ئەو ڕاوبۆچوونە دەداتەوە لەو پرسیارەوە دەکەوێتەوە: ئایا هەستەکان بەگشتی و چاو بە تایبەتی ئەو ئامرازە ڕاست و دروست و گومان هەڵنەگرەی زانینی ڕاستەقینەیە؟

ئەرستۆ پێش فەیلەسوفەکانی تر ئەو پرسیارەی بە «نا» وەڵام داوەتەوە، سوکرات کە ساغ بێ «شەراب» لەدەمیدا خۆشە، کەچی کە نەخۆش بێ هەر ئەو شەرابە خۆی تاڵ و تفتە. باشە شەرابەکە خۆشە، یان تاڵە؟ بەپێی ڕەوشی هەستی مرۆڤەکە دەگۆڕێ! دارودرەخت لە دوورەوە بچووک و لە نزیکەوە گەورە دێنە بەرچاو. کەوابوو هەستەکان ناکرێ ببن بەو ئامرازەی مرۆڤ لە ژیانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەدا پشتیان پێ ببەستێ.

کەوابوو زانست (بە واتای سەردەمی ئەرستۆ کە فەلسەفە دایکی هەموو زانستەکان بووە) دەبێ بەدوای

ئامرازێکی دیکەدا بگەڕێ، ئامرازێک کەرەستەیەکی بداتە دەست ئەگەر خاویش بێ، ئەگەر و گومان هەڵنەگرێ! هەستەکان وەک ئامرازی هاوردەی کەرەستەی زانین هیچ کاتێک زانست بەبێ چەند و چۆن پشتیان پێ نابەستێ، چونکە ئەو داتایانەی دەیدەنە دەست، هەندەکین و دیاردەی جیاواز و جۆربەجۆر بەرجەستە دەکەن، لەمانەش بنەمایەکی هەمەکی هەڵناستێ، ئینجا هەستەکان بەهیچ جۆرێک لەو داتایانەی دەیدەنە دەست، هەوڵ نادەن هۆکاری شرۆڤەکاری بەیەکەوە بەسترانەوەی دیاردەکان ڕوون و ئاشکرا بکات، بۆیە تەنیا هەر شارەزایی و ئەزموون کە بە عەرەبی (خیبرة)ی پێ دەگوترێ، پشت بە هەستەکان دەبەستێ. کۆی شارەزایی و ئەزموون تەنیا جۆرە ڕێگا خۆشکردنێکە بۆ دەرکەوتنی زانست، بەڵام خۆیان نە دەبنە زانست و نە زانستیان لێ پێکدێت(٣) هۆکاری ئەم دیاردەیە ئەوەیە: دەستەواژە و کەرەستەکانی زانست دەبێ هەمەکی Allgemeinheit و ناچارەکی بن و سنووری ڕووداوە تاکە ڕوونکردنەوەی کردنەوەکان دەبەزێنن و فۆرم و ڕوخساری گشتی هەمەکی قانوونیان دەبێ، چونکە دەکرێ بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ڕووداو و ڕەوشە تاکەکان شرۆڤە و لێکبداتەوە. بەو پێیە دەکرێ شارەزایی هاندەر و ڕێ خۆشکەری زانست بێت، بەڵام هەرگیز نابێ بە بنەما و پرەنسیپی زانست.

لێرەوە دەرگای میتافیزیک واڵا دەبێ و دەخرێتە سەر پشت بەوەی ئەگەر هەر زانستە بۆ خۆی دەڤەر و کایە و چەمک و دەستەواژەی خۆی هەبێ و لەوانی تر جیای بکەنەوە، ئەوە سەرەڕای ئەو جیاوازییانە، چەمک و بابەتی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە لە چوارچێوەی زانستدا پێکەوە کۆیان دەکاتەوە، بەڵام ئەو چەمک و بابەتە هاوبەشییانە ناچنە ناو بازنە و کایەی هیچ کام لەو زانستانە، بەڵکو بابەتی میتافیزیکن.

٤- بۆ نموونە ئەندازە و بیرکاری کەرەستەکەیان بریتییە لە ژمارە و چوارگۆشە و هێڵ و خاڵ و+، -، ÷،× ئەمانە چەند چەمکێکن تەنیا هەر لە هزری توێژەرەکەدان. زانستی سروشتی بابەتی ماددە و بزووتنەوەی کردووە بە قەدەغە و پاوانی خۆی. ئەو بابەتە هاوبەشییانە بۆ نموونە بوون وەک بوون، ڕاستەقینە، خۆبەتی، جیاوازیی، یەکڕەنگی، هەمەڕەنگ هەموویان کەرەستە و بابەتی میتافیزیکن، بەو پێیەو لە ڕوانگەی مامۆستای یەکەمەوە، بوون وەک بوون و ئەو بابەتە ناوکۆییە هاوبەشەی نێوان زانستەکان هەریەکەیان بە تەنیا بابەتی خۆی هەیە و سروشت و تایبەتمەندییەکەی ساغ و پشت ڕاست دەکاتەوە، بوونی بابەتی میتافیزیک دەستەبەر دەبن. لێرەوە هەر بەو هەنگاوەی ڕابەری پیادەڕەوان سنووری پێوەندی نێوان هەمەکی و هەندەکی، تاک و کۆ و ڕوخسار و بوون دەبەزێنرێ و دەروازەی نێوان ئەوەی دەکرێ درکی پێ ببرێ و ببێ بە بابەتی ئەزموون و شارەزایی لەلایەک و ئەوەی توانایی هەیە ببێ بە بابەت و کەرەستەی زانین واڵا دەکرێ و دەخرێتە سەرپشت(٤).

بە بۆچوونی داهێنەری لۆژیک و میتافیزیک، زانستە تاکە یەک بەیەکەکان هەریەکە و بەشە بابەتێک لە بوون دەکات بە کەرەستەی توێژینەوەی، بەڵام هیچ زانستێک لەلای خۆیەوە بوون و بوونەوەر وەک خۆی و لەخۆیدا ناکات بە بابەتی لێکۆڵینەوە. زانستێک هەیە ئەو بابەتە بوون و بوونەوەر دەکات بە کەرەستەی توێژینەوە، ئەویش میتافیزیک «فەلسەفەی یەکەمە». ئەرستۆ گوتوویەتی:

«زانستێک هەیە بابەتی بوون و بوونەوەر وەک خۆی و لەخۆیدا سەرنج دەدات و لێی دەکۆڵێتەوە. ئەو خۆی بەهیچ جۆرێک لەگەڵ ناسراو بە زانستە تاکەکان وەک یەک نییە identisch. زانستە تاکە هەندەکییەکان لە بوون بەگشتی ناکۆڵنەوە، پتر هەریەکەیان بەشێک لە بوون دەکاتەوە و لە ڕووکەشە دەرکەوتووەکانی دەکۆڵێتەوە، بۆ نموونە وەک ئەوەی زانستە بیرکارییەکان وادەکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە سەرگەرمی گەڕانین بەدوای سەرچاوە و هۆکارە دوور و بەرز و بنەما بنەڕەتییەکان، ئەوە دەبێ بە ڕوون و ئاشکرایی شتێک بوونی هەبێ ئەو سروشتەی هەبێ... کەوابوو ئەرکی سەرشانی ئێمە ئەوەیە کە لە هۆکارە یەکەمەکانی بوون و بوونەوەر لەوەدا کە بوونی هەیە بکۆڵێنەوە(٥)».

بەوپێیە بوون لەخۆیدا، هۆکاری یەکەم و دوور، ماددە و بزووتنەوە پوختە و گەوهەری ئەو بابەتە پێکدەهێنن کە ئەرستۆ بۆ یەکەم جار ناوەڕۆک و ڕوخساری پێ بەخشیوە و دوای خۆی ناوی میتافیزیکی لێ نراوە. بەلای ئەرستۆوە ڕوونکردنەوەی واتای بوون و بوونەوەر وا سووک و ئاسان نییە، چونکە وشەی بوونەوەر بە چەند واتایەک بەکاردێت، بەڵام ئەو واتایانە هەموویان بەیەک و بە تاکە سروشتێکەوە پەیوەستن. بە هەندێک شت

دەگـوترێ بوونەوەر، چونکە ئەو گـەوهەرێکە، هی تر بە بوونەوەر دادەنرێن، چونکە ئاسـەوار و کـارلێکراوەکـانی گـەوهەرن و بەشی سێـیـەمی بوونەوەر لەوەوە هاتووە کـە بـەرەو گـــــەوهـەر، یـان بەرەو لـەنـاوچـوون و ئـاوابـوون دەچێ(٦).

ئەگـــەر بەپێی واتـا، بوون و بـوونـەوەر بـکرێن بەسێ جـۆرەوە، ئەوە لە ڕەهەندێکی تردا دەکـرێ بە دوو جـۆر باسی بوون بکرێت، ئەگەرچی لە یەکـتـری جیـاواز بێنە بەرچاو، ئەوە لەلایەکی تریەوە توندوتۆڵ بەیەکـەوە بەندن و تەواوکـاری یەکــتـرین. بۆ پێتـر ڕوونکردنەوەی ئەو بۆچوونەی ئەرستۆ ئەو نموونە دێنینەوە:

بوون دوو جۆرە:

– بوونی هێزەکی: Potentia

– بوونی کردەکی(٧): Aktualitak

ئەگەر مرۆڤ سەرنجی گوڵەگەنمێک، یان دار بەڕوویەک بدات چی بۆ دەردەکەوێ؟

ئەو گـوڵە گـەنمە، یان ئەو دار بەڕووە هەمـیـشــە ئەوە نەبووە کە ئێـستـا هەیە، بەڵکو لەسەرەتادا دەنکە گەنم و دەنکە بەڕوو بووە. ئیـتـر ئەو دەنکە گـەنمە بەهێـزەکی و ئامادەیی تێدا هەبووە گۆڕانی بەسەردابێ و ببێ بە گوڵە گـەنم. گـوڵە گـەنمەکـە، گـەنمە بەکردەکی. ئەو شـتـە خـۆی دەنکە بەڕوو، داربەڕووەکەش دەگرێتەوە. دەنکە بەڕووەکە ئامــادەیی تێــدا بووە ببێ بە داربەڕوو، بۆیە دەنـکەکــە بـەڕووە بەهێـــــزەکی و بـوونـی بـەدار بە ڕوو، بـەڕووە بەکردەکی.

٤– بزووتنەوە کــە کــەرەســـتـــە و چەمکێکی تری میتافیزیکە، بەلای مامۆستای یەکەمەوە، ئەگەرچی خۆی وەک دیاردە و ڕەوشــــێـک تـوندوتـۆڵ بە ســـروشـــتـی دەوروبەرەوە بەندە، دەکـــرێ بەکـــاتـەوە گـــرێ بـدرێ و هەردووکـیـشـیـان پێکەوە لەگـەڵ جـیـهـانـی دەوروبەردا بخـرێـنە نێــو دووتـای یـەک تەرازووەوە، کــات پێــوەری بزووتنەوەیە، بزووتنەوەش هی جـیـهـانـی دەوروبەرە، هی سروشتە(٨). لەو بڕیاردانەوە دوو پرسیار دەکەوێتەوە:

– ئایا بزووتنەوە کـە پێـوەرەکـەی کـاتە، کـۆنـە و هەر هەبووە و هەر دەمـــێنێ، یان نـوێیـــە و لە کـــاتێکی دیاریکراون و لە شوێنێکدا پەیدا بووە؟

– چەند جۆر بزووتنەوە هەیە؟

بەلای ئەرستۆوە، دەربارەی پرسیاری یەکەم کێشەیەکی گـەورەی بۆ فـەیلەسـووفـانی مـەسـیـحی و ئیـســلام وروووژاندووە کە وا بە ئاسانی هیچ کەسێک نەیتوانیوە بە بەڵگەی گومان هەڵنەگر یەکلایی بکاتەوە. ئیتر بابەتەکە تێکەڵاو بە بـنـەمـــاکـــانی ئاییـن (لاهووت) کــراوە و ســروشـتــێکی پێ بەخـشـراوە تاڕادەیەک لە کـایەی فەلسەفەدا کاڵ بۆتەوە، بۆیە سەیر نییە کە ئەبو حامیدی غەزالی ئەو بابەتەی کردووە بە خاڵێک و قەستی سەری فـەیلەسووفـەکـانی کردبێ! ئەوەی ئەو بابـەتەی پتر ئاڵۆز کـردووە «سـفـری یەکـەمی تەوراتە» کـە لەوێدا ئەوە باس کـراوە کـە ڕەبی مـووسا لە شـەش ڕۆژدا جیـهـان– بوونی داهێناوە. داهێنان بە واتا فـەلسـەفـەییـەکەی داهێنانە لە هیـچەوە، واتە کەرەستـەیەک نەبووە لێیـەوە ڕەبی مـووسا بوونەکــەی داهێنابێ، بەڵکو پرۆســەکــە بریتی بووە لە فرمان و خواستی ڕەببانی. باشە لەکوێ و کەی ڕەب ئەو داهێنانەی کـردووە؟ ئایا ڕەب پێـشـتـر چی کـردووە؟ ئایا ئەوکـاتە کـات هەبووە و بزووتنەوەی لێکەوتبێـتـەوە؟ یان ئەو پرسیـارانەو چەند پرسیـارێکی دیکە کە لەو بارەیەوە بەبیری هزرمەند دابێن، ناکرێ بە ئاسانی وەڵام بدرێنەوە، چونکە سنووری توانایی هزر و ژیری مــرۆڤ دەبەزێنن و هەر وەڵامێک لـەو بارەیەوە بدرێتەوە و هەر قسەیەک لەو کـایەیەدا بکرێت لە چوارچێـوەی «وادانان» و «مـەزندە» کـردن ناچێـتـە دەرەوە و دەکـرێ هەر بڕیارێک بدرێت بە هـەردووک لایـدا وەک یـەک ڕاست، چـەوت بـن و هـیـچ کـامـێکیـان لەوی تریان بەهێـزتر نابن! بێـجگە لەوەی هەردووکـیـان هەست و نەسـتـی «ئەرێ– نەرێ»ی مـرۆڤی حەپەساو سەرسام و نیگەران لەبەرانبەر پرۆسەی ژیان و ڕووداوەکانیدا دەردەبڕن و بەرجەستە دەکەن.

دەربارەی پرسـیـاری دووەم، چەند جۆر بزووتنەوە هەیە، بەلای ڕابەری جـێـبـەجێ کـارانەوە سێ جـۆر بزووتنەوە دەکرێ لە یەکتری جیا بکرێنەوە:

**یەکـەم:** بزووتنەوە بە واتـای گـۆڕان لە ڕەوشـێکەوە بۆ ڕەوشێکی تر وەک پەیدابوون و لەناوچوون. ئەم گۆڕانە لە چۆنیەتی شتدا ڕوودەدات.

**دووەم:** ئەو بزووتنەوەیەی دەبێتە مایەی کەم بوون، یان پتر بوون، ئەوەش چەندێتی بابەت و شتەکە دەگرێتەوە و بریتییە لە بزووتنەوەی زیندوو.

**سێیەم:** بزووتنەوە لە جێگادا، ئەمە گواستنەوەیە(٩). لە هەمـان کاتدا مەرجی سـەرەکی هەردوو بزووتنەوەکەی

دیکەیە، چونکە بزوێنەر و بزوتوو (جوولاوە) بەر یەکتری دەکەون، بەریەکتری کەوتن کاتێک دەبێ و ڕوودەدات کە هەردوولا لەیەکترییەوە نزیک بوون، ئەو نزیکییە بوونی جێگا و شوێن دەکات بەمەرج و ساغی دەکاتەوە.

ئەگەر ئەو سێ جۆرەی بزووتنەوە بخەینە سەر هەردوو جۆری بوون بە هەردوو بەشی هێزەکی و کردەکییەوە، دەکرێ لە سۆنگەی مامۆستای یەکەمەوە پێناسەیەکی بزووتنەوە دەستگیر ببێ:

بوون و بزووتنەوە و کات، توندوتۆڵ بەیەکەوە گرێ دراون و هیچیان بەبێ ئەوی دیکەیان ناکرێ و نابن. ئەگەر بوونی هێزەکی و بوونی کردەکی هەبوو، ئەوە دەبێ بزووتنەوە کار و چالاکییەک بێ لە هێزەکییەوە بەرەو کردەکی تەکان بدات، واتە بزووتنەوە کارێکی ناتەواوە ڕوو لەوە دەکات ببێ بە تەواو.

٥- لە بابەتی بزووتنەوە و بوونەوە، ئەرستۆ دەگاتە ئەوەی بوونی بوونەوەری یەکەم ساغ بکاتەوە کە ئەو بەو بزوێنەرەی خۆی نابزوێن ناودەبا. نابزوێ بە چ واتایەک و بۆ دەبێ بێ بەش بێ لە بزووتنەوە؟ ئەرستۆ چۆن ئەوەی لێکداوەتەوە؟ بێ گومان ئەو بزوێنەرەی خۆی ناجوولێتەوە، ئەرستۆ بەرانبەر بەرەبی فەلسەفەی جوولەکە و خوای فەلسەفەی ئیسلام، بەلام لەنێوان هەردوو بوونەوەری گریمانەکراودا جیاوازی زەوی و ئاسمان هەیە. بزوێنەرەکەی ئەرستۆ - ئەگەر بشێ ئەو نموونەیە بهێنینەوە- لە شاژنی بەریتانیا و سوێد و هۆڵەندە دەچێ، لە واژۆکردن بەولاوە ئەرک و کار و دەسەلاتێکی دیکەی نییە، تەنانەت تاکە شتێک ناجوولێنێ و هیچ کارێک ناکات. ئەو ڕەوشە چۆن لێکدەدرێتەوە و پاساوەکەی چۆن دێتەوە؟!

**بزوێنەری یەکەم**

کێشەی بزوێنەری یەکەم، یان ئەو بزوێنەرەی کە خۆی نابزوێ، بابەتێکی سەرەکی شاکاری میتافیزیکی ئەرستۆیە. لە دوو برگە پێکهاتووە:

**یەکەم:** ئەو بزوێنەرە چییە؟ گەوهەرەکەی لەچی پێکهاتووە؟

**دووەم:** بەڵگەی ساغ کردنەوەی بوونەکەی.

بەلای ئەرستۆوە، ئەمەش ئەو پریشکە بووە کە ئاگری لە پاوانی هەردوو جیهاندیدی فەلسەفەی مەسیحی و ئیسلام بەرداوە، بزوێنەری یەکەم و بزووتنەوە و جیهان و ئەو کەرەستەیەی جیهانی لێ پەیدا بووە، ئەگەرچی هەر هەوێنی ڕووتی بێ ڕوخسار و وێنەیە، هەرە کۆنن و هەتا هەتایین! هەر هەبوون و هەر دەمێنن، چونکە بزوێنەری یەکەم خۆی کۆنە، نە سەرەتای هەیە و نە کۆتایی، نە پەیدا بووە و نە لەناودەچێ.

بزوێنەری یەکەم دەکرێ گەوهەر و سروشتەکەی لە سێ خاڵدا پوختە بکرێتەوە:

- خۆی لەش نییە و لە لەش و مادده پێک نەهاتووە.
- هەموو شتێک ناڕاستەوخۆ دەجوولێنێ.
- هەرچی هەیە شەیدای ئەو بزوێنەرەی یەکەمە بووە، ئەمەش هۆکاری جوولاندنەوەی هەموو شتێکە. ئەرستۆ دەڵێ:

«بوونەوەرێک هەیە هەموو ئەوانی تر دەجوولێنێتەوە، بەلام بەبێ ئەوەی خۆی بجوولێتەوە، ئەوە هەر کۆن و هەتا هەتاییە، گەوهەر و کردەکییە، هەموو شتێک سەرگەرمی بەدوا گەڕانیەتی و بیری لێدەکرێتەوە(١٠)»

ئەو بزوێنەرە بەپێی گەوهەرەکەی ناکرێ لەش بێ، چونکە لەش سنووردارە و ڕادە و سەرەتا و کۆتایی هەیە، ئەمانەش ئەو بزوێنەرەیان لێ دوورە.

هەموو شتێک دەجوولێنێتەوە، بەلام نەک وەک هۆکارێکی ڕاستەوخۆ، چونکە ئەو ڕەوشە، هۆکاری ڕاستەوخۆ پێویستی بە بەریەکتری کەوتنی جوولێنەر و جوولاوە هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو خۆی کەماڵ و بێ کەموکوڕی و تەواوەتییە، هەموو شتێک شەیدای بووە و دەیانەوێ لێیەوە نزیک ببنەوە، ئەمەش ئەو شەیداییەی ئەو جوانی و تەواویەتییەی مایەی ئەو بزووتنەوەی ئەوانی ترە.

مامۆستای یەکەم وای بۆ چووە کە هەموو ئەو شتانەی دەبزوونەوە لە لایەن بزوێنەرێکەوە دەجوولێنەوە و بزووتنەوەکەیان لەخۆیانەوە نییە. زنجیرەی ئەو بزوێنەر و جوولاوە، هۆکارەکان ناکرێ هەتا سەر بەردەوام بێ. دەبێ لەلای هۆکارێک کۆتایی بێت کە دوا هۆکارە و خۆی ناجوولێتەوە و هۆکاری بزووتنەوەی هەموو جوولاوەکانی دیکەیە. ئەو نەمرو(١١) هەتا هەتایی و هەرەکۆنە، هەر هەبووە و هەر دەمێنێ و چاکترین گەوهەری زیندووی ژیانە، بەردەوام بوونی نەپساوە و ژیانی نەمریی هەتا هەتایی سەرەکیترین خەسڵەتی ئەوون.

بزوێنەری یەکەم ناکرێ خۆی ببزوێ و بجوولێتەوە، چونکە بزووتنەوە خۆی لەخۆیدا گۆڕانە، کەموکوڕییە. ئەویش لەو دووانە بەدووره.

بەلای مامۆستای یەکەمەوە جیهان کۆنە، بزووتنەوەش کۆنەو ئەو کەرەستەیەی کە هەموو شتێکی لێ پەیدا دەبێ کۆنە، بەڵام تەنیا هەر هەوێنە و هێزەکییە بێ ڕوخسارە کاتێک ڕوخساری پێدەبڕێ، دەبێ بە شت. ئەو کەرەستەیە لەلای ئەرستۆ بە هیلی ناوبراوە، بەڵام لەسەردەمی عەباسییەکان لە بەغدا کە بەرهەمەکانی ئەرستۆ کراون بە عەرەبی ناوی هەیولای لێ نراوە (hyle) ئەو بابەتە بە هەردوو چەمکی ماددە و فۆرم (ڕوخسارەوە) بەندە و هەرسێکیان لەو جیهاندیدەدا لە بابەت و چەمکی گەوهەر Wesen دانابڕێن.

ماددە، هەیولا، ئەوەیە سروشت ئاسا لەلایەن فۆرم (ڕوخسارەوە) دیار و دەستنیشان دەکرێ و دەبێ بەوەی پێویستە ببێ، چونکە دیار و دەستنیشان کراو نییە. کەوابوو دوو جۆرە ماددە، هەیولا هەیە:

**یەکەم:** ماددەی سەرەتایی، ئەوەیە کە هەوێنە، کەرەستەیەکی بێ ڕوخسار و وێنەیە لەتوانایدا هەیە ببێ بەشت ئەو کاتەی ڕوخساری پێ دەبڕێ. کەوابوو ئەو جۆرە گۆڕانە بریتییە لەوەی ڕوخساری پێشوو بە بوون و نابوون لە دەست بدرێ و ڕوخسار و فۆرمێکی نوێ بە دەست بێت.

**دووەم:** ئەو کەرەستەیەیە کە ڕوخساری پێ براوە و بووە بە ماددە(١٢). وەک مەڕمەڕی پەیکەر و تەختەی مێز.

بەو پێیە، لە ڕوانگەی ئەرستۆوە، هەموو شتێکی تاک، هەموو بوونێکی تاک کە بشێ خەسڵەتی بوونی هەبێ لە کەرەستەو فۆرم پێکدێت، ئەو دووانە هۆکاری بوون و نابوونی هەموو شتێکن و ڕوونی دەکەنەوە بۆچی ئەو شمەکە بەو جۆرە بووە و بە جۆرێکی دیکە نەبووە.

دوو ڕەنگی ماددە و فۆرم، کەرەستە و ڕوخسار لە فەلسەفەی ئەرستۆدا بە ڕێبازی هیلی مۆرفیزم ناودەبرێ. هیلی وشەیەکی یۆنانییە و واتای کەرەستەی سەرەتایی دەدات و مۆرفی ڕوخسار- فۆرم دەبەخشێ. ئەگەر فۆرم ئەو هۆکارەی پەیدابوونی شت بێ. کاتێک لەگەڵ هەیولایەکدا، لەگەڵ کەرەستەیەک جووت دەبێ، ئەوە دەکرێ چوار جۆر هۆکار هەبێ:

**یەکەم:** هۆکاری ماددە.

**دووەم:** هۆکاری فۆرم.

**سێیەم:** هۆکاری کارا.

**چوارەم:** هۆکاری مەبەستەکی(١٣).

لە شاکاری فیزیک و میتافیزیکدا ئەرستۆ قسەی لەو چوار هۆکارە کردووە، بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە نموونەی برۆنز (پەیکەری) هێناوەتەوە. ئەو مەڕمەڕەی پەیکەرەکەی لێ دروست دەکرێ، هۆکاری ماددەییە، چونکە خۆی لە خۆیدا کەرەستەیەکە وێنە و ڕوخسارێکی پێدەبەخشرێ. ئەگەر پەیکەرەکە تەواو بوو، ڕوخساری پەیکەری پێ برا، ئەو کاتە ڕوخسارەکە هۆکاری دووەمە کە بە هۆکاری ڕوخسار و فۆرم دادەنرێ.

دروستکردنی ئەو پەیکەرە لەخۆیدا مەبەست و ئامانجێکی لەپشتەوە بووە ئەگەرنا پەیکەرەکە دروست نەدەکرا، ئەمە هۆکاری مەبەستەکییە کە مەبەست چی بووە، لە دروستکردنی پەیکەرەکە بەرجەستە دەکات. ئینجا کەسێک، هونەرمەندێک، وەستایەک، پەیکەرتاشێک کە ئەو پەیکەرەی دروست کردووە بەهۆکاری کارا efficiens دادەنرێ.

هەنگاوێک لە هەنگاوە گرینگەکانی ئەرستۆ لە کایەی میتافیزیکدا ئەو کۆششە سەرکەوتووە بووە کە هەر چوار هۆکارەکە بباتەوە سەر دوو هۆکاری سەرەکی: هۆکاری ماددە (هەیولا) و هۆکاری ڕوخسار (فۆرم).

ئەگەر بزووتنەوە مەبەستێکی دیاریکراوی هەبێ و کۆششی پێ گەیشتنی بکات کە بریتییە لە دەستدانی ڕوخساری کۆن و بەدەستهێنانی وێنەیەکی نوێ (مەڕمەڕ و پەیکەر)، ئەوە مەبەست و فۆرم دەبن بەیەک.

لەلایەکی ترەوە هۆکاری کار (هونەرمەند) لە دروست کردنی پەیکەرەکەی مەبەستی دیاری کراوی هەیە، ئەویش جێبەجێ کردنی بیرۆکەی شتەکەیە لە دەورووبەری هەڵکەوت (واقیع)دا، کەوابوو هۆکاری کار دیسانەوە لەگەڵ مەبەست و وێنەکەدا یەک ئامانج و یەک مەبەستیان هەیە، بۆیە دەوترێ تەنیا دوو هۆکاری (هەیولا و فۆرم) لە ئارادا دەمێننەوە. (هەیولا و فۆرم) دوو چەمک (کاتیگۆری) سەرەکین لەجیهاندیدەکەی مامۆستای یەکەمدا. بەهیچ جۆریک لە دەرەوەدا، لە دەروروبەردا لەیەکتری جیا ناکرێنەوە. جیاکردنەوەیان تەنیا لە مێشکی توێژەردا دەبێ بە مەبەستی توێژینەوە. هیچ شتیک نییە خەسڵەتی بوونی هەبێ، هەر کەرەستەی

ڕووت بێ بەبێ فۆرم، یان هەر وێنە بێ بەبێ کەرەستە. ئەوی هەیە و بکرێ مافی (بوون)ی پێ ڕەوا بێ لە هەموو کات و شوێنێکدا لە (هەیولا و فۆرم) لە کەرەستە و وێنە پێکهاتووە.

ئەرستۆ ئەو فەیلەسووفە بووە کە فەلسەفەی لە ئاسمانی ئایدیای ئەفلاتوون هێناوەتە خوارەوە بۆ سەر زەوی، بۆ نێو ژیانی ڕاستەقینە. ئەو کەڵە فەیلەسووفە هەوڵی داوە ژیری مرۆڤ و لۆژیک سەرپشکی هزر و بیرکردنەوە بن، بگرە کۆنترۆڵی هەموو شتێک بکەن. دوور نارۆین ئەگەر بڵێین لەپشت پەردەی شانۆی هەموو جیهاندیدە فەلسەفییەکانی تێکڕای سەدەکانی ناوەڕاست بە هەرسێک بەشیەوە: جوولەکە، مەسیحی، ئیسلام، فەلسەفەی ئەرستۆ کارا و چالاک بووە. هەر بیرۆکەکانی ئەرستۆ بوون کە ئاگری لە پاوانی غەزالی بەرداوە و بەگژ فەیلەسووفەکانی تری دا کردووە، بە تایبەتی لە بابەتی کۆنی جیهان، حەشرکردنی گیان و لەش، زانینی ڕەب!

**سەرچاوە و پەراوێز:**


1- Jan P. Beckmann: Einfuhrung in die Metaphysik. Fernuniversitat in Hagen 2009. S.40-41. ff.

2- Aristoteles: Metaphysik. Ubers. von Friedrich Bassenge. Akademie Verlag Berlin 1990. Para: 980 a. 21-27. ff.

3- Aristoteles: Metaphysik. 981 a.15. 982 b.27.

4- Jan P. Beckmann: Ebenda. S.78. ff.

5- Aristoteles: Metaphysik. 1003 a.21-26.

6- Aristoteles: Metaphysik. 1003 b.5-10. ff.

7- Aristoteles: Physik Buch IX. 219 B.

8- Aristoteles: Metaphysik. Buch IX. 1049 b.

9- Aristoteles: Physik Buch V. 225 a. 25.

10- Aristoteles: Metaphysik. Buch 12, kapt 7. Parag 1072. a-25.

11- Aristoteles: Metaphysik. B. 12. Para 1072 b-30.

12- Aristoteles: Physik. Aq: 192. a 31.

13- Disse, Jorg: Ebenda. S.71.

**هەروەها بڕوانە:**

- Dissi, Jorg: kleine Geschichte der abend Land- Schen Metaphysik. 1-armstadt, 2001. S.80 ff.

- Aristoteles; Metaphysik. Buch 7. K.3.Para 1029 a.

# هەڕاجی کتێبخانەی ئەمانوڵڵاخان (غوڵامشاخان) والی ئەردەڵان

سەید سەباح حسەینی(*)
(سەقز)

**کورتە:** مێژووی کورد بەتایبەت مێژووی ئەدەبی کوردی بەداخەوە گەلێک نهێنی و ونی تێدایە، چونکە تا ئێستا لەم مێژووە دووورودرێژەدا زۆربەی ڕووداوەکانی کۆمەڵگا تۆمار نەکراوە، هەزاران ڕووداو ڕووی داوە کە ئەمڕۆ ئێمە ئاگامان لە زۆربەیان نییە.
لە مێژووی کورددا میرانی ئەدەبدۆستی زۆرمان هەبووە کە لە کتێبخانەکەیاندا هەزاران بەرگ کتێبی دەگمەن و نایاب هەبووە کە لە دوای خۆیان هەمووی کەوتوونەتە بەر لافاوی تاڵان و لەناوچوون. یەکێک لە میرانی ئەردەڵان کە پیاوێکی خاوەن هەست و ئەدەبدۆست و بنووس بووە، ئەمانوڵڵاخان مەشهوور بە غوڵامشاخانە کە کتێبخانەیەکی دەگمەن و نایابی هەبووە و لە دوای کۆچی، بێجگە لەو کتێبخانەیەی کە هەیبووە، تەواوی موڵک و ماڵەکەشی هەڕاج کراوە. ئەم وتارە باسێکە لەسەر کەسایەتی ئەدەبی غوڵامشاخان، هەروەها بەسەرهاتی ئەو کتێبخانەیە. بەڵگە لێرە بۆ هەڕاجی کتێبخانەکە، کتێبێکە کە لەو هەڕاجەدا فرۆشراوە و ئێستا لەبەر دەستدایە.
وشە سەرەکییەکان: ئەردەڵان، غوڵامشاخان، کتێبخانە، هەڕاج، ئەدەب، کەنزوللوغات، مێژوونووسانی کورد و دەسخەت.

## سەری قسە

بنەماڵەی ئەردەڵان یەکێک لە بنەماڵەکانی ناوداری کوردستانە کە چەند سەد ساڵ یەک لە دوای یەک لە ساڵی ٦٠٦ تا ١٢٨٤ی کۆچی کە غوڵامشاخانی ئەردەڵان کۆچی دوایی کرد، دەسەڵاتداری بەشێکی گرنگ لە کوردستان بوون. لە ناو میرانی ئەم بنەماڵەیەدا چەند کەس، بێجگە لە کەسایەتی سیاسی لایەنگری شیعر و ئەدەب بوون و خۆیشیان دیوانە شیعریان هەیە. لەوانە

دەتوانین ئاماژە بە خەسرەوخانی ناکام، ڕەزاقوڵی خان و غوڵامشاخان بکەین. لایەنگری چینی دەسەڵات لە زانست، بەتایبەت لە ئەدەب و شیعر بووەتە هۆی ئەوەی کە ژووری دەسەڵاتداریان ببێتە مەکۆی نووسەران و شاعیران و زانایان و لە کتێبخانەکانیاندا هەزاران بەرگ کتێبی دەگمەن و نایاب کۆ ببێتەوە. ئەم تایبەتمەندییە لەناو زۆربەی میرانی کورددا هەبووە. میرانی عیمادیە، میرانی بابان، میرانی بدلیس و...تاد.

یەکێک لە میرانی ئەردەڵان کە پیاوێکی زیرەک و بنووس و شاعیر بووە، ئەمانوڵڵاخان مەشهوور بە «غوڵامشاخان»ـە کە ژیانێکی پڕ لە هەوراز و نشێوی هەبووە. لە چەند سەرچاوەیەدا کە باسی غوڵامشاخان کراوە، هەندێ زانیاری باشیان نووسیوە، بەڵام وا دیارە ئەو زانیاریانە ناتەواو بێ و سەرجەمی مێژوونووسان نەقڵێکی ناتەواویان گێڕابێتەوە، ئەوەش بەسەرهاتی کتێبخانە و موڵک و ماڵەکەی غوڵامشاخانە.

## غوڵامشاخان و کەسایەتی ئەدەبی

ئەمانوڵڵاخان کوڕی خەسرەوخان کوڕی ئەمانوڵڵاخانی گەورە، والی ئەردەڵان مولەققەب بە "زیائولمولک" (تاریخ مشاهیر کرد ١٣٨، ج٣، ص٢٨٥) مەشهوور بە "غوڵامشاخان" لە ساڵی ١٢٣٩ی کۆچی لە دایک بووە.

دایکی ئەمانوڵڵا، حوسنا جیهان خانم کچی فەتحەلی شای قاجار بووە. (یادی مەردان، ب٢، ل٣٩١) چون لە دەرباری شای قاجار ئەڵقەی غوڵامی لە گوێی دەکا و پێی دەڵێ غوڵامشا (تاریخ مردوخ، ج٢، ص١٦٩؛ یادی مەردان ج٢، ص٣٩٠) هەر بەم بۆنەیەوە هەم ئەمانوڵڵای پێ دەڵێن، هەم غوڵامشاخان. لە دوای مردنی خەسرەوخانی ناکام لە ساڵی ١٢٥٠ی کۆچی بە هۆی تاعوون (تاریخ مردوخ، ج٢، ص١٦٤؛ حدیقە ناصریە، ص١٨٠؛ لە "سیرالاکراد"ی بابانیدا نووسراوە بە هۆی خواردنی شەراب مالیخۆلیا دەگرێ و دەمرێت، ص٧٢) ڕەزاقوڵی خانی کوڕی کە تەمەنی دە ساڵ بووە، دەبێ بە جێنشینی (حدیقە ص١٨٠؛ سیرالاکراد ص٧٢، تاریخ مردوخ، ج٢، ص١٦٤) لە پاش دوو ساڵ ئەمانوڵڵاخان بە جێی ڕەزاقوڵی برای دەبێ بە والی کوردستان. ئەمانوڵڵاخان سەرجەم سێ جار بووەتە والی کوردستان: جاری یەکەم کە وتمان لە دوای لابردنی ڕەزاقوڵی خانی برای دەبێ بە والی، پێنج مانگ دەمێنێتەوە. جاری دووەم دیسان لە دوای سەرکار هاتن و



غوڵامشاخانی ئەردەڵان

لابردنی دووبارەی ڕەزاقوڵی خانی برای دەبێ بە والی. حەدیقەی ناسریە مێژووی سەرکار هاتنی ئەمانوڵڵاخان بۆ جاری دووەم ڕۆژی شەممە ١٤ی ڕەبیعولسانی ١٢٦٥ی کۆچی نووسیوە. جاری سێیەم لە ساڵی ١٢٧٧ی کۆچی تا ١٢٨٤ (سەدەهای سروری، ١٣٨٩، ص٩٣) و سەرجەم بیست ساڵ والی کوردستانی ئەردەڵان بووە. (تاریخ مردوخ، ج٢، ص١٨٦)

دەورانی ژیانی غوڵامشاخان، هەروەها دەسەڵاتداری ئەو پڕە لە هەوراز و نشێو، چەند ڕووداوی نالەبار وەک "ڕووداوی کاروانسەرا" ڕووی داوە. (حدیقە ناصریە، ص١٦٩؛ تاریخ مردوخ، ج٢، ص١٧٧-١٧٨) غوڵامشاخان لە ڕۆژی سێ شەممە ٩ی جومادی سانی ساڵی ١٢٨٤ی کۆچی، کۆچی دوایی کردووە. (حدیقە ص٢٠٢؛ تاریخ مردوخ، ج٢، ص١٦٩)

غوڵامشاخان لە بواری بیروڕای دینییەوە بە هۆی ئەوەی کە دایکی کچی فەتحەلی شای قاجار بووە، مەزهەبی خۆی گۆڕیوە و بووە بە شیعە، هەر ئەمەش بووە هۆی گەلێک ناکۆکی لە نێوان ئەو و خەڵک و زانایانی کوردستان. ئەمانوڵڵا لە سەرەتادا لایەنگری دەروێش و سۆفی و خانەقا دەبێ، بەڵام پاش ماوەیەک ڕوو لەمانە وەردەگێڕێ و دەبێ بە دژیان و لە دواییدا دەبێتە ڕێڕەوی

فیرقەی "شێخییە" کە شیعە مەزهەب بوون. (مردوخ، ج٢، ص١٧٦) غولامشاخان، بێجگە لە کەسایەتی سیاسی پیاوێکی زانا و شاعیرێکی بەرز بووە و شیعری زۆر بەرزی بە فارسی و کوردی (هەورامی) لێ بەجێ ماوە. ئەم شیعرانە تا ئێستا کۆ نەکراونەتەوە.

پلەی زانایی و شاعیری غولامشاخان ئەوکاتە دەردەکەوێ کە کەسایەتییەکی گەورەی ئایینی و ئەدەبی وەک مەولەوی تاوەگۆزی سەردانی کردووە و پێوەندییان هەبووە. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێین کە مەولەوی پیاوێکی دەرباری و سەر بە دەسەڵات نەبووە. لام وایە پێوەندی و دۆستایەتی مەولەوی و غولامشاخان هی ئەو سەردەمە بووبێ کە غولامشاخان پێوەندی بە شێخ و خانەقاوە هەبووە و نەچووبووە سەر مەزهەبی شێخی.

وەک وتمان غولامشاخان شاعیرێکی بەرز بووە. لێرەدا دوو نموونە لە شیعری فارسی و کوردی ئەو دێنینەوە. یەکێ لە شیعرە بەرزەکانی غولامشاخان، شیعری "میرزام زام حەی"ـە کە چەند بەیتی لێرەدا بۆ نموونە دێنینەوە:

**میرزام زام حەی میرزام زام حەی**
**دانایان دەور دانش کەردە تەی**
**ئەفلاتون فامان حەکیمان حەی**
**پەی ئازار دڵ نێشان دان دوبەی**
**هۆ ڕێزام دەردم شاران کەردم تەی**
**ناگا دیم دوبەی ئەسەر شاخەی نەی**
**بەی چ بەی؟ پەمەر نەو نمام نەی**
**خۆلاسە و خۆش بۆ خۆش مەزە چون مەی**

(یادی مەردان، ب٢، ل ٣٨٥؛ کەشکۆڵی دەسنووس)

شیعری فارسی:


**گشته زمرد ز خاک باغ هویدا**
**خیز تو ساقی غنیمتست تماشا**
**شاهد محفل گل و بنفشه و نسرین**
**زینت مجلس گل و صراحی و مینا**
**صوت هزاران چو لحن دلکش داود**
**حمد کنان بر خدای قادر دانا**
**یار مرا بین که آمد از ره گلشن**
**کرد خجل سرو را ز قامت رعنا**

(تاریخ مشاهیر کرد، ج٣، ص٢٨٦)

غولامشاخان لە شیعردا وا دیارە "غولام" و "والی" نازناوی بووبێ. (یادی مەردان، ب٢، ل٣٨٨؛ تاریخ مشاهیر کرد، ج٣، ص٢٨٦) پلەی دەسەڵاتی بەسەر فارسی نووسیندا لەو نامەیەی کە بۆ مەولەوی تاوەگۆزی نووسیویەتی دەردەکەوێ. (یادی مەردان، ب٢، ل٣٨٩و ٣٩٠) لێرەدا جێگەی خۆیەتی کە ئاماژە بەمۆری حکوومەتی غولامشاخان بکەین وا دیارە یەک جۆر بووە، ئەوەی کە من خۆم دیومە بەڵگەیەکە کە لە ساڵی ١٢٧٦ی کۆچی نووسراوە بەم چەشنەیە: **"عبدەالراجی امان الله"**.

## هەراجی کتێبخانەی غولامشاخان

ئەگەر چاوێک بەسەر مێژووی کورددا بخشێنین، گەلێک میری ئەدەبدۆست و زانا دەبینین کە هەزاران بەرگ کتێبی دەگمەن و نایاب لە ژووری دەسەڵاتداریاندا هەبووە. سەد مخابن کە ئەمڕۆ لەو هەموو کتێبانە شتێک نەماوە. وەک کتێبخانەی ئەمیری زانا ئەبداڵ خانی بدلیسی کە بە پێی وتەی ئەولیا چەلەبی، سەدان کتێبی فارسی، تورکی و عەرەبی لە کتێبخانەکەیدا هەبووە و بە هۆی هێرشی ناپیاوانەی ئەحمەدپاشا والی وان لە ساڵی ١٠٦٦ی کۆچی هەموو لە بەین دەچێ. دەڵێن چوار هەزار بەرگ کتێب لە کتێبخانەی ئەم ئەمیرە هەبووە. (تاریخ



**لاپەڕەی ٢١١ لە کتێبی دەستنووسی کەنزولوغات کە لە هەراجی کتێبخانەی غولامشاخان فرۆشراوە.**

مشاهیر کرد، ج١، ص٢٠١) وەک وتمان لە ناو والیانی ئەردەڵاندا چەند کەس شاعیر و زانا هەبوون کە بەرچاوترینیان خەسرەوخانی ناکام، (حدیقه، ص١٧٨) ڕەزاقولی خان و غولامشاخان (یادی مەردان، ب٢، ل٣٥٨؛ حدیقه ص٢٠٣) کوڕانی خەسرەوخانن.

لە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە باسی میرانی ئەردەڵانیان بە گشتی کردووە، بە تایبەتیش باسی غولامشاخان کراوە، دوای باس کردن لە هەلومەرجی سیاسی سەردەمی ئەو، باسێکیان کردووە کە بە بڕوای من بە ناتەواوی گێڕاویانەتەوە. پوختەی ئەو نەقڵە بەم چەشنەیە کە: غولامشاخان لە ساڵی ١٢٨٤ی کۆچی مردووە و ئاماژەیان کردووە کە غولامشاخان دوو تایبەتمەندی هەبووە؛ یەکەم پیاوێکی ئەدەبدۆست بووە و زیاتر لە دوو هەزار بەرگ کتێب لە کتێبخانەکەیدا هەبووە و دووەم، زۆر ماڵ خۆشەویست بووە و زیاتر لە پەنجا پارچە موڵکی زۆرباشی لە دەوروبەری شاری سنەدا هەبووە. بەسەر هەموو ئەمانە، هەشتا هەزار تمەنی ئەو سەردەمە کە پارەیەکی زۆر بووە قەرزدار بووە. لە ئاکامدا بازرگانێکی ئیسفەهانی بە ناوی میر ئەبو تالیب لە ماوەی شەش ساڵدا ئەو قەرزەی داوەتەوە. (حدیقه، ص٢٠٣؛ تاریخ مەردوخ، ج٢، ص١٨٦؛ سیرالاکراد، ص٩٢؛ تاریخ مشاهیر کرد، ج٣، صص٢٨٥-٢٨٦) لە هیچ کام لەم سەرچاوانەدا نەنووسراوە کەچی بەسەر ئەم کتێبخانە و موڵک و ماڵە هاتووە. ئەوەندە نووسراوە کە ئەم قەرزە لە بەهرە و سوودی ئەو موڵک و ماڵە دراوەتەوە. لە حەدیقەی ناسریەدا دیسان هاتووە کە لە دوای کۆچی غولامشاخان سێ کوڕ و سێ کچی لێ بەجێ دەمێنێ و هەموو کوڕانی بە بەدبەختی و نەیاری ژیان دەبەنە سەر. (حدیقه، ص٢٠٣)

چەند ساڵە کە بەدوای ئاسەواری دەسنووس (مخطوط) و پاشماوەی زانایانی کورددا زۆر شار و دێی کوردستان گەڕاوم و بە خزمەت گەلێک زانا گەیشتووم و سەدان بەرگ کتێبی دەسنووسم دیوە و نوسخەم لێ هەڵگرتووە. ساڵی ٢٠٠٩ لە شاری سەقز دەسخەتێکی کۆنم چاو پێکەوت. لە دوای ماوەیەک کە بە وردی سەیرم کرد نووسراوەیەکم دی کە ڕازێکی ژیانی غولامشاخانی ئەردەڵان دەردەخا. تا ئەو ڕادەی کە من لێکۆڵینەوەم کردووە، لە هیچ سەرچاوەیەکدا سەبارەت بەم ڕووداوە شتێک نەنووسراوە کە ئەوەیش هەڕاجی کتێبخانەی غولامشاخانە.

وەک وتمان غولامشاخان پیاوێکی ئەدیب و بنووس بووە و موڵک و ماڵێکی زۆر و کتێبخانەیەکی گەورەشی هەبووە، هەروەها لە دوای کۆچ کردنیدا هەشتا هەزار تمەنی ئەو سەردەمە قەرزدار بووە. جێگەی سەرسوڕمانە کە کەسانی وەک نووسەری "حەدیقە"، "سیر الاکراد" و "تاریخ مەردوخ" و بە تایبەت نووسەری "حەدیقە" بە بڕوای من لەم مەسەلە ئاگادار بووە و بۆچی باسی لێ نەکردووە، خوا خۆی دەزانێ.

ئەوەش کە نووسراوە کە بازرگانێکی ئیسفەهانی ئەو هەموو قەرز و قۆڵەی غولامشاخانی داوەتەوە، بە بڕوای من جێگای سەرنج ڕاکێشانە. وا دیارە سەرجەمی موڵک و ماڵ و تەواوی کتێبخانەی غولامشاخان هەموو بۆ دانەوەی ئەو قەرزانە کە بوویەتی نریاگەسە هەڕاج. دەبێ بازرگانی ئیسفەهانی لە کڕیارانی ئەم هەڕاجە بووبێ، بەڵام بۆچی نووسراوە کە هەموو قەرزی داوەتەوە جێگەی سەرنجە. ئەم هەڕاجە یەک ساڵ دوای کۆچی غولامشاخان و هەشت مانگ دوای هاتنی فەرهاد میرزا مامی نەسرەددین شای قاجار بۆ کوردستان بووە.

## ئەم دەسخەتە

ئەم دەسخەتە ناوی "کەنزوللوغات"ـە کە فەرهەنگێکی عەرەبی - فارسییە، پێوانەی ٥.٢٦ cmلە ٥.١٧ cm کاغەزەکەی زۆر باشە، جلدەکەی چەرم و مقەبایە، ٨٣٩ لاپەڕەیە، لاپەڕەی یەکەمی داکەوتووە، کەوابوو لە ئەسڵدا ٨٤٠ لاپەڕە بووە. ساڵی نووسینەوەکەی ١٠٥٥ی کۆچییە، واتە ١٢٩ ساڵ پێش کۆچی دوایی غولامشاخان.

لە پەراوێزی لاپەڕەی ٢٢١دا نووسراوە: «هو المالک بالاستحقاق، بتاریخ شهر جمادی الاول ١٢٨٥ مطابق لوی ئیل ترکی بتوسط میرزا اسماعیل وزیر نواب مستطاب اشرف ارفع شاهزادەی ازاده فرهاد میرزا معتمدالدوله دام اقباله العالی در حراج کتابخانه مرحوم امان الله خان والی همین یکجلد کتاب را با پانزده جلد دیگر ابتیاع نمود طامع و غاصبش را نلعنهم الله و یلعنهم اللاعنون المذنب الاثیم عبدالکریم». واتە لە مانگی جومادی ئەوەڵی ساڵی ١٢٨٥ی کۆچی (ساڵی نەهەنگ) بە یارمەتی میرزا ئیسماعیل وەزیری شازادە فەرهاد میرزا لە هەڕاجی کتێبخانەی ئەمانوللا خانی والی ئەم کتێبەم لەگەڵ ١٥ کتێبی دیکەدا کڕی. لاپەڕەی پێنجی ئەم کتێبە، مۆری خەسرەو خانی ناکامی پێوەیە و

نووسـراوه سـاڵی ١٢٤٩، یانی یەک سـاڵ پێش مـردنی خـەسـرەو خـان. بە بڕوای من ئەم کـتـێـبـخـانـەیە وەک کـتـێـبـخـانەی بنەمـاڵەی ئەردەڵان بووە کـە بە داخـەوە لە کـــۆتـایی دەســـەڵاتی ئەردەڵانەکـــانەوە وەک زۆربەی ئاسـەوارەکانی لە بەین چووە. لە کـۆتایی ئەم دەسنووسـەدا چەند مۆر هەیە کە سڕاوەتەوە.

لە کۆتایی ئەم کتێبەدا نووسراوە: تم کتابت کتاب کنز اللغـات بعـون الخـالق الموجودات لاجل حکومت و اقـبـال پناه عزت و عـوالی دستگاه نصفت و معدلت انتباه خدا یگانا مقصود بیگا حصل الله اماله علی یدی احقر عباد الله جرمـا و اقـواهم جرمـا المحـتـاج الی رحـمـتـه الغنی عبدالخالق بن محمد الدوشلکی اللهم اغفر ذنوبهما بحق النبی و الـولی و الســبطین فی سنه ١٠٥٥ من هجــرته خیر البریه صلعم والسـلام، بەڵام ئەم عـەبدولکەریمە کـە ئەم کتێبەی کڕیوە، یەکێ لە گەورە پیاوانی ئەو سەردەمە بووە کـــە زانیـــاریـیـــەکم ســـەبارەت بە ژیانی دەست نەکەوتووە. ئەم کـتێبی کەنزوللوغاتە ئێستا لە لای من پارێزراوە.

## ئاکام

ئەم نووسراوە کە لەم دەسخەتەدا هەیە، بۆمان دەردەخا کـە مـێـژوونووسـانی وەک عـەبدولقـادری بابـانی، عـەلی ئەکـبـەری وقـایع نیـگاری کـوردسـتـانی و ئایەتوڵڵا مەردۆخی کوردستانی و...تاد بەسەرهاتێکی ناتەواویان گـێـڕاوەتەوە، چونکە ئەگـەر ئەو مـوڵک و مـاڵەی کـە غوڵامشاخان هەیبووە لە دەست بنەماڵەکەی، بە تایبەت کوڕەکانی بمایەتەوە بە پێی وتەی عەلی ئەکبەری وەقایع نیـگار لە دوای کـۆچی غـولامـشـاخـان هەمـوو ڕووت و قـووت و دەست خـاڵی نەدەبوون و بە بەدبەختی ژیانیـان نەدەبردە سـەر. (حـدیقـە، ص٢٠٣)ئەم وتارە بۆمـانی دەرخست کە غـولامشاخان تەنیا میری کورد نەبووە کە کتێبخانەکەی بەسەرهاتێکی ئاوای هەبووە، بێجگە لە مـیـرانی کـورد سـەدان زانا و شـاعـیـر و بنووسی کـورد هەبوون کە کـتـێب و ئاسـەواریان لە بەین چووە. ئەگـەر پاشـمـاوەی زانایانی کـورد و ئاسـەوارەکـەیان ئێسـتـاکـە بمایەتەوە، ئێسـتـا بە ئەندازەی یەکێ لە کێوە بەرزەکـانی کوردستان دەسخەتمان دەبوو.

(*) ماستەری زمان و ئەدەبی فارسی.


**سەرچاوەکان:**

**١- ئەردەڵان، مەستوورە "مێژووی ئەردەڵان" وەرگێڕانی: دکتۆر حەسەن جاف و شوکور مستەفا، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی دووەم ٢٠٠٥.**

**٢- بابانی، عـبـدالقـادر بن رسـتم، (سـیـرالاکـراد) بە کـوشش محمد رئوف توکلی ناشر مؤلف، چاپ دوم. تهران ١٣٧٧.**

**٣- حسەینی، سەید محەمەد سادق (کەشکۆڵ) دەسنووس، لەم کەشکۆڵەدا شیعری "میرزام زام حەی" هاتووە. (ئەسل نوسخە لە لای من پارێزراوە).**

**٤- حـەسـەن بەگی کـانی ناو "مـەندەی زەمـانە"، کـەشکۆڵی دەسنووس، لەم کـەشکۆڵەدا شـیـعـری غـولامـشـاخـان هاتووە. (نوسخەی عەکسی).**

**٥- روحانی، بابامردوخ "تاریخ مشاهیر کرد" ٣ج، چاپ دوم، سروش، تهران ١٣٨٢.**

**٦- شافعی، جلال الدین "جغرافیای تاریخی کوردستان" نۆبەی چاپ: یەکەم، ئینتشارات ن والقلم، تاران ١٣٨٧.**

**٧- قصری، محـمد کـامبیز "امراء اردلان" ناشر مولف، چاپ اول ١٣٨٧.**

**٨- قـاضی، مـلا مـحـمـد شـریف "زبده التـواریخ" به کـوشش: محمد رئوف توکلی، انتشارات توکلی، چاپ دوم، ١٣٨٧.**

**٩- مـحـەمـەد، عـەبدولکەریم "یادی مـەردان"، بەرگی دووەم، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٨٣.**

**١٠- مـردوخ، مـحـمـد "تاریخ مـردوخ" ٢ج، چاپ دوم غـریقی، ١٣٥١.**

**١١- وقـایع نگار، علی اکـبر "حدیقـه ناصـریه" به تصـحـیح: محمد رئوف توکلی، نشر توکلی، چاپ اول، تهران ١٣٦٤.**

**١٢- "بدایع اللغـه" به کـوشش: مـحـمـد رئوف توکلی، نشـر توکلی، چاپ اول، تهران ١٣٨٨.**

**١٣- "حـدیقـه ناصـریه و مـراه المظفـر" در جغـرافـیـا و تاریخ کردستان، به کوشش: محمد رئوف توکلی، نشر توکلی، چاپ دوم، تهران ١٣٨٤.**

**١٤- "عشایر و طوایف کرد" به کوشش: محمد رئوف توکلی، نشر توکلی، چاپ دوم، تهران ١٣٨٧.**

**١٥- هادیان، کـورش «سـدەهای سـروری» نگاهی به تاریخ و جغرافـیـای کردسـتـان اردلان. نشر کن کاش، چاپ اول. اصفـهـان ١٣٨٩.**

**١٦- کـەنزو لوغـات، دەسنووس، لە سـاڵی ١٠٥٥ کـۆچی نووسراوەتەوە. دەسخەت (ئەم نوسخە لە لای من پارێزراوە).**

**١٧- چەند قەباڵە و سەنەدی سەردەمی خەسرەو خان، ڕەزاقولی خـان و غـولامـشـاخـان، دەسنووس. (ئەم قـەباڵەگـەلە لە لای من پارێزراوە).**

# ڕاگەیاندن لە ڕوانگەی تیوری کۆمەڵایەتییەوە

د. ڕەشاد میران
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

زێدەکردنی مەعریفە و گۆڕینی فیکر و بیرکردنەوەی ئەندامانی کۆمەڵ، واتە سەرلەنوێ دروستکردنەوەی هۆشیاریی خەڵک، پیشەسازییەکی قورسە و ئەمڕۆکە بەهێزترین دەسەڵات و دەزگایەکانی جیهان بە پێشکەوتووترین تەکنۆلۆژیا کاری تێدا دەکەن، ئامرازەکەشیان لەمەدا شێوازەکانی گەیاندنی جەماوەرییە، بەتایبەتیش ڕاگەیاندن - لێرەشدایە مەبەست و ئامانجەکانی زۆرانبازی و تەقەللا بۆ دەسبەسەرداگرتن و ملکەچکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پەیامنێرانیان- قۆرخکردنی دەزگای ڕاگەیاندن، واتە داگیرکردنی "عەقڵی مرۆڤ".

تیورە کۆمەڵایەتییە ناسراوەکان (گەشەکردن، بڵاوبوونەوە، ئەرکگەرایی، بنیادگەری، بنیادگەرایی ئەرک، مارکسی...) کە ئێستا ئەوانە چوونەتە خانەی کلاسیکەوە، هەر هەموویان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە ڕاگەیاندن دەڕوانن؛ ئەگەرچی هەریەک لەو تیورانە، هەروەک لە ناوەکانیانەوە دیارە، لە جوغزێکی دیاریکراوەوە سروشت و پێکهاتە و ئەرک و دەور و کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندن شرۆڤە دەکەن.

هەرچەندە ئێستاش لە ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکاندا پەیڕەوکەرانی ئەم تیورانە هێشتا ماون، بەرهەم و چالاکییان هەر دەردەچن، بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە تیوری نوێ و سەردەمانەتر سەریان هەڵداوە، ئەمانە تادێ زێتر بڵاودەبنەوە و پەیڕەوکەرانیان زێدەتر دەبن، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە کلاسیکییەکان بەجارێک هەرەسیان هێناوە- دە هەر ئەم تیورە کلاسیکیانە و بەرهەم و توێژینەوەکانیان بوون بە بناغەی تیورە نوێیەکان.

وەرچەرخان لە ڕێباز و تیورەکانی توێژینەوە لە دیاردەی ڕاگەیاندن، بەتایبەتی لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ڕووی دا، کاتێک پسپۆڕ و شارەزایانی بوارەکانی سۆسیۆلۆژیا و ڕاگەیاندن دانیان نا بە ڕۆڵی جەماوەر و کارلێکی لەگەڵ پەیامی ڕاگەیاندندا.

تیوریای نوێ جەخت لەوە دەکات کە تاک بەشێکە لە کۆمەڵ و هەموو تاکەکان وەک یەک ناکەونە ژێر کاریگەریی پەیامەکانی ڕاگەیاندنەوە؛ لەکاتێکدا مۆدێلی هۆکاری Causality Model بنەمای سەرەکی زۆربەی تیورە کۆنەکان بوو بۆ سەلماندنی کاریگەرییەکانی پەیامی ڕاگەیاندن- بەم شێوەیەی خوارەوە:


پەیام ← جەماوەر ← هۆکاری یاریدەدەر ← باندۆر

تیوری نوێ چیتر کار بەم مۆدێلەی "هێڵی ڕاست" ناکات، بەڵکو بۆچوونەکانی چڕدەکاتەوە سەر تاکەکەس لەمیانەی کۆمەڵەکەیدا، نەک پەیامەکە خۆی، باندۆر و کاریگەرییەکەی، کەواتە جیاوازی هەرەگەورە لەوە دایە کە تیوریای نوێ وەک توخمێکی چالاک و کاریگەر دەڕوانێتە جەماوەر، نەک جەختکردنەوە سەر پەیام و پشتگوێ خستنی جەماوەر، وەک بڵێی ئەم جەماوەرە بەرانبەر بە هێز و توانایی پەیامی ڕاگەیاندن نەرێنی و لاوازە.

ڕایمۆند باور لە ناوەڕاستی شەستەکاندا چەمکی" جەماوەری کەللە ڕەق The Obstinate Audience"ی داهێنا و ئەوەی خستەڕوو کە توێژینەوەی زانستی لەسەر ڕاگەیاندن تا ئەو کاتە نەیتوانیوە جەخت بکاتە سەر جەماوەر بەهەمان ئاستی دیراسەکردنی پەیامنێر (نێرەر)،

ئەمەش لەڕاستیدا وەرچەرخانێک بوو سەبارەت بە دەور و کاریگەریی جەماوەر لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا کە، وەک باور دەڵێ، کەللەڕەقە و بەئاسانی ناکەوێتە بەر کارتێکردنی ڕاگەیاندنەکانەوە؛ جەماوەر بەدوای ئەو بابەتانە دەگەڕێ کە خۆی دەیەوێ و خۆیی دەداتە بەر هەژموونەکانییانەوە.

جەماوەر هەمیشە توخمێکی کۆنپارێزە Con-servative و لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا ئەم بابەتانە هەڵدەبژێرێ کە باوەڕ و بیر و بۆچوونەکانی بەهێزدەکەن و بەرەنگاریی لێشاوی زانیارییەکان دەبێتەوە و خۆی هەمیشە لە هەڵوێستێکی داکۆکیکاریدا دەنوێنێ و کەللەڕەقانە پێداگیریی دەکات. لێرەشدا گرنگیی



**تیۆدۆر ئەدۆرنۆ**

لەڕادەبەدەری ئەو ئەرکەی ڕاگەیاندن دەردەکەوێت کە پێشتر ناومان نا "دروستکردنی هۆشیاری " کە چەندە سەختە هۆشیارییەکی نوێ بۆ جەماوەری کەللەڕەق دابێنی.

خەڵک پێشوازیی لەو جۆرە ڕاگەیاندنە دەکات کە لەگەڵ فیکر و بۆچوون و خولیاکانی دەگونجێ و خۆشی لە جۆرەکانی تر بەدوور دەگرێ؛ لەم ڕوانگەیەشەوە، تیور و گریمانەکانی گەیاندنی جەماوەری زێتر بایەخ دەدەن بەچۆنیەتی بەکاربردنی ڕاگەیاندن لەلایەن خەڵکەوە و ئاستی کاریگەریی بەسەریانەوە.

**گریمانەی دانانی پلان** Agenda-setting Hypothesis:

ئەم گریمانەیە پشت بەستووە بە هێز و توانایی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی ڕای گشتیدا، بۆ ئەمەش ڕاگەیاندن دەبێ هەمیشە پلانی تۆکمەی هەبێت سەبارەت بە جەختکردن لەسەر هەندێ بابەت و پشتگوێ خستنی هەندێکی تر، واتە دانانی خشتەیەکی بیرکردنەوە بۆ وەرگر... لێرەدا بێ گومان زێتر قسە لەسەر ڕاگەیاندنێکی ئاراستەکراوە، بەتایبەتیش ڕاگەیاندنی فەرمی.

**ڕوانگەی پێداویستی و بەکاربردن**
:Uses & Gratifications

ئەم بۆچوونە جەخت دەکاتە سەر دەور و کاریگەریی جەماوەری وەرگر کە خۆی پەیامەکان هەڵدەبژێرێ و

کـاریان پێـدەکـات، نەک ڕاگـەیاندن ئاراسـتـەی بکات. خاڵە بەرچاوەکانی ئەم ڕوانگەیە:

- جەماوەر چالاک و کاریگەرە.
- جەماوەری وەرگر خۆی بڕیاردەرە.
- ئارەزوو و پێـداویسـتـیـیـەکـانی خـەڵک زۆر و جـۆراوجـۆرن، ڕاگـەیاندن دەتوانێ تەنیـا بڕێکی دیاریکراویان جێبەجێ بکات.

لەم ڕوانگەیەوە، توێژەر دەبێ ڕەگ و ڕیشـاڵە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی پێداویستییەکانی خەڵک بدۆزێتەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکات.

**مۆدێلی پشتبەستن** (ألاعتماد The Dependency Model):

لەم مۆدێلەدا پێوەندییەکی پتەو لەنێوان جەماوەر و ڕاگەیاندن و سیستمی کۆمەڵایەتیدا هەیە. جەماوەر پشت بە ڕاگەیاندن دەبەستێ لە وەرگرتنی زانیاریی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی- بەمەشەوە لە ڕوانگەی پێداویستی و بەکاربردنەوە نزیک دەبێتەوە.

لێرەدا ڕاگەیاندن لەم سێ ئاستەدا کاریگەریی دەبێ:

- مەعریفی .Cognitive
- هەستیاری .Affective
- ڕەفتاری .Behavioral

ڕاگەیاندن بەو مەعریفەیەی پێشکەشی دەکات، دوو لایەنەکەی تر دەورووژێنێ، کەواتە ڕاگەیاندن بە جۆری بابەتەکانی یارمەتی خەڵک دەدات بۆ تێگەیشتن لە ڕەوشەکە و نواندنی هەڵوێست و ڕەفتاری گونجاو لەگەڵیدا.

### تیوری توندوتیژی

ئەم تیوریایەش زێتر ڕاگەیاندنی بینراو دەگرێتەوە، بەو بابەتانەی کە توندوتیـژی دەخەنەڕوو و ڕاستەخۆ کاردەکەنە سەر بینەر، بەتایبەتیش منداڵ. ئەمە وای کرد کە توێژینەوەی زۆر لەسەر ڕاگەیاندن و ڕۆڵی لە بڵاوکردنەوەی توندوتیـژی لە کۆمەڵگادا بکرێت و دەزگاکانی پەروەردە لە سەرانسەری جیهاندا نارەحەتی و نارەزایی سەبارەت بەم بابەتە گرنگە دەربڕن.

لە ڕابردوودا، هەر لەمیانەی ئەم تیورەدا، ڕوانگەی بەتاڵکردن، یان پاککردنەوە Catharsis هەبوو سەبارەت بەوەی کە مرۆڤ بەڕێگەی بینینی کردەی توندوتیژییەوە لە مەیلی توندوتیژی ڕزگاری دەبێ کە لەئەنجامی گرفت و تێکشکانەکانیدا بۆی پەیادەبێ، واتە توندوتیژییەکەی بەتاڵ دەکاتەوە، کەواتە ئەم بۆچوونە دیمەنی پڕ لە توندوتیژی بە سوود دەزانێ.

هەرچی تیوری تازەیە بە پێچەوانەوە، نمایشکردنی کردەی توندوتیـژی لە تەلەڤزیۆن، یان سینەما، دەبێتە مایەی:

- وروژاندنی هەست و مەیلی بەکارهێنانی هێز و کردەی توندوتیژ.
- مرۆڤ هەمیشە لە تەماشاکردن و سەرنجدانەوە فێردەبێ.
- ئەم جۆرە دیمەنانە دەبن بە پاڵپشتی مەیلی شاراوەی توندڕۆ لای مرۆڤ کە لە ئەنجامی سەختی و توندییەکانی ژیاندا بۆی دروست بووە.

لە هەموو ئەو تیور و ڕوانگانەی سەرەوەدا، ڕوون دەبێتەوە کە:

- مۆدیلی دەروونی و مۆدێلی کۆمەڵایەتی هەریەک بەتەنیا ناتوانێ دیاردەی گەیاندنی جەماوەری، بەتایبەتیش ڕاگەیاندن، لێک بداتەوە.
- گەیاندن بەگشتی بە دوو توخمی سەرەکی گرێ دراوە: نێرەر و وەرگر کە پەیام بەیەکەوەیان دەگەیەنێ، ئەمانە هیچ یەکیان بەبێ ئەوی دی دەوری نابێ.
- دەوری چالاک و ئەرێنی وەرگر.
- گۆڕانی بۆچوون سەبارەت بە دەور و کاریگەریی سەرباشقەی ڕاگەیاندنی جەماوەری، بۆ سەیرکردنی وەک یەکێک لە هۆکارەکانی کارکردنەسەر وەرگر بە ڕەچاوکردنی توخم و ڕەگەزەکانی تری ڕەوشەکە بەگشتی.

* * *

پرۆسەی بەرهەمهێنانی کولتوور، بەتایبەتیش ڕۆشنبیری و کتێب، لە لایەن دەزگاکانەوە دەستی کرد بە ڕەچاوکردنی یاساکانی بزاوی ئابووری و مەرجەکانی؛ بەمەشەوە لەلایەک پشتگیری و پاڵپشتی میکانیزمەکانی ئابووریی زاڵ و باڵادەستی کرد، لەلایەکی تریشەوە خزایە ناو پلان و ستراتیژیاکانی ڕژێمی دەسەڵاتدارەوە- لەمەودوا ئیتر ڕۆشنبیری و کتێب دەرکردن بوو بە پرۆسەیەکی بازرگانی و ملکەچ بۆ مەرجەکانی بەکاربردن (استهلاک).

ئەم چوونە ناو جەستەی کولتوورەوە لەلایەن

شێوازەکانی ڕاگەیاندن و بەجیهانیکردنی ڕۆشنبیریی و سوودوەرگرتن لە توانایی لەڕادەبەدەری کتێب بە ئاراستەی بەهێزکردنی ڕەوتی بازرگانی، هەروەها بەهاوکاری دەسەڵاتەکانی ئابووری و سیاسی بووە مایەی ڕوودانی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتیی گەورە لە هەموو ئاستەکانی ژیانی ناو کۆمەڵگا و هەمان کات نێودەوڵەتیش.

وەک مێژوونووسانی ئەم قۆناغە بۆی دەچن، پرۆسەی گەشەسەندنی ڕۆژنامەنووسیی سیاسی و ئەدەبی کە لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەوە دەستی پێ کردبوو، لەسەدەی بیستەم بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژییەوە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە، بەهۆی گەشەکردنی خودی دەزگاکانی سیاسی و حوکمڕانییەوە، ڕۆژنامەنووسیی، شێوە و ڕوخساری نوێ و تازەی وەرگرت و زۆرێک لەمانە ملکەچی ڕێبازە سیاسی و ئاراستەکانیان بوون، بەمەشەوە ناوەڕۆکێکی سیاسییان بە پەیامە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانیان بەخشی، کە ئەم ناوەڕۆکە، گوزارشتی لە بەرژەوەندیی هەندێ لە دەزگاکان دەکرد؛ ئەمانەی دواییش، لەبری ئەمە، بوون بە سەرچاوەیەکی دارایی لەبن نەهاتوو بۆ ڕۆژنامەکان، ئەمەش، واتە لەدەستدانی سەربەخۆیی و بوون بە بەشێک لە دەزگایەکی سیاسی، یانیش دەسەڵاتی فەرمی - ئەگەرچی بەناوی جۆراوجۆر دەرکەوتن.

لە ڕاستیدا ئابووری و توانایی دارایی، هۆکارێکی بنچینەییە بۆ سەرکەوتن و بەردەوامبوونی ڕاگەیاندن، بەتایبەتیش ئەمڕۆ کە بۆ ئەمە پێویست بە تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو و گرانبەها هەیە؛ بۆیە سەیر نییە کە لەپشت هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن سپۆنسەرێک، یان کۆمەڵێک هەبن، سپۆنسەریش واتە خاوەن بڕیاری کۆتایی و سنووردارکردنی توانایی و بوارەکانی کارکردنی دەزگاکەیە.

ماکس هۆرکهایمەر و تیودۆر ئەدۆرنۆ لە شیکارییان بۆ بەرهەمەکانی پرۆسەی دروستکردنی هۆشیاری و بەرهەمهێنانی کولتووردا، بەو ئەنجامە گەیشتوون کە خەڵک پێشوازیی لەو بەرهەمانە دەکەن وەک قەرەبوویەک بۆ ئەو پێداویستییانەی کە لە واقیعدا ناتوانن دابینیان بکەن؛ ئاماژەیان بەوەش داوە کە ئەم بەرهەمانە لەگەڵ ئەوەشدا کە هەر جێگەی پێداویستییە ڕاستەقینەکانی خەڵک ناگرنەوە، زیاد لەوە ئەمانە ئەو تواناییەش لەدەست دەدەن کە جێگرەوەیەکی (ئەلتەرناتیڤ، بدیل) تر بدۆزنەوە بۆ گەیشتن بەم پێداویستییانە، ئەمەش ڕێک واتە "سڕکردن ".

ئامانج لەم سڕکردنەش دروستکردنی کەسی نەرێنی (نێگەتیڤ) بوو کە ملکەچ و ڕازیبە بەو واقیعەی لە ئارادایە و هەوڵی گۆڕین نادات.

هەر بەم بۆنەیەشەوە، ئەم دوو پسپۆڕە دەڵێن: کولتوورێک، یان ڕۆشنبیرییەک بەو بەرهەمە گشتگیرانەیەوە مەترسییەکی گەورەیە لەسەر هونەری بەرز، چونکە ئەو پێداویستییە ساختانە بڵاودەکاتەوە کە سەرمایەداریی دروستیان دەکات؛ لە کاتێکدا پێداویستییە ڕاستەقینەکان بریتین لە: ئازادی، داهێنان، بەختەوەریی.

**بۆ ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

*** د. علي ناصر كنانة - انتاج و اعادة انتاج الوعي. منشورات الجمل. بيروت ٢٠٠٩.**

*** د. رضوان باديني - تاريخ و سوسيولوجيا الصحافة العالمية، وزارة الثقافة، أربيل، ٢٠١٠.**

*** أ. د. عصام سليمان الموسى- المدخل في الاتصال الجماهيري، اربد، ٢٠٠٣.**

*** د. جبارة عطية جبارة، علم اجتماع الاعلام، الرياض، ١٩٨٥.**

*** حميد جاعد محسن الدليمي، علم اجتماع الاعلام، دار الشروق، عمان، ٢٠٠٦.**

# (نۆڤەچێنتۆ) ئەو تابلۆیەی کە نەکەوتە خوار

## (خوێندنەوەیەکی بوونناسیانەی فیلمی ئەفسانەی ١٩٠٠)

سەعید سلێمانی
(تاران)

کاتێک فیلمێکی دەرهێنراو لە ڕووی سیناریۆی ڕۆمانێکەوە دەبینین - پێش ئەوەی ڕۆمانەکە بخوێنینەوە - هەمیشە پەشیمانین لەوەی کە فیلمەکە لەزەت و چێژی وشەی لێ تێکداوین. واتە ئەو چێژەی کە لە ڕۆمانەکە دەبینین، هەرگیز فیلم ناتوانێ پێمانی ببەخشێ، سەرەڕای ئەوەش خوێندنەوەی ڕۆمانەکە تازە چێژی خۆی نابێ، هەر بۆیەش کورد گوتەنی: لە هەر دوو دین دەبین! ئەمە تەنیا ئەزموونی من نییە، بەڵکو بۆچوونی زۆربەی ئەوانەیە کە هەم هۆگری سینەمان و هەم لایەنگری ئەدەبیات، بە واتایەک ئەوانەی لەگەڵ هونەردا دەژین لەگەڵ ئەم کێشەیەدا بەرەو ڕوون.

جاری وایە خوێندنەوەی ڕۆمانێک هەفتەیەک کاتی پێویستە، هەر بۆیەش لەو ماوەیەدا مێشک و زەینی خوێنەر بەردەوام پێوەی سەرقاڵە و لەگەڵیدا دەژی، بەڵام سەیرکردنی هەر ئەو فیلمەی کە لە ڕووی سیناریۆی ئەم ڕۆمانەوە دەرهێنراوە، تەنیا دوو سێ کاتژمێر (بە لایەنی زۆرەوە) کاتی پێویستە، هەر ئەمە خۆی دۆخەکە ڕۆشن دەکاتەوە، بەڵام بە ڕاشکاوی دەڵێم کە دیتنی فیلمی (ئەفسانەی ١٩٠٠) (نۆڤەچێنتۆ)(١) لە لام - پێش ئەوەی نۆڤڵێتەکە بخوێنمەوە - بەم شێوەیە نەبوو، واتە هەرگیز پەشیمان نیم لەوەی کە پێش خوێندنەوەی چیرۆکەکە فیلمەکەم بینی. هەڵبەت ئەمە بە ڕێکەوت بوو، چونکە ئێستا هەرگیز پێش خوێندنەوەی دەقێک سەیری فیلمێک ناکەم کە لە ڕووی سیناریۆی هەمان دەقەوە دروست کرابێت.

ئەوەی ڕاستی بێت جیهانی وشە و جیهانی وێنە دوو دنیای جیاوازن، ئەگەرچی لە زۆر شوێندا دەبنە تەواوکەری یەکدی، بەڵام هەرگیز یەکیان جێی ئەوی دی

ناگرێتەوە و لەم نێوەشدا ئەوەی بە وشە دەکرێت هەرگیز وێنە خاوەنی ئەو تواناییە نییە. وشە دنیایەکی دیموکرات و ئازاد و والآی هەیە و لە خولقاندنی خەیاڵدا دەستێکی والآ و کاریگەرە، بەڵام بە پێچەوانەوە دنیای وێنە (فیلم) دنیایەکی داخراو و بەرتەنگە، هەر بۆیەش خەیاڵئافرێن نییە. ئەوەندەی کە بەردەنگ لە دنیای وشە (ڕۆمان)دا خۆی دەبینێتەوە، هەرگیز وێنە (فیلم) ئەو ئازادییەی بۆ دەستەبەر ناکات. وێنە ئەو هێز و سیحرەی نییە کە وشە دەیخولقێنێ. ئەوەی کە زمان دەیکات جیهانێکی دەروونی و خەیاڵییە، بەڵام جیهانی وێنە جیهانێکی دەرەکییە. زمان، یان وشە پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ زەین و ئەندێشەدا هەیە، بەڵام لە نێوان وێنە (فیلم) و زەیندا فیلتەرێکی دیکە هەیە، کە ئەویش چاوە، واتە پێوەندی نێوان وێنە و زەین پێوەندییەکی ناڕاستەوخۆیە. چاو لەو نێوەدا وەک بەربەستێک دەور دەگێڕێ کە ناهێڵێ هەموو چەمکەکان ڕاستەوخۆ بگەنە ناو زەین و لەم پێوەندییەدا دیاردەی بژاردە کردن دێتە ئاراوە، واتە مەرج نییە هەموو ئەوانەی کە لە ڕێی چاوەوە دەبینرێن، لەگەڵ زەیندا پێوەندی قووڵ بگرن. هەڵبەت مەبەست لەم وتەیە لە ڕووی هێرمینۆتیک و بواری نیشانەناسیانەوەیە، نەک لە ڕووی زانستی دەروونناسی و نۆرۆلۆژی.

فیلم، یان وێنە ئەندێشەیەکی نەبینراو دەکاتە بینراو، واتە چەمکێکی ئازاد و بێ سنوور دەخاتە بەندەوە و دەیبەستێتەوە و پێناسەیەکی دیاریکراو و سنوورداری پێ دەبەخشێ. وشە هەمیشە هەڵگری چەمکی شاراوەیە، بەڵام وێنە، یان ئەم چەمکانە ئاشکرا دەکات و لەو پانتاییە بەرینە فڕێیان دەداتە دەرەوە، یان ئەوەتا بۆ هەمیشە بزریان دەکات و بوونیان لێ دەستێنێتەوە.

هەروەک گوتمان جیهانی وێنە جیهانێکی داخراوە و جیهانی وشەش جیهانێکی والآیە، ئەمەش تەنیا لەبەر یەک هۆکاری تەواو ڕەها و تۆکمەوەیە؛ وێنە هەڵگری خوازە (Metaphor) نییە، بەڵام وشە، یان زمان پڕاوپڕە لە خوازە. لە ڕاستیدا خوازە تەنیا لە زماندا واتای خۆی وەردەگرێت و لە بنەڕەتدا تایبەتمەندییەکی زمانییە، کە واتە خوازە جیهانێکی بێ سنوور بەسەر زمان و وشەدا دەکاتەوە، بەڵام وێنە لەو تایبەتمەندییە بێ بەشە. وشە بوار بە خەیاڵ دەدات کە خوازە ئافرێنی بکات، بەڵام وێنە ئەم دەرفەتە بۆ چاو ناڕەخسێنێ. ئەو شوێنە بۆشانەی ناو دەق کە خوێنەر دەتوانێ پڕیان بکاتەوە لە ناو فیلمدا بەدی ناکرێن و دەرهێنەر ئەو دەرفەتانە دەقرتێنێ و لە ناویان دەبات.

بۆ کۆتایی ئەم باسە هەر وا باشە ئاماژە بە فیلمێک بکەین کە دەسەڵات و هێزی وشە بە شێوەیەکی تۆخ دەخاتە ڕوو. لە فیلمی کتێبخوێندا (The Reader) تێ



نەگەیشتن لە وشە بەرانبەرە لەگەڵ مەرگ. کارەکتەری فیلمەکە ئامادەیە بمرێت، بەڵام ئامادە نییە ئەو ڕاستییە قبووڵ بکات، یان ئەوانی دی پێ بزانن کە ئەو لە سیحری وشە تێناگات. ئەو هەر کاتێک دەچێتە ناو دنیای وشەوە تا ئەوپەڕی سنوور سەرسام دەبێت و دووچاری شڵەژانێکی خورپەئامێزی دەروونی دێت و هەموو گیانی هەنیسک و فرمێسک دایدەگرێت. سیحری وشە لای ئەو ئەوەندە کاریگەرە کە تەنانەت هەستی سێکسییانەی دەورووژێنێت و هەر جارێک بۆ ئەوەی لەگەڵ کوڕەی دەزگیرانیدا ئامێزان بێت، دەبێ کتێبێکی بۆ بخوێنێتەوە.

* * *

فیلمی ئەفسانەی ١٩٠٠ (نۆڤەچێنتۆ) لە دەرهێنانی «ژۆزەپ تۆرناتۆرە» دەرهێنەری ناوداری ئیتاڵیایە. ئەم فیلمە لەسەر سیناریۆی نۆڤلێتێکی نووسەرێکی ئەو وڵاتە، واتە «ئەلیساندرۆ باریکۆ» دروست کراوە. یەکەم

جار نزیکەی دە ساڵ لەمەوبەر وتارێکم لەسەر کارەکانی ئەم نووسەرە خوێندەوە کە لەودا کورتەیەکی ڕۆمان و نۆڤلێتەکانی خرابووە ڕوو. وابزانم دوو ساڵ دواتر بۆ یەکەم جار فیلمی ئەفسانەی ۱۹۰۰م بینی، هەر کە بینیم کورتەی نۆڤلێتەکەم بیرکەوتەوە. ئێستا ئەو نۆڤلێتە سێ وەرگێڕانی لە فارسیدا هەیە کە دووم خوێندووەتەوە، سەرەڕای ئەوەش دوو ڕۆمانی دیکەم لە باریکۆ خوێندووەتەوە، کە بە ڕای من هیچیان – وەک ناوەڕۆک – بە قەد نۆڤەچێنتۆ سەرکەوتوو نین. باریکۆ لەو نۆڤلێتەدا کە بە شێوازی تاکبێژی دەگێڕێتەوە، باسی کەسێک بە ناوی «نۆڤەچێنتو»، یان ۱۹۰۰ دەکات کە لە کەشتییەکی گەشتیاریدا لە دایک دەبێت و دواتر لەوێدا دەبێتە ژەنیارێکی گەورەی پیانۆ و دواجاریش هەر لەوێدا لەگەڵ کەشتییەکە لەناو دەچێت. نۆڤەچێنتۆ هەرگیز لەو کەشتییە – تەنانەت بۆ یەک جاریش – دانابەزێ، هەر ئەمەش دەبێتە هەوێنی سەرەکی چیرۆکەکە و دواتریش فیلمەکە.

باریکۆ هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەدا ڕستەیەکی چارەنووسساز دەڵێ، کە لام وایە تەواوی چارەنووس و بوونی کارەکتەرەکە بەم ڕستەوە بەستراوەتەوە: «لە کەشتی دەتوانی دابەزی، بەڵام لە ئۆقیانووس نا.» ئەوەی کە ناتوانێ لە ئۆقیانووس پێ بنێتە دەر، واتە ئۆقیانووس نیشتمانی ئەزەل و ئەبەدیەتی، واتە «بوون»ی بە ئۆقیانووسەوە بەستراوەتەوە. باریکۆ لە درێژەدا دەڵێ: «ماڵی ئەو ئۆقیانووس بوو، بەڵام زەوی، بەڵێ، ئەو هیچ کات قاچی نەخستبووە سەری... ڕاستیتان بوێ، نۆڤەچێنتۆ لە چاوی دنیادا بوونی نەبوو؛ نە شارێک، نە کڵێسایەک، نە نەخۆشخانەیەک، نە زیندانێک، نە یانەیەکی بەیسبۆڵ، هیچ شوێنێک نەبوو کە ناوی ئەوی تێدا تۆمار کرابێ. ئەو بێ نیشتمان بوو.»

نۆڤەچێنتۆ کەسێکی بێ نیشتمانە، ئەو لە پانتایی جیهان فڕێ دراوەتەدەر و خراوەتە ناو پانتاییەکی گەڕۆک کە جیهان وەخۆی ناگرێت. ئەو کەمینەی کەمینەکانە، چونکە کەمینەکان بێ نیشتمانن. کەمینەکان ئەگەرچی نیشتەجێی نیشتمانی کەسانی ترن، بەڵام نۆڤەچێنتۆ هیچ کە بێ نیشتمانە نیشتەجێی نیشتمانی هیچ کەسی دیکەش نەبووە، هەر بۆیەش دانابەزێتە سەر خاکی ئەوانی دی.

مەکس (تیم)(۲) واتە زورناژەنەکەی هاوڕێی لێی دەپرسێ: «نۆڤەچێنتۆ... بۆ دانابەزی؟ بۆچی؟ بۆچی؟»، بەڵام ئەمە پرسیارێکە کە هەر تەنیا نۆڤەچێنتۆ خۆی دەتوانێ وەڵامی بداتەوە نە هیچ کەسێکی تر. شایەد خۆیشی وەڵامێکی پێ نەبێ و هەر تەنیا هەست بەوە بکات کە ناتوانێ، ناتوانێ دابەزێ، چونکە دابەزین واتە کۆتایی خۆی، کۆتایی «من» و دەست پێکردنی هەزاران شتی بێ کۆتایی دیکە. هەروەک خۆی لە وتووێژ لەگەڵ مەکسدا ئاماژەی پێدەکات. ئەو تەنیا دەتوانێ لەگەڵ یەک دۆخدا بگونجێ؛ خۆی بێ کۆتایی بێ و شتەکان کۆتاییدار، بەڵام کاتێک دابەزێ ئەم هاوکێشەیە تەواو دەگۆڕێ و پێچەوانە دەبێتەوە، دنیایەکی بێ کۆتایی دەست پێدەکات و لەولاشەوە خۆی کۆتایی دێت. ئەو تەنیا بەرگەی یەک کۆتایی دەگرێت: «کۆتاییەکی پڕ شکۆ!» مەرگ!، بەڵام لەگەڵ کەشتییەکەدا، لەگەڵ نیشتماندا، لەگەڵ ئەو پێگەیەدا کە بوون لەودا واتای هەیە. ئەگەر لە ناو بچێت ئەویش لە ناو دەچێت، لەناوچوونی لەو شێوەیەش گەلێک پڕ شکۆیە، ئەگەر ئەو نەما ئیدی ئەمیش نامێنێ.

ئەو دەڵێ: «زەوی کەشتییەکە لە ڕادەبەدەر گەورەیە بۆ من... ئاوازێکە کە من ناتوانم بیژەنم. ببوورە، بەڵام من دانابەزم.» دابەزین واتە چکۆلاندنی خۆی و دان پێدانان بە گەورەیی دنیایەکی بێهوودەدا، دنیایەک کە شیاوی ئەو هەموو گەورەییە نییە. نۆڤەچێنتۆ لە وتووێژی کۆتاییدا لەگەڵ مەکس تەواوی فەلسەفەی ژیانی خۆی و دانەبەزینی لە کەشتییەکە دەخاتە ڕوو و پێمان دەڵێت کە لە شتە ناکۆتاکان و دیاردە بێ بڕانەوەکان دەترسێت و ناتوانێ بەرگەیان بگرێت. ئەو لە دنیایەکدا دەیەوێ بژی کە سنوورەکانی دیار بن و هەموو شتێک لەسەر جێی خۆی بێت، بەڵام کاتێک لەگەڵ دیاردەیەکی ناکۆتادا بەرەوڕوو ببێتەوە ئیدی چەمکەکان واتای خۆیان لە لای ئەو دەدۆڕێنن، هەر بۆیەش ئیدی ژیان بۆ ئەو دەبێتە ئەستەم.

نۆڤەچێنتۆ یەک جار بڕیار دەدات کە لە کەشتییەکە دابەزێ و بۆ هەمیشە بەجێی بێڵێ، بەڵام لەسەر پلیکانەکان هەڵوەستە دەکات و هەر لەوێ دوای بڕینی چەند پلیکانەیەک پەشیمان دەبێتەوە و کڵاوەکەی هەڵدەداتە ناو ئاوی دەریاوە و دەگەڕێتەوە ناو کەشتییەکە

کە دواتر وردتر باسی ئەو هەڵوێستەی ئەو دەکەین.
ئەو دواجار دەڵێ: «شتێک کە منی ڕاوەستاند شتێک نەبوو کە دیم، شتێک بوو کە نەمدی... لەم شارە زەبەلاحەدا هەموو شتێک بوو جگە لە..، بەڵام کۆتایی، کۆتاییەک نەبوو. شتێک کە نەمدی، شوێنێک بوو کە هەمووی ئەم شتانە کۆتاییان بێت، کۆتایی دنیا.» لێرەدا، لە وتەکانیدا وا دەردەکەوێت ئەوەی کە زیاتر وادەکات نۆڤەچێنتۆ دانەبەزێتە سەر زەوی هۆگری بە کەشتییەکە نییە، بەڵکو نەبوونی هۆگرییە بە دنیا. ئەو بە شوێن کۆتاییدا دەگەڕێ، بە شوێن شوێنێکدا کە بگاتە ئەنجام، بەڵام دواتر باس لە هەموو ئەو شتانە دەکات کە کۆتاییان دێت و تەواو دەبن. باسی هەموو ئەو دیاردانە دەکات کە دەگەنە ئەنجام، هەر بۆیە بە لای ئەوەوە ئیدی کەوتنە شوێنی دووبارەی ئەوانە، کارێکە بێ ئاکام و ئەنجام، هەوڵێکە تەواو پووچەڵ و بێ واتا. دواتر بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو ناوێکی لە ناو سەرنشینانی کەشتییەکەدا نییە، هەر بۆیەش ئەو بوونی نییە. ئەو دەبێ بچێتە ناو دنیایەکەوە کە هیچ شتێک لەسەر جێی خۆی نییە، تەنانەت دەبێ دەستی ڕاست لە جێی چەپ بێت، ئەمەش ڕاستەوخۆترین و ڕاشکاوترین ئاماژەیەکە بۆ چەوتی و نارێکی دنیا، تەنانەت ئەو دنیایە ئەگەر دنیای پاش مەرگ، یان بەهەشتیش بێت. بەهەشتی وا ئیدی دۆزەخێک زیاتر نییە هەروەک نۆڤەچێنتۆ خۆی دەڵێ: «دۆزەخ، لە ناو بەهەشت.».

کەشتی بۆ ئەو جیهانی واقیعە، دنیای دەرەوەش جیهانی ئەودیو. جیهانی ئەودیو تەنیا لە خەیاڵدا بەهەشتە، بەڵام لە واقیعدا دۆزەخە. ئەو بە خەیاڵی خۆشی و جوانییەکانی جیهانەوە دەژی و سەفەر دەکات، بەڵام ئامادە نییە پێ لە کەشتییەکە بنێتە دەر و بچێتە ناو جیهانی ئەودیو، چونکە ئەگەر بچێتە ناوی، هەموو خەیاڵ و خەونەکانی دەڕووخێن و لێی دەبێتە دۆزەخێکی هەمیشەیی، هەر بۆیەش ئەو لێدەگەڕێ تا بە خەیاڵەکانی جیهانەوە خۆش بێت.

نۆڤەچێنتۆ نایەوێ دابەزێتە سەر زەوی، چونکە ئەو بوونەوەرێکی زەوینی و خاکی نییە، خاک ئەو شوێنە نییە کە ئەو دڵی پێ بکرێتەوە. ئەو بوونەوەرێکی «نازەوینی»یە، هەر بۆیەش: «نۆڤەچێنتۆ هیچ کات لە بەندەرەکاندا نەیدەژەند و نەیدەویست لەوێ بژەنێت. بەندەرێک، هەرچی بێ بستێک خاکە، هەر بۆیەش ئەو حەزی نەدەکرد، نا.»، چونکە نۆڤەچێنتۆ ژەنیارێکی ئاوییە و خۆی و مۆسیقاکەی نەرمونیانن هەروەک ئاو.
باریکۆ دەڵێ: «هەستی ڕکابەری لە هەناویدا نەبوو.» ئاخر نۆڤەچێنتۆ لەسەر خاک نەژیاوە. هەموومان دەزانین کاتێک ناوی خاک و زەوی دێت بیری خاوەندارێتی و مولکداری دەکەوینەوە. مولکدارێتیش واتە دروستبوون



و دەست پێکردنی هەستی ململانێ و ڕکابەری بەردەوام. ئەمەیە کە نۆڤەچێنتۆ لەم هەستە تێناگات - ئەو ئەوەندە بەم هەستە نامۆیە کە تەنانەت دەیەوێ لەسەر ئەوە گرەو بکات کە لە دۆیەلی پیانۆکەدا جەلی مۆرتۆن دەیباتەوە نەک خۆی، چونکە ئەو بوونەوەرێکی زەوینی و خاکی نییە. ئەو لە ڕەگەزی ئاوە، ئاویش واتە نەرمونیانی و ناسکی، بەڵام خاک واتە ڕەقانی و زبری.
نۆڤەچێنتۆ کاتێک باسی شارەکان دەکات و وردەکاری و جوانییەکانی ئەو شوێنانە دەخاتە ڕوو خوێنەر، یان بینەر بیری «شارە نادیارەکان»ی ئیتالۆ کالڤینۆ دەکەوێتەوە. ئەو شارانەی کە هەرگیز نەبینراون، بەڵام خەیاڵ وێنای کردوون، هەر بۆیەش نۆڤەچێنتۆ مافی خۆیەتی کە ئەو دنیا خەیاڵییە ڕەنگاوڕەنگە بەجێ نەهێڵێت و جوانییەکەی نەشێوێنێ، چونکە ئەگەر پێ بنێتە وشکایی هەموو ئەو شوێنە خەیاڵیانە و تەواوی جوانییەکانی ناوی لە دەست دەچێت و دەبێتە بلقی سەر

ئاو. ئەوەیە کە نۆڤەچێنتۆ جوانی ئەو وەهمانە ناگۆڕێتەوە بە ناحەزی حەقیقەتەکان.

نۆڤەچێنتۆ هەر لە سەرەتاوە دەزانێ کە دنیای دەرەوە دنیایەکی دابڕاوە. دنیایەکە کە دەستی بە جوانییەکانی ڕاناگات. ئەو یەکەم جار کە کچە دەبینێت لەودیو پەنجەرەکەوەیە، چما دەڵێی لە دنیایەکی خەیاڵی دەڕوانێت. هەر لەو یەکەم نیگا و بینینەدا دەردەکەوێت کە ئەو لە سنووری دەست پێڕاگەیشتنی ئەو دوورە و هەوڵدانیش بۆ دەستخستنی ئەو کارێکی ئەستەمە، هەر بۆیەش لە فیلمەکەدا دیمەنی کچە لەودیو شووشەی دەلاقەی کەشتییەکەوە زیاتر لە دیمەنێکی خەیاڵی دەچێت تا وێنایەکی واقیعیانە.

خاڵێکی جیاواز کە لە نێوان دەقی نۆڤڵێتەکە و فیلمەکەدا هەیە، حوزووری ئەو کچەیە لە ناو فیلمەکەدا و ئەو ڕووداوانەی کە بە بۆنەی ئەوەوە دێنە ئاراوە، بۆ وێنە تۆمارکردنی ئاوازەکە لەسەر قەوان. ئەم بەشە لە نۆڤڵێتەکەدا نییە و دەرهێنەر بە فیلمەکەی زیاد کردووە و شایەد زۆربە ڕایان وابێت کە ئەم بەشە گرنگی دەقەکەی دابەزاندبێتە ئاستێکی نزم (کە زۆربەی جاران بەو شێوەیە.)، بەڵام بە ڕای من ئەگەرچی لە ئاستی قورسایی فەلسەفی دەقەکەی کەم کردووەتەوە و دایبەزاندووەتە خوار، بەڵام لە باری جوانیناسی و پێتاندنی چیرۆکەکەوە، ڕەهەندێکی زۆر جوانی بە فیلمەکە بەخشیوە و سەرلەبەری چیرۆکەکەی مرۆڤانەتر کردووە، هەر بۆیەش بە بڕوای من دەرهێنەر لەم بوارەدا سەرکەوتوو بووە، ئەگەرچی شایەد زۆر لە خوێنەران و ڕەخنەگران لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا کۆک نەبن و لایان وابێت کە بەم کارە تەنیا فیلمەکە بینەرپەسند کراوە و هیچی دی، هەر بۆیەش شایەد یەکێک لەو خاڵانەی کە بووەتە هۆی ئەوەی کە من بە فیلمێکی سەرکەوتووی دابنێم و هەروەک لە سەرەتاشەوە ئاماژەم پێکرد تەنیا فیلمێک بێت کە لە دیتنی (پێش خوێندنەوەی نۆڤڵێتەکە) پەشیمان نیم، ئەم هۆیە بێت.

بەڵام نۆڤەچێنتۆ چۆن دەتوانێ دەست لە ئەوینی کچە بشواتەوە؟! لە ڕاستیدا ئەو لە نێوان دوو جەمسەردا گیری کردووە؛ کەشتی و کچەکە. ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئەو تەنیا لە یەک حاڵەتدا دەتوانێ دەست لە ئەوینی کچە بشوات ئەویش ئەوەیە کە کەشتی ببێتە دیوێکی دیکەی عەشق، واتە مانەوەی لە کەشتییەکەدا خۆی شێوەیەکی دیکە بێت لە ئەوین، واتە کەشتی لە سنووری نیشتمان، یان پێگەیەک تێپەڕێت و ڕەنگی عەشق بە خۆیەوە بگرێت بە چەشنێک کە جەمسەری کەشتییەکە بەهێزتر بێت لە جەمسەری کچە. تەنیا ئەو حاڵەتەیە کە دەتوانێ قەناعەت بە نۆڤەچێنتۆ بکات بۆ مانەوە. لە ڕاستیدا مانەوە بۆ ئەو دەبێتە ئەرکێک کە لە ئاست پانتایی «بوون»ی خۆیدا لە ئەستۆیەتی، هەر بۆیەش ئەم «ئەرک - عەشق»ـە هێند بەهێزە کە هەموو دیاردەکان و شتە مادییەکانی دنیای دەرەوە لە پێناویدا قوربانی دەکرێن و بەم پێیە فڕێدانی کڵاوەکە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئەو قوربانی کردنە و بە بەجێهێنانی ئەو ئەرکە.

دیمەنی دابەزین لە کەشتییەکە یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین دیمەنەکانی فیلمەکەیە، دیمەنێک کە سەرەتا لە پشت سەری نۆڤەچێنتۆوە و دواتریش لە چاوی ئەوەوە پێشان دەدرێت. ئەو لە بەرانبەر دنیایەکدا پێشان دەدات کە لە ئاستیدا زۆر بچووکە. دنیایەکی تەواو مۆدێرن، پڕ لە تەلار و باڵەخانەی بەرز بەرز و بە یەک واتا دنیایەکی ئەمڕۆیی. دنیایەکی ڕەنگ خۆڵەمێشین و ناکۆتا و بێ سنوور کە تەنیا دووکەڵی لێ بەرز دەبێتەوە. نۆڤەچێنتۆ ناتوانێ بچێتە ناو ئەو دنیا تەواو مۆدێرنەوە، دنیایەکی نامۆ بە ئەو کە ژیان لە ناویدا بۆ ئەو ئەستەمە. ئەو لە بەرانبەر ئەم دنیایەدا سەرسامی دەیگرێ و ترسی لێ دەنیشێ. چاوی ئەو ناتوانێ بە ئەو هەموو قەرەباڵغی و ئاڵۆزییە خوو بگرێت. دابەزینی ئەو زیاتر لە سەفەرێک دەچێت لە بەهەشتەوە بۆ دۆزەخ. ئەو لە بەرانبەر ئەو دنیایەدا مات ڕادەمێنێ و هەنگاوی شل دەبێ و جووڵەی بۆ ناکرێ و لەوە تێدەگات کە تەنیا شتێک کە سەر بەو دنیا نامۆیەیە کڵاوەکەیەتی. کڵاو وەک هێما و سمبۆلێک بۆ شتە مادی و دنیاییەکان. ئەو وەک باوە ئادەم فریوی دنیای دەرەبەهەشت ناخوات و دووچاری گوناه نابێت.

لە دیدی ئێمەی خوێنەر، یان بینەردا ئەو لە فریشتەیەک دەچێت کە ئەگەر لە کەشتی (بەهەشت) بێتە دەرەوە و پێ بنێتە سەر زەوی ئەوە دووچاری گوناه دێت و ئاوێتەی چەپەڵییەکان دەبێت، بەڵام بە پێچەوانەی چیرۆکی بەهەشت و زەوی ئەوەی کە دواجار لە ناو

دەچێت بەهەشتە و ئەوەی کە هەرماو و جاویدانە زەوییە، بەڵام ئەم مانەوەیە مانەوەیەکی جوان نییە، بەڵکو ئەوەی کە لە زەینی ئێمەدا هەرگیز فەرامۆش ناکرێت وێنایەکە لە بەهەشت (کـــەشـــتی) و بوونەوەرەکـــەی ناوی واتە نۆڤەچێنتۆ.

مەکس چیرۆکی دابەزینی نۆڤەچێنتۆ لە کەشتییەکە بە چیرۆکی نێوان تابلۆیەکی شێوەکاری و ئەو بزمارەی کە پێوەی هەڵواسراوە دەشوبهێنێ. ئەو لای وایە کە باگومان ڕۆژێک بزمارەکە تابلۆکە بەردەدات و تابلۆکەش دەکەوێتە خوار، بەڵام ئەو دەست لێکبەردانە بە پێی گرێبەستێکە لە نێـــوان ئەو دوانەدا و کـــاتێکی دیاریکراوی بۆ دەستنیشـان کـراوە و لە شـوێن و چرکـەیەکی تایبـەتدا بزمـارەکـە تابلۆکـە بەردەدات و ئەویش تەق دەکـەوێتـە خوار. مەکس دەڵێ لە چرکەیەکی ئاواهیدا نۆڤەچێنتۆ بڕیاری دا لە کـەشـتیـیـەکـە دابەزێت، بەڵام دەبێ ئەمـە بزانین کـە: یەکـەم ئەوە کـە جـووتەی بزمـار و تابلۆ لەم جیهانەدا زۆرن و شایەد لە ناو یەکە بە یەکەی ژوورەکانی خودی کەشتییەکەدا جووتەی بزمار و تابلۆ بەدی بکرێن، بەڵام تەنیا یەک کـەشتی و یەک نۆڤەچێنتـۆ لە پانتـایی جیـهـاندا بەو شـێوە جووتەیان بەسـتووە. دووەم ئەوە کە دەبێ بزانین ئەگـەر تەنانەت بزمـار و تابلۆکـە خـاوەنی ڕوحیش بن، مـرۆڤ نین و بێ بەشن لە بوون و پێناسـەی مـرۆڤـانە، بەڵام نۆڤـەچێنتـۆ مـرۆڤـێکی خـاوەن بوون و پێناسـەیە و کەشـتییـەکەش پێگە و شوێنی سوکنایی و نیشتەجێبوونە کە هەموو چەمکە ئینسانییەکانی پێوە گـرێ دراون، هەر بۆیەشە تابلۆکە بە بزمارەکەوە شـایەد شل ببـێت، بەڵام ناکـەوێتـە خـوار و ئیـدی ئەم دەست لێکبەردانە سەر ناگرێت، چونکە ئەو تابلۆیەکی ئاسایی نییە، بەڵکو تابلۆیەکی بژاردەیە.

شایەد مانەوە لە شـوێنێکدا کە بڕیارە بتـەقێنرێتەوە و لەناو بچێت کارێکی تەواو گەوجانە بێتە بەرچاو، بەڵام چرکەیەک بیرکردنەوە لەوە کە نۆڤەچێنتۆ لەو کەشتییەدا لە دایک بووە و گەورە بووە و باشترین ئاوازەکانی تێدا ژەنیون، ئەو گەوجێتییە دەگۆڕێ بۆ بیرۆکەیەکی عەقڵانی و هەڵوێستـێکی ژیرانە. ڤـاسیلی نیکیتین لە کـتێبی «کورد و کوردستان»دا چیرۆکی کوردێک دەگێڕێتەوە کە کـاتی ڕاگواستن بۆ سیبریا بە فـەرمـانی سـتـالین، چۆن سەری خۆی دەدات لە چیمەنتۆ و مێشکی خۆی دەپژێنێ.

ئەو کەسە نۆڤەچێنتۆیەک بووە کە لە بوون و پێگەی خۆی هەڵیـانکەندووە، هەر بۆیەش ناتوانێ بەرگەی ئەم دابڕانە بگرێت. نۆڤـەچێنتـۆ دواجـار دەڵێ: «من کـە توانـایی دابەزینم لەم کەشتییە نەبوو، بۆ ئەوەی خۆم ڕزگار بکەم، لە کـــەشـــتی ژیانم دابەزیم.»، ئەمـــەش بە ڕای من ژیرانەترین بڕیارە!

* * *

بەڵام بە بۆچوونی من چەمکی ســـەرەکی تەواوی نۆڤلێت، یان فیلمەکە چەمکی پێناسەیە (Identity) و گـەڕانێکە بە دوای واتای «بوون»دا. ئەوەی نۆڤـەچێنتـۆ لەگەڵیدا بەرەوڕووە پێناسـەی تاکەکەسیانەی خۆیەتی. ئەو ئامادەیە هەمـوو شـتـێک لە پێناوی پاراسـتنی ئەو پێناسەیەدا قوربانی بکات، تەنانەت ئەگەر پاراستنی ئەو پێناسەیە بە نرخی گیـانی تەواو ببێت. بە بۆچوونی من دیمەنی فڕێدانی کڵاوەکە لە لایەن ئەوەوە بە باشترین شێوە چەمکی «پێناسە»ی پێناسە کردووە. هیچ دیمەنێک هێندە ڕاستەوخۆ ئاماژە بە ئەو بابەتە نادات. نۆڤەچێنتۆ کاتێک کڵاوەکە هەڵدەدات پشت لە تەواوی دنیا و شـتـەکـانی ناوی دەکات، تەنیا و تەنیا لەبەر پاراستنی ئەو پێناسە تاکەکەسیانەی خۆی، پێناسەیەک کە تەنیا بۆ خۆی واتای هەیە و بەس، تەنیا خۆی لێی تێدەگات و هیچی دی. لە دیدی ئێمەی خوێنەر، یان بینەر جگە لە سەرسوڕمان لەو جووڵە و کـردەوە وەهمـاوی و سـمـبـۆلیکەی ئەو، هیـچی دیکەمان دەست ناکەوێت، بەڵام نۆڤەچێنتۆ خۆی دەزانێت کـە بۆ کـڵاوەکـە فـڕێ دەدات. ئەو پێناسـەیەکی تۆکـمـە و یەکدەسـتی هەیە و لە ژینگەیەکدا شکڵی گرتووە کە بێ ئەو ژینگەیە واتای خۆی دەدۆڕێنێت. ئەمین مـەعلووف لە پێـشـەکی کـتـێبی «پێناسـە مـەرگـاوییـەکـان»دا دەڵێ: «پێناسـە شـتـێک نییـە کـە بکرێ لەت لەتی بکەیت.» وابزانم ئەمە لە مەڕ نۆڤەچێنتۆوە سەداسەد ڕاستە.

نۆڤـەچێنتـۆ تا زەمـانێک بوونی هەیە کـە لە نـاو کەشـتییـەکەدا بێت، چونکە هەرکە پێ لە کەشـتییـەکە بنێـتـە دەر ئیـدی بوونێکی نامـێنێ و پێناسـەی خـۆی دەدۆڕێنێ. بوونی ئەو بە بوونی کـەشـتـیـیـەکـەوە بەسـتراوەتەوە. ئەگەر کـەشـتییـەکەیش نەمێنێ ئەویش نامـێنێ، هەروەک دواجـاریش دەردەکـەوێت، هەروەها – وەک پێشـتریش ئاماژەمـان پێکرد – لێرەدا مـەسـەلەی نیشتمان و پێگەی مرۆڤ زەق دەبێتەوە. نیشتمان بۆ ئەو

ئەو کەشتییەیە کە لە ناویدا لە دایک بووە و گەورە بووە، هەر بۆیەش دواجار ناتوانێ بەجێی بێڵێ. نیشتمان بۆ ئەو مانای بوون و پێناسە دەدات. ئەم مەسەلەیە لە دەقەکەدا هێندە تۆخ دەرناکەوێت، واتە نۆڤڵێتەکە بە ڕادە و شێوەی فیلمەکە ئەم پێوەندییە دەرناخات.

نۆڤەچێننتۆ کاتێک دەیەوێ لە کەشتییەکە دابەزێ کڵاوەکە فڕێ دەدات. بۆچی؟ چونکە کڵاو، یان هەر شتێکی ماددی دیکە سەرەڕای ئەوەی کە شتێکی تاکەکەسی و پێوەندیدار بە خودی تاکی مرۆڤەوەن، بەڵام لە هەمان کاتدا شتێکن لە دەرەوەی «بوون». کڵاو هێما و ئاماژەیەکە بۆ شتە ماددی و دنیاییەکان کە پێوەندییان بە پێناسە و بوونەوە نییە، بەڵام خودی مرۆڤ نا. دەکرێ کڵاوەکە و شتەکانی دی بخەیتە دەرەوەی هەرێمی بوون، بەڵام خودی مرۆڤ وەک تاک نا. مەکسی هاوڕێی کەسێکە لە بەرانبەر نۆڤەچێننتۆدا. ئەو کەسێکی بێ نیشتمان و بێ پێگەیە، هەر بۆیە بە هیچ نەریت و پرەنسیپێکی لەو شێوەیە پابەند نییە، ئەمەش لە هەڵسوکەوت و دانیشتن و ئاکاریدا ڕەنگ دەداتەوە.

کاتێک نۆڤەچێننتۆ لەسەر پلیکانەکان هەڵوێستە دەکات، بینەر، یان خوێنەر هەست دەکات کە ئەو دوو ئەگەری لە بەردەمدایە: دابەزین، یان مانەوە؟ بەڵام ئەگەر بە لایەنی بوونناسیانەی ژیانی ئەودا قووڵ ببینەوە دەزانین کە ئەو هیچ ئەگەرێکی دیکەی لە بەردەمدا نییە؛ بوونی ئەو واتە مانەوەی ئەو، ئەمە تاکە ئەگەری ژیانی ئەوە. ئەو ئەگەر دابەزێت هەموو ئەگەرەکان لە ناو دەچن، چونکە خۆی بوونی نامێنێ، واتە ئەگەرەکانی ژیانی بە بوونی خۆیەوە بەستراونەتەوە.

نۆڤەچێننتۆ دەزانێ کە دابەزین شایەد شێوەیەک بێت لە بەختەوەری، هەر بۆیەش ئەو بڕیارە دەدات، بەڵام لەو ڕاستییە تاڵە بە ئاگایە کە ئەم بەختەوەرییە نەزۆکە. ئەو دەزانێ کە زۆرجار ژیان و بوون دەکەونە دۆخێکەوە کە ڕزگاری دەبێتە ڕەهەندێکی دانەبڕاوەی ژیان، بەڵام ڕزگاری هەمیشە ڕۆیشتن و جووڵە نییە، بەڵکو زۆرجاریش لە مانەوەدایە. لەوەدایە کە تۆ لە پێگەی خۆتدا سەقامگیر بیت و هەڵنەکەنرێی. ڕایەڵێکی پێوەندی لە نێوان ئەو و کەشتییەکەدا هەیە کە لە پچڕان نایە، هەر بۆیەش ئەم دانەبەزینە ڕێگای هەر جۆرە شیکردنەوەیەک بۆ ئێمەی خوێنەر، یان بینەر بەربەست دەکات و تەنیا یەک شرۆڤە هەڵدەگرێت: ئەو ناتوانێ دابەزێ! ئەو دەیەوێ، بەڵام ناتوانێ! هەر بۆیەش لێرەدا دژوازییەکی تۆخ لە نێوان ویست و تواناییدا دەردەکەوێت. ئەوە دەردەکەوێت کە ئارەزوو و ویست هەمیشە ئیرادە نییە، بەڵکو زۆرجار دوو جەمسەری یەک دیاردەن.

بەڵام ئەم دانەبەزینەش خۆی دەبێ بەهایەکی قورسی بۆ بدرێت کە ئەویش چاوپۆشی و ژێر پێنانی ئەوینێکی قووڵە. ئەوینێک کە بووەتە هۆی ئەوەی کە نۆڤەچێننتۆ جوانترین ئاوازی ژیانی بە پیانۆکە بژەنێت. بە ڕاستی دەبێ مرۆڤ بە بوون و پێگەی خۆیەوە زۆر وەفادار بێت کە بتوانێ چاوپۆشی لە ئەوینێکی وەها قووڵ بکات. لێرەدایە کە لەوە تێدەگەین کە ئەم بوونە، یان ئەم پێناسەی مرۆڤانەیە چ هێزێکی ئەستەم و لەبڕان نەهاتووە کە دەتوانێ بەسەر هەستە ئاگرینەکانی مرۆڤدا زاڵ بێت.

* * *

کریستیان نۆربێرگ شۆڵتز نووسەری ناوداری بواری تەلارسازی و میعماری لە پێشەکی کتێبی «چەمکی نیشتەجێبوون»دا باسێکی شیرین دەگێڕێتەوە. ئەو باسی چیرۆکێکی «تاریە وەساس» نووسەری نۆروێژی بە ناوی «دوایین کەس لەماڵەوە» دەکات کە لەودا مێردمنداڵێک بە ناوی «نۆت» بۆ بڕینەوەی دارەکان ڕوو دەکاتە دارستان. نۆت پێشتر دەیان جار لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ئەو کارەی کردووە، بەڵام ئەم جارەیان هەست بە شتێکی سەیر دەکات: دارستان چەمک و واتای خۆی بە ڕووی نۆتدا ئاشکرا کردووە. نۆت بووەتە دوایین کەسێک کە دەبێ دارستان بەجێ بێڵێ. ئەوانی دی هەموو دارستانیان بەجێ هێشتووە. لێرەدا دەنگێک بە گوێی ئەودا دەچرپێنێ کە ئەگەر خوازیار و هەڵوەدای ژیانە، دەبێ تەواوی تەمەنی لە ناو دارستاندا بمێنێتەوە. ئەو هەستە پێی دەڵێ: «لێرە تۆ لە ماڵی خۆتدای.»، هەر بۆیەش نۆت نەک هەر لەبەر دارستان، بەڵکو بۆ دۆزینەوەی خۆی، مانەوە لە دارستاندا هەڵدەبژێرێ.

لە دوایین وتوێژی نۆڤەچێننتۆ و مەکسدا خوێنەر، یان بینەر ئەو دەنگە دەبیسێ کە بە گوێی نۆڤەچێننتۆدا دەچرپێنێ: بمێنەوە! هەر ئەم دەنگەیە کە قەناعەت بە مەکسیش دێنێ چیدی زۆر لە نۆڤەچێننتۆ نەکات کەشتییەکە بەجێ بهێڵێت. کەشتی ئەو دوایین ماڵەیە کە دەبێ نۆڤەچێننتۆ لە ناویدا بمێنێتەوە. ئەو، ئەو «دوایین

کەس»ەیە کە لە ماڵدا ماوەتەوە. ئەوانی دی هەموو کەشتییەکەیان بەجێ هێشتووە، هەر بۆیەش نۆڤەچێنتۆ دەبێتە هەڵگری باری قورسی ماڵ، یان نیشتمانێکی چۆڵ، بەڵام قورسایی ئەم بارە فێری دەکات کە خۆی بدۆزێتەوە و لە چەمکی «من» تێبگات و نەیدۆڕێنێ. نۆڤەچێنتۆ ئەوەندەی هەست بە نزیکایەتی کەشتییەکە دەکات کە دنیا و تەواوی شتەکانی ناوی، ئەم هەستەی پێ نابەخشن. ئەو کوڕی کەشتییە و کاتێک وشەی «دایک» لای ئەو تەنیا بووەتە ناوی ئەسپێکی پێشبڕکێ، ئیدی بەجێ هێشتنی ئامێزی دایکێکی وەک کەشتی بۆ ئەو بووەتە کردەیەکی ئەستەم. ئەو لەوە تێگەیشتووە کە ئامێزی دایکی ڕاستەقینە هەر تەنیا لە سەردەمی کۆرپەییدا جێی سوکنایی هەمیشەییە، بەڵام ئامێزی کەشتی هێند بەخشندەیە کە تەمەنێک بەردەوام ئەوی لەخۆ گرتووە، هەر بۆیەش ئەو تەنیا لە باوەشی ئەو دایکەدا ئارام دەگرێ و ڕوو بکاتە هەر شوێنێکی دی ئەو ئۆقرەیەی لێ هەڵدەگیرێ، هەر بۆیە بۆ پاراستنی ئەو ئۆقرە و ئارامییە، تەنانەت چاوپۆشی لە عەشقی مێینەش دەکات. لەبەر ئەمە نۆڤەچێنتۆ هەروەک نۆت تێدەگات کە ئەم شوێنە واتە کەشتی بوون و کەسایەتی ئەوی بە خۆیەوە بەستووەتەوە و بێ ئەو هیچ بوونێک لە ئارادا نامێنێ و ئیدی هەست بەوە دەکات کە تەنیا لەو شوێنەدا ژیان و بوون واتا و چەمکی ڕاستەقینەی خۆیان دەردەخەن.

نۆڤەچێنتۆ زۆر بە وردی کەشتییەکە دەناسێت و شارەزایەتی، ئەوەندە شارەزا کە کاتێک دەیەوێ خۆ بشارێتەوە هیچ کەسێک ناتوانێ بیدۆزێتەوە، تەنانەت ئەگەر چەندان ڕۆژیش بە شوێنیدا بگەڕێن، هەر بۆیەش لەو کاتانەدا کەشتییەکە وەک دایک، بە شێوەیەک ئەوی لە منداڵدانی خۆیدا هەڵگرتووە و هەناوی خۆی بە ڕووی نۆڤەچێنتۆدا کردووەتەوە و لەم ڕێیەشەوە بووەتە هۆی ئەوەی کە نۆڤەچێنتۆ پێگەی تایبەتییانەی خۆی لە ناویدا بدۆزێتەوە. هەر لە ڕێی ئەم پێوەندییە قوولەوەیە نۆڤەچێنتۆ واتایەکی وا بۆ ژیان و بوون پێناسە دەکات کە ئەوانی دی لێی تێنەگەن، یان بە چاوێکی سەیر و سەمەرەوە و بە نیگایەکی سەرسوڕهێنەرەوە لێی بڕوانن. بەم پێیە پێوەندی نێوان نۆڤەچێنتۆ و کەشتی، تەنیا پێوەندییەکی ئاسایی، یان دیاردەناسییانەی پەتی نییە، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە پێوەندییەکی ئۆرگانیک، واتە پێوەندی نێوان ئەندام و جەستە بووە، تا ئەو جێیەی کە تەنانەت هەناسەدان بۆ نۆڤەچێنتۆ بێ کەشتییەکە بووەتە کارێکی مەحاڵ.

ئێمەی خوێنەر، یان بینەر و بە واتایەک ئێمەی مرۆڤ، ئێستاش هەر بە شێوەیەکی سەرسامانە سەیری ئەو شێوە هەڵسوکەوتەی نۆڤەچێنتۆ دەکەین، چونکە ئێمە لە چۆنیەتی ئەو پێوەندییە – پێوەندی نۆڤەچێنتۆ و کەشتی – تێناگەین و ئەو ڕەهەندەی چەمکی ژیان و بوونمان بۆ دەرنەکەوتووە، بەڵام نۆڤەچێنتۆ لە ئاستێکی بەرزتردا وەستاوە و بە دیدێکی زاڵترەوە لە تەواوی ئەمانە دەڕوانێ.

پێوەندی نێوان کەشتی و نۆڤەچێنتۆ هێندە قووڵە کە مرۆڤ وا هەست دەکات نۆڤەچێنتۆ لە ناهۆشیاری خۆیدا هەمیشە بانگی کەشتییەکە دەبیسێ کە داوای لێ دەکات بەجێی نەهێڵێ. مانەوەی نۆڤەچێنتۆش جەخت کردنەوەیەکە لەسەر ئەو ڕاستییە کە کەشتی بووەتە بەشێک لە بوونی ئەو. بە واتایەک نۆڤەچێنتۆ بوونی خۆی لە بوونی کەشتییەکەوە وەردەگرێت و دواجاریش بە لەناوچوونی کەشتییەکە ئەویش لەناو دەچێت، هەر بۆیەش ئەگەر تەنانەت نۆڤەچێنتۆ بچێتە شوێنێکی دیکەش بۆ نیشتەجێبوون، ئەوە دەبێ کەشتییەکەش لەگەڵ خۆیدا بەرێت. هەر بەم هۆیەشەوەیە کە مەکس پێشنیاری ئەوەی پێدەکات کە ئەگەر هات و بڕیاری دابەزینی دا و لە شوێنێک نیشتەجێ بوو، ماڵێک لەسەر بیچم و شێواز و نەخشەی کەشتی دروست بکات.

لێرەدا چەمکێک کە لە زەینی نۆڤەچێنتۆدا خۆنوێنی دەکات چەمکی «نیشتەجێبوون»ە. شۆڵتز دواجار دەڵێ: «شوێنی تایبەتییانەی هەر کەسێک بەشێک لە پێناسەی ئەو پێکدێنێ.» ئەمڕۆکە ئێمە بە شێوەیەکی گشتی نیشتەجێبوون بەوە دەزانین کە خاوەنی میچێک لە ژوور سەرمان و چەند مەتری دووجا زەوی لە ژێر پێمان بێ و لەسەر ڕایەخێک دابنیشین. بە واتایەکی دی، بۆچوونی ئێمە بۆچوونێکە تەواو لەسەر چەندایەتی مۆرکی گرتووە، بەڵام نۆڤەچێنتۆ پێناسەیەکی چۆنایەتییانە بەم چەمکە دەبەخشێت. لای ئەو نیشتەجێبوون، واتە هۆگری بۆ شوێنێک کە بەشێکە لە بوونت و پێگەیەکە بۆ ئارامی و سوکناییت. نۆڤەچێنتۆ لە ڕێی مانەوە لە ناو

کەشتییەکەدا دەیەوێ ئەم وتەیەی شۆڵتز بسەلمێنێ کە: «چەمکی نیشتەجێبوون وەک چۆنایەتی، لە مەرجە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بوونە.»

*   *   *

یەکەم سێکانسی (دیمەن) فیلمەکە بە شێوەیەک دەست پێدەکات، وەک ئەوەی کە زورناژەنەکە، واتە مەکس لە کۆنسێرتێک، یان لە ڕێوڕەسمێکی سەماکردن گەڕابێتەوە و ئێستاش خەریکی خاوێن کردنەوە و ئامادەکردنی ئامێرەکەیەتی بۆ ڕێوڕەسم، یان کۆنسێرتێکی دی، بەڵام لە واقیعدا مەسەلەکە تەواو بە پێچەوانەوەیە. مەکس ماوەیەکی درێژە وازی هێناوە و بەو ئامێرە نەیژەندووە و ئێستاش خاوێنی دەکاتەوە و جوانکاری بۆ دەکات، تا بیفرۆشێ و وازی لێ بێنێ، بەڵام دەزانین کە ئاگادار بوونەوە لە بارودۆخی نۆڤەچێنتۆ دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرەڕای فرۆشتنی ئامێرەکە، جارێکی دی دیسان ئامێرەکە وەربگرێتەوە و خۆی بۆ ژەنینێکی دووبارە ئامادە بکاتەوە. لێرەدایە کە هەست بەوە دەکەین مەکس دوای نۆڤەچێنتۆ و لە ژێر کاریگەری بەسەرهاتی ئەودا بڕیارێکی نوێ بۆ ژیان دەداتەوە کە ئەویش گەڕانەوەیە بۆ سەر هونەر.

بە بڕوای من بڕیاردان لە مەڕ ئەو جیهانەی کە تێیداین، یەکێکە لەو بڕیارە چارەنووسسازانەی کە هەر کەسێک دەبێ یەکجار لە ژیانیدا بیدات. ئەوە کە تۆ دەتەوێ لەو جیهانەتدا بمێنییەوە، یان نا؟ ئەگەر دەمێنییەوە بۆچی؟ واتە هەر کەسێک دەبێ جارێک ئەو بڕیارە بۆ ژیانی بدات و نۆڤەچێنتۆش جارێک بۆ هەمیشە ئەو بڕیارە دەدات. هەر کەسێکیش ئەم بڕیارە نەدات، ئەوە بۆ هەمیشە لە ژیانیدا دژوازییەک لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، کە ئەم دژوازییە چەمکی ژیان و بوونی لە لا بێ واتا دەکات و بە کورتی نازانێ بۆچی دەژیت؟!

**زستانی ٩٢ (٢٠١٤)**

**پەراوێز:**

**١ـ نۆڤەچێنتۆ لە زمانی ئیتاڵیاییدا بە مانای (١٩٠٠)ـە.**

**٢- زورناژەنەکە لە ناو نۆڤڵێتەکەدا ناوی «تیم»ـە و لە فیلمەکەدا «مەکس».**

**سەرچاوەکان:**

**١- السااندرو باریکو، نووه چنتو، ترجمه حسین معصومی همدانی، تهران: نیلوفر، ١٣٨٥.**

**٢- امین معلوف، هویت های مرگبار، ترجمه مرتضی ثاقب فر، تهران: ققنوس، ١٣٨٢.**

**٣- کریستیان نوربری - شولتز، مفهوم سکونت: به سوی معماری تمثیلی، ترجمه محمود امیر یاراحمدی، تهران: آگه، ١٣٨٩.**

# گەشتێک بە دوای تایبەتمەندییەکانی هەڵپەڕکێی کوردی لە نێو نووسراوەکاندا

هێرش ئارمەند
(سنە)

لەم وتارەدا باس لە تەواوی بنەماکان و تایبەتمەندییەکانی هەڵپەڕکێی کوردی دەکرێ کە لە تەواوی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی گەورە هاوبەشن. لەوەیە کە هەندێک لەو تایبەتمەندییانە لەگەڵ کولتوورەکانی تری جیهاندا و وڵاتەکانی دەوروبەر هاوبەش بن و سوود لەبەشێکی وەرگرن، بەڵام بەبێ ئەو تایبەتمەندییانە، هەڵپەڕکێی کوردی ناکرێ و مانای هەڵپەڕکێی فۆلکلۆری کوردی دەگۆڕدرێ. لە خوارەوە بە شێوەیەکی گشتی باسی شەش تایبەتمەندی کراوە کە لە تەواوی هەڵپەڕکێ کوردییەکاندا هاوبەشە و بریتین لە:

١- بە کۆمەڵبوون هاوڕێ لەگەڵ جۆراوجۆری گرتنی دەست

٢- بەکارهێنانی دوو شێوازی (هێما) بازنە و هێڵ (خەت)

٣- پێکەوەبوونی کوڕ و کچ، یان نەریتی "ڕەشبەڵەک".

٤- کوتاندنی (لێدانی) پێ لەسەر زەوی (هەرد).

٥- بەکارهێنانی دەسماڵ (دەسرە) و گرنگایەتی دەوری سەرچۆپی.

٦- جووڵەکانی چۆک و شان.

لە نێو ئەو شەش تایبەتمەندییەدا، سێ بنەما تایبەتن بە دیلانی کوردی، واتا لە هەر شوێنێکی کوردەواری بیانەوێ هەڵپەڕن، بەدڵنیاییەوە ئەو سێ تایبەتمەندییە بەکار دێنن و بەبێ ئەو سێ دانە هەڵپەڕکێی فۆلکلۆری کوردی ناکرێ، واتا مانای هەڵپەڕکێی کوردی لە ڕێگای ئەوانەوە دروست دەبێت و ڕادەگەیەنرێت. ئەو سێ تایبەتمەندییەش بریتین لە:

١- بە کۆمەڵ بوون، هاوڕێ لەگەڵ جۆراوجۆری گرتنی دەست.

٢- كوتاندنی(لێدانی) پێ لەسەر زەوی (هەرد).
٣- جووڵەكانی چۆک و شان.

لە وتارێكی سەربەخۆدا، باسی ئەو سێ تایبەتمەندییە بە شێوازێكی زانستی دەكرێ و لەگەڵ هەڵپەڕكێی چەند وڵاتێكی دراوسێ و دەوروبەرمان، بەراورد دەكرێن.

لەم وتارەدا بەدوای تەواوی نووسراوەكان و بەڵگەكانی وەک كتێب و وتار و مەقالە و سەفەرنامە، ڕۆیشتووم كە ئاماژەیان بەو شەش تایبەتمەندییە كردووە. ژمارەی نووسراوەكان، بەگشتی سەبارەت بە هەڵپەڕكێی كوردی، زۆر كەمن و لە نێو بڕێک لەو چەند نووسراوەشدا باسی ڕوانگەیەكی كەسیی كراوە، یان قسە لە مێژوویەک كراوە كە هیچ بەڵگەیەكیان بە دەستەوە نەداوە، بەو بۆنەیەوە نەبووە بە بەڵگەیەک كە وەک بناغەیەک بۆ باسەكە دایبنێم. بەتەنێ ئەو چەند نووسراوە كە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەكرێ بەكار هاتوون و سوودیان لێ وەرگیراوە.

خاڵ: لەوەیە كە هەندێک نووسراوەی گونجاویش هەبێ كە تا ئێستا بە دەستی من نەگەیشتووبێ.

### شرۆڤەكردنی تایبەتمەندییەكانی هەڵپەڕكێ:

### ١- بە كۆمەڵبوون هاورێ لەگەڵ جۆراوجۆری گرتنی دەست:

هەڵپەڕكێ بە شێوازی بەكۆمەڵ دەكرێ، واتا چەند كەس كە دەستی یەكتریان گرتووە، لە شوێنێكی دیاریكراو، بە دەوری شتێک، یان لە نێو بازنەیەكی خەیاڵی، هەندێک جووڵەی هاوبەش دەكەن، واتە وەک یەک هەڵدەپەڕن. لە هەر شوێنێک كە لانی كەم دوو كوردی لێ بێت و بیانەوێ شایی بكەن، یەكەم جار دەستی یەک دەگرن، پاشان دەست بە شایی و هەڵپەڕكێی كوردی دەكەن. ئەمە لە كاتێكدا هەیە كە لە نێو زەماوەند، جەژن، یان كۆبوونەوەیەک، كە چەند كورد لەوێدان، بەدڵنیاییەوە پێكەوە شایی دەكەن. جووڵەكانی هەڵپەڕكێ بە تەنیاش دەكرێ، ئەوەش لە كاتێكدایە كە لەنێو ماڵ، یان لە هەر شوێنێک كە دەنگی موزیكی كوردی دێت، دیسانەوە ئەو كەسە دەست دەكا بە شایی و بە تاک هەڵدەپەڕێ كە وەک دەربڕینی هەستێک، یان وەک وەرزشێک بەكاردێ، لێرەدا ئەو كەسە دەتوانێ هەڵپەڕێ و هەندێک جووڵەی تریش كە لە پڕ دروست دەبێ، لەنێو هەڵپەڕكێیەكە بەكار بێنێت، چونكە یەكەم هەنگاوی سازبوونی كۆڕی هەڵپەڕكێ، گرتنی دەستە، دوو زاراوەی "دەست گرتن" و "گرێدان" باوە كە لە هەندێک شوێندا دەڵێن: "دەست بگرن، یان گرێ دەن"، واتا كۆڕی شاییەكە سازكەن و ئامادەی هەڵپەڕكێ بن.

لەنێو ئەو كتێبانەی كە لە لایەن نووسەرە ڕۆژئاواییەكانەوە، لەسەر كولتوور و مێژووی كوردەواری نووسراوە، ئاماژە بە هەڵپەڕكێی كوردی و بە كۆمەڵ هەڵپەڕین و گرتنی دەست كراوە. ڤاسیلی نیكیتین لە نێو كتێبی "كورد و كوردستاندا" ئاماژە بەوە دەكات كە ((كوردەكان شاییەكی تایبەتییان هەیە كە پێی دەڵێن "چۆپی" كە بە شێوازی بازنەییە و بە كۆمەڵ دەكرێ و هاوڕێیە لەگەڵ هەڵبەزین و دابەزین. ئەو كەسە كە یەكەم



كەسە و تیپەكە بە شوێنی خۆیدا دەكێشێ، سەرچۆپی هەڵپەڕكێیەكەیە و دەسرەیەكی سپی لە نێو دەستیدایە و بە دەستی تری شاییكەران بە شوێنی خۆیدا دەكێشێت كە هەموویان قۆڵیان لە نێو قۆڵی یەكتر داناوە)) (نیكیتین.١٣٦٦ ک.ە. (١٩٨٧ز). ل٢٢٧)

نووسەرێكی تر وا دەڵێت: ((من بە پەلە بەرەو ئەو شوێنە ڕۆیشتم كە پیاوان و ژنان، بۆ هەڵپەڕین كۆبووبوونەوە. بۆ یەكەم جاربوو كە لە ئاهەنگێكی هەڵپەڕیندا بەشداریم دەكردو لە نزیكەوە سەیرم دەكرد. هەڵپەڕینەكە زۆر سەیر بوو، بەڵام بە بۆچوونی من زۆر جوان نەبوو. ژن و پیاو دەستی یەكتر دەگرن و بازنەیەكی گەورە سازدەكەن و بە دەنگی جۆرە تەپڵێک (دەهۆڵ) لەگەڵ موزیكدا، هێدی و یەک جۆر دەسووڕێنەوە...)). (كۆنت دۆسێرسی.كتێبی ئێران. لە١٨٣٩-١٨٤٠. ل١٠٤)

هەروەها "مینینگێن" له کتێبی "ژیانی بەدەوی له نێوان کورداندا" دەڵێ: ((هەڵپەرکێی کوردی، چەند تایبەتمەندییەکی هەیە که له سەماکانی وڵاتەکانی تری ڕۆژهەڵاتدا نەمدیوە و شیاوی ئەوەیە کە زۆرتر باسی بکەم و شی بکەمەوە. یەک له تایبەتمەندییەکانی هەڵپەرکێی کوردی ئەوەیە کە کوردەکان هیچ کاتێک بەجـــودا و دووبەدوو و چواربەچوار هەڵناپەڕن. له سەرەتاوە بازنەیەک سازدەکەن کە هەرپیاوێک له نێوان دوو ژن، بە شێوازێک ڕادەوەستن کە شانیان له تەنیشتی یەک و دەستیان له ناو دەستی یەکتر دەگرن...)) (نیکیتین.١٣٦٦ ک.ه. (١٩٨٧ ز). ل٣٠٦)

مینۆرسکی له کتێبی "کورددا" نووسیویەتی: ((کوردەکان شاییەکیان هەیە کە پێی دەڵێن "چۆپی". ئەو شاییە بە کۆمەڵ دەکرێ و شاییکەران دەلکێن پێکەوەو دەستی یەکتر دەگرن و بەشێوازێک دەجووڵێنەوە کە له دوورەوە وەک دیوارێکی جووڵاو دێنەبەر چاو.)) (مینۆرسکی. ١٣٧٩ک ه (ئێران). ل٧٦)


هەروەها دکتۆر قوتبەددین سادقی دەڵێ: هەڵپەرکێی کوردی هەست و جووڵەیەکی بەکۆمەڵە، نەک تاکەکەسی. (سادقی. ١٣٨٨ک ه (ئێران). ل٨٤-٩٤)

سدیق سەفیزادە له کتێبەکەی خۆیدا، ئاماژە بە وتەیەک له "ئێدمۆندز" دەکات کە دەڵێت: ((هەڵپەرکێکەران دەستی یەک دەگرن و له لای کەمەر ڕای دەگرن.)) (سەفیزادە.١٣٧٧ ک.ه.)

تا ئێستا له نێو تەواوی ئەو نووسراوانەدا کە خوێندوومنەتەوە، تەنانەت ئاماژەیەک بە هەڵپەڕینی تاکم نەدیتووە.

## ٢- بەکارهێنانی دوو شێوازی (هێما) بازنە و هێڵ (خەت):

له زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا هەڵپەرکێیەکان بە شێوازی بازنەییە کە بازنەکە نابەسترێ و ئەگەر ژمارەی هەڵپەرکێکەران زۆر بێ، له لای سەرچۆپییەوە بەرەو ناوەند، دەسووڕێنەوە. ئەگەر له لای سەرەوە سەیری کۆڕی هەڵپەرکێیەکان بکەین، وەک پێچیانی مار دێتەبەرچاو. ئەگەر ژمارەی هەڵپەرکێکەران کەم بێت، دەبنە بەشێک له بازنەکە کە دەسووڕێنەوە. کەسی یەکەم بە دڵنیاییەوە دەسماڵ بە دەستەوە دەگرێ و کەسی ئاخری تیپەکەش جارجار دەسرە بە دەستەوە دەگرێت کە ئەم دوو شوێنە، له جێگاکانی پاشماوەی هەڵپەرکێکەران جودا دەکاتەوە.



**ئەگەر بەرەو لای ڕاست بسووڕێنەوە بەم شێوازەی سەرەوەیە، بەڵام ئەگەر بەرەو لای چەپ بسووڕێنەوە شێوازی سووڕانەوە پێچەوانە دەبێتەوە**

هەروەها کە پێشتر، لەبەشی یەکەم ئاماژەمان کرد، ڤاسیلی نیکیتین دەڵێت "...کوردەکان شاییەکی تایبەتییان هەیە کە پێی دەڵێن "چۆپی" کە بە شێوازی بازنەییە و بە کۆمەڵ دەکرێ..." و له زمانی "مینینگێن" دەڵێت کە: ((ئەوکاتە کە موزیکژەنەکان دەستیان کرد بە ژەنینی موزیک و گۆرانی شادی کوردی، کوردەکان بازنەیەکی ڕێکوپێکیان سازکرد و دەستیان کرد بە هەڵپەڕینە مللییەکانیان...... له نێو بازنەی چۆپییەکەیاندا هارمۆنییەکی زۆر سەیر لەگەڵ موزیکەکە هەیە کە وەک مەزرای گەنمە کە شنەی با لێی دەدات...)) هەروەها له زمانی شوانێک بەناوی "عەرەب شەمۆ" دەڵێت: ((ئەو یارییانە زۆرتر شایی و گۆرانی بوو، بۆ نموونە دەستی یەکترمان دەگرت و بازنەیەکمان ساز دەکرد. یەکێک له یاریکەرەکان دەستی دەکرد بە گۆرانی گوتن و پاشماوەی یاریکەرەکان گۆرانییەکی شاد، کە هەموو پێیان خۆش بوو، بە تێکڕایی دەیانگوت و لەو کاتەدا بوو کە چۆپی دەستی پێ دەکرد...)) (نیکیتین. ١٣٦٦ ک.ه. (١٩٨٧ز). ل٣٠٦، ٣٠٧)

له چەند ناوچەدا هەندێک له هەڵپەرکێیەکان بە شێوازی هێڵە (خەت) کە بەرەو لای ڕاست و چەپ، هەروەها بەرەو پاش و پێش دەڕۆن. (دهۆک، مەریوان و...تاد)

سدیق سەفیزادە لە کتێبەکەی خۆیدا، ئاماژە بە وتەیەک لە زمانی "ئێدمۆنز" دەکات: ((ئەو هێڵە (خەتە) کە شاییکەران دروستی دەکەن، بەشێک لە بازنەکەیە کە بەرەبەرە دەجووڵێتەوە)) (سەفیزادە.١٣٧٧ک ھ.ل ١٢٥)، یان هەروەها کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، کۆنت دۆسیرسی سەبارەت بە بازنەی هەڵپەڕکێ دەڵێت: ((ژن و پیاو دەستی یەکتر دەگرن و بازنەیەکی گەورە سازدەکەن و...)) (کۆنت دۆسیرسی. کتێبی ئێران. لە١٨٣٩-١٨٤٠. ل١٠٤)

دکتۆر قوتبەددین سادقی لە وتارەکەی خۆیدا لە بواری نیشانەناسی باسەکە شی دەکاتەوە و ئاماژە بە چەند نیشانەیەک دەکات وەک: ((کات و زەمانی بازنەیی، هەڵگەڕانەوە، وەرزەکان، پێکەوەبوون، لەناوبردنی ترس و ورە بەرز کردنەوەی گرووپ)). (سادقی. ١٣٨٨ک ه. ل٨٤-٩٤).

**٣- پێکەوەبوونی کوڕ و کچ، یان نەریتی "ڕەشبەڵەک":**

لە کولتووری کوردیداو لە زۆربەی شوێنەکاندا، ژن و پیاو یەک لەدوای یەک لە تەنیشتی یەکتر ڕادەوەستن و دەستی یەک دەگرن و شانیان لە لای شانی یەک دادەنێن، کە پێی دەگوترێ "ڕەشبەڵەک"، یان "گەنم و جۆ" (لە شاری سنە) کە بەمانای تێکەڵبوونی ژن و پیاو لەکۆڕی هەڵپەڕکێیە و پێکەوە هەڵدەپەڕن. لە فەرهەنگی "هەنبانەبۆرینە"ی مامۆستا هەژاردا نووسراوە:

ڕەشبەڵەک: ١- داوەتی ژن و پیاو لەدەستی یەکتردا ٣- بازگ، ڕەشباز.ل٣٥٨.

گەنم و جۆ: ٢- ڕەشبەڵەک.ل٧٣٦.

جارجار کۆڕی هەڵپەڕکێی پیاوان و ئافرەتان لەیەک جودا دەبێتەوە کە چەند هۆکاری هەیە: ١- هەندێک لە هەڵپەرکێیەکان تایبەت بە ژن، یان پیاوانن، کە کاتێ جودا دەبنەوە و پیاوان پێکەوە و ژنان پێکەوە هەڵدەپەڕن، شاییەکان جوانتر دێنە بەرچاو و جیاوازییەکان خۆدەنوێنن. ٢- لە هەندێک شوێندا بەهۆی بیروڕای ئایینی ئیسلام، ژن و پیاو دەبێ جودا هەڵپەڕن (دەڤەری بارزان).

ئەم باوەڕە تا ئەو جێگایەی کە لە هەندێک ناوچەدا، کە ژمارەیان زۆر نییە، شوێنی پیاوان و ژنان، لەیەک جودا دەکەنەوە.

نەریتی "ڕەشبەڵەک" بە (٥) تاقم دەستەبەندی دەکرێ:

١- ئەو شوێنانەی کە ژن و پیاو، بە دوور لە بۆچوونی ئایینی، هەروەها پێوەندی خوێنی و بنەماڵەیی، دەستی یەک دەگرن و پێکەوە هەڵدەپەڕن.

٢- ئەو شوێنانەی کە ژن و پیاو بە تەنێ لە نێو بنەماڵە، یان خێڵ، دەستی یەک دەگرن.

٣- ئەو شوێنانەی کە ژن و پیاو جودا، بەڵام لە یەک شوێن هەڵدەپەڕن.

٤- ئەو شوێنانەی کە ژن و پیاو جودا هەڵدەپەڕن، هەروەها شوێنی هەڵپەڕینیان جودایە.

٥- ئەو شوێنانەی کە هەڵناپەڕن.

هەروەها کە لە بەشەکانی پێشەوەدا ئاماژە کرا، نیکیتین دەڵێت: ((لە سەرەتاوە بازنەیەک سازدەکەن کە هەر پیاوێک لە نێوان دوو ژن، بە شێوازێک ڕادەوەستن کە شانیان لە تەنیشتی یەک و دەستیان لە ناو دەستی یەکتردەگرن...)) (نیکیتین. ١٣٦٦ ک.ه. (١٩٨٧ز). ل٣٠٦) یان کۆنت دۆسیرسی دەڵێت: ((ژن و پیاو دەستی یەکتر دەگرن و بازنەیەکی گەورە سازدەکەن و بە دەنگی جۆرە تەپڵێک (دەهۆڵ) لەگەڵ موزیکدا، هێدی و یەک جۆر، دەسووڕێنەوە...)) (نیکیتین. ١٣٦٦. ص ٢٢٨)

یەکێک لە گرینگترین نەریتێک کە سەبارەت بە "ڕەشبەڵەک" بەڕێوەچووە، تایبەت بە ناوچەی موکریانە، کە پێی دەگوترێ نەریتی "دۆ"، کە کەم کەم خەریکە لەناو دەچێت.

"دۆ" بەو کچە دەگوترێ کە لە کۆڕی هەڵپەڕین، لە تەنیشتی کوڕێک ڕادەوەستێ. ئەم وشە بەتەنێ لەم کاتەدا دەگوترێ و لە کاتەکانی تردا بە کچ "دۆ" ناڵێین. هەندێک یاسای تایبەتی سەبارەت بەم دابە هەیە کە لێرەدا باسی دەکەین. عەلی ئیسماعیلزادە لە وتارەکەی خۆیدا وا دەڵێت:

١- دۆ مافی هەڵبژاردنی هەیە کە لە چ جێگایەکی کۆڕی هەڵپەڕکێ و لە تەنیشتی چ کەسێکەوە ڕاوەستێ.

٢- مافی تێکدانی پێوەندی دۆیەکی تری نییە، واتە ناتوانێ بڕواتە نێوانی کچ و کوڕێکی تر.

٣- لە پشتی ڕیزی شاییەکە، دەبێ بڕواتە شوێنە دیاریکراوەکەی و ئەوە بە پێچەوانەی کوڕەکانە کە دەبێ لە پێشەوە (بەرانبەر) بڕۆنە ناو ڕیزی شاییەکە.

٤- هەرکاتێک کە پێی خۆش بێ، دەتوانێ کۆڕەکە بە

جیّ بهێلێ، بەلاّم کوڕ مافی بەردانی دەستی کچەکەی نییە و تا ئەوکاتە کە دۆ لە تەنیشتی ڕاوەستاوە، دەبێ لەوێ بمێنێتەوە و تەنیا مەرجی بەردانی دەست، ئەوەیە کە لە کچەکە مۆڵەت وەربگرێ، ئەوجا لە کۆڕەکە بڕواتە دەر.

٥- دۆ دەتوانێ دۆییەکی تر بانگ کا تا لە تەنیشتی کوڕێکی بنەماڵەیان ڕاوەستێ.

٦- شایەر، یان گۆرانیبێژ نەیدەتوانی بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ بە بەژن و باڵای کچەکەدا بەند بڵێ، بەلاّم لە ڕێگای شیعر، لە کوڕی تەنیشتی دۆوەکە شاباشی وەردەگرت. پارەکە هەرچی زۆرتر، ڕێز و بایەخی دۆوەکەش زۆرتر دەبوو.

٧- کوڕ بە مەرجێک دەیتوانی لە تەنیشتی کچ ڕاوەستێ، کە ئیجازەی لێوەرگرتبێ. (ئیسماعیلزادە. ١٣٨٨ ک هـ. ل٢٤و٢٥)

زەماوەندو بەزمی هەڵپەڕکێ یەکێک لە گرینگترین کاتەکان بووە کە کچ و کوڕ دەیانتوانی بە شێوازێکی ڕەسمی لە تەنیشتی یەک ڕاوەستن و ئەگەر خۆشەویستییەک لە نێوانیاندا هەبێ، بتوانن بۆ ماوەیەک پێکەوە بن، دەستی یەک بگرن، پێکەوە قسە بکەن و لۆمەیان لە سەر نەبێ. لە هەمان کاتدا ئەگەر بیانویستبا خۆشەویستی خۆیان بە شێوازێکی ڕەسمی دەربخەن کە پاشان بێتە خوازبێنی، ئەو کاتە گرینگترین کات بووە.

نیکیتین وتەیەک لە زمانی "مینۆرسکی" دەگێڕێتەوەو دەڵێت:

((کاتێک کە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا دەستی پێکرد، لە ماوەی پێنج خولەک هەموو ژنان خۆیان ڕازاندەوە و بەرەو شوێنی بەزمەکە ڕۆیشتن و تێکەڵی پیاوان بوون و هەتا ئێوارە بە هەنگاوی قورس و بە شادمانییەکی زۆر، هەڵپەڕین...)).

مینۆرسکی لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی:

((یەکێک لە خان (ئاغا) دەوڵەمەندەکان بۆ ڕێزدانان لە من، ئاهەنگێکی سازکرد و تەواوی ژن و پیاوەکانی گوندی کۆکردەوە و تا ئێوارە بە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا هەڵپەڕین...)). (مینۆرسکی. ١٣٧٩. ل٧٦)

هەروەها "مینینگێن" دەڵێت: ((ئەو شتەی کە سەرنج ڕاکێشە، ئەوەیە کە پیاوان دژایەتییەکیان لەگەڵ هەڵپەڕکێ لەگەڵ ئافرەتاندا نییە و بە پێچەوانەوە، وادیارە کە چێژی زۆریشی لێوەردەگرن. کاتێک کە کوردان هەڵدەپەڕن تەواوی شاییکەرانی پیاو، کچێکی جوان دێننە تەنیشتی خۆیان و شانیان پێکەوە دەلکێن. لە کۆڕی هەڵپەڕکێ، بە ڕادە و ژمارەی پیاوان، ئافرەتانیش لەوێدان...)). (نیکیتین.١٣٦٦. ل٣٠٦)

((بەم شێوازە ئاهەنگێک بۆ شایی و هەڵپەڕکێ ڕێک دەخەن و تەواوی کوڕان و کچان و تازەبووکەکان لە خانوویەکی گەورە کۆدەکەنەوە و گۆرانیبێژان و دەستەی موزیکژەن بانگ دەکەن. لەوکاتەدایە کە تەواوی لاوانی گەرەک، واتا کوڕان و کچان، دەست دەکەن بە هەڵپەڕین و گۆرانی گوتن و بەردەوام دەبن تا بەیانی...)). (بایزیدی. ١٣٦٩)(١)

حەبیبەڵلا تابانی ئاماژە دەکات: ((ژن و پیاو دەست لەناو دەستی یەک دەنێن و بە نەزمە جۆراوجۆرەکان هەڵدەپەڕن. بەم جۆرە شاییە تێکەڵە، دەگوترێ ڕەشبەڵەک... زۆرتر بەو پیاوانە کە ئافرەتێک لە تەنیشتیانە، بەند دەڵێن... ")) (تابانی. ١٣٨٠. ل٤٦٤)

بورهان ئەیازی لە کتێبی "ئاوێنەی سنە" دەنووسێ: ((کچ و کوڕەکانی خزم لە تەنیشتی یەک، بە شێوەی گەنم و جۆ دەستی یەک دەگرن و دەست دەکەن بە هەڵپەڕین و چۆپی کێشان و...)) (ئەیازی. ١٣٦٠. ل٢٥٦)

سدیق سەفیزادە وتەیەک لە زمانی خاتوو "جەمیلە جەلیل" دەڵێت: ((بەراستی ئەو کاتە کە کوڕ و کچە گەنجەکان شانیان لە تەنیشتی یەکە و هەڵدەپەڕن، زەوین لە ژێر پای ئەواندا چ حاڵێکی هەیە؟...)) (سەفیزادە.١٣٧٧. ل١١٨و١١٩)

هەروەها قوتبەددین سادقی، ئاماژە بە هاوشانی و یەکسانی قەدر و بایەخی ژن و پیاو دەکات. (سادقی. ١٣٨٨. ل٨٤-٩٤)

ئەو هەموو وتە و نووسراوە لە زمانی نووسەرەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکان، هەروەها نووسەرە ڕۆژئاواییەکان، ئەوە دەسەلمێنێ کە لە زۆربەی شوێنە کوردییەکان نەریتی ڕەشبەڵەک بەڕێوە ڕۆیشتووە و بەرێوە دەچێت و جێگایەکی تایبەتی لەنێو کولتووری کوردیدا هەیە، هەرچەندە کە لە هەندێ شوێندا بە هۆکاری جۆراوجۆر، ئەم دابە نییە و بەرێوە ناچێت.

((دەس یەکیان دەگرد گشتیان شان بە شان لەکەنیشک و کوڕ، لە پیر و جوان)) (حەقشناس،

١٣٨٦).

**٤- كوتانی(لێدانی) پێ لەسەر زەوی (هەرد):**

هەمــوو مرۆڤـەكـان لە سـەر پێ دەڕۆن بەرێوەو زۆربەی شایـیەكانیش لە سەر پێ دەكرێ ئەوەیە كە ببێتـە هۆی سـازبوونی دەنگ، بەڵام ئەوە دەنگێكە كـە شـاییكەران ئاگایان لێ نییە، یان بە مەبەستی سازكردنی دەنگ لێ نادەن، بەڵام لە هەندێ شـوێندا پێ لە سـەر هەرد دەدەن، ئەوەش بە ئاگـادارییەوە دەكـەن و مـەبەسـتـیـان قـورس هەڵپــەڕین و لەهەمــان كــاتدا ســازكــردنی دەنگە. هەڵپەڕكێی كوردی یەک لەو هەڵپەڕكێیانەیە كە مەبەست قورس هەڵپەڕین و سازكردنی دەنگە.

لێدانی پێ لەسەر زەوی، ئەوەندە گرینگە كـە دەتوانین دەنگی ڕەپڕەپانی پێ، بەشـێـک لە دەنگی مـــوزیكی هەڵپەڕكێی كوردی دابنێین كە لە ناوچە جۆراوجۆرەكانی جیاوازە و دەنگەكەی كەم، یان فرە دەبێتەوە. لە ناوچەی مــەریوان لێــدانی پێ قــورســەو دەنگی زۆرە. لە لای كـوردەكـانی باكووریش لێدانی پێ زۆرەو لە هەندێک لە شاییەكان و ناوچەكانیدا، دەنگی پێ زۆرتر دەبێتەوە.

قـوتبـەددین سـادقی، سـەبارەت بە لێـدانی پێ بە دوو بابەت ئاماژە دەكات:

١- مـــانـایەكی ئاشكرا: وەرزش كــردن و بەهێـــز و تواناییتر بوونی پێ و لەش

٢- مـانـایەكی شـاردراو: بەخـەبەر كـردن و لە خـەو هەستاندنی زەوین (سادقی. ١٣٨٨. ل٨٤-٩٤)

سـەبارەت بەم بابەتە، لەنێـو كـتـێـبـەكـاندا، شـتـێكم نەدۆزیوەتەوە.

**٥- بەكـارهێنانی دەسـمـاڵ (دەسرە) و گـرینگایەتی دەوری سەرچۆپی:**

زۆرتر ســەرچـۆپی دەســمــاڵ بەكــاردێنێ و لە هەندێ شوێندا بن چۆپی (كەسی تەنیشتی سەرچۆپی) و گاوانێ (كـەسی ئاخـر)، دەسـرە بە دەسـتـەوە دەگـرن. سـەرچۆپی بەشێک لە هونەری خۆی لە ڕێگای شێوازی بەكارهێنانی دەسرە، پیـشـان دەدات. لە چەند شوێندا دوو دەسـماڵ بە دەسـتـەوە دەگـرێ و لە گـرووپەكـە جـودا دەبێـتـەوە و دوو دەسـمـاڵە دەكـات. دوو دەسماڵەكردن لە ناوچەی سنە و كرماشان و ئیلام زۆر گرینگە و سەرچۆپی كێشێكی باش دەبێ بتوانێ لە تیپەكە جودا بێتەوەو بە جووڵەكانی لەش و شێوازی جووڵاندنی دەسماڵەكان، تواناییەكانی خۆی دەربخات، هەروەها بینەرەكانیش چاوەڕێ دوو دەسماڵەی سەرچۆپی دەكەن. لەو كاتە كە سەرچۆپی دەڕواتە ناوەندی بـازنـەكــــە، بـن چـۆپـیش دەســــرەكـــــەی دەردێـنێ و دەیجــوولێنێــتــەوە. لە ناوچەی ئیــلام بە دەســمــاڵی سـەرچۆپی، "چۆپی" دەڵێن (ڕەحـیمی. ١٣٨٨. ل ٧٥-٨٠) و چۆپی كێشان بە دوو مانای جووڵاندنی دەسرەكە، هەروەها بە هەڵپەڕكێیەكە دەڵێن. لە شاری سنە بایەخی جێگای سەرچۆپی، هەروەها دەسماڵەكە ئەوەندە گرینگ بووە كـە كـەس نەیدەتوانی ئەو دەسـمــاڵە لە دەسـتی سەرچۆپییەكە بستێنێ. دەبوایە چاوەڕێیان بكردبای تا دەوری بەزمـەكـە تەواو ببـوایە و چۆپی كـێش، خـۆی لە كـۆڕەكـە بڕۆیشـتـایە دەر و دەسـمـاڵەكـەی پێـشكەشی كـەسـێكی تر بكردایە، یان پاشی مـۆڵەت وەرگـرتن، دەیانتـوانی دەسرەكە لە دەستی بسێنن. ڕێزدانان بۆ ئەو جـێگا و ئەو دەسـرە، زۆر گــرینگ بووە و ئێــســتــاش تارادەیەک ئەو نەریتە بە جێ ماوە.

قوتبەددین سادقی سەبارەت بە نیشانەكان و نمادەكانی دەسرە دەڵێت: ((بەكارهێنانی دەسرە بەمانای ڕزگاربوون و فـڕین و بەرەو سـەر ڕۆیشـتنە... دەسـرە لەگـەڵ با، بەمــانـای جـووڵەیە و واتای شـەوق و مـەیلە. مـانای دیكەشی، سازكردنی پێوەندی نێوان زەوین و ئاسمانە. پێـوەندی نێـوان مـرۆڤ لەگـەڵ خـودا...)) (سـادقی. ١٣٨٨. ل٨٨)

ڤاسیلی نیكیتین ئاماژە بەوە دەكات كە: ((ئەو كەسە كە كەسی یەكەمە، واتا سەرۆكی دەستەی شاییەكەیە دەسمـاڵێكی سپی و لوولەكراو بە دەستەوە دەگرێ و بە دەسـتـەكـەی تری، هەمـوو شـاییكەرەكـان بەرەو پێش دەبات...)) و لە جێگایەكی تردا دەڵێت: ((ئەو كەسە كە یەكەم كەسە و تیپـەكە بە شوێنی خۆیدا دەكێشێ، سەرۆكی هەڵپـەڕكێـیـەكەیە و دەسرەیەكی سپی لەنێـو دەستـیدایە و بە دەستـەكەی تری شاییكەران بە شوێنی خـۆیدا دەكـێـشـێت...)) (نیكیـتین. ١٣٦٦ ک.ه. ل٢٢٧)

هەروەها سدیق سەفیزادە ئاماژە بە وتەیەک لە زمانی "ئێـدمـۆندز" دەكـات: ((كـەسی یەكـەم و كـەسی ئاخری ڕیزی هەڵپـەڕكێـیـەكە، لە سەر نەزمەكە دەسرەكـانیـان دەجووڵێننەوە...)) (سەفیزادە. ١٣٧٧. ل١٢٤)

مەنسـوورە سابـتزادە توێژەری هەڵپەڕكێ و موزیک، لە تارانەوە دەڵێت: ((دەسـمـاڵ وەک ئاڵایەكە كـە بەمـانای ڕێزدانـان و نیــشــاندانی خـۆشـویســتـنی وڵاتە و...))

(سابتزاده. ١٣٨٢. برووشور)

ڕەنگی دەسرە لەوەیە کە زۆرتر سپی بەکار هاتبێت، بەڵام ئەوڕۆ جۆراوجۆر بەکار دێن.

لە شاری سنە و کرماشان، زۆرجار سەرچۆپی بە دەستی ڕاست دەسرەکە دەسووڕێنێ و بە دەستی چەپ دەسرەیەکی تری بە دەستە کە لەگەڵ بن چۆپی پێکەوە ڕایانگرتووە. سەبارەت بەم باسە قوتبەددین سادقی لە جێگایەکی تردا وا دەڵێت: ((ئەو گرووپە کە لە ڕێگای دەسماڵ پێوەندییان لەگەڵ سەرچۆپی سازبووە بە مانای ئازادبوونی سەرچۆپی لە لای ڕێکوپێکی و بەردەوام بوونی گرووپە. پێوەندی نێوان تاکەکەس واتا سەرۆک لەگەڵ کۆمەڵگایە...)) (سادقی. ١٣٨٨. ل٨٤-٩٤)

((کە هەستی هەموویان لە دیمەنی سەرچۆپی کێشی هەڵپەڕکێدا کۆ دەبێتەوە و بەرجەستە دەبێ و لە هەندێ ناوچەدا، بە گیانێکی خرۆشاوەوە، تفەنگ و دەمانچە ئاگر دەدا، یان خەنجەرێکی ڕووت بە دەستەوە هەڵدەسووڕێنێ، یان دەقریوێنێ و دەستەسرێکی سوور، بە ژوور سەری هەموانەوە، ڕادەوەشێنێ...)). (حەمەباقی.)

((لە کاتی هەڵپەڕیندا، هەر کەسێک کە دەڕۆیشتە سەرچۆپی، لە لایەن بنەماڵەکەی و برادەرەکانییەوە شاباشێکی زۆر دەکرا...)). (ئەیازی. ١٣٦٠. ل٢٥٦)

**قیژەی چۆپی کێش، شریخەی دەسماڵ**

**دەنگەی ماڵیاوا خرنگەی خرخاڵ** (حەقشناس، ١٣٨٦)

**٦- جووڵەکانی چۆک و شان:**

لە زۆربەی شاییەکاندا چۆک بەکاردێ و خەم و ڕاست دەبێتەوە کە لە هەندێ ناوچەدا زۆرتر و لە هەندێکیشدا کەمتر بەکاردێ. سەبارەت بە جووڵەی چۆک مینینگێن دەڵێت: ((لە تەواوی دنیادا ئەو کەسە کە شایی دەکات، تەواوی ئەندامەکانی لەشی دەجووڵێنێتەوە، بەڵام لە لای کوردان وایە کە بە چۆکی خۆیان جووڵەیەکی زۆر هێدی دروست دەکەن...)). (نیکیتین. ١٣٦٦. ل٣٠٦)

لەنێو کتێبەکاندا سەبارەت بە جووڵەی چۆک و شان، ئاماژەیەکی زۆرم نەدۆزیوەتەوە، کەچی ئەو دوو جووڵە، بەتایبەت جووڵەی شان، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەڵپەڕکێی کوردییە. لە وتارێکی سەربەخۆدا سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی شایی کوردی قسە دەکەم و تەواوی شێوازەکانی جووڵانەوەی شانیش دەخەمە بەرچاو.

(١): ئەو نووسراوە لە وەرگێڕانی فارسی کتێبەکە وەرگیراوە و لەوەیە کە لەگەڵ دەقی ئەسڵی کتێبەکە کە بە زمانی کوردییە، کەمێک جیاواز بێت.

**سەرچاوەکان:**

**١- نیکیتین، ڤاسیلی. ١٣٦٦ ک، ە. کورد و کوردستان. وەرگێڕانی محەمەد قازی، کانون فرهنگی انتشاراتی درایت، تاران.**

**٢- ئەیازی، بورهان، ١٣٦٠ ک، ە، ائینە سنندج، ناشر: نووسەر. سنە.**

**٣- حەقشناس، مەحیەددین، ١٣٨٦ ک، ە، شارەکەم سنە، نشر پانیژ، چاپی دووەم.**

**٤- سەفیزادە، سدیق (بۆرەکەیی). ١٣٧٧ ک، ە، تاریخ موسیقی کردی، ناشر بێهنام، چاپی یەکەم.**

**٥- مینۆرسکی. ١٣٧٩ ک، ە، کورد، وەرگێڕانی حەبیبەڵا تابانی. ناشر گسترە.**

**٦- تابانی، حەبیبەڵا. ١٣٨٠ ک، ە، وحدت قومی کرد و ماد، منشأ، نژاد و تاریخ تمدن کردستان، ناشر گسترە.**

**٧- سادقی، قوتبەددین، بەهار ١٣٨٨ ک، ە، عملکرد اجتماعی و جنبە های نمادین هەڵپەڕکێ، گۆڤاری کرماشان، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ژمارەی یەکەم.**

**٨- ڕەحیمی، نوورەددین. بهار ١٣٨٨ ک، ە، رقص عنصری بر جستە در فرهنگ کردی، گۆڤاری کرماشان، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ژمارەی یەکەم.**

**٩- ئیسماعیلزادە، عەلی. ١٣٨٨ ک، ە، "ڕەشبەڵەکی کوردی و دابە لەبیرکراوەکان"، گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ٩٧.**

**١٠- سابتزادە، مەنسوورە، ١٣٨٢ ک، ە، برووشور سی دی دەنگ "رقصهای کردستان"، ناشر ماهور.**

**١١- محەمەد حەمەباقی، مێژووی مۆسیقای کوردی، ناشر سروە، ورمێ.**

**١٢- ئەفەندی بایزیدی، مەحموود. ١٣٦٩ ک، ە، اداب و رسوم کردان، وەرگێڕانی عزیز محمدپور داشبندی، ناشر میعاد، چاپی یەکەم.**

# وردەکاریی خۆڕەسێتی لە کارەکانی (وەهبی ڕەسووڵ)دا

ن: کدیانۆ عەلیکۆ
لە عەرەبییەوە: هومەن
(سلێمانی)

توانایيه شاراوەکانی نەست هێزێکی بێ سنووره لەسەر گۆڕانکارییە بێ کۆتاکان، تا ئەو ئاستەی پڕکێشی بەرانبەر تێپەڕبوونی زەمەن دەکات و پڕچەکە دژ بەو ڕەهەندە جێگەییانەی کە ساتەوەختی بە ئاگاییمان دەیزانین و هەستی پێ دەکەین، ئەوە (نەست)ـە کە کارگە و قەڵای خەونەکانمانە، هەموو هەستە چەپێنراو و ئەزموونە ڕێزاڵبووەکانی خۆشی و ئازارەکان لەخۆ دەگرێت، ئەو ئەزموونانەی توانایی بیناسازییەکانی کەسایەتی تاکڕەوی ئێمە ناتوانێت دەرفەتێک بۆ دەرکەوتنیان بڕەخسێنێت، یان هێزێک بێت بۆ پاراستنیان بەشێوەیەکی وەها کە ئەو ئەزموونانە بە هێندایی دێرینی و دووره دەستی و کێوێتی و بەراییبوونی خۆیان ئاشکرا بنوێنن، ئەزموونگەلێک کە تەژییە بە هەزاران لەو ئاسەوارانەی هاوشانیی پەرەسەندنی باڵابوونی مرۆڤی کردووە، هەر لە ئەمیبایەکەوە بۆ مرۆڤێکی ناسراو لە ڕەگەزی بەشەر.

کارە هونەرییەکانی (وەهبی ڕەسووڵ) لە نەخشەی ئامادەیی نێو ئەم توانایی نەستییانەی بنیادی دەقی هونەریدا، پەیامێکی مرۆڤگەرای هونەرییانەی وەهایە کە بە هێزێکی بینەییانەوە، وێڵە لەدوای پێوەندییە ئەزەلییەکانی مرۆڤ بە واقیعەوە، بزاوتنە هونەرییەکانی ئەو، پێشبڕکێی ئەو زریانانە دەکات کە ئاوەزی مرۆڤایەتی لە ئامێزی گرتوون، نەک هەر هێندە، بەڵکو لە هەندێک ساتەوەختی تردا دەبینین کێبڕکێی زەمەن دەکەن بۆ گەیشتن بەو ئاکامانەی کە بەدی هاتنیان خێراییەکی لە تێپەڕ بوونی کات دەوێت.

بە تێڕوانینێکی ورد لە کارە هونەرییەکانی (وەهبی ڕەسووڵ) تێبینی ئەوە دەکەین، کە ئەمە پەیامێکی هونەرییە و لە دنیایەکی نەستییانەی پەی پێ براوەوە سەرچاوەی گرتووە، پەیامێک کە دووره لە فەنتازیای

گــەمــەکــردن بە ڕەنگ و هێڵ و ژانرەکــانی تابلۆ. ئەو هەوڵی ئەوە دەدات و دەیەوێت ئەم پەیامە بە نییـەتێکی ڕاستگۆیانە و وردەکارییەکی خۆڕەسییانەوە بگەیەنێت، کــە تێگەیشتن لە ســەرجــەم تانوپۆ شــاراوەکــانی بەرەنجامێکە قورس و ئەستەم، بەڵام لە میانی جووڵەی خێـرا و ڕوحـێکی پڕ ڕاستگۆیی بەرجەسـتە کـردنەوە، دەتوانین شتێک لە تووڕەیی و بوونی کێشە و لێکدژیی تێدا ببینین و بدۆزینەوە، وەک ئەوەی هەمیشـە لەنێو دووتوێی کارەکانیدا حاڵەتێک لە نائارامی و ناجێگیری بژی، لە ڕێی یاری کـردنێکی پڕ سـەلیـقـە بە توخم و یەکەکانی تابلۆوە، لەو ڕوخسارانەوە کە حاڵەتێک لە نەگرتن و لەدەستدانی هەستی و جووڵەیی لەخۆ دەگرن، یان ئەو چاوانەی وا بە دیار دەکـەوێت کـە لە پشت جەسـتـەیەکی کـریسـتـاڵیـیـەوە، چاو و بینینمـان دەخەڵەتێنن.

ئەم دنیـایەی (وەهبی ڕەسـووڵ) بەم خـۆڕەسـیـیـە وردەکارەی خۆی دروستی دەکات، یان نزیکتر بڵێین ئەم کارە داهێنگەراییەی بەدی دێنێت، پێش هەموو شتێک کـارێکی قـورس و برست لەبەر بڕی بێ ڕەحـمـە و بەو مـانایەش (هەمـوو کـارێکی هونەری کـارێکی ماسۆشیانەیە)، لە هەمان کاتدا کـارێکە پەی بردنی دەروونیانەی مرۆڤ فراوان و قووڵتر دەکاتەوە و ئاراستە و چێژ بەخشییەکی تایبەت لە خۆدەگرێت، ئینجا چ بە هونەرمـەند بێت، یان بە وەرگـر/بینەر، ئەمـەش لەو ساتانەدا ڕوو دەدات کە حەقیقەت دەبێتە جوانی.

لەپێناو چوونە پێشەوە و بەرجەستەکردنێکی وەها، کە هەڵگری سیـمـایەکی داهێنەرانە و سرووش وەرگرتووی دنیـای نەسـتی بێت، پێـویست بە خـسـتنەسـەری





پیـادەکـردنێکی تەکنیکیی بەردەوام دەکـات، کـە خـۆ لە هەژمـوونێکی ئەفـرێنەری بە ئاگـای پەی پێـبـراودا دەنوێنێت، کـە لە گـەنجـێـتی هونەرمەندەوە بە خـواست لەسەر فێربون و خۆڕاهێنان و لاسایی کردنەوە سەرچاوەی گـرتووە، ئەمـە وێڕای بوونی : زەین ڕوونیـیـەکی ڕاسـتـەقـینەی سرووش بەخش، مـەعـریفـە، توانایی و خـواسـتێکی داهێنگەرا و هەژمـوونێکی ئەفـرێنەر، کـە ئەمـانەن پوختـە و جـەوهەری بلیـمـەتییـەکی ڕەسـەن بە هەردوو ڕووە چەندێتی و چۆنایەتییـەکـەیەوە و توانای داهێنان و ئەفراندنی هونەرمەندیش پابەندە بە هێندایی لەخۆگرتنی ئەم خەسڵەتانەوە.

نامە تابلۆییـەکان، کـە (وەهبی ڕەسـووڵ) بە (هێسا) ناوزەد و ناوونیـشـانی پێ بەخـشـیـون لە دوا نمایشـە هونەرییەکانی خۆیدا، لە هەڵکردنی ئەو زریانانە دەچێت کە هەموو شتێک لەگەڵ خۆیدا دەبات و ڕاپێچ دەکات، تەنیا ڕەسەنێتی بوون و ئەو ڕوحە شاراوەیە نەبێت کە لە نێـو هێـما و توخمی تابلۆکـانیـدایە. ئەو دەیەوێت و لە هەوڵی ئەوەدایە، بینەری تابلۆکانی لەنێو ئەم زریانانەدا لە چەندان جیهانی تردا بگێڕێت و گەشت پێ بکات، ئەو جـیـهـانـانەی کـە هونەری فـەلسـەفـەی جـوانیـیـەکی خۆڕەسییانەی لێزان و ڕەسەنێتییەکی تەکنیکی تێدا نیشتەجێیە، ئەم هونەرەش هونەرێکە، زۆرێکی لە بینەر دەوێت بۆ تێگەیشتن لە ڕاز و نهێنییە شاراوەکانی.

**سەرچاوە:**

**کدیانو علیکو : دقة العفوية في أعمال وهبي رسول، باخرة الكورد. Gemya Kurdo.net**

# ئەدیب و نووسەرێکی لەبیرکراوی میللەتەکەمان
# «حەسەن فەهمی جاف»

**د. حەسەن جاف**
**(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)**

حەسەن بەگی کوڕی عەلی بەگی کوڕی مەحموود پاشای کوڕی حەمە پاشای جافە، نازناوی ئەدەبی حەسەن فەهمی جافە، ساڵی ١٩٠٦ لە گوندی "کۆترە ڕەش" نزیک بە بیرکی لەکاتی کۆچی هاوین و زستانی عێلی جاف لە دایک بووە. ساڵی ١٩٧٣ز لە بەغدا بە نەخۆشی سەکتەی دڵ کۆچی دوایی کردووە، مرۆڤێکی ڕەوشت بەرز و قسە خۆش و ڕاستگۆ و خۆنەویست بووە، خوێندەوارێکی چاک و ئەدیبێکی بە سەلیقە و وەرگێڕێکی باڵا دەست بووە و لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارە ناودارەکانی کورد وەک ژیان، ژین، گەلاوێژ لە چلەکانەوە(١) نووسین و بەرهەمە ئەدەبییەکانی تا دەگاتە دوا بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامەی (برایی) ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ دەکەونە بەرچاو، چەندان وتار و کتێبی وەرگێڕراوی لە فارسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی هەیە، ناسراوترین وەرگێڕانی کتێبی (گەڕانەوەی دە هەزار یۆنانییە) بە سەرکردایەتی (کەزنەفۆن) لە بابلەوە بۆ ئەتینا ساڵی ٤٠١ پ.م، کە بەناو کوردستاندا تێپەڕیون و زیانێک کە کوردەکان لەو لەشکرکێشییەدا پێیان گەیاندوون، هەروەها وەرگێڕانی کتێبی (پاڵەوانی زەند) لە فارسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی کە باسی قارەمانی و جوامێری دوا فەرمانڕەوای زەندییەکان لوتف عەلی خانی زەند (٢) دەکات.

هەروەها چەندان وتاری بە نرخی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا وەک شازادەی بتلیس کە لەلایەن گەڕیدەی فەڕەنسایی (پارنتا وارنێ)ەوە نووسراوە کە باسی دەسەڵاتی کوڕ، یان کوڕەزای حوکمداری بەتلیس شەرەف خانی بەتلیسی، دانەری شەرەفنامە دەکات، بڵاوکردووەتەوە. یەکێک لە وتارە گرنگەکانی سەبارەت بە کەریم خانی زەندە ١١١٣ / ١٧٠١ ز ١١٩٣ک/ ١٧٧١ز فەرمانڕەوایی دادپەروەری کوردە، کە سی ساڵ بە سەربەخۆییەکی تەواوەوە حوکمڕانی ئێرانی کردووە (٣).

وتارێکی سەبارەت بە عەلی موراد خانی زەندیش نووسیوە کە یەکێک لە پێشەوا ناودارەکانی زەندییەکانە کە جێ پەنجەی لە مێژووی زەندییەکاندا بە ڕوونی دیارە، سەبارەت بە کورد لە وڵاتی (کەلات) لە خۆراسانی ئێراندا وتارێکی بە سوودی نووسیوە و باسی ئازایەتی و لێهاتوویی کوردەکانی ئەو ناوچەیە دەکات، کە لە بەرگری وڵاتەکەیان بەرانبەر بە تورکمانەکانی دەڤەری قۆچاندا ئەوپەڕی قارەمانیەتییان نواندووە، بە تایبەت باسی

ئازایەتی (ئیسماعیل کوردە) دەکات، کە بە ئازایەتی خۆی بووە سەرکردەی ئەو ناوچەیە و زەبر و زۆرێکی ئەوتۆی نیشان دا ئیدی تورکمانەکان نەیانوێرا بیر لە هێرشکردنە سەر ئەو ناوچە کوردییانە بکەنەوە، سەبارەت بە شاعیر و مێژوونووسی ناوداری کوردمان شەرەفخانم (مەستوورەی کوردستانی، وتارێکی بەکەڵکی بڵاوکردووەتەوە، هەروەها سەبارەت بە نەخشی خان ئەحمەد خانی ئەردەڵانی و ڕۆڵی ناوبراو لە دژایەتی دەوڵەتی عوسمانیدا و داگیرکردنی ناوچەکانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن ئەو زاتەوە نووسراوێکی بەسوودی بڵاوکردووەتەوە، سەبارەت بە مێژوونووسی کورد دکتۆر ڕەشیدی یاسەمی کتێبەکەی بە سەردێری (کورد و ڕیشەنژادی و تاریخی آو) وتارێکی بە نرخی نووسیوە، وتارەکەی سەبارەت بە مێژووی شارەزوور و خۆڵمار و عێلی جاف و مەحموود پاشا یەکجار سوودمەند و بەکەڵکە. وەک حەسەن بەگ خۆی دەیگێڕێتەوە ئەم وتارو وەرگێڕانانەی بۆ ئەوە بووە کە ڕۆشنبیرانی کورد بزانن میللەتی کورد خاوەن مێژوویەکی کۆنن و لە ساڵەکانی ٤٠١ پێش زایینیدا هەبووە، هەروەها فەرمانڕەواو کەسایەتی قارەمانی وەک کەریم خانی زەند و لوتف عەلی خانی زەند و عەلی موراد خانی زەندییان تێدا هەڵکەوتووە و جەخت لەسەر ئەم حەقیقەتە دەکات کە زەندەکان لقێکن لە عەشیرەتی لەک و لەکەکانیش بەشێکن لە هۆزی لوڕ و لوڕەکانیش بەپێی بۆچوونی سەرجەم مێژوونووسەکانی کورد و غەیری کورد، کوردن و بەشێکی گرنگی دانەپچڕاون لە گەلی کورد.

حەسەن بەگ لەگەڵ زۆربەی شاعیران و نووسەران و ڕۆشنبیرانی هاوچەرخی خۆیدا پێوەندییەکی بەهێزی هەبووە، بەتایبەت شاعیری گەورەی کورد پیرەمێرد. پیرەمێرد لە زۆربەی نووسینەکانیدا توانج و پلاری لە حەسەن فەهمی جاف گرتووە کە بۆچ ئابوونەی ڕۆژنامەی ژینی بۆ ڕەوانە نەکردووە و ئەم گلەییەی لە نامەکەیدا کە بۆ عەلی کەمال باپیر ئاغای شاعیر نووسیوە بە ڕوونی بەدی دەکرێت، مەبەستی بنەڕەتی نامەکە گفتوگۆ و بیروڕا گۆڕینەوەیە سەبارەت بەوەی کە لەلایەن پیرەمێرد و عەلی باپیر ئاغاوە هەوڵ بدرێت چەند کەسێک کۆبکرێنەوە، بچن بۆ سەر (شاتە) کە گۆڕی (مەولەوی) لێیە، گۆڕەکەی بۆ هەڵبەستین، لەلایەکی دیکەشەوە بیکەنە بۆنەیەکی ئەدەبی.



حەسەن فەهمی جاف

پیرەمێرد لەچەند نووسینێکی تریشیدا لە ڕۆژنامەی (ژیان) و (گەلاوێژ)دا ئەم مەبەستەی باس کردووە و زۆری ئارەزوو لەوە بووە کە گۆڕی ئەو شاعیرە بلیمەت و پایەبەرزە هەڵبەسترێت و جێگا و شوێنی لەبەردەم بەسەرهاتی ڕۆژگاردا ون نەبێت و بمێنێتەوە(٤). مەبەستی دووەمی لە نامەکەیدا، گلەیی پیرەمێردە لە حەسەن فەهمی جافی نووسەر و ئەدیب کە جێگای ژیانی لە هەڵەبجە بووە و لە ڕووی گوزەرانیشەوە خاوەن سامان و دەوڵەمەند بووە، گلەیی ئەوە لە حەسەن بەگ دەکات کە بیریان چووە ئابوونەی ڕۆژنامەی (ژین) بۆ پیرەمێرد بنێرن کە ئابوونەکەی پارەیەکی هێجگار کەم بووە، بەڵام ئەم گلەییەی پیرەمێرد لە حەسەن بەگی جاف ئەوە ناگەیەنێت کە بیروڕا و خۆشەویستی بەرانبەر جافەکان گۆڕابێت، بەڵکو لە زۆر بۆنەشدا بە شیعر و بە نووسین ستایش و سوپاسی ئەوانی کردووە بۆ خزمەتکردنی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی، بە تایبەت سەبارەت بە خزمەتی مەحموود پاشا بە فەرهەنگی کوردی لە ڕێگای کەشکۆڵەکەیەوە زۆر دواوە و لە بۆنەی لەدایک بوون و کۆچ کردنیاندا شیعری نووسیوە، ئەم دوو پارچە شیعرە کە بۆ لە دایک بوون و کۆچکردنی کوڕێکی حەسەن بەگ وتوویەتی و لە دیوانی پیرەمێرددا ئەم دوو پارچە شیعرە

بەدی ناکرێت، دەخەینەڕوو، پیرەمێرد دەڵێ:

**مژدەیەکی خۆش هات بە تەلەگراف**
**کوڕی بوو بە دوو حەسەن فەهمی جاف**
**لەناو جەژنانە جەژن بوو بە سێ**
**دیارە بوو بە دوو سێی لە دوو دێ**
**ئەمە تەئریخی ڕۆڵەی زەکییە**
**محمد سەروەر گشت ئیل بەگییە**

هەر ئەم (محەمەد سەروەر)ە پاش دوو ساڵ کۆچی دوایی دەکات و پیرەمێردیش بەم شیعرە دەیلاوێنێتەوە، ئەم شیعرەیش لە دیوانی پیرەمێرددا نییە:

**خودا، داد، لە دەست ئەم پیرە زاڵە**
**چەند بەسەر دڵی نازدارا زاڵە**
**حەسەن بەگ لە جێی دوو پاشا ماڵە**
**دوو چرای هەڵکرد لەو بنەماڵە**
**بای مەرگ یەکێکی کوژاندۆتەوە**
**دڵی ئەو ئێلەی ڕەنجاندۆتەوە**
**(محەمەد سەروەر) کۆچی بەخێرە**
**کۆچی قوربانی قەزاوەگێڕە**
**خوا، ڕۆڵە مردن بە ئەجر ئەژمێرێ**
**یەک بە دە تۆڵەی ئەبژێرێ**
**تەئریخە بۆ ئەو وەک سروشتە**
**محەمەد سەروەر پەپوولەی بەهەشتە**

هەروەک پیرەمێردی نەمر بەوپەڕی تووڕەبوونەوە توانج و پلاری لە حەسەن بەگ گرتووە، بەڵام هیچ کات حەسەن بەگ لە چوارچێوەی ئەدەب و ڕاگرتنی ڕێزی ئەو زاتە مەزنە لای نەداوە، پیرەمێردیش دوای ئەو پلارانە دەڵێ «چونکە نەوەی مەحموود پاشایە لێی ئەبوورم، تەنانەت بە فەخرەوە زنجیرەی باوک و باپیرانیشم لە ژیندا نووسیوە»، سەیرکە چەند بەڕێز و بایەخەوە بە بۆنەی چاپی یەکەمی دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانییەوە باسی عەشیرەتی جاف و بەگزادەکانی جاف دەکات، سەرەتای نامەکەشی ناونیشانەکەی بۆ حەسەن بەگە، بەم جۆرە ناوی دەبات بۆ بەگزادەی (تان و پۆ ئاوریشم) حەسەن بەگی عەلی بەگی جاف بەتان و پۆ ئاوریشم ناو هاوردنی حەسەن بەگ لەوەوە هاتووە کە ئەم حەسەن بەگە لە سەری باوکییەوە نەوەی مەحموود پاشایە و لەسەری دایکییەوە نەوەی وەسمان پاشایە وەک وتمان لە زۆر شوێنی نووسینەکانی پیرەمێرددا توانج و پلاری گرتووەتە نەوەکانی مەحموود پاشا و مەحموود پاشای بە وەچاخ



**لە ڕاستەوە بۆ چەپ: کەریم بەگی داوود بەگی حەمەسەعید بەگی جاف، بایز عەزیز دزەیی – قایمقامی هەڵەبجە، ئەحمەد بەگی حەمەساڵح بەگی جاف، حامد بەگی مەجید بەگی وەسمان پاشا، فازڵ جەمالی، شێخ بابا عەلی شێخ مەحموود.**

کوێر داوەتە قەڵەم و سەرزەنشتێکی توندی نەوەکانی مەحموود پاشای کردووە بۆ چ کەشکۆڵەکەیان چاپ نەکردووە(٦) و دەڵێت «ئەم بەرهەمە ئەدەبییە کە لای خوێندەواران و قەدر شوناسان ئەم خزمەتەی ئەو کردوویە لە هەموو ئاساری بابان و بابا ئەردەلان پێشترە» (٧)

بەڵام سەیرکە حەسەن بەگ چەند بەڕێز و حورمەت و ناسکییەوە لە نامەیەکدا ڕێکەوتی ٢١ی حوزەیرانی ١٩٤٣ کە بۆ پیرەمێردی ناردووە ناوی دەهێنێت و دەنووسێت، «ئەدیب و دانشمەند، فازڵ و هونەرمەند، نابغەی دەوران سەعادەتی حاجی تۆفیق بەگ پاش پێشکەش کردنی ئیحترامات و ئیخلاصێکی بێ پایان، هەمیشە تەمەننام لە خوا هەیە کە هەتا مودەتێکی درێژ بژین و میللەتی کورد لە قەڵەمی ئاتەشینت بێ بەش نەبێ، ئەمینم کە هەموو کوردێکی تەقدیرکار لەم بیرەدا شەریکمە بە ناوی (مەحموود پاشا و خزمەتی ئەدەبیاتی) مقالە شیرینە پڕ لە بەلاغەت و لە تافەتەکەتانم خوێندەوە و جیدەن بەرابەر بەم لوتفە مەمنوونت بووم، مەحموود پاشا بە تاب و تەحەمولی جارانییەوە، ئەگەر خۆی بمایە چەند بە زمانێکی پڕ لە شوکر و منەتدار بەرابەر برایەکی موشفیقی وەک سەعادەتتان ئیزهاری مەمنوونییەتی ئەکرد ئێستاش ئەمینم کە ڕوحی ئەو زاتە کە جەنابت خەریکی زیندووی ئەکەیتەوە لە ئیزهاری مەمنوونی و تەشەککور خۆی پێ ڕاناگیرێت ڕوحی مەحموود پاشا ئیلهامی دڵی بەندەی کرد، کە لەوەکالەت خۆیەوە بەم کاغەزە سوپاستان بکەم، زۆر مەمنوون و موفتەخیر ئەبم کە ئابوونەی سێ ساڵتان تەقدیم بکەم و لە هەزار یەک



**لە ڕاستەوە بۆ چەپ:**
**سەعید قەزاز، حەسەن جاف، د. فەیسەڵ ئەلدەملوجی.**
**١ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٤**

ئەقەللەن توانیبێتم خزمەتێکم بە ڕۆژنامەکەتان کە زوبانی حاڵی هەموومانە کردبێ، ئەگەر فرصەت بوو جار جار لوتفەن غەزەتەم بۆ بنێرە.

ئیتر خۆشی و سەعادەتتان ئەهەم ئامالە قوربان(٨).

**موخلیصتان**

**حەسەن فەهمی جاف**


حەسەن فەهمی جاف لەگەڵ زۆربەی شاعیران و نووسەران و ڕووناکبیران و کەسایەتییە ئاینییەکانی هاوچەرخی خۆیدا پێوەندییەکی بەهێزی هەبووە، وەک پیرەمێرد، کاکە حەمەی کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا محەمەدی کوڕی مەلا عەبدولڕەحمان کە بە (ناری) بەناوبانگە ١٨٧٤-١٩٤٤ (٩)، عەلی کەمال باپیر، تاهیر بەگی جاف، ئەحمەد موختار جاف، شێخ سەلام عازەبانی بێخود، زیوەر، شێخ عەلائەددین نەقشبەندی، سەید تاهیری هاشمی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، عەلائەددین سەجادی، ئیبراهیم ئەحمەد، گەنج عەلی خانی موکری، مینە جاف عەبدولڕەحمان موفتی (شێرۆ) و لەگەڵ زۆربەی ئەم کەسایەتییانەدا نامە و شیعری گۆڕیوەتەوە.

حەسەن بەگ ساڵەکانی ١٩٣٩ تا ساڵی ١٩٥٨ نوێنەری شاری هەڵەبجە بووە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق و لەگەڵ زۆربەی کاربەدەستانی ڕژێمی پاشایەتیدا پێوەندی هەبووە وەک نووری سەعید، ئەحمەد موختار بابان، فازڵ جەمالی، تۆفیق سویدی، لەگەڵ خوالێخۆشبوو سەعید قەزازدا دۆستایەتییەکی نزیکی هەبووە.

بەڵام حەسەن بەگ لە چلەکاندا لە سیاسەتی کاربەدەستانی حکوومەتی پاشایەتی ناڕازی بووە، بۆیە دەبینین پاڵپشتی لە ڕاپەڕینەکەی ڕەشید عالی گەیلانی مایسی ١٩٤١ کردووە و لە نێوان ئەو کەسایەتییانەی کە برووسکەیان بۆ ڕەشید عالی کردووە، تەنیا وەڵامی ئەو زاتە و شێخ قادری قەرەداغی داوەتەوە(١٠).

حەسەن بەگ کوردێکی ڕاستەقینە و کوردپەروەرێکی بێ لافوگەزاف بووە پێش شۆڕشی ئەیلوول نامەی بۆ خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی ناردووە ناوبراویش وەڵامی داوەتەوە.

دوای بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ زەعیم سدیق کە ئەفسەرێکی ڕەگەزپەرستی عەرەب بوو، گوشاری دەخستە سەر سەرۆک هۆز و کەسایەتییە ناودارەکانی کورد کە برووسکەی پاڵپشت و لایەنگیری بۆ عەبدولکەریم قاسم بنێرن و لە برووسکەکانیاندا دژ بە شۆڕشی کورد و مەلا مستەفای بارزانی بێزاری نیشان بدەن، برووسکەیەک بە ناوی حەسەن بەگ و حامید بەگ و شەوکەت بەگی جافەوە بێ ئەوەی ئاگایان لێ بێت لە ڕۆژنامەی (الثورة) دا بڵاوکرایەوە، گوایە ئەم سێ کەسایەتییە دژ بە شۆڕشی کورد و سەرکردایەتی مەلا مستەفان، ئەم سێ کەسایەتییە یەکجار ناڕەحەت بوون



بڕیاریان دا برووسکەکــە بە درۆ بخــەنەوە، بەڵام هیچ ڕۆژنامــەیەک ئامــادە نەبوو ڕوونکردنەوەکــەیان بۆ بڵاو بکاتەوە، ســەر ئەنجام دوایی هەوڵ و گــوشارێکی زۆر، هەمــان ڕۆژنامــە برووسکەکــەیانی بڵاو کــردەوەو ئەو سێ کەسە وتیان ئێمە ئەم برووسکەمان نەکردووە و ئاگامان لێ نییە و بەناوی ئێمەوە کراوە، بۆیە لەو قۆناغەدا ئەمە کــارێکی ئاســان نەبوو، ئازایی و بوێری دەویست و ئەو سێ کەسایەتییە ئەو ئازاییەیان نواند و ئەو برووسکەیان بە درۆ خســتــەوە، خــوالێخــۆشبــوو شــەوکــەت جــاف، ڕۆژنامــەی (الثــورة)ی کــە ئەو درۆ خــستنەوەی تێــدا بڵاوکــرابووەوە بەســەر دانیــشــتــوانی یانەی ســیــروانی خێزانیدا لە بەغدا دابەش کرد. خوالێخۆشبوو حەسەن فەهمی جاف وەک باسمان کرد لە ئەدەبیاتی فارسیدا قــووڵ ببــووەوە بە هەڵە پێیان ڕاگەیاندبوو خوالێخۆشبوو جەمــیل ڕۆژبەیانی شانامــەی فــردەوسی بۆ ســەر زمــانی عەرەبی وەرگێڕاوەتەوە، ئەویش لە مەجلیسێکدا وتبووی بە بۆچوونی من کــارێکی گــەورەی نەکــردووە، چونکە بەلاغــەتی فــردەوسی لە شــیــعــرەکــانیــدایە نەوەک لە داستانەکانیدا کە ئەفسانەیە، خۆی بێهــوودە لەم بوارەدا خســتــووەتە زەحــمــەتەوە، مــەلا جــەمــیل بە هەڵە پێــیــان ڕاگــەیاندبوو حــەســەن بەگ وتوویەتی مــەلا جــەمــیــل بە وەرگێڕانی شەرەفنامە کارێکی ئەوتۆی نەکردووە و خۆی بێ ســوود خســتــووەتە زەحــمــەتەوە، مــەلا جــەمــیل کــە ماوەیەکی زۆر مەلا و خەتیبی مزگەوتی مەحموود پاشا بووە لە قـــزڕەبات، حـــەســـەن بەگی چاک دەناسی و دۆستــایەتیــیان هەبوو، حەسەن بەگ بۆی گێڕامــەوە ئەم لەیەک تێ نەگەیشتنە بووە هۆی نارەحەتی مەلا جەمیل «بەیانییەک تەلەفۆنی ماڵەکەم لێی دا مەلا جەمیل بوو وتی حــەســەن بــەگ تۆی، وتم بەڵێ. وتی تۆ لای خــۆت ئەدیب و وەرگــێــڕیت، خــوا لەوەجاخی مــەحــمــوود پاشادا نەتهــێــڵــێت، من بە زەحــمــەتێکی فــراوانەوە لە زینداندا مێژووی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسیم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و ئەم بەرهەمە بەنرخەم پێشکەش بە کــتــێــبــخــانەی کــوردی و عــەرەبی کــردووە، بەڕێزت بەو ئاسانییە فەرمووتە کارێکی بێهوودەی کردووە، حەسەن بەگ وتی بەوپەڕی خۆنەویستییەوە پێم وت مامۆستا تۆ جارێ لە بابەتەکە تێبگە دوایی سووکایەتی بکە بە چی ســوێندێ بڕوا دەکــەی، بەندە نەمگوتووە شــەرەفنامــە وتوومە شانامە، ئەگەر شەرەفنامەت وەرگێڕاوەتەوە سەر



**هاتنی مەلیک فەیسەڵ بۆ سلێمانی لە ١٩٥٥/١١/٣**

زمانی عەرەبی ئەوە کارێکی گەورەت ئەنجام داوەو جێی دەستخۆشی لێکردنتە، من گوتوومە شانامە، بەڕێزت لە من باشتــر دەزانیت بەلاغــەتی شــانامــەی فــردەوسی لە شــیــعــرەکــانیــدایە و ئەگــەر وەربگێــڕڕێتــەوە ســەر هەر زمانێکی تر ئەو تاموچێژەی نامێنێ و کارێکی بێهوودە و بێ سوودە، وتی تۆ وتووتە (شانامە)؟ وتم بەڵێ وتوومە (شــانامــە)، وتی ڕاســتــەکــەی (شــانامــە) ئەگــەر وەربگێـــڕێتـــەوە بێ کـــەڵکە، لەبەر ئەم لەیەک تێ نەگەیشتنەمان سزات ئەدەم بە سەندنی پەنجا نوسخە لە شەرەفنامەکەم، وتم فەرمانت موتاعە مامۆستای بەڕێز».

حەسەن بەگ مەولەوی ناسێکی تەواو بوو، دیوانەکەی ئەزبەر بوو و شیعرەکانی لەگەڵ شیعرەکانی شاعیرانی فارسدا بەراورد دەکرد، لەو بڕوایەدا بوو لە زۆر شــوێندا مــەولەوی شــیــعــرەکــانی لەوان جــوانتــر و شــیــرینتــر و ناسکترە.

مــێــردمنداڵ بوو، وابزانم ســاڵی ١٩٥٧ بوو لە مــاڵی خوالێخۆشبوو محەمەد سەعید بەگی جافدا، ئەم بەڕێزانە میوان بوون، خوالێخۆشبووان ئیبراهیم ئەحمەد، حەسەن فەهمی جاف، مستەفا بەگی کەریم بەگ و حاجی ڕەئووف یەکێک لە کەسایەتییــەکانی شاری کفری، منیش زۆر حەزم لە گوێبیستی شیعر و ئەدەب دەکرد، مەجلیسەکە هاتە سەر باسی شاعیرێتی مەولەوی تاوەگۆزی.

حــەســەن بەگ ڕووی کــردە ئیــبــراهیم ئەحــمــەدو وتی: «ئەزانیت زۆر لە شــیــعــرەکــانی مــەولەوی لە ســەعــدی شیرازی و حافزی شیرازی و مەولانا و سائیبی تەبریزی و چەند شاعیرێکی بەناوبانگی تری فارسەکانی وەرگرتووە و شــیــعــرێکی لە دیوانەکــەی مــەولەوی دەخــوێندەوە لە بەرانبەریدا شیعرێکی لە دیوانی حافز، یان سەعدی، یان

مەولانا، یان سائیب بە هەمان تێگەیشتن و مەزموون دەیخوێندەوە. لاپەڕەکانی دیوانەکانی ئەو شاعیرانەی کە ئەو شیعرانەیان وتووە دەستنیشان دەکرد. خوالێخۆشبوو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد شڵەژاو تووڕە بوو، وتی: حەسەن بەگ بەرخوردار بی، ئێمەی کورد مەولەوییەکمان هەیە شانازی بە بەرزی شیعرەکانییەوە دەکەین، بەڕێزت دەتەوێ بیکەیتە مونتەحیل).

حەسەن بەگ پێکەنی و وتی: کاکە بلە وامزانی زۆر قووڵی لە ئەدەبیاتدا، بەڵام وادیارە وا نییە، وتی: بۆچی...؟ حەسەن بەگ وتی بەڕێز ئەفکاری سامی و بەرز و شاکار موڵکی هیچ میللەتێک نییە، شاعیرە گەورەکانی فارسیش ئەو بیرۆکە بەرزانەیان لە کەسانی تری پێش خۆیانەوە وەرگرتووە، ئەو کەسانەیش لە کەسانی تر، شکۆ و بلیمەتی لەوەدایە ئەو شاعیرە فارسانە ئەو بیرۆکە نایاب و بەرزانەیان هێناوەتە نێو ئەدەبیاتی فارسەوە و شەقڵی خۆیانیان لێ داوە، مەولەوی پایەبەرزی خۆشمان شکۆ و بلیمەتییەکەی لەوەدایە، ئەو شاکارانە کە لە شیعری ئەو شاعیرانەدا



ڕەنگی داوەتەوە، مۆرکی کوردی لێ داوە و هێناویەتە نێو ئەدەبیاتی کوردەوە و کردوونی بە موڵکی میللەتی کورد، بەڕێز ئەمە شتێکی کەمە مەولەوی کردوویەتی؟

خوالێخۆشبوو ئیبراهیم ئەحمەد دوای کورتە بیرکردنەوەیەک وتی: حەسەن بەگ (لقد أفحمتني) ئەوەی شرۆڤەت کرد ڕاستە و نکوڵی لێ ناکرێت».

من لای خۆمەوە وەک ئومێد ئاشنا دەڵێت بە پێویستی سەرشانی خۆم زانی وەک ئەرکێکی پیرۆزی فەرهەنگی ئاماژە بە کەسایەتی و قەڵەمە بە بڕشت و بە پێزو کورد پەروەرەکەی حەسەن بەگ بکەم، حەسەن بەگ خوێندەوارێکی ڕاستەقینە و کەسایەتییەکی خۆنەویست و ڕەوشت بەرز بوو، ڕوحی پاکی شاد، یادیشی پیرۆز.

**سەرچاوەکان:**


**١- یەکەمین نووسینی بەسەردێڕی (ئۆخەی)، ساڵی ١٩٣٩ز بڵاوکراوەتەوە، بڕوانە ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٥٦١، ساڵی ١٩٣٩.**

**٢- بڕوانە گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (١)، ساڵی (٥) کانوونی دووەم، ساڵی ١٩٤٤ز.**

**٣- حسن كريم جاف، موسوعة تاريخ ايران السياسي، المجلد الثالث، بيروت ٢٠٠٨ ص١٤٤.**

**٤- بڕوانە، ئومێد ئاشنا، نووسین و وەرگێڕانی : حەسەن فەهمی جاف، سلێمانی، ١٩٩٩ ل٢.**

**٥- ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (٤٨١) ساڵی ١٩٣٩.**

**٦- خوا حەز بکات بەم زوانە، ئەو کەشکۆڵە بەنرخە بە هیمەت و کۆششی بنکەی ژین بە تایبەت ڕەفیق ساڵح و صدیق ساڵح دەچێتە کتێبخانەی کوردییەوە.**

**٧- ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (٥٠٩)ی ساڵی ١٩٤٣.**

**٨- بڕوانە وتاری د. حەسەن جاف بە سەردێڕی قەدری زەڕ لای زێڕینگەرە، گۆڤاری ڕەنگین ژمارە ٩٦ ساڵی ١٩٩٦ ل٧.**


**٩- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا، ١٩٥٢، ل٤٥٥.**

**١٠- بڕوانە د. كمال مظهر احمد مقال بعنوان - حول دور الشعب الكردي في انتفاضة مايس ١٩٤١، صفحة مجهولة من تاريخ نضال الشيخ محمود) المنشور في جريدة العراق الاربعاء، ايار ١٩٨٩.**

# پیاوێکی تێکشکاو و گەمە سێکسییەکانی نادیە

هاشم سەڕاج

«پیاوێکی تێکشکاو» ڕۆمانێکی نووسەری مەغریبی «تاهیر بن جەللون»ـە، ساڵی ١٩٤٤ لە شاری «فاس» لە دایک بووە و کارەکانی بە زمانی فەرەنسی دەنووسێت، «ئازاد بەرزنجی» ئەم ڕۆمانەی لە دەقە وەرگێڕدراوە عەرەبییەکەی «عەلی پاشا»وە کردووە بە کوردی، بەڵام دوای بەراوردکردنی لەگەڵ دوو دەقی وەرگێڕدراوی فارسی، گێڕانەوەکانی تاهیر بن جەللون لەم ڕۆمانەدا زۆرتر لە دەوری دیاردەی گەندەڵی و بەرتیلخۆریدا دەخولێنەوە، هەروەها ئازاد بەرزنجی لە پێشەکییەکەیدا کە بۆ ئەم ڕۆمانەی نووسیوە، ئاماژە بەوە دەدات کە تاهیر بن جەللون هەروەک خۆی دەڵێت بیرۆکەی ڕۆمانەکەی لە ڕۆمانی نووسەرێکی ئەندۆنیزییەوە وەرگرتووە ناوی «پیرامۆدیا ئاناتاتوید»ـەو ڕۆمانەکەشی بەناوی «گەندەڵی»یە و لە ساڵی ١٩٥٤ نووسیویەتی».




تاهیر بن جەللون لەم ڕۆمانەدا زۆرتر جەختی لەسەر شاری «کازا بلانکا- ئەلدار ئەلبەیزاء کردووەتەوە کە شارێکی قەرەباڵغی مەغریبییە و بە پایتەختی ئابووری لە قەڵەم دەدرێت و هەشتا کیلۆمەتر لە باشووری- ئەلڕیبات-ی پایتەختی کارگێڕی وڵاتی مەغریب دوورە، موراد کارەکتەری سەرەکی ئەم ڕۆمانەیە و ئەندازیارە و تەمەنی نزیکەی چل ساڵە و لە قوتابخانەیەکی فەرەنسیدا خوێندوویەتی، پاشان زانکۆی «محەمەدی پێنجەم»ی لە ڕیبات تەواو کردووە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ئابووریدا بەدەست هێناوە، مورادی ئەندازیار، کاری لێکۆڵینەوەی دۆسییەکانی نەخشەکانی بیناسازی لە ئەستۆیە و بەبێ ئیمزای ئەم، هیچ مۆڵەتێک بە بیناکردن نادرێت».

موراد بۆ ماوەی بیست ساڵ ژیانێکی ئاسایی دەژیت و پشت بە مووچە فەرمییەکەی دەبەستێت و بە پاس هاتوچۆ دەکات و هەمیشە حەلیمەی خێزانی و خەسووی گلەو گازندەی لێدەکەن و هانی دەدەن ڕوو لە گەندەڵی و بەرتیلخۆری بکات، ئەمە لایەنە دیار و بەرچاوەکەی واتایی دەقە، بەڵام ڕۆمانی پیاوێکی تێکشکاو بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ کاری لەسەر لایەنی دەروونی کۆمەڵێک کارەکتەر کردووە، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەم ڕۆمانە تێکستێکی سایکۆلۆژییە و تێیدا لایەنە دەروونییەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی

ورد شی دەکرێتەوە، چونکە مورادی ئەندازیار لەگەڵ ئەوەی پیاوێکی خێزانداره و خاوەن کوڕ و کچێکە، واسیت و کەریمە، واسیتی قوتابی بەشەو لەبەر ڕووناکی گڵۆپی شەقامەکان سەعی دەکات و کەریمەش تووشی نەخۆشی تەنگەنەفەسی هاتووە، حەلیمەی هاوسەریشی هەمیشە هەوڵدەدات لەم ژیانە پڕ لە کولەمەرگییە ڕزگاری بێت، بە تایبەتی کاتێک ئاوڕ لە ژیانی خوشکەکانی دەداتەوە، سەیر دەکات مێردی خوشکەکانی چۆن بەهۆی گەندەڵی و گەندەڵکارییەوە گەیشتوونەتە ئەوپەڕی دەوڵەمەندی، بەڵام موراد کاتێک مووچەی مانگانەی وەردەگرێت نەک دەستبڵاوی ناکات، بەڵکو خەرجییەکانی ڕۆژانەی دیاری دەکات و هەتا دەتوانێت دەست بە پارەوە دەگرێت، زۆرجار بە پێ دەڕوات بۆ فەرمانگەکەی و تووشی هەناسەبڕکێ دەبێت، چونکە جار جارە بیبردەکاتەوە [یان ئەوەتا دەبێ تاکسی بگرێت، کرێی تاکسیش دە درهەمە، کە ڕێک پارەی دوو پاکەت جگەرەی کازاسیۆرت بلووزە، یان ئەوەتانێ بە پێ بڕوات...].

لە ڕوویەکی دیکەوە موراد شەیدای خوێندنەوەی کتێبە، بەردەوام «بوون و نەبوون»ی سارتر و کتێبەکانی نیتشە و کامو دەخوێنێتەوە، حەز دەکات بەو مووچەیەی کە وەریدەگرێت، هەرچۆنێک بێت گوزەران بکات و خەرجی خوێندنی منداڵەکانی و کرێی خانووی لێ بدات و یارمەتی دایکیشی بدات کە لە شاری «فاس» دەژیت، موراد لە فەرمانگەکەدا هەم ڕقی لەو چاپچییە چاپلووسەیە کە لەژێرەوە کاری گەندەڵی و بەرتیلخۆری جێبەجێ دەکات، هەم لە حاجی حەمیدی هاوکاری، لە پێکەنینە تەوساوییەکەی و لە بۆنی ئەو عەترەی کە بەکاری دێنێت و زڕەی ئەو زنجیرەی کە بە مەچەکییەوە کردووە، حاجی حەمید لەوە ناچێت لە هەموو ژیانیدا تاقە کتێبێکی خوێندبێتەوە، بەیانیان چاوێک بە ڕۆژنامەکاندا دەخشێنێت و لای ئەو [پیاو هەبێت سەددامە] موراد پێی سەیرە دەیەوێ پێی بڵێت ئاخر کەسێک میللەتەکەی خۆی هەشت ساڵ لە شەڕێکی هیچدا لەگەڵ ئێران بە کوشت بدات تۆ چۆن بە کەسێکی وا دەڵێیت پیاو.

دەقی پیاوێکی تێکشکاو زۆرتر لە ڕەوشی دووفاقیەتی کەسایەتی و کارەکتەرەکان دەدوێت و لە ڕێگەی زمان و بیرکردنەوە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتەوە جەوهەری بوونیان شی دەکاتەوە، موراد حەلیمەی هاوسەری ناچار کردووە کە حەبی مەنع بخوات، حەلیمە بە تووڕەییەوە پێی دەڵێت [تۆ پیاویت و هاوکارەکەشت پیاوە! مووچەکەی لە تۆش کەمترە، بەڵام بڕۆ سەیری ئەو ڤێللا جوانەیان بکە کە تێیدا دەژین، لە جیاتی ئۆتۆمبێلێک دووانیشیان هەیە، منداڵەکانیشی لە قوتابخانەی تایبەتی فەڕەنسی دەخوێنن...].

دەق لە ڕووی هونەرییەوە زۆرتر جەخت لەسەر تەکنیکی جێناوی یەکەمین کەسی تاک دەکات و ڕووداوەکان بە کاتی تێنەپەڕ گوزارەیان لێ دەکرێت، بە تایبەتی مورادی ئەندازیار کە نوقمی ڕووداوە یەک لەدوای یەکەکانە، لە هەمان کاتدا دەق تەکنیکی دیالۆگ و فلاش باک و خۆدواندن و جۆرێک لە ڕەوشی وڕێنەو وڕێنەکاری بەکار دەبات.

موراد لە سەرەتاوە کەسایەتییەکی سەر ڕاست و ڕاستگۆیە و بەهیچ شێوەیەک بڕوای بە گەندەڵی و بەرتیلخۆری نییە، کەچی هەندێک جار حەسرەت بۆ ئەو سەفتە پارەیە دەخوات کە بەڕێز فولان کە بەڵێندەرێکی بیناسازییە لە یەکێک لە کافێکانی شاردا بۆی خستە سەرمێزەکە نزیکەی دە هەزار درهەم دەبوو، دەیتوانی بەو بڕە پارەیە ماتۆرێک بۆ خۆی و کراسێک بۆ حەلیمەو قات بۆ منداڵەکانی بکڕێت و بێجگە لەمەش ژن و منداڵەکانی بۆ ڕیستورانتێک بەرێت ماسی بخۆن، موراد لەناخڕا کەسایەتییەکی نیگەران و دوودڵە، هەم حەز دەکات ژیانی خانەوادەکەی بگۆڕێت و وەک دەر و جیرانەکانی لە ژیانێکی خۆشدا بژین، هەم دژی بەرتیلخۆرییە، لەو لاوەش ناجیەی پوورزای خۆش دەوێت، کەچی موراد و حەلیمە لە زانکۆ یەکدییان خۆش ویستووە و بەخۆشەویستیش هاوسەرگیرییان کردووە، باوکی حەلیمە دەرهەق بە موراد هیچ ناڵێت، بەڵام دایکی حەلیمە، واتە خەسووی موراد: ئاگری بن کایە و بەلای ئەوەوە موراد پیاوێکی بچووک و بێ کەڵک و تەمبەڵە.

بەڵام کێشەکە ئەوەیە موراد گەیشتووەتە ئەو بڕوایە کە «لەم وڵاتە وێرانەدا، ئەوەی دز بێت، ژیانی پارێزراوە، ئەوەی گەندەڵ و بەرتیلخۆر بێت، دەستخۆشی لێ دەکرێت، ئەوەی پاک و شەریفیش بێت، هەڕەشەی لێ دەکرێت و سووکایەتی پێ دەکرێت» ئەوەتا «سەیدی ئەلعەرەبی» وەکیلی بیمەیە و لە ڕێگەی ڕووداوەکانی ئۆتۆمبێل و مردنی ئەو کەسانەی تیا دەچن خۆی دەوڵەمەند کردووە، دەستی لەگەڵ کۆمپانیاکانی بیمەدا تێکەڵ کردووە، بەشێک لەو پارەیەی کە

بەناوی قوربانییەکانەوە وەریدەگرێت بۆ خۆی گلی دەداتەوە، سەیدی ئەلعەرەبی بە چەشنێک سەیری موراد دەکات پێی وایە موراد پیاوێکی لات و بێ دەسەڵاتە و نازانێت چۆن خۆی لەگەڵ هەلومەرجی ژیانی مۆدێرندا بگونجێنێت.

دەق وێڕای بەکاربردنی کۆمەڵێک تەکنیکی هونەری، زۆرجار ئاماژە بە چەند فیلمێکی سینەمایی دەدات، موراد خۆی و هاوسەرەکەی، یان ژیانی ڕۆژانەی خۆی لەگەڵ هەندێک گرتەی سینەماییدا بەراورد دەکات و لە خەسڵەتی بەشێک لە کارەکتەرە سینەماییەکان دەدوێت، موراد لە سەرەتاوە عاشقی جەستەی حەلیمەیە و بەرزی و نزمییەکانی لەشی دەیورووژێنێت، هاوکات حەلیمە ئافرەتێکی شەهوانییە و لە کاتی سێکسکردندا زۆر هارە و لەژێر سیسەمەکەشدا کتێبی «الروض العاطر»ی شێخ «نەفزاوی» شاردووەتەوە، کتێبێکە باس لە بیست و نۆ جۆر سێکسکردن دەکات، بۆ نموونە شێوازی «ئاسنگەرانە» و «شێوازی پشتی حوشتر» و «لەولەبی ئەرخەمیدس»، موراد و حەلیمە زۆربەی جۆر و شێوازەکان پراکتیزە دەکەن، بە تایبەتی شێوازی ئاسنگەرانە، (لەم بارەدا ژنەکە لەسەر پشتی ڕادەکشێ و هەردوو قاچی توند بەسنگییەوە دەنووسێنێ و جووڵەکانی پیاوەکەش لە جووڵەی ئاسنگەر دەچێت، وەختێ شیشە سوورەوە کراوەکە لە کوورەکە دەدرێنێ) بەڵام موراد زۆرجار بیر لە «ناجیە»ی پوورزای دەکاتەوە، کە تازە بێوەژن کەوتووە، لەگەڵ یادەوەرییەکان دەژیت و بیر لە چرکەساتەکانی دەورانی منداڵی دەکاتەوە کە لەگەڵ ناجیە بەیەکەوە لە باڵکۆنەکە گەمەیان دەکرد، ناجیە ئێستا بە تەنیا دەژی لەو کاتەوەی مێردەکەی لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا گیانی لەدەست داو دواتر سەیدی ئەلعەرەبی کارەکانی بیمەی بۆ ناجیە ئەنجام دا، موراد مرۆڤێکی نیگەرانە زۆرجار لەبەر خۆیەوە دەڵێت دەبوایە لەگەڵ ناجیە هاوسەرگیریم بکردایە، ڕاستە دایکم دەیگوت ناجیە خوشکی شیرینە، ئاخر هاوسەرگیرییەکەم لەگەڵ حەلیمەدا، هەڵەیەکی کوشندە بوو، حەلیمە ئەگەر شووی بە بەرتیلخۆرێکی گەندەڵ بکردایە، زۆر خۆشحاڵتر دەبوو.

دەق بە شێوازێکی سایکۆلۆژی کار لەسەر خودی کەسایەتییەکان دەکات، ڕاستە موراد مرۆڤێکی سەرڕاستە و بڕوای بە گەندەڵی و بەرتیلخۆری نییە، بەڵام زۆرجار خەفەت بۆ ئەو چرکەساتانە دەخوات کە چۆن بەرتیلەکانی ڕەت کردووەتەوە، ئەو کابرایەی لە دەرەوەی شار باخێکی بەناو کرد، یەکێکی تر لە شەوی جەژنی قورباندا دوو مەڕی خرت و قەڵەوی بۆ ناردبوو، جارێکی تر دوو بوتڵ وێسکی «جونی ووکەر»یان بۆ هێنابوو، یان بۆ ڕیستۆرانتێکی گەورەی شار داوەتیان کردبوو، موراد کەسایەتییەکی ڕاڕاو نیگەرانەو کاتێک تووشی دڵتەنگی دێت بیر لە ناجیە دەکاتەوە، [ناجیە دوو ساڵ لە من منداڵترە. دووچاوی شین و قژێکی ڕەشی هەیە، لەوەتەی بێوەژن کەوتووە نیگاکانی غەم و کەسەریان لێ دەبارێ، بەردەوام دەڵێی چاوەڕێی شتێک دەکات. هەڵبەتە کچێکی سیانزەساڵانیشی هەیە کە پەروەردەی دەکات و خۆشی مامۆستای سەرەتاییە] موراد لە ناخڕا مرۆڤێکی نیگەرانە و حەزی لە خوێندنەوە و مۆسیقای ڤیڤالدی و بیرە خواردنەوە و جگەرەی مارلبۆرۆیە، لە هەمان کاتدا شەیدای فیلم و ڕوخسارە نوورانییەکەی ناجییەیە، زۆرجار لەبەردەم باڕی «حەمرا» دەوەستێت و بیرەیەک بە پازدە درهەم دەخواتەوە، بەڵام لای دوکاندارەکەی گەڕەکەکەیان شت بە قەرز دێنێت، دوکاندارەکە خەڵکی باشوورە و بەربەرە و ساڵ دوازدە مانگ وا لە پشت مێزی دوکانەکەیەوە، هەر لەوێش نان دەخوات و دەخەوێت، موراد بیر لەو کابرایە دەکاتەوە. ڕەنگە ساڵی دوو مانگ بچێتەوە لای ژن و منداڵەکانی، هەندێک جاریش لەو ئاودەستە پیس و تاریکەی کە لە پشتی دوکانەکەیەوەیە، خەریکی دەسپەڕ بێت، موراد مرۆڤێکی نیگەرانە و بەردەوام بیر دەکاتەوە، ئێستا لەوانەیە واسیت لەدەرەوە لەبەر ڕووناکی گڵۆپەکانی شەقام سەعی بکات، کەریمەش خەو بردبێتییەوە، کەریمە تەنگەنەفەسە، من حەلیمەم خۆش دەوێت، ناجیەش سیمایەکی میهرەبانی هەیە، زۆرجار خەیاڵ دەیباتەوە، حەز دەکات چەند سەد درهەمێک قەرز بکات و ئۆتۆمبێلەکە لە «عەباس»ی هاوڕێی بسێنێت و لەگەڵ ناجیە بەیەکەوە چەشنی دوو دڵدار بچن بۆ کەناری دەریا و نیگای شەپۆلە سپییەکان بکەن و کەباب و دۆندرمە بخۆن، ئینجا بەخۆیەوە بینووسێنێت تا گوێی لە لێدانی دڵی بێت، کەچی موراد لەوە دەترسێت نەوەک خزمێکی حەلیمە بیانبینێت، ترس و دڵەڕاوکێ و خولیای ژیانێکی خۆش و نائارامی و دەنگی ناخ و ئازاری ویژدان سەراپای خود و دەروونی دادەگرن، بیر لە سەیدی ئەلعەرەبی و حاجی حەمید و بەڕێوەبەرەکەی

دەکاتەوە، چۆن دەنگی ناخ و ویژدان ئازاریان پێ ناگەیەنێت، هاوکات موراد مرۆڤێکی نیگەرانە، هەم بیر لەو سەفتە پارانە دەکاتەوە کە دەتوانێت بە ئاسانی دۆسییەیەک بروێنێت و خۆی پێ دەوڵەمەند بکات، هەم بیر لە پاکی و سەرراستی دەکاتەوە، ئەی عەباسی هاوڕێی کە زۆرجار قەرزی لێ دەکات، عەباس مرۆڤێکی باشە دەست و دڵ کراوە و میهرەبانە، لە قۆناغی ئامادەیی یەکدیبیان ناسی، ئەو چووە کۆلێژی یاساو مورادیش بۆ فەرەنسا تا لەوێ ئەندازیاری بخوێنێت، لە بارەی جەنگی کەنداو بۆچوونیان جیاواز بوو، دواتر عەباس هاتە لای موراد و پێی وت ئەو بۆچوونەی تۆ دەربارەی سەدام هەتبوو ڕاست دەرچوو، وتارێکی یوئێنم خوێندەوە سەبارەت بەو بۆمبە کیمیاییانەی کە سوپای عێراقی کێشابوویان بە هەڵەبجەدا، هەروەها بەو دێهاتانەی تردا کە کوردیان تێدا دەژی و لە شیرین خەودا هەموویانی کوشتبوو، موراد لە وەزارەتی نیشتەجێکردن و بیناسازی ئەندازیارە و ڕۆژانە بە پاس هاتوچۆ دەکات، یان ئەوەتا بەپێ خۆی دەگەیەنێتە فەرمانگە، هەمیشە بیر لەوە دەکاتەوە ژیانی خۆی بگۆڕێت، حاجی حەمیدی هاوکاری کە لەژێر دەستی ئەودا کار دەکات خاوەن هەزاران دۆلارە، موراد بیر لە دایکی دەکاتەوە لە شاری فاس لە خانوویەکدا دەژیت خەریکە لە تاو سەرما و شێ گیان دەدات، موراد خولیای گەندەڵی و خۆ دەوڵەمەندکردنی تێدا دەگەڕێت، بەڵام دەنگی ناخی بەرەنگاری حاڵەتەکە دەبێتەوە، کەچی بە دۆسیەکەی- سەببان- خەریکە دڵەڕاوکێکەی موراد یەکلادەبێتەوە، حاجی حەمید دێت و دۆسیەکەی سەببان لەسەر مێزەکەی موراد دادەنێت، زەرفێک لە ناوەڕاستی دۆسیەکەدا دانراوە کە تاڕادەیەک ئەستووره و هیچیشی لەسەر نەنووسراوە، زەرفێکی سپی، موراد زەرفەکە دەکاتەوە و دوو سەفتە سەد و بیست درهەمی، دەیانژمێرێت. پارەکان تفت و نوێن، هەرگیز بڕە پارەیەکی وا زۆری بەدەستەوە نەگرتووە، موراد هەموو ئەوراقەکانی دۆسییەکەی سەببان ئیمزا دەکات، ئیتر تەواو، دەق لێرەدا بە وردی کار لەسەر لایەنی سایکۆلۆژی موراد دەکات، بەتایبەتی دوای وەرگرتنی بەرتیلەکە، چەشنی مرۆڤێکی چاوبرسی هەڵسوکەوت دەکات، یەکێک لە زەرفەکان دەکاتەوە و دوو کاغەزی دوو سەد درهەمی دەردەهێنێت، تاکسییەک دەگرێت بۆ [ریستۆرانتی لامر، شەقامی عەین دیاب] حەز دەکات لەم ریستۆرانتە خواردنی دەریایی بخوات.

چێژ لە دیمەنی شەپۆلەکانی دەریا وەردەگرێت و چەند جگەرەیەکی «ژیتان» داوا دەکات و پێش نانخواردن داوای «میگۆ» دەکات، بۆ ژەمە سەرەکییەکەش ماسییەک و پاشانیش شیرینی - کارامێل- لەگەڵ نیو قاپ شەرابی کابیرنێ- و بوتڵێک ئاوی کانزایی، لە هەمان کاتدا بیر لە لەشولاری ناجیە دەکاتەوە، بە خەیاڵ جلەکانی لەبەر دادەکەنێت، چاو دەبڕێتە مەمکە قوت و توندەکانی لەشە سپی و سوڵەکەی، سکێکی ساف و دوو سمتی خڕ، موراد لەگەڵ خودی خۆی دەدوێت و دەڵێت لەمڕۆ بەدواوە بڕیارم داوە بگۆڕێم، پێویستە ناو بەناو مەشرووب بخۆمەوە، سەفتە پارەکەش لەناو کتێبی ئەستووری «بوون و نەبوون»ی سارتردا بشارمەوە، موراد دوای وەرگرتنی بەرتیلەکە بەردەوام هەست بە نیگەرانی دەکات و تارمایی شەببان وازی لێ ناهێنێت، بڕیار دەدات کەریمەی کچی بەشەمەندەفەر بباتە شاری تەنجە، کەریمە دەڵێت دەریا لێرە جوانترە وەک لە کازابلانکا، دوو شەو لە ئوتێلی «مەنزە» لەگەڵ ریستۆرانت و کافێ هەزار و پێنج سەد درهەم خەرج دەکات، کەریمە لە مەلەوانگەکەدا خەریکی مەلەیە، مورادیش سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبی «زەردەشت بەم جۆرە ئاخافت»ی نیتشەیە، موراد دوای ڕواندنی دۆسیەی دووەم کە سەببان پێی دەڵێت: ئەم دۆسیەیە هی خۆم نییە، بەڵکو هی کۆمپانیایەکی ئەمریکییە لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی مەراکیشیدا بەیەکەوە سەرمایەگوزاری بۆ هەندێک پرۆژەی بیناسازی دەکەن، سەفتەیەک سەد دۆلاری لە سەببان وەردەگرێت، ئیتر لێرە بەدوا هەست بە نیگەرانییەکی قووڵ و تێکشکانێکی لەڕادە بەدەر دەکات و هاوسەنگی ڕوحی لە دەست دەدات.

ناجیە لە سەرەتاوە کە هەست دەکات موراد خووی داوەتە گەندەڵی و بەرتیلخۆری وەک جاران ڕووی ناداتێ و گفتی ئەوەی پێ نادات کە هاوسەرگیری بکەن، دەق تا دێ کار لەسەر لایەنە سایکۆلۆژییەکانی کارەکتەرەکان دەکات و نیشانەکانی تێکشکانی کەسایەتییەکان دەخاتە ڕوو.

من لەم نووسینەدا مەبەستم ئەوە نییە پوختەی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە لە چەند لاپەڕەیەکدا کورت بکەمەوە، بەڵکو حەز دەکەم لە چرکەساتە نائومێدییەکانی موراد بدوێم، چۆن دوای مەینەتەکانی تێکشکان خۆی لەگەمە سێکسییەکانی «نادیە»دا

دەدۆزێتەوە، بەڵام نادیە کێیە؟ موراد کاتژمێر دەی شەو بە تەنیا لە یەکێک لە شەقامەکاندا ڕێ دەکات و شەکەت و نائومێد و ماندوو بیر لە حەلیمە و منداڵەکانی و ناجیە و ئەوانی تر دەکاتەوە و کردەی بەرتیلخۆری و گەندەڵی ئازاری ویژدانی دەدات، بەدەم ڕۆیشتنەوە بەم نیوەشەوە شانی بەر شانی ئافرەتێک دەکەوێت، ئافرەتێکی گەنج جبەیەکی ڕەشی پۆشیوە، ژنە پێی دەڵێت بۆ نایەیت لەگەڵمدا ببیت بە میوانم و چایەکت بۆ لێ بنێم؟ موراد بە هەناسەبڕکێ دەگاتە نهۆمی پێنجەم، نادیە کاتێک لە ماڵەکەیدا جبەکەی دادەکەنێت، موراد سەرنجی دەداتێ، چەند گەنجە، نادیە قوتابییە و ئێوارانیش لە نەخۆشخانە پەرستارە و لە دەورانی منداڵییەوە چاوی چەپی لە دەست داوە و لە بری ئەوە چاوێکی شووشەییان بۆ داناوە، بەڵام موراد بەردەوام بەدەست ئازاری گەندەڵییەوە دەناڵێنێت و هەست دەکات چەند پەڵەیەکی سپی دەموچاوی داگیرکردووە، پەڵەی گەندەڵی و بەرتیلخۆری، لە ناخەوە هەست بە ئازار و ئەشکەنجە دەکات، دەزانێت کانزای بوونی ئەو لە کانزای حاجی حەمید و سەببان و ئەوانی دیکە جیاوازە، بەڵام تازە کار لە کار ترازاوە، ئەو لە وڵاتێکدا دەژیت مەکینەی گەندەڵی هەموو شتێک دەهاڕێت، دەیەوێت هەرچۆنێک بێت خۆی لەو دۆلارانە ڕزگار بکات و لە بانکێک بیانگۆڕێتەوە، لە هەمان کاتدا نیگەرانی گەمارۆی دەدات، بیر لە حەلیمە و ناجیە و نادیە دەکاتەوە، حەز دەکات پشتێنێکی ئاڵتوون بۆ حەلیمەی خێزانی بکڕێت، چونکە خوشکەکانی هەیانە، شەویش بچێتە لای ناجیە، یان نادیە، موراد دەزانێت پێری حاجی حەمید و سەببان و ئەوای تر لە «ئەغادیر» شەوانە دەخۆنەوە و یاری کاغەز دەکەن و خەریکی ڕابواردنن و بەدوای کچی منداڵی خوار بیست ساڵ دەکەون، بەڵام موراد تا دێت زیاتر هەست بە دڵەڕاوکێ و نائارامی و دوودڵی دەکات و پەڵە سپییەکانی سەر دەم و چاوی زیاد دەکەن و ناجیە پێی دەڵێت هێشتا نەچووە بچێت، لە شەڕی ئەو پارە حەرامە خۆت ڕزگار بکە و وەزیفەکەت بگۆڕە، دکتۆریش پێی دەڵێت پێدەچێ تۆ مرۆڤێکی هەست ناسک بیت و زوو شت کارت تێ بکات، بۆیە تووشی نەخۆشی «سایکۆسۆماتی» بویت.

دەقی پیاوێکی تێکشکاو کۆمەڵێک بابەت و ڕووداوی جۆراوجۆری تر دەوروژێنیت، چونکە موراد تا دێت، زۆرتر هەست بە دڵتەنگی و نیگەرانی و نائارامی دەکات، لەوانە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کچە سکرتێرە تازەکەی فەرمانگە، بەسەرهاتی بانکەکەو سووتاندنی چەند گەڵا دۆلارێک لەلایەن موراددەوە، تۆمەتبارکردنی موراد بە دزینی ئامێرێکی چاپی ئۆلیڤتی کۆن و پەڕپووت کە بە دزینی موڵکی گشتی تاوانبار دەکرێت، موراد زۆرجار دەکەوێتە دنیای خەیاڵاتەوە و بیر لە حەلیمەو منداڵەکانی و ناجیە و نادیە و دایکی دەکاتەوە، لەبەر خۆیەوە دەدوێت [من دایکم هێشتا لەژیاندایە چاوەڕێمە سەردانی بکەم لە ماڵە کۆنەکەماندا لە گەڕەکی«قەسەبە» لە شاری «فاس» ئەو ماڵەی خەریکە وردە وردە دەتەپێت و هەرەس دەهێنێت»، یان ئەو یارییە دارایی و سوریالییەی موراد لەگەڵ ئامێری چاپەکە دەیکات، بەهۆی ئەو گوشارەی یەکێک لە قاچەکانی قەرەوێڵەکە و فەرهەنگی زمانەکە خستوویانەتە سەر ئامێری چاپەکە.. موراد کاغەزێکی سپی دەخستە ناو ئامێری چاپەکەوە بە جێی دەهێشت، دواتر وشەکانی کۆ دەکردەوە و بە یەکەوە دەینووساندن تا کۆپلەیەک پێکبهێنێت، ئەم حاڵەتە لە بنەڕەتدا ئاماژەیە بۆ خەسڵەتەکانی خەون و نووسینی ئۆتۆماتیکی و نائاگایی و پرۆسەی کۆلاژ کە دادایی و سوریالییەکان لە بواری شیعر نووسیندا بەکاریان دەبرد، ڕەنگە ئەم نووسینە ئامێرییە جۆرێک لە ئارامی و هێمنی بە ڕەوشە سایکۆلۆژییەکەی موراد ببەخشێت و بەشێک لە دڵتەنگی و نیگەرانییەکەی کەم بکاتەوە، چونکە موراد بڕوای تەواوی بەم بۆچوونەی شۆپنهاوەر هەیە کە دەڵێت «ژیان و خەون لاپەڕەی یەک کتێبن، ئەگەر بە شێوەیەک ڕێکخراو بەپێی ژمارەی لاپەڕەکانی کتێبەکە بیخوێنینەوە، ئەوە دەبێتە ژیان، خۆ ئەگەر بەشێوەیەکی ناڕێکیش بیخوێنینەوە ئەوە دەبێتە خەون».

موراد بەشێوەیەکی سینەمایی سەرجەم چرکە ساتەکانی دەورانی منداڵی دێنێتە بەرچاوی خۆی، دەق لێرەدا بە شێوازی «فلاش باک» گرتەو دیمەنەکان دەردەبڕێت، ڕۆژانی جەژنی قوربان، [بە منداڵی لە ڕۆژانی جەژندا، ڕام دەکردە سەربان و خۆم بەو گەرمی ئاوریشمانەوە خەریک دەکرد کە لە پاکەتێکی پێڵاودا دامنابوون...تاد].. موراد مرۆڤێکی نیگەرانە لە پڕێکدا دڵتەنگییەکی ئارام دایدەگرێت و ڕوو لە ئامێری چاپەکە دەکات، بەڵکو ڕستەیەکی نوێی نووسیبێت تا کۆدەکان لێکیداتەوە و بیر لە ژیان و

مەرگ و بەختەوەری دەکاتەوە، بەڵام دواجار خۆی لە جیهانی تایبەتی نادیەی چاوشووشەدا دەدۆزێتەوە، هەست دەکات لەگەڵ نادیە برینەکانیان جیاوازە، بەڵام ئەو ئازارەی کە وەک خۆرە ڕوحیان دەخوات، یەک ئازارە کاتێک بە یەکەوە دڵداری دەکەن، نادیە چاوەکانی دەنووقێنێت و ئارام دەبێتەوە و موراد بەخۆیەوە دەنووسێنێت، پاشان بە هێمنی دەگری، موراد بەشێک لە دڵتەنگی و نیگەرانییەکانی لە گەمە سێکسییەکاندا لەگەڵ نادیە کەم دەکاتەوە، نادیە نەوازش و یاریکردنەکەی لە سێکسەکە پێ خۆشترە، لەسەرخۆ نەوازشم بکە، تۆش وەک من برینداریت، ئەم جەستەیەی من هی تۆیە، شادمانی بکە، حەز دەکەم بۆ ماوەیەکی زۆر جەستەت بەسەر جەستەمەوە بێت، تا تەواو دەحەسێمەوە، مەجووڵێ، لێگەڕێ با چووکت لەناومدا بێت تا گەرمی بێتەوە، با لێوەکانت لەسەر پشتی ملم بن، من هی تۆم، لەگەڵمدا نەرم و میهرەبان بە، بیر لە ژیانت مەکەرەوە، وەک من بە، بیر لە هیچ شتێک مەکەرەوە. من و تۆ هاوڕێی یەکین، چونکە هەم لە یەک دەچین و هەم لە یەکیش جیاوازین، من گەلێ پیاو سووکایەتی پێ کردووم و زۆر دەمێکە لەگەڵ هیچ پیاوکێدا نەنووستووم، یەکساڵ زیاترە سێکسم نەکردووە، من هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم وەک ئەوەی بۆ خۆمی باس بکەم، هەندێک جار خۆم یاریم لەگەڵ خۆم کردووە و بەشەرمەوە هەستم بە چێژێک کردووە، دەی یاریم لەگەڵدا بکەو چێژم پێ ببەخشە...تاد. ئیتر موراد لێرە بەدوا دووچاری خۆ دواندن و وڕێنە دێت و ڕووداوە یەک لە دوای یەکەکانی ژیانی گەمارۆی دەدەن و بیر لە حەلیمە و منداڵەکانی و پەند و قسە نەستەقەکانی باوکی دەکاتەوە، واسیت چۆن لە شەقامەکان لەبەر ڕووناکی گڵۆپەکان سەعی دەکات و کەریمەی کچی بەردەوام تەنگە نەفەسەو خەسووی چەشنی ئاگری بن کا هەمیشە کێشەی بۆ دەنایەوە، هەڕەشەی فەرمانبەرەکانی بانک و تۆمەتبارکردنی بە دزینی ئامێری چاپەکە و ناردنی دوو چاودێرەکە بۆ ماڵەکەی ئەمانە گشتی بەشێکن لە پیلانەکانی حاجی حەمید و بەڕێوەبەرەکەی و مەبەستی سەرەکییان ئەوەیە بە ئاسانی بخزێتە نێو پێڕی گەندەڵی و بەرتیلخۆرییەوە، کەچی موراد وەک مرۆڤێکی تێکشکاو و نیگەران دواجار خۆی لە چرکەساتەکانی خەیاڵبردنەوەدا دەبینێتەوە، خەیاڵی ناجیە و ڕوخسارە میهرەبانەکەی و لەش و لارە نەرمەکەی، بەڵام گەمە سێکسییەکانی نادیە خۆشترین چێژ و فەرامۆشی پێ دەبەخشێت.

لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم ڕۆمانی «پیاوێکی تێکشکاو» دەقێکی سایکۆلۆژییە، دانەر تێیدا بە شێوازێکی دەروونشیکاری کاری لەسەر خودی یەکەیەکەی کارەکتەرەکان کردووە و کۆمەڵێک تەکنیکی هونەریشی پراکتیزەکردووە، لەوانە گێڕانەوە، دیالۆگ، فلاش باک، خۆ دواندن و وڕێنە، نوستالیژیا، گرتەی سینەمایی، سوود وەرگرتن لە بواری فەلسەفە و شیعر و مۆسیقا، وێڕای ڕەخنەگرتنی لەو مەکینە زلانەی گەندەڵی کە لە زۆربەی دامودەزگاو فەرمانگەکانی وڵاتە دواکەوتووەکانی خۆرهەڵاتی ناویندا کەوتوونەتە گەڕ و کاڵای گەندەڵکاری بەرهەم دەهێنن، لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا خودی دەسەڵات لە بازرگانێکی ترسناکی چاوبرسی دەچێت و هەمیشە سەرقاڵی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیەتی و بە هیچ شێوەیەک بڕوای بە یەکسانی و دیموکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی نییە، بۆیە گەندەڵکارەکان لە ڕێگەی پارەی حەرامەوە لە ماوەیەکی کورتدا دەوڵەمەند دەبن و بەشێکشیان بەدەم دڵەڕاوکێ و ئازاری ویژدانەوە دەناڵێنن! ئەم ڕۆمانە سەرەڕای کارکردنی لەسەر دیاردەی گەندەڵی و گەندەڵکاری گرنگی و بایەخی بەلایەنە دەروونییەکانی کارەکتەرەکان داوە، لە کۆتاییدا دەڵێم دەشێت ئەم ڕۆمانە چەند خوێندنەوەیەکی جۆراوجۆری دیکەی بۆ بکرێت و کۆمەڵێک ئاست و ڕەهەندی دیکەی شاراوەی نێو دەق بخرێنەڕوو.

**سەرچاوە:**
**ناوی کتێب: پیاوێکی تێکشکاو**
**نووسینی: تاهیر بن جەللون**
**بابەت: ڕۆمان**
**وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی**
**چاپی یەکەم: چاپخانەی «سەردەم» ساڵی ٢٠١٣.**
**کوردستان- سلێمانی**
**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

# لە بارەی سیمیناری ٢٠٠ ژمارەی گۆڤاری ڕامان (١٤-٢٠١٤/٣/١٥) لە هەولێر

ئا: لێژنەی بەڕێوەبەری سیمینار

ڕۆژانی هەینی و شەممە، ڕێکەوتی ١٤ و ١٥ مانگی ئاداری ساڵی ٢٠١٤، بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی ڕامان لە ژێر چاودێریی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی کوردستان و بە بۆنەی دەرکردنی ٢٠٠ ژمارەی گۆڤاری ڕامان سیمینارێکی زانستیی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوە برد. ئەم سیمینارە وەک پێداویستییەکی زانستی بۆ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی کاروباری گۆڤارێک هاتە ئاراوە کە ماوەی پتر لە ١٨ ساڵە بێ بڕانەوە و بە پشوویەکی درێژ لە خزمەتی قەڵەمی وێژەوان و نووسەر و شاعیر و وەرگێڕانی ئەورووپا و ئەمریکاو هەر چوار پارچەی کوردستاندایە، وێڕای تەرخان کردنی ڕۆژێک بۆ باس کردنی کێشە و گرفت و ئاریشەکانی ڕۆشنبیریی کوردی کە هەڵسوڕێنەرانی ئەو سیمینارە پێیان وابوو ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی خۆی لەسەر بارودۆخی ڕووناکبیری و داهێنانی داهێنەرانی کورد هەیە و لەوێشەوە ڕەنگدانەوەی دەبێ بەسەر بابەتەکانی بۆ گۆڤاری ڕامان دێن.

کاتژمێر ١٠ی سەر لە بەیانی ڕۆژی هەینی، ٢٠١٤/٣/١٤، لە هۆڵی پێشەوا قازی محەمەد، بە ئامادەبوونی بەڕێز فازڵ میرانی بەرپرسی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و نوێنەری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی کوردستان و نوێنەری لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و سەرۆک و نوێنەری هەموو داوودەزگاو سەنتەر و ڕێکخراوە ڕۆشنبیری و مەدەنییەکان، هەروەها ڕێژەیەکی بەرچاوی نووسەر و ڕووناکبیرانی هەر چوار پارچەی کوردستان و هەندەران و قیرغیستان، سیمیناری ٢٠٠ ژمارەی گۆڤاری ڕامان بە دروشمی

"ڕامان: ٢٠٠ ژمارە لە بەرپرسایەتیی کولتووری و داهێنانی ئەدەبی

رامـــان: تەمـــەنێک بۆ بنیـــادنانی فـــەرهەنگی و بووژانەوەی ڕۆشنبیری
رامان: مەکۆی خاوەن قەڵەمی بە ئەزموون و ڕووگەی نەوەی نوێی نووسەران
رامـــان: ئەزمـــوونێک لە پێناو ژیانەوەی زمـــان و پاراستنی کەلەپووری کوردی"

دەستی پێکرد. پێشکەشکاری مەراسیمی کردنەوەی ئەم سیمیناره، خاتوونی شاعیر، گوڵستان وەلییە، سەرەتا داوای لە ئامادەبووان کرد بۆ ماوەی سی چرکە و بە یادی شەهیدانی کورد و کوردستان و شەهیدانی قەڵەم بە بێدەنگی ڕاوەستن، پاشان بەڕێز نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر، وتاری خۆی پێشکەش کرد و تێیدا بە گەرمی بەخێرهاتنی میوانانی بۆ شاری هەولێر و سیمیناری گۆڤاری رامان کرد، دواتر ئازاد عەبدولواحید، سەرنووسەری گۆڤاری رامان، وتاری بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی رامانی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و تێیدا ئاماژەی بە مێژووی ٢٠٠ ژمارەی گۆڤاری رامان کرد و هەوراز و نشێوەکانی ١٨ ساڵ تەمەنی ئەم گۆڤارەی باس کرد و ئاماژەی بەوە دا کە ئەم سیمیناره بە مەبەستی نرخاندن و هەڵسەنگاندنی ئەم ماوەیە لە تەمەنی رامان ساز دراوە، هەر بۆیە پێشوازی لە هەر بۆچوونێک دەکەن کە لە پێناوی باشترکردنی بارودۆخی زانستیی ئەم گۆڤارەدا بێت. وتاری بەڕێز سەرۆکی حکوومەت لە لایەن نوێنەری تایبەتی بەڕێزیانەوە، زیرەک کەمال، خوێندرایەوە و تێیدا پشتگیریی هەمەلایەنەی حکوومەت بۆ چالاکیی کولتووری و ئەدەبی لە کوردستان و بە تایبەت هەوڵ و تەقەللاکانی گۆڤاری رامان ڕاگەیەندرا و جەختی لەسەر کرایەوە.

لەم مەراسیمەدا هەندێک لایەن و دامودەزگا و ڕێکخراوەکان هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی ئەم مەراسیمە برووسکەی پیرۆزباییان ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی رامان کرد بە بۆنەی دەرکردنی پتر لە ٢٠٠ ژمارە، وەک: برووسکەی پیرۆزبایی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، یەکێتیی نووسەرانی کورد مەڵبەندی گشتی، یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێر و لقی دهۆک، گۆڤاری گوڵان، سەنتەری ڕۆشنبیریی خەون و خانەی خەون، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، عەلی قازی محەمەد سەرۆکی حزبی ئازادی کوردستان.

لە بڕگەی دواتری مەراسیمی کردنەوەی ئەم سیمینارەدا فەرهاد شاکەلی، شاعیر و توێژەر، بە نوێنەرایەتیی ڕۆشنبیرانی هەندەران وتارێکی پێشکەش بە میوانان کرد، پاشان وتاری ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن عەتا نەهایی، ڕۆماننووس و وەرگێڕ خوێندرایەوە و تێیدا باسی گرنگیی لە ڕادەبەدەری گۆڤاری رامانی لەو پارچەیەی کوردستان کرد. دواتر وتاری ڕۆشنبیرانی باکوور و ڕۆژئاوا لە لایەن خالید جەمیل محەمەدەوە پێشکەش بە ئامادەبووان کرا. دوا وتاری ئەم بەشە وتاری نوێنەری ڕۆشنبیرانی باشوور بوو کە لە لایەن نووسەر و لێکۆڵەر عەبدوڵڵا قەرەداغی-یەوە پێشکەش کرا، بەم شێوەیە وتارەکان بەو ڕەهەندە نەتەوەییە پێشکەش کران کە گۆڤاری رامان کاری لەسەر کردووە و بۆ بە گەورە ڕاگرتنی شاری کەرکووکیش وتاری



ڕۆشنبیرانی باشووری درایە ڕۆشنبیرێکی شاری کەرکووک. پاشتر ئەسکەندەر جەلال وتاری لیژنەی سازدانی بیبلۆگرافیای ٢٠٠ ژمارەی گۆڤاری رامانی ئاراستەی ئامادەبووان کرد و بەڵێنی ئەوەی دا لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەم ئەرکە بەجێ دەگەیەنن. دوا بڕگەی بەرنامەکانی مەراسیمی کردنەوەی سیمیناری ٢٠٠ ژمارەی گۆڤاری رامان بڕگەی مۆسیقا و گۆرانی بوو، کە لەم بەشەدا تیپی مۆسیقای لاوژە و سێ گۆرانیبێژی ناسراوی کورد، حەمە ڕەئووف کەرکووکی، خەلیل موراد وەندی و حەسەن گەرمیانی چەند گۆرانی و بەستەیەکیان پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و بۆنەکەیان پتر ڕازاندەوە.

لە دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکەمی سیمینارەکە و کاتژمێر (٣) هۆڵی کتێبخانەی زەیتوون بوو بە میوانداری نووسەر و ڕۆشنبیرانی ئامادەبوو، بەرنامەکە لە دوو بەش

پێکهاتبوو. لە بەشی یەکەمدا هەر یەک لە بەڕێزان دڵشاد خۆشناو (باشووری کوردستان)، شەریف فەلاح (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، ئەحمەد سالار (باشووری کوردستان) و ساماڵ ئەحمەدی (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) بابەتەکانی خۆیان لەسەر ئەزموون و توانایی و ئاسۆکانی داهاتووی گۆڤاری ڕامان پێشکەشی ئامادەبووان کرد. لە بەشی دووەمدا و لە ژێر سەردێڕی "دیالۆگێکی کراوە سەبارەت بە ڕامان لە ڕابردوو و داهاتوودا" و لەسەر دەستی کۆڕگێڕ "عەبدولخالق یەعقووبی" کۆمەڵێک ڕا و سەرنج و تێبینی و ڕەخنە لە لایەن میوانان و نووسەرانی ئەم سیمینارە لە بابەت کار وچالاکی و مێژووی ٢٠٠ ژمارەی گۆڤاری ڕامان هاتە ئاراوە. لەم دانیشتنە دوو کاتژمێرییەدا تەوەر و لایەنە جۆراوجۆرەکانی گۆڤاری ڕامان کەوتنە بەر سەرنج و ڕەخنەی هەمەجۆری خاوەن ڕایان کە خۆی پیشاندەری گرینگیی ئەزموونی ٢٠٠



ژمارەی ئەم گۆڤارەیە. هەندێک لە تێبینییەکان خوێندنەوەی بارودۆخی ڕابردووی ڕامان بوو و هەندێکی تریان پێشنیار و ڕاسپاردە بوون بۆ داهاتووی ئەزموونی ئەم گۆڤارە، بەڵام بە تێکڕایی زۆربەی ئەو کەسانەی کە سەرنجی خۆیان ئاراستەی کۆڕەکە کرد لەسەر ئەو قسەیە کۆک بوون کە ڕامان بە پشوودرێژی و جیدییەتی شایانی گۆڤارێکی سەنگین و زەنگینی ئەدەبی کاری کردووە و کۆڵی نەداوە، هەر بۆیە چاوەڕوان بوون ئەم ڕەوتە بەردەوام بێت و ڕامان لە گرفتە نە زۆر کەمەکانی سەر ڕێگای خۆی سڵ نەکات و لەسەر ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕۆشنبیرانەی خۆی سوور بێت و هەر وا چالاکانە کار و ئەرکەکانی خۆی ڕاپەڕێنێت.

لە ڕۆژی دووەمی سیمینارەکە (٢٠١٤/٣/١٥) دانی بەیانی و کاتژمێر دە جارێکی تر هۆڵی زەیتوون بوو بە شوێنی میوانداری دەیان نووسەر و خاوەن قەڵەمی بە سەلیقە بۆ هەڵسەنگاندن و تاووتوکردنی ئەزموونی ڕۆشنبیریی کوردی و بارودۆخی کولتووریی کوردستان بە گشتی. لە دانیشتنی یەکەمدا کە لە لایەن خاتوونی شاعیر مەهاباد قەرەداغییەوە بەڕێوە دەچوو ئەم خاوەن قەڵەمانە وتاری خۆیان تێدا پێشکەش کرد:

(١) فەرهاد شاکەلی (سەبارەت بە سیاسەتی کولتووری)

(٢) بەیان سەلمان (توندوتیژی، ژینگەی ڕۆشنبیریی ئەمڕۆ)

(٣) ئیسماعیل حەمەدەمین (کولتووور و هاوڕێ بێگانەکانی)

(٤) د. هاشم ئەحمەدزادە (وتار و مۆدێرنیتە)

(٥) خەسرەو جاف (تەرازوو)

دانیشتنی دوانیوەڕۆ کاتژمێر ٣ و لە هەمان هۆڵ و لە لایەن بەڕێز مەحفووز مایی بەڕێوە چوو کە تێیدا ئەم کەسایەتییە ڕۆشنبیرییانەی خوارەوە وتار و بابەتەکانی خۆیان پێشکەشی ئامادەبووان کرد:

(١) عەبدوڵڵا قەرەداغی (جۆری خوێندنەوە لە میانەی ئاستەنگەکانی ئەمڕۆی ئەدەبی کوردیدا)

(٢) عەبدولخالق یەعقووبی (ئەدەبیات و ناسنامەی کوردی لە قۆناغی پاراستنەوە بۆ قۆناغی بووژانەوە)

(٣) ئەنوەر تاهیر محەمەد (گیروگرفتەکانی ڕۆشنبیریی کوردی)

(٤) د. ئەکرەم میهرداد (ڕووناکبیران و سیاسەت و فەرهەنگ).

دیارە لە پاش پێشکەش کردنی هەر کام لەم وتار و بابەتانە ئامادەبووانی دانیشتنەکان بیروڕا و سەرنج و تێبینییەکانی خۆیان ئاراستەی کۆڕەکە دەکرد، پاشان لە لایەن خاوەن وتارەکان وەڵامی پێویستیان دەدرایەوە.

دواڕۆژ و دوابەشی سیمینارەکە پەیڤی کۆتایی سیمینار بوو کە لە لایەن سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان، ئازاد عەبدولواحید، ئاراستەی میوانان و ئامادەبووان کرا. ئازاد عەبدولواحید لە سەرەتای پەیڤەکەیدا سوپاسی تایبەتی خۆی ئاراستەی هەموو میوانان و ئامادەبووانی سیمینارەکە کرد کە لە ماوەی دوو ڕۆژی دانیشتنەکاندا بەشداریی چالاکانەیان لە هەڵسەنگاندن و نرخاندنی ئەزموونی ٢٠٠ ژمارەی ڕامان-دا کرد و دڵسۆزانە بە پیر بانگەوازی ئەم گۆڤارەوە هاتن، بەڵێنیشی دا چی لە توانایی ئەواندا بێ و بتوانن بیکەن لە داهاتوودا بۆ خزمەتی زیاتری گۆڤاری ڕامان و ڕۆشنبیریی کوردی دریغی نەکەن.

## نامەیەک بۆ ڕەووف بێگەرد

# لە بارەی خەیاڵەوە..

**توانا ئەمین**
**(سوید)**

**نامەیەک بۆ رەوف بێگەرد...**

بەگەرمی سوپاسی هەڵگری نامە دەکەم.. بەعەدەن لە خزمەتتاندا عەرزی دەکەم کە من باشم باشی ئێوەشم لە خوای گەورە دەوێت..

**مامۆستا ڕەووف**

چۆنی.. حەزم کرد وەک نامەی جاران دەست پێ بکەم.. ئەحواڵ و تەندروستیت چۆنە؟ هیوام وایە باش و ئارام بیت.. نازانم کە لەگەڵ بەزمی چەمدا چۆنیت؟ حەیف کە تۆش لێرە نیت و شەوانی شەمموان کە دەچمە دەرەوە و وەک پەناهەندەیەکی تاراو بە لای جامخانەی هەندێ باڕدا بە ژێر نەرمە باراندا تێ دەپەڕم، لە ژێر تیشکی کزی نیۆنەکانەوە کچان و کوڕان دەبینم، بێ تۆ ناخۆش ئالاونەتە یەک، دەستبەجێ ئەو قسەیەی تۆم بیر دەکەوێتەوە کە چ "مەکە و لاچۆیەکە"!

مامۆستا ڕەووف گیان.. پیرۆزباییت لێ دەکەم کە ئێستا بووی بە سەرۆکی سەردەم، هەرچەند پیرۆزباییەکی درەنگ وەختە، بەڵام بەوەدا من لەوێ نیم و تۆش تاقەتی نێتت نییە، هەروا پێ ڕادەگەم.. هیوادارم لە سایەی ئەزموون و فیکری ئێوەدا؛ سەردەم قۆناغێکی باش و نوێی خۆی بژی، گومانم لە توانایی کاک ئازاد بەرزنجی-ش نییە، کە بە هاوکاری لەگەڵ جەنابت دەتوانن خەونی خوێنەرانی ئێمە بکەن بە واقیع..

باسی واقیعم کرد.. چیرۆکەکەت (تۆپی ناو تابووتەکە)م لە (ئەدەبی سەردەم) خوێندەوە، زۆر جوان بوو، زۆر پێکەنیم.. ئەو گلاراوانە بۆ وا دەکەن؟! من دڵم بۆ ئەو مردووە لێی دەدا کە پەنجا ساڵە نەیتوانیوە ئیسراحەت بکات.. ئاخر ئەزانی چەند ناخۆشە ڕاکشێیت و شتێک لە ژێر پشتتدا بێت..!

سەرەتای چیرۆکەکە زۆر جازیبە.. لەبارەی ئەوەی ئایا خەیاڵ واقیع دروست دەکات، یان بە پێچەوانەوە، ئەوە بۆ ماوەیەکی زۆر منیشی بەخۆیەوە مەشغووڵ کردبوو، تا ئەم شتە بچووکەم لەبارەیەوە نووسی، کە ئێستا وەک خۆی لەگەڵ ئەم نامەیەدا بۆم ناردوویت:

«بترسە لەوەی کە دەڵێ ئاسمان سنووردارە، چونکە ئەو خەیاڵی سنووردارە.»

**ئۆسکار وایڵد**

"سەرەتا وشە هەبوو" ئەو ڕیزبەندییە کرۆنۆلۆژییە هەڵدەوەشێنێتەوە کە پێش (کات) چی هەبووە! ئەم حوکمە پێشوەختە ناچاری قسەکردن لە شتێکی ترمان دەکات کە خەیاڵە.. قسەکردن لەبارەی خەیاڵەوە قسەکردنە لە دژواری، دژوارییەک کە تێیدا نووسین و ئاخافتن کەرەستەیەکی گونجاو نین بۆ ناسکردن و ئێرا پنتێکە لەو وێستگا سنووریانەی ڤیتگنشتاین واتەنی؛ زمان بە ناچارییەوە تێیدا دەوەستێ..

سارتر لە (بوون و نەبوون)دا دەنووسێت: "خەیاڵ بریتییە لە جیاوازیی نێوان درک کردن و وێناکردنی ئەسپێک لەسەری هەریەکەماندا"، بە باوەڕی بچکۆلانەی من؛ خەیاڵ وێناکردن نییە، بەڵکو بینینی ئەسڵی وێنەکە خۆبەتی، وێنەیەکی سێنسی شتێک، کە نییە..! کتێبە ئاسمانییە گەورەکان ئەندێشەی هێجگار والای خودان و سەرشارییان لە خەیاڵ، ڤیزای تەمەنی درێژیان بووە لەو هەموو ساڵەدا.. شارە گەورە و شەقامە بەیەکداچووەکان بەر لەوەی شوێن بن، خەیاڵی سەری ئەندازیارەکانن.. هێڵە درێژەکانی ڕێی ئاسن، کەشتیی زەبەلاحی ناو زەریاکان، ئاسمانگەڕە گەورەکان، فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکان لە بۆشاییدا.. هەموویان بەرلەوەی ماددەی خاو بووبن، خەیاڵی خاو بوون.

خەیاڵ هەر کێشەکی کۆنسێپتوێلی ناو زانستی بەلاغە نییە، لەدەرەوەی دنیا بێت، بەڵکو تەواوی ئیمکاناتە بێ سنوورەکانی ئێمەیە لەو دنیایەدا.. ڕامان لەو پارادایمەی کە خەیاڵ دنیاییە و لە دەرەوە بۆ ئێمە نەهاتووە، هەم خەیاڵی ئایینی لە چاپە یۆتۆپییەکەیدا پووچ دەکاتەوە و هەم جەخت لە مرۆڤبوون وەک شتێکی پەیوەست بەم زەوییە تەنیایەوە توند دەکات.. ئەوەی کۆمەکی کەسێک دەکات لە دۆزەخە خوێناوییەکانی نیشتمانەکەیدا لە سوریا بژی و بەردەوام بێت، خەیالی گۆڕینی نیشتیمانێتی بۆ سەر بەهەشت، یان تەیب ساڵح واتەنی خەیاڵی کۆچێتی بۆ باکوور، ئەندێشەی پیشەسازیی دروستکردنی فیردەوسە لە خاکەکەیدا، ئاوها خەیاڵ جێ دەستێکی سەنگینی هەیە لە دروستکردنی نەتەوەدا، لە مانەوەی مرۆڤ لە شوێنێکدا و قبووڵکردن و دروستکردنی ئەو هەموو دۆزەخەی ناوی وەک ڕێگایەکی پەڕینەوە بۆ خودی بەهەشت..

* * *

ئەگەرچی لە پرۆسەی دروستکردنی منداڵدا، ئینسان بە بازدانێکی باوەڕنەکردە و بەڕیزپەڕێک شوێنگەکەی لە مەخلووقەوە بگۆڕێت بە خالیق، کەچی هێشتا ئەوەی ڕیشەی ئەم ئادەمیزادە دەباتەوە سەر باوەڕێکی میتافیزیکی، منداڵ دروستکردن نییە، بەڵکو؛ تواناییەکی گەورەترمانە کە بریتییە لە هێزی خەیاڵکردن و لەخۆیدا لە سیفەتە هەرە گرنگەکانی خوداشە..

ڕاسیونالیسەتەکان لە دنیای مۆدێرندا؛ ئەم توانایی خەیاڵکردنەمان دوای فیلتەرگەلێکی زۆر، پاش بە سیستماتیک کردن، وەک بەرهەمی عەقڵ پێ دەفرۆشنەوە و ئەهلی ئیمان وەک چاوی ڕوح، بەڵام خەیاڵ زیندەوەرێکی میتافیزیکی نییە، ئەگەرچی موعجیزەش بخولقێنێت، هێشتا قاچێکی لەسەر زەوییە، مێنتاڵەکانی دەوروبەر لە خەیاڵدا بە فۆرمی تر دێنەوە، گەرنا هەر ئەوانن، هەر خۆیانن و خۆیان گۆڕیوە، بۆیە لە هونەری سوریالیشدا کە بانگەشەی داهێنان لەناو نەستی پەتیدا دەکات؛ قسەکردن لە خەیالی بێگەرد و ئەبستراکت، بێ فۆرم و فیگەرەکانی دنیای ڕیاڵ، بەو گشتاندنە ڕەهایە و لە کۆنتێکستێکی هێندە فراوان و کراوەدا تەواو بەتاڵە، ئەوەی دالی لە جیهانی سوریالیەتدا دایهێنا، کەرەستەی دەرەوەی دنیا نەبوو، لە تابلۆکانی ئەودا کەشتی و کاتژمێر و پڵنگ و ماسی و فیل و ئەسپ و ڕوخسار هەن، بەڵام فۆرمیان بە شێوە باوەکە تێکشکاوە.. ئەوەی شێرکۆ بێکەس لەم چەند دێڕە کورتەی خوارەوەدا ئیشیان پێدەکات، ئۆبژێکتی دەرەوەی دنیا نین، کەچی بە هەموویان لە دەرەوەی دنیا ساختومانێک لە زمان دروست دەکەن:

**ئەو وەختەی زریانێکی شووم و چەمووش**
**لەسەر ڕا دێ و بە چەپۆکەکانی گڤەو لوورەوە**
**لە زەوی بێ ئامانی مەرگیا..**
**لەڕەگەوە**
**سوورە شاتوویەکی پڕوپۆداری**
**سەرچڵ بەخەندەی**
**سێبەر کڕی**
**توێکڵ بە ئەزموون**
**بەرەو قووڵایی کەندێ**
**تلاوتل ڕاپێچ دەکا..**

ڕوونە کە خەیاڵ شتێکە تەنیا لە ئێمەدا هەیە، لێ

پرسیارێکی شاعیرانەش نییە، ئەگەر بپرسین تۆ بڵێی خۆمان خەیاڵی کەسێ، شتێکی تر نەبین؟ ئەو ڕۆژە لە کوێیە کە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم خەیاڵە سەر ڕادەوەشێنێت و ئێمە وەک تەمێکی سپی تەنک دەڕەوینەوە!

ئێستا ئیتر نموونەی خەیاڵ وەک گیانلەبەرێکی زەمینی بۆ مەسەلەی نابینایەکی زگماک و وێناکردنی ڕەنگ لەسەری خۆیدا، هەر ڕاستە.. ئەو هەرگیز لەم تاقیکردنەوەیە دەرناچێت، چونکە پلەی زانین و ناسینی لە بەرانبەر شتێکی وەک ڕەنگدا سفرە، بۆیە بە باوەڕی بچکۆلانە من؛ خەیاڵ ئەگەر توانایی دۆزینەوەی دنیای تریشی هەبێت، ئەگەر نامومکینەکانیش مومکین بکات، ئەوە هێشتا هی ئەوەیە، کە لێرەوە و لەسەر زەوی و لەسەری بوونەوەرێکی بچکۆلەی وەک مرۆڤدا دەترووکێ.

* * *

خەیاڵ کارگەی بەرهەمهێنانەوەی ڕیاڵە لە فۆرمگەلێکی تردا، پیشەسازی دروستکردنی دنیایە بە یاساکانی فیزیکێکی تر.. ئەو کاتەی ڕۆبن ویلیامز لە ڕۆڵی دکتۆر نیلسن لە فیلمی (What Dreams May Come)، دەستی بە گوڵەکانی بەهەشت ڕەنگاوڕەنگ دەبێت، ئەوە ساتی بەرکەوتنی ئێمەی ڕیاڵە بە باخێکی سێنسی و لووتکەی پێوەندی گرتنە بە مێنتاڵێتە بنچینەییەکانی خەیاڵەوە.. لەڕاستیدا ڕەنگە خەیاڵ خودی واقیع بێت، بەڵام واقیعێک کە هێشتا هەلومەرجی هاتنی بۆ نەلواوە. ئەوەی خەیاڵ وا نهێنی ئامێز و مەرموز دەکات ئەو ناگەرەنتی هاتنەیەتی بۆ جیهانی ڕیاڵ، بۆیە یەکەم کەس کە دەگاتە مانگ ئارمسترۆنگ نییە، بەڵکو ئەو کەسەیە کە یەکەم جار خەیاڵی چوونە سەر مانگ دەکات.. ئەوەی سێپتێمبەرێکی تر دروست دەکات، پیاکێشانی فڕۆکە نییە بە هەوربڕەکاندا، خەیاڵی پیاکێشانی فڕۆکەکانە بە هەوربڕەکاندا.. بەم شێوەیە خەیاڵ هەمیشە جێگا گرتنێکە لە داهاتوو.. ئەوەی مێژوو دەجووڵێنێ هێزی خەیاڵە، نەک باسکی کرێکار وەک مارکسیزم بانگەشەی دەکرد، لە ڕاستیشدا ئەوەی ئاییندەش بنیاد دەنێت هەر خۆیەتی.

لای ئەرستۆ خەیاڵ پردێکە لە نێوان وێنە و ئایدیادا، پردێکی مائیلیشە لە خودی کاتدا، خەیاڵ مەلێکی تیژڕەوە لە ڕابردووەوە بە ئێستادا بۆ داهاتوو، هەموو خەیاڵێک و بێ ئاوارتە ئەم دۆخە زەمەنیانە دەبڕێ، لەم ڕەوگەیەدا ئاراستەکردن لە یەکەمیانەوە بۆ دووەم کاری پۆپۆل و عامەپەسەند و لە دووەمیانەوە بۆ یەکەم، کاری هونەر و لە یەکەمیانەوە و بە تێپەڕاندنی دووەم و ڕاستەوخۆ بۆ دۆخی سێیەمی زەمەن، کاری بلیمەتەکانە.. لێ پێوەندی گرتنی توند لەگەڵ خەیاڵ، ئەگەر نەبێت بە هونەر، ئەگەر نەیەتە دەرەوە و لەسەر نەخشەی واقیع جێی نەگرت، سەریەشەیەکی گەورەیە بۆ خاوەنەکەی، هەموو شێتەکانی ناو مێژووی مرۆڤایەتی قوربانیگەلێکن کە بێ زیان لەم دۆستایەتییە گەرمەی خەیاڵی خۆیان دەرنەچوون.. خەیاڵ جێگایەکە لە قووڵایی وجوودی هەریەکەماندا کە تەنیا ژمارەیەکی کەمی خەڵک دەتوانن ڕووناکیی لێی هەڵگۆزن.

پێوەندی نێوان خەیاڵ و مۆڕاڵی گشتیش لە پارادۆکسێکی قووڵدا دەژی و بەردەوام لەسەر تەرمی یەکتر خۆیان ئەپدەیت دەکەنەوە، ئەوەی نووسەرەکانی تێدان؛ سەر مەرزی خەیاڵ و واقیعە، بۆیە زۆرجار لە ژیانی کۆمەڵایەتییان کە ئەستونگەکانی وا لەواقیعدا سەرکەوتوو نابن، لە کیرکەگۆر بڕوانە، لە کافکا کە نمونەی دۆڕاندنی ژیانی خێزانین لە پێناو خەیاڵیاندا، سەیری دەستۆیڤسکی و ژان ژینییە بکە، دی ساد بخوێنەرەوە، کامیلۆ خۆزێ سێلا.. سۆدێربێرگ؛ پیاوگەلێک لە خەیاڵی خۆیان شەرابی خوێن دەدڵۆپێن.

* * *

خەیام گوتبووی شەراب تەنیا شتی دنیایە کە تاریک و ڕوونە پێکەوە، لە ڕاستیدا ئەم حوکمە بۆ خەیاڵیش لەنگ نییە، پێوەندی نێوان شەراب و خەیاڵ پێوەندییەکی دێرین و تاریکە، لە مێژووی هەزاران ساڵی تەمەنی شەراب و خەیاڵدا، ئەوەی ڕوونە تەنیا ئەوەیە؛ کە دووەمیان یەکەمیانی دروست کردووە و دواتر وەک زنجیرەیەکی بەدوایەکدا هاتوو و هاودژ، ئێستا بە ڕۆژانێک گەیشتوون کە هاوکێشەکە پێچەوانە بۆتەوە و بە ئاسانی شەراب دەتوانێت خەیاڵ دروست بکات..

ئەمڕۆ تاقیگە و سەنتەری گەورەی شەرابناسیی لە دنیادا هەیە، لە فەڕەنسا ژمارەیەک خەڵک بە هۆی مەهارەتی زمانیان لە تامدۆزی و چەشتن و تاقیکردنەوەی شەرابدا، قووتی ڕۆژانەی خۆیان دەچرن.

بەڵام ئەی چۆن بتوانین چێژ لە خەیاڵ بکەین؟

خەیاڵ ئەوەندە توناوتوونە بەتەنیا گەمارۆدانی لە کۆلێژ و قەتیس کردنی لە ڕشتەیەکدا، داد نادا و بیرکردنەوە لە ناسین و ڕامکردنی خەیاڵ مادام بیرکردنەوەیە لە خودی خەیاڵدا، بەداخەوە هیچ کات ناگاتە ئەنجام، بە لۆژیکی قەدیم ئێمە هەڵەکە لەویادا دەکەین کە دەمانەوێت بە هەمان کەرەستەی شتێک خودی شتەکە بناسین، ئەمەش بۆ هاتنە تەعریف، ڕێگایەکە تا دڵ حەز بکات هەڵەیە.

من خەیاڵ تەواو وەک شەراب سەیر دەکەم، پایەی شەراب لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا، وەک پایەی خەیاڵ، مەقامێکی بڵندی ناو تووناوتوونی مەغزە کە حاڵی بوون لێی تەنیا کاری (مەستانە)یە! لە ڕێسا سەرەتاییەکانی دروستکردنی شەراب و خەیاڵیشدا واهاتووە؛ بۆ ئەوەی باش بگەن، دەبێ هەوایان بۆ نەچێت.. دەبێ ماوەیەکی باش لە شوێنی خۆیان بمێننەوە، هەردووکیان کاتیان پێویستە، هەردووکیان تەنیایی، هەردووکیان خۆیبوون، جەوهەری خەیاڵ و جەوهەری ئەم نووسینە کورتەش دەیەوێت لەسەر ڕامان لە ماوەی نێوان مانەوە و جووڵاندن بوەستێت.

* * *

هەنووکە خەریکم دەڵێم پیاسەکردن جووڵە و جێگۆڕکێیە بە خەیاڵێکی نیشتوو تا ببێت بە شەراب.. ئەنیشتاین هەر ئەو پیاوەی خەیاڵی لە زانین پێ گەورەتر بوو، (تیوری ڕێژەیی) لە ڕێ ڕۆیشتندا دۆزییەوە، سپینۆزا گەڕاڵی ژێر پردە نزمەکانی ئەمستردام بوو.. هایدگەر لە پیاسەی دارستانی ڕەشدا (بوون و کات)ی نووسیی، نیتشە پاش هەڵزنان بە چیاکانی ئەلپ دا (وەهای گوت زەردەشت)ی نووسیی، پاموک بە پیاسەی نیوەشەوانی قومقاپی و ئەمینونودا (ناوم سوورە)ی تەواو کرد..

ڤاڤۆرێتی من پیاسەیەک بەتەنیایە، پیاسەیەک بە پێ.. تۆ بە دووچەرخەیەکی کۆن بڕۆ و ئەو بە ترۆمبێلێکی شڕۆڵە.. کەسێکی تر بە شەمەندەفەرێکی پیر.. ئەگەر ئەمەی دواییان من بووم، وەک هەمیشە لە کورسیی پێچەوانەی ئاراستەی ڕۆیشتن، لە تەنیشت پەنجەرەکەوە دادەنیشم.. با دەنگی هەوا، لە کونۆچکە ژەنگاوییەکانی کۆپاکەوە، وەک جێ چەقۆی هەڵکێشراوە لە قوڕگی دڕاوی پیاوێکدا، مینا لوورەی بایەکی دوور بێتە گوێ، فەرامۆشی بکە.. کە قەتار لۆژەلۆژ بەسەر سکەی ژەنگاوی ئاسندا خۆی دەخشێنێ، تۆ دنیای جێهێڵراوی ڕاستەقینە لە پەنجەرەکەوە دەبینیت، بۆ یەک سات، ساتێکی کورت، تۆ و دنیا دەدەن بەلای یەکدا و هەردووکتان بەهەمان خێرایی لەیەکتر دوور دەکەونەوە، ئەمە هەوڵی مەلەیە لەو شەتی شەرابەی کە حافز وتبووی، لەو ڕووبارە ڕاستەقینەیەدا کە خەیاڵە.

# گۆڤاری ڕامان لە پاش دوو سەد ژمارەیدا

**ئازاد عەبدولواحید**

بەڕێز کاک فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان.

بەڕێز نوێنەری ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (کاک زیرەک کەمال).

بەڕێزان نوێنەرانی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان.

نووسەران و ڕووناکبیران و هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسان.. ئامادەبووانی بەڕێز هەموو لایەکتان بەخێر بێن، ئەوانەش کە لە ئەوروپاو بەشەکانی دیکەی کوردستان و قیرغیزیا و شارەکانی باشووری کوردستانەوە تەشریفتان هێناوەتە هەولێری پایتەخت، سوپاسی ئەرک و ماندووبوونتان دەکەم کە ڕێگای دوورودرێژتان بڕیوە و بەدەنگ بانگهێشتنەکەمانەوە هاتوون.

* لای کەستان شاراوە نییە کاری ڕۆشنبیری و فیکری و ئەدەبی، یان بایەخدان بە داهێنان لە وڵاتێکدا کە خوێندنەوە و خۆڕۆشنبیرکردنی تێدا نەبووبێتە کولتوور و پێویستی و خەڵکی وەک کەمالیات و شتی ناپێویست تەماشای بکەن، فریوی ژیانی ماددی، ڕۆشنبیریی لە پەلوپۆ خستبێت و بەسەر سیحر و جوانییەکانی دنیای نووسین و ئەدەبیاتدا زاڵ بووبێ، یان کاتێک زمانی نەتەوەیەک بە بەرچاومانەوە ئەنفال بکرێ و بەرانبەری بێباک و کەمتەرخەم بین، ئەوە زەمینەی سەرخستنی هەر پڕۆژەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کارێکی وا ئاسان نابێت، بۆیە بەردەوامیی بۆ گۆڤارێکی ئەدەبی و کولتووری وەک گۆڤاری ڕامان لەماوەی هەژدە ساڵدا و دەرکردنی پتر لە (٢٠٠) ژمارە لێی، کارێکی سەخت و نارەحەت بووە، بە تایبەتی کە توانراوە لەو گۆڤارەدا بەسەدان نووسەر و ڕووناکبیری گەورە لە خۆی کۆ بکاتەوە و وەک قوتابخانەیەک بەدەیان و دەیان بەهرەی نووسینی تێدا بپشکوێ، هەر لەو سەردەمی قاتوقڕیی خوێنەر و کەمیی خوێندنەوەیەشدا بەسەدان و هەزاران خوێنەر و هەوادار، چ بە خوێندنەوەی ڕاستەوخۆی گۆڤارەکە، یان بە سەردانی سایتەکەی لە هەموو دنیادا لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، دیسانەوە دەیڵێمەوە ئەوە کارێکی ئاسان نییە.

* گرنگە گۆڤارێک بە شایەدی خوێنەرەکانی لە ماوەی ئەو هەژدەساڵەدا نەیهێشتبێ پشتی بەر ئەرز بکەوێ و ئاستی خۆی لە شوێنێکدا ڕابگرێ، بە تایبەتی لەکایە و بوارێکی هەستیار و گرنگی وەک ڕۆشنبیری و ئەدەبیات کە سروشتێکی جیوەیی هەیە و لەهەموو ئانوساتێکدا لە تەکاندان و جووڵە و نوێ بوونەوەدایە و دەیەوێ دەستی بە بەخشش و دەستاوێژەکانی ئەم چاخە ڕابگات و لێدانە کتوپڕەکانی مەعریفەی سەردەم ڕام بکات، سەرەڕای ئەوە دەبوو لە کار و پڕۆژەیەکی وادا بێ لایەنیی و پیشەیی بوون و پشوودرێژی و ڕاستگۆیی و جیددییەتی تا سەر ئێسقان هەبێت و بکرێنە کۆڵەکەی کارکردن.

* گۆڤاری ڕامان توانی لە ماوەی هەژدە ساڵدا ببێتە گۆڤاری چەند نەوەیەکی نووسین، بەڵام بەبێ ئەوەی نەوەیەک لەسەر حیسابی نەوەیەکی دی بایەخی پێ بدرێ، چونکە لەوەدا تەنیا تایبەتمەندی و شێوازی جیاواز و داهێنان کراوەتە پێوەری بایەخدان و لاکردنەوە لە کەسەکان، هەروەها بەدرێژایی ئەو ساڵانە و لەگەڵ بوونی ئەو توندوتیژییەی لە ڕابردوودا لە کوردستان

هەبووە، بەشـــەری نەگـــریسی ناوخـــۆشـــەوە، بەڵام لاپەڕەکانی نەکردە شوێنی پاشقوڵ گرتن و ڕەخنەی توند و زمـانـی زبر و شـوێنی ناوبانـگ زڕاندن. لەگـەڵ هەر نووســەرێک، داهێنەرێک بە قــەدەر قــەبارەی خــۆی مامەڵەی کردووە، نەفوو کراوەتە کەس و لەختوخۆرایی گـەورە کـراوە، نە هەوڵی بچـووک کـردنەوەی کـەسـیش دراوە، ڕێز لە هەمــوو ڕەنگەکــان و جـیــاوازییــەکــان گیراوە، چونکە جیاوازییـەکانی بەتەواوکـەری یەکدی زانیوە.

* ســتــافی گــۆڤــاری ڕامــان وەک چۆن لە ژمــارە (١)ـەوە بە گـەرمـوگـوڕی و بەجـۆشـوخـرۆشـەوە کـاریان کردووە، ئێستـاش لە دەرکردنی هەر ژمارەیەکی نوێیدا وا دەزانن ئەوە یەکەم ژمارەی گۆڤارەکەیە دەری دەکەن، بۆیە چەندی ئاســتــەنگ و گــرفت هاتبــێــتنە ســەر ڕێگاکــەی، ئەوە لەو گــەرمــوگــوڕییــە ســاردیانی نەکردووەتەوە و دەستبەرداری گـەیاندنی پەیامـەکەیان نەبوون، ئەوەی تا ئێسـتـا کـراوە بەرهەمی ئەو سـوور بوون و پێداگرییەیە.

لە کوردستاندا زۆر کەم لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی




کوردیدا ڕێکەوتووە گـۆڤـارێکی کـولتـووری و ئەدەبی بە نەفەسێکی درێژ کـار بکات و لەسەر ڕێباز و نەهجێکی دیار و ڕوون گیرسابێتەوە و تا سەر لەسەری ڕۆیشتبێ، بۆیە ئەمــڕۆکــە کــە گــۆڤــاری ڕامــان (٢٠٠) ژمــارە تێـــدەپەڕێنێ، ئەوە بە ڕووداوێکی ڕۆژنامـــەنووسی و ئەدەبی و کولتووری دەژمێردرێ، لەو ڕێبازەشدا وتەکەی (ئارسەر ڕامبۆ) کراوە بەسەرمەشق کە دەڵێ: (پێویستە هەمیشـە و تا سەر نوێخواز بین)، زۆریش هەوڵمان داوە گـوێڕایەڵی وتەکـەی چیـخەف بین کە دەڵێ [لە دنیـای نووسیندا (گەورە) و (خزمەتکار) واتە (خادم و سید) هەیە]، گەورەکان داهێنەرەکانن، ئەوانی دی خزمەتکاری داهێنەر و داهێنانەکـانیــانن.. ئێــمــە بە شــانازییــەوە خـزمـەتکاریی داهێنەرەکـانمان هەڵبـژاردووە، تا بەپێی دەسەڵاتی چکۆلە و ئیمکانیات و توانایی سادە و ساکار و خاکەڕای خۆمـان زەمینەیان بۆ خۆش بکەین و بەهرەی بەهرەدارەکان بگەشێنینەوە.

* ئەمـــڕۆش دەمـــانەوێ ئەم ســـیـــمـــینارە بکەینە وێستگەیەک بۆ قسەکردن لە بارەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو جـۆرە کـارکـردنە، بۆ ئەوەی بەخـۆمـاندا بچـینەوە، تا بزانین لەکـوێ باش ئیـشـمـان کـردووە و لەکـوێ خـراپ کـارمان کردووە، بە ئەرکی سەرشانی خۆشمان زانیوە لە چەند تەوەرێکدا گفتوگۆ لە بارەی گرفت و ئاریشەکانی ئەمڕۆی ڕۆشنبـیـری و ئەدەبیـاتی کـوردیمان بکـەین، تاکـو زیاتر لە هەرێـمـە جـوانەکـانی داهێنان نزیک ببـینەوە و بتـــوانین لەو ســـەردەمـــەدا کـــە ســـەردەمی ئاوا بوونی ئایدیۆلۆژیایە، لە ڕێگەی ئایدیۆلۆژیای (داهێنان)ـەوە تەکـانێک بە چەقـبەسـتوویی ژیانمان بدەین و جـوانتـری بکەین لەوەی هەیە. هیـواداریـن لە گـفـتـوگـۆیەکـانی ئەو سیمینارەماندا بە قووڵیی لەسەر ئەو گرفتانە بوەستین و زەمــینەی خــوڵقــاندنی کــەشــوهەوای ڕۆشنبــیــری و ئەدەبیاتێکی نوێباو و داهێنەرانە دەستنیشان بکەین کە لە ئاستی ڕووداوە کتوپڕ و خێرایەکانی ئەو سەردەمەمان و پرسی میللەتەکەماندا بێت.

*** ئەم وتارە سـەرلەبەیانی ڕۆژی ١٤ی مـانگی ئاداری سـاڵی ٢٠١٤، لە هۆڵی پێشـەوا لەلایەن بەڕێوەبەری ڕۆشنبیـریی ڕامـان (ئازاد عەبدولواحید) خوێنرایەوە کە بۆ سیمیناری ٢٠٠ ژمارەی گۆڤاری ڕامان نووسرابوو.**




منداڵان بەر لەوەی بێنە سەر دنیا و بای سەر زەوی لێیان بدا، هەر لە سەرەتای ژیانی نێو زگی دایکیانەوە زمانی دایکیان فێردەبن و بە زمانی ئەو دەگرین. ئەمە یەکێکە لەو شتە نوێییانەی زانایان دۆزیویانەتەوە، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەگەیەنێ کە ئاوازگەلێکی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە سەرەتای ژیانی سێ مانگەی نێو زگی دایکیانەوە هەستیان پێکردووە و فێری بوون. دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر زانایان هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی ئاوازی گریانی منداڵ ڕووداو نییە، بەڵکو بۆ ئاوازی زمانی دایکی دەگەڕێتەوە، بەر لە ئێستەش زانایان ئەوەیان دەزانی کە منداڵ لە سێ مانگەی «تۆلییەوە» دەنگەکانی دەرەوە دەبیسێت و لەنێوانی تەواوی دەنگەکاندا ئاوازی دەنگی دایکی لە گوێ دەگرێ، بەڵام لێکۆڵینەوە نوێیەکان نیشانیان داوە کە منداڵ هەر لە تەمەنی «تۆلییەوە» پێش ئەوەی بێتە سەر ڕووی زەوی ئاوازی زمانی خۆیان فێربوون، هەرکە لە دایک بوون بۆ گریان لەو ئاوازە کەڵک وەردەگرن.

ئەگەر بە وردی بێین و سەرنجی ژیانی منداڵ بدەین ئەوە بەو ڕاستییە دەگەین کە منداڵان هەر لە دایک بوون شاعیرێکی بە تەواوی مانان و ئەوە هیچ نکوڵی لێ ناکرێ، چونکە منداڵ لە سەرەتاوە وەک هەویرێکی نەشێلدراو وایە دەتوانی بە هەموو جۆرێ بیشێلی، لە دێرزەمانیشەوە شیعر هەمیشە بۆتە هۆی دڵخۆشی منداڵ، بێجگە لە یاریکردن بەشێک لە چرکەی کاتژمێری ژیانیان بە خوێندنەوەی شیعر و چیرۆکەوە بەسەر بردووە، خۆشەویستی منداڵ بۆ دنیای شیعر ئەوەیە وەک گوڵەبەڕۆژە بەدەم خۆری خوێندنەوەیدا دەسووڕێنەوە، یان وەک مامۆستایەکی مەقامزان گوێ لە ئاوازەکانی دەگرن. شیعری منداڵ ڕاست وەک شیعری گەورەکان پڕ لە مانای نهێنی خۆیەتی، منداڵی خوێنەر بە ئاسانی لێی تێ دەگا ئەوسا کە گەورە بوو هەست بەوە دەکا مانای ئەو شیعرانە کە لە تەمەنی جیاجیای منداڵیدا خوێندوویەتەوە لە فایلی کۆمپیووتەری مێشکیدا جێگایەکیان بۆ خۆیان داگیرکردووە و بەشێوەیەکی دیکە لە ماناکانیان دەگات، ئەگەر وابێ، دەبێ لە شیعری منداڵاندا جێیەک تایبەت بۆ بیرکردنەوەی منداڵ ڕەچاو کرابێ، چونکە منداڵان خوێنەری ئاسایی نین، بەڵکو بە خوێنەرانی ڕەخنەگر لە قەڵەم دەدرێن. منداڵ هەروا بە سانایی هەستی بە خۆشەویستی شیعر نەکردووە. تەمەنێکی لە ژیانی لەسەر داناوە، شیعرێکی باش بۆ منداڵ دەتوانێ ببێتە مامۆستایەکی داهێنەر بۆ سەرەتای ڕێی ژیانی. سەیری هەر منداڵێک بکەین چەند تایبەتمەندی دەبینین.

**یەکەم:** دنیایەکی پڕ لە هەست و سۆز و بەزەیی.

**دووەم:** توانایییەکی باش بۆ گوێ گرتن لە قسەی ڕووداوەکانی سەردەم.

**سێیەم:** خۆشەویستییەکی ڕەخنەگرانەی ڕاستەقینە.

**چوارەم:** لە هەڵسوکەوتیان شت گەلێکی باش دەبینرێ کە جێی سەرنج و تێڕامانە ئەم چەند بۆچوونەی سەرەوە کە باسمان کردن کەم تا کورتێ لە شیعردا هەستیان پێ دەکرێ. شیعریش لە تەک هەست و سۆز و بەزەییدا سەروکاری هەیە. منداڵیش بە حەزەوە گوێ و مێشک و چاو بۆ خوێندنەوەی شیعر دەخاتە لەنجە و سەما تا بە تەواوی مانا لێی تێبگا، چونکە زانستی تێگەیشتن بەشێکە لە بوونی منداڵ. ئەم چەند وشەیەی کە لەم خاڵانەدا خستمانە ڕوو دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ شیعری خۆش بوێت. لەگەڵ شیعردا بژێت دنیایەکی تایبەت بۆ کایەکردنی هەست لە شیعردا بۆ خۆی دروست بکات. دنیای شیعر و دنیای منداڵ نیشتمانێکی تێکەڵ بە یەکن، چ لە ڕووی داهێنان و چ لە ڕووی گەورەیی. منداڵ تا دێ و گەورەتر دەبێ، ژیان مانایەکی دیکەی پێ دەبەخشێ، شیعریش تا ژیانی مرۆڤایەتی لە ئاڵوگۆڕ دابێ داهێنانی نوێی تێدا دەخوڵقێ پێچوپەنا و ئاڵۆزیی لە شیعری منداڵدا هونەری داهێنان نییە، چونکە دەبێتە هۆی دابڕانی خۆشەویستی نێوان شیعر و منداڵ، بۆیە دەبێ خاوەنی مۆسیقا و دەنگێکی تایبەتی دنیای منداڵانە بێ و لە وشەگەلێک پێکهاتبێ، لەگەڵ بیری منداڵ ناسیاوییان هەبێ، چونکە منداڵ لە تەمەنی جیاجیادا وشەگەلێکیان لەسەر لاپەڕەی سپی مێشکیان نووسیوەتەوە، تا لە داهاتوودا ببێتە سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ سەرخستنی زانیاریان. یەکێک لە بەشە هەرە گرینگەکانی ئەدەبیاتی منداڵان شیعرە، ئەگەر شیعری منداڵ، شیعری وەزن و قافیە و وشە ڕیزکردن بێ، قسەیەکی بۆ وتن پێ نەبێ، ئەوە نەک دنیای ئەدەبیاتی منداڵ، خوێنەرانیش لە خۆی دوور دەخاتەوە، دەبێ خاوەن خوێندنەوەیەکی تایبەت بە خۆی هەبێ تا بتوانێ وتووێژێکی خۆشەویستی لەنێوان خۆی و خوێنەردا بێنێتە ئاراوە، چونکە شیعر کارێکی وا دەکات، منداڵ هەمیشە لە دەروونی خۆیدا هەست بە بوونی داهێنان بکات. واش دەکا هەمیشە ئاگاداری ئاڵوگۆڕی دەوروبەری بێ.



# دنیای شیعر و دنیای منداڵ، نیشتمانێکی تێکەڵ بە یەکن!

**ئەحمەد حەقناس**
**(بۆکان)**